
● خاوەنی ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**

● سەرنووسەر
**ئازاد عەبدولواحید**

● بەڕێوەبەری هونەری
**سەرکەوت وەلی**

● مۆتیڤ و پۆرترێت
**قەرەنی جەمیل**



# ١٠٩

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات
**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ حوزەیران ٢٠٠٦**

---

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی

● **سەروتار**


- دەبێ پرۆسەی «وەرگێڕان» گورجتر بکەین/ سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


- تێ و لا/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 5
- خۆشەویستی لە یەکەمین چاوترووکاندا/ زانا خەلیل/ 7
- دیکتاتۆر/ موحسین ئاوارە/ 8
- ڤێدانا پەرچەیێن سترانەکا بەرزەبووی/ بەشیر مزوری/ 10
- ١٠ چامەی (دژە فیزیا)/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 12
- وەک وەبیرم دێتەوە/ یووسف عزەدین/ 14
- غیرەت/ بەهلوول زەلال/ 18
- نەورەس/ قاسم سابیر/ 22
- دڵم لەنێو سنگی دزێکدا/ ڕەوشت محەممەد/ 25
- بەهێ/ لە فارسییەوە: ئازاد ڕەحمانی/ 27
- خۆش هاتیت ئەی دڵنیایی/ لە عەرەبییەوە: بەرزان هەستیار/ 33


● **هەڤپەیڤین**


- دیالۆگێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ (ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل)/ ئا: دیار عەزیز شەریف/ 40
- دیمانەیەک لەگەڵ شەهرنووش پارسی پوور-ی چیرۆکنووس/ لە فارسییەوە: کەریم سۆفی/ 59


● **لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**


- مەم و زین ڤەرێژەکا ئەفسانەییە یان ژی ڕاستیەکە هاتیە رویدان/ وەلید حاجی عەبدولقادر/ 66
- دیرۆکی کتێب و موعجیزەی گریک/ ئازاد خدر/ 74
- بەتاو پێکدا دەبارێن: لەرینەوەی دەنگێکی بەدەم ڕێوە/ هەندرێن/ 79
- قەسیدەی (پێغەمبەر) لەنێوان باوەڕ رووبی و شیعرییەتدا/ عەبدولڕەزاق بیمار/ 84
- زمانی منداڵ و زمانی نووسین بۆ منداڵ/ عوسمان محەممەد هەورامی/ 89


● **وتار**


- ئەدەبیاتی منداڵان، یان نووسینی منداڵانە/ سولەیمان سیابەخت/ 98
- ئافرەت لە سەردەمی ئاوێستادا/ لە فارسییەوە: وریا قانیع/ 102
- یادەوەری لەکوێ دایە؟/ لە عەرەبییەوە: ئاکۆ عەبدوڵڵا/ 107


● **تیۆری ئەدەبی**


- ئەدەب و سایکۆلۆژی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/111


● **هزر و فەلسەفە**


- بنەماکانی هزری کۆمەڵایەتی/ د. حەمید عەزیز/ 116
- میتۆلۆژیای باوەڕی نەمری/ بەختیار محەممەد/ 127
- سایکۆلۆژیای تاکی بەهرەمەند/ یووسف عوسمان حەمەد/ 144


● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**


- لێکۆڵینەوەگەلی زمانەوانی لە هونەرەوە تا زانست/ لە فارسییەوە: سیروان جەبار زەندی/ 150


● **مێژوو - کەلەپوور**


- سایکۆلۆژیای یاری منداڵانی کورد لە لادێدا/ زەیتۆ شێخانی/ 153
- ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لەنێوان زەهاوی و سێرپێرسی کۆکس-دا/ عەبدولخالید سابیر/ 158


● **هونەر**


- گەڕانەوە بۆ (مەرگ و کچ)/ حەیدەر عەبدولڕەحمان/ 161
- چەند تێڕامانێک لەسەر نمایشی میم و پانتۆمیم/ ئاکۆ مینبەری/ 168
- سیاچەمانە (سیاجامەگان)ە/ جەلیل عەباسی/ 171
- دیزاین بەرهەمی پیشەسازییە/ فەرەیدوون سامان/ 175


● **خوێندنەوەی کتێب**


- ئەڤین ئاوی ژیانە/ زاهیر ڕۆژبەیانی/ 181
- شیفرەی دافنشی و گەمەکانی ئەتباک و شالیسی جوانی/ هاشم سەڕاج/ 190


● **بەدواداچوون**


- وەڵامێکی هێمنانە بۆ فەرهەنگی «سیدرا»م خوێندەوە/ سەلام ناوخۆش/ 198


● **نامە**


- دوا نامەی هێمن موکریانی بۆ کەریمی حیسامی/ ئا: فەخرەدین تاهیر/ 205


● **ئێستێک**


- کاکڵەی مەبەست/ عەبدوڵڵا سەڕاج/ 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# دەبێ پرۆسەی وەرگێڕان گورجتر بکەین

**سەرنووسەر**

* هەموو خوێندەوار و رۆشنبیرێک لە گرنگی پرۆسەی «وەرگێڕان» تێدەگا، پێم وایە پێویست ناکات لەم رووەوە زۆری لەسەر برۆین، چونکە نەک هەر لە لای ئێمە، بگرە لە هەموو دنیا و لای هەموو نەتەوە و گەلێک کۆدەنگییەک لەبارەی گرنگی بایەخدان بە «وەرگێڕان» براوەتەوە، ئەگەرچی لە لای ئیتالییەکان قسەیەک هەیە دەڵێن: «ئەی وەرگێڕ.. ئەی تاوانبار» دەمێنێتەوە سەر میکانیزمی جێبەجێ کردنی بەرنامە و پرۆژەی «وەرگێڕان»ەکە و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا، کە لەمەدا هەر میللەتە بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە.

* لە لای ئێمەش وەک هەر میللەتێکی ئەم دنیا پان و پۆڕە لەمێژە هەست بە گرنگی و پێداویستی بزاڤێکی چالاک و گورج و گۆڵی «وەرگێڕان» کراوە، بەڵام پێویستە لە خۆمان بپرسین تا ئێستا چیمان بۆ ئەو بوارە زیندووەی ژیانی کولتووری خۆمان کردووە؟ ڕاستە لەم چەند ساڵانەی دوایی بزاڤەکە لە چاو جاران گورجتر بووەتەوە، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێ بە وەرگێڕانی چەند کتێبێک و بە دروستکردنی دەزگایەک یان تەنانەت چەند دەزگایەک وا بزانین ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ کردووە و هەموو شتێکمان مەیسەر کردووە، لە کاتێکدا ئێمە لەو بوارەدا هێند کۆڵەوار و دواکەوتووین، بە دەیان دەزگای وەرگێڕان هەبێ، ناتوانین بەو زووانە قەرەبووی ئەو دواکەوتنەمان بکەینەوە، کە ڕووبەڕوومان بووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی فریای کار و شاکارە نوێیەکانیش ناکەوین کە ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە دەکەونە بەردەستی خوێنەران و دەچنە ناو کتێبخانەکانەوە، بۆیە تا زووتر بکەوینە خۆمان و زیاتر کار بکەین هێشتا هەر کەمە و نابێ هەروا زوو قەناعەت بەو برە کارانە بهێنین کە ئەنجاممان داون.

* لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین ئەوانەی وەرمان گێڕاون، ئەوانەش بۆ خۆیان پێویستیان بە قسە لەسەر کردن و ڕاوەستانە و دەبێ ئێستێکیان لەسەر بکەین، چونکە بەشێکی زۆری ئەو (هەڵبژاردن)انە میزاج و حەزی تاکەکەسین، هەندێکی دیکەیان کاری بازرگانین، یان وەرگێڕەکانی بەسەر زمانەکەیدا زاڵ نین، چ زمانی لێ وەرگێڕاو بێ، یان زمانی زگماکی خۆی کە زمانی کوردییە. بێگومان لە پرۆسەی «وەرگێڕان»دا تەنیا زانینی زمانی یەکەم بەس نییە، کە زۆر جار شارەزایی تەواوی لەو زمانەش نییە و زۆر کون و کەلەبەری ئەو زمانە هەیە پەی پێ نابات، لەگەڵ ئەوەشەوە ئەو بابەتەی لێیەوە وەردەگێڕێ بەسەریدا زاڵ نییە، واتە زەمینەکەی لەسەری وەستاوە ڕفۆکە، بۆیە وەرگێڕانەکەی کرچوکاڵ و هەڵبزڕکاو دەردەچێ و نامەفهوم دەبێ، ئەوە باسی کوردی نەزانینەکەش هەر ناکەم کە جاری وا هەیە ئەگەر بەسەر زمانی یەکەمیشدا زاڵ بێ، ئەوە باش نەزانینی زمانی زگماکی خۆی وای لێدەکا نەتوانێ ناوەرۆک و چەمک و زانیارییەکان وەک خۆی و بە ڕەوانی بگەیەنێتە خوێنەرانی.

* بابەت هەیە سرووشت و پێکهاتەی وشک و ئاڵۆزە و بۆ تێگەیشتن زەحمەتە، بەتایبەتی باس و بابەتی گرنگی بواری فەلسەفە و دەروونزانی و کۆمەڵناسی و بواری هزر، کە بۆ خۆی ئەگەر بەسەر بوارەکەشدا زاڵ بێ و بە چاکی بەسەریدا باڵا دەست بێ، ئەوە ناتوانێ وا بە ئاسانی ئەو باس و چەمکانە بگەیەنێتە بەرانبەرەکەی. جەبرا ئیبراهیم جەبرا کە بە شێخی وەرگێڕەکان ناودەبرا لێیان پرسی بۆچی (یۆلیسیس)ی جێمس جۆیس وەرناگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، ئەو زۆر بە خاکەڕایی گوتی: من دەرەقەتی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە نایەم، چونکە پڕە لە فڕوفێڵی لەفزی و زۆر شێوەزاری تێدا بەکارهاتووە کە من هەموو ئەو شێوەزارانەی زمانی ئینگلیزی نازانم، هەروەها باسی لەوە کرد کە ئەرک و ماندووبوونی ئێجگار زۆر گەورەی لە کاتی وەرگێڕانی ڕۆمانی (ژاوەژاو و توندوتیژی – الصخب والعنف)ی فۆکنەر دیوە، کەچی وەرگێڕی ئێمە بە ئارەزووی خۆی هەرچی ویستی پەلاماری دەدا و وەری دەگێڕێ، ئیتر دەرەقەتی بێت یان نەیەت، بەسەر زمانەکەیدا زاڵ بێ یان نەیێ ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە، تەنیا ئەوە نەبێ بڵێ من ئەو کتێبە گرنگەم وەرگێڕاوە، بۆیە موعانات کردن و ژیان لەگەڵ یان لە ناو ئەو شاکارەی وەری دەگێڕێ

ئەویش بەشێکی گرنگە لە کاری وەرگێڕان.

* لایەنێکی دیکەی گــرنگ بەلامــەوە ئەوەیە هەوڵ بدرێ لە کاری وەرگێڕاندا پسپۆڕێتی هەبێ، واتە وەرگێڕی ڕۆمان و شیعر و چیــرۆک و بابەتی ئەدەبیــات، وەرگــێــڕی بابەتی فــەلســەفی و دەروونزانی و کــۆمــەڵناسی نەبێ، چونکە ئەو کــەســەی لەســەر نووسین و وەرگێڕانی زمانێکی مەجازی - ئەدەبی ڕادێت، کاتێ دەیکاتە کوردی، زمانە تایبەتمەند و زانستییەکەی لەکیس دەدات و زمــانە ئەدەبییــەکەی بەســەردا زاڵ دەبێ، چونکە ئەو نووسەرە زیاتر لەسەر زاراوەی بوارەکەی خۆی وەســتاوە و بەدەســتییــەوە گیری خواردووە و موعاناتی لەگەڵ چەشتووە، پسپۆڕی بوارێکی فــیکری و فــەلســەفی ئەویش زیاتر بۆ زاراوە و وشــەڕۆنان و ڕستەکانی بواری کاری خۆی ڕەنجی داوە و کۆڵاوە، بۆیە ئەوە بۆ خــۆی هۆیەکــە لەو هۆیانەی کــتــێب و نامیلکە و لێکۆڵینەوە و وتارە فــیکری و فــەلســەفــیــەکــانی ئێــمــە ئەو گــرفــتــەیان بۆ خوێنەرەکانی خۆیان دروست کردووە کە بە باشی لێی تێناگەن، گرفتی ئەو کارەش جگە لە نەبوونی زەمینەی لەبار کە وەرگێڕی لەسەر وەستاوە، زاڵ نەبوونیشیــان بەسەر زمانی کوردی لەولا بوەستێ.

* لەگەڵ هەموو ڕێزێکمان بۆ ئەو کار و کرد و کۆششانەی لەو پێناوەدا دراون، نابێ وا زوو دڵمــان بەو بزاڤــە چکۆلەیە خــۆش بکەین کە هەیە، چونکە ئەوەی کراوە کــەمێکی لێ دەربکەین، ئەوانی دیکەیان وەرگــێــڕانی کــار و بەرهەمی زۆر کــۆنن و نووسینیان بۆ (٦٠ - ٧٠) ساڵ، یان بە لانی کەمەوە بۆ (٤٠ - ٥٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، واتە جارێ بزاڤ و چالاکی وەرگێڕان لەلای ئێمەدا نەگەییوەتە ئەو ئاستەی پێ بە پێ لەگەڵ دەستاوێژ و بەخشش و داهێنان و شاکارەکانی سەردەم هەنگاوبنێ و زۆر بە دەگمەن فریای بەرهەمەکانی ئەمڕۆکە کەوتووین، یان دەتوانم بڵێم هەر بە جارێ پشت گوێمان خستوون.

* ئێمە ئێستاشی لەگەڵدابێ، ژمارەی هەموو ئەو کتێبانەی وەرمانگێڕاون لە کتێبخانەی کوردیدا ناگەنە ئاستی هەوڵ و کۆششــەکــانی وەرگــێــڕێکی گەورەی وەک (د. عــەبدولڕەحمــان بەدەوی) کــە ڕۆشنبــیــرێکی ئینســیــکلۆپیــدیایی عــەرەبە و وەرگێڕانەکانی لە (٤ - ٥) زمانی زیندووی دنیاوە وەرگێڕاون، جگە لە نووســینە زۆر و زەوەندەکــانی خــۆی. عــەرەب گــەورەی ئاوهای تێدایە، وەرگێڕێکی وەک (سامی ئەلدروبی) هەیە کە سەرجەم شاکارە نەمرەکانی دەستۆیڤسکی وەرگێڕاوە، هاتە سەر وەرگێڕانی سەرجەم شاکارەکانی لیو تۆلستۆی و چەند شاکارێکی لێ وەرگێڕان و بەسەردا مرد، جگە لە چەندین وەرگێڕانی گرنگ و جۆرەکی دی وەک کتێبەکەی (کرۆچێ) کە لەبارەی فەلسەفەی هونەرەوە نووسیویەتی، ژنەکەی لە یاداشتەکانی خۆی سەبارەت بە مــێــردەکەی دەڵێ: تا بەیانی تەپڵــەکــە جگەرەکــەی بەردەمی لە قونچکە جگەرە قەڵاچن دەکرد بەیانییان کە دەچوومە لای دەمدی سەری بەسەر ەرگێڕانەکانیدا شۆڕکردۆتەوە و خەوی لێ کەوتووە، پێــڵــوو و چاوەکــانی خــوێنیــان تێ دەزا، ئەو پێی وایە هەر وەرگێڕانی دەستۆیڤسکی پیاوەکەی کوشتووە، چونکە زۆر ئازاری بەدەســتــەوە کــێشــاوە، جگە لەوانە عــەرەب (د. عــەبدولغــەفار مــەککاوی) و (جــەبرا ئیــبــراهیم جــەبرا) و (د. عــەبدولواحــیــد لوئلوئە) و چەندان کەڵە وەرگێڕی دیکەی هەیە، چاخێکی زێڕینی وەرگێڕانیان هەیە کە سەردەمی عەبباسییەکانە، کەچی خۆیان پێ هیچ نییە و بە پاشکەوتوو خۆ دەژمێرن، ئێمەش هەر لە سەرەتای ڕێگەدا خەریکە تووشی غروور و لە خۆبایی بوون دەبین.

* ئێمە لەو سەرەتای هەنگاو هەڵێنانەدا زۆر دڵمان بەو چەند کتێبەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانە خۆشە کە وەرمانگێڕاون لە پاڵ چەند کــتــێبــێکی وەرگــێــڕاوی دیکەی بواری هزر و فــەلســەفــە، لە کــاتێکدا لە وەرگــێڕانی دنــیــای ئەدەبیــشــدا هەر شــتــێکی شــایەنی باس و بەرچاومــان نەکردووە، چونکە تا ئێــســتــا زۆر کەم شاکــاری چیــرۆکنووس و ڕۆمــاننووس و شــاعــیــرە گــەورەکــانی دنــیــامــان وەرگێڕاوە، هەر هیچ نەبێ شاکاری ئەو نووسەرانەی کە (نۆبڵ)یان وەرگرتووە، یان زۆر خەڵاتی گەورەی جیهانیان بەدەست هێناوە.

* ئایا ئەوانەی دڵی خۆیان بەو چەردە وەرگــێــڕدراوانە خــۆشــە، پێــیــان وایە خوێنەری کورد ئەگــەر بیەوێ تەنیا بە زمانی کوردی بخــوێنێــتــەوە دەتوانێ نەک «ڕۆشنبــیــر» بگرە بەو چەند کــتــێبــەی کراونەتە کوردی نیــمــچە ڕۆشنبیر بێ؟ ئایا ئەم بزاڤی وەرگــێــڕانە هەموو جۆرە کــتێبــێکی لە هەموو کایە و بوارەکانی کــتــێبخــانەی کوردی پڕ کردووەتەوە؟

* ســاڵانە کــە ژمــارەیەکی بەرچاو لە قــوتابیــانی کــورد بەشی زمانی زانکۆکانی کوردستــان تەواو دەکەن و دەردەچن، چەندیان لە بواری وەرگــێــڕاندا دەگــیــرســێنەوە و پەرە بە بەهرەو توانای خۆیان دەدەن و ئێــمــەش لە هەوڵــی ئەوەداین خــوێندنی باڵایان پێ تەواو بکەین؟ ئایا ئەو قوتابیانەی لە بەشی زمان خوێندن تەواو دەکەن و پســپــۆڕیی وەردەگــرن بۆچی هەر دەبێ بخــزێنە گــۆشــەی وەزیفەیەکەوە و لە شوێنی وا دانەنرێن کە سوود لە بەهرەو توانای هەر نەبێ بەهرەدار و تواناداڕەکانیان وەربگیرێ و خۆشیان پەرە بە توانا و زمانزانینەکەیان بدەن؟ خۆ دەکرێ ئەوانە لە پاڵ ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکی وەزیفەییشیان ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەیان بەجێ بگەیەنن، واتە بۆ ئەوەی هەمیشە پێشکەون و بەرەو ئاستی بەرزتر بڕۆن، بیکەنە بەرنامەی ژیانیــان ئەگــەر ڕۆژی تەنیــا (١) لاپەڕە لە کــارێک کــە خــۆیان حــەزیان لێیــە وەربگێڕن، ئەوە لە مــاوەی ســاڵێکدا کــتــێبــێکی (٣٠٠) لاپەڕەیی وەردەگــێڕن. بێگومــان لە پاشانیــشــدا دەکرێ لەلایەن کــەسانی شــارەزاوە بەو وەرگێڕانانەیاندا بچنەوە، بەڵام ئەمەش ڕێنمایی و پەروەردەکردنی دەوێ، بەتایبەتی لە ساڵانی خوێندنیان لە زانکۆدا.

* جارێکی دیکە دەپرسم: چەند شاکاری گەورەمان بە زمانێکی پاراو و ڕەوان و کــوردییــەکی جــوان و پاک وەرگــێــڕاوەتە ســەر زمــانەکــەمــان؟ ئێــمە تەنانەت بەشــێکی زۆری ئەو کــتــێبــانەی لە زمــانی زیندووەوە دەیانکەینە کوردیش هەر وەرگێــڕانە عــەرەبی و هەندێ جار بە سوودوەرگرتن لە فارسییەکە دەکرێنە کوردی، واتە کە دەنووسرێ لە ئینگلیزییەوە، یان فەڕەنسییەوە کراوە بە کوردی بە هاوکــاری و لەبەردەست بوونی ئەو وەرگــێــڕانە عــەرەبی و فارسییانە دەکرێن، دەنا زۆر کەم ڕاستەوخۆ دەرەقەتی وەرگێڕانیان نایەین.

* بێگومــان بۆ ئەوەی بزاڤێکی کارای وەرگێڕانمان هەبێ دەبێ بیــر لە زۆرکــردنی داوودەزگــایەکــانی وەرگــێــڕانمان بکەینەوە و هەمــاهەنگی تەواویش لەنێــوان ناوەندەکــانی پێــوەندیدار بەو پرۆسەیەوە هەبێ و هاوکاری یەکــتــر بکەن تا کادیری زمانزان و بەهرەدار پێبگەیەنن و لەو داوودەزگایانەدا سوود و کەڵکیان لێ وەربگرن، بۆ ئەم کارەش پێویستە پلانی تۆکمە و دارێژراو هەبێ کــە پلانی دوور و نزیکی خــۆی دوای لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل دابڕێژێ و ئەوەی گرنگ و پێویستــە لەمڕۆکەدا لەو بەرنامەیەدا پێش بخرێ. ناشکرێ بزاڤێکی کاراو کاریگەر دەست پێبکات، ئەگەر فەرهەنگێکی کوردی - کوردی گەورە و فراوان کە سەرجەم لەهجەکانی زمانی کوردی نەگرتبێتە خۆی، یان کاری جدی لە بواری (زاراوەسازی) نەکرابێ. ناشکرێ بیر لە سازدان و دانانی (ئینسیکلۆپیدیا)یەکی گەورە و بەربڵاو نەکرێتەوە کە بۆ وەرگێڕ زۆر پێویستە لە کتێبخانەی کوردیدا لەبەر دەستبێ، کە پێم وایە کێشەیەکی گەورەی بەردەمی وەرگێڕەکانی ئێمەیە.

# تێ و لا

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



بیری لەخۆکوشتن دەکردەوە
چوو بە تێپ
پێنج دیناریيەکی کاغەزی فرە هەڵزڕاوی پێکوەنووساند
لە بازاڕا بە پتری قلێک بە دیناری ئاسن گۆڕییەوە
بێ گوێدانە گوناحی سووداری
لەم گەمارۆیە گەرمەدا، خەندەلێو بوو
قازانجی بژێوی نیو سەعاتێکی دەسکەوت
لەم شارە نیوچە بیابانەدا
بیری لە چاندنی داربەڕوو دەکردەوە
چوو کووپە ئاوێکی کڕی
بە ڕۆژ
جەستەکەی تێنووی ئاوی زوڵاڵە
بە شەویش
مۆسیقایەک بۆ گیان، هەر جارێ بە ئاوازێک:
تک تک
تپ تپ
چک چک
بیری لە گەسک لێدان دەکردەوە
چوو گڵۆپی حەوشەی کوژاندەوە
تا پیشکە وازی لێ بێنن
تا زووتر بخەوێ و زیاتر بخەوێ
تا لەوێوە بچێتە سینەما
خەون فلیمە
دەکەوێتە سەر شاشەیەکی جەستەداری هەرە هەرە
هەرە نزیک
لەوەتی بەمەوەش فێرە
هونەرمەندە نێرەکانی لە کۆڵ بۆوە
لە خەوندا، خۆی پاڵەوانە
جیزدانی حەسایەوە، پولێک نادا بە سینەمای سەر
زەوی

**هونەرمەندە مێیەی شاجوان و جۆشوەر لە تەک ئەون**
**بیری لە تەلەفۆن دەکردەوە**
**چوو یارمەتی لاولاوەی خۆهەڵواسی دا**
**هەڵپەسێرێکی بۆ چێکرد**
**تا بەسەر دیوارە لووس لووسەکە هەلگەڕێ**
**زیاتر سەرکەوێ، هەر باڵا بێ**
**ببیتە سووکە بایەک و واز لە خاک بێنێ**
**بیری لە بیستنی ڕادیۆ دەکردەوە**
**چوو مۆرانەی کوشت**
**ئەوان خۆویستن**
**کتێب بە جۆرێکی بەد دەخوێننەوە و**
**لە جێی هەستناک و سامناک و نکاوناک**
**بێبەشی دەکەن**
**بیری لەسەر تراشین دەکردەوە**
**چووە کن دەریا بپرسێ دەروێشی دیوە، ناسیوە؟**
**چووە نک دەروێش بپرسێ دەریای دیوە، ناسیوە؟**
**خۆی بە ڕووتی مەلەی تیا کرد**
**بیری لە بۆیا غ کردنی دیوار دەکردەوە**
**چوو گشت دەرمانەکانی ناو سەیدەلی ماڵ فڕە دا**
**نەوەک لە قەورا، دەرمانی لێ ببنە مۆتەکە و**
**ئازاری جەستەی بدات و دیسان ڕۆحەکەی لێ بسێنێ**
**بیری لە دەروازە شیش دان دەکردەوە**
**چوو قەڵەمی منداڵە قوتابییەکەی تەراش کرد**
**چەندین قەڵەم ڕەساسی خەسار کرد، نازانی نووکیان بکات**
**تراشک کول نەبوو**
**تیخەکەشی باش دامەزرابوو**
**بیری لە کراس پینەکردن دەکردەوە**
**چوو وێنەی لاق و لەتەری کچێکی قولەڕەشی وەرزشکار دین بکات**
**چێژی ئەویان، لە حەلاڵی خۆی خۆشترە**
**لە هاوڕەنگ و هاوڕەگەزی خۆی بە زەوقترە.**

* سووداری = ڕێبا
* جۆشوەر = ئارەزوو بزوێنی سێکسە
* قەور = گۆڕ
* تراشک = قەڵەمتراش، مقطاطه.



# خۆشەویستی لە یەکەمین چاوتروو کاندا

زانا خەلیل
(ئەڵمانیا)

من دەمەوێ بەرەو لای ئەو پاڵەوانانە برۆم
کە بێقاچن و دەشتوانن رابکەن..
من دەمەوێ بەرەو لای ئەو کوێرانە برۆم
کە بینیویانەو دەشتوانن شاهێدی نەدەن..
من دەمەوێ بەرەو لای ئەو منداڵە بێ دەوانە برۆم
کە دەتوانن قسە بگێڕنەوە و ناشیگێڕنەوە..
من دەمەوێ بەرەو لای ئەو ئێوارەیە کەڕەدا برۆم
کە گوێشی لێبووە و دەشتوانێ حاشا بکا..
من بە سانایی دەمەوێ بەرەو هەموو مەتریالەکانی
ئەو رۆژەدا برۆم و بپرسم:
(تۆ زووتر منت خۆشویست، یان من زووتر تۆ؟)

### ئاهەنگ

نەرگیلەم هێناو گڵۆپەکانم داگیرساند
هەتا گڵۆپی «WC»ەکەش.
رووناکی دەرۆیشتە ماڵی دراوسێکان
هەموویان بە یەک دەنگ دەیانگوت:
ماڵێک لە قاقا..
ماڵێک لە رووناکی..
کەچی نەیاندەزانی من لەبەر تەنیایی
لەگەڵ تاریکیی ناخمدا ئاهەنگ دەگێڕم.
کەچی نەیاندەزانی (تەنیایی بە رووتی
لەناو مندا ئاهەنگی دەگێڕا)
کەچی نەیاندەزانی..
(ئەرێ بۆ تۆ نەهاتی؟)

### گوللە دەمامکدارەکە

شەوێکی کەڕ
لە شەقامێکی بەرەڵلادا
گوللەیەکی رووت دێ و دەمپێکێ.
خۆشم نازانم بۆ دەبێ بمرم..؟
لە «قیامەت»دا
فریشتەیێ
ئەکتی ژێر باڵی بە توورەییەکەوە
دەخاتە سەر مێز و
بە فەرمانێکەوە دەنەڕێنێ:
«تۆ لەسەر گەمەی حەرامدا کوژراویت
ئامادەبە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان»
من بە کزی و مەلوولی سەر دادەنوێنم و
دەڵێم: «گەورەم ئاخر من لەسەر حەق نەبووم!»

# دیکتاتۆر

موحسین ئاواره



گەر دێوێک، دێوێکی ڕەش و زەبەلاح
پڕ بە لووتی بپژمێ
پڕ بە گەرووی هاوارکات
پژمین و هاواری چ سەدایەکی دەبێ لەم دەڤەرە؟

*   *   *

گەر کورسی عەرشی خودایەک بلەقێندرێ
بەدەستی دایک و منداڵانی لێک دابڕاو
لە دەرەوەی گوندێکی سووتاو
بە دەستی عاشق و مەعشوقێکەوە
ڕۆحێک لە زەوی و ئەوەی تر لە ئاسمان
چ بوومە لەرزەیەکی پڕ لە ژان و وەی دەبێ لەم دەڤەرە؟

*   *   *

خوداوەند چاوی پێ بەخشیوین
تا ئەوپەڕی بینین پێی بڕوانین
کێ ئەو دەسەڵاتەی پێ بەخشی
چاوبەستم کەیت؟

*   *   *

خوداوەند گوێچکەی پێ بەخشیوین
گوێ لە ئاوازی خۆش و نەغمەی ژیان ڕادێرین
ئەی نازانم کێ تۆی ڕاسپارد
لە بنڕا گوێچکەمان قوت کەیت؟

*   *   *

خوداوەند زمانی پێ ڕەوا بینیوین
بۆ تام کردن.. ئاخاوتن
نازانم کێ تۆی ڕاسپارد
ئەم چەقۆیە تیژەت لە کوێ هێنا
زمانمانی پێ ببڕی؟

*   *   *

ئەوەی لە زیندانا بوو

ئەوەی تەمەنی بە ترپەی میلی کاتژمێرەکانەوە پەیوەست بوو
ئەوەی داوای لە کاتژمێر دەکرد
بە پەلەتر بسووڕێ و ڕۆژ و شەوی بۆ ئاودیو کات
کە تک تک خوێنی ڕۆژگاری بەسەردا دەتکایەوە
بۆ نزیک بوونەوە
نزیک بوونەوە لە ڕەهایی
ئەو ڕەهاییەی خوداوەند پێی بەخشیوین
ئەی کێ تۆی ڕاسپارد
قەفەز و ژووری شیشبەندمان بۆ دروست کەی
ئەو داوە باریکەت لە کوێ هێنا
بالەکانمی پێ شەتەک دەی؟!
* * *
لە نێو ڕەزدا
شیرین تەشی دەڕێسێ
لە مەراقی جوانی شیرینا
هەر هەنارە و شەق دەبا و دەقلێشێ
هەر خونچەیە و دەپشکوێ
شیرین تەشی دەڕێسێ
تەشی لە ڕانی دەخشێ
تەشی خول دەخوا و چرکەکانی زەمەن لوول دەدا
شێتانە... سەرمەستانە
لە چەرخەلە و سەمایەکی عاشقانەدا
خوری دەخوا و خوری لاواز دەکا
ئەوەی شیرینی لەو ڕەزەدا جیا کردەوە
ئەوەی شیرینی بە تەشییەوە خستە ژێر لمەوە
ئەو مرۆڤە نا مرۆڤە کێ بوو؟
دیکتاتۆر!
* * *
ئەو ڕەگەزپەرستییە قەترانییەی پەنگاوی دابۆوە
بەسەر زەوییەکانمان و گشتمانی تەڕ کرد
ئەو ڤالیۆمە سۆزانییەی داگیری کردین
لەنێو هەورێکی پڕ لە پرخە پرخا بخەوین
بەرامبەر بە قاسپەی پڕ لە قاسەی دراو
بەرامبەر بە گفتولفتی بازرگانی کردن بە ئینسان
بە پرۆگرام و پرۆژەی تەژی کراو
ئەو پرۆگرامەی ئەسپەکانی بێ نموودکرد
ڕەسەنایەتی لێ داماڵین

ئەو نێوچەوانە بەرزانەی بوون بە مانگ و لە هەور گیربوون
ئەو ئەسپانەی دەمیان قرساند و هەناسەیان ڕاگرت
بەر لە مردنی ئاسایی بە نا ئاسایی خۆیان خنکاند
لە بری تۆی دیکتاتۆر و ئێوەی داگیرکەر
خاک لەبەر چاومانا جوانتر بوو
بۆ چنگێ خۆڵی نشتمان بچەمێینەوە
ئەو دڵەی وەک چۆلەکەیەکی سەر بڕاو
لە ئازاری دووری نیشتمان هەڵدەپەڕی
ئەو دڵەی وەک جگەری پرۆمیسیۆس
بۆ تاشەبەردێکی وڵاتەکەم دەمرد و دەژیایەوە
ئەو دڵەی وەک سیزیفێک
سەردەکەوت و شۆڕ دەبۆوەو نە دەگیرسایەوە
لە بری تۆ.. تۆی دیکتاتۆر
ویژدانت ڕووزەرد کرد
هەتا پشیلەش بەزەیی بەو کۆترە هاتەوە
کاتێ زانی چاوەکانی کوێر بوونە
چنگی لێ گیرنەکرد
کەچی تۆ گوتت
ئەو فەلسەفەیە لە هیچ شاعیرێ ناکڕم
* * *
پێمان زانیبێ یا نەمانزانیبێ
ترمۆمەترێ بە لووتمانەوە بەسترابوو
تا ڕێژەی ئەو ئۆکسجینەی هەڵیدەمژین
پێوەری کات!!
* * *
یەک مرۆڤی نا مرۆڤ بوو
بوو بە دوو کەرت
نیوەی سەر و بەدەنی ڕوو لە ئاوەدانی
بە دەستێک، منداڵێکی لەڕولاوازی بەرز کردبۆوە
نیشانمانی دەدا
بێ داوو دەرمان لە برسانا پەراسووەکانی دەژمێردرێت!!
نیوەکەی تری نغرۆی نێوتاریکی
دەرگای ئەو کۆگایانەی کڵۆم دابوو
کە پڕ بوون لە شیر و دەرمانی منداڵان
ئەو مرۆڤە دوو کەرتە نا مرۆڤە کێ بوو؟
دیکتاتۆر!

# ڤێدانا پەرچەیێن سترانەکا بەرزەبووی

بەشیر مزویری
(دهۆک)

داکو ستێرێن د چاڤێن تەدا
بچنم...
دڤێت چەنگێن خۆ
سواری
ئاسمانێ یاخیبوونەکا هاڤی بکەم
چەند پێتڤی مە..
ژ دەرڤەی سنورێن دەمی..
حەزێن خۆ ڤەهونم

چەند مرن من دڤێن..؟!
دا دهەمبێزا تەیا خویساریدا
هەناسەیێن من یێن داوییێ
سەمایەکا ب تێهن بکەن،
دلوپێن خوها من
سینگێ تە بگەزن
چەند ژیان من دڤێن..؟!
دا ڤەژیمە ڤە..
ئەڤینا خۆ
کەلینا خۆ
بۆ سەرێ تە
بکەم تاج و گولیڤانک؛-
پەرچەیێن خۆ
بۆ گەردەنا تە ستوڤانک
دا د هێزوکا زەندێن تەدا
ڤەلورینم
سترانا خۆ

چەند دوو دەستێن نەرم و نازک من دڤێن
ژ بیرا من ببەن:
زڤراتیا من،
برینێن من ڤێدەن و
پێکڤەنن
سۆتییە پەرچەیێن من

چەند دوو لێڤێن سۆر من دڤێن..
ژ بیرا من ببەن:



تاما خوینیێ و
رەنگێ ئاخێ
چەند پێتڤی بسینگەکێ مە..
دهەمبێژا خوەدا:
شرینوکان ڤەشێریت،
پەلاتینک و دلوپێن بارانێ،
بێهنا نێراتییا من و
بەرماییێن شەڤبێرییا،
شورەشا ئاهێن من
ب ئازرینیت
ڤولکانا ئاریانێن من و
دل نەرمیا چیا

چەند پێتڤی ب دووچاڤێن ڤەمریایمە..
خومیێ بەرزە
تێدا ببینم
تیشکێن وان
دلێ من داگیر بکەن،
ب پەقینن
جووییێن روندکا
دا.. من..
د دەریاییێن من دا نقوو بکەن

چەند پێتڤی پرچەکا شەڤین و
داڤێن ئارمیشی مە
بیرا من ل شەڤێن خەونان بینن،
یارییێن دگەل هەساران
شومییێن من،
چڤێلی ییێن من
سەماو سەربەردانا من یا شێت

دەمێ باغچەڤانێ هەنێ
بەرەڤ باغچێ خانیکێ من یێ گوندی
د دەتە رێ
سێبەرا وی
لهنداڤی من جودیە کە..
لسەر پەراسییێن سترانا من
دبیتە بار،
ئەرێ یار..
تێلێن سازا من دپرچییێن
ئاواز دبیتە لەرز
بێی من..
گولێن باغی دچنیت
دکەتە گولیڤانک،
ب ئادودو تەڤرکێن من
گورا دکولیت،
پڕ دکەت و
تانجە گولینان لسەر دادنیت
هەرییێ دهێت
من بڤێت
من نەڤێت
دهەر جارەکا
پیاسەکا گران لسەر سینگێ من دادکەت..
مشت
گولێن من بەرزەدبن
هن ژێ سیس دبن
جرف ب کنارییێن من دکەڤن
کز دکەت..
دەنگێ پشیکێن من،
رەووینا سا و
نوتەییێن ئاوازێن بولبولا
تاڵ دکەت
چێژا سێڤ و هنارێن من،
نامەییێن تاکێن زەیتینێ..
بەر بادکەت و
کوترێن سپی
د وەغەرا ئاسمانەکێ مژەویدا
رەش دبن
ئاه..
چەند زڤرە جریفکێ وی
ل رامالینا چەپ و راستا وی
نازکیا دێمێ خاکا من بریندارەو
بشکوژێن نێرگزێن من
ژ نالینان نانڤن..

چەند ل سەر من هەیە
چاڤێن خۆ ل خاچ بدەم..؟!
نەپێتڤی بەرسڤامەو
دێ پڕێ ساڕبم
دوبارە بکەم پرسیارا
وەلێ..
دێ ڤەگەڕم،
ژ دەرڤەی سنورێن دەمی..
ڤەلورینم
کو د ئەڤین و گونەها تەدا
ب سۆژم.!!

دهۆک – ١٩٩٨

# ١٠ چامەی (دژە فیزیا)


خەزعەل ماجدی
لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی

(٢١)
**شووشەی گوڵ**

لە دەستەکانتەوە دەفڕێ
لە سنگیشتەوە کە فریشتەگەل ڕادەکێشێ.
فرە فڕی باڵەیلی هەتاو لە خوێنتدایە
چاوانیشت مەلی ڕووناهی بەخشن،
لێ کەلاکی پێیەکانت شیرەو دەچکێ
منیش کە لەتۆدا دەنوارمە نەخشەکەم
دەنوارمە کێڵگەییێن فەریکە بێهاوتایەکانت؛
جا ئاسۆ گەل بۆت دەتلێنەوە
(بەڕوویەک)یش کە لە بانیان وەستاوە ڕۆدەچێ.
هەیڤەک و دوو هەیڤ دەگوزەرێن
منیش هەر تەماشات دەکەم و
دەسەکانت فاڵی باشم بۆ دەدوورن.

(٢٢)
**زمسانە**

هەمدیس زمسانە
زمسانی قوڕوقوڕاوە
زمسانی باڵندەکانە
زمسانی مەیخانەکانە
زمسانی جامەکانە
زمسانی دووکەڵانە
زمسانی پەڕتووکانە
زمسانی برادەرانە
زمسانی کیژە هامساکانە
زمسانی شەوەکانە
زمسانی خۆراکە
زمسانی قەرەوێڵەکانە
وای لە دڵم!
ئەو خوێنەی تێدایە
چەند گەرموگوڕە،
کەچی زستان ئەڕای تە گەردوون
خۆی مەڵاسدایە!



(٢٤)
**پێستی**

کوڵاوت بە مەیەوە

پێستی سوورهوکراوت له تەنوورما
دەتکاتە سەوسەنێکی گۆنگئاسا
مینا مامزێک ڕووناهی جەنگەڵ شەق دەکا
ئەز نیانییت دەبینم کە (با) شێداردەکا
هەنار دەبینم کە لە هێلانەکانتا دەترووکێ
دەسبڵاویت دەبینم کە لە دەستانما دەتلێتەوە
باهۆزی ئاسمانیش دەبینم
کە لە جەستەتەوە هەڵدەکا.

(٢٥)
**پەیاپەیانە**

ئا ئەمەیە جوانی؛
هەڵەکانت خۆش بوێ
هەست بەبێ پێوەری بکەی
بە بێ قورسی
سووکەڵە دیاربیت
جوانی سووکە
فرە سووکە!

(٢٦)
**دەبا**

هەریەکەو گیانی خۆمان
لە وێرانی بپارێزین
بە هەرچییەک هەیتمان
با شادییەکانمان بەم پۆشاکە داپۆشین
کە ڕسوامان ناکا؛
بەڵکو سروشت لە ئیرەییدا تووڕەببێ!
با خۆمان تیفتیفە بدەین و
بە لەزەتێکی توندوتیژ بژین
دەبا هەر یەکەو گوڵاڵەکانی گیانمان بپارێزین؛
چونکە خەریکن دەفەوتێن
ڕەنگە بە یەکجارەکی!

(٢٧)
**دووچاوی**

چڕ
دەمێکی چڕ
پرچێکی چڕ
تەڤ ئەڤ جەنگەڵە
فەریکەی گومبەزیت
هەڵیگرتووە!

(٣٣)
**نە**

نامسمێنن ئەی سەدەکان
نامسمێنی ئەی زەمان؛
چونکە خۆم حەشارداوە
چوومەتە نشینگەی خۆمەوە
ئیتر ئاژنەکان پڕم پێ نابەن؛
ئاری، چوومەتە ناخی پەیڤەوە!

(٣٧)
**ئەسپ**

گڕدەگرێ
بنەتای بارانیش
شووشەی ئاسۆ دەهەژێنێ
باڵەکان مەشخەڵانیان شەق دەکردو
ئاڵۆشەکان بە سەریانا
کێڵگەیەکی کەمانجەیێن کوژراون
منیش لە لافاوەکانا
بەتەنیا تۆمەکانم دەچێنم.

(٣٨)
**بستریێ**

بەڵکو ئاو لە ئێسکەکانتا بسووڕێ
بەڵکو بۆ گواڵە هەور
ڕەگێن لە ئاسمان و
دەستێن لە زەمین دەرکەفن
دەبستریێ.

(٣٩)
**بڵندانە**

دوو پێیە سپییەکان هەڵکشان
ئەو جەستەش کە هەڵیانی گرتبوو دەبوەژییەوە
پێیانێکی چەرمەڵە شاڵێک ژ مۆسیقا
بە دوای خۆیانا ڕادەکێشن
شاڵێک لە سنگمەوە ڕادەکێشن
هەر کە پتر هەڵدەکشێن؛
ڕایدەکێشن
هێمانیش سنگم تەژییە؛
گەرچی لە مێژە
پێیەکان لە مێژە نادیدەنین!

* چامەکان بە زنجیرە ژمارە (١- ١٠٠) لە کۆهۆزانەکەدا ڕیزکراون و سەرناڤی هەر چامەیەک هەمان پەیڤی سەرەتاکەیەتی و بەختەتی گەورە چاپ کراوە.

ژێدەر:
فیزیاء مضادة (١٠٠ قصیده نثر)، خزعل الماجدي، ١٩٩٧، بغداد.

# وەک وەبیرم دێتەوە

**یووسف عزەدین**
**(ئوستراليا)**



وەک وەبیرم دێتەوە؛ بارەش لە گشت لایەکەوە، گاڵەی بە خۆڵی سەر عەردی پێدەشتەکە دەکرد و سەرجەم ڕیزە درەختی نێوەڕاستی پێدەشتەکەی خستبووە هەلەکە سەما.
چین بە چین، خۆڵی پێدەشتەکەی دەبردە ئاسمان و پاشان بە چەشنی خۆڵباران.. دادەبارینە خوار. گەڵای بە هیچ کامێک لە درەختەکانەوە نەهێشتبوو. کە جار جارە و تاک و تەرا، لەگەڵ خۆڵبارانەکەدا.. دەهاتنە خوار و پێش ئەوەی بە تەواوی بکەونە سەر عەردی پێدەشتەکە. بەرزی دەکردنەوە و ڕاپێچی نێو ئەو گەودەلوول و هەرا و بەزمەی ئەو ساتەوەختەی دەکردن. زۆری خایاند؛ تا بڕێک هێور بۆوە و کەمێک ئاغرتر، کەوتە وێزەی هەر چییەک کە لەوێدا دەستی پێ ڕادەگەیشت.
گەرچی لە نێو هەموو ئەوەدا بووم؛ کە لەو کاتەدا ڕووی دەدا. بەڵام هەر وەک ئەوەی کە لەوێدا نەبم!؟ بارەشەکە، نە ئەوە بوو بە گژمدا بێت و نە ئەوەش بوو، لە پشت و ئەملا و ئەولامەوە، گوشار بخاتە سەرم و پاڵم پێوە بنێت، بەڵکو لاقەی شەپقەکەی سەریشی نەدەکردم و بە ئاسمانا هەڵینەدەفڕاند.
وەک وەبیرم دێتەوە؛ لەو کاتەدا قسەکانی ئەو ژنە جادووگەرە عەیارەم، وەبیرهاتەوە کە لە ڕۆژێکی تەماوی، ئەو شارەی کە دە ساڵی تەمەنم تێدا بەسەر بردبوو...
پێی گوتبووم: «تۆ وەک عیفریتی حەکایەتە دێرینەکان؛ بە سیحری ساحیرێک.. خراویتە نێو شووشەیەکەوە و تا ئەو ڕۆژەی یەکێک بەرێکەوت سەرەکەی دەکاتەوە.. مەحکومیت بە مانەوە لە نێویدا».
ئەم ئێوارەیە و ئەو ئێوارەیەی کە ئەوم تێدا جێ هێشت؛ کتومت لە یەک دەچن... گەرچی لەو ئێوارەیەدا، کە ئەوم جێ هێشت.. بە تەواوی هەستم بە پەستان و گوشاری بارەشەکە دەکرد. بە تایبەت ئەو دەمەی لە شارە دێرینەکە ترازام و ڕێگەی لا تەنیشتی ڕیزە درەختەکەی

نێوەڕاستی پێدەشتەکەم گرتە بەر.
ئەو دەمەی کە لە کۆڵانەکەی نزیک ماڵیاندا، ماڵئاواییم لێکرد.. جەستەی سارد هەڵگەڕاو توندتر دار شەقەکەی لە بنباڵی قایم کرد. دوای ئەوەی چەند شەقاوێک لێی دوورکەوتمەوە، بۆ دواجار ئاوڕم لێی دایەوە و تەماشام کرد. هەروەک ئەوەی پاش پەنجا ساڵ ئاوڕم لێ دابێتەوە و تێم ڕوانیبێت. ئاوا دەموچاو و پرچەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو. جگە لەوەی کە لە جێی چاوەڕەشە، زۆر گەورەکانیشی.. دوو شوێن زامی قووڵ جێ مابوون. کە دڵۆپ دڵۆپ و هێدی هێدی.. فرمێسکێکی ڕەشیان لێ دەهاتە دەر.
کە بە تەواوی پشتم تێکرد و کۆڵانەکەم جێ هێشت و گەیشتمە سووچی سێ ڕیانەکە. گوێم لە زریکە دەنگێکی شێتانە بوو. کە پێنەدەچوو قوڕگی هیچ کەسێک، دەنگی لەو چەشنەی لێ بێتەدەر.
لە نێوەڕاستی سێ ڕیانەکەدا، پیرەژنێکی پشت کۆم، کەوتە بەرچاو؛ کە لەو ساتە وەختەدا قاپێ ژیلەمۆی ڕۆدەکرد.
داپیرەشم لە زۆر ئێوارەی شەممەدا، هەروەک ئەو پیرەژنەی دەکرد و پاشان سێ بەردی بە هەر سێ لادا، فڕێ دەدا و چاوەڕێی بیستنی یەکەمین وشەی ئاخافتنی، یەکەمین کەسێکی دەکرد.. کە لەو ئان و ساتەدا بەوێدا تێپەڕ بایە. زۆر لەو کەسانەی کە داپیرەمیان دەناسی و دەیانزانی نیازێکی لە دڵ گرتووە و شەمۆڵەی بۆ دەگرێتەوە. بۆ تووڕەکردنی؛ کە بەو ئاستەدا گوزەریان دەکرد.. هیچیان نەدەگوت.
یاخود دەیانگوت: «نابێت و ڕێی تێ ناچێت».
ئیدی داپیرەم لەو کاتانەدا، زۆر زویر و بێ تاقەت دەبوو. هەر یەکسەر ئەو ناوەی جێ دەهێشت و دەگەڕایەوە بۆ نێو ئەوخانووە نسرمەی؛ کە هەر حەوت براکەم و دایک و باوکمی.. تێکڕا و لە یەک ڕۆژدا تێیدا مردبوو.
تەنها من و داپیرەم، لە کاتی مردنی ئەواندا، لەوێ نەبووین و نەمردین. دواتر نە ئێمە و نە هیچ کەسێکی تریش، هۆکاری ڕاستەقینەی مردنیانی، بۆ ساغ نەبۆوە.
پیرەمێردێکی بە ساڵاچووی گەڕەکەکەمان، پاش چەند ساڵێک لە مەرگیان.. لە نیوەڕۆی هاوینێکی گەرمدا، پێی گوتم:
«بابت هاتۆتە خەونم و پێی گوتووم؛ کە ڕەشمارێک لە بنمیچی یەکێک لە ژوورەکانی خانووەکەتانەوە، هاتۆتە خوار و یەکە یەکەیانی گەستووە».
بەڵام هەر دواتر، خودی پیرەمێردەکە.. خەونێکی دیکەی بۆ گێڕامەوە. کە گوایە بەپێی ئەو خەونەی؛ ڕوحێکی شەڕانگێز و شەیتان ئاسا.. لە سووچێکی خانووەکەمانەوە، لێیان وەدەرکەوتووە و ئەوانیش لە تاو ئەوەی، کە دەنگیان دەرنەچێت و کەس هاوار و فوغانیان نەبیستێت. بە هەردوو دەستان، زار و کەپووی خۆیان گرتووە و یەک لە دوای یەک هەناسەیان لێ بڕاوە و خنکاون.
وەک وەبیرم دێتەوە.. لەو کاتەدا، بە پیرەمێردەکەم گوت:
«باشە بۆ دەبێت، نەیانویستبێت دەنگیان دەربچێت».
پیرەمێردەکە لە وەڵامدا گوتی:
«ڕەنگە لەو سەردەمەی کە ئەوانی تێدا ژیاون. هاوارکردن و دەنگە دەنگ قەدەغە بوو بێت».
داپیرەم لە پاش مردنی ئەوان، جگە لەو کاتانەی کە داوای خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکەی لێدەکردم.. هیچ قسەی نەدەکرد. ئەو دەمانەی کە یەکێک لە بەشەکانی کتێبە پیرۆزەکەشم بۆ دەخوێندەوە.. چاوەکانی بریسکەیان تێ دەزا و دەنکە مووروەکانی تەزبیحەکەی دەستیشی، ڕەنگی دەگۆڕا.
بەڵام پێش ئەوەی کە بمرێت؛ نە داوای خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکەی لێکردم و نە وەک هەموو کاتێک، تەزبیحەکەشی بە دەستەوە بوو.
پاش مەرگیشی، هەر لە خۆمەوە.. ماوەیەکی زۆر گەڕام بە شوێن تەزبیحەکەیدا.. بەڵام لە هیچ جێگە و شوێنێکی ماڵەکەماندا، نەمدۆزییەوە.
دەنگی ناقۆڵای باڵندەیەک، کە نەمدەزانی لە کوێوە دەنگی دێت؛ زریزەی خەیاڵەکانی پساندم. کە سەرم هەڵبڕی و ڕوانیمە پێدەشتەکە، سێبەری باڵندەیەکی گەورە، سەر پاکی ڕووبەرێکی بەرفراوانی پێدەشتەکەی داگیرکردبوو.
دەستم کرد بە گیرفانمدا و نامەیەک و چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی گۆڕەکەی ئەوم هێنایەدەر.
سەیر لەوەدا بوو، هیچ وێنەیەکیان، لەو وێنەیە نەدەچوو.. کە ژنە جادووگەرەکە، پاش حەکایەتێکی دوور و درێژ، لە خەیاڵمدا بەرجەستەی کردبوو.
بە پێی قسەکانی؛ گوایە ئەویان بە دارشەقەکەیەوە، لە گۆڕێکی حەوت مەتر پان و دوو مەتر درێژدا ناشتووە. تا هەر پیادەڕەوێک، کە بە لایدا تێپەڕبێت.. بە مەبەستی زانینی بەسەرهاتی ئەو گۆڕە سەیر و سەمەرەیە؛ بچێتە زیارەتی و نووسراوی سەر هەردوو کێلەکەی بخوێنێتەوە. کە گوایە هەر کەسێکی بێگانە بە شارەکەی ئەو، ئەگەر مەبەستی بێت، دێڕە نووسراوەکانی سەر کێلەکانی گۆڕەکەی ئەو بخوێنێتەوە. چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکات و بۆ تاوێک هیچ نابینێت. وەک ژنە جادووگەرەکە بۆی گێڕابوومەوە؛ نووسراوی سەر هەردوو کێلی گۆڕەکەی ئەو.. هیچ کەسێک لەوانەی کە خوێندوویانەتەوە، هیچی

لە بارەوە ناڵێن و لەبەر هەر هۆیەک بێت، هیچ لە لوغز و پەنهانەکانی نادرکێنن.
بەو پێیەی کە برادەرەکەم، لە نامەکەیدا بۆی نووسیبووم؛ گۆڕەکەی ئەو دەکەوێتە بەشی سەرووی ڕیزە درەختەکانی نێوەڕاستی پێدەشتەکە.
پاش کەمێک هێور بوونەوەی بارەشەکە...
کە هەستامە سەر پێ، بە تەواوی هەستم، بە ئێش و ئازاری گشت جومگەکانی لەشم دەکرد. کە زیاتر بە ئێش و ئازاری خۆنووشتانەوە و خۆجێکردنەوە دەچوو؛ لە گچکە شووشەیەکی ئەفسووناویدا.
پاش کەمێک ڕێ کردن.. لە پاڵ ڕیزە درەختەکاندا ڕاوەستام و چاوم بۆ تاکە گەڵایەک گێڕا؛ کە لە ژێریاندا کەوتبێت. نەدەکرا بارەش هەر هەموویانی، لەگەڵ خۆیدا بردبێتە شوێنێکی تر و تاکە گەڵایەکی بۆ ژێر خودی درەختەکان نەگەڕاندبێتەوە.
بێ وچان، نزیکەی سەعاتێک ڕێم کرد و ڕیزە درەختەکان تەواو نەبوون.
هەر دەتگوت لەگەڵ هەر هەنگاوێکمدا، درەختێکی نوێ دەچێتە بەشی سەرەوەی درەختەکان و ڕیزە درەختەکانم لێ درێژتر دەکات.
پاش ئەوەی ئەوم، لەو ئێوارەیەدا جێ هێشت!؟
بەبێ وچان و پشوو، خۆم گەیاندە ئەو شارەی، کە ماوەی دە ساڵی ژیانم تێدا بردە سەر. تا بڵێی شارێکی تەماوی و سەیر بوو. تەنانەت بۆ جارێکیش لە نێو شەقام و کۆڵان و کووچەکانیدا، سیما و ڕووکاری هی کەسێکی نێو شارەکەم، نەکەوتە بەرچاو.
تەنانەت ئەو خاوەن کارەی کە کاریشم لا دەکرد، هیچ کاتێک نەیدەهێشت ڕووکاری ببینم. هەردەم لە پشت پەردە و دەرگا و پەنجەرەکانەوە، لەگەڵم دەدوا.
ئەمە جگە لەوەی، کە سەرجەم کرێکارەکانی ئەو شوێنەی کە کاریشم تێدا دەکرد. هەمیشە دەمامکیان لە دەموچاو دەکرد. گەر زۆر مەبەست و پێویستیش بایە، شتێکم تێ بگەیەنن.. بە پێچەوانەی خاوەن کارەوە، کە لەگەڵم دەدوا؛ ئەوان تەنها بە ئاماژە و ئیشارەت، تێیان دەگەیاندم.
هەموو ئەوەی کە دەمبینی و تێیدا دەژیام. هێندەی تر گرو تینیان، دەدایە بڵێسەی ئەو ئازارە ویژدانییەی؛ کە هیچ کاتێک لە ناخمدا خەفە نەدەبوو.
هەردەم هۆکاری جێ هێشتنی ئەوم، لادەبووە پرسیار و هیچ وەڵامێکم بۆ نەدەدۆزییەوە.
بەشێکی نامەکەم بیرکەوتەوە.. کە برادەرەکەم بۆی نووسیبووم:
«پاش ئەوەی کە جێت هێشت...
بەسەر پۆشێکی سپی تاکە ئاوێنەیەکی نێو ماڵەکەی خۆیانی داپۆشی و لە گچکە هۆدەیەکی ماڵەکەیاندا، کەوتە خوێندنەوەی هەر پەنجا و دوو بەشی کتێبە پیرۆزەکە.
کە گوایە بە پەنجا و دوو هەفتە، لە خوێندنەوەی بۆتەوە!؟
وەک بۆیان گێڕاومەتەوە، لە شەوە زۆر تاریکەکاندا.. ماڵەکەی شەوق و نووری لێ باریوە و هەموو خەڵکی گەڕەکەکەیان، دەنگی گفتوگۆی فریشتەکانیان هاتۆتەگوێ.
ئیدی هێدی هێدی،نەک هەر خەڵکی گەڕەکەکەیان، بەڵکو زۆربەی خەڵکی شارەکەش، باوەڕ و قەناعەتیان بە پیرۆزیتی و مەبارەکی ئەو هێناوە و بۆ زۆر لە کار و نیازەکانیان، دەستە و دامێنی بوون.
وەک بۆیان گێڕاومەتەوە؛ گوایە باخچەی ماڵەکەی، لە کون فەیەکوونێکدا، بۆتە بەهەشتێکی ڕازاوەی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری سەیر و سەمەرەی بۆندار.
گوایە پەپوولەکانی نێو باخچەکەی، هێندەی نەورەسێک گەورە بوون. ڕەنگی باڵندەکانیشی هەموو کەسێکی حەیران و شەیدا کردووە. دەنگی خوێندن و جریوەشیان، کەسانی شێت و دەمارگیری پێ ساکێن و ئاقڵ بووە.
ئیدی لەسەر داوای ئەو، سەرجەم خەڵکی گەڕەک و زۆر لە خەڵکی شارەکەش؛ ئاوێنەکانی نێو ماڵەکانیان، بەسەر پۆشی سپی داپۆشیوە و ببڕای ببڕ؛ لەو کاتەوە.. لە شێوە و ئاکاری خۆیانیان نەڕوانیوە.
پێش چەند ڕۆژێکیش لە مردنی؛ داوای هەڵکەندنی گۆڕێکی حەوت مەتر درێژ و دوو مەتر پانی، لە چەند کەسێکی دیندار و نزیک بە خۆی کردووە و پێ گوتوون؛ کە دەبێت پاش مردنی، لەوێدا بینێژن و لەسەر هەردوو کێلی گۆڕەکەشی، ئەو دێڕە وشانە هەڵبکەنن و بنووسن؛ کە بە نووسراوی لە کاغەزێکدا، داویەتە دەستیان».
سەرم هەڵبڕی و ڕوانیمە ئەو ئاسمانەی، کە لەو کاتەدا هیچ ڕەنگێکی نەبوو. بێهوودە بوو بووم، لە تەواوبوونی ڕیزە درەختەکان. چەند دەڕۆیشتم، هەروەک ئەوەی کە هیچ ڕێم نەکردبێت؛ ئاوا دەهاتە پێش چاوم.
لە ئێوارەیەکی تەماویدا، ژنە جادووگەرەکە پێی گوتم:
«ئەگەر دەتەوێت، لە ئازاری ویژدان و دڕدۆنگی و نیگەرانی بەردەوامت، ڕزگارت ببێت؛ بگەڕێوە... گۆڕەکەی بدۆزەرەوە و تێر تێر بگری».
خێراتر کەوتمە هەنگاونان و ڕۆیشتن..
دەبوو پێش ئەوەی شەو دابێت، بگەمە سەر گۆڕەکەی، بەڵام درێژبوونی ڕیزە درەختەکان، ئەو گەیشتنەیان لێ دەکردمە مەحاڵ و تا دەهات زیاتر شێتگیر و هاریان دەکردم.


تەنانەت کـەوتمە گـومـان، لەوەی کـە بەڕاسـتی گەڕابێتمەوە ولە پێدەشتەکەدا بم. وەک وەبیرم دێتەوە، لەو کاتەدا گوتم:
«تۆ بڵێی نەخەوتبێتم و خەون بە گەڕان بە شوێن گۆڕەکەیدا نەبینم».
گەرچی دڵنیابووم، لە بوونی پێدەشتەکە و ڕیزە درەختەکان و گۆڕەکەی ئەویش، بەڵام نەدەکرا لە ڕاستیدا، بەو چەشنە بێت.. کەمن دەیبینم!؟ نەدەکرا هەنگاوەکان، هیچ لە دووریی نێوان من و گۆڕەکەی نەگۆڕێت!؟
ویستم بە نێودرەختەکاندا، بچمە ئەو دیو و لەوێوە بڕوانمە ئەو شوێنەی کە دەبوو گۆڕەکەی لێ بێت. لەبەر خۆمەوە گوتم:
«ڕەنگە لە دیوی ئەو دیوی ڕیزە درەختەکانەوە، گۆڕەکەیم لێ وەدەرکەوێت!؟».
بەڵام بە هیچ خـۆم پێ ئاودیونەکـرا. پاش ئەو بڕیارەم،هێندە درەختەکان لە یەکتر نزیک بوونەوە؛ کە مەحاڵ بوو، مێرووەکیش بە نێویاندا بچێتە ئەو دیوەوە.
لە ناکاو، بارەش تین و تاوی دایە بەرخۆی و چینێ خۆڵی پێدەشتەکەی بە حەوادا برد. پاش تاوێک بە چەشنی خۆڵباران ڕووی کردەخوار.
ئەمجارەشیان، هەروەک ئەوەی لە نێو شووشەکەدا بم. نەک هەر هەستم بە بارەشەکە نەدەکرد؛ بەڵکو گەردی خۆڵیش، بەر هیچ شوێنێکی جەستەم نەدەکەوت.
لەبەر خۆمەوە گوتم:
«ڕەنگە بە ڕاستی لە نێو شووشەیەکدا بم!؟».
دەستم بە چوار دەوری خۆمدا گێڕا و هەستم بە هیچ لەمپەرێک نەکرد. پێیەکانم بزواند.. زۆر بە ئاسایی بۆم دەبزواو هەنگاوم دەنا. کەوتمە ڕێ و دەیان جار لە یەکەوە تا ملیۆنێکم ژمارد. بەڵام نەک هەر نەگەیشتمە بەشی سەرووی درەختەکان، بەڵکو هیچ پێ نەدەچوو، کە لە شوێن خۆم جووڵابێتم.
ئیدی بێهوودە لە شوێن خۆمدا هەڵترووشکام.
هەروەک ئەوەی لە نێو شووشەیەکدا بم؛ خۆم گرمۆڵە کرد و ئۆقرەم گرت. پاشان پێڵووە قورس بووەکانم، لێک ناو خەوتم.
لە خەونمدا؛ من و ئەو، لە نێو کۆڵانەکانی شارێکی تاریکدا ڕامان دەکرد.. کە عەردەکەی وردە شووشەی لەسەر ڕۆکرا بوو. پاش ئەوەی حەوت جار پێمان زامدار بوو؛ کەوتینە نێو بیرێکی قووڵەوە. کە بە حەوت تەبەقەی عەرددا ڕۆچوبووە خوار.
هەر کە کەوتینە بن بیرەکە.. بە ترسەوە پێڵووەکانم ترازاند و چاوم بۆ ئەو گێڕا، بەڵام هەروەک ئەوەی کە لەگەڵمدا نەبووبێت، لە هیچ شوێنێکەوە لێم وەدیار نەکەوت. لە ناکاو ژنە جادووگەرەکەم، هاتە بەرچاو.
کە زۆر بە هێمنی لێم هاتە پێش و بۆساتێک بە هەردوو دەستی چاوەکانی گرتم. کە دەستی لادا.. من و ئەو بە ڕووتی لە نێو شووشەیەکدا بووین. پرچەکانی ژاکاو و جەستەی ئارەقاوی بوو. پاش ئەوەی کە بۆ تاوێک تێڕوانیم.. لە شوێن خۆیدا وەک مۆمێک توایەوە و هێندەی نەبرد لەبەرچاومدا ون بوو.
کە وە ئاگاهاتمەوە؛ هێشتاکە لە هەمان شوێنی پێشووی خۆمدا بووم.
وەک وەبیرم دێتەوە.. هەر ئەوەندەی لەبەر خۆمەوە گوتم:
«ناکرێت چیدی بە شوێن گۆڕەکەیدا بگەڕێم».
خۆم لە هەمان ساتەوەختی ئەو ئێوارەیەدا بینییەوە، کە ئەوم تێدا جێ هێشت. لە کۆڵانەکەی نزیک ماڵیاندا ڕاوەستابووم و ماڵئاوایم لە کەسێک دەکرد.. کە بە باڵا هێندەی ئەو بوو.. دەموچاوێ بەسەر پۆشێکی سپی داپۆشیبوو.. هەمان دارشەقەکەی ئەویشی لە بن باڵی گیر کرد بوو.
لێ چوومە پێش و هەر لە خۆمەوە سەرپۆشە سپییەکەی سەریم لادا. جگە لە ئاوێنەیەک، هیچی دیکەم نەکەوتە پێش چاو. بەڵام چەندم تێڕوانی.. شکڵ و شێوەی خۆمم نەبینی. هەروەک ئەوەی لەبەردەم ئاوێنەیەکـــدا ڕانەوەستابێتم وتێنەڕوانم.
نازانم ئەوێم چۆن جێ هێشت!!؟
ئیدی پاش ئەوەی هیچ نەما بیلێم و بیگێڕمەوە...
ڕوانیمە وێنە فۆتۆگرافییەکانی گۆڕەکەی ئەو؛ کە تا بڵێ سادە و ساکار بوو. پاش ماوەیەک، تەمێک چوار دەوری تەنیم و هەموو شتێکی لەبەرچاو ون کردم. کە ویستم دەست بنێمە نێو تەمەکە.. هەستم بەوە کرد، کە لە نێو شووشەیەکدام. چەندم کرد و دەستم گێڕا، کون و کەلێنێکم لە شووشەکەدا نەبینییەوە.
لەبەر خۆمەوە گوتم:
«ڕەنگە هەر لە سەرەتای گەڕانم بە شوێن گۆڕەکەیدا.. یان هەر لەو ڕۆژەوە کە ژنە جادووگەرەکە پێی گوتم؛ کە خراومەتە نێو شووشەیەک.. من هەر لێرەدا بوو بێتم!؟ بەڵام پێ ناچێت ئەو شووشەیەی کە لە نێویدام، سەرێکی هەبێت؛ تا بە ڕێکەوت و ڕۆژێک لە ڕۆژان، کەسێک سەرەکەی بکاتەوە».
وەک وەبیرم دێتەوە؛ پاش ماوەیەک پێڵووەکانم لێک ناو خەوتم.

# غیرەت


**بەهلوول زەلال**
**(کوردستانی باکوور – ئامەد)**


ئەڤ نە جارا یەکەم بوو کو گازی وان کربوون. سەرێ نەهـ دەهـ رۆژان جارەکێ، جارنان ژی رۆژەک، دو رۆژ نەدکەتن ناڤبەرێ دیسا گازی وان دکرن. لێ کێم جاران ژی، مەهەک، دو مەهـ د ناڤبەرێ رە دەرباس دبوو کەسی گازی وان نەدکر. جارنان دهەمان رۆژێ دە دچوون و دهاتن. جارنان ژی ب رۆژان، ب هەفتەیان دۆم دکر چوونا وانا چییێ. خەلەف د ڤێ مژارێ دە گەلەک چارشەمیێن رەش دەرباس کربوون. ئەو هین بووبوو ئیجار. نە تەنێ چوونا چییێ و کەمیندانینێ، چوونا ژ بۆ لێگەرینا شۆپ و جهێن شەرڤانان، نۆبەدارییا کو هەر شەڤ ل دەردورا گوند دگرتن ژی بوو بوو بەشەک ژ ژیانا وی. تە دگۆت قەی ئەڤ چل سالە خەلەف ڤی کاری دکە. ژبەر ترسێ بوو، یان ژبەر فۆرتان بوو، یان دژی ژبەر کو ئاورێن شەرمیێ ب هێزا ڤێ تڤنگێ ژ سەر خوە دئاڤێتن بوو، کەس نزانە، ئەو هەر تم ڤێ تڤنگا رەش ژ با خوە کێم نەدکرن. گەرا گوندان، چوونا یێ ناڤچەیێ، هەواری، داوەت، بچوونا کو دەرێ تڤنگا وان ل ملێ وان بوو. وەکی کەسێ کو دناڤ گۆرستانێ رە دەرباس ببە و ژ ترسا بفکینە، ڤێ تڤنگا رەش، ترس و شەرما وان ددەوساند.

خەلەف گەلەک جهـ و وار دیتبوون. ژ خۆرتانیا خوە هەتا ب ناڤسەریا خوە دەبارا خوە ب قاچاخیێ کربوو. سێ مەهـ ل بنخەتێ گرتی ژی مابوو. ژ سەرخەتێ؛ کاڤر، جۆنەگا دبرن بنخەتێ. ل ور دفرۆتن. ژ بنخەتێ ژی؛ چای قەهوە، جل، جاو، دەمانجە، کەلەشکۆف، گولەو.. هتد. د ئانین، ل سەرخەتێ دفرۆتن. پڕ رۆژێن زەحمەتێن ب ترس و بوویەرێن خەتەرناک دەرباس کربوون، لێ کارێ گرانێ لاشێ نەکربوو، بارکێشیا کەسی نەکربوو، نە پڕ دەولەمەند بە ژی، دەبارا خوە خوەش دکر، خەلک حەوجەیی وی دبوون، لێ ژبلی خوەدایێ مەزن ئەو حەوجەیی کەسی نەدبوو. ژ چەند مالباتێن کو زارۆکێن



خوە ل بازارێن مەزن ددان خوەندن بوو مابات‌ا خەلەف. ژ بلی قەچاخیێ، ل باژارێ بێرۆتێ، بایتەختا لبنانێ، د کارێ ئاڤاکرنا خانییان دە ژی خەبتیبوو. لێ ب ڤێ دەرێ مینا کارکەرێن دن بارکێشییێ نەکربوو؛ ئەو هۆستاییێ ئاڤاهیان بوو. هەر چ قاس ل گوند وەکی کارمەندەکی بە، تو کارێ زەحمەت نەکربوو ژی، ژیانا وی دناڤ شەرێ سنۆرێ کو سەرانسەری وی ب ماین بوو، دناڤ ترس، مرن بریندای و هەر جورە دژوارییێ دە دەرباس بوو بوو. لۆما خەلەف پڕ گرینگی ددا خوەندنێ، هەر تم ژ زارۆکێن خوە رە دگۆت: «ژیان پڕ زەحمەت بوویە. دڤێ دەمێ دە، نان ژ دەڤێ شێر کەتیە زکێ وی. ئەرێ بەرێ ئەو قاس پێشکەتن، دەرفەت تو نەبوون، لێ روومەتا مرۆڤان هەبوو، تێکەلیێن مرۆڤان هێژا بوو. لۆما هەکە هوون دخوازن ژیانەکە ب خێر و خوەشییێ ب دەستخن، دڤێ هوون بالا خوە بدن سەر خوەندنێ. هوون ل دەرو دۆرێ نەنێڕن، چاڤ ل خیرۆ و دیرۆ مەکن. بالا خوە نەدن کارێن تەوشۆ مەوشۆ».

ژبۆ کو زارۆکێن وی بالا بدن دبستانێ و بخوینن، هەر جارێ پەیڤا خوە ب ڤێ گۆتنێ ب داوی دکر. «بەس هوون بخوینن، چ پێویست بە ئەو کارێ منە. ئەز ناهێلم هوون ببن حەوجەدارێ تو تشتی».

دۆزدە زارۆکێن خەلەف هەبوون. پێنج ژێ کەچ و هەفت کوڕ بوون. نووخری کوڕ بوو و، ئەو دابوو خوەندنێ. پشتی کو خوەندنا خوە کوتا کربوو، بوو بوو مامۆستە. کوڕێ وی یی عیسمەت. ل باژارێ وانێ د زانینگەهێ دە دخوەند. ژێ رە سالەک مابوو کو ئەو ژی ببە مامۆستە وکێفا خەلەف ب ڤێ یەکێ پڕ خوەش بوو. لگەل کو روومەت ددا خوەندنێ، تو کەچەکێ ژ کەچێن خوە نەدابوو خوەندنێ. دڤێ مژارێ دە هەر تم وسا دگۆت: «کەچک داری شکەستی نە، نەیێن کو مرۆڤ وان بشینە جە و وارانن. بلا ئەو کار و بارێ مالێ بکن و زارۆکێن خوە مەزن بکن، نمێژا خوە بکن، رۆژیا خوە بگرن. خوەندن، خەریبی کارێ مێرانە». هەر وها کوڕێن وی یێن دن ژی د دبستانێن سەرەتایی و باکەلۆریاییێ دە دخوەندن.

دڤێ رۆژا هاڤینی کو رۆژ بەر ب ئێڤاری ڤە دقولبی تڤنگا رەش ددەستێ وی دە، دپۆنژە، وەکی کو ئیرۆ پڕ وەستایی یە، وەکی کو بارەکی گران ل سەر ملێ وییە. وسا مژوول دبە... گەلۆ دیسا دێ بەرێ وان بدنە کژان ئالیی؟ کژان سیخور، چ ئاگاهداری؟ جهێ کو دێ بچنێ دوورە، یان نێزیکە؟ دێ چەند شەڤان بمینن، گەلۆ دێ یێن دەرڤە ببینن ئان نا، دێ شەڕ دەرکەڤێ یان نا، کو شەڕ دەرکەڤە... گەلۆ کەس دێ بێ کوشتن ئان نا، گەلۆ دێ ژ کژان ئالی مرۆڤ بێنە کوشتن؟ لگەل ڤان پرسان گەلەک پرس د هشێ خەلەف دە دچوون و دهاتن. ب سالانە کو دچوو و دکەتە شەڕ. هەر وها گەلەک کەس ژ یێن دەرڤە کوشتبوون و گەلەک کەس ژ وان هاتبوون کوشتن. لێ دیسا ژی چاوا بە بەرێ وان ل رێیا مرنێ بوو. نە هەسان بوو. چوون هەبوو، لێ ڤەگەر نەدیار بوو. هەکە بهاتا کوشتن دێ کێ ل زارۆک و ژنا وی بنهێرتا؟ وان ئێ چاوا دەبارا خوە بکارانا؟ نەمازە زارۆکێن خوە یێن هوورک دئانی بەر چاڤێن خوە و دفکری کو ئەو سێوی بمینن دێ چاوا، چاوا، چا... پێ رە سەرێ خوە دهەژاند و وێ دیمەنا هەری کامباخ ژبەر چاڤێن خوە، ژهشێ خوە دئاڤێت. لخوە دەما هەڤالێن وی یێن جەردەڤان، یێن کو دشەڕان دە کووت و سەقەت مابوون دهاتنە بەرچاڤێن وی، یێن بێ لنگ، بێدەست، یێن شەهت... هنگی دکر کو بفەتسە. دەما ئەڤ دیمەن دهاتن بەرچاڤێن وی دگۆت: خوەدێیۆ، هەکە وسا بە تو مرنێ کێلیەکێ زووتر بدی من، ئەز د بەختێ تە دەمە، کو تومن بێدەست و بێلنگ نەهێلی.»

هەر وها چ جارا کو دهاتن ئەو دبرن شەڕ و لێگەڕینە، چ جارا کو ئەڤاری دچوو نۆبەداریا دەرودۆرا گوندی جڤاندبوون و ب سەر فەن و کۆتەکێ، ب دارێ زۆرێ ئەو کربوون جەردەڤان، وەکی دوهی دهاتە بیرا وی. ئەو رۆژ تو جار ژبەر چاڤێن وێ نەدچوو. پۆشمانی د دلێ وی دە دچوو و دهات، خەمکینیەک ل سەر روویی وی ڤەدگرت. جارنان نێت دکر کو ڤێ تڤنگا بێقدوش بئاڤێتا و ژ ڤی گوندی، ژ ڤێ هەرێمێ بچوویان، لێ راستیا ژیانا وی دە زوو روو ددا، جەردەڤانێن گوندێن وی و یێن ل گوندێن جیران، یێن کو دەڤ ژ جەردەڤانییێ بەردابوون دهاتن بیرا وی ب خائینتی هاتبوون کوشتن، یێن کو ب فەن و دەرەوان هاتبوون گرتن و جەزاییێن گران خواربوون. ئەو بچوویا باژارێن غەریب و دوور ژی، ئەنجام هەمان تشت بوو. شیڤەک وسا بوو کو هەر دو سەری ژی ب گوو بوون. ل سەر جەردەڤانیا خوە پڕ جاران کوور و فرەه دپۆنژی. پڕ جاران پرسی: «گەلۆ من ژی وەکی خالدێ رەمۆ، رۆژا پێشی، تڤنگ نەگرتا ژ گوند بار بکرا؟» لێ دەما ل کۆم و کۆفلەتا خوە دپۆنژی، ئەڤ مالباتا گران، ل باژارێن مەزن؛ بێخانی، بێکار، بێماست، بێتری، بێزەبەش، بێگۆشت... دێ چاوا بکرانا؟ ما ژیانا ل باژارێن غەریب، دوور و مەزن ئەو قاسی هەسانی بوو؟

ژخوە پشتی کو عیسمەتێ کوڕێ وی، بەری ب دو سالان هاتبوو گوند و ژێ رە گۆتبوو کو «هەکە تو ڤی تڤنگا بێناموس نەهاڤێژی، ئەزێ ببم گەریلا و بێم پێشی تە بکوژم». نەشەڤا وی شەڤ بوو، نە رۆژا وی رۆژ. ب چ خەیالان کوڕێ خوە دابوو خوەندن و خوەدێیۆ چ قاس کێفا وی دهات، چ قاس شاد دبوو کو گوندیان ژ نها ڤە ژێ رە دگۆتن: «تو بابێ دو مامۆستەیانی. کوڕێن

ته هەر یەکی ب یەکا مامۆستە رە بزەوجن. ب ناڤێ خوەدێ تو بوویی دەولەت». دەما گوندییان وسا دگۆت، دکر کو ژ عەشقا بفرییا. لێ پشتی چوونا عیسمەت و کو گۆت: «ئەزێ تەڤ ل رەفێن گەریلا ببم و وەرم پێشی تە بکوژم». و پشتی ب چەند مەهان کو نامەیەک ژ دێ، خویشک و برایێن رە شیاندبوو، خەمگینیەکە مەزن، حزنەکە گران گرتبوو سەر مال و مالباتێ. پشتی نامەیا عیسمەت، گوهێ هەر کەسی ل نووچەیان بوو. دەنگەکی بچووک ژ دەرڤە، ژ دەری بهاتا، هەموو ب هەڤ رە بەر بە دەری ڤە دبەزین. ژ بەر کو نە ل گوندێ وان تەنێ، ئەڤ چەند سالن ل هەموو باژار، ناڤچە و گوندێن ڤی وەلاتی، هەر رۆژ، هەر ساعەت و سەرێ هەر گاڤەکی ئاگاهیا کوشتنا مرۆڤان ب دەهان ب سەدان دهات و ل هەموو جیهانێ بەلاڤ دبوو. وەکی کو خستنە دۆرێ و کەسێن کو جەردەڤانی و ئالیکاریا ب دووگەلێ رە نەپەژرینە؛ گوندێن وان، دارستان، رەز و بەخچەیێن وان دهەمان کێلییێ دە دشەوتن، دبوون دوو وخوەلی. مرۆڤاتی، جامێری نەمابوو؛ تەنێ کوشتن و شەوات هەبوون. ترسا مرنێ، ترسا شەواتێ مرۆڤ ژ مرۆڤاتییێ دوورخستیە. زولم و زۆرا کو ل ڤی وەلاتی بوویە سەردەست، مرۆڤاتی ژ دل و مێژیێ مرۆڤان دوو خستیە. باڤ و کوڕ، ئاپ و برازی؛ خال و خوارزێ ژ هەڤ و دن رە کرنە نەیار. جیران بوویە گورێ جیرانێ خوە، گوندی بوویە مارێ گوندیێ خوە چ جارا کو د رەوشا خوە دا درامیا؛ نۆقی ناڤ رەشبینیێ دبوو. دەریەک ل بەر وی ڤەنەدبوو، دەرمانەک ژ ئێشێن وی رە پەیدا نەدبوو. خوەدێیێو ئەڤ چ حال بوو..؟

د مێژیێ خەلەف دە هەزار جورە رامان و داخواز، ل هێڤیا فەرمانا سەربازی، لگەل ترس، شەرم و خەمکینیا خوە وسا ئامادە، زیق سەکنی بوو. جارنان کو ژ خوە رە دپەیڤی: «گەلۆ ب راستی ژی، ئەز و عیسمەت وەرن هەمبەرێ هەڤ، ئەمێ چاوا بکن؟ ئەرێ کو ئەز بزانبم بمرم ژی، دەستێ من ل کوڕێ من ناچە. لێ گەلۆ ئەوێ چاوا تەڤبکەرە؟» دیسا دیسا وێ دەما کو عیسمەت ژێ رە گۆتبوو: «ئەزێ تەڤ ل رەفێن گەریلا ببم و وەرم پێشی تە بکوژم». دئانی بیرا خوە، دەما ئەو دیمەن دهاتە بەر چاڤێن وی، لەرزەک دکەت لاشێ خەلێف، دەما عیسمەت ئەڤ گۆتن ژ باڤێ خوە رە گۆتبوو، خوەدێیێو ئەو چ ئاور بوون؟» «من دیت بلا تو کەسەک دن نەبینە». دگۆت. لێ وەکی خەیال و رامانا کو هەر جارێ دەروونیا وی خەرا دکر دیسا بلەز ژ ڤێ مژوولێ دوو دخست.

دەروودۆرا گوند هاتبوو دۆرپێچکرن. ل بن لاتان، ل بن دارێن مازی، ل ناڤ بەخچەیان؛ تڤنگێن خوە ب شد، د دەستێن خوە دە دگرتن و وسا ل هێڤیا فەرمانێن فەرماندارێن خوە بوون. لاشێ وان وسا شداندی بوو کو گەر نەپۆخەکە زارۆکان بتەقیا دێ ژ نشکاڤە هەموویان خوە بئاڤێتانا سەر روێ زەڤیێ و تاڤلێ تلی بچوونا سەر تلیکێشێ (تەتکی).

ب بلندبوونا دەنگێ لاسەرکان، لەشکەر ل هەڤ جڤیان، چاوشەکی بەژنزراڤ و درێژ هاتە جەم وان، ب سەرەکێ وان رە هنەکی ئاخڤی و ژ نشکاڤە سەرەکێ وان ژی رابوو، ئەو جڤاندن سەرهەڤ و پشتی کو ب قاسی چەند خولەکان (دەقە) ب دەنگەکی بلند و ب هێرس ژ وان رە پەیڤی، کەتە پێشیا وان و ئەو چوون دپێشیا لەشکەران دەرێ بوون.

* * *

ئیشەڤ شەڤا چارەم بوو کو ژ گوند دەرکەتبوون. شەڤا پێشی راستی تو کەسی نەهاتبوون، لۆما تو تەقین ژی چێنە بووبوو. لێ شەڤا دویەم، ژ سێ ئالیان ئێریش هاتبوو سەر کۆزکا وان. ئێریشێ ب قاسی بازدەه بست خولەکان دۆم کربوو و تاڤلێ قەدیابوو. چاوا ڤەکشیا بوون، کەتبوون کیژان قولێ... ماتمایی مابوو خەلەف. وێ رۆژێ هەتا ئێڤاری بێراوەست شۆپ گەڕاندن، ژ ئێڤارێ هەتا شەفەقێ ل چار ئالیان کەمین دانین؛ لێ پێژنا تو کەسی نەکرن، تووشی تو شۆپەکێ نەبوون...

«ئیشەڤ شەڤا چارانە» دگۆت ژخوە رە خەلەف وسا ددۆماند: «ئەم هەموو ژ تاقەتێ کەتن. هەکە ئیشەڤ تو بوویەر نەقەومن، ئیشالا ئەمێ ڤەگەرن مالێ». وسا ددلێ وی دە دەرباس دبوو وسا دخوەست. لێ مخابن وی ژی خوەش دزانبوو کو فەرماندار ژ کەربا دکن بتەقن. ژبۆ کو بکوژن هاتن، لێ ئەو دهاتن کوشتن.

نیڤێ شەڤێ بوو، وەخت بەر بە شەفەقێ ڤە دحەرکی، لێ ب گرانی؛ لگەل هەموو ترس، پرس، متالە، شک و رامانێن تەڤلیهەڤ. ل ڤی چیایی، بێهەژمار شکەفت هەبوون. ڤێ جارێ کەمینا خوە دبەر شکەفتێن هەری ڤەشارتی دانیبوون. ڤان شکەفتان د دیرۆکا شەمرەخێ دە جهێ خوە یێ پڕ گرینگ هەیە و ب کێری گەلەک تشتێن مەزن هاتنە. هەتا تێ گۆتن کو شکەفتێن زامبرخان و ئاشریخان ژ کاروانێن بازرگانێن کو دناڤبەرا ئامەد و شامێ دە دچوون و دهاتن رە، بوونە قۆناغ. هەتا کو هەن زانیار دبێژن ئەڤ شکەفت ژ سەردەما کەڤر ڤە هاتنە هەتا ڤێ رۆژێ.

ئەڤ شکەفت، چیا، رێ ب تەڤایی ڤی وەلاتی، ژ گەلەک نەتەوەیان رە مازووڤانتی کریە. گەلەک ئارتێش، پێغەمبەر، بازرگان، فەرماندار، گەرۆک، ئەڤیندار، مێرخاس، لەهەنگێن دیرۆک و مرۆڤاتییێ دسەر ڤێ خاکێ رە دەرباس بوونە. ژ هنەکان رە بوویە جه و وار. ژ هنەکان رە بوویە قۆناغەکا دەمی. ژ هنەکان رە بوویە وارێ

ئێشان، وارێ دەرد و کەسەران. مخابن ژ هن مرۆڤ، ئۆل و دین، نەتەوە و شارستانیان رە ژی بوونە گورستان.

ب رۆژێ چ قاس گەرم بە، ب شەڤێ ژی ئەو قاس سارن ئەڤ چیا. دڤێ شەڤا رەش و تاری دە بێهنا پەلێن دارێن مازی مرۆڤی مەست دکن. دبێدەنگیا ڤێ شەڤا دز و بێبەخت دە، چ خەیال و رامان تێنە سەرێ مرۆڤ و چ نایێن. دناڤ بێدەنگیا بخۆف دە دپۆنژی خەلەف. ب دەنگێ تەقینا تڤنگێ و بەردەواما تەقوورەڤا رۆکەت و میترالیۆزان ژ خەون و خەیالان ڤەجنقی. شەڕ قەومی، یێن دەرڤە کەتبوون کەمینێ. کەچ و لاوێن ڤی وەلاتی بووبوون نێچیر ژ نێچیرڤانێن برچی رە. ژ هەر دوو ئالیان گورمە گورما تەقینا تڤنگ، بۆمبە و رۆکەتان تەڤلیهەڤ بوو. شەڕی هەتا بەربانگێ دۆم کر. ب شەفەقێ رە دەنگێ تەقینان قوت بوو. هاوێردۆر هن ب هن رۆنی دبوو. ب لاسەرکان ئاگاهی هاتبوو داین کو بێفەرمان بلا کەس ژ کۆزکا خوە نەلڤە. پشتی ب دەمەکە درێژ لەشکەرەکی گازی خەلێف کر و ژێ رە گۆت کو ئەو بچە، وان لاشێن کوشتییان بگهینە سەرهەڤ. خەلەف لنگێن خوە یێن تەفزی ب زۆرێ لڤاند، هەول دا خوە و رابوو. سێ حەب لاشێن شەرڤانان ئانی سەرهەڤ، دەما دەستێ خوە ئاڤێت لنگێ یێ چارەم کو وی ژی ببە سەر یێن دن، ئاورێن وی ژ نشکاڤە چوون سەر روویێ شەرڤانێ کو بێروح و جان درێژ بوو بوو؛ تاڤلێ لاشێ خەلێف بوو قەشا، دەست و پێ شکەستن، لاش وەکی چلۆیێ دارا مازی لەرزی و ب جارەکێ دە ب سەرێ کوشتی ڤە درێژی عەردی بوو:

«عیسمەت، کوڕێ من، عیسمەت، عیسمەت...»
ئاواز و قیرینا وی دسەرێ سبەهێ دە ل نەوالێن چیایێ مازی ئۆلان ددا. دەنگێ قرینا وی دگەها هەفت قاتا ئاسمانان.

خوە وندا کربوو، چاڤێن وی بووبوون وەک سۆرا خوینێ، سوودا پەیڤێ نەما بوو. تشتەک هاتبوو. د گەورییا وی دە سەکنیبوو. تە دگۆت قەی گەورییا وی ختمیە. خوە ژ وی کەڤری ل کەڤرێ دن ددا. رادهشت کەڤران و ل سەرێ خوە دخست. جلێن خوە دچڕاند. لێ ئاگرێ دلێ وی ڤەنەدمری. دەڤێ وی زها بووبوو. ژ نشکاڤە سەکنی، وەکی کو هاتبە سەر هشێ خوە؛ دەمەک وسا سەکنی و تەڤلێ تڤنگا خوە هلگرت و بەرێ خوە دا هەموویان. هەتا گولەیا داوی کەسێ کو دەرکەت پێشیا خەلەف ژ مرنێ خەلاس نەبوو.

## چیرۆکنڤیسەک ژ ئامەدێ

ئامەد، ئیرۆ ل سەر پێ راوەستایەو، ب ئومێدەکا مەزن ڤە دنێریتە ئاسۆیێن گەش، چونکە پشتا خوە دایە کەڤرێ شوێنەوارێن ل شوێن چەندین شارستانیەتێن مەزنێن دەڤەرێ ماین و، ب چاڤێن هۆشیار و ب هشەکی ڤەکری تێکەلیا ژیارا هەڤچەرخ دکە، لەوما ژی بزاڤەکا رەوشەنبیری، هزری، هونەری و ئەدەبی یا خورت تێدا هەیە.. ب کارەکێ فەر و پێویست دزانم کو خویندەڤانێن کۆڤارا (ڕامان) ئاشناو شارەزایی ئەوێ رەوشا چاندی ببن، نەخاسمە ئالیێ ئەدەبی، لڤێرە ئەمێ یەک ژ نڤیسکارێن هەری چەلەنگ و قەلەم نازک دەینە ناسین کو زێدەتر ژ ئالیێ چیرۆکنڤیسینێ جهێ خوە گرتیە و، کورتە چیرۆکێن وی رەنگڤەدانا رەوشا رەش و سپی یا ئەفراندنا مرۆڤی کورد نیشان ددەن، کو یا فەرتر ژی ئەوە ئەو ئەفراندن بهێنە ناساندن و، ڤەکۆلین ل سەر بهێنە کرن.

ئەو نڤیسکار (بەهلوول زەلال)ە و، چیرۆک و بەرهەمێن وی مشە دناڤ رۆژنامە و کۆڤاران دا دهێنە بەلاڤکرن، ژ بلی کو ئامادەبوونەکا خورت هەیە دناڤ بزاڤا رەوشەنبیری دا ب گشتی و کۆڕ و سیمینارێن ئەدەبی ب تایبەتی.

ل سالا (٢٠٠٤)ێ دا، پشکداری د دوانزدەمین پێشبازی (پێشبرکێ)یا حوسەین چەلەبی - بەشی چیرۆکا کوردی دا کریە و خەلاتا دووەم ب دەستڤە ئانییە.

ل سالا (٢٠٠٥)ێ پشکداری د سێزدەمین پێشبازییا حوسەین چەلەبی - بەشی چیرۆکا کوردی دا کرییە و خەلاتا سێیەم ب دەستڤە ئانییە. هەروەسا د یەکەمین پێشبازی یا چیرۆکێن کوردی یێن زارۆکان یا شارەدارییا سورێ یا ئامەدێ دا خەلاتا سێیەم وەرگرتییە.

دمینیت بێژین کو بەهلوول زەلال ل سالا (١٩٦٥)ێ ل گوندێ (ڤارتمین)ێ کو سەر ب مدیادێ ڤەیە ل دەڤەرا مێردینێ هاتیە دنیایێ. قوتابخانا سەرەتایی هەر ل گوندێ خوە خویندییە و، دناڤبەرا سالێن (١٩٧٥ - ١٩٨١)ێ دا قۆناغا ئامادەیی ب داوی ئانییە. ل سالا (١٩٨٣) قوتابخانا ئامادەکرنا مامۆستایان کوتا کرییە. و ل مەها رەشەما سالا (١٩٨٤)ێ ڤە دەرسدارە ل قوتابخانەیێن سەرەتایی. بەهلوول زەوجییە و بابێ دوو کوڕانە.

ژ بۆ زێدەتر ئاشنابوون دگەل بەرهەمێن وی ب تایبەتی ئالیێ کورتە چیرۆکێ، ئەڤێ کورتە چیرۆکا ب ناڤێ (غیرەت) ئەوا ل کۆڤارا (W) هەژمار (٦) گولانا ٢٠٠٥ێدا هاتیە بەلاڤکرن ژ رێنڤیسا لاتینی مە ئانی سەر رێنڤیسا ئیرۆ ل هەرێمێ بکاردهێت ژبۆ کو ژنێزیکڤە خویندەڤان ئاگاداری بەرهەمێن وی ببن.

**ئا: ئەحمەد قەرەنی**

# نەورەس

**قاسم سابیر**



لە کەنار دەریا وەستاوە لە دڵی خۆیدا دەڵێ:

– ڕۆژێک دادێ هەردووکمان ئێرە جێدەهێڵین کەچی ئەو مرۆڤە کەوتووەتە هەندەران ئاوارەو سەرگەردان بووە.

شەپۆلە تووڕەو شێتەکان نووکی پێڵاوەکەی تەڕ دەکەن. هۆن هۆن فرمێسک لە چاوانی دەتکێ دەکەوێتە سەر ڕوومەتە چرچ و لۆچەکانی دوایی دەکەونە ناو ئاوی دەریا، شەپۆڵەکانیشی بەرەو ناوەڕاستی دەبەن لەپڕ دەبنە چەند نەورەسێکی سپی سپی هەڵفڕین، هەڵفڕین لەسەر لووتکەی کەشتییەکان هەڵنیشتن دەنگی کچە بچووکەکەی ڕای پەڕاند،

– بابە توخوا مەڕۆ؟

دوو دڵۆپ فرمێسک ڕژانە سەر ڕوومەتی، دیسان کەوتنە ناو ئاوی دەریا بێ ئەوەی لەگەڵ شەپۆلەکان تێکەڵ بن بەرەو ناوەڕاستی دەریا کشانەوە. شەپۆلەکانیش یەک لە دوای یەک خۆیان دەدا بە کەنار و کەف و کوڵیان لێوە هەڵدەستا، دەنیشتنەوە دوایی ئەوە دەکشانەوە دواوە.. دوایی ڕەشەبا دەریای هەڵئاوساند، هەناسەیەکی توندی لێوە دەهات.. ئەویش هەناسەی تەنگ بوو هەر کاتێ لەگەڵ دەنگی کچەکەی ڕایچڵەکاند:

– مەڕۆ، بابە جێمان مەهێڵە؟

– ئاخر دەبێ بڕۆم کچی خۆم!

– نا، بابە؟ جێمان مەهێڵە. تۆمان خۆش دەوێ

باوکی بێ دەنگی دایگرت! نەیتوانی وەڵامی هیچ بداتەوە سەیری دایکی کرد، دایکیشی فرمێسک لە چاوی دەهات، دەم و چاوی خۆی گرت.

– مەگری کچی خۆم. بابە ناڕوا!

سەری خستە سەر سینگی و دەگریا

– نا، کچی خۆم ناڕۆم بخەوە؟

هەردوو دەستەکانی بە ڕوومەتی داهێنا ئینجا یەک دووجار ماچی کرد. کچە چاوی نووقاندو چووە خەوێکی خۆش. ئەویش هەڵستا شوێنەکەی جێ هێشت، چراکەی کوژاندەوە. ژوورەکە بووە یەک پارچە تاریکی. لەسەر بەردەکە دانیشت لە نزیک کەنار دەریا دەیڕوانییە کەشتییەکان چۆن لە دوورەوە تێ دەپەڕین دوایی ئەوە دەبوونە پشتکێکی ڕەش ون دەبوون. دیسان دەنگی کچەکەی ڕای پەڕاند.

– بابە مەڕۆ!

هەناسەیەکی قووڵی دا سەیری لای ڕاستی خۆی کرد. شەپۆلەکانی دەریا دەنیشتنەوە کەف و کوڵی دەدا.. کەشتییەک لەنگەری گرتبوو ماسیگرەکە تۆڕەکەی کۆ دەکردەوە دەیخستە سەریەک پاکی دەکردەوە سەرە براوەکەی فڕێ دایە نزیک هەندێ بەردی زل زل، کە لەوێ نەورەسەکان بەڕۆژ دەیانخواردن خۆر ماڵئاوایی لێ کردین ئێوارەیەکی سارد بوو وادیار بوو شەپۆلەکان کەمێ هێور ببوونەوە بابە ساردەکەش هەڵی نەدەکرد.

ئەو گەڕایەوە ماڵ.. کە لەوبەری شەقامە قیرتاوەکە بوو دەیڕوانییە دەریا. بەم چەشنە ئەو بێ ئەوەی هیچ بخوات لە سەر تەختەکە ڕاکشا، بۆ ئەوەی بخەوێ تاکو بەیانی بچێتەوە کەنار ئەو دەریایە کە لێوەی ڕاوەستا بوو. دەنگی کچەکەی دەهات بانگی دەکرد ئەویش هیچی بۆ نەدەکرا، کە دەخەوتیش لە خەو دەیبینی و ڕاپەڕی دەیگوت:

– دەگەڕێمەوە کچی خۆم جێت ناهێڵم کەچی ئەوە سوودی نەبوو کانەکە دەشڵەژاو دەیزریکاند.

– بابە تۆخوا مەڕۆ.

کچەکە لە خەو هەڵستا، هاتە بەر دەرگا سەیری دایک و باوکی کرد. سەریان پێک کردووە دەگرین! ئەویش چوو دەستی کردە ملی هەردووکیان لەگەڵیان گریا.

– بابە مەڕۆ.

– نا، کچی خۆم ناڕۆم؟

شەپۆلەکانی دەریا بەهێمنی دەگەیشتنە کەنار ئەویش دانیشتبوو هەردوو قاچی خستبووە ناو ئاوەکە. کەفوکوڵی دەریا تەڕی دەکرد. «مام نیکۆی» لە کەنار دەریا خەریک بوو تۆڕەکە بپێچێتەوەو بیخاتە ناو بەلەمەکە، ئینجا بەرەو ناوەڕاست سەوڵی لێداو وردە وردە دوورکەوتەوە. تاکو لەناو ئاوی دەریا ون بوو. خۆر گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان، هەتاوێکی گەرم بوو. «مام نیکۆی» ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. بە قۆڵی کراسەکەی دەم و چاوی دەسڕی

– بەڵێ حەزم دەکرد لەگەڵم بای.. کەچی ئێستا لە ڕاستیدا بەتەنیام! تەنیاییەکی لە ڕادەبەدەر دەمکوژێ.

گەردەلوولەکە لەوسەری دەریاوە هەڵی کرد شەپۆلەکان تووڕە و شێتتر بوون، کەشتییە بچکۆلەکان وەک لانک دەهەژان دەهاتن و دەچوون. ماسی گرەکان دەگەڕانەوە کەنار بۆ ئەوەی لەنگەر بگرن.. لەدەست شەپۆلی تووڕە ڕزگار بن یا ئەوەتا کەمێ بحەسێتەوە لەبەر ڕاوکردنێکی زۆر هەریەکەو چەند ماسییەکی گەورەیان ڕاوکردبوو بێ ئەوەی سەوڵ لێ بدەن شەپۆلەکان کەشتییەکانی ڕاودەنا بەرەو کەنار دەگەڕانەوە، تەمەنی «مام نیکۆی» لەسەرووی شێست بوو خانووەکەی لە دار هەر لەسەر تۆپەڵەکی ئەو بەردانەی کەنار دروست کردبوو بەدارسەری گرتبوو.. تۆڕە گەورەکەی لەبەر خۆر هەڵخستبوو، ئەوکات تیشکی خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئاسمان لەخۆر ئاوادا سوورێکی داغی دەنواند. نەورەسە سپییەکان لەسەر لووتکەی شاخەکە لەکەنار دەریا هەڵدەنیشتن. لەبەر هەوای ساردی ئەو کاتە، دەنگیان دەهات. بێچووەکان خۆیان گرمۆڵە دەکرد هەڵدەلەرزین شەپۆلەکانیشی توندتر خۆیان بە بەردەکانی کەنار دادەدا پریشک بەرز دەبووەوە.. دوایی کەف و کوڵی ئاوەکە دەنیشتەوە دوایی دەکشایەوە دواوە، (مام نیکۆی) کەشتییەکەی لەکەنار ڕاگرت، شەپۆلەکان کەشتییەکەیان دەجووڵاندەوە یەکە یەکە ماسییەکانی لەناو سەبەتە کرد بردیە ژوورەوە بۆ ئەوەی نەورەسەکان لێی نزیک نەبنەوە، ئینجا ئاگرێکی گڕداری کردەوە مۆروەکەی خستە سەرێ بۆ ئەوەی هەندێ ماسی و قاوە بخوات کە زۆری برسی بوو لە بەیانییەوە هێشتا چرای کەشتییەکان نەکوژابوونەوە ئەو بەکەشتییەکەی بەرەو ناوەڕاستی چوو. بۆ ئەوەی ماسی بگرێ بە چەقۆ تیژەکەی زگی ماسییەکەی هەڵدڕی، ژنەکەش کەرەستەکانی هەڵگرت و لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. باوکی کچە ئاوڕێکی لە پەنجەرە دایەوە هەردووک سەیری یەکتریان کرد.

– ڕۆژێ دادێ هەردووکمان ئێرە جێ دەهێڵین. ڕووی

وەرگێڕاو سەری داخست و دایە پڕمەی گریان.. دایکی کچە پەنجەرەی داخست! بە پەلە هاتە لای و دەستی خستە دەستییەوە ئینجا ماچی کرد هۆن هۆن فرمێسک لە چاوانی دەهاتە خوارێ بەدەم گریانەوە دەیگوت:

– دەبێ بڕۆم. ڕۆیشتنێکی ئەبەدی ئاخۆ کەی دەتبینمەوە.

– دەمبینییەوە!

– ئاخۆ کەی؟

– ساڵێکی تر.. دوو ساڵی تر...

– بابە، بۆ جێمان دەهێڵی.

– بابە نارِوا.

– ئهە ئهە

(فرمێسکی دەسڕی)

باوکی چووە دەرێ لەسەر پەیژەکە دانیشت سەیری تاریکایی بەردەمی دەکرد. دارو بارەکەی ئەو ناوە هاژەیان دەهات... لەبەر ئەوەی بایەکی توند هەڵی کردبوو، تەلی ئەلیکتریک پێک دەکەوتن هاژەهاژی ڕەشەبا، دەستی پێ کرد ئەو هەر لە شوێنی خۆی نەبزووت، بێ دەنگی دەنواند! بەم چەشنە دایکی کچەکە هات بانگی کرد گوتی:

– وەرە بخەوە؟

– خەوم نایە!

دایکی منداڵەکە چوو خەوت. هەر لە دڵی خۆی دەیگوت و دەیگوتەوە:

– ئەرێ بەخوا دەڕوات.

کچەکە لە خەو ڕاپەڕی.. زیراندی

– دایە، دایە

– گیانی دایەی وەرە باوەشم

– بخەوە کچی خۆم هیچ نییە.

کچە سەری خستە نێوان مەمکی دایکی، دیسان چاوی چووەوە خەو.

باوکی لە دەرەوە سەیری مانگی دەکرد، تازە لەبن هەورەکان دیار دەبوو، ئەستێرەی دەدی لە پانایی ئاسمانی بێ سنوور. جریوە جریویان بوو.

بەیانی بوو تازە خۆر کەوتبوو، ئەو لەسەر جێیەکەی ڕاکشابوو چاوی نووقاوی کردەوە. سەیری پەنجەرەی کرد. خۆر تیشکی دەهاتە ژوورەوە لەسەر جێیەکەی دەدا.

هەڵستا.. دەست و چاوی شووشت و ئینجا بەخاولی سڕییەوە لەسەر کورسییەکە دانیشت و ژنەکەی نان و چای بۆ دانا دەستی بە خواردن کرد. کە تەواو بوو هەڵستا لە جێگەی خۆی بەرەو دەرەوە چوو.

ماسییە وردیلەکان لەسەر ئاو دیاربوون چۆن بە ئاراستەی کەشتییەکە مەلەیان دەکرد نەورەسەکانیش بە ئاسمانەوە دەسووڕانەوە جار جار نزم دەفڕین ڕووەو ئاوەکە دەهاتن هەڵدەنیشتن ئینجا وردە ماسییان بەدەم دەگرت بەرز بەرز دەبوونەوە ڕووەو کەشتییە گەورەکان دەچوون لەسەر ستوونێ هەڵدەنیشتن.

ئەو سەیری نەورەسەکانی دەکرد دەیگوت:

– ئاخۆ ئەو نەورەسانە گوێیان لە دەنگم دەبێ، خەم بۆچی دەخۆم. دەبێ هەستی پێ بکەن کۆمەڵ کۆمەڵ نەورەسەکان دەهاتنە کەنار، دوایی دوور دەکەوتنەوە دوایی بەرز بەرز دەبوونەوە لە ئاسمان لەناو هەورەکان لەبەر دووری وەک پنتکێکی سپی دیار بوون، هەندێ لەو نەورەسانە بەرەو ستوونی کەشتییەکان چوون لەوێ هەڵنیشتن. ئەو سەیری دەکردن. لە دڵی خۆی گوتی:

– خوایە بەو نەورەسانە بڵێ

هەواڵی من بگەیننە ماڵەکەم و پێیان بڵێن:

هەموویانم خۆش دەوێن،

بەڵام ئەوەی ڕووی دا لەبیری بکەن.

**مانفێلد– ۱۹۹۹**

# دڵم لە نێو سنگی دزێکدا

ڕەوشت محەمەد

تاقەتی ئەم باسەم نەما، لە توانای باسکردن نایە، کەچی بەرچاویشی گرتووم، ئەم ڕازەی لە دڵمایە بەرچاوی گرتووم، ناهێڵێ هیچ بە جوانی ببینم هیچ جوانێ، ناچارم دەنگ بەرزکەمەوە ئەم دزە ئاشکراکەم، چ بەڵایەکە نزیکترین کەس لە منەوە خیانەتکارترین کەس دەرچوو، هەموو کاتەکان لەگەڵمایە، ئەوە بیست و پێنج ساڵە ئەو خەریکی دزینی بەنرخترین دەستمایەی منە، تەمەنێکی دوور و درێژە لێی دڵنیا و ئەمین بووم، باوەڕ ناکەم کەس لە ئێوە لەوەها ئاشنایەکی خۆی گومانی هەبێ، ئێمە بە شێوەیەک تێکەڵێن، دەتوانێ لە هەموو ساتەکاندا خیانەتی خۆی بکا، هەموو ساتەکان.

ناچارم ئاشکرای کەم، ئەو دزە ئاشکراکەم، زۆر جار هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی ئەم نهێنییە بدرکێنم، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکەمەوە، بچم لای پۆلیس هەواڵ لەو دزە بدەم، هاوار بکەم خەڵکینە ئەوە دزەکەیە کە منی ڕووتاندووەتەوە، کەچی لەو لەحزەیەدا ویستوومە ناوەکەی بڵێم، پەشیمان بوومەتەوە «ناکرێ شوورەییە ئاوا کارێک بکەم» تف لە ئاسمان ناوچاوی خۆت دەگرێتەوە.

لە دووڕیانێکی بێتامدا وەستاوم، توانای هەڵبژاردنی هیچیانم نییە، نەئاشکراکردنی ناوی دزەکە، نەبێدەنگ بوون و ڕازیبوون بە مردن، مردنێک هەر لە نێو ژیاندا، پێدەچێ ئێوە من بە کەسێکی ترسنۆک، تەواو ترسنۆک تێبگەن، ڕەنگە بڵێن کەسێکە و دزی لەتۆ کردووە، یان دزیت لێدەکات، ئەمە کەی کارەساتێکی هێندەش گەورەیە؟! ڕۆژانە دەیان دز ئاشکرا دەبن و دەستگیر



دەکرێن، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیەی ئێوە بۆ من ڕاست نییە، ئەوەی منی پڕ کردووە لە ڕاڕایی، پێوەندی خۆم و دزەکەیە، تەنانەت دەترسم ئێوە باوەڕم پێنەکەن، دەترسم ناوی دزەکە بێنم و ئێوە بدەنە قاقا، .. قاقا ئەم کابرایە شێت بووە، قاقا ئەم کابرایە نازانێ درۆکە چۆن بنووسێتەوە، من لەمەیان دەترسم، لە دزەکە ناترسم.

هەمووتان دەزانن دز کاتێک هەڵدەبژێرێ، کە هیچنا خاوەن ماڵ ئاگای لە بردنی ماڵەکەی خۆی نەبێ، بەڵام من هەموو کاتێ شایەدی تالانکردنی خۆمم، هەر ئێستا وەختێ تۆ ئەم «لوغزە» دەخوێنیتەوە و لێی حاڵی نابی، ئەو بەبێ ئەوەی یەک تۆز گوێ بداتە من، یان ئێوە، خەریکی کاری خۆیەتی.

بەیانی سێ شەممەی ڕابردوو لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر بۆ پرسەی ناسراوێکی خۆمان دەچووین، وەختێ گەیشتینە ئەو دیو دەرگای مزگەوتەکە، هەر یەکە و سەرگەرمی شتێ بوون، یەکێ دەستنوێژی هەڵدەگرت، یەکێ گوێی لە تلاوەی مەلا کوێرەکە گرتبوو، کۆمەڵێک دەگریان، دوان سیانێک سەریان پێکەوەنابوو باسیان لە ژیان و گوزەران دەکرد، منیش خۆم غەمبار کردبوو تا هاوخەمی بۆ کەسوکاری مردووەکە دەرببڕم، ئەو کاتەی بیست دەقیقە بەسەر بێدەنگی تێپەڕی، ئەو هەر خەریکی دزیکردنی خۆی بوو.

ڕاستییەکەی من شایەتی ئەمەم، ڕێک کەوتووە دەیان جار وەختێ من سەرگەرمی یاری دۆمینە و شەترەنج بووم، ئەو خەریکی ڕووتانەوەی من بووە، کەچی بێدەنگ بووم، دیارە من ئەو یارییانەم خۆشتر دەوێن، خۆ جاری واش هەبووە، تاقەتم پڕ بووە و وەختێ بەرامبەرەکەم بە تەمای نۆرەی من بووە کە یارییەکە بکەم، یان داشێک بجووڵێنم، من تووڕەییم سەری کردووە و هەستاومەتەوە و یاری و داش و کاغەز و کورسیم پێچاوەتەوە و هەموویم تێکداوە بەسەر یەکدا، بەڵام هیچ لە مەسەلەکە نەگۆڕاوە نەیەخەی دزەم پێگیراوە، نە خەڵک و خۆمم لێ تێگەیاندووە.

هەمیشە وابووم لە ژیانمدا دەیان جار ئەم هەستەم تەقیوەتەوە، تووڕە بوونم سەری کردووە، لەو چرکانەدا لە خەو ڕاچڵەکیوم، یاریم تێکداوە، نانخواردنم بەجێ هێشتووە، ئەم سەرکردنە زۆر شتی پێکردووم جنێوی پێداوم کاری گەورەی پەک خستووم، بێزاری کردووم، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو نهێنییەم پێ بدرکێنێ و دزەکە ئاشکراکەم.

بەڵام دڵنیام ئەم کارە هەر دەکەم و ئەو دزە ئاشکرا دەکەم، گەر لە سەرەمەرگیشدا بێت، دەبێ لێوەکانم ئەو ناوە بزرێنن، یان لەسەر پارچە کاغەزێک دەینووسم بەجێی دێڵم بۆ دوای مردنی خۆم، با هیچنا خەڵکی و خۆشەویستانم لە دوای مردنم دوژمنی گەورەی من بناسن.

وادیارە ئەم نووسینە دواین تەقینەوەی منە، ئەم سەرکردنە دواین سەرکردنی تووڕەیی و تاقەتی منە.

نا نەخێر.. نایخەمە وەختی مردن، ئەمەیان ترسنۆکییە دانی پیادەنێم ترسنۆکییە، ئیتر بە هیچ پاساوێک لەوانەی پێشتر گوێتان لێوەبوون پەشیمان نابمەوە، ئاشکرای دەکەم، ئەمە دوایین جارە و دەبێ حەیا و ئابرووی بەرم و بیشکێنم، با هەمووتان بیناسن، کاری بەو بێشەرمییە هەر قابیلی ناوزڕاندنە، تەواو.. حەوسەڵە نەما دەبێ لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکاندا بڵاوی کەمەوە، دەبێ ناوەکەی بدەمە دەست پۆلیس، دەبێ هاوارکەم بە شەقام و بازاڕەکانا، لەبەردەم ئێوەدا بیلێم خەڵکینە:


ئەمەتا ئەمە دزەکەیە «ڕەوشت محەمەد»

لە وەتەی هەیە لە کاتی من دەدزێ و تەمەنم دەسڕێتەوە و دەمکوژێ،

تکایە هەمووتان بیناسن.

# بەهێ (١)

**عەلی ئەشرەف دەروێشیان**
**لە فارسییەوە: ئازاد ڕەحمانی**
**(سنە)**



هێواش هێواش لە جەژن نزیک دەبینەوە. بە دەنگی چۆلەکەکانی سەر دیوارەکان جەژن نزیک دەبۆوە و لە گۆشەی ژوورەکەماندا جێگەی دەگرتەوە.

ئێمە زۆر زووتر لە گەورەکان هەستمان بەهاتنی جەژن دەکرد. وەکو بلێیی کە سروشت دڵی نەرمتر دەبوو، ئیتر پێیەکانمان لەو کەوشە جیڕانەی لەبەرمان دەکرد نەیدەبەست. «ئاشوورا» (٢) تویکڵە پڕتەقاڵی لەگەڵ خۆی دێنا، تویکڵە هەناری دەهێنا. سەهۆڵەکانی قەراخ ئاوەکە دەتوانەوە، پیسایییەکانی بن بەفرەکان وەدەردەکەوت و پشیلەکان بەدەوریدا کلکە سووتەیان دەکرد. ئیتر زۆپای قوتابخانەیان پێ نەدەکرد. لە کۆڵانەکاندا بەفر نەدەبینرا. قوڕ و چڵپاو هەموو لایەکی داگرتبوو، لە جیاتی بەفر، باران دەباری، تەڕ دەبووین، بەڵام سەرمامان نەدەبوو.

جەژن دەهات و لە گۆشەی دیوارەکان لەلای سەوزە و گیاکان دادەنیشت، جەژن دەهات و لەگەڵ ئەو هەڵمەی کە لەسەر دیوارە تەڕەکانەوە بەرزدەبۆوە موژدەی هاتنی خۆی دێنا.

لە سەرەتادا باوەڕمان نەدەکرد کە جەژنە، بەڵام بەیانییەک کە دەهاتینە حەوش و دەمانەویست لەسەر سەهۆڵەکانی حەوزەکە خلیسکێن بکەین، لە نەکاو دەکەوتینە ناو ئاوەکەوە و دەمانزانی کە جەژن هاتووە و لە بنەوە سەهۆڵەکانی تواندۆتەوە و وای کردووە کە کڵاومان لەسەر بنێ و هەتا نیوەی لەشمان تەڕ بکات.

لەوکاتەی کە نیوەی لەشمان تەڕ بوو، بەهێواشی دەچووینە ژوورەوە و لە پشت پەردەوە بەترس و لەرزەوە ئیشارەیەکمان لە دایە گەورە دەکرد هەتا بمانبینێ.

لەسەرماو لەترسان دەلەرزین. ترس لەوەی کە نەوەکو باوکمان بزانێ. ئەمەش دایە گەورەی بێچارە بوو کە پانتۆڵەکەمانی دەگۆڕی و لەگەڵیدا نوقورچکی(٣) لە لاڕانمان دەگرت و بەسەر خۆیدا دەدا. هەڵ دەلەرزین و چاومان لە جێگەی نوقورچکەکان دەکرد کە شین و مۆرببۆوە، بە ترسەوە ڕادەماین و ناڵە و هاوارمان لە سینگدا دەخواردەوە.

دایە گەورەش لەو وەزعەی ئێمە و لەو ئێش و ئازارەی کە دەیدیت ناڕاحەت دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبوو باوکمان بزانێ. ئەگەر دەسووتاین، یان کەوتباین و جێگەیەکمان شکابا و شتێکمان لێ ون بووبا، نەدەبوو باوکمان پێ بزانێ. ئەم غەمخۆرەی هەمیشەییەی ئێمە دایە گەورە بوو کە هەموو شتێکی بە قەولی خۆی «لە دڵدا دەخواردەوە». بەم شێوەیە بوو کە جەژن دەهات.

دایە گەورە بۆ هەر یەکێکمان مستێ گەنم و نیسکی لە قاپێکدا لە ئاو دەکرد هەتا چەکەرە بکات و دوایەش لەسەر کەشەفێکی دەکرد و پانی دەکردەوە هەتا شین بێ، هەموو ڕۆژێ سەرێکمان لەو قاپانە دەدا و گوێمان لە دەنگی گەنم و نیسکەکان ڕادەگرت.

– پس... فس.... پس... س

شەوانە دایە گەورە دەستی دەکردەوە بە پێنەدۆزی و بە باوکمانی دەوت:

– زەوی دەبێ هەناسەیەکی ئاشکرای کێشابێ، ها؟

باوەش(٤) وەکو ئاوی ساردیان بەسەردا کردبێ، بە دەمنە سیگارەکەی(٥) چەنەگەی دەخوراند و دەیگوت:

– ها.. ئاها.. بەڵێ کێشاگیەسی.

هەمووومان بێ دەنگ دەبووین، وەها کە دەنگی هەناسەی نیسکەکانمان لە قاپەکەدا گوێ لێ دەبوو:

– پس.. فس.. پس.. س.

هەموو شەوێ دەخیلەی پووڵەکانمان بەبن گوێمانەوە دەگرت و ڕامان دەوەشاند هەتا دەنگیانی لێوەبێت. گەرەکمان بوو لە پشت ئەم دیوارە گڵیانەوە چاو لەناوەوەی بکەین لەگەڵ خۆمان دەمانوت:

– بە ڕاستی دەبێ چەندی تێدابێ؟ نزیکە پڕ بێت!

هەرکەسە و پووڵی دەخیلەکەی هی خۆی نەبوو. هەر ساڵە و یەکجار و هەر جارەش کەسێک دەبوو جل و بەرگ بکڕێ و ئەمەش ئەو کەسە بوو کە جل و بەرگەکەی پینەی زۆرتری پێوەبێ.

شەوانە لەژێر قورسیەکەوە(٦) لەسەر کڕینی جل و بەرگ مشتومڕمان بوو. پچە پچی ئەکبەرت گوێ لێ دەبوو کە دەیگوت:

– ئەسغەر: ئەم ساڵ نۆبەی منە ها! داشی برا(٧).

ئەسغەریش بە هێواشی و لێ پاڕانەوە دەیگوت:

– پارەکە هی تۆ بوو، برارەکم(٨)، لەبیرت نایەت. ئەم ساڵ هی منە. ئەگەر پێت خۆشە با پینەکانمان بژمێرین.

پاشان ئەکبەر و ئەسغەر دەستیان دەکرد بە پینە ژماردن. ئەسغەر دەیبردەوە، بەڵام دیسان پچە پچ و وزە وزیانت گوێ لێ دەبوو.

– پچ پچ... پارەکە، پارەکە... پس.. پس... پچ پچ... و زوز... پینە پینە... و زوز... لەناکاو قورسی دەجوولا و دەنگی خوڕ و پوفی یەکێ کە دەستت لە بینە قاقای نابێ بەرز دەبۆوە، دایە گەورە هاواری دەکرد:

– یا حەزرەتی عەباس یەکتریيان خنکاند.

باوەش بە مستێ کە بۆ لای لێفەکەی ئەکبەر و ئەسغەر بوو کۆتایی بە خوڕ و پوفەکە دێنا.

* * *

ڕۆژێک لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە. دەخیلەکانمان هێنا، دایە گەورەش ئەوەکەی خۆی هاورد. چوار دەخیلە بوون. دایە گەورە بە تەشوێ هەموویانی شکاند. چەند جارێ پووڵەکانی ژمارد. لەدوایەش بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە سەیری کردم، لەبەر ئەوەی پووڵەکەی من لە هی هەمووان کەمتر بوو، ڕێگەی پووڵ هێنانە دەرم دەزانی. هەستێکی خۆشمانی تێدا بەدی دەکرا. ئیتر ئەو خەمەی کە وەک پەتێکی ڕەش لە گۆشەی لێوی دایە گەورەوە بەدی دەکرا نەمابوو. پووڵەکانی لە گۆشەی عەباکەی کرد و چووینە بازاڕ.

شەقام چەندە خۆش بوو! دووکانی شیرنییەمەنی، چ بۆن گەلێکت بەر لووت دەکەوت! شیرینی کەرەیی، مەساسەی ڕەنگاو ڕەنگ، ترش و شیرینی، بنێشت. لە دڵی خۆمدا وتم:

– ئەگەر گەورە بووم، بەخوا هەموو پووڵەکانم دەدەمە شیرینی کەرەیی، بە ئەکبەرم وت:

– ئەگەر گەورە بوویت پووڵەکانت چ لێ دەکەیت؟

– دەیدەم بە ترش و شیرین. بە ئیمام ڕەزا قەسەم هەموو شەوێ دەچمە سینەما. هەموو شەوێ. لەکاتێکدا کە ئاوی زاری قووت دەدا و پارچە نانێک کە لەگەڵ خۆی هێنابووی «قەپاڵی لێ دەگرت لە منی پرسی:

– بە ڕاستی کەنگێ گەورە دەبین؟

منیش وتم:

– مرۆڤ دەبێ شتی زۆر بخوات تا زوو گەورە بێت.

ئەکبەر بەنائومێدییەوە وتی:
– کەوابوو ئێمە قەت گەورە نابین. ئەی داد و بێداد.
گەیشتبووینە دووکانی چاکەت و پانتۆڵ فرۆشەکە. دایە گەورە لەگەڵ کابرای دووکاندار قسەی دەکرد و دەستی بۆ لای ئەسغەر درێژ دەکرد.
کابرا وەها بەسەر و پای ئەسغەردا دەیڕوانی وەک بڵێی مشکە و خورمای دیوە. دوای ئەوەی چاو لێ کردن کۆتایی هات لە گۆشەی دووکانەوە دارێکی درێژی هەڵگرت و دەستێ چاکەت و پانتۆڵی چووکەی لە بەشی سەرەوە هێنایە خوارێ.
ئەسغەر بە هاوکاری دایە گەورە چاکەت و پانتۆڵی لەبەرکرد و دوو سێ مشتەکۆڵەشی خوارد. دوایەکە قۆپچەکانیان داخست وەکو بڵێی ئەکبەر دەستی لە بینەقاقای ناو کەوتە خوڕە خوڕ.
دایە گەورە ڕووی کردە کابرا و وتی:
– برارەم، ئەمە زۆر چکۆلەیە. دانەیەکی تر بێرانە. ئێستا منداڵەکەم دەخنکێ.
کابرای دووکاندار جلوبەرگەکەی بەسەردارەکەوە کرد و لە کاتێکدا کە کەپووە گەورەکەی بەسەر قۆڵەکەی دەسڕی، لە هەمان شوێنەوە چاکەت و پانتۆڵێکی تری هێنایە خوار.
ڕەنگەکەی زۆر ناحەز بوو. ئەسغەریش حەزی لێ نەبوو، کاتێ دایە گەورە چاکەتەکەی لەبەر دەکرد، ئەسغەر خۆی لار دەکردەوە. دەستی لە قۆڵەکە دەرنەدەهێنا. شانێکی زیاتر لە پێویست بەرزدەکردەوە دایە گەورە هەر چەندە شانی دەهێنا خوارێ ئەسغەر دیسان شانی بەرزدەکردەوە. هەنا دوو سێ مشتەکۆڵەی تری گەیشتێ. دایە گەورە بە مست لەسەرشانی دەدا هەتا بێتە ڕێکی یەکتر، بەڵام شانی دیسان دەچۆوە جێگەکەی خۆی. ئەسغەر بای لە زگی خۆی دەکرد هەتا قۆپچەکانی دانەخرێن. هێشتا قۆپچەی ئاخریان دانەخستبوو کە خوڕە خوڕی پێ کەوت.
لەسەر داوای دایە گەورە، ئەوەشیانی گۆڕی. من و ئەکبەر چاومان بەناو دووکانەکەدا دەخشاند چ چاکەت و پانتۆڵێک! بە قەدەر من و ئەکبەر. هەندێ ژنی تریش لەگەڵ منداڵەکانیان هاتبوون هەتا شت بکڕن.
لەناکاو هاواری ئەکبەر بەرزبۆوە. هاوارەکە وەکو کەسێ دەچوو کە سووتابێ یان دووپشک پێوەی دابێ. گشتمان کەفتینە دڵەکوتێ. کابرای دووکاندار دەستی لەرزی و چاکەتێک بەسەر سەریدا بەربۆوە و بەسەر لێ شێواویەوە چووینە لای ئەکبەر زانیمان یەکێ لە منداڵەکانی هەلی دەست کەوتووە و قەپاڵێکی لەنانەکەی ئەکبەر گرتووە. پێمان وابوو دەستی گەستووە، بەڵام وانەبوو تەنیا نانەکەی خواردبوو.
منداڵەکە دەلەرزی و ڕەنگی پەڕیبوو، نانەکەی بە سەختی دەجووی و ڕاوەستا بوو. دایکی بە تووڕەییەوە منداڵەکەی گرت و بە چڕنووک گۆنای زەردی منداڵی سوورکردەوە و دوایەش کوتای بە عەرزا و پانتۆڵەکەی لەبەرداکەند و ڕانە سپی و سۆڵەکانی گەست، دایە گەورەکە گریان ئەوکی گرتبوو وتی:
– بۆ لەو منداڵە دەدەی، دایەگیان. مەگەر کفری کردووە، قەیدی نییە.
دوایەش ڕووی کردە ئەکبەر کە بە توندی ترسابوو، بە تووڕەییەوە وتی:
– تفت لێ بێ! نەدی و بدی! چی بوو؟! گۆشتی لێ کردیەوە؟
ژنەکەش بەسەر منداڵەکەیدا هاواری دەکرد:
– لە برسا مردوو، سکت هەڵ دەدڕم، مەگەر شەو باوکت نەیەتەوە، دەبێ بێژم شیش بگاتە زگتەوە. نانە فلیسکاوەکە لە ژێر پێی منداڵەکەدا پان و پلچ بۆوە.
هەراو هۆریا دامرکایەوە و لەسەر داوای دایە گەورە، چاکەت و پانتۆڵێکی تریان داگرت. باش بوو. گەڕاینەوە ماڵەوە.
چاکەت و پانتۆڵمان بە دیواری ماڵەوە هەڵواسی. ئەسغەر تاو ناتاوێک سندووقە چکۆلەکەی لەژێر پێ دەنا و بەگیرفانی چاکەتەکەیدا دەگەڕا. تەنانەت شەوکە هەموو خەوتبووین لەکۆڵ چاکەت و پانتۆڵەکەی نەدەبۆوە، پارچە کاغەزێکی لەیەکێ لە گیرفانەکانی چاکەتەکەیدا دیبۆوە کە لەسەری نووسرابوو ٣٦، ئەم کاغەزە ئەکبەر لێی دزیبوو، هەتا چەند ڕۆژێ لەسەر ئەم کاغەزە شەڕبوو. ئەسغەر پێی وابوو ئەم کاغەزە دەبێ هەمیشە لەگەڵی بێت. پارچە وەرەقەیەکی دیبۆوە لەسەری نووسیبوو ٣٢ و خستبوویە گیرفانییەوە، بەڵام ئەمە تامی هەوەڵیەکەی نەدەدا و بەهانەی دەگرت و ئەکبەریش لێی دەدا.
شەوی جەژن بە بۆنی برنجی پاڵێوڕاو و بۆنی عارەقەی لەشی کچانەوە هات. لەو شەوانە دەنگی ئاه دەهات. لەوانەیە دەنگی ئاهی داری کۆخی دراوسێیەکەمانە کە شکۆفەی کردبوو. لەوانەیە دەنگی ئاهی کێوی پڕ ئاوبوو کە بەفرەکەی توابۆوە و لەوانەشە دەنگی ئاهی دایە گەورە بێت.

من شەوی جێژنەم زۆر لاخۆشە، لە گۆشەی ژوورەکەدا دادەنیشتین. باوە زۆر زوو جگەرەی بەبا دەکرد. دایە گەورە لە کاری ڕۆژانە ماندوو، دەچوو برنجەکەی دەپالاوت.

باوە چاوی لێمان نەدەکرد، سەری دادەخست. هەمیشە پالتۆکەی بەسەر شانیەوە بوو و لە گۆشەی ژوورەکە ئەژنۆکانی لە باوەش دەگرت، لە فکرەوە ڕا دەچوو.

لە دەرەوەڕا ڕووناکی تەقەمەنییەکان تاریکی ئاسمانیان شەقار دەکرد. هەراو هۆریای منداڵەکان گوێی ئاسمانیان کەڕ دەکرد من و ئەکبەر و ئەسغەر و بە دزییەوە هێواش هێواش، دەچووینە پشت شووشەی ماڵەکەوە. دەنگی هەناسەمانت گوێ لێ نەدەبوو و لە گۆشەی پەنجەرەکەوە چاومان لە دەرەوە دەکرد. خۆمان لەبیر دەکرد. لەگەڵ ترەقەکاندا سەرمان هەتا بنی ئاسمان بەرز دەکردەوە. وەکو بڵێی خۆمان ئاگرمان تێ بەردەدا، دەمگوت:

– ئەوەی ئەستێرەی دروست کردووە، هی من بوو.

ئەکبەر بەخۆشیەوە دەیگوت:

– ئەوەشیان هی من بوو.

ئەسغەریش دەبووە خاوەنی یەکێکی بێ ئەستێرە.

لەسەر تەقینەوەکان گرەومان دەکرد کە کامەیان ئەستێرەی دروست کردووە و کامەیان نە. گرەوەکەمان گەورە دەبوو. هەناسەمان کە لە سینگدا پەنگی خواردبۆوە لەناکاو دەهاتە دەرەوە و باوە هاواری دەکرد و تەوسی پێماندا دەدا و پێمانی دەوت لەلای شووشەکەوە لاچن.

دەهاتینە ئەو لاو گوێمان لە دەنگی ترەقەکان دەبوو کە لە ڕێگەی دوور و نزیک و لەکۆڵان و ماڵەکانەوە دەتەقینەوە و دڵمان پێیان خۆش بوو.

جەژن هات و شیرینیمان خوارد و تووشی سینگ ئێشە بووین و لێدانیشمان وێ کەوت. دەخیلەی تازەشمان کڕی و چاوەڕوانی ساڵی داهاتووبووین هەتا بزانین نۆرەی کامەمان دێت.

ئەستۆی ئەسغەر سوور هەڵگەڕا بوو، ملی چاکەتەکەی ئەوەندە زوور بوو هەمووی بریندار کردبوو. کاتی پشوودان زۆر زۆر تەواوبوو. دەستمان دەکردە ناو گیرفانەکانمانەوە، هەندێ وردکەی شیرینیمان دەدۆزییەوە کە لەگەڵ موو و خشت و خۆڵی گیرفانمانەوە تێکەڵ ببوو ئەوجار دەمانخوارد. دایە گەورە ملیوانێکی بۆ ئەسغەر دووری هەتا ملی بریندار نەکات.

لە ئاخرین شەوەکاندا دەبوو بە پەلە دەرسەکانمان بنووسینەوە و لە داخان دەگریاین، دەگریاین بۆ ئەو ڕۆژانەی لە دەستمان چوون، بۆ ئەو شیرینیانەی ئیتر نەمابوون، بۆ ئەو پشوودانەی تەواو ببوو و بۆ ئەو دەرسانەی نەمان نووسیبوونەوە. دیسانی دەبوو چووباینەوە قوتابخانە. قورسیەکە لەناوەڕاستی ژوورەکە هەڵگیرابوو. واماندەزانی شتێکمان لێ ون بووە. باوە شەوانە لە گۆشەی ژوورەکە دادەنیشت و جگەرەی دەکێشا و شیعرەکانی بابا تاهیری دەخوێندەوە.

چەند ڕۆژێ بوو کە ئەسغەر خۆی لێ دەشاردینەوە. بەدزی هاتوچۆی دەکرد. لەگەڵ کەس شەڕو گاڵتەی نەدەکرد. وەکو ئەوەی لایەکی تووشی شەلەل بووبێ کتێبەکانی لاوەلا دەگرتە دەست و دەهاتەوە ماڵ، کەس نەیدەزانی چاکەتەکەی لەکوێ دادەنێ.

ڕەنگی پەڕیبوو و ناڕاحەت بوو، زۆر بە کەمی قسەی لەگەڵ دەکردین. چەند جارێ دایە گەورە وتبووی کە ملیوانی چاکەتەکەی بێنێ هەتا بۆی بگۆڕێ، بەڵام تەنیا وتبووی کە خاوێنە و گۆڕینی ناوێ.

ڕۆژێک کە لە قوتابخانەوە گەڕامەوە یەکێک لە برادەرەکانی ئەسغەر کە ناوی حوسێن بوو تووشم، بوو لەکاتێکدا کە هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو، خۆی گەیاندە لام و وتی:

– داش(٩) ئەسغەر! دەزانی ئەسغەر چی بەسەرهاتووە؟

– نە نەزانم، بڵێ بزانم، دە زووبە؟!

چاوێکی لەدەوروبەری کرد و هەندێ منگە منگی کرد و وتی:

– ئەسغەر بە هێکی گەورەی کڕیوە و خستوویەتییە گیرفانییەوە. حەوتوویەک دەبێ کە لە گیرفانیدا گیری کردووە و نایەتە دەرەوە. کاتێک دەچێتە لای تەختە ڕەشە بۆ دەرس خوێندنەوە کتێب یان دەفتەرێک لەگەڵ خۆیدا دەبا و بەخۆیەوە دەگرێ، «بەهێ»یەکە زۆر گەورەیە. کاتێ لەسەر جێگەکەی دادەنیشێ لەسەر لاقوونێکی دادەنیشێ تا منداڵەکانی لەلای دادەنیشن ناڕاحەت نەبن.

وەکو ئەوەبوو کە بەگەسک لەسەرم دەن، بە هەڵاتن چوومەوە ماڵەوە بە دایە گەورەم وت:

– بە هێ لە گیرفانی ئەسغەردا گیری کردووە و نایەتە دەرەوە.

دایە گەورە ماوەیەکی زۆر بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کردم، دوایە کە زانی چی ڕووی داوە بە بێزارییەوە وتی:

– ئاخ. ئاخر بە هێ لە کوێیەوە چووە گیرفانی ئەو بەهێ خۆرە سەگبابەوە؟!

دوایە کە شتەکەم بۆ باس کرد، دایە گەورە زیاتر لای ناخۆش بوو. لەم کاتەدا ئەسغەر گەیشتەماڵەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو. کتێبەکەی بەگیرفانییەوە گرتبوو. لەفکردابوو. سڵاوی کرد. دایە گەورە وتی:

– عەلێک سەرە پەنام. وەرە چاو لە گیرفانت بکەم.

ئەسغەر لەرزێکی بەلەشداهات. ڕەنگی ئەوەندەی تر سپی بوو، لە نەکاو دەستی کرد بەگریان. چاکەتەکەیان دەرهێناو لەپەنایەک دامان نا. هەراو هۆریای ئێمە بەرزبۆوە. دراوسێیەکەمان کە باوکی حوسێن، هاوپۆلەکەی ئەسغەر بوو لە ژنەکەی پرسی:

– ئەم گریان و زارییە چییە ژنەکە؟

– لەبێ خەبەران کەشکەک سەڵەوات! بەهێ لەگیرفانی چاکەتە تازەکەی ئەسغەردا گیری کردووە. ئەوە حەوتوویەکە. تۆ لە کوێی؟!

شەو گران، بێ حاڵ و برسی هەروەک باوکم گەیشتە بەرەوە و ژوورەکەمانی گرتە خۆی. بێ دەنگ دانیشتبووین. بێجگە لە ناڵەناڵی «ئاشوورا» و حەپەحەپی سەگەکان هیچت گوێ لێ نەدەبوو. چاکەتەکەی ئەسغەر کە بەهێیەکی گەورەی تێدا بوو لە پەنای ژوورەکە دانرابوو.

باوکم کاتێ زانی، چەند جگەرەیەکی کێشا. خەبەریان بۆ مامم کە بەساڵدا چووبوو نارد و هات.

مامە پیرە و بی بی ژنی هاتن. بە دەوری یەکتردا بەبێ دەنگی دانیشتبووین.

مامە پیرە پرسی:

– چی ڕووی داوە خێرە؟!

دایە گەورە بەبێ زەوقییەوە وتی:

– خێر بێتەڕێت وەڵڵا، ئەوە حەوتوویەکە بەهێیەکی گەورە لەگیرفانی چاکەتە تازەکەی ئەسغەردا گیری کردووە.

مامە پیرە چاوێکی لە گیرفانی چاکەتەکەی ئەسغەر کرد کە وەک لوویەک هەڵ تۆقی بوو وتی:

– خۆزگە بەهێیەکە لە ڕیخۆڵەتدا گیری کردبا و لە دەستت نەجاتیمان هاتبا و دەستی کرد بە دەست تێوەردانی لووەکە.

من و ئەکبەر ئاوی دەممان قووت دایەوە. ئەسغەر لەگۆشەیەکەوە ڕاوەستا بوو دەلەرزی. باوە ماوەیەک لەگەڵ چاکەتەکە و لووەکە خۆی خەریک کردووە و بەنائومێدییەوە بە مامە پیرەی وت:

– ئیسە ئەیژی چی بکەین؟ ئاخر جوان نییە هەموو ڕۆژێ بەم لووەوە بچێتە قوتابخانە.

دایە گەورە بە تووڕەییەوە وتی:

– لێی گەڕێن هەتا ئاخری ساڵ هەروا بێت هەتا تۆبە دەکات.

بی بی ڕووی لە ئەسغەر کردو وتی:

– منداڵێکی ئاوەها گەورە! چ کارگەلێک دەکا. بەهێت بۆشت گەرەک بوو. زگت سووتێ. دڵ و جەرگت کڵوکڵوی دامرێ.

مامە پیرە وتی:

– چەقۆیەکم بۆ بێرن بزانم چی بەچی دەکەم.

باوە وتی:

– گەرەکتە چی بکەی. کارێک نەدەیتە دەستمانەوە.

مامە پیرە بە لەخۆبایی بوونەوە وتی:

– ئەگەر عەلی وشترەوانە دەزانێ وشتر لەکوێ ئێخ بدات.

بی بی وتی:

– چاکەتی کوڕەکە نەدڕێنی. غەزەبی ڕیشت دەگرێ.

مامە پیرە وەکو ئەوەی گوێی لەهیچ نەبووبێ، چەقۆکەی لەدایە گەورە وەرگرت. لەکاتێکدا کە دەستی دەلەرزی، چەقۆکەی لە گیرفانی چاکەتەکە نا. زەردی بەهێیەکە دەبینرا. هەموومان لێی چووینە پێشەوە بۆ ئەوەی بزانین چ دەکات.

مامە پیرە لەناکاو وەستاو چاوێکی لێ کردین و وتی:

– دەهێڵن نەختێ ڕووناکیم بۆ بێت یان نە؟

چەقۆکەی لەو بەشەی بەهێیەکە چەقاند کە دیاربوو، لە نەکاو چەقۆکە هەڵخلیسکا و لەو دیوی چاکەتەکەوە دەرکەوت و...

– ئاخ خ خ خ خ خ ....

ئەمە ئاخی هەموومان بوو. چەقۆکە لایەکی چاکەتەکەی دڕیبوو.

بی بی بە هەموو هێزی خۆی چەپۆڵەیەکی بەسەر مامدا کێشا. مامە پیرە سوور هەڵگەڕا «بەهێ» هاتبووە دەرێ بەڵام...

هەموومان بە ناڕاحەتیەوە دانیشتبووین. دایە گەورە پەتاتە کوڵاوەکانی پاک دەکرد. ژنی دراوسێ لەلای دەرگای ژوورەکەوە سەرێکی کێشاو وتی:

– توخوا چاکەتەکەی ئەسغەر چی بەسەرهات؟

چونکە هەموومانی بێ تاقەت دیت، بێ ئەوەی

چاوەڕوانی وەڵام بێت، ڕۆیی. گوێمـان لە دەنگی بوو کـە بە پیاوەکەی دەوت:

– پێم وایە ئەم بەهێیـە کارێکی داوە بە دەسـتیـانەوە. هەستە قوون ببزێوە، سەرێک بدە بزانە چ قەوماوە.

ئەکبـەر و ئەسـغـەر لە گۆشەیەکدا دانیشـتبوون و پچە پچـیـان بوو. ئەسـغـەر بەهەر جـۆرێ بوو. بەهێـیـەکـەی وەدەست خست.

– پچ پچ... بش بش... بەی بەی...

– بەهـ بەهـ... بس بس...

ئەکبەر بە هێواشی وتی:

– تەنیا قەپاڵێکی لێ دەگرم. بەخوا تەنیا یەک قەپاڵ.

بێ دەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. لە نەکاو هاواری ئەسـغـەر بەرزبۆوە، ئەکبـەر قـەپاڵی لە قـامکی ئەسغەرس گرتبوو.

باوە بەهانەی وەدەست کـــەوت و کـــام لات دێشێ هەردووکیانی شێلان.

**فەرهەنگۆک:**

**(١) بەهێ: یان بەی جۆرێک میوەیە کە لەشێوەی سێون، بەڵام زۆر ڕەقە و تامی خۆشە.**

**(٢) ئاشوورا: ناوی چۆمێکە لە کرماشان.**

**(٣) نوقورچک: نوقورچوو، هەڵ قورینجاندن.**

**(٤) باوە: بابە، باوکە.**

**(٥) دەمنە سیگار: مۆدنە.**

**(٦) قـورسی: چوار پایەکە کـە زیاتر لە دار دروست دەکرێ. لە دێهـات لێـفـەیەکی پێـدادەدەن، یان لـەسـەر تـەندووربان پۆڵووی گەشاوەی دادەنێن و دەچنە ژێری هەتا گەرم ببنەوە، کورسی.**

**(٧) داشی برا: برای گەورە، کاکە.**

**(٨) برارەکم: براکەم.**

**(٩) داش: دەسـتـەواژەیەکی کـرمـانشـانییـە بۆ کـاکی گـەورە بەکاری دەبەن.**

**سەرچاوە:**

**آبشوران، علی اشرف درویشیان- انتشارات نگاه- ١٣٥٣.**

# خۆش هاتیت ئەی دڵنیایی

**جەلیل قەیسی**
**لە عەرەبییەوە: بەرزان هەستیار**
**(ئەڵمانیا)**



ژوورێکی دانیشتنی بچکۆلە، کەلوپەلی کۆن و فەرامۆشکراوی تێدایە دیوارەکان پیس و خۆڵاوییین، لە گۆشەکانی ژوورەکەدا جاڵجاڵۆکە دەیان تۆڕی ڕەشیان چنیوە، پەردەیەکی پیس و چرچ تاکە پەنجەرە گەورەکەی ژوورەکەی کە بەرامبەر جەماوەرە داپۆشیوە. کتێبخانە بچکۆلەکەش هەر فەرامۆش کراوە، کە چەندین کتێبی ئینگلیزی و عەرەبی فەرامۆشکراوی تێدایە وێنەی گەنجێکی پۆشناخ لەسەر کتێبخانەکەیە، ڕوانینە تیژەکانی نیشانەی خۆڕاگریی و کەللە ڕەقی و بڕوا بە خۆبوونێکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیارە. دەرگایەک لەلای ڕاستەوە ئەچێتە سەر دەرەوە و یەکێکی تریش لای چەپەوە بەسەر ناو ماڵەکەدا ئەڕوانێت.. جگە لە تەلەفۆنەکە هەموو شتەکانی ژوورەکە ماوەیەکی زۆرە فەرامۆش کراون و بەکارنەهێنراون، تا گەیشتنە دەرگاکەی دەرەوە زەنگی دەرگاکە چەند جارێک لێ ئەدرێت و ساهیرە دێتە ژوورەوە کە لە دەوروبەر سیساڵیدایە.. ئەسمەر، جوان، بەژن زراڤ و خاوەن ڕوخسارێکی غەمگین و میهرەبان، لەگەڵ ئەوەی بەتەنگ خۆوە نەهاتنی پێوە دیارە، کەچی سەرنجڕاکێش و نیانە و ڕوخسارە منداڵانەکەی جێگەی ئازارێکی شاراوەی پێوە دیارە کە ساکارترین هەڵچوون و کەمترین سۆز و هەساسییەت وا لەو ئازارە شاراوەیە ئەکا بەخێرایی سەر بکات.. لێدانی زەنگی دەرگاکە بەردەوامە.. ساهیرە بە کراسێکی ڕەنگ کاڵەوە ڕائەکاو دەرگاکە ئەکاتەوە. پۆستە چییەک دێتە ژوورێ، سەیرێکی ساهیرە ئەکا.

**پۆستەچی:** بەیانیت باش.

**ساهیرە:** بەیانیت باش..

**پۆستەچی:** بەڕێزت ساهیرە یەعقووبیت؟
**ساهیرە:** (ڕوانینەکانی لەنێوان ڕوخساری پۆستەچییەکە و دەستەکانی و جانتاکەیدا دینێ و دەبا) بەڵێ.. فەرموو.
**پۆستەچی:** (زەرفێکی ئەداتە دەست) ئەم برووسکەیە بۆ تۆیە.. (دەفتەرێک دەرئەهێنێ) تکایە لێرەدا ئیمزای کە.. بەڵێ... لێرە.
**ساهیرە:** (بەسەر سوورمانێکی زۆرەوە) برووسکە! (ئیمزاکە ئەکات) برووسکە بۆ من.
**پۆستەچی:** بەڵێ.. لە دەرەوەی وڵاتەوە.
**ساهیرە:** (بەدەنگێکی خنکاوەوە) لە دەرەوەی وڵاتەوە.!
**پۆستەچی:** بەڵێ..
**ساهیرە:** (بەشڵەژانەوە) لە دەرەوە.. ئەچێتە ئەقڵەوە! (بە دەستێکی لەرزۆکەوە برووسکەکە وەرئەگرێ) سوپاس... سوپاس...
**پۆستەچی:** ببوورە... بەهیوام هەواڵی خۆشی تێدا بێ.. خواحافیز..
**ساهیرە:** خواحافیز (پۆستەچییەکە ئەچێتە دەرێ)... ساهیرە دەرگاکە دائەخاتەوە، (لە چاوانیدا تێڕوانینێکی سەیر ئەدرەوشێنەوە. لە برووسکەکە ڕائەمێنێ، لە پڕێکاو بەبێ خواستی خۆی ڕەنگی زەردو غەمناک هەڵئەگەڕێ) چی!؟ ئایا!؟ (بڕوا بەخۆی ناکات) نا... نا.... (بە قووڵیی سەیری وێنەی گەنجەکەی سەر کتێبخانەکە ئەکات) ڕۆژێ لە ڕۆژان میزاجیی نەبووە... هەر لە هەرزەکارییەوە جددی و توند بووەو هەرگیز... هەرگیز لە قسەی خۆی ناگەڕێتەوە... بڕیاری هەر شتێک بدا ئەیکات... حەوت ساڵ لەگەڵیا ژیاوم و لە خۆم باشتر ئەیناسم... هەرگیز دوودڵ نەئەبوو، بە گاڵتەشەوە یاریی لەگەڵ نەئەکردم (هەناسەیەک هەڵئەکێشێت)، خوایە، ئەچێتە ئەقڵەوە بیروڕای گۆڕیبێ؟ بۆ نا... بۆ چییە ئەگەر خوا هیدایەتی بدا.. پێش ساڵ و نیوێک وتی کە هەرگیز ناگەڕێتەوەو تا هەتایە لە ئنگلتەرا ئەمێنێتەوە، داواشی لێ کردم کە بیر لە پاشەڕۆژی خۆم بکەمەوە، بەڵکو لەوەش سەرپشکی کردم ئەگەر بمەوێ شوو بکەمەوە پێشی وتم بۆم هەیە نامەکەی بە وەرەقەی تەڵاق دابنێم (تیشکێکی هێمن لە چاوە ڕەشەکانیا ئەکوژێنەوە. برووسکەکەی لەنێوانی پەنجەکانیا هەڵئەگێڕایەوە.. ترسێکی سەیر و خۆش لە خۆوە دایدەگرێ) ئەبێ ئێستا چی بوێ؟ بڵێی لەوەوە بێت؟ (بە بێدەنگیی، بە پەنجەی لەرزۆکەوە زەرفەکە ئەکاتەوە، بە ترسێکی زۆرەوە ئەیخوێنێتەوە) ئازیزەکەم ساهیرە، لە (١٠)ی مانگی داهاتوودا ئەگەڕێمەوە کەرکووک... چاوەڕێم بە..

**لەگەڵ ماچ و خۆشەویستیمدا..**

**مێردت**

(ترس لە ناخیدا زیاد ئەکا.. بە دوو چاوی کراوەوە وەک چاوی ماسییەکی مردوو تەماشای جەماوەر ئەکا، مووچرکەیەکی تیژ گیانی دائەگەرێت و برووسکەکە لە دەستی ئەکەوێتە خوارێ، وەک کەسێ تووشی سووکە گێژبوونێک بووبێت، بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوە) چی؟ ئەی خودای بەخشندە.. ئەی هاودەمی بێ هاودەمان. (برووسکەکە هەڵئەگرێتەوەو بە گەرمیی ماچی ئەکاو بە هێمنیی ئەیخاتە سەر نزیکترین مێز.) ئاه، ئازیزەکەم فەوزی، ئایا ئافرەتێک هەیە لە دنیادا وەک من خۆشی بوێت؟ (بە لەنجەیەکەوە ئەڕوات.. پاش کەمێ دائەنیشێ، هەڵئەستێ، ئەگەڕێتەوە و دائەنیشێ، چەند جوولەیەکی بێدەنگ و لە خۆوە ئەکات، لە پڕدا خۆشییەک لە ناخیدا سەر هەڵئەدات و لەتاو ئەو خۆشییە زۆرە بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوە و بۆ لای چەپ ڕائەکات و پاش کەمێک ئاوێنەیەکی گەورە ئەهێنێت و لەسەر یەکێ لە کورسییەکان دای ئەنێت، بە جوولەیەکی خێرای هیسترییانە پەردە چرچەکە لا ئەدات.. تشکێکی بەهێز ئەرژێتە ژوورەکەوە، دەنگی مۆسیقایەکی غەمگین دەبیستێ.. سەیرێکی قووڵی بەژن و باڵا زراڤەکەی و دەموچاوی ئەکات کە گەیشتووەتە ئەوپەڕی گرژیی و ئازارو خۆشنوودیی.. یاری بە قژی ئەکات.. بە دەنگێکی لەرزۆکی غەمگینەوە، خودایە، بۆچی بەیەکجار ئەم هەموو خۆشییە؟. ئاه.. بچووکترین خانەی لەشم ئەلەرزێ.. (لەپی دەستی ئەخاتە سەر کەمەری) هێشتا جوانم ئای. دڵم بە پەلە لێ ئەدات.. (بە دەنگێک کە ئازاری پێوەیە) فەوزی.. فەوزی.. بە تەنیا بەجێت هێشتم.. حەوت ساڵە من چاوەڕێت ئەکەم و بەدواتا ئەگەڕێم وەک ئەو بەرخەی کە کارژۆڵەکەیان لێ دابڕیوە. (ئازارێکی ترسناکی بێدەنگ لە چاوەکانیا سەر هەڵئەدات) خۆشەویستەکەم بۆ دڵەڕاوکێیەکی زەلیل بەجێت هێشتم.. حەوت ساڵە من ئازارەکانم بەند ئەکەم و خۆم ئەخەڵەتێنم و ئەڵێم (بە چرپە) ڕۆژێک هەر

دێتەوە.. (بێدەنگییەکی کورت) فەوزی ئەزانی ئازاری لە ناخا پەنگ خواردوو چی ئەکات، شۆڕش لە دژی هەموو شتەکان بەرپا ئەکات، بەلاَم خۆشەویستییت لەوە بەهێزتر بوو بتوانم شۆڕشی بەسەردا بکەم. (مەستییەکی عاتیفی دای ئەگەرێ و بۆ لای تەلەفۆنەکە ڕائەکا و بە پەنجە لەرزۆکەکانی چەند ژمارەیەک با دەدا..) ئەلو.. ئەلو.. سوعاد.. من ساهیرەم.. (پێئەکەنێ) چی!؟ دەنگم.. (جارێک بە هەلَچوون و جارێک بە هێمنییەوە قسە ئەکات و جارێکیش بە شلَەژانەوە...) دەنگم تێکچووە.. گیراوە. من شادمانم.. شادمان... (بە دەنگێکی خۆش ئەم شیعرە ئەخوێنێتەوە) ڕەشەبا هەلَئەکا ئەڤینەکەم

بارانیش بە لێزمە ئەبارێ و

منیش تاکە خۆشەویستێکی دلَسۆز شک نابەم

ئاه سوعاد، هێشتا ئەو قەسیدەیەت لەبەرە و لە زانکۆش بە باشترین شێوە ئەتخوێندەوە... من.. من... بێگومان شێواوم... سروشتیی نیم، سوعاد... ئۆو.. خۆشەویستم ڕەشەبا هەلَی کردووەو بارانیش بە لێزمە ئەبارێ.. لێم ئەپرسی داخۆ باش بم... نەخێر و بەلَێ.. نا نا، لە ترسا نییە.... نا ئازیزم، سوعاد... ئەمجارە خەمۆکی داینەگرتووم.. دەنگم ئاساییە.. ناترسم.... بەلاَم ئەشترسم.. سوعاد من وەک «تا» لێ هاتوو وام.... (ئەگری) هەموو گیانم ئەلەرزێ... بێنە پێش چاوی خۆت ئازیزم چی ڕوو ئەدا کاتێ بێ ئومێدییەکی ڕەها ئەگۆڕێت بە شادمانی.. (بە کولَتر ئەگری) سوعاد... سوعاد.. حەوت سالَ.. پاش حەوت سالَ لە بێ ئومێدیی و وەرەقەی تەلاَقدان، فەوزی برووسکەی بۆ ناردووم و ئەلَێ: ئەمڕۆ دێتەوە بۆ لام.. ڕۆژی ١٠ی ئاب.. تۆش ئەتەوێ ئاسایی بم.. گەر تەنیا دەستم ئەبینی چۆن بە سەماعەی تەلەفۆنەکەوە وەک گەلاَ ئەلەرزێ... ئۆو.. نا نا نا... تکات لێ ئەکەم مەیە.. وازم لێ بێنە با بە تەنیا بم.. من ئاسایی نیم.. ئۆو ئەمەوێ بە تەنیا بم.. وەک چۆن لەوەتەی جێی هێشتووم تەنیام. ئەزانم.. ئەزانم.. ڕێزم بۆ ئەو هەستەت هەیە (ئەگری و پێ ئەکەنێ) کەمێ لەسەر خەت لەگەلَم بمێنەرەوە.. من لە خۆشیی کتوپڕ ئەترسم.. سوعاد.. سوعاد.. سالاَنێک بە ئاهو نالَەوە ژیام.. چی؟ نا نا.. نامەوێ تەلەفۆن بۆ دایکم بکەم.. بێتاقەتەو بەرگەی خۆشییەکی وا کتوپڕ ناگرێ.. خودایە شادمانی چ شتێکی دلَڕەقە.. زۆر دلَڕەقە.. کێ! سەعید.. ئەو ئێستا لە قوتابخانەیە... چی ڕوو ئەدا؟ ئۆو سوعاد، ڕاستە ئەو نەیبینیوە، بەلاَم شتێکی کتوپڕ نابێ بەلایەوە.. تۆ ئەوە ئەزانیت کە هەر لەو کاتەوەی زمانی پژاوە من خۆشەویستیی باوکیم تێدا ڕواندووە.. ها ها ها ها پرسیاری وەزعی ناو مالَم لێ ئەکەی. بێگومان هەموو شتێک فەرامۆش کراو و پیسە.. نا نا نا سوپاس... تکات لێ ئەکەم مەیە.. با چی ڕووئەدا ڕوویدا (پێکەنینێکی هیستریاییانە دەرئەپەڕێنێ) ئۆو ئازیزەکەم بە ڕاست ئەتەوێ فەرامۆشیی حەوت سالَ لە چەند سەعاتێکا چاک بکەمەوە.. چی؟ بێگومان ناتوانم ئەمڕۆ بێمەوە بۆ قوتابخانە... سوپاس.. سلاَوم بۆت هەیە... گوێ بگرە، ناو بە ناو تەلەفۆنم بۆ بکە. خۆم بە باشیی بۆ ناگیرێ... (سەماعەکە دائەنێتەوە... بەرامبەر ئاوێنەکە ئەوەستێ و بە نەرمییەکەوە فرمێسکەکانی ئەسڕێ) هێشتا هەر جوانم... پاش سالاَنێک لە گومان.. فەوزی وات لێکردم چەند سەعاتێک لە دوودلَیی و هەستکردنێکی خراپ و ئاهو هەناسە هەلَکێشان و خەوندا بژیم.. بەو نامەیەی دواییت کە تێیدا لە چارەنووسی خۆم سەر پشکت کردبووم، دواهەمین تۆوی خۆشنوودیت لێ سەندمەوە، بەلاَم نەتتوانی هیوام لێ بسەنیتەوە... (بێ دەنگیی لە ئاوێنەکەدا نیگایەکی درێژی گیانی خۆی ئەکات و خۆشییەکی زۆر دایئەگرێ، خۆشییەک ڕوخسارە مندالاَنە جوانەکەی دائەگرێت)... بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوە، جارێکی تر لەتاو شادمانییەکەی چەند جوولَەیەکی بێ دەنگ و لە خۆوە کە گوزارشتن لە خۆشیی و ئازارو خۆشەویستیی، ئەکات و بە دەنگێکی خۆش گۆرانییەکەی ئوم کەلسووم ئەلَێ)

**افدیه ان حفظ الهوی او ضیعا**

**مللک الفؤاد فما عسی ان اصنعا**

(بەدەم گۆرانی وتنەوە بە جوولَەی کچێکی هەرزەکار بۆ لای دەرگاکەی لای چەپ ڕائەکات.)

**من لم یذق ظلم الحبیب کظلمه**

(بە کراسێکی شەرابییەوە ئەگەڕێتەوە.. لە بەژنی خۆی ڕائەمێنێ) ڕەنگێکی جوانە.. لەوانەیە.... (جارێکی تر ئەچێتەوە بۆ لای دەرگاکەی لای چەپ، ئەمجارە دێتەوە و کراسێکی فستقیی لەبەردایە) ئاه.. ئەمە جوانترە (ئەچێتەوە دەرێ و سندووقێکی زیوینیی جوان ئەهێنێ و

به هێمنیی ئەکەوێتە خۆ جوان کردن..) هێشتا ڕەنگم زەردە.. ئاه، ئەبێ سووراو زیاتر بەم لێرەم.. بەتایبەتی ئێرە.. ئاوا.. جۆرێک لە نەرم و نیانیی و بەرائەت و نازکیی دای ئەگرێ، لەتاو ئەو شادمانییە زۆرەی جوولەی وا ئەکات کە لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێت..) بڕۆکانم فەرامۆش کراون.. ئەمە ڕەنگ و ڕووی ڕاستەقینەمە؟ (پێکەنینێکی خۆش دەرئەپەڕێنێ) بێگومان.... قابیلە من وا بێ کەڵک بم.. (گۆرانییەکی تری ئوم کەلسووم ئەڵێ)

**اكذب عيني عنك في كل ما أري**
**اكذب نفسي اسمع اذني منك ما ليس تسمع**

(ڕائەوەستێ.. قژە درێژەکەی بەخێرایی و تووڕەبوونەوە دائەهێنێ.. ئاه.. وا دەم و چاوم جوانی و نەرمیی و ناسکیی تێ ئەگەڕێتەوە.. (بێدەنگیی) ئاه لە گومان کردن، فەوزی گومان کردن کوشتمی و گەنجیمی وێران کرد ئەزانی چەند گرانە ئینسان هەمیشە لە گومانا بژی.. مردن زۆر ئاسانترە... (ئەگری) گومان کردن فێری زۆر بلێیی و وڕێنەی کردم.. هەر کاتێ لە خەڵوەتی تەنیایی خۆمدا بم بەبێ ویستی خۆم بە دەنگێکی بەرزو هەندێ جار نزم ئەیدوێنم، لە گێژاوێکی پڕ درۆدا ئەژیم.. تۆ، یان کەسێکی تر ئەدوێنم، بە جۆرێک تۆ ئەدوێنم تا ئەو ڕادەیەی خۆم بیر ئەچێتەوە، زۆر بەگەرمیی و حەماسەوە قسەت لەگەڵ ئەکەم (پێئەکەنێ) هەندێ جاریش دڵداریت لەگەڵ ئەکەم و بە نەغمەیەکی جوان ئەتدوێنم... ئاه حەوتساڵ لە گومانی خراپ و دوودڵیی و ئاهو ناڵە.. (بێدەنگیی) فەوزی لە ناوەڕاستی دارستانێک لە دوودڵیی و بیروبۆچوونی شێتانەدا بەجێت هێشتم.

نە، خوێندنەوەو نە، ئەو نووسەرە گەورانەی خۆشمانویستن، نەیانتوانی لە ئازارەکانم کەم بکەنەوە.

(فرمێسکەکانی ئەسڕێ) تەنیا بۆ ئەوەی خۆمم بیر بچێتەوە چەندین لاپەڕەم وەک ئاو و دۆ لەبەر ئەکرد... تەنیا بۆ ئەوەی خۆم لەبیر کەم.. (لە ئاوێنەکەدا لە لەرەی لێوەکانی ڕائەمێنێ.. لە پڕ پێکەنینێکی خۆش دەرئەپەڕێنێ و دڵنیاییە ئارام و جوانەکەی سەر دەموچاوی ئەکوژێتەوە.. وەک ئەوەی لەبەر دەمیا وەستابێ، فەوزی بە گەرمیی ئەدوێنێ.. لەکاتی ئەم گفتوگۆیەدا چەند جوولەیەکی دلبەرو ڕەشیقانە ئەکات) فەوزی ئەزانی ژنە مەکربازەکان بەڕێگا پیسەکەی خۆیان ویستیان بەدگومانییەکی خراپ بەرامبەر تۆو دیار نەبوونەکەت و بێ موبالاتیی و توندوتیژییەکەتم تیا بچێنن.. منیش بەگوێیەکی کەڕەوە گوێم لێ ئەگرتن.. بە خۆمم ئەوت مادام ئەژیم، هیوایەک هەیە.. لە خۆم هەڵئەهاتم... ئای فەوزی ئەزانی هەندێ جار چەند دژوار و چەند شیرینیشە لە خۆ هەڵهاتن.. لە خۆ هەڵهاتن لەگەڵما درێژەی کێشا.. (دەچێتە پێشەوەو بە تێکەڵ بوونێکی عاتیفی فەوزی ئەگرێتە باوەش) لە ڕۆژانی قوتابخانەی ناوەندییەوە کە منیش لە تافی لاویدا بووم گەنجێتی خۆتت بە دەورا ڕواندم، لە زانکۆش پێکەوە بووین.. پێت ئەوتم: تۆ جوانیت، بۆیە وەک شانە هەنگێک لاوان بە دەورتا ئەخولێنەوە.. دلبەرو سیحراویی بووم، فەوزی، ئەزانی بە جوولەیەکی ساکاری دەستم ئەمتوانی وا لە هەر گەنجێ بکەم دوام کەوێت.. (بە گەرمی ماچی ئەکات) بەڵام من لێرەدا، لە ناو دڵتا سەرخەوم ئەشکاند.. کە دکتۆرەکە داوای لێ ئەکردم قەسیدەکەی شیلی بەشێوازەکەی خۆم بخوێنمەوە، غیرەت لێ ئەکردم.. (بە گەرمییەوە)

**فرمێسک مەڕێژە.. فرمێسک مەڕێژە**
**ساڵی داهاتوو گوڵەکان ئەگەشێنەوە**
**لەمڕۆوە ئیتر مەگری...**

ئێمە شانازیمان بە ئینگلیزیی زانێکەمانەوە ئەکرد و شیعرەکانی موتەنەببی و سەیابمان وەرئەگێڕا. (چەند جارێ ماچی ئەکات) حەوت ساڵ ژن و مێردایەتییەکی شیرین.. داخۆ هێندە من تۆم خۆش ئەویست تۆش وابوویت بۆ من، فەوزی خۆشەویستیم بە قووڵیی لە چاوەکانتا ئەبینی، بڕواشم زیاتر بەوە پتەو ئەبوو کە ئەگەر پەیوەست بم پێتەوە ژیانێکی ئاسوودەو ئارام و خۆش ئەگوزەرێنم، ژیانێک ناو بەناویش لە ئازاری ڕاستەقینە خاڵیی نەبێت.. ئازارێکی بە تام بەدەر لەو ئازارەی کە مرۆڤ لە خۆی و ماڵ و کۆمەڵگاکەی دائەبڕێ. من هێشتا لاو بووم کە زۆر شت فێر بووم.. (بە گەرمییەکی زیاترەوە لە باوەشی ئەگرێ) بەڵێنی ژیانێکی تازەو پڕ شادییت پێدام. (بێدەنگیی) بەڵێنت پێدام و فێرت کردم کە لە پێناو بەدەست هێنانی مافی خۆم لە ژیاندا، هەنگاو بەسەر مەحاڵیشدا بنێم.. لە دایک و باوکیشم یاخی بووم.. من خاوەنی باشترین و میهرەبانترین دایک و باوک بووم لە دنیادا..

(بێدەنگیی.. بە دەنگێکی زۆر خەمناک) باوکم وای لێ کردم لەوپەڕی خۆشیی و شادمانییدا بژیم، هەر لە منداڵیشمەوە خۆشەویستیی مۆسیقای فێرکردم و گوێی بە دەنگی ئوم کولسووم و ئەدوار سەید دەرویش و عەبدولوەهاب ڕاهێنام.. لە پێناوی تۆدا لە هەموو شتێک یاخیی بووم.. وەرە.. وەرە با بە تاسەی سۆزی ئافرەتێکی شێتەوە لە ئامێزت بگرم.. (بەسەر شانیا ئەگری) ئازیزم فەوزی چ خۆشەویستییەک لە دنیادا جێی خۆشەویستیی منت بۆ ئەگرێتەوە؟ باشە ئافرەت بێ خۆشەویستیی چی دەهێنێ بەتایبەت کە وەک من خاوەن سۆزێکی گڕگرتوو بێت (فەوزی بەجێ دێڵێت و چەند هەنگاوێکی کورت دێتە دواوەو بەشێوە لۆمە کردنێکی تاڵەوە) بڕوانە... وا تۆ جارێکی تریش بەسەرما سەرکەوتی.. دڵی ئێمەی ئافرەت وەک منداڵ وایە لە ئاست خۆشەویستیی ڕاستەقینەدا شانازی بە بێ نرخترین شتەوە ئەکات... (بە دەنگێکی گەرم، خەمناک و نزم کە زەنگێکی وروژێنەر ئەدا بە وشە) ئەزانی کەروێشک چی ئەکا کە مارێک ئابڵووقەی ئەدا؟ (پێئەکەنێ) بڵێ چی ئەکا.. باشە.. خۆی هەڵئەداتە سەر ملی.. وا ئێستا واز لە ئازاری حەوت ساڵم ئەهێنم و خۆم هەڵئەدەمە (ڕائەکات و بە توندیی و گەرمییەوە لە باوەشی ئەگرێ) نێو باسکەکانتەوە.. فەوزی تۆ بە لای منەوە ئیعجاب و هیواو بڕواو کبریاو زیرەکیی و توانایەکی لە ڕادەبەدەر بوویت بۆ فێربوونی شتەکان.. (بێدەنگیی. ئەگەڕێتەوە و بە خۆشەویستییەوە لێی ڕائەمێنێ، ئەگەڕێتەوەو وەک ئەوەی جووڵەی بالیە بکات لەسەر نووکی پەنجەکانی لێی ئەچێتە پێشەوەو چەند جارێ ماچی ئەکات.. هەمان تیشکی خەواڵوو لە چاوە ڕەشەکانیدا ئەکوژێتەوە) خودایە، فەوزی هەتا یاسای خودابیش بەرامبەر ئافرەت توندو تیژە، چونکە ئەیەوێ ئافرەت زیاد لەوە پیاوی خۆش بوێت کە ئەو خۆشی ئەوێت.. بۆچی؟ بەڕاستی بۆچی؟ بۆچی لە نێوان هەردوولادا بە هەمان هێز نەبێت؟ (ئەگری) بڕوانە چۆن بە ئاسانیی لە هەموو شتەکانت ئەبوورم.. باشە (فرمێسکەکانی ئەسڕێ) سەرەڕای هەموو ئازارەکانیشم، سەرکەوتم.. ئێمەی ئافرەت واین، سروشت فێری کردووین تەبایی لەنێوان خەم و ئازارەکانمانا ڕابگرین و چۆنیش لێ بوورده بین.. (بێدەنگیی) بۆچی وا بە بێ مووبالاتیی تەماشام ئەکەیت.. بۆچی گاڵتەم پێ ئەکەیت... ها ها ها...

ئەتویست وەک ئافرەتێکی هەڵەشە دەبەنگییەک بنوێنم؟ نا.. لەگەڵ خۆمدا هەر بە وریایی مامەوە... فەوزی هەندێ سات هەیە مرۆڤ ئەگاتە ئەو بڕوایەی دەبەنگیی نواندن، لە خۆیدا ڕاستە... بەو ئافرەتانە پێ ئەکەنیم کە هانیان ئەدام دەبەنگییەکی ڕاست بنوێنم...

ئاە... خۆشەویستی بۆ ئەبێ هەموو شتێک قبووڵ بکات... هەتا زەلیلییش قبووڵ بکات.... بەوە ئیهانەت کردم کە داوات لێ کردم چارەنووسی خۆم هەڵبژێرم... (بێدەنگیی... بە ژوورەکەدا دێت و ئەچێ... ئاوازێکی نەرم تاو تاو دێتە بەرگوێی، پاشان بە هێواشی خەفە ئەبێت کە دڵی خۆش ئەکات) ئەو شادییەی ناخم ئەبینیت؟ من لە هەموو شتێکت ئەبوورم.. چەند وشەیەکی کەم لە تۆوە هەموو نائومێدیی توانەوە.. هەموو شەوێ ئەو گۆرانییەم لەبەر خۆمەوە ئەوتەوە کە تۆ حەزت لێ بوو، هەتا سەعیدی کوڕیشت کە نەیبینیویت ئێستا لەگەڵما ئەیڵێتەوە. (بێدەنگیی) بڵێی هێشتا حەزت لە دەنگم بێت... (گۆرانیی ئەڵێ)

**جنة نعيمي في هواك**

**ما احب في الدنيا سواك**

**جنة غرامنا جمالها كل الغصون فيها تتمايل**

(دەنگی وەستانی سەیارەیەک بە توندی دێتە بەر گوێ، بەتاسەوە ڕائەکات بۆ لای پەنجەرەکە.. سەیرێکی درێژ ئەکات.. تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی ئەکات (دوانزەیە) ئەم کیژۆڵە جوانە هەرگیز ژوانەکانی لە یاد ناکات.. ئەویش پاش کەمێکی تر دێت. خودایە چەند نەرم و لەسەرخۆیە، لەگەڵیا ئەویش بە ئارامە.. هەموویان لە سەرەتادا بەو شێوەیەن... (پەنجەرەکە جێ دێڵێت.. چەند هەنگاوێکی کورت ئەنێت... بە دەنگێکی کز گۆرانی ئەڵێت)

**جنة غرامنا جمالها كل الغصون فيها تتمايل**

(زەنگی تەلەفۆنەکە لێ ئەدرێ. ساهیرە ڕائەچڵەکێ و ئاهێکی گەرم هەڵئەکێشێ و چەند جار بە قووڵیی هەناسە ئەدات.. تەلەفۆنەکە هەڵئەگرێ.) ئەلو.. کێ؟ ئاە ئینعام. خۆشەویستەکەم... ڕۆحەکەم... بێگومان هەواڵەکە ڕاستە. زۆر ڕاستە.. بووسکەکە لێرەیە... لێرە... بێگومان شڵەژاوم... ئۆو نەعومە ناتوانم بەسەر خۆم و دڵەڕاوکێ و هەڵچوونەکانمان زاڵ بم.. ها ها ها...

هەمووو شتەکان وەکو خەو دێنە پێش چاوم.. تکات لێ ئەکەم گاڵتەم پێ مەکە.. گوێ بگرە، نەعومە بێنە پێش چاوی خۆت ئەوەندە شڵەژاوم لە ژوورەکەمدا بۆ ئەو کراسە زەردە ئەگەڕام کە لە ڕۆژی بووکێنییەکەی تۆدا لەبەرما بوو، هەرکات لەبەردەم ئاوێنەکەدا کراسە شەرابییەکەم لەبەر کەم ها ها ها چیدی ڕەنگەکانم بۆ لێک جیا ناکرێتەوە.. ئای کە گەمژەم.. گەر ئەزانی چەند جار کەوتووم بە ئەرزا.. خۆم بۆ ناگیرێت.. هەتا ناتوانم ڕەنگەکانیش لەیەکتر جیا بکەمەوە.. ها ها ها ها نەعومە ڕەنگ کوێرو دڵ کوێر بووم.. ئەو چاوە گەورانەم هچ نابینن... چی؟ هەست بە بێزاریی ئەکەم.. ئایا لە توانامـا هەیە چەند ساڵێکی تریش لۆمەو لێپرسینەوە و وڕێنە بکەم و حوکم بدەم ها ها ها وەک پەپوولە بە ژوورەکەدا ئەخولێمەوە.. بێگومان ژوورەکان فەرامۆش کراون نا نا نا نەعومە سوپاس هیچ یارمەتییەکم ناوێت.. ئەمەوێ بە تەنیا بم.. سوپاس، خۆم و خۆشیی و پەشۆکان و شڵەژانم.. سوپاس... (تەلەفۆنەکە دائەنێتەوە.. ئەچێ بۆ لای پەنجەرەکەوە) کوڕە گەنجەکە هات.. هەمان زەردەخەنەی شەرمناوییی.. وا داواس لێ بووردن ئەکات کە دواکەوتووە... هەمان تێڕوانین ئێی. شادمانن، پڕن لە ژان و هیوا... وا کەوتنە چرپە چرپ، ڕەنگە هەمان گفتوگۆش بێت..

(ئەگەڕێتەوە... وێنەی مێردەکەی لەسەر کتێبخانەکە هەڵئەگرێت و پاکی ئەکاتەوە) وەرە ئازیزەکەم... بڕوا بکە بە تەنیا من ئەفسوونێکی وام هەیە کە دڵشادت بکەم (وێنەکە ئەخاتەوە جێگەی خۆی.. وەک واق وڕماوێک ئەوەستێ، جارێکی تر هەمان مەستیی عاتیفی دای ئەگرێتەوە، چەند جوولەیەکی بێدەنگ ئەکات... جارێک پەردەکە لا ئەدات و ئەیگێڕێتەوە شوێنی خۆی و بە دەنگێکی شیرین) ڕۆیشتن.. سبەی ئەیانبینمەوە.. ها ها ها... (بە چەند جوولەیەکی میکانیکی تۆزی سەر قەنەفەکان ئەسڕێ، ناو بە ناویش لە ئاوێنەکەدا بە خێرایی سەیرێکی بەژن و باڵای خۆی ئەکات، پەنجەکانی بە نێو قژیدا دێنێ و بە نازێکەوە هەردوو لەپی دەستی ئەخاتە سەر کەمەری و سمتی زۆر بە خێرایی ئەلەرێتەوە، ئینجا بە نەرمیی گۆرانیی «جنە نعیمە» ئەڵێت... زەنگی دەرگای دەرەوە لێ ئەدرێت، لەجێی خۆی وشک ئەبێ، بە دەنگێکی گەرم و نزم، خۆبەتی، ئەوە.. خودایە.. ئەی هاودەمی بێ هاودەمان.. دواجار هاودەمەکەمت لە وڵاتی تەمو مژەوە بۆ گەڕاندمەوە.. وەرە.. ماڵئاوا ئەی ئاهو ناڵە... ماڵئاوا ئەی دڵەڕاوکەی وێرانکەر، ماڵئاوا ئەی گومانە خراپەکان.. خۆش هاتیت ئەی دڵنیایی. خۆش هاتیت ئەی خۆش بەختیی.. (دەرگا ئەکاتەوە. هەمان پۆستەچی دێتەوە ژوورێ).

**پۆستەچی:** جارێکی تر بەیانیت باش، ساهیرە خان زۆر داوای لێ بووردن ئەکەم کە بێزارم کردیت.

**ساهیرە:** (بە نیگایەک ک مانای لێ بووردن بگەیەنێت ئەڕوانێتە پۆستەچییەکە تا هیچ شتێکی تر نەڵێ) بەڵێ: فەرموو

**پۆستەچی:** دیسان داوای لێ بووردن ئەکەم.. لە ڕاستیدا ئەو برووسکەیەی دامیتێ، هەڵە بوو، بۆ تۆ نەبوو.. هی خانمێکی ترە هەمان ناوی تۆو باوکتی هەیە، ماڵیان لە کۆڵانەکەی ئەودیوە.. (شڵەژان ئەگاتە ڕادەیەکی ترسناک، کاتێ ساهیرە بە تێڕوانینێکی غەمناکەوە سەیری پۆستەچییەکە ئەکات) ژمارەی خانووەکەت ٢٥٧/١٠یە، وانییە؟

**ساهیرە:** (وەک ئەوەی بووڕابێتەوە) چی!؟... بۆچی ژمارە...؟

**پۆستەچی:** تکایە ئەتوانیت برووسکەکەم بۆ بگێڕیتەوە...

**ساهیرە:** (ئاوڕێک ئەداتەوە، بە چەند هەنگاوێکی لەرزۆک ئەڕوات و برووسکەکە لەسەر مێزەکە هەڵئەگرێت و بە دەستێکی لەرزیوەوە ئەیداتەوە دەست پۆستەچییەکە.) فەرموو...

**پۆستەچی:** ئەم برووسکەیە بۆ تۆبە.

**ساهیرە:** (بە حەپەساویی برووسکەکە وەرئەگرێت) ئەمەیان بۆ منە...

**پۆستەچی:** زەرفەکەت کردووەتەوە؟ گرنگ نییە.. ببوورە بۆ ئەم لێ تێکچوونە..

(ئەچێتە دەرەوە.. دەرگاکە بە کراوەیی ئەمێنێتەوە.. ساهیرە تووشی حاڵەتێک ئەبێت وەک ئەوەی بە ناچاریی خەونێکی تێکەڵ بە هەلوەسەو خەیاڵ و ڕاستیی و ناڕاستیی ببینێت... هەردوو چاوی کراونەتەوەو ڕەنگی زەرد بووە) خودایە، چیم کردووە تا ئەم هەموو ئازارە کوشندەیە بچێژم؟ لە هەموو ژیانما خاوێن و باش بووم.. خودایە، وتم تەواو، ئەو برینانە سارێژ بوون کە ئەو ژیانە سەختەی بەسەرم برد، قەتماغەی هەڵدابوونەوە.. ئاه لە

سەختی ئەو ژیانەی بە ئازارو وەهم و جیهانی ترسناکی وەهم گوزەراندم.. ئایا جارێکی تریش ئەگەڕێمەوە نێو هەمان گێژاو.؟ ئەم برووسکەیە چییە!! بڵێی هەمان ناوەرۆکی هەبێت؟ چییە ئەگەر شتێکی تری تیا بێت؟ ئەم هەمـوو لێ تێک چوونە بۆ... (پێکەنینێکی گـرژ وەک جیرەی جارز کەری دەرگایەک کە مرۆڤ بە بیستنی ئازاری پێ ئەگات، دەرئەپەڕێنێت.. پێکەنینەکە لەسەر خۆ ئەبێت بە گـریان، پاشـان ناڵینێکی ئارام و درێژ خایەن) چی ئەبێ ئەگەر شتێکی تری بەدەر لەو وشانەی تیا بێت.. بۆ ئەو ئازایەتییەم تیا نییە بیخوێنمەوە! (بە حەپەساوییەکی زۆرەوە) ئایا دووبارە ئەگەڕێمەوە بۆ ئاهو ناڵە و بەندکردنی ئازارەکان و تەنیایی و گومانەکانم. (ئازارێکی بێدەنگ و ترسناک لەسەر ڕوخسارو چاوانی دەرئەکەوێ) ئەترسم بیخوێنمەوە.. خودایە ئەترسم ڕۆحم دەرچێ.. (ئەگری) ئاه لە شادمانیی ئەوکاتەی یاخیی ئەبێ.. خودایە.. خودایە.. بە گوێمیدا بچرپێنە گەر تاکە وشـەیەکی خـۆشـیش بووە.. پێم بڵێ وشـەی باشی تیـایە... هانم بدە بۆ خوێندنەوەی.. (بەدەم ڕۆشـتنەوە لارەلار ئەکات و ئەکەوێ.. وەک کەسێ تووشی پەرکەم بووبێت، لوول ئەخوات.. بێـدەنگییـەکی درێژ.. وەک مـۆمـیـاکـراوێک دائەنیـشـێت و بروسکەکـەش بە دەستییەوەیەتی.. سوعادی هاوڕێی دێتە ژوورەوە..

**سـوعـاد:** ساهیرە.. ئەوە چییە. چی ڕووی داوە ئەم ڕەنگ زەردییـە چیـیـە.. بە پەرۆشـەوە باوەش بە هاوڕێکەیدا ئەکات کـە ئەناڵێنێ.. (سـاهیـرەش هەر بەردەوامـە لە ئاهو ناڵەی درێژی ئازاراویی) سـەیرە ئەم گریانە چییە؟ (بەسۆزەوە ماچی ئەکات) چیتە ئازیزم.. ئەزانم خۆشیی دڵڕەقە.. (گاڵتەی لەگەڵ ئەکات) هەستە دەی.. (ئەو بەیتـە شیـعـرە ئەخوێنێـتـەوە کە ساهیـرە لە تەلەفۆنەکەدا بۆی خوێندەوە..)

**لە چاو لێک نانی شەودا**
**لە خەون بە ئاگا هاتم**

(دەست ئەدا لە دەمـوچاو و دەسـتی سـاهیـرە..) دەستەکانت ساردن.. نا خۆشەویستەکەم.. بەم شێوەیە دوای دوور کەوتنەوەیەکی درێژ پێشـوازیی مێـردەکەت ئەکەیت.. هەستە.. هەستە.. هەر هاتنەوە خۆی لە خۆیدا نیشانەی پەشیمان بوونەوە و داخ دارییەتی.. (ساهیرە ئەبات و لەسەر یەکێک لە قەنەفەکان دای ئەنێت، پاشان ئەڕوات، دەرگاکە دائەخات).. مەگری ئازیزەکەم، ئۆو ئەم هەموو ناڵینە ئازاراوییە، بۆ، قسە بکە.. ساهیرە هاتووم لە پاککردنەوەی مـاڵەکـەدا یارمـەتیت بدەم.. ژووری نووستنەکەتت ڕێک خستووە..؟ قەیناکە.. ئێستا من دەست ئەکەم بە پاککردنەوەی هەموو شتێک و لە ژووری نووستنەکەتەوە دەست پێ ئەکەم.. (ساهیرە لە لووتکەی حەپەسان و ترس و واق وڕماندایە. بروسکەکە ئەدات بە هاوڕێکەی.. سوعاد بروسکەکە ئەکاتەوەو بە دەنگێکی شانۆییانە ئەیخوێنێتەوە..

بەڕێز ساهیرە یەعقوب

زۆر بە داخەوە هەواڵی مەرگی فەوزی عەبدولقادرت پێ ڕائەگەیەنین کە بە کارەساتی لێدانی ئۆتۆمۆبیل کۆچی دوایی کرد و ناچاریش بووین لە لەندەن بینێژین.

**هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو**

سـاهیـرە ئەبوورێتـەوە. سـوعـاد لە تەنیـشـتـیـیـەوە دائەنیشێت و واق وڕمان ئەیانخاتە گریان.

کـاتێ تەلەفـۆنت بۆ کـردم ئاسـایی بوویت؟ یان.. ئەم کارەساتە چییە.. (بێدەنگییەکی درێژ.. دەنگی کوڕەکەی ساهیرە دێت).. دایە.. دایە.. دایە...

بێـدەنگیـیـەکی درێژ و گـۆرانیـیـەکـەی سەید دەرویشی نەمر بە دەنگی فەیروز.. «زوروني كل سنة مره»

**پەردە**

....+ بەشێکە لە قەسیدەیەکی شاعیری ئینگلیزیی «تشۆسەر» بە ناونیشانی گۆڕە شێواوەکە.

* ئەم شانۆنامەیە بە عەرەبی ناونیشانەکەی «مرحبا ایتـهـا الطمـانينة» و کـاتی خـۆی کـردمـە کـوردی و هونەرمەند «خـەرمـان هیـرانی» وەک دەرهێنان و نواندن کاری تێدا کرد و لە ۱۹۸۸/۳/۲۱ لە هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی نمایش کرا، لەبەر ئەوەی ئەو دەقە وەرگێڕاوەم دەست نەکەوتەوە، ناچار بووم جارێکی تر لە کتێبی «وداعا ايها الشعراء»ەوە کە ساڵی ۱۹۸۸ لە «دار الشؤون الثقافية العامة» لە بەغداد چاپ کراوە، بیکەمەوە بە کوردی.

# ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل:
# خەڵکانێکی بەناو ڕۆشنبیری زۆر هەن ناتوانن لە دەرەوەی کلێشەبەندی بژین و بەبێ پاڵپشتێکی ئایدیۆلۆژی بیربکەنەوە

**هەڤپەیڤین: دیار عەزیز شەریف**



ئەگەر پشت بەو پۆلینە تەقلیدییە ببەستین کە لەبارەی نەوە و داهێنانەوە دەگوترێ، ئەوە ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل بە نەوەی دوای ڕاپەڕین دادەنرێت، بەڵام جیاوازییەکەی ئەو لەگەڵ نەوەی پێش خۆی هەر تەنیا لەو خاڵەدا نییە کە سەرەتاکانی داهێنان لای نووسەر دەست پێدەکات، بەڵکو جیاوازی بنەڕەتی لەو شێواز و نەهجە دایە کە ئەوی پێ دەناسرێتەوە، ئەویش ئیشکردنە لەسەر فەلسەفە و مەعریفەی زانستی بە گشتی، ئەمە لە پاڵ وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی جیهانی و ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی و سینەمایی.

بۆیە لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی فیکری و فەلسەفی لەگەڵ نووسەرێک داین کە بە زمانێکی جیاواز و نوێ قسە دەکات، بە زمانی فەلسەفی دەتوانین بڵێین ئەو کەسێکە بە ڕاستی لە ئاست نووسیندا بەرپرسیارە و بە هێمنی بیردەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو بوارانەی کە ئیشی لەسەر دەکات تاڕادەیەک تێگەیشتن لێیان قورسە، بەو مانایەی نووسین لای ئەو بە ئاسانی ڕام ناکرێت، ئەم نووسەرە ساڵانێکە لە گەشتە زیهنییەکەی خۆیدا بە ناو شارستانییەتی خۆرهەڵات و یۆنان و فیکر و فەلسەفەی مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتە بەردەوامە، دواجار لەو دیمانەیەدا خوێنەری جددی خۆیشی دەبێتە بەشداربوویەکی ئەکتیڤ کە ڕەنگە توانیبێتمان چەند پرسیارێک لە ئاست بواری فیکری و فەلسەفی و مەسەلەی ڕۆشنبیریی بە گشتی بورووژێنین.

* با له بارەی منداڵی خۆت و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی عەشقی خوێندنەوە و کتێب لەلای تۆ دەست پێبکەین؟

– له تەمەنی پێنجساڵی خرامە بەر خوێندن، چونکە له ناسنامەکەمدا تەمەنم بە گەورەتر نووسرا بوو، یەکەم قوتابخانە کە تێیدا خوێندبێتم، خەلەکانی نزیک بانکی ڕەشیدە لەناو بازاڕی هەولێر کە چوومە قوتابخانە نەمدەزانی قەڵەم بەدەستمەوە بگرم و شەوان زۆر دەگریام، چونکە ئەرکەکانم پێ نەدەنووسرایەوە، بۆیە باوکم هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، فێری چونیەتی قەڵەم گرتنی کردم، ئەوە دەبێت پێش ساڵی ١٩٧٥ بووبێت، چونکە کاتێک شەڕی عیراق و ئێران دەستی پێکرد، له پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم. له کۆتایی حەفتاکان لەلای ئامۆزایەکم کە سەرتاش بوو دوکانی لەنێو بازاڕی شێخەڵڵا بوو، بوومە شاگرد، زۆرتر بەهاوینان ئەو کارەم دەکرد، بەو پارە کەمەی کە ڕۆژانە وەرم دەگرت، دەچووم له کتێبخانەی تەئمیم گۆڤاری (مزمار و مجلتی)م دەکڕی کە بەزمانی عەرەبی له بەغدا دەردەچوون و تایبەت بوون بە منداڵان، لەڕێگای ئەو گۆڤارانەوە فێری خوێندنەوەی عەرەبی بووم، جگە لەوەش دوکانی سەرتاشی ئەوکاتە وەکو سیمیناری سیاسی ئێستا وابوو، خەڵک زانیاریان تێدا دەگۆڕییەوە و باسی دنیایان دەکرد، منیش له کونجێک دادەنیشتم و گوێم لێ دەگرتن.

له ساڵی ١٩٨١ چوومە ناوەندی و له قوتابخانەی سەیداوە وەرگیرام، لەوێ دوو دەوام بوو، جگە له ناوەندی، ئامادەیی ڕزگاریش هەر لەوێ بوو، بیرمە ئەو ساڵە هێشتا پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم کە خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین دەستی پێکرد و ئامادەیی ڕزگاریش بەشدارییان تێدا دەکرد و چەندین جار پۆلیس تەقەیان له قوتابیان کرد تەنانەت جارێکیان دوای هێمن بوونەوەی ڕەوشەکە، کاتێک چوومە حەوشەی قوتابخانە، بینیم خوێنێکی زۆر لەو ناوە ڕژابوو، زیاتر له سێ قوتابی بە گوللەی پۆلیس بریندار ببوون. ڕەوشی خوێندن ئەوکاتە زۆر ناخۆش بوو، منیش له وانە زانستییەکان خراپ بووم، بۆیە بەردەوام له جەبر و ئەندازە و کیمیا و فیزیا دەکەوتم، تەنانەت پۆلی دووەم و سێیەمم بە چوار ساڵ بڕی، بۆیە ساڵی ١٩٨٦بە دەوری دووەم دەرچووم، تەنانەت ئەوکاتەش دەرنەدەچووم، بەڵام مامۆستایەکی ئافرەت هەبوو ناوی ست جوان بوو، کە بینی هەمووی نیو سەعاتێک کاتی تاقیکردنەوە ماوە و منیش یەک پرسیاری جەبرم وەڵام نەدابۆوە، لێی پرسیم ساڵی چەندە متە؟ منیش گوتم دووەم، گوتی ئەی موالیدت، گوتم ئەگەر ساقیت بم دەبمە عەسکەر، چونکە ئەوکات ئەوەی دوو ساڵ لەسەریەک ساقیت بوایە و موالیدی گەورە بووایە یەکسەر دەیانبرد بۆ عەسکەری، چونکە شەڕی عیراق و ئێران گەرم بوو، بۆیە دوو پرسیاری پێگوتم و گوتی بڕۆ ئەوەندە بەسە دەردەچی.

کاتێک دەرچوم، خۆم بڕوام نەدەکرد، چونکە هەرگیز پێم وانەبوو له جەبرو ئەندازە دەردەچم، کێشەی من لەوەدا بوو هەر له سەرەتاییەوە له ماتماتیک خراپ بووم، ئەوەشیان چیرۆکێکی ترە.

* چۆن چیرۆکێکی ترە؟

– چونکە له پۆلی چواری سەرەتایی ماتماتیکمان وەرگرت و دەبووایە جەدوەل زەرب ئەزبەر بکەین، ئەوکاتە مامۆستایەک ئەو وانەیەی پێدەگوتین ناوی شێروان بوو، چوومە ماڵەوە و ئەزبەرم کرد، بۆ بەیانی کاتێک هەڵیساندم و گوتی ئەوەندەی فی ئەوەندە دەکاتە چەند من یەک شتم لەبیر نەما، مامۆستایەکی زۆر غەددار بوو، بەردەوام داری بەدەستەوە بوو، زۆریش لێی دەترسام، پێی گوتم دەستت بکەوە، گوتم مامۆستا پرسیارێکی ترم لێبکە، گوتی زۆر مەڵێ و دەستت بکەوە، من تاوەکو گەیشتبوومە پۆلی چوار لێدانی مامۆستام نەخواردبوو، بۆیە زۆر دەترسام، دەسم کردەوە و چوار داری خراپی لێدام، زۆر هێشا، دوای کەمێک ئێشەکەی نەما، ئەوجا زانیم دار خواردنەکە له جەدوەل زەرب ئەزبەر کردن خۆشترە، بە ڕاستی ترسم له لێدان شکا، بۆیە لەو ڕۆژە بەدواوە بێباکانە دەچوومە ژوورەوە، پێی دەگوتم ئەزبەرت کردووە یا چوار دارت لێبدەم، دەمگوت چوار دارم لێبدە، ئەو بەو چوار دارە وازی دێناو نەدەهاتەوە لام تاوەکو ڕۆژێکی تر، منیش بەو چوار دارە وازم هێناو لەو ڕۆژەوەی دوژمنم بوو بە ماتماتیک و جەدوەلی زەرب. ئێستاش زۆرجار کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە ماوەی هەشت ساڵە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەم له ماتماتیک و ئەندازە، تێدەگەم من ڕقم له ماتماتیک نەبوو، بەڵکو ئەو مامۆستایە بوو نەیتوانی وانەکەم لەلا خۆشەویست بکات.

* ئەی لە قۆناغی ئامادەییت چۆن چوویتە ئامادەیی پیشەسازی، ئەوکاتە حەزت لە خوێندن نەبوو، یا شتێکی تری لە پشتەوەبوو؟

– لە سالّی ١٩٨٦ چوومە ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیک کە لە نزیک هۆڵی زەردە، ئەوکات بۆ من گرنگ نەبوو دەچمە کوێ دەخوێنم، ئەوەی گرنگ بوو، ئەوەبوو بۆ ماوەی سێ سالّی تر لە سەربازی دوور کەوتمەوە. جگە لەوەش معەدەلی من زۆر کەم بوو، ئامادەیی وەری نەدەگرتم، بۆیە چوومە ئەوێ، پرسیم کامە بەش ماتماتیکی تێدا نییە، گوتیان بەشی دارتاشی، گوتم باشە لەو بەشە دەخوێنم، ئەوە بوو دەستم بە خوێندن کرد و لە سالّی ١٩٨٩ تەواوم کرد. بە درێژایی خوێندنم لە سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی، بەردەوام لە خوێندنەوە دانەبڕاوم، لە سالّی ١٩٨٤ەوە بەشێوەیەکی بەردەوام ئیشتیراکی ڕۆژنامە عەرەبییەکانم هەبوو، تەنانەت زۆرجار نەمدەتوانی بەبێ ڕۆژنامە بچمە مالّەوە، بۆیە دەچوومە بەردەم دارولوتەنییە بۆ تەوزیع لەژێر ئۆتێل شیرین پالّاس، چونکە لە مووسلّەوە ڕاستەوخۆ دەهاتە ئەوێ و لەوێوە دابەش دەکرا، من هەر لەوێ ڕۆژنامەکانی خۆمم دەکڕی، تەنانەت هەندێ جار هاوکاری کارمەندەکانم دەکرد و ڕۆژنامەم لەگەلّ دادەبەزاندن، بۆیە چەند ڕۆژنامەیەکیشیان بەبێ پارە دەدامێ.

لە منداڵی زۆر سەرسام بووم بە مامۆستا عەباس عەبدوللّا یووسف و زۆرجار کتێبی منداڵانی پێدەداین، چونکە جگە لەوەی ئامۆزای دایکمە، ماوەیەکی زۆریش لە یەک خانوو بەیەکەوە بووین، بۆیە ئەو بەگشتی لەلای خزم و کەسانی ئێمە خۆشەویست بوو، ئەوەش زۆرتر کاری کردە سەرم و زیاتر پێی سەرسام بووم، تەنانەت هەندێک جار دادەنیشت چیرۆکی بۆ دەخوێندینەوە و ئێمەش گوێمان بۆی شل دەکرد. من بۆ خۆم لە سالّی ١٩٨٧ەوە دەستم بە خوێندنەوەی کتێب کرد، هەندێک کتێبی شیعری کوردی و کورتە چیرۆکی عەرەبی کە ماوە ماوە دانەیەکم لە بازاڕ دەکڕی. لە سالّی ١٩٨٩ بۆ یەکەم جار بڕیارمدا کتێبخانەیەکم هەبێت، لەوە بەدواوە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو کتێبانەم دەکڕی کە پێویستم

**وەرگێڕان لە لای من کارێکی تەواوکەری نووسینی خۆمە. من بۆ ئەوە کاری وەرگێڕان دەکەم تا باشتر لەو بوارانەدا تێبگەم کە کاریان تێدا دەکەم**

پێ بوون. باوکم ئەگەرچی کەسێکی نەخوێندەوارە، بەلّام بەردەوام پارەی دەدامێ بچم کتێبی پێ بکڕم، ئەوەش بۆ من نیعمەتێک بوو، چونکە دەمزانی چەندین هاوڕێم ئەگەر کتێبیان ببردایەتە مالّەوە، باوکیان لێیانی دەدڕاند.

* تۆ لە سەرەتاوە لەسەر زۆر بواری جیاجیا نووسیوتە، ئەوەی لە یادما بێت، ڕەخنەی ئەدەبی، تێڕامان لە فرۆید و هەولّەکانت بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی وەهم و قوتابخانەی فرانکفۆرت و هەلّوەشاندنەوەگەرایی و سیمیۆلۆژیا، ئینجا فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەکەی کیرکەگۆر، هیگلّ، هەروەها وەرگیران کە لەم سالّانەی دوایی بە زەقی لە ئیشەکانی تۆدا دیارە، بەمانایەکی تر ئەو دلّەڕاوکێ یان جێگیرنەبوونە چییە لە پانتایی داهێنانی تۆدا؟

– سەرەتاکانی نووسین لەلای من بۆ سالّی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە، سەرەتا بە زمانی عەرەبی دەمنووسی، بە کورتە چیرۆک دەستم پێکرد، بەلّام هیچ شتم بلّاونەدەکردەوە، دوای ڕاپەڕین هەر بە عەرەبی دەمنووسی، بەلّام هەر بلّاوم نەدەکردەوە، چونکە ئەوکات هەر بۆ خۆمم دەنووسی، زۆرتر تەرکیزم دەکردە سەر خوێندنەوە و زیاتر شاکاری ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی و فیکریم دەخوێندەوە، ئەوکاتە کەسێک لە جیهانی عەرەبی سەرنجی ڕاکێشابم عەباس مەحموود عەقاد بوو، چەند شتێکم لەسەر خوێندەوە، یەکەم وتارم لەسەر عەقاد لە ڕۆژنامەی ئیتحاد بلّاوکردەوە، بلّاوبوونەوەی بووە هاندەرێکی گەورە بۆ بلّاوکردنەوەی وتارەکانی دیکەم...

زۆر کەم قەناعەتم بە نووسینەکانی خۆم دەهات، زۆریش لەکاتی نووسینی لێکۆلّینەوەکانمدا پالّەپەستۆم دەخستە سەرخۆم، لەژێر بارودۆخێکی سەخت و دژواردا دەمنووسی، کرێکاری سەموونخانە بووم، کتێبیشم دەنووسی. کاتێک لە سالّی ٢٠٠٢ لەسەر داوای کاک ئازاد عەبدولواحید بوومە یەکێک لە نووسەرانی ڕامان و لەوێ دامەزرام، ڕۆژێکیان خەریکی نووسین بووم، ئاگادار نەبووم کاتی دەوام تەواو بووە و برادەرانیش ڕۆیشتوونەتەوە، تەنیا کاک ئازاد مابۆوە، کە هاتە خوارەوە بینی هێشتا لەسەر مێزەکەم ماوم، سەری

سورِما، گوتی دەوام تەواو بووە و نەرۆیشتوویتەوە، پێم گوت کاک ئازاد من لەنێو ئارد و هەویر و تۆز و خۆڵدا دەنووسم، ئێستا مێز و کورسیم هەیە، چۆن لە نووسین بێزار دەبم. بۆیە نووسین بۆ من هەر ئەوە نییە کارێکی رۆتینی بێت، نووسین لەلای من بۆتە ئەرک، لەو روانگەیەشەوە بەردەوام هەوڵمداوە کاری وا بکەم، کەم کەس دەتوانێت خۆیانی لێبدەن. وەک ئاماژەم پێدا سەرەتاکانی نووسین لای من پەیوەست بوو بەبواری سیاسی، ئەوەبوو کۆمەڵێک وتاری سیاسیم بە زمانی عەرەبی نووسی و لە رۆژنامەکانی ئیتحاد و رایە الحریە بلاوکردەوە، دواتر لە پاییزی ١٩٩٤ کتێبی (فەلسەفەی دەوڵەت)م نووسی، کە تەواوم کرد، نەمزانی کتێبە، ئەزموونی نووسینی کتێبم نەبوو، لە خۆمم دەپرسی، ئەوە چییە من کردوومە؟ بەشەرمەوە پیشانی هەندێک کەسم دەدا، دواتر لە بەهاری ١٩٩٥ وەرمگێرایە سەر زمانی کوردی، پاشان لە حوزەیرانی ١٩٩٦ لە رێگای برادەرێک بەناوی دارا رەئووف ناردم بۆ دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی، کە ئەوکات بەرپرسی پەیمانگای کادیرانی یەکێتی بوو لە هەولێر، داوای کرد بۆم چاپ بکات، منیش رازی بووم، پاشان بەهۆی بارودۆخی شەڕی ناوخۆ، کتێبەکە چاپ نەکرا، بۆیە لە پاییزی ساڵی ١٩٩٧ بە پارەی خۆم (٢٥٠)دانەم چاپکرد، چونکە نەمزانی دەستنووسەکەی چی بەسەر هاتووە.

لە پاییزی ١٩٩٥ کتێبی (سیستەمی سیاسی)م نووسی، دواتر لە پاییزی ١٩٩٦ کتێبی (سەرهەڵدانی فەلسەفە)م نووسی، لەگەڵ ئەو کتێبەدا بە تەواوی رووم کردە فەلسەفە و دنیایەکی مەزن و گەورەم دۆزییەوە، لە پاییزی ١٩٩٧ کتێبی (فەلسەفەی فەلسەفە)م نووسی، لە هاوینی ١٩٩٨ کتێبی (ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە)م نووسی، ئەوکاتە کارەبا نەبوو، دنیاش زۆر گەرم بوو، منیش جگە لەوەی لە کاتی پشوو لە سەموونخانە دەمنووسی، لەکاتی پشووی نیوەڕۆژیانیش لە ژووری سەرەوەی ماڵەوەمان دادەنیشتم و دەمنووسی، کاتێک دوا رستەی بەشی حەوتەمی کتێبەکەم تەواو کرد، راستەوخۆ کەوتمە خوارەوە و لە هۆش خۆم چووم، کاتێک بردمیانە نەخۆشخانە، دەرکەوت بەهۆی گەرما و ماندوو بوونەوە، گرانەتا و حومای ماڵتا و زەردکم گرتووە، بۆیە دکتۆر بۆ ماوەی یەک هەفتە لە نهۆمی شەشەمی نەخۆشخانەی رزگاری خەواندم و گوتی دەبێت لەژێر چاودێری پزیشک دابێت. بۆیە من بەردەوام لە جێگۆڕکێدا بووم، بە فەلسەفەی سیاسی دەستم پێکرد و چوومە نێو فەلسەفە و دواتر ئەپستمۆلۆژیا، ئینجا تێگەیشتم بۆ ئەوەی باشتر لەوانە تێبگەم دەبێت سایکۆلۆژیا بخوێنم، هاتم نزیکەی ساڵێک سەرقاڵی توێژینەوەی سایکۆلۆژی بووم و کتێبێکی فرۆیدیشم لە بارەی جەنگ و خۆشەویستییە وەرگێڕا و هێشتا چاپ نەکراوە، دواتر زانیم دەبێت باشتر لە کۆمەڵگا و مرۆڤ تێبگەم، بۆیە رووم کردە سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا، بەنووسین و بە وەرگێڕان باشتر توانیم لەو بوارانە تێبگەم. لەلایەنی رەخنەی ئەدەبیشەوە، بە قووڵی چوومە نێو رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سیمیۆلۆژی، چەند لێکۆڵینەوەیەکم لەم بارەیەوە نووسیوە و کتێبێکیشم وەرگێڕاوە، بۆیە وەرگێڕان لەلای من کارێکە تەواوکەری نووسینی خۆمە، من بۆ ئەوە کاری وەرگێڕان دەکەم تاوەکو باشتر لەو بوارانە تێبگەم کە کاریان تێدا دەکەم.

* بەرلەوەی کورتە چیرۆکت دەنووسی بۆچی دواتر بەوتاری سیاسی دەستتپێکرد؟

– مەسەلەکە پەیوەست بوو بە بارودۆخی سیاسی، من ئەوکات دەستم کرد بە نووسینی رەخنەی سیاسی لەسەر سیاسەتی کوردی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی حکومەت، ئەوکاتانە زۆرتر حەزم نەدەکرد وەک ئەدیبێک دەرکەوم، بەڵکو وەک رەخنەگرێکی سیاسی کارم لەسەر ئیشی هەندێک لە فەلسەفەکار دەکرد کە لە بارەی دەوڵەتەوە شتیان هەیە وەکو رۆسۆ و هیگڵ و جۆن لۆک... یەکەمجار لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر فیدرالی نووسی، دواتر بوو بە کتێبێک.. من ئەوسا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا کامانەن ئەو فاکتەرانەی کە پێویستن بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام وەک ئاماژەم پێدا ئەو بەرهەمەم لە بارەی بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتەوە بوو قوربانی شەڕی ناوخۆ!

* هۆبس جەخن لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت لە رێی هێزەوە دێت، کەچی رۆسۆ پەیوەستی دەکاتەوە بە پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئێمە لە بەردەم کامە هەڵبژاردنداین؟

– تێروانینەکەی هۆبس ئەوەیە کە مرۆڤ گورگی مرۆڤە، کەواتە بەدیدی ئەو پێویستە هێز ئەو گورگە جڵەو بکات، بۆیە تێزەکەی ئەو لە ململانێی بەردەوام دایە کە

ئەگەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەرانە نەبێت ناتوانێ ئەو گورگە کۆنترۆڵ بکات، هەرچی ئەوەی ڕۆسۆیە پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی لە ئەنجامی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێ لەنێوان خەڵک و میر، کە تێیدا خەڵک متمانە بە دەسەڵات دەبەخشن و میریش ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵک دابین دەکات.

ئەوەی کە من باوەڕم پێی هەیە هێنانەوەی چەند فەیلەسووف و هزرڤانێکە لە بەرامبەر یەکتریدا بۆ ئەوەی موناقەشە و مشتومڕ و دیالۆگ دروست بکەم، ڕاستە هەریەکە لە تۆماس هۆبز و ڕۆسۆ و جۆن لۆک لەسەر دەوڵەتیان نووسیوە، بەڵام هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە لە دروستبوونی دەوڵەت دەڕوانێت، کە ڕاوبۆچوونی هەریەکەیانم بە نموونە هێناوەتەوە دواجار ڕاوبۆچوون و قەناعەتەکە بۆ خوێنەر جێدەهێڵم کە ئێمە دەتوانین بە سوود وەرگرتن لە کامە تیۆر بنەماکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و تەندروست و دەسەڵاتێکی سیاسی وا بەرهەم بێنین کە دابڕاو نەبێت لە کۆمەڵگا و خەڵک.

* ئەی لە بارەی کتێبی سیستەمی سیاسی، بەتایبەتی لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەزموونی سۆشیالیزم.. ئایا ئەوەش ڕێچکە گرتنی تۆ نییە بۆ بواری سیاسی؟

- ١/١٠/١٩٩٥ دەستم پێکرد ١/٤/١٩٩٦ تەواو بوو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر قووڵ و دوور و درێژ بوو، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە هەستم کرد لە فەلسەفەی دەوڵەتدا من لە ڕوانگەیەکی دەرەکییەوە لە دەوڵەت دەڕوانم، باس لە سیستەمەکانی حوکمڕانی دەکەم بەڵام نەمتوانیبوو بچمە ناوەوەی سیستەمی حوکمڕانی و ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی دەوڵەت بەڕێوە دەبەن.

* مەبەستت لە قەوارەی دەرەکی چییە؟

- لە فەلسەفەی دەوڵەتدا باس لە چەند تیۆرییەکی ڕووت دەکەم کە باس لە بنەماکانی دامەزرانی دەوڵەت دەکەن، بەبێ ئەوەی باس لەو دەسەڵاتە بکەم کە ئەو دەوڵەتە بەڕێوە دەبات، بۆیە هاتم لەم کتێبەیاندا باسم لەو سیستەمە سیاسیانە کرد کە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، من ئەوکاتە بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی سیاسیدا گەڕام، بۆیە دەبینی باس لە میزۆپۆتامیا و میسری کۆن دەکەم، پاشان باس لە هیند و چین ئەو بیرکردنەوە سیاسییە چۆن گۆڕا، ئینجا لە یۆنان چۆن لەسەر دەستی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ پێشکەوت، پاشان فەلسەفەی ڕۆمانییەکان لەسەر بنەمانی هێز دەستی پێکرد، تا سەرهەڵدانی کێشەی ئایین لە ئەوروپا تاوەکو سەدەی شازدەیەم لەوێشەوە هەستم کرد ئەو بۆشاییەی لە کتێبی فەلسەفەی دەوڵەت جێم هێشتبوو، لە بارەی هۆبز و ڕۆسۆ و لۆک و هیگڵ ئەو جارەیان شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەلم بۆ هزری ئەوانە کرد، بە مانای ئەوەی کتێبی سیستەمی سیاسی خوێندنەوەیەکە بۆ بەرەوپێشچوونی هزری سیاسی لە سەرەتاکانی یاساکانی حامورابی تا دەگاتە سیستەمی دیموکراتیەت و لیبرالی کە ئێستا لە دنیادا بالادەستە، بەڵام لەبەر بارودۆخی نالەباری ئەوکاتی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٣ لەلام مایەوە.

* ئەگەر بگەڕێینەوە لای هیگڵ تۆ خۆت چەند لەگەڵ ئەو ڕایەی ئەو دایت کە دەڵێ: «مێژوو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت دەست پێدەکات، ئەگەر نا کۆی ڕووداوەکانی تر دەکەونە دەرەوەی مێژوو»؟

- هیگڵ زۆر لەژێر کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسی و کەسایەتی ناپلیۆندا بووە، تەنانەت پێی وایە شۆڕشی فەرەنسی مێژووی دروستکردووە، هەر لەبەر ئەوە نا، چونکە تەنیا گۆڕانێک بووبێ و بارودۆخێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنابێ، هەروەها لەبەر ئەوەش نا ڕووداوێک بووە جیهانی هەژاندووە و جیهانێکی نوێ و باشتر و عەقلانیتری بەرهەمهێناوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی کردەییانە هەموو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەیەکەوە بەستایەوە، هەموو ئەو ڕووداوانەی ئەو کاتە وا تەماشا دەکران کە لە یەکتری دابڕاوو جیاوازن و تەنیا لە ڕووی پێوەندییە دەرەکییەکانیانەوە بەیەکەوە پەیوەست بوون، وەکو سروشت و عەقڵ و گەل و نەتەوە و زانست و مەعریفە و دامەزراوە جیاجیاکان و ماف و شێوەی ژیان- ئەخلاقی خودی و بابەتی و شێوەی دەرکەوتن و دابونەریت و پۆشاک و جەژنەکان و...تاد. هیگڵ کاتێک ناپلیۆن دەبینێت دێت ئەڵمانیا داگیر دەکات، دەڵێت: «ڕۆحی جیهانم بینی لەسەر ئەسپێکی سپیدا بوو»، بۆیە لەلای ئەو ناپلیۆن داگیرکەر نەبوو، ناپلیۆن ڕزگارکەرێک بووە کە جیهان بەرەو ئازادی دەبات، ئەو تێڕوانینەی هیگڵ بۆ شۆڕش و مێژوو، بۆ دەوڵەت تێڕوانینێکی تایبەتە، چونکە لەلای ئەو هیچ شتێک لە دەرەوەی مێژوودا نییە،

ئەگەرچی پێش مێژوو– پاش مێژووش هەیە. هیگڵ پێی وایە دەوڵەت بزوێنەری مێژووە، بۆیە لەگەڵ دەوڵەتدا مێژوو دەستپێدەکات، بەمانای ئەوەی کۆمەڵگای سیاسی ڕێکخراو تەنیا لەنێو دەوڵەتدا بوونی هەیە، لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتدا، خەڵک هەن، کۆمەڵگا هەن، بەڵام کۆمەڵگای سیاسی نین، چونکە ئەوە دەوڵەتە کاری سیاسی ڕێکدەخات و دەسەڵاتەکان دەستنیشان دەکات. هەموو ئەوەی لە دەرەوەی دەوڵەتدا ڕوودەدات، بەشێکە لە حاڵەتی کۆمەڵایەتی، نەوەکو سیاسی. دیارە ئەو تێڕوانینەی هیگڵ ئەنجامی لێکدانەوەی حاڵەتی سیاسی ئەڵمانیایە بەرلەوەی ناپلیۆن داگیری بکات، ئێمە لێرەوە تێدەگەین بۆچی هیگڵ پێشوازی لە ناپلیۆن دەکات، چونکە پێی وایە دەکرێت لەسەر دەستی ئەودا ئەڵمانیایەکی تازە بێتە بوون، چونکە ناپلیۆن لە ڕێگای داگیرکردنەوە ئەڵمانیا یەکدەخاتەوە، یەک سیستەم و یەک فەرمانڕەوایی دەبێ، ئەوەش بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتە لەلای هیگڵ.

ئەو بۆچوونە هیگڵی کردۆتە فەلسەفەکاری دەوڵەتی و وەکو تیۆریستێکی سیاسیش هاتۆتە پێشەوە، چونکە ئەو کاتێک ڕێڕەوی گەشەکردنی عەقڵ لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا دەکێشێت، لە ئەڵمانیادا کۆتایی پێدێنێت. لە ڕۆژگارێکدا کە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خەونی هەموو گەلانی دنیا بووە، ئاساییە فەلسەفەکارێکی وەکو هیگڵ بەو شێوەیە گوزارشت لە گرنگی دامەزراندنی دەوڵەت بکات و بەبێ بوونی دەوڵەت، هەموو پرۆسەیەک بخات دەرەوەی مێژووەوە.

## لەنێو فەلسەفەدا پانتاییەکی گەورەتر هەیە بۆ بیرکردنەوە و ڕاڤەکردن

* بەڵام ئەوە چ جۆرە فەلسەفە و ڕووگەیەکی هزرییە کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەوایەتی بە جەنگ و کوشتارگەکان دەدات، یان بە مانایەکی تر بۆچی هیگڵ باس لە واقیعیەتی ژیانی کۆمەڵگایەک ناکات کاتێک شەرخوازێکی وەک ناپلیۆن لە ڕێی هێزەوە هەڵیدەلوەشێت؟

– هیگڵ قسەیەکی ناوداری هەیە دەڵێت: «هەموو فەلسەفەیەک کوڕی سەردەمی خۆیەتی»، ئەو تێڕوانینەی هیگڵیش تێڕوانینی سەردەمی خۆیەتی و ناکرێت بەپێی پێوەرەکانی ئێستا هەڵبسەنگێنرێت، ناپلیۆن بەرجەستەکاری دروشمی یەکێتی ئەوروپا بووە، ئەو دەرکەوتەی شۆڕشی فەرەنسا بوو، شۆڕشێک بۆ یەکەم جار بانگەشەی ئازادی و یەکسانی و برایەتی دەکرد، ئەو دروشمەی خەونی بیریار و فەلسەفەکاران بوو. ناپلیۆن واتا دەوڵەتی یاسا و یەکسانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بۆیە لەلای خەڵک بەگشتی وەکو ڕزگارکەرێک تەماشا دەکرا، نەوەکو داگیرکەر، ئەوانەی دەسەڵاتیان لە دەست چوو بوو وەکو داگیرکەر تەماشایان دەکرد، مەسەلەکە حوکم و ئیمتیازات بوو. دواتر ئەوکات هێشتا هەست و ویژدانی نەتەوەیی و بەو شێوەیە پێنەگەیشتبوو هەر وڵاتێک بانگەشەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بکات، ڕەنگە یەکێک لە ئەنجامەکانی جەنگەکانی ناپلیۆن ئەوە بوو بێت هەستی نەتەوەیی لەنێو ئەو وڵاتانەدا بڵاوکردەوە کە داگیری دەکردن و ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی لەلا دەخوڵقاندن. لەگەڵ ئەوەشدا هیگڵ کۆمەڵێک ڕەخنەی هەیە لە بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی و وەرچەرخانی ئەو شۆڕشە بەلایەکی تردا.

* لە چ بارێکدا لێکۆڵینەوە و مەعریفەی فەلسەفە و ئایین بریتی دەبێت لە گەڕان بەدوای حەقیقەت کە تۆ لە هەمان کتێب ئەو ڕایەت بە نموونە هێناوەتەوە؟

– من لەو کتێبەمدا لە بارەی هیگڵ، هەوڵمدا زۆرتر ڕاوبۆچوونەکانی خۆم لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و گۆشەنیگاو تێڕامانی هیگڵی دەرببڕم. ئەوکاتەی ئەو کتێبەم دەنووسی هەوڵمدا بە تەواوی وەکو هیگڵ بیر بکەمەوە، لەبەر ئەوە سانا نییە بۆچوونەکانی من و هیگڵ لە یەکتری جیا بکرێنەوە، چونکە بە هەمان ئەو زمانە دەدوێم کە هیگڵ پێی دەدوا، ئەگەرچی زیاتریش مەبەستم ئەوە بوو هیگڵ وا لێبکەم بە کوردی بیر بکاتەوە و بەکوردی بدوێت تاوەکو کێشەی تێنەگەیشتن و ئاڵۆزی زمان چارەسەر بکەم. مەبەستم بوو لە پەنای زمانی هیگڵەوە تێزو بۆچوونەکانی خۆم بخەمەڕوو. دیارە بە درێژایی مێژوو فرمانی هەریەک لە فەلسەفە و ئایین و بەردەوام گەڕان بووە بەدوای حەقیقەت، ئەوە بەتەنیا تێڕوانینی من نییە، ئەوە بۆچوونی هیگڵیشە بۆ کاری هەردوولا، بابەتەکانی فەلسەفە و ئایین خاوەنی یەک

ناوەرۆکن، ئەویش گەڕان بەدوای حەقیقەت. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین فەلسەفەی هیگڵ فەلسەفەیەکی ئایدیالیستییە، منیش کەسێکی ئایدیالیم، بۆیە خاڵێکی هاوبەش کۆمان دەکاتەوە، ئەویش ماهییەتی حەقیقەتە کە پێم وایە لەلای هەردووکمان یەک مانای هەیە، ئەگەرچی ئاراستەکانی زۆر لە یەکتری جیاوازن. هیگڵ لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی لۆتەردایە، زیاتریش وەکو کەسێکی مەسیحی- پرۆتستانتی دەدوێت، لەوەشەوە تەماشای پێوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین دەکات، بۆیە هیگڵ هیچ کێشەیەک لەنێوان دەوڵەت و ئاییندا نابینێت، ئەوەش مانای وایە هیچ کێشەیەک لەنێوان فەلسەفە و دەوڵەت، فەلسەفە و ئایینیشدا نییە. تاکە حەقیقەت لەلای هیگڵ بوونی ڕۆحی ڕەهایە، هێزێکی گەردوونی کە هاوکێشەکان ڕادەگرێت و ئاراستەیان دەکات، عەقڵ و نامووسێکی کەونی، ئەوەش بنەمای بیرکردنەوە و تێڕوانینی منە بۆ گەردوون.

کەواتە فرمانی هەریەک لە فەلسەفە و ئایین گەڕانە بەدوای هەنگاوەکانی ئەو عەقڵە ڕەهایە، لەکاتێکدا ئایین بنەماکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی ئەو عەقڵ جێگیر دەکات، فەلسەفە دێت لەگەڵ ئەو عەقڵەدا تەماهی دەبێت و ئیدراک بە سروشت و مێژوو دەکات، سروشت و مێژوو بە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان، وەکو ئەوەی ڕێگایەک بن بۆ بەرجەستە بوونی ڕۆح و دەرکەوتنی لە میانەی سروشت و مێژووەوە، ئەوەش هەمان ناوەرۆکی ئایینە، ئەگەرچی هزرڤانە ئایینییەکان نەیانتوانیوە بەو شێوەیە گوزارشتی لێبکەن، لەبەر ئەوەی لەلایەک لەنێو فەلسەفەدا پانتاییەکی گەورەتر هەیە بۆ بیرکردنەوە و ڕاڤەکردن، لەلایەکی تریشەوە هزرڤانە ئایینییەکان خۆیان لەنێو چوارچێوەیەکی تەقلیدیدا سنووربەند دەکەن.

* ئەگەر لەو گۆشەنیگایە بێینە دەرەوە کە هیگڵ لە بارەی پێوەندی نێوان ئایین و فەلسەفەوە پێمانی دەبەخشێت، ئەوە دەبینین دیدی هەریەکە لە فەلسەفە و ئایین بۆ گەردوون و مرۆڤ بەگشتی دوو دیدی تەواو لە یەکتری جیاوازن، چونکە دین هەمیشە یەک حەقیقەتمان پێدەبەخشێت، کەچی لە مێژووی فەلسەفەدا حەقیقەتەکان بەردەوام لەگۆڕاندا بووینە، دواتریش وەک فیورباخ دەڵێت دین تەنیا موقەدەسی پێ ڕاستە، کەچی فەلسەفە تەنیا ڕاستی پێ موقەدەسە.. لێرەوە پێم چاکە ڕوونتر لەسەر وێنەی حەقیقەت لای ئایین لەلایەک و فەلسەفە لەلایەکی تر بدوێیت؟

– هیگڵ لەمیانەی خستنە ڕووی ئەو بۆچوونەیدا، گەرەکتی وەڵامی بۆچوونێکی باوبداتەوە کە ڕەنگە تائێستاش بوونی هەبێت و من خۆیشم لەلایەن هەندێک ناوەند و شوێن ڕووبەڕووی بوومەتەوە، ئەویش ڕەنگە هزرو فەلسەفە و بیرکردنەوەی قووڵ مرۆڤ بەلایەکی تردا ببات و هەست و بیرکردنەوەی ئایینی، یا قەناعەت و ئیمانی لەناوەوەدا لاواز بکات و لەناوی ببات. ئەوە لەلای هیگڵ پرسێکی گرنگ بوو، چونکە پێی وایە ئەوانەی هەڵگری ئەو شێوە بیرکردنەوەیەن لە ژێر کاریگەری شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوەدان کە ئەو ناوی دەنێت بیرکردنەوەی دواتر، یا بیرکردنەوەی دووەم، ئەوەش مەسەلەیەکە من بەدوور و درێژی لەنێو کتێبەکەم لەبارەی هیگڵ باسم کردووە.

سەبارەت بەوەش دیدی هەریەک لە فەلسەفە و ئایین بۆ گەردوون و مرۆڤ جیاوازن، ئەوە من لەو ڕوانگەیەوە ناڕوانمە مەسەلەکان کە تۆ تەماشایان دەکەیت، ئەویش مەسەلەی حەقیقەتە. ئەوەی باسی هیگڵ بکات دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت کە هیگڵ کەسێکی ئایدیال و میتافیزیکی بووە، ئەو بۆچوونەی باسی لێوە دەکەیت بۆچوونی کەسێکی مەتریالیستە بۆیە ئێمە ئێستا هەریەکەمان لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە تەماشای مەسەلەکان دەکەین، لەوەشدا ناگەینە ئەنجامێک. گەیشتن بە حەقیقەت و دەسگیرکردنی، مەبەست و ئامانجی فەلسەفەیە، بەڵام ئەو حەقیقەتەی فەلسەفە دەسگیری دەکات، بەردەوام پەراوێزێکی تێدایە بۆ گومان. سەبارەت بە خۆم، بەردەوام دەلاقەیەک هەیە سەری تێدا بکێشمە دەرەوە، چۆن بڕوام بەو ڕەهاییەی عەقڵ هەیە لەلای هیگڵ، ئاواش بڕوام بە گومانی دیکارتی هەیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بۆیە پێم وایە کاری فەلسەفە و ئایین ئەگەر لەلایەک ناکۆک و ناتەبا بێت، ئەوە لە دوو لایەنەوە تەریب و هاوشانەی یەکترن، چونکە هەردووکیان بۆ ئەوە سەریان هەڵداوە وەڵامی پرسیار نەمرەکان بدەنەوە، ئایین بۆ ئەوە سەری هەڵدا تاوەکو دڵنیایی بە مرۆڤ ببەخشێت، فەلسەفەش بۆ ئەوەیە تاکو شێوازی بیرکردنەوە و تێڕامانی فێربکات.

* تۆ دەڵێیت من کەسێکی ئایدیالیستیم! باشە دەبێ

ئەو ئایدیالیست بوونەی تۆ کەوتنە ژێر کاریگەری تەواوی فەلسەفەکەی هیگڵ بێت یان پەیوەست بێت بەو فەزا کۆمەڵایەتییەی نێو کۆمەڵگای کوردی کە تۆ تێیدا پەروەردە بوویت، دیارە ئێمە لە ولاتێک دەژین کە رووبەرووی جۆرە فەزایەک بووینەتەوە گەمارۆدراو بە کولتوور و ترادسیۆنی دینی؟

– تێروانینی من بۆ چەمکی ئایدیا، جیاوازە لەو تێروانینە باوەی جیهان بەسەر دوو رەوت و بۆچوونی دوالیزمی دابەش دەکات، بۆیە زۆر بڕوام بەو سنووربەندییە هزرییە دوالیزمییە نییە.

ئایدیالیزم لەلای من چەمکێکی قووڵی فەلسەفییە، تەنانەت بەشێکی زۆری کتێبەکانم لەژێر رۆشنایی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەدا نووسراون، بێگومان بەڕادەی سەرەکیش پێوەندی بەو کەشوهەواو ژینگەیەی خۆمەوە هەیە، ئەگەرچی هیگڵ ئەو فەلسەفەکارە بوو کە تێی گەیاندم، فێری کردم هەموو کەسێک نەوەی سەردەمی خۆیەتی، مادام منیش نەوەی ئەو سەردەمەم، ئەوە بەگشتی کولتووری من کولتوورێکی ئایدیالییە، بەلام گرنگ ئەوەیە چۆن بیردەکەینەوە؟ بیر لەچی دەکەینەوە؟ دەگەینە کوێ؟ بەردەوام ئەو پرسیارانە لەلای من گرنگیان هەبووە، نەوەکو ئینتیمای ئایدیۆلۆژی، چونکە خەڵکانێکی بەناو رۆشنبیری زۆر هەن ناتوانن لە دەرەوەی ئەو کڵێشە بەندییانە بژین، ناتوانن بەبێ پاڵپشتێکی ئایدیۆلۆژی بیربکەنەوە، کەچی من خۆم لە دەست هەموو ئەو کۆت و بەندانە دەرباز کرد. پڕۆژەکانی من بەردەوام لەو خاڵەوە دەست پێدەکەن کە بڕوام بەوە نییە بێمە دنیاو وەکو میوانێک تێپەڕم، بڕوام بەوە نییە بم بە فەرمابەرێکی بچووک لە دائیرەیەکی لەبیرکراودا و خانەنشین بم و بمرم، بۆیە بە توندی رووبەرووی ئەو واقیعە داسەپاوە بوومەوە.

* هیگڵ پێی وایە ئەگەر ئێمە بێین وەسفی ئەو کێشەیە بکەین کە فەلسەفە لێی دەکۆڵێتەوە، ئەوە دەشێت بڵێین فەلسەفە بریتییە لە راڤەکردنی گەردوون، راستە کێشە فەلسەفییەکان فرە جیاوازن، کێشەی وەکو ئەخلاق و میتافیزیکیا و ئیستێتیکاو ئەپستمۆلۆژیا...تاد، بەلام راڤەکردنی گەردوون چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە لەخۆیدا دەگرێت. هەست ناکەیت ئەم دیدە فەلسەفییە بۆ تێرامان و تێگەیشتن لە شتەکان دیدێکی تۆتالیتارییە لەناو کایەی مەعریفەدا، لە هەمان کاتدا دیدێکی تەمومژاوییە لە رووی دەستنیشان کردنی ئامراز و رێگاکانی خوێندنەوەی گەردوون؟

– بێگومان فەلسەفەی هیگڵ دووچاری ئیشکالییەتی زۆرمان دەکات، هیگڵ سانا نییە، هەر بۆیە هەموو کەسێکیش ناتوانێت لێی تێبگات، ئینجا لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدات، ئەوەیان کارێکی زۆر زەحمەتە. من دێمە سەر باسی ئەو کێشەیەی کە فەلسەفە لێی دەکۆڵێتەوە، بە خەیاڵ دەگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمانەی هێشتا فەلسەفە وەکو کایەیەکی مەعریفی بوونی نەبووە، تۆ بیر لە میسری کۆن و میزۆپۆتامیا بکەوە، رەگ و ریشەی هزری فەلسەفی لەوێدا بەدی دەکەین، بۆیە دەشێت بپرسین: ئەرێ بۆچی فەلسەفە هاتە بوون؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ پێویستی بە سیستەمێک هەبوو لە چوارچێوەیدا گەردوون شیبکاتەوە، لەو سروشتە تێبگات کە کۆنترۆڵی خەیاڵی کردبوو. زیاتر لە دوو ساڵ لە شارستانیەتی میسری کۆن و میزۆپۆتامیا و چین و هیندم کۆڵییەوە، لە میتۆلۆژیاکانم روانی، ئەوەی من باسی دەکەم سالانی (١٩٩٦- ١٩٩٧)ە، ئەوکاتە کێشەی سەرەکی من پرسی سەرهەڵدانی فەلسەفە بوو، دەبوایە بۆخۆم لە دەرەوەی هەموو بۆچوونەکان، تێگەیشتنێکم هەبووایە بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە، ئەوەشم دەسگیر کرد. کتێبێکم لە بارەیەوە نووسیوە و تائێستا یەک دێڕی لێ بلاونەکراوەتەوە. من باس لە مرعجیزەی یۆنانی دەکەم، رەگ و ریشەی هزری فەلسەفی کۆن لە خۆرهەڵاتدا دەبینمەوە و سەرلەبەری ئەفسانەی یۆنانی هەڵدەوەشێنمەوە ئەو ئیمتیازەیان لێوەردەگرمەوە کە گوایە ئەوان فەلسەفەیان داهێناوە، ئەوەش دۆزینەوەیەکی مەترسیدارە، چونکە مێژوو لەسەر ئەو ئەفسانەیە دروستبووە، هەڵوەشاندنەوەی ئەفسانەکانیش مانای وایە دەبێت جارێکی تر عەقڵی خەڵک وەکو کۆمپیوتەرەکان فۆرمات بکرێتەوە، چونکە ڤایرۆس لێیداوە.

لەوەدا من تێگەیشتم، ئەگەر فەرمانی فەلسەفە راڤەکردن و شیکردنەوەی گەردوون نەبێت، ئەوە کارێکی تری نییە. بڕوانە، بەرلەوەی زانستەکان سەرهەڵبدەن، هەر تەنیا بیرکردنەوەی فەلسەفی هەبووە، فەلسەفە دایکی هەموو زانستەکانە، کامە زانست هەیە لەهەناوی

فەلسەفەوە هەڵنەقوولابێت؟ کامە زانا هەیە فەلسەفەکارێکی مەزن نەبووبێت؟ تۆ بیر لە ئیقلیدس بکەوە، چونکە لەگەڵ ئەودا ئەندازە دەبێتە دوو قۆناغ، بیر لە نیوتن و لافوازێ و ئەنشتاین بکەوە؟ بیر لە دیکارت و کانت بکەوە؟ ئایا هەموو ئەو زانایانە بەدوای ڕاڤەکردنی گەردوون وێڵ نەبوون؟ ئەوانە بەشێک نین لەو زانستەی ئەمڕۆ لە بەردەستی ئێمەدایە. مێژوو یەکەیەکی سەرتاپاگیرە و پارچە پارچە ناکرێت، بۆیە لەلای من سەرەتاکانی کیمیاسازی بۆ فیرعەونی میسری تووت عنخ ئاموون دەگەڕێتەوە، لە دوا قۆناغدا لافوازێ دێت زمانێکی تازە بە کیمیاسازی دەبەخشێت و لەو زەمەنە کۆنە دادەبڕێنێت. تەماشای زانستی ئەندازە بکە، ئەوە بۆچوونێکی تۆتالیتارییە؟ ڕاستە، بەڵام حەقیقەتێکی سروشتییە، واقیعێکی حاشا هەڵنەگرە، ناکرێت ئێمە بە پاساوی تۆتالیتاریزم حەقیقەتی شتەکان بشارینەوە.

*** بۆچی بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەی خۆت (سەرهەڵدانی فەلسەفە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا) مەرگی ئەو بۆچوونە باوەی گوایە «فەلسەفە یانی یۆنان!» ڕانەگەیاند، لەکاتێکدا چەندین ساڵە ئێمە لەناو زانکۆکاندا وا فێردەکرێین کە فەلسەفە لە یۆنان سەری هەڵداوە؟**

- کۆمەڵێک هۆکار هەن بوونە ڕێگر لەبەردەم بڵاونەبوونەوەی ئەو کتێبەم، یەکەمیان ئەوەیە لە ساڵی (١٩٩٧) دەزگایەکی چاپ و پەخش نەبوو تاوەکو ئەو کتێبە چاپ بکات، تەنانەت ئەوکاتە کە باسی کتێبی نەدەکرد، دواتریش من زۆر بروام بەو دەزگایانە نەبوو، کە کاری چاپی کتێبیان دەکرد، لەلایەک من حزبی نەبووم بۆ ئەوەی کتێبم بۆ چاپ بکەن، لەلایەکی تریشەوە پێم وانەبوو بەرپرسی دەزگاکان خۆیان لەو ئاستەدا بن کتێبم بۆ چاپ بکەن، لەلایەکی تریشەوە پێم وانەبوو بەرپرسی دەزگاکان خۆیان لەو ئاستەدا بن کتێبی باش و خراپ لە یەکتری جیا بکەنەوە، تەنانەت لە ساڵی (٢٠٠١)دا ئەزموونێکی تاڵیشم لەگەڵ دەزگای موکریان بۆ دروستبوو، کاتێک ویستیان کتێبی (ئەپستمولۆژیاو فەلسەفە) بڵاوبکەنەوە، نەیاندەزانی ئەو کتێبە چییە و باسی چی دەکات، باشە یا خراپە، کەسێک نەبوو ئەو کتێبە هەڵبسەنگێنێت، بۆیە ناچارلێیانم وەرگرتەوە، چونکە من خۆم ئەوە قبووڵ ناکەم دەزگایەک کتێبێکم بۆ چاپ بکات، بەبێ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کتێبێکی باشە. دواتر کاتێک ویستم خۆم بڵاوی بکەمەوە، کۆمپیوتەرەکەم سووتا و ئەو کتێبە و چەندین کتێبی ترم، بەتایپ کراوییەوە فەوتان، ناچار دەبووایە جارێکی تر تایپ بکرێتەوە، ئەوەش ئامادەبوونی کتێبەکەی دواخست. دواتریش بۆ ئەوەی لە دەست ئەو دەزگایانە دەربازم بێت کە کاری چاپ و بڵاوکردنەوە دەکەن، بۆ خۆم لەگەڵ ئەژین عەبدولخالقی خێزانم دەزگای چاپ و پەخشی (ڕێبین)مان دامەزراند و توانیمان شەش کتێب بڵاوبکەینەوە، بەهیوای ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵ یا ساڵی ئاییندە بتوانم ئەو کتێبەش چاپ بکەم.

با ئەوەشت پێ بڵێم، ئەو کتێبەی من بڵاوبیێتەوە و بڵاونەبێتەوە، هیچ شتێک لەنێو خوێندنی زانکۆییدا ناگۆڕێت، ئەوان لەژێر کاریگەری موعجیزەی یۆنانیدان، تەنانەت ماستەر و دکتۆراکانیشیان لەسەر ئەو گریمانەیە بونیاد ناوە، بۆیە لەنێوەندی ئەکادیمیدا ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە قبووڵ ناکرێن، چونکە بۆچوونەکانی ئەوان پووچ پیشاندەدات. زانکۆ بەردەوام تۆمەتی ئامادەی بۆ کەسانی وەکو من هەیە، گوایە من ئەکادیمی نیم! تەنانەت گەورە بەرپرسێکی زانکۆ لە ئەنجوومەنی وەزیراندا لە هەولێر دوای ئەوەی پێم گوت من دەرچووی کۆلێژی یاسانیم، من کرێکاری سەموونخانەم، لە ژوورەکەی خۆی دەری کردمە دەرەوە و پێی گوتم تۆ چیت داوە لەو کارانە؟ کەی کاری تۆبە لە بارەی سیستەمی سیاسی و فەلسەفەی دەوڵەتەوە قسە بکەیت؟ چونکە ئەوان پێیان وایە ئەوە ماف و موڵکدارییە و تەنیا ئەوان بۆیان هەیە لە بارەی ئەو بابەتانە لێکۆڵینەوە بنووسن، لەکاتێکدا من ڕێزم لێنابوو داوام لێکردبوو پێشەکی بۆ کتێبی (فەلسەفەی دەوڵەت) بنووسێت. ئەوکات من تێگەیشتم بۆچی زانکۆکانی ئێمە لە بری ئەوەی ببنە مەڵبەندی زانستی، بوونەتە گەراجی قوتابیان، تێگەیشتم ئەو عەقڵە نەخۆشە ناتوانێت زانکۆ پێش

**ڕەنگە سەردەمی جۆرێک لە بیرکردنەوەی فەلسەفی تەواو بووبێت، مۆدێلێکی فەلسەفی بەسەرچووبێت و بووبێتە بەشێک لە مێژوو، بەڵام فەلسەفە وەک ناوەڕۆک و مانا هەر دەمێنێ**

بخات، به پێچەوانەوە قەیرانی گەورە دروست دەکات، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەش دەیبینین لەوەی قوتابیانی زانکۆ بەردەوام ناڕەزایی دەربڕن و خۆپیشاندان دەکەن و هەست بە ئینتیما ناکەن بۆ ئەو وڵاتە، ئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە کەسانی وا پێڕەوی دەکەن و ڕۆحی داهێنان لەنێو دەروونی لاوان و قوتابیان دەکوژن.

***** بەشێک لە بایەخدانەکانی تۆ لە بارەی ئەو سێبەرەوەیە کە پێی دەڵێین «نووسین» لە یۆنانەوە تا ڕۆژگاری پۆست مۆدێرنیتە نووسین بەشێک بووە لەو پرسیارە سەرەکی و جەوهەرییانەی فەلسەفە پێیەوە خەریک بووە، تۆ کە بەشێک لە بایەخدانەکانت لەناو ئەو سیاقە فەلسەفییەدایە چۆن لەو جەستەیە تێدەگەیت؟

– لای من پرسی نووسین لەوە گرنگترە کە تا ئێستا کۆمەڵگای ئێمە تەماشای دەکات، من ویستم کار لەسەر ئەو دوالیزمییەی ئاخافتن و نووسین بکەم، ململانێی دەسەڵاتخوازانەی ئاخافتن لەگەڵ نووسیندا، بۆیە لای من ئاخافتن بە پشت بەستن بە میتافیزیقا، بە کولتووری باڵایی، بەردەوام بەدرێژایی مێژوو هەوڵیداوە نووسین بخاتە پەراوێز و بیکات بە پاشکۆ و لەنێو میتۆلۆژیاکاندا کۆمەڵێک میتۆلۆژیا، بەرەو مێژوو، بەرەو ئایین، چونکە یەکەم سەرچاوەی باڵادەستی ئاخافتن لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت. پرسیاری جەوهەری من ئەوە بوو: «بۆچی لەنێو مێژووی ئایینەکاندا پێغەمبەرێک نادۆزینەوە نووسینی دوای خۆی جێهێشتبێت؟». ئەوە لەکاتێکدا بەشێک لە پێغەمبەران نووسینیان دەزانی و خوێندواریش بوون. پرسیاری من ئەوەیە بۆچی سوقرات نووسین و بەفارماگۆن– ژەهر دەشوبهێنێت؟ بۆچی هیچ شتێکی نەنووسیوە؟ بۆیە پیرۆزی بەخشین بە ئاخافتن لەسەر حیسابی نووسین بووە. جگە لەوەش من لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەوە کە لەساڵی (١٩٩٨)ەوە دەستم پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامم لەسەریان، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ململانێی ئاخافتن و نووسین و بەردەوام بەشێک بووە لە ململانێی نێوان نەوەکان، ململانێ بووە لەسەر دەسەڵات، چونکە یەکەم کەس کە نووسینی داهێناوە و وەکو زانستێک پێشکەشی کردووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی یادەوەری خۆی بپارێزێت، تووت بوو، کوڕی فیرعەونی میسری ئاموون راع، بەڵام فیرعەون ئەو زانستە تازەیە قبووڵ ناکات و نووسین لە یەکەم چرکەساتی لە دایکبوونیدا دەکرێتە پاشکۆ و نەفرەتی لێدەکرێت.

من هاتووم چاودێری هەموو ئەو گۆڕانکارییانەم کردووە کە یەکەم چرکەساتی سەرهەڵدانییەوە نووسین لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، چۆن پاشان نووسین حاکمی ژێر زەوی بووە و نەیتوانیوە لە ڕۆژدا حوکم بکات، بۆچی ئاخافتن وەکو ڕۆژ تەماشا دەکرێت، کەچی نووسین وەکو مانگ تێی دەڕوانرێت، ئەوانە لەلای من مەغزاو دەلالەتی تریان هەیە و هەوڵمداوە دەسگیریان بکەم. پرسیاری من ئەوەیە بۆچی نووسین جیاوازی لە ناوەخۆیدا هەڵدەگرێت، ئایا ئەوە سروشتی خودی نووسین خۆیەتی؟ یا شتێکە لە دەرەوەدا بەسەری سەپێندراوە؟ پرسیاری من ئەوەیە بۆچی لە یەکەم چرکەساتی داهێنانیدا، نووسین دەخرێتە بەردەم حاکم و دەسەڵات تاوەکو نرخەکەی بخەملێنرێت؟ بۆچی دەسەڵات بەها بە نووسین دەدات؟ ئەی نووسین خۆی؟ بۆچی نووسین بێ باوک و بیژییە؟ بۆ دەبێت کەسێک بە ڕەسمی بێت بەرگری لە نووسین بکات؟ لە هەمان کاتیشدا هەوڵمداوە ئەوە دەربخەم کە بۆچی نووسین بەبێ باوک و پاڵپشت دەتوانێت بمێنێتەوە، لەکاتێکدا ئاخافتن ناتوانێت بەبێ باوک و خاوەن بەردەوام بێت.

دوای ئەو هەموو لێکۆڵینەوەیە من تێگەیشتم کە تووت هەر ئاوا لە خۆیەوە پیت و زمانی نووسینی دانەهێناوە، بەڵکو ئەوە کاری فرمانی ئەو بووە، ئەو خواوەندی زمانی لاوەکی و جیاوازی زمانەوەری بوو، کەواتە تووت ناتوانێت ببێت خواوەندی قسەکردن ئاخافتن و داهێنان، تەنیا لە سایەی گۆڕینێکی زمانەوانی شۆڕشێکی زمانەوانی مەزن و پرۆسەیەکی مێژوویی نەبێت کە بتوانێت زمان لە ئاستێکەوە بگوازێتەوە بۆ ئاست و شێوەیەکی تر، ئەوە پرۆژەی کودەتاو شۆڕشێکی مەعریفی و سیاسی و ئابووری گەورەیە کە تووت لە پانای زمانەوە گەرەکی بووە ئەنجامی بدات، پرۆژەی بەها بەخشین بە نووسینم و پیادەکردنی تاوەکو لەولاوە لە پیرۆزی ئاخافتن و پلە و پێگەی خواوەندی باوک کەم بکاتەوە، کاتێک باوک هەست دەکات سەنتەرێکی تری مەعریفی بەناو نووسینەوە دێتە بوون ڕاستەوخۆ دەزانێت بوونی سەنتەرێکی تر، واتە بێبەهای دەسەڵاتی ئەو، باوکیش ڕێگە نادات سەنتەرێکی تر لە دەرەوەی دەسەڵات و

سەنتەری ئەو بێتە بوون، بۆیە لە ڕوانگەی ململانێی دەسەڵاتەوە تەماشای ئەو داهێنانەی نووسین و زمان دەکەم، سەیر لەوەدایە دوو مانگ ئیش ئێستا هەندێک سەرچاوەی تازەم دەسکەوتووە باس لەوە دەکەن کە تێدەچێت تووت لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا تیرۆر کرابێت، ئەوەش پاڵپشتی زیاتر لە بۆچوونەکانی من دەکات.

بێگومان جاک دریدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە ئاراستەکردنی من بەرەو ئەو لێکۆڵینەوەیە، چونکە ڕایەڵی سەرەکی کارەکەی من لەسەر کتێبەکانی ئەو وەستاوە و سەرچاوەی سەرەکین لەلای من.

* بۆچی سوقرات نووسین بە فارماگۆن ناوزەد دەکات؟ یان چ وا لە فەیلەسووفێکی وەک سوقرات و پێغەمبەرێکی وەک عیسای مەسیح دەکا کە لە نووسین دووربکەونەوە و جەخت لەسەر گرنگی ئاخاوتن بکەنەوە، لەکاتێکدا ئەوە هەر تووت نییە بەهۆی داهێنان و جەخت کردنەوە لەسەر نووسین تیرۆر دەکرێت، بەڵکو لە مێژوویەکی تریشدا هەریەکە لەو فەیلەسووف و پەیامبەرەی کە ناومان بردن بەهۆی ئاخاوتنەکانیانەوە بە مەرگ حکوم دەکرێن؟

– ئەوە باکگراوندێکی میتافیزیکی قووڵی هەیە و من لە کتێبێکی تایبەتدا خستوومەتە ڕوو، بۆیە سانا نییە ئاوا بتوانین باسی لێوە بکەین، وەکو گوتم لەلای من میتۆلۆژیا سەرچاوەیەکی گرنگە و زۆر پشتی پێ دەبەستم، تەنانەت ئێستاش دوای ئەو کرانەوەیەی کوردستان بە ڕووی جیهاندا، من پێویستم بەوەیە چەند سەردانێکی میسر بکەم و لەنزیکەوە لەو مەسەلەیە بکۆڵمەوە و تۆژینەوەی مەیدای زۆرتر ئەنجام بدەم، هەر ئەوەشە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبەی دواخستووە. بەگشتی بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتێک هەبووە نووسین قەدەغە و حەرام بکات، دەسەڵاتێک هەبووە نووسین وەکو منداڵی بیژی بناسێنێت، نووسەران وەکو عەریزەنووس تەماشا بکات کە ڕووداوەکان گەورەتر دەکەن و حەقیقەت دەشێوێنن.

ئەوانەی من باسم کردن، تاکە نموونە نین لەنێو مێژوودا، ڕاستە لەلای من سوقرات و عیسای مەسیح

**هەڵوەشانەوەی ئەفسانەکان مانای وایە دەبێ جارێکی دی عەقڵی خەڵک فۆرمات بکرێتەوە، چونکە ڤایرۆس لێی داوە**

دوو نموونەی زۆر گەورەن، بەڵام نموونەکان زۆرترن و هێشتا سەرقاڵی دۆزینەوەی شتی تازە تریشم. بۆ نموونە، هزرڤان و فەلسەفەکاری یۆنانی فیتاگۆرس، ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکی نەنووسیوە و دوای مردنیشی شتێکی نووسراوی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، چونکە گەرەکی نەبووە خۆ پەیوەستی وشەی نووسراو– مردوو– بکات، تەنانەت داوای لە شوێنکەوتووانی خۆی کرد لە دوای مردنیشی، پارێزگاری لەکیان و جەوهەری هزر و فەلسەفەکەی بکەن، دوای ئەوەی جەستەی وەکو وشە مردار دەبێتەوە. ئا لێرەوە بەردەوام شوێنکەوتووان و قوتابییانی، ئەو قسەیەیان دووبارە دەکردەوە: «مامۆستا گوتی»، لەبەر ئەوەی مامۆستا نووسراوی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت، بۆیە کەس نەیدەگوت: «مامۆستا نووسیویەتی». مامۆستا نانووسێت، بەڵکو تەنیا دەدوێت و قسە دەکات. جگە لەوەی ئاماژەکردن بەو گوتەیە: «مامۆستا گوتی» مانای ئەوە نییە کە شوێنکەوتووانی ناتوانن جیا لەو کلێشەبەندییەی هزری فیتاگۆرس بیر بکەنەوە، بەڵکو ئەوان لەبیرکردنەوە بەپێی چوارچێوە هزرییەکەی ئەو ئازاد بوون، بەڵام کاتێک هزرڤان و فەلسەفەکارێک ڕوو بە ڕوویان دەبۆوەوە تا لەکاتی دیالۆگ و وتووێژدا خۆیان دەرباز بکەن، پەنایان دەربردە بەر (مامۆستا گوتی) تا لە پەنای ئەم سەنگەرەی مامۆستاوە پارێزگاری لە هزر و فەلسەفە و بۆچوونەکەی خۆیان بکەن. لە ڕاستیشدا ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە نووسینەکانی خۆیاندا، باس لە فیتاگۆرس ناکەن وەکو ئەوەی تاکە فەلسەفەکارێک بێت، ئەوان بەردەوام باس لە فیتاگۆرسییەکان دەکەن، لێرەدا نەنووسین و تۆمار نەکردن بواری ئەوەی بە قوتابییانی فیتاگۆرس دا بەناوی مامۆستا شیکاری و ڕاڤەکردن و قسە بکەن، خۆ ئەگەر هزر و فەلسەفەکەی مامۆستا تۆمار کرابایە و نووسرابایەوە، ئەوەیان بۆ نەدەچووە سەر، ئەگەرچی ئەوە مەسەلە سەرەکییەکەش نەبوو، بەڵام ئەوانە پێیان وابووە وشە لەکاتی نووسینەوەیدا دەمرێت، چونکە یەک مانا بەدەستەوە دەدات، تەنیا مانای ئەو شتەی باسی لێوە دەکات. ئەفلاتوون لە دیالۆگی (فیدرۆس)دا،

ڕەخنە لە نووسین و پرۆسەی نووسینەوە دەگرێت، گوایە شێوازێکی ماڵیکراوی پێوەندییە و ڕێگا بە لێکدانەوەی فرە و هەڵە دەدات، چونکە قسەکەر بۆ خۆی لەوێدا نییە کاتێ خەڵک بە هەڵە تێی گەیشتوون بۆچوونەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، بەڵام دەبینین ئەفلاتوون خۆی دێت پەنا بەهایی و مردوویی دەقی نووسراو دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ناچاری پەنا دەباتە بەر ئەم ژەهرە و نووسین پراکسیس دەکات. ئەستەمە لە نهێنی ئەو مەسەلەیە تێبگەین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاڤەکردن و ڕاوبۆچوونی خۆشمان هەیە، ئەو تا سەرمەدییەت و نەمری بەهزر و فەلسەفەی سوقراتی مامۆستای بدات، بۆیە پەنای بردە بەر نووسین، پاش ئەوەی تا دوا چرکەی کوشتن و ژەهردار کردنییەوە بە دیارییەوە دانیشت. دەشێت نووسین کاردانەوەی کوشتن و ژەهرخواردکردنی مامۆستاکەی بێت، کاتێک مامۆستاکەی مرد، توانای ئاخافتنیشی دەمرێت، باشترین ئەلتەرناتیڤی ژیان، وشەی مردووی نووسراوە کە لە بنەڕەتدا مردووە، بەڵام تەمەن درێژە. ئەفلاتوون ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کتێب وێنەی کەسی نووسەرەکان خۆیانە، وێنەیەکی لاڵ و بێدەنگە، ئەویش تا وێنای کەسێتی سوقرات بکات وێنەی لاڵ و بێدەنگی هەڵبژارد و لە سایەیەوە هزر و فەلسەفەی ئەوی خستەڕوو. ئەو بەردەوام لەسەر زمانی سوقراتەوە قسە دەکات و ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەوەش گەرەکیەتی لەناخەوە بڵێت: «ئەگەر سوقرات زیندوو بوایە، وای دەگوت»، بەم شێوەیە نەمرییەکی زێدە بە بەهای بەخشییە سوقرات، خۆ ئەویش دەیتوانی وەکو قوتابیانی فیتاگۆرس بڵێت: «مامۆستا گوتی»، بەڵام پێی وابوو هزری مامۆستاکەی لەوە مەزنتر و فراوانترە کە بشێت لە سایەی گوتنەوە دەربڕدرێت. ڕاستە ئەو نووسینی لاپەسند نەبوو، بەڵام لەناخەوە ئەوەی دەزانی ئەگەر شتێک نەنووسرێت و تۆمار نەکرێت، دەشێوێندرێت و بەشێواوی بڵاودەبێتەوە، ئەویش ڕێگای بە کەس نەدا هزرو فەلسەفەی مامۆستاکەی بەشێواوی بڵاوبکاتەوە، ئەوەبوو وشەی مردووی پەسندکرد، چونکە مامۆستاکەی خۆی بەر لە ئەوکاتە مردبوو و نەیدەتوانی ئامادەگی خۆی نمایش بکات. ئەفلاتوون ئەوەشی بینی چۆن ڕێنماییەکانی فیتاگۆرس لەسەر دەستی خودی قوتابیانی خۆی شێوێندرا، بۆیە ترسی ئەوەی هەبوو فەلسەفەکەی سوقراتیش لەسەر دەستی قوتابیانی بشێوێندرێت، جگە لەوەش قسەکردن بەناوی سوقرات و نووسینەوەی، درێژە پێدانی ئەو ململانێیە سیاسییە بوو کە لە ئەنجامدا سوقرات خۆی بووە قوربانییەکەی، ئەوەش کاردانەوەیەکی سیاسییانە بوو لەلایەن ئەفلاتوونەوە. ئەو نمایشەم بۆ هزر و فەلسەفەی گریکی کۆن، تەنیا بۆ ئاماژە بۆ ئەو باکگراوندە هزری و فەلسەفییە بکەم کە لە پایەی نووسینی کەم کردووتەوە، ئەو باکگراوندەی دەشێت لە چەندین ڕەهەندەوە بخوێندرێتەوە و ڕاڤە بکرێت، بەڵام ئەمڕۆکە و لەم سەردەمەی قۆناغی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا، مەسەلەکان گۆڕاون و بەشێوەیەکی تر دەردەکەون. ڕەنگە تووت یەکەم قوربانی دەستی نووسین بووبێت، بەڵام لەدوای خۆیدا بەسەدان هەزار قوربانی لێکەوتەوە، تەنانەت ئەمڕۆش نووسەران ڕاودەنرێن و هەڕەشەیان لێدەکرێت و زیندانی دەکرێن، ئەوەیە نهێنی نووسین، بەردەوام دەسەڵاتێک هەیە نووسین هەڵدەسەنگێنێت، وەزیفەیەک هەیە بۆ ئەوانەی هێڵی سوور بەسەر نووسینی خەڵکدا دێنن، پۆستێک هەیە بۆ چاودێریکردنی نووسین. نووسین وەکو چۆن لەلای هەندێک کەس گەورەترین پاڵپشتییە لە دەسەڵات و قەڵەم دەکرێت و دەفرۆشرێتەوە و موزایەدەی پێدەکرێت و نانی چەور و خانووی بەرز و سەیارەی جوانی بەدواوەیە، ئاواش گەورەترین مەترسییە لەسەر دەسەڵات و زیندان هەڕەشە و تۆقاندنی ئەو کەسانەی بەدواوەیە کە ڕازی نابن بچنە نێو مێگەڵ و قەڵەمەکانیان هەراج بکەن.

*** لای جاک دریدا نووسین و ئاخاوتن لە چ جۆرە پێوەندییەکدانە؟ ئایا لە مێژووی فەلسەفە و مەعریفەی مرۆڤایەتیدا نووسین ئەلتەرناتیڤی ئاخاوتن بووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دژایەتی توندی کراوە و بە ژەهر و ناوزەد کراوە؟**

- ئەوەی جاک دریدا بەدوایەوە وێڵ بوو، بریتی بوو لە تێگەیشتن لە پێوەندی دوالیزمی نێوان شتەکان، ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە کە بووە پێناسەی دریدا لەلایەنی فەلسەفی و ئەپستیمییەوە هەوڵدەدات ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە لۆگۆسێنترالیزمی خۆرئاوایی تەنیا و تەنیا وازییەکی زمانەوانییە و بەرزبۆتەوە سەر ئاستی شارستانییەت و کولتوور، خودی ئەو سێنترالیستییەش لە بنەچەدا پشتی بە چەندین سێنترالیستی دیکە

بەستاوە، کە بەگشتی بنەماکانی لۆگۆسێنترالیزم پێکدێنن، ئەگینا سێنتەر هەمیشە ئەو دیالۆگە بەردەوامەیە کە لەنێوان سێنتەر و پەراوێزدایە، ئەوەش چونکە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئابڕووبردنی میکانیزمی ئەپستیمی سێنتەر و لۆگۆسێنترالیزمییە بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆیە دەبێت وا تێی بڕواندرێت کە ئابڕوو بردنی سیستەمی میکانیزمی ئەپستیمی خۆرئاوایە کە بۆ خۆی ئەو سێنتەرەی داهێناوە و هەوڵ و کۆششە بۆ گوێگرتن لە دەنگی ئەوی دیکەی جیاواز و بەدواداچوونی جێکەوتە نادیارەکانە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو هات و لەو پرسەی ئاخافتن و نووسینی کۆڵییەوە و ڕێگایەکی ڕۆشن و گەورەشی لە بەردەمی مندا کردەوە، ئاسۆیەکی فراوان بۆ بیرکردنەوە و تێرامان و کاری سەخت. ئەوەی جێگای تێبینی و وردبوونەوەی دریدایە، ئەوەیە کە زمان زۆر لەسەرەخۆ هات مێژووی دوو هەزار ساڵی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردەوە و لە شێوەی نووسین بەرجەستەی کردن. بە مانایەکی تر، زمان گۆڕا بۆ نووسین، زمان واتا نووسین، بەم جۆرەش مەسەلەکە گۆڕا، نووسین کە شێوەیەکی تایبەتی زمان بوو، لقێک لە لقەکانی بەرجەستە بوونی زمان، بوو بە هەموو زمان و کۆی زمانی لەخۆیدا چڕ کردەوە. نووسین کە خۆی تەنیا دالی دالێکە، گۆڕاو لە ئاستی خودی زمانیشی تێپەڕ کرد، وەکو ئەوەی نووسین مانای زمانیش لەخۆیەوە بگرێت. بەو شێوەیە چەمکی زمان گۆڕاو بوو بە چەمکی نووسین، هەموو ئەو گۆڕانانە لای دریدا لەکاتێکدا ڕوودەدەن کە وێناکردنی خۆرئاوا بۆ زمان وا خۆی دەردەخات وەکو ئەوەی ماسکی نووسینێکی بەرایی و سەرەتایی بێت کە خۆی لە خۆیدا جەوهەریترە لەوەی کە ڕۆسۆ ناوی دەنێت پاشکۆی ئاخافتن کە مەبەستی نووسینە.

لێرەدا دەبینین لەلای ڕۆسۆ نووسین تەواوکار و پاشبەندی ئاخافتنە، دریدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گوایە نووسین بەهیچ شێوەیەک دوالیزم و بەدوایەک داهاتووی ئاخافتن نییە و مەرجیش نییە نووسین هاوتەریب و هاوشانی ئاخافتن بێت، بەڵکو لەلای ئەو نووسین پەیوەستە بە هەندێک مەسەلەی تر جگە لە ئاخافتن. ڕۆسۆ پێی وایە زمانی ئاخافتن زمانی دیالۆگی دڵە و زمانی نووسینیش زمانی وتووێژە لەگەڵ عەقڵدا و پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت کە نووسین ئەگەرچی وا دەخرێتە ڕوو گوایە کاری ئەوەیە زمان بچەسپێنێت و قایمی بکات، بەڵام هەر خودی نووسینە دەبێتە هۆی گۆڕینی زمان، ئەو گۆڕینەی ئەو قسەی لەسەر دەکات گۆڕینی وشە و دەستەواژە و پیتەکان نییە، بەڵکو گۆڕینی ماناکانی دەردەبڕینە.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر کتێبی «بنەچەی زمانەکان»ی ڕۆسۆ، کە دریدا خۆیشی زۆر دەچێتەوە سەری، دەبینین لە زیاتر لە شوێنێک ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان نووسیندا هەیە، مرۆڤ لە کاتی ئاخافتندا هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێت، کەچی لە چرکەساتی نووسیندا هزرو بۆچوونەکانی، لەکاتی نووسیندا ناچارە سەرجەم وشە و زاراوەکان بە مانا گشتییەکانیانەوە بخاتە ڕوو، بەڵام لەکاتی ئاخافتندا، لە سایەی گۆڕینی دەربڕینی دەنگەوە و لە سایەی گۆڕینی ڕیتمی دەربڕینەوە، مانا بەدەلالەت و وشە دەبەخشێت وبەو شێوەیەی کە خودی خۆی گەرەکییەتی مانایان پێبدات. مرۆڤ لە چرکەساتی نووسیندا، پیت و وشەکان دەنووسێتەوە، نەوەک نەغمە و ڕیتم و ئاستەکانی دەربڕین.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، نووسین لەلای ڕۆسۆ پاشبەندی ئاخافتنە، ئەو پاشبەندییە لەلای ئەو تەنیا لە زمانەوە نییە، بەڵکو لەلای ئەو پەروەردەش پاشبەندی سروشتە، کەواتە پاشبەند واتا یەکەم زانینی نووسین و بەلاوەنانی، ئا لەم حاڵەوە دریدا دێت کار لەسەر پاشبەندەکەی ڕۆسۆ دەکات، چونکە پێی وایە چەمکی پاشبەند دوو مانا لەخۆیەوە دەگرێت: پاشبەندکردن لە ڕووکەشدا ئەوەیە شتێکی نا پێویست بخرێتە سەر شتێکی کامڵ، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو خستنە سەرە بۆ تەواوکردنی ئەو شتەیە کە ئێمە پێمان وایە کامڵ و تەواوە، بە هەردوو ماناکەش پاشبەندکردن دەبێتە ڕەگەزێکی دەرەکی و نامۆ. لێرەدا نووسین وەکو شتێکی ناپێویست و دەرەکی و نامۆ، خۆی دەردەخات و دەکرێتە پاشبەندی ئاخافتن کە بۆ خۆی وا خۆی دەردەخات، گوایە کامڵ و تەواوە. بۆیە لەلای دریدا مادامەکی نووسین کراوەتە پاشبەندو جیاکراوەتەوە، ئەوە مانای وایە خاوەنی سیفات و مۆرکی جیاکراوەی تایبەت بەخۆیەتی کە لە ئاخافتنی جیا دەکاتەوە، ئەگەر نووسین لە ئافتنی جیا

نەبووایە، ئەوە نەدەکرا بە پاشبەندی، کەواتە ئەوە لەلای ئەو دانپێدانانە بەم جیاوازییەی نووسین کە لە ئاست ئاخافتندا هەیەتی.

* چ وا لە دریدا دەکات بڵێ باوەڕم بە کۆتایی فەلسەفە نییە؟ لەلایەکی تر دەبینین دوای ماوەیەک مشتومڕ لەسەر تێزەکەی فۆکۆیاما خەریکە دوا پیاوەکە ببێتە ڕاست؟ ئەمەیان چۆن دەبینی و تێڕوانینت بۆ ئایندەی فەلسەفە لەم دنیا تاک جەمسەرییەدا چۆنە؟

– ماوەی چەند مانگێکە خەریکی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی کۆتایی فەلسەفە، ئەگەر کاتم هەبێت ڕەنگە بتوانم لە ماوەی شەش مانگی تردا تەواوی بکەم. ئەو کتێبە تایبەت دەبێت بەوتووێژ کردن لە بارەی پرسیارێکی لەو جۆرە، پرسی کۆتایی فەلسەفە، ئەوە مەسەلەیەکە زۆر بەهێزەوە ئامادەیی هەیە، ئێستاش نییە خراوەتە ڕوو، لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەو تێزە دەکۆڵمەوە، بنەماکانی بانگەشەیەکی وا دەستنیشان دەکەم، هەڵمداوە بگەمە ئەو چرکەساتە مێژووییەی کە تێیدا بۆچوونێکی لەو جۆرە هاتۆتە بوون. دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر هیگڵ، تا ئێستاش پێم وایە ڕەنگە سەرەتاکانی بۆچوونێکی لەو جۆرە لەنێو فەلسەفەکەی هیگڵدا بوونی هەبێت، دواتر دێمە سەر دۆرکهایمەرو فرانکفۆرتییەکان، پاشان دەگەمەوە جاک دریدا، هەوڵدەدەم وتووێژێک لەنێوان ئەو سێ پیاوە دروستبکەم و پرسی کۆتایی فەلسەفە لەلای هەر یەکێکیان بەو شێوەیە پیشان بدەم کە لێیان تێگەیشتووم، تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی (ئەپستمۆلۆژیاو فەلسەفە)شم لە هەمان چوارچێوەدا دەسوڕێتەوە، چونکە هەوڵدا لە پێوەندی نێوان زانست و فەلسەفە تێبگەم، بۆ ئەوەی بتوانم ئەو مەودایە دەستنیشان بکەم کەتێیدا زانستەکان لە فەلسەفە دوور کەوتوونەتەوە. لەبەرگی دووەمی ئەو کتێبەشدا کە ماوەی چەند ساڵێکە کاری لەسەر دەکەم و ڕەنگە لە ماوەی یەک دوو ساڵی تردا تەواو بێت، دێم ڕێچکەی پێشکەوتنی زانستەکان دیاری دەکەم، ماتماتیک، ئەندازە، فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی، بۆ ئەوەی بزانم ئایا زانستێکی ئەپستراکت دەتوانێت بەبێ فەلسەفە پێشبکەوێت، یا هەموو پێشکەوتنێکی زانستی دەبێت فەلسەفەیەکی لە پشتەوە بێت.

بێم وایە فەلسەفە کۆتایی نییە، لەگەڵ ئەو ڕایەی دریدام کە دەڵێت تەواو بوون هەیە، بەڵام کۆتایی نییە، چونکە ڕەنگە سەردەمی جۆرێک لەبیرکردنەوەی فەلسەفی تەواو بووبێت، مۆدێلێکی فەلسەفی بەسەر چووبێت و بووبێتە بەشێک لە مێژوو، بەڵام فەلسەفە وەکو ناوەرۆک و مانا هەر دەمێنێت، ئەوە ئەو گریمانەیە کە هەوڵدەدەم بیسەلمێنم.

* تۆ بایەخێکی زۆر بە کردەی وەرگێڕان دەدەیت، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایی بابەتە بڵاوکراوەکانت زیاتر بە لای وەرگێڕان دایە.. باشە چۆن دەتەوێ ئەو دیدەی جاک دریدا بسەلمێنیت کە وەرگێڕ بە نووسەری دووەمی دەق ناو دەبات؟

– وەرگێڕان چەندە پێویستە، ئەوەندەش کارێکی زەحمەت و ئەستەمە، چونکە وەرگێڕان بریتییە لە هاوسەرێتی نێوان دوو زمانی جیاواز لە میانەی دەقدا، لە هەمان کاتدا هاوسەرێتی نێوان وەرگێڕو زمانەکەی خۆیشیەتی. وەرگێڕان گەڕانەوەیە بۆ مانای ئەسڵی و دەقی ئەسڵی، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنێکی زیاترو نزیکتر، سەرکێشییەکی خۆشە. وەرگێڕان کارێک نییە بەبێ زەرەربێت، بەردەوام وەرگێڕان زەرەری خۆی هەیە، دەق لەهەر زمانێکەوە بگوازرێتەوە بۆ زمانێکی تر، دەچێتە ژێر باری سینتاکس و ڕێزمانی ئەو زمانە تازەیەوە، زمانێکی تازە دێت دەق دەهەژێنێت و تووندو تیژی لەبەرانبەردا بەکاردێنێت و کۆنترۆڵی دەکات، لە ڕێگای ئەو کاری تووندو تیژییەوە، زمانەکان باشترین وشەی خۆیان دادەتاشن و بەکاری دێنن. هەموو جارێک دوای ئەوەی کتێبێک یا لێکۆڵینەوەیەک وەردەگێڕم و تەواو دەبم، لەبەر خۆمدا دەڵێم جارێکی تر کاری واناکەمەوە! بەڵام لە ناوەوەمدا منداڵێکی سەرکێش و لاسار هەیە، هانم دەداتەوە دووبارە کاری وا بکەمەوە. ڕەنگە ئەوە زۆرتر پێوەندی بەو چێژە ئازار بەخشەوە هەبێت کە وەرگێڕانی دەقێکی سەخت پێمانی دەبەخشێت، ئەو هەموو گومانە لە ئاست وەرگێڕاندا هانم دەدات.

هۆکارێکی تری وەرگێڕان لەلای من، ئەوەیە هاوڵاتیانم لەو دەقە جوان و نایابانە بێ ئاگا نەبن کە بەزمانی تر نووسراون، بەردەوام دەمەوێت هەموو ئەوانەی من چێژیان لێوەردەگرم، خەڵکی تریش چێژیان لێوەربگرێت. من بەر لەوەی وەرگێڕبم، وەرگێڕ بووم، چونکە سەرەتا دوای

ئەوەی کۆمەڵێک وتارم بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەکان بڵاوکردەوەو کتێبی یەکەمی خۆشم هەر بە عەرەبی نووسی، دواتر هاتم کتێبەکەی خۆمم وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی، ئینجا بڵاوم کردەوە، بۆیە سەرەتا من عەرەبییەکەم لە کوردییەکەم باشتر بوو، مامۆستا عەباس عەبدوڵڵا یووسف زۆر هانیدام کوردییەکەم باشتر بکەم و بەردەوام ڕێنمایی دەکردم. وەرگێڕان چۆن خیانەتە لە دەق و نووسەرو زمان، ئاواش نووسینەوەی دووەمی دەقە، بۆیە ئەگەر وەرگێڕ خائین بێت، بەڵام لە دواجاردا ئەو کەسەیە کە جارێکی تریش دەقەکە دەنووسێتەوە، کاهینێکی فیرعەونییە بۆن و بەرامی خۆش بەسەر خوێنەراندا بڵاو دەکاتەوە.

* بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستاماندا وەرگێڕان زیاتر بووەتە پیشەیەک بۆ نان پەیداکردن، بۆ نموونە دەبینین کەسێک لە ماوەیەکی کورتدا چەند ڕۆمانێک لە زمانی فارسی یان عەرەبی وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی بێ ئەوەی لە پێشدا تەنانەت یەک وتاریشی لەو زمانانە وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی، یان وەرگێڕانی کتێبێکی فیکری و فەلسەفی لە عەرەبی و زمانی ئینگلیزی- کە چەندین هەڵەی مەعریفی و زمانەوانی تێدەکەوێت- لەبەر ئەوە دەبینین وەرگێڕان لەسەر کێشەیەکی ئەدەبییەوە بۆ پەیداکردنی ناوو دەسکەوتی ماددی دەگۆڕێت؟ کەواتە چۆن ئەو لەشکرە وەرگێڕە دەبنە خاوەنی دووەمی دەق؟

– ئەوەش کێشەیەکی ترە، کێشەی ئەو هەموو کتێبە وەرگێڕدراوە سەقەتەی کە مرۆڤ هیچ چێژێکیان لێوەرناگرێت، مانگانە بەدەیان کتێبی لەو جۆرە لەلاین دەزگاکانی چاپ و بڵاو کردنەوە دەکەونە بازاڕەوە، پێم وایە دەزگاکان دەبێت پێش ئەوەی بڕیاری چاپکردنی ئەو کتێبانە بدەن پێویستە بیدەنە کەسێکی شارەزا لەو زمانەی لێیەوە وەرگێڕدراوە تاوەکو بەراوردی بکاتەوەو هەڵەو کەموکوڕییەکانی کەمتر بکاتەوە، بەمەرجێک ناوی ئەو کەسەشی بەسەرەوە بێت کە پێیدا چووتەوە، تاوەکو بەشێک لە بەرپرسیارێتییەکە بەر ئەویش بکەوێت. تەماشاکە وەرگێڕان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هزری و دەسکەوتنی سەرچاوەی تازەو نوێ لەنێو وڵاتاندا، لەم ڕوانگەیەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بەمەرجێک پێڕەوی لە بنەما زانستییەکان بکرێت، هەروەها دەبێت تەماشای بەهای ئەو کتێبەش بکرێت کە وەردەگێڕدرێت. ئەوەی ئێستا هەیە کارێکی بازرگانییە، کە بێگومان لایەنی بازرگانیش پێویستەو خودی چاپ و باوکردنەوە بەشێکی پەیوەستە بەلایەنی قازانج و دەسکەوتی مادی، هەروەها وەرگێڕەکانیش گرنگە بەشێکیان لەو قازانجە دەسکەوێ و بە مەرجێک کاری نایاب و جوان بێت.

* مۆدێرنیتە کە دێت یەکەم جار لە مێژووی هزری مرۆڤایەتی مەرگی میتافیزیکا ڕادەگەیەنێت، واتە عەقڵ جێ بە خورافەو غەیبیانیەت لێژدەکات....بەدیدی تۆ تا چەند ئەو ڕاستییە لەنێو ستراکتۆری کولتووری خۆرئاوا بووە حەقیقەتێکی سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی؟

– ڕەنگە من لەو پێگەیەدا نەبم بتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە بە واقیعی لەنێو جوگرافیای خۆرئاوادا نەژیاوم تاوەکو بتوانم ئەو ڕاستییەی تۆ باسی دەکەیت بپێوم، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە مەرگی میتافیزیکا ئەوەندەی دروشمێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بووە، ئەوەندە لە واقیعدا نەهاتۆتە دی، جگە لەوەش هێشتا قسە لەسەر ڕۆڵ و ئەرکە بەجێماوەکانی مۆدێرنە دەکرێت، هێشتا گوتارێک هەیە کە هابرماس بانگەشەو ڕابەرایەتی دەکات و پێی وایە مۆدێرنە کۆتایی نەهاتووەو پرۆژەیەکی ناتەواوەو دەبێت تەواو بکرێت. سەبارەت بەبڕگەی دووەمی پرسیارەکەت لەبارەی ڕۆڵی عەقڵ لەنێو کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا، ئەوە دەکرێت قسەی زۆرتری لەسەر بکرێت، چونکە باڵادەستی عەقڵانییەتی زانستی بووە هۆی ئەوەی ئامێرگەرایی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەگەر لەگەڵ دیکارت گومان دێتە پێشەوەو دەبێتە بەشێک لە ئەرکە بەردەوامەکانی عەقڵ و گومانکاری دەبێتە ستراتیژییەتی عەقڵ، ئەوە لەگەڵ کانت پرۆسەکە پێشڤە دەچێت و ڕەخنە لە عەقڵ دێتە پێشەوە، بۆیە لە کاتێکدا کە عەقڵ خۆی ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدات، لەهەمان کاتیشدا خۆی دەخاتە بەربنەمای ڕەخنە، بۆیە ڕەخنە لە عەقلّی پەتی و عەقڵی کردارەکی دێتە پێشەوەو دەبێتە ستراتیژییەتێکی هزری. با ئەوەش لەبیر نەکەین، خۆرئاوا لەبەشێکی گەورەی مێژووی خۆیدا لەنێو پرۆژەیەکی عەقڵانیدا بووە، بۆیە ئەگەر یۆنان بکەینە پێوەر بۆ شارستانییەتی خۆرئاوا، ئەوە دیارە پێگەی عەقڵ لە کوێدا بووە، بەردەوام بەشێک بووە لە بونیادی کولتووری، ڕەنگ لە هەندێک چرکە ساتی مێژووییدا

بەشێکی لاوەکی بووبێت، بەڵام گوتارێکی ئامادە بووە، ئەگەرچی لەنێو کەمایەتییەکیشدا بووبێت.

* لەکاتێکدا هزر بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە تەک واقیع و مێژوودا هەڵسوکەوت دەکات، کەچی ئەدەب لە ڕێی خەیاڵەوە واقیعمان بۆ وێنا دەکاتەوە، کەواتە کامانەن ئەو سەرە داوانەی ئەدەب و هزر بەیەکەوە دەبەستنەوە؟

– لە نێو هەموو کارێکی ئەدەبی داهێنەردا هزر ئامادەیی هەیە، بۆیە پێم وانییە هزرو ئەدەب لەیەکتری دابڕاو بن، ئەگەر مەبەستیشت ئەو پۆلێنە تەقلیدییەی کاری ئەدەبی و کاری هزرییە، ئەوە من لەمێژە بڕوام بەو جۆرە پۆلێنانە نەماوە. بڕوانە شاکارە ئەدەبییە مەزنەکان تەژین لە هزرو فەلسەفە و خەیاڵی داهێنەرانە.

* ڕۆشنبیریی کوردی هەمیشە شوناسێکی ئەدەبی هەبووە... یەکەم جار ئەو نائامادەییەی هزرو فەلسەفە لە مێژووی ئێمەدا بۆچی دەگەڕێتەوە، دواتر ئایا بەم هەولانەی ئەم چەند ساڵە لە بواری هزرو فەلسەفەدا هەیە تا چەند ئەم ڕۆشنبیرییە توانیویەتی ئەم شوناسە تاقانەو تەقلیدییە تێپەڕێنێت؟

– تێپەڕاندنی ئەو شوناسە تەقلیدییەی باسی دەکەیت بەچەند ساڵێک ئەنجام نادرێت، ئەوە پێویستی بە پرۆژەیەکی تەواو، پێویستی بەستراتیژییەتێکی هزرییە کە بتوانێت پەرە بەهزرو بیرکردنەوەی فەلسەفی بدات، بۆیە ئەوە نە کاری چەند کەسانێکە کە ڕەنگە بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن، نە بە ماوەی چەند ساڵێکیش ئەنجام دەدرێت. گەورەترین کێشە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگایەکی خێڵەکی کە لەسەر بنەمای سۆزی خێڵەکی دامەزراوە، دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەک کە لەسەر عەقڵ و لۆژیک بووەستێت، ئەوە گەورەترین بەربەستی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەلایەتی– سیاسییە. هەر کاتێک ئەو وەرچەرخانە ڕوویدا، ئەوە دیارە ئێمە دەبینە خاوەنی دەیان هزرڤان و بیریار کە لە دەرەوەی ئینتیمای خێڵ و سۆزی خێڵەکییەوە بیر بکەنوە، چونکە هێشتا بەشێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئێمە لە پشت ناوی خێڵ و بنەماڵەوە خۆیان شاردۆتەوە، هێشتا بایی ئەوە ئازایەتییان تێدا نییە خۆیان وەکو کەسایەتی خۆیان پیشان بدەن، بێگومان ئەوەش کۆمەڵێک ئیمتیازاتی بۆ ئەوان تێدایە و گرەوی لەسەر دەکەن.

من وایدەبینم ئەو کێشە مۆرالییەی پەیوەستە بە کارو ئامانجی گەورەی ڕۆشنبیر لەم وڵاتەی ئێمە، لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژییە، بەمانایەکی تر کێشەیەکە پەیوەستە بە بونیادی ئەو زیهنییەتەی کە کاراکتەری ڕۆشنبیر بە کاراکتەری سیاسی و کۆی کاراکتەرەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا یەکسان دەکاتەوە؟ نازانم تا چەند لەگەڵ ڕاکانم دای ئایا کامانەن ئەو ئالیەت و ڕێگایانەی بتوانن ئەو واقیعە ساختەیە لە ئایندە تێپەڕ بکەن؟

* کاتێ ئیرادە ئامادە نابێت پێداویستی بۆ باوەڕ بە تینتر دەبێت، کاتێکیش ئیرادە جڵەوی ڕابەرێتی دەگرێتە دەست ئەوە نیشانەی گەورەیی و هێزە، بە دەربڕینێکی تر کەمینەی خەڵکی دەزانن چۆن ڕابەرایەتی خۆیان بکەن، بەڵام زۆرینە خۆیان دەدەنە دەست ئەوانەی ئارەزووی ڕابەرایەتی زۆر دەکەن وەک، خواوەند، میر، چین، پزیشک، پیاوانی ئایینی، بیروباوەڕیان ویژدانی حیزبی.. تا چەند ڕۆشنبیری کوردی خاوەنی ئینتلجنسیایکە توانیبێتی هەڵگری ئەو ئیرادە نیتشەوییە بێت کە دواجار لە بەرامبەر کۆی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا شوناسێکی جیاواز و بەهێز و سەربەخۆ بێت؟

– ڕۆشنبیری کوردیش بەشێکە لەو کۆمەڵگایە و دەرکەوتەی ئەو کۆمەڵگایەیە، بۆیە ناتوانێت ببێتە شتێک و لە دەرەوەی ویستی ئەو کۆمەڵگایەدا بێت. ئەو ئیرادە نیتشەییەی باسی دەکەیت، بەزەحمەت لەنێو پێکهاتەی کەسایەتی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمەدا دەردەکەوێت. جگە لەوەش ئێمە هێشتا نەبووینەتە خاوەنی ئینتلجنسیا تاوەکو بتوانێت ڕۆڵی ئاراستەکاری کۆمەڵگای هەبێت، یا بتوانێت شتێک لەو واقیعە سیاسی و کۆمەلایەتییەی ئێمە بگۆڕێت، بۆیە ئەویش ناتوانێت خاوەنی شوناسێکی جیاواز و سەربەخۆو بەهێزبێت، چونکە دەبێت ئەو شتانە لەنێو کۆمەڵگادا بەدەست بێنێت، کە هێشتا کاتی بەدەستهێنانی نەهاتووە. ڕۆشنبیرانی ئێمە بەگشتی، لە دواوەی ڕووداوەکانن، ئەو کاتە دێن کە تازە شتەکان ڕوویانداوەو تەواو بوون، بەمانای ئەوان بەردەوام درەنگ دەگەن، کاتێکیش درەنگ دەگەن، ئەوە ناتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت. بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی

کوردیش وەکو بەشێک لە کۆمەڵگا پیاوی دەسەڵاتن، ئەوان بەشێکن لەشەڕی تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵک و ملکەچ پێکردنیان، بۆیە ڕۆڵی ڕۆشنبیران زۆر لە جەنگاوەران مەترسیدارتر بووە، ئێستاش ئەو ڕۆڵەیان ماوەو لە وێنەی نەسیحەتکەرێکەوە خۆیان پیشان دەدەن و داوات لێدەکەن لەبارەی ئەو بابەتە و ئەو مەسەلەیە نەنووسیت، ڕۆشنبیران لەبری ئەوەی داکۆکی لە ئازادی بکەن، داکۆکی لە جەللادان دەکەن و وێنەی قوربانیان دەشێوێنن.

* بەتەسەوری تۆ چ شتێک وای لە ئێمە کرد لەناکاو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی ببێتە خەمی سەرەکیمان و لەوەش سەیرتر چی وایکرد بەهاوبەشی کتێبێک لەبارەی مرۆڤناسییەوە بنووسین؟

– دیارە نووسینی پرۆژەی هاوبەش ئەنجامی بیرکردنەوەی هاوبەشە، من حەز لەو جۆرە پرۆژانە دەکەم کە دەبێتە هۆی ئەوەی هانی کاری زیاترم بدات. پێم وایە ئەوەشم لە تۆدا دۆزییەوە، تێڕامان و بیرکردنەوەی ورد لە کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی، زۆرجار بەر لەوەی بچینە نێو ئەو پرۆژەیەوە وتووێژمان دەکرد، پێم سەیر بوو کە هێشتا ئەو بیرکردنەوە و بۆچوونانەت نەنووسیبۆوە. من لە کۆتایی ١٩٩٤دا بڕیارمدا دەبێت شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا بکەم و بچمە ناویەوە، ئەگینا تێگەیشتنی من ئەو کات بۆ مرۆڤ ناتەواو بوو، بۆیە دەبووایە ئەو کائینە بناسم کە لەسەر دوو پێ دەڕوات و ناوی مرۆڤە، ئەو ئاژەڵە بناسم کە قسە دەکات و دەدوێت و دەنووسێت، ئەوەبوو یەکەم جار کتێبێکی ئەنترۆپۆلۆژیم کڕی و خوێندمەوە، ئەوە سەرەتا بوو، دواتر بەیەکەوە کەوتینە سەری. ئەو کتێبەمان ئەنجامی دیلۆگی بەردەوامی نزیکەی پێنج ساڵی نێوانمان بوو، تاوەکو توانیمان بگەینە هەندێک بنەمای هاوبەش بۆ بیرکردنەوەو لەیەکتر نزیکبوونەوە، تەنانەت وەکو ئەوەی لە پێشەکییەکەشدا نووسیومانە، دوای ئەوەی تەواو بوو، کاتێک ئامادەشمان کردبوو بۆ چاپ، هێشتا لێی دوو دڵ بووین و لێ ڕازی نەبووین. دیارە ئەوە یەکێکە لە پرۆژە گەورەکانی من و پێی خۆشحاڵم و خۆشم دەوێت، چونکە کاتێک ئێمە هاتین لەو بوارەمان نووسی، کەسێک نەبوو باسی ئەنترۆپۆلۆژیا بکات، کەس نەیدەزانی مرۆڤناسی چییە، توێژینەوە، یان تەنانەت وتارێکیشی لە بارەیەوە نەنووسرابوو، بەلای کەم ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بووین لە ناوەوەی کوردستاندا، چونکە دەزانی ئەوکات نەمان دەزانی لە دەرەوەی کوردستاندا چی ڕوو دەدات.

ئەوەی ئێمە کردمان کارێکە نەکراوە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتێکدا کە هیچ حزبێک و دەزگایەکی ڕاگەیاندنت لە پشت نەبێت، وەکو ئەوە وایە کە هیچت نەکردبێت، بەڵام ئێمە کردمان و پێم وایە لە ساڵانی داخاتوودا گرنگی و بایەخی ئەو کتێبە بە دەردەکەوێت.

* غادە سامان دەڵێت نووسەری ڕاستەقینە دوا داینەسۆری ئەم سەردەمەیە، تۆ چەند لەگەڵ ئەو ڕایەدایت، ئایا زاڵبوون چەمکی دیماگۆجیەت و کاپیتالیزمە، قڕان بەکاراکتەری نووسەری ڕاستەقینە دێنێ یان چ شتێکی دیکە لە ئارادایە؟

– بێگومان نووسەری ڕاستەقینە کەسێکی بەنرخ و گرانبەهایە و لە ئێستادا خەریکی لەناو چوونە، چونکە سەردەمی ئێمە، سەردەمی بەرهەمهێنانی نووسەرو پیاوی بچووکە، ئەوانەی لە دەرەوەی عەباو ڕەشماڵی حزبەکانەوە نەبێت، ناتوانن بژین، نووسەری بۆنەو موناسەبات، ئەوانەی بۆ ئەوە دەنووسن تاوەکو پارچە عەرزەیەکیان بەرکەوێت، یا بگەنە مەسئوولێک و داوای دەفتەرە دۆلاری لێبکەن. ئەوانەی لە پەنای نووسینەوە کاری جاسووسی و موخابەراتی دەکەن، ئەوانە بەرهەمی ململانێی حزبایەتی و شەڕی ناوخۆن، بەداخەوە ئەوەندەی ئەوانەش لەنێو دەسەڵاتدا ئیعتیباریان هەیە، نووسەرێکی جدی ئەو ئیعتیبارەی نییە. کێشەکە لەوەدایە دەسەڵات و حزب نووسەرو قەڵەمەکانیان دەکڕن، بەدەیان قەڵەمیان لە ئەوروپا کڕی و هێنایانەوەو پۆستیان پێدان، تەنانەت خۆیشیان ئەوە ناشارنەوەو ناوی دەنێن قەڵەم کڕین، بۆیە هەر نووسەرێک کە پرۆژەیەکی نەبێت، ئاسانە بەدەفتەرە دۆلار بکڕدرێت.

* بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دیاردەیەک لە نێو ڕۆشنبیریی کوردی دەبینم ئەویش دورستکردنی «نووسەرو ڕۆژنامەنووسە» لە سایەی ژمارە زۆرو زەوەندەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان؟

– ئەوەش هەر بەشێکە لەو پرۆژەیەی قەڵەم کڕین، ئەوە پرۆژەی قەڵەم دروستکردنە، ئێستا حزبەکان کارگەیان هەیەو نووسەرو ڕۆژنامەنووس دروست دەکەن و بەرهەم دێنن، ناویان لەو کارگانە ناوە کۆلیژو پەیمانگای

ڕاگەیاندن.

* بۆچی بیرکردنەوەی کوردی نەیتوانیوە دابڕانێکی ئەبستمۆلۆژی لەگەڵ پێش خۆیدا بکات؟

- چونکە دابڕان پێویستی بە لەیادکردنی مێژوو هەیە، پێویستی بەوەیە بەشێوەیەکی تازەتر دوور لە بیرکردنەوەی تەقلیدی بیر بکرێتەوە، ئەوەش خاڵێکە لەگەڵ بیرکردنەوەی کوردی ناکۆکە، چونکە ئێمە بەردەوام بە مێژووەوە گرێدراوین و ناتوانین لە دەرەوەی ڕابردوودا خۆمان بەدی بکەین، هەر بۆیەش هەستی مەغدووری لەنێو کورددا زۆر بەهێزە، بەشێوەیەک هەموومان هەست دەکەین غەدرمان لێکراوە، تەنانەت حکومەتی کوردستانیش لەو هەستە بەدەر نییەو بەردەوام هەست بە مەغدووری دەکات و پێی وایە خەڵک بە ویژدانەوە تەماشای کار و چالاکییەکانی ناکەن. دابڕانی ئەپستمۆلۆژی بریتییە لە چرکەساتی دابڕان لە ڕابردوو.

* پێم وابێ نەخۆشییەکی کوشندە بەری بە بزاوتی ڕۆشنبیریی کوردی گرتبێت، مەسەلەی مۆنۆپۆلی ڕۆشنبیریی بێت، بۆ نموونە تا ئێستا ڕۆشنبیرە مۆدێرنیست و پۆست مۆدێرنیستەکانی کوردی نەیانتوانیوە لە گرێی ناوچەگەری و شارچێتی دەربازیان بێت، جگە لەوەش لەم ڕۆژگارەدا ئەوە دەسەڵاتی میدیاکانن کە هەم کەسانێک لە گۆڕەپانەکەدا دەکەن بە پاڵەوان و هەم داهێنەرە مەزنەکان پاسیڤ دەکەن. لێرەوە تۆ چۆن لەم دۆخە ناتەندروستە دەڕوانیت و ئایندەی ئەو شانۆگەرییە چۆن دەبینیت؟

- ڕەنگە ئەوە کێشەی هەرە سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی بێت، عەقڵییەتی ناوچەگەرێتی و شارچێتی ئێستا لە هەموو کاتێکدا بەهێزترە، بۆیە لەبەردەم حیساباتی شارچێتیدا، هیچ حیسابێکی تواناو کەفائەتی کەسەکان ناکرێت، ئەوەش دیسانەوە ڕۆشنبیرانی کورد نەوەکو هەر دەستیان تێدایە، بگرە ئەوان بکەری سەرەکی پرۆژەی لەو جۆرەن و هەر ئەوانیش ئەو جۆرە پرۆژانە بەڕێوە دەبن.

تەماشاکە بزانە کامە ڕۆشنبیری دەتوانێت لە دەرەوەی ئە بازنەیە بیر بکاتەوە؟ کامە سیاسەتمەدار دەتوانێت ئەو هاوکێشەیە فەرامۆش بکات، حاڵەکە وای لێهاتووە تەنانەت مەکتەبی سیاسی حزبەکانیش ناتوانن لێی دەربچن، ئەوە لەکاتێکدا حزب ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەبێت ئەڵتەرناتیڤی عەقڵییەتی عەشیرەت و ناوچەگەرێتی بێت و لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی دامەزراوە، لەو لایەنەوە مۆدێرنیست و پۆست مۆدێرنەکان ڕووی یەک دراون و وەکو یەک بیر دەکەنەوە، بێگومان من قسە لەسەر ئیدیعا کردن ناکەم، چونکە قسە شتێکەو واقیعیش شتێکی تر، ئێمە لە واقیعدا ئەوە دەبینین کە ئەوان ناتوانن لە دەرەوەی ئەو هاوکێشەیە بیر بکەنەوە.

سەبارەت بە ڕۆڵی میدیاکان، ئەوە دیارە میدیاکان ئامانجیان چییەو کار بۆ چی دەکەن، بۆیە میدیاکانیش بەشێکن لەو واقیعە شێواوەی کۆمەڵگای کوردی تێیدایە بەگشتی و پێم وایە ئایندەی شانۆگەرییەکی لەو جۆرە، خراپ و ناشیرین دەبێت و کار دەکاتە سەر ڕەوشی پێشکەوتنی میدیاکان بەتایبەتی و کۆمەڵگاش بەگشتی.

* چی وا لە تۆ دەکات کە هەمیشە حەز بە شانۆگەری پانتۆمایم بکەیت؟

- چونکە بواری ئەوەم پێدەدات دەسەڵاتێکم هەبێت لە دارشتنەوەی دەقدا، بە مانایەکی تر سەربەستم دەکات لە ڕاڤەکردن و ئاسۆی بیرکردنەوە فراوانتر دەکات، جگە لەوەش جوانی جووڵەو بزاڤی جەستەی ئەکتەرەکان دەردەخات، لەبری ئەوەی ئەکتەر بیر لەوشەو موفرەدات بکاتەوە، بیر لە داهێنانی جووڵەی جوانتر دەکاتەوە، بۆیە پێم وایە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەکتەریش داهێنانی زیاتر بکات و باشتر تەعبیر لە ڕاکانی خۆی بکات لە ڕێگای جووڵەی جەستەوە. زۆر چێژم لەو شانۆیانە وەردەگرت کە هاوڕێم نیهاد جامی لەسەر ئەو فۆڕمە نمایشی دەکردو پێم وایە باشترین نمایشەکانی ئەویش هەر لەنێو ئەو فۆڕمە نمایشانەدا بەرجەستە دەبوون.

* دوا پرسیارمان ئەوەیە لە پیدرۆ پارامۆدا چیت لە بارەی مرۆڤ و یادەوەری بەدی کرد؟

- پیدرۆ پارامۆ ڕۆمانێکی فەلسەفییە، ڕەنگە تا ئێستا زیاتر لە پێنج جار خوێندبێتمەوەو لێی تێر نابم، کەشوهەوای نێو ڕۆمانەکە ئەفسووناوییە، لەوە تێگەیشتم یادەوەری چەندە مەترسیدارە، چ هێزێکی کاولکاری هەیە و چۆن دەتوانێت گەمە بە عەقڵی مرۆڤ بکات و واقیع بکات بە خەیاڵ و خەیاڵیش بکات بە واقیع، لەوە فێر بووم زەمەن چ کارەساتێک دەنێتەوەو شوێن چۆن لەنێو پانتایی خەیاڵدا جێگیر دەبێت و ناوچەی ئەسڵی چۆن

دێتە کایەوەو سەرهەڵدەدات، تەنانەت بەشێکی گەورەی کتێبی ئەنترۆپۆلۆژیا کە من لە بارەی شوێنەوە نووسیبووم، لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە ڕۆڵ و پێگەی شوێن لەنێو ئەو ڕۆمانەدا لەلام دروستبوو. بەداخەوە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ماوەی چەند هەفتەیەک سەرقاڵی ئەوەبووم توێژینەوەیەکی لە بارەی ڕۆڵی شوێن و ناوچەی ئەسڵی و یادەوەری لەنێو ئەو ڕۆمانەدا بنووسم، بەڵام دەرەقەتی نەهاتم و بۆم تەواو نەکرا.

**کتێبە نووسراوە چاپکراوەکان:**

١- فەلسەفەی دەوڵەت، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی سیاسی مێژوویی.
٢- سیستەمی سیاسی، هزرو فەلسەفەی سیاسی.
٣- هیگڵ.
٤- ئەپستمۆلۆژیاو فەلسەفە، بەرگی یەکەم.
٥- ئەنترۆپۆلۆژیا، بەهاوکاری دیار عەزیز شەریف.

**کتێبە وەرگێڕدراوە چاپکراوەکان:**

١- قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەهاوکاری ئیسماعیل کوردەو نووری بێخاڵی.
٢- هەڵوەشاندنەوەگەرایی.
٣- بیرمەندان لە هەزارەی سێیەم ڕادەمێنن.

**کتێبە نووسراوە چاپ نەکراوەکان:**

١- ئینسکلۆپیدیای ڕێبین-ی فەلسەفی.
٢- جاک دریداو هەڵوەشاندنەوە.
٣- سەرهەڵدانی فەلسەفە لەنێوان خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا.
٤- توێژینەوەی فەلسەفی.
٥- ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، بەرگی دووەم.
٦- لە ئاخافتنەوە بۆ نووسین.
٧- کۆتای فەلسەفە لە هیگڵەوە بۆ دریدا.
٨- فەلسەفەی فەلسەفە.

**کتێبە وەرگێڕدراوە چاپ نەکراوەکان:**

١- تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە بۆ هابرماس.
٢- جاک دریدا، وتووێژ.
٣- جەنگ و شارستانییەت و خۆشەویستی و مردن، فرۆید.
٤- فەلسەفەی هیگڵ.
٥- فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژیا، بە هاوکاری ئەژین عەبدولخالق.
٦- زانستە سیاسییەکان، بە هاوکاری موحسین ئەدیب.
٧- مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە.
٨- فەلسەفەی جیل دۆلۆز.

# مەم و زین ڤەڕێژەکا ئەفسانەییە یان ژی راستیەکە هاتیە رویدان

## ڤەکۆلینەکا بەراوردکارییە و بۆچوونەکە دەربارەی داستانا مەم و زینا نەمرا خانی

وەلید حاجی عەبدولقادر
(دوبەی)

(١-٢)

لدویڤ ئەویٚ بانگەوازییا مامۆستا محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلانی کری، کو سالا (١٩٩٥)یٚ ببیتە سالا خانی و مەم و زینیٚ.. گەلەک دەستەو رێکخراو و کەسایەتییێن کورد ئەو بانگەوازی ب گرنگی وەرگرت و دناڤ کۆڕ و سیمینارێن ئەدەبیدا بەرجەستەکرن... لیٚ بەلیٚ ئەوا زێدەتر دئەویٚ بزاڤێدا یا بالکێش بوو وەکو من دیتی- زۆربەی چالاکیێن هاتینە پێشکێش کرن مۆرکا ئاهەنگێرییٚ پێڤە دیاربوو. و ئەگەر هنەک ژ ئەوان کاران شیابن خوە ژخانی نیزیک بکەن ژ هنەک ژ بۆچوونێن وی- یێن نەتەوەیی- لیٚ کریارا خوە شۆرکرن دناخا داستانێدا و ڤەکرنا نهێنییێن ویٚ نەپەنیەکەو زەحمەت دهێتە فەهم کرن- لەوانەیە زۆربەی ئەوان- ولڤێرە و لدویڤ بۆچوونا خوە دیٚ دەستنیشان کەم- شاپا یەکیٚ ئەوا هەڤچاخا خانی یان ژی ئەوا یەکسەر لدویڤ وی هاتی. داکو ئەو نەپەنییێن ڤەشارتی ئەوا یەکسەر لدویڤ وی هاتی. داکو ئەو نەپەنییێن ڤەشارتی ئەوا! خانی ڤیای د رەهەند و جەڤەنگێن ویٚ دا دۆرپێچ بکەت، ئایا ئەڤ ترسە لسەر وی- ئانکو خانی- کو ب شاشی بهێتە شرۆڤەکرن، و ئەوا ب سەر ئیبن لباجریقی هاتی لسەر وی ژی روو بدەت، ژبۆنا داستانا وی یا بناڤودەنگ داستانا باجریقی کو ژ ئالیٚ چەندێن خویندنگەهێن ئایینی یێن سەر ب ئایینزاییێن ئیسلامی یێن هەمە جۆر فەرمانا مرنیٚ ژێڕا دەرخستبوون(١)؟ یان ژی ئەڤە بێتوانایی و کیماسییە دتێگەهشتن و وەرگرتنێدا؟ لیٚ ئەز ب ئەڤیٚ گۆمان دکەم و زێدەتر ژبۆ بۆچوونا یەکیٚ مەیلدارم چونکە ئەڤ داستانە ب درێژیا چەندین سالان دخویندنگەهێن ئایینی یێن تەڤایا دەڤەرێن کوردستانیٚ دا هاتبوو پەسەندکرن و زانایێن ئایینی ژیٚ خوەدی دەرکەتبوون.

دکورت وکرمانجیا ئەڤێ پێشکۆتنێدا دبێژم: ئەنجامدانا هەر ڤەکۆلینەکێ و دهەر ئالیەکی دا بیت، و ژبۆنا کو یا تەمام بیت، و تەڤایا رەهەند وپێکهاتەیێن وێ ڤەوژێریت دەبیت پشت ب چەندین زانستێن یارمەتیدەر ببەستیت، نەمازە ئەگەر مژارا ڤەکۆلینێ داستانەکا مللی بیت و رەگ و ریشالێن وێ دکویراتیا فولکلورێ مللی یێ دێریندا دخورت بن.. و بەری کو بنەمایێ ئەڤێ کویراتیا فولکلورێ مللی یێ دێریندا دخورت بن.. و بەری کو بنەمایێن ئەڤێ خستنەروویا تایبەت دەستنیشان بکەم، دخوازم لسەر رەهەندا ئەرکولۆژییا شوینەوارێ ئارامگەها «مەم و زین»ان ل بۆتان رابوەستم.

**١- گۆر/ ئارامگەها هەڤچووتا مەم و زین، ئایا ب راستی ئەڤە ئارامگەهە یان ژی پەرستگەهە!؟**

هەر کەسێ سەردانا ئارامگەها مەم و زینا ل بۆتان کربیت- ب تایبەتی ئەگەر ئەوی رێڤینگی رەوشەنبیرییەکا سەرەتایی دەربارەی شوینەوارێن وەلاتی میزوپوتامیا هەبیت- هیچ گۆمانەک لدەڤ وی نامینیت لسەر تایبەتمەندی و سروشتێ ئەڤی شوینەواری/ ئارامگەهێ کو دکەڤیتە ناڤ هەوشا مزگەفتا- میر ئاڤدالی/ ئابدالی- وا پێکهاتیە ژ ناڤدەرەکێ کو دوو پەیسکان شۆردبیتە خارێ بۆ ناڤ مەزەلەکا چارگۆشەیی و بەرەڤ سەنتا باکوور ڤە دیوارەکە و برەخڤە- لسەر ئەردی- ئەڤێ داویێ ب چیمەنتۆیێ هاتیە چێکرن کو گۆرێ- مەم و زینا-یە- و برەخ دیوارێ رۆژئاڤایێڤە- گۆمتلکەکێ چیمەنتۆیی هاتیە دروستکرن کو قەوارا وی ژ (٣٠) سم پتر نینیە سەکو ئەڤە ژی گۆرێ (بەکو)ە.. لێ بەلێ چیرۆکا ڤەدیتنا ئەڤی ئارامگەهی/ شوینەواری- لدویڤ ئاخفتنا ئەو کەسێن هەڤچەرخێن ڤەدیتنا وی بوون و ژ ئەوان- خوەدێ ژێ رازی مەلا ئەمینێ حاجی زاکر بوو- ئەوێ ل سالا ١٩٩١ێ چوویە سەر حەقیا خوە، کو چەندین سالان موفتییێ بۆتان بوویە دبێژیت کو ل سالا (١٩٥٦)ێ شاندەکێ ئیتالی هاتە جزیرا بۆتان و سەردانا گۆرستانا وێ کر و وەسا خویاکر کو ئەو شاندەکێ جیۆلۆجینە و هاتینە بۆ ڤەدیتنا نەفتێ!! و ڤەکۆلان و دویڤگەریانا خوە دەستپێ کر هەتا گەهشتنە حەوشا مزگەفتا میر ئاڤدالی و گۆمتەک دیتن و دۆرا خربوون و گەهشتنە ئەوێ ئەنجامێ کو ڤەکۆلانا خوە لوێ دەرێ دەستپێکر و ئەو ئالێ ئارامگەهێ ڤەدیتن و دناڤ ئەوی ئاڤاهیدا بەرەک هەبوو و پرسیار ژ زانایێن ئایینی(٢) کرن کو ئەڤ گۆرێ جمک چییە، ولڤێرە حافیزەیا مللی رۆلێ خوە دیت و بەحسا سەرهاتییا مەم و زین و داستانا خانی کرن کو تێ گۆتن کو ئەو هەردو ل ناڤ حەوشا مزگەفتا میر ئاڤدالی (٣) هاتینە ڤەشارتن. پشتی ئەڤێ رووداێ ئەڤ جهە وەکو گۆرێ مەم و زینا هاتە ناسکرن و ب وی تەرزی هاتە چێکرن وەکو پێشتر مەبەحسکری... و هەتا نها- لدویڤ زانینا من- هیچ ئالیەک ئان دەستەیەکا کوردی- ب کێمی ڤە- نکارینە لدویڤ ئەوی شاندی بگەرێن!!! لەوما ژی هەتا نها نەهاتیە زانین کو ئەوان چ ڤەدیتبوو وچ ب دەستڤەهاتبوو، ئایا تەنها ئەو مەزەل و شوینوار بوو یان تشتەکی دن هەبوو؟ لێ چو پێ نەڤێت هەر تشتەکێ وان ڤەدیتی دگەل خوە دا برینە... ڤەگەریان ژبۆ پەرتووکێن کەلەپوورێ ئیسلامێ، کو هەو وپەلامارێن لەشکرکێشیێ تێدا هاتینە تۆمارکرن- هزرەکێ ژبۆ مرۆڤی چێدکەت- کو ئەزێ وێ ئاشکرا بکەم- لەوما ژی زۆربەی ئەو کەسانێن روودانێن ئەوان پەلاماردانان نڤیساندین... الطبری، البلازری.. ابناء الأثیر.. هتد هەموو ل سەر ئەوێ بۆچوونێ دنێزیکن کو عەیاز کورێ غەنەمی سەر لەشکەرێ ئەوێ پەلامارێ بوویە کو هاتیە جەزیرێ و دەردۆرێن، وێ کو بۆتان ژی دکەڤیتە دناڤ سنۆرێن ئەڤێ دەڤەرێ دا، کو عەیاز دگەل خەلکێ وێ دەرێ رێککەفتبوو، و رێککەفتنا رەهایی (ئورفایێ ببوو پیڤەر ژبۆ گەلەک دەڤەرێن دن ژ ئەوانا بۆتان... و زۆربەی نڤیسکار ل سەر ئەوێ باوەرێ دکۆکن، کو ل دەستپێکی موسلمانبوونا خەلکی مەرجەکی سەرەکی نەبوو، ئەڤە ژی ل سالێن (١٩- ٢٠- ٢١) کۆچی بوویە. لەوما ژی دەستدرێژی ل سەر جهێن پەرستنێ و تایبەتمەندیێن چو گروپان نەهاتەکرن، (٤) هۆسا پەرستگەهان هەبوونا خوە پاراست، هەر چەندە هێدی هێدی دەستهەلاتیا وان کێم دبوو، ژ بەرکو ئایینێ نوی پتر جهێ خوە دگرت و، وخەلک زێدەتر دچوونە بەر سیبەرا وی، کو بوویە ئەگەرا هندێ ب ناڤو دەنگترین شوین پیرۆزیا ئایینی نوی وەربگرن وببنە مزگەفت و مەزارگەهێن مرۆڤچاک و ئەوێن گیانێ خوە ژبۆ ئەڤێ رێکی بەختکری.

لڤێرە یا فەرە بەحسا هنەک ژ ئەوان مەزارگەهان- پێگەهان بکەم (ئەگەر نەبێژم پەرستکەهان)، یێن لاوکی رەهوانی (رەوانی)- لاوکی مەتینی یان مادەنی+ مەعدەنی- لاوکی بیانی- کچکا چل کەزی- ئەیلەم... و گەلەکێن دن. ئەڤ مەزارگەهە ئانکو ئەڤ شوینە هەتا نها پیرۆزیا خوە هەیە و، چو رەوت و تەوژمێن ئایینی یێن یەکتاپەرستییێ ل دەڤەرێ نکارینە ئەوان ب لایەنەکیڤە ببەستن. لڤێرەدا ئەو باوەری بۆ من

دروستبوویه کو جهێ/ مزگەفتا (میر ئاڤدەلی) پەرستگەهەک بوویە، وپاشان بوویە مزگەفت. لێ بەلێ دێ چاوا کارم ئەڤێ بۆچوونێ بسەلمینم؟ لڤێرە ئەزێ هنەک نموونەیێن ئارکۆلۆژی ژ دورهێلا بازاڕێ بۆتان هینم... چونکە ئاوردانەڤەیەک لسەر هەر شوینەوارەکی ژبۆ دیراسەکرن و ڤەکۆلینێ ناهێتەکرن، ئەگەر دەردۆرا وێ یا گشتی لبەرچاڤ نەهێتەگرتن... سروشت.... کەش و هەوا... جۆرێ ئاخێ... کەڤر، ول بۆتان ئەڤان هۆکاران سەخلەتێن کاریگەر هەنە ب تایبەتی ئەگەر ب کووروقوولی ل ژینگەها جیۆلوژی بنێڕین، سیماییێن هەرە بەرچاڤێن کەڤرێن ئەڤێ دەڤەرێ ئەوە کو کسلن و، هەر وەسا ل ئەڤێ دەڤەرێ ئاڤەکا زۆر هەیە... و ئاخا وێ ژی یا شەهتەڕە، ئەڤ هۆکارە ژی کارەکێ نەرینی ل سەر کەرستەییێن شوینەواران و نەخشەڤانیا ل سەر کەڤر و پارچە بەران دکەن، لەوما ژی ئەڤ هۆکارە ب درێژیا وەخت و دەمان دبنە ئەگەرا ژناڤچوون یان ژی بێسەروبەرکرنا وان- لڤێرە دکارم- ئەڤێ بۆچوونێ دیکۆمەنت بکەم- ئەگەر ئەم بگەڕێینەڤە ژبۆ (مزگەفتا سۆر) (٥)

دیەک ژ ژێرزەمینێن وێ دا، شەش گوڕ هەنە، کو یەک ژ ئەوان یێ شاعرێ مەزن (مەلایێ جزیری)یە، هەر چەندە هنەک نیشانێن شوین نڤیسینێ ل سەر هەنە، لێ شەهتەڕیێ کارێ خوە ل بەرێن وێ ییێن کسلی کرینە و دەرفەتا ڤەخویندنا وان نەهشتیە، کو مرۆڤ ب چاڤ، یان ب ئالاڤێن ئاسایی تشتەکی ژێ بزانیت... لەوما ژی هەتا نها ئەو گۆمان دمینیت کوکی ژ ئەوانا گوڕێ مەلایی جزیرییە.... ئەز ژی وەسا هزردکەم کو دەم و زەمانان کار ل کەرستەییێن بنئەردی کرینە. ژئالیەکی دن ڤە، ئەنجامدانا لێگەڕیانەکا گشتی دپەیکەربەندیا بازاری دا- دناڤ شویرهێ و کەلهاکەڤن- دێ هنەک ژ ئەوان مەبەستێن مە رۆهن و ئاشکرا تر کەت. هەتا نها ژی هنەک شوینەوارێن فارسی- ساسانی و رۆمانی و پاشان ئیسلامی دهێنە دیتن و دبەرچاڤن. و هەر چەندە ئەڤ خستنەڕوویە/ بۆچوونە ل بارەی دیرۆک و شوینەوارێن بۆتان نییە، لێ بەلێ یا فەرە هنەک تشت بهێنە رۆنڤەکرن..

ئەڤ دەڤەرە قادوگۆڕەپانا هەڤڕکیێ بوویە دناڤبەرا هەردوو ئیمبراتۆرییەتێن فارسی و ڕۆمانی، بەری گەهشتنا موسلمانان بۆ وێ دەرێ... و نەڕینەکا تنێ بەسە کو مرۆڤ بەرێ خوە بدەتە (دەریێ رۆمێ)(٦) ئەوێ ل رەخ (دبستانا ئەمیری) کو بەرەڤ (بورجا بەلەک) دچیت هەتا دگەهتە رووبارێ دیجلە: دەرگەه ژ دەستکرد و ئاڤاهیی رۆمانی یە و درویشمێ - لەپێ هەرقەلی پێڤەیە، لێ دسەردا ب رۆنی درویشمێ فارسی/ ساسانی دهێتە دیتن، دوو شێرێن ل بەرامبەر یەک و هەتاڤا دناڤبەرا ئەوان دا، و پشتی ژ ناڤدەرێ دچییە خوارێ و دگەل رووبارێ دیجلەیی بەرەڤ رۆژئاڤایێ بچی و ل سەر شویرهێ- دیوارێ کەلهێ و ل بلنداهیا (٦-٨) مێتران هنەک ئایەتێن قورئانێ هەنە// نصر من الله و فتح مبین//.... اذا جاء نصر الله و الفتح... هتد// ئەو شوینەوارێن ل سەر ئەردی ماینەڤە نەخش و نڤیساندنێن خوە پاراستینە.. ولڤێرە ئەزێ ئەڤێ بۆ چوونێ کورت کەمەڤە وبێژم- هەتا نها ل بۆتان پاشماڤەیێن دەستنیشانکری یێن زێدەتر ژ (٣٦٠) مزگەفتان لێ هەنە، هەر چەندە زۆربەی ژ ئەوان ب خرابەیی و پشتگوهئێخستی ماینەڤە، لێ بەلێ هەتا نها دناڤ کەلەپوورێ مللی دا ماینە، و ژ ئەوان مزگەفتا میر ئاڤدەلی. لێ چما ئاخێ ئەو شوین/ گوڕ داپۆشیە. هەر چەندە ڤەرێژا تیۆری یا هنەک ژ ئەوان پێگەهان/ مزگەفتان لەوانەیە ژ بێش (ئەڤدال) و (مەم و زین)ان هەبن ب چەند قۆناغێن دیرۆکی یێن هەمەجۆر- وەکو مەزارگەهێ نوح پێغەمبەری و مزگەفتا وی ل گوندێ هەشتیان، ئەوا بوویە پارچەیەک ژ بازاڕێ بۆتان- ئەگەر مرۆڤ هوورک بنێریتە ئەڤی مەزارگەهی، دێ بۆچوونەکا بنەجە دروست بیت کو ئەڤی ئاڤاهی پارچەیێن دن ب سەرڤە هەبووینە، ب تایبەتی ژ ئالیێ ژووری ڤە... هەر وەکو ژ رۆخسار و قەوارا دەرگەهێ ئەیوانا- دەرڤەیا نها- چونکە وەکو دەرگەهەکی هندوری هاتیە رێکخستن،.. و من چەند بێخوەشە کو ب رێکێن زانستی تەمەنێ کەڤر و ئاخا دناڤ پەیکەربەندا ئاڤاهی دا بێنە دەستنیشانکرن... چونکە ئەڤە بنئاخ ببوو، پێچەوانەی پاشماڤەیێن ئیسلامی و بەری وێ یێن فارسی و رۆمانی، لەوما ژی بۆچوونەکا خورت بۆ مرۆڤی دروست دکەت - لدویڤ هزرا من- کو ئەڤ مەزارگەهە ل بەری- ئەوان هەموو چاخان هەبوویە... دمینیت بێژم کو ئەو شاندا لێگەڕین ل سەر ئەڤی پێگەهی- مەزارگەهی کرین، تەنها ل قۆناغا ڤەدیتنا مەزارگەهی مایەڤەو، لێگەرینێن خوە ل سەر بنەمایێ رەخ وچان و پاشکۆیێن جهی نەکرینە، هەرچەندە رۆخساری ئەڤی مەزارگەهی وەسا دیاردکەت کو ئالیەکە ژ ئاڤاهیەکی مەزنتر!!!...

**٢- مەم و زین و رەهەندا وێ یا فۆلکلۆری مللی:**

فۆلکلۆرێ هەر مللەتەکی پێکهاتیە ژ پاشماڤەیا

گولڤەدان و هەڤرکیا وی یا درێژا ددیرۆکێ دا هاتیە کەلەکەکرن، ژ زانین و ئەزموونێن وی د هەڤڕکیا سروشتی دا، و بۆچوونێن وی دژیانێ دا، لەوما ژی تشتەکی ئاساییە کو زانستا هەڤچەرخ ژی پشتا خوە پێ دبەستیت و وەکو ستوونەکا سەرەکی ژ ستوونێن ڤەکۆلین و شرۆڤەکرنا هەر داستانەکێ یان ئەفسانەیەکێ دادنێت و زڤرینتەڤە ژبۆ ژێدەرێ وی کو فۆلکلۆرە ب هەموو رەهەند و چاخ و جهێن وی ڤە.. و مەزناهیا هەر مللەتەکی -لدویڤ هزرا من- ژ شیان وتوانایا فۆلکلۆرێ وی دا خویا دبیت، کو دکاریت چەند وچاوا رێبازا وی یا پێشکەفتنێ دناڤ قۆناغێن دیرۆکێ دا ببڕیت و پترین ئەوان پێکهاتەیێن کەلەکەکری بگهینتە نەوەیێن داهاتی. ولڤێرەدا- هەرچەندە- مەبەستا من ڤەکۆلینەکا سەربەخوە یا فۆلکلۆرێ مللی یێ کوردی نییە- لێ یا فەرە بێژم کو مەزناهی و هێزا ئەڤی فۆلکلۆری- مەبەست فۆلکلۆرا کوردییە- ژ هەڤڕکیا وی هاتیە- ب دێژاهیا قۆناغان- کو بەرسینگیا ئەوان هەڤڕکییێن مەزن گرتییە، کو گەڤ و گۆڕ ژ هەبوونا وی دکرن. لێ ئەو سنگەپێ بوو و تایبەتمەندییێن خوە پاراستن.. ئەڤە چەندین سالە- و بەردەوام ژی هەتا نها- ئەم ب هێزا فۆلکلۆرا خوە لبەر سینگێ چاند و رەوشەبنیرییێن هێزدار راوەستاینە، کو ئەوێن دڤیان مە ژناڤببەن و نەهێلن.

د ئەڤێ دەلیڤێدا کو فۆلکلۆر وەکو ژێدەر و بنەمایەکا سەرەکی -دبینم- کو دەبیت ئەم داستانێ بهەلوەشینن و دگەل لق و پۆپێن وێ یێن فۆلکلۆری ڤە ببەستینەڤە و، د دویڤدا هەولا زانینا ئەوان پاشماڤەیێن ل دۆرماندۆری وێ د کەلەپووری هزریدا ماین بدەین، داکو بکارین نیزیکی بنەماییێن ئەوێ داستانێ ببین... ئەڤ رەوشە ژی دێ مە زڤرینتەڤە ژبۆ بەری یا هەزاران سالان... نەدویرە ژبۆ قۆناغێن بەری دیرۆکێ- ڤەدیتنا نڤیسینێ- وپاشان ژبۆ سەرەتایا تۆمارکرنا نڤیساندی، و لڤێرە ئەمێ شوینا جوگرافی دەستنیشان کەین، ئەو ژی دەڤەرا میزوپۆتامیایە// وەلاتێ دۆلا هەردوو زێیان...

**ئا- هۆشیاریا ئەفسانەیی- داستانی ل میزوپوتامیا- بنەمایا سەرەکییە:** زۆربەی زانایێن میسۆلۆژیکێ ل ئەوێ باوەرێێ نە کو وەلاتی دۆلا هەردوو زێیان// میزوپۆتامیا// ماکا پەیدابوونا ئەفسانەیێ یە... هەروەکو دئەلندا دیرۆکێ دا دیارە و قۆناغا نڤیسینێ تێدا هاتە بنەجهکرن، ئەڤ رەوشەنبیرییە ب ناڤێ مللەتەکی هاتیەکرن کو هێشتا ڤەکۆلین و گێنگەشە ل سەر رەسەناتی و چاوانیا گەهشتنا وان ژ بۆ باشوورێ هەردو زێیان هەنە، هەر چەندە زۆربەی بیروڕاییێن پشتا خوە ب دۆزینەوەییێن هەڤچەرخێن شوینەواران دبەستن// تەل لیلان- نیزیک قامشلی- وەسا دیاردکەن کو ئەو ژ باکووری رۆژهەلاتا عیراقێ ڤە بەرەڤ ئەوێ دەڤەرێ هاتینە- تەنانەت هنەک بەلگەیێن ئارکۆلوژیکی یێن هەڤچەرخ رێکا هاتنا وان و هێلا شوور بوونەڤەیا وان دیارکرینە// شوینەوارێن پێگەها تەل خنیدیج ل سەر رووبارێ خابوور نزیک حەسەکە، (٧) و ئەڤ مللەتە ب (سوومەری) هاتبوونە ناڤکرن، وبێی کو زێدەتر بچمە دناڤ کووراتیا بابەتی دا دبێژم: ئەڤی مللەتی هونەری نڤیساندنێ داهێنا،(٨) وب رێیا نڤیسینێ جوانترین دەق و داستان ئەفراندن... و چەندین تیۆر دارێشتن و هەتا کو هنەک سەرەتایی ژی بوون، ل بارەی گەردوون و چاوانیا پەیدابوونا ژیانێ و دروستبوونا مرۆڤی... هتد، ئەڤە ژی لدویڤ هنەک دیدو بۆچوونان کو مرۆڤ ب سەرسوورمایی لێ بنێریت و ب پیرۆزی وەربگریت... ئاستی رەوشەنبیریا سومەریان گەهشتبوو رادەیەکا مەزن کو ل سەر رەوشەنبیریا کۆمەلگەهێن دەوروبەردا زال ببوو و، تەنانەت ئەوێن لدویڤ وان ژی دا هاتین.

وببوو ستوونەکا سەرەکی بۆ دروستبوونا چەندین چەمکێن ل بارەی دروستبوون... ژیان .. ئەفراندن... هتد و، رەوشەنبیریا مللەتێن لدویڤ وان ژی دا هاتین لسەر دهاتە ئاڤاکرنا و هنەک تایبەتمەندیێ تەڤلیهەڤ دکرن و ژ دید و ئەزموونێن نوی دەولەمەند دکرن... ولێرەشدا تشتەکی ئاساییە کو هنەک ناڤ / قارەمان/ خوەداوەند/ دەڤەر لدوی دید و شوینا ئەوان مللەتانی بهێنە گۆڕین، و دئەڤێ گەڕیانا بلەزدا، ئەم نکارین لسەر هنەک گۆڕانکارییێن ئابووری- چڤاکی دا بازبدەین کو تێکەلی ئەوان پێنگاڤان بوون، هەر ژ دروستبوونا کۆمەلگەها سومەری و ئاکنجی بوونا وان و چێکرنا کۆمەلگەهێن نیشتەجێبوونێ... ئەو گۆڕاکاری یێن ب سەر ژیانا باژاراندا، و ژبەر پێداویستێن ژینێ پیشە پەیدابوون و چاندن فرەوان بوو، و ئاژەل هاتنە کەهیکرن و کەرێن پەزی هاتنە خودانکرن... و پاشان د ئەنجاما ئەڤان گۆڕانکاریان دا چەمکی ناڤەندبوونا ئاڤێ و پێویستیا وێ وەکو یەکێک ژ تۆخمێن سەرەکی هاتە چەسپاندن، بەلکو وەکو بنەما و بەردەوامبوونا ژیانێ... بەرەپێشین بزاڤ دکوراتیێ داهاتەکرن و ژ کوراتیێ بەرەڤ دەریایا تاریکستانێ و ژ دەریایێ ژیان دەستپێکر... و ل سەرەتایێ نیشتەجێبوون ل نزیک کانی وروباران بوو... هتد... ئاڤ پێویستیەکا فەرە ژبۆ بەردەوامبوونا ژیانا

مرۆڤ و رووەک و ئاژەلان، ولڤێرە سرووتێن پەرستنێ د جڤاکەکا کشتوکالی- شڤانی هۆسا دا زێدەتر د زڤرۆکا ژنێدا دهێتە دیتن دگەل گۆڕینا سەقا/ ئاڤهەوایی- سەرەرای وێ هندێ ژی دگەل وێ تێکەل بوو وتێدا بەرجەستە بوو ب شێوەیەکی تەڤلیهەڤ کو دگەل بۆچوونێن ئەفراندنێ دگونجن و پاشان سەروژنوی زڤرۆکا ژینێ دەستپێدکەتەڤە... لڤێرە ئەگەر بنێرینە ئەفسانەیا (ئینانا و دوموزی) یا سومەری و پاشان (تەمووزو عەشتار)ا بابلی، کو چاوا ئەڤ سەقایێ زڤرۆکا ژینێ(٩) دناڤ ڤەرێژا جڤاکەکا کشتوکالی- شڤانکاری دا هاتبوو بەرجەستەکرن، کو پشت ب ئاڤێ وەکو ئالاڤەکا سەرەکی ژبۆ بەردەوامبوونا ژینێ دبەست، و پاشان چەمکی ئەساسی دوەختێ بەری وان هەردوو داستانان ل بارەی دەستپێکرنا جیهانێ- ژینێ ل سەردەمێ هیلامی- هیولی رۆهن و ئاشکرا دبیتەڤە.. و هەڤرکا دناڤبەرا ئیسۆ// و// تەعامە// یان// تامات/ بەری هەبوونێ و پاشان ئەفراندنا ڤەرێژا/ نەوەیی یەکێ ژ خوداوەندان- کوران هەروەکو د ئەفسانەیا ئەفراندنا بابلی- ئینومالیش- دا... و هەلبەت ئەو ئەفسانە و داستان ژی دبێ بەهر نەبوون ژ هەڤرکیێن بەرانی یێن دناڤ جڤاکێ دا- دناڤبەرا جوتیار و شڤانان دا- و هەتا ئەگەر ب شێوەیێ شاخرەنییەکا خوەکوژ نەبوویە، لەوما ژی ئەڤە چەمکی تەواوکاریێ دناڤبەرا وان دا خویا دکەت، هەر وەکو دناڤ دەقا سومەری یا داستانا هەڤرکیا شڤان و جوتیاری ل سەر //ئینانا// ئەوا شڤان هەڤژینێ خوە هەلبژارتی... پاشان چەمکی ڤەگۆڕین و خەملاندنا کەرستەیێن رۆژانە هاتیەکرن، کو بوویە ئەگەرا تەواوبوونا زفرۆکا ژین و ژیارێ.... ولڤێرە پرسا مرنێ بۆشایەکا مەزن ژ هزر و فوکر کرنا ئەوی سەردەمی پرکر ولڤێرە تێکەهشتن بەرەڤ ڤەدیتنا شێوازەکی ژ شێوازێن بەردەوامبوونی دەستپێکر، وەکو ڤەگەریانا دوویێ بۆ ژینێ ئانکو نەمریێ... چەمکی زڤرینەڤە ژبۆ ژینێ ب گەلەک شێواز و چەمکێن هەمە رەنگ پەیدابوو، کو ل سەر بنەمایا تێگەهشتنا نەمریێ دراوەستا هەروەها ژ چەمکی زڤرۆکا ژینێ دەستپێدکر، وەکو رەنگدانەڤەیەکا ژینگەهێ کشتوکالی شڤانکاری... کو ئەو گیایێ هشکێ مری- ورەهێن وی دبن ئەردی دا-نە- وتۆڤێ هشک کو دەمێ بنئاخ دکەت پشتی ماوەیەکی جارەکا دن شین دبیتەڤە.. و هۆسا و لەوانەیە ئەڤان رووداوان تێناتیا هزرمەندێن بەری نەشکاندبوو، وپشتی رەنج لێگەرینەکا زۆر ژبۆ نەمریێ گەهشتنە کاکلا تێگەهشتنا- ئەڤرۆکە- کو مرۆڤ ب کاروکریارێن خوە وکوچ بۆ جڤاک و نەوەیێن داهاتی دهێیت نەمرە... و لەوانەیە هزرمەندێ سومەری دشێواز دەربرینا داستانا (گلگامێش)دا کو لدویڤ نهێنیا نەمریێ دگەرێت پشتی مرنا هەڤالێ خوە (ئەنکیدۆ)ی، پێشی مرۆڤێ ڤی سەردەمی کەفتیە، پشتی گلگامشی رەنجەکا زۆر کێشای ولدویڤ نەمریێ دگەریا، و قارەمانێ نەمرێ تۆفانێ (ئاوت نابیشتەم)ی تۆڤێ نەمریێ دای لێ مارەکێ مەزن ژێ رەڤاندی و، گلگامش ناچاربووی دزڤریتەڤە باژرێ خوە (ئوروک)ێ و خوە ب وێ هزرێ رازی بکەت کو مرۆڤ دمریت و تەنها کاروکریارێن مەزن ئەوی نەمر دکەن... من مەبەست ژ ڤەگیراندنا ئەڤان داستان و ئەفسانەیێن دێرین هەبوو، ئەوێن دۆزینەڤەیێن نوی یێن شوینەواران پێکاتەیێن وان شرۆڤەکرین و گەلەک نهێنییێن وان ژی ئاشکرا کرین، ئەڤە ژی هەروەکو ل داهاتی دێ بۆمە رۆهن بیتە ڤە کو چاوا پاناڤا سەرەکیا رەوشەنبیریا دۆلا هەردوو زێیان/ میزوپۆتامیا/ داستان و ئەفسانەیێن ل سەر ڤەهاندینە و ژ ئەوان ژی هزرکرنا کەلەپووری یا کوردی.

**ب- شێواز- وێنەیێن// مەم و زین// بنەمایا سەرەکی- رەهێن وێ:** ئەڤ گۆتنە یا بوویە تشتەکی سەلماندی دهزرا ڤەکۆلەرێن مە کوردان دا کو دوو ڤەرێژ/ شێوەیێن مەم و زین هەنە... شێوەیی مللی ئانکو ئەو حیکایەتا مللی یا پری وێنەیێن ئاشۆپی... مەچێتر... هتد... و شێوەیێ شاعرێ مەزن ئەحمەدی خانی رێکخستی و خەملاندی. لڤێرە ئەز دگەل بۆچوونا مامۆستا محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان دانیمە بەلکو پێچەوانەی وی هزردکەم، کو دیەک ژ چاڤپێکەفتنێن خوەدا دگەل ئیزگەی دەنگی ئەمریکا- پشکا کوردی-دا کو گۆتبوو چو پەیوەندی دناڤبەرا تێکستا خانی و حیکایەتا مللی دا نییە... نە ئەڤە ب تەنێ بەلکو گەلەک بۆچوون و فەرێژێن دنا ژی هەنە، کو لەوانەیە گەلەکێن دن ژی دگەل من دا نەبن، لێ ئەڤە بۆ چوونا منە و ئامادەمە بۆ هەر گفتوگۆیەکی و، لڤێرەدا دێ جۆرەکی دن ژی بەسی کەم، بۆ نموونە دێ (مەم ئەباسی) دەستنیشان کەم، هەر چەندە دناڤەرۆکا خوەدا جۆدایە- ئاڤاهیێ چیرۆک و تەوەرێ وێ دگەل دیالیکتکا مەم و زینێ، کورتیا ئەوێ چیرۆکێ ئەڤەیە:

مەم کورە یەکانەیێ پیرەژنەکێ بوو// ناڤێ بابێ وی ناهێتە گۆتن لێ ب ناڤێ دایکێ هاتیە ناسکرن// زەوجی بوو و، شڤانتی دکر و هەفت سالان دوورکەفتبوو،

پاشی ڤەگەڕیا مالێ... نیڤ شەڤ گهشتەو، هەسپی خوە ل بەر سڤکێ گرێداو، نەڤیا دایکا خوە ژ خەوا شرین هۆشیار بکەت، لێ قەستا ژوورا خوە کر ولجەم خێزانا خوە رازیا. بەری رۆژهەلاتی دایک ژ خوە هەستا و وەکو هەموو جارێ چوو بووکا خوە هۆشیار بکەت، لێ هێبەتی بوو چاخێ دیتی کو زەلامەک ل کێلەکا وێ رازایە. بەزبیە رمێ ول سینگی زەلامی چقاند. لێ پشتی ژ دەستان دەرچووی زانی کو ئەوێ هاتیە کوشتن کوڕێ وێ یە (مەم). ژ بۆ زێدەتر زانیاری ل بارەی ئەڤێ چیرۆکێ، گەلەک ستران پێ رە هاتینە گۆتن و یەک ژ ئەوان سترانان سترانا (مەم ئەباسیی) یا ئەردەوان زاخۆیە// و هەلبەت گۆڕانکاری ب سەر ئەڤی شێوازێ- چیرۆکی داهاتینەو، دهنەک قۆناغێن داهاتی دا و دگەل لاوازبوونا رۆلێ ئافرەتێ و زالبوونا زەلامی- نێر، و ب شێوەیەکی تراژیدی ژی. لەوما دێ بینین کو باب کوڕێ خوە- سەیدکێ من// دکوژیت// ئەڤ بابەکە کوڕێ خوەیێ یەکانە دکوژیت، وەسا هزر دکەت کو (پەزکیڤی)یە.. من گۆتن کو ئەز ئەڤێ ب جۆرەکی دن ژ (مەم)ی دادنێم، لێ بێ زین- هەروەکو دداستانێ دا هاتیە- هەر چەندە لڤێرە ب وێنەیەکی یان ب چەند وێنەیان خویابوویە ئەو ژی ژبەر چەند ئەگەران:

١- چونکە لاوکی یەکەم/ خوداوەندێن کوڕک دهەر کۆمەلگەهەکا کەڤن دا ب شێواز و وێنەو رۆلێن هەمەجۆر دیاردبن.

٢- هەر دگەل هاتنا ناڤێ- کارەسات-ێ، یەکەم جار مرۆڤ هزردکەت کو روودانەک ل کوڕەکی گەنج قەومییە، لەوانە ژیانا کۆمەلایەتی دروست کربیت. لێ بەلێ من ژی مافێ ئەوێ چەندێ هەیە- وەکو بۆچوونەک کو د چارچووڤێ ڤەرێژا فۆلکلۆری یا گشتی دا بپرسم و، لڤێرە (مەم)ی ب (ئەباسا) ڤە کرێبدەم ژبەر چەند هۆ و ئەگەرەکان؟.... بۆ نموونە: د داستانا زەمبیل فرۆش دا، پەسنا زەمبیل فرۆش ب (لاوکی ئەباسی)تی کرن. بۆ زانین عەشیرا (ئەباسا) ژ عەشیرێن دێرین یێن کوردستانێیە و، هەتا نها ژی گوندێن وان ل سنۆرێن سووریا و تورکیا دا- نها- هەنە. ودناڤ دەڤەرێن ئەڤێ عەشیرێ دا، گوندێ (شەکر خاجی) هەیە- نزیک (دێریک) ل سووریا، ول وێرێ شکەفتەکا کەڤن هەیە دبێژنێ «شکەفتا زەمبیل فرۆش»، وهەر ل ئەڤێ دەڤەرێ- ئانکو دەڤەرا ئەباسا- چەند شوین/ مەزارگەهێن کەڤن هەنە کو ب چەند ناڤان ڤە هاتینە گرێدان وەکو -لاوک- و لەعل- دارا مرادا// یان// دارا کچک و لاوک// ئەوا ل سەر گرەکێ ل هنداڤ کوندێ- گوندکی ئەباسا- و هەروەسا ئەوا ل کێلەکا چیایێ قەرەچۆخ- و ب هەمان ناڤونیشان- کو هێشتا خەلک سەردانا وی دکەن ژ بۆ کو مرادا وان حاسل ببیت، ل وێرێ پەرۆکەکی یان داڤەکێ گرێددەن و ب دوعا ڤە داخوازا مرادا خوە دکەن... و چەندین ریوایەت ل بارەی کەچک و لاوک هەنە، کو هەموو دڤەرێژا گشتیا فۆلکلۆری دا یەکتر دگرنەڤە... هەرچەندە ئەوا ل سەر چیایێ قەرەچۆخ ب// لاوکی رەهوانی// و // کەچکا چل کەزی// دهێتە ناڤکرن... و ئەو هەردوو شوینەوار ب چەمکێ هەردوو دار بەڕوویان ڤە دهێتە گرێدان کو هەردوو دار ژ رەهان ڤە هەتا قورم و تایک و پەلگان پێکڤە دهەلچووینە و، نەوە لدویڤ نەوەی بەردەوامبوونا وان ڤەدگێڕن- ئەڤ دارە ژی ئەڤە زێدەتر ژ (٣٠٠) سالانە لبەرچاڤە... و ل تەنشت دەڤەرا (ئەباسا) گرێ (ئەیلەم) هەیە، کو هەتا نها مرۆڤێن پیرو دانعەمر سویند پێ دخوینن ولجەم وان ئەڤە مەزنترین سویندە، هەرچەندە باوەڕی ب وەحدانیەتا خوەدێ هەیە چونکە موسلمانن. (١٠)

٣- لڤێرە من دڤێت تشتەکی زێدە بکەم ل سەر سترانێن پایزۆکان کو بەحسا (مەم) مەمێ شڤان و کەرێ پەزێ وی یێ مەزن دکەن، دسترانا (مالا من) ئەوا فازل جزیری دکاسیتا دوویێ ١٩٨٨ دا دبێژیت، ئەڤەژی وەکو نموونەکا دن.... ولڤێرە من دڤێت تێبینیەکا گرنگ تۆمار بکەم کو پەیوەندی ب ڤەرێژا گشتیا یەکێک ژ (لاوک)ێن دهێتە گرێدان ب ناڤێ عەشیرەکا مەزن ڤە، و سەرەڕای ئەوا مە ل سلال دیارکری چەند نموونەیێن دن ژی هەنە وەکە// کاوایی هەسنگر// و عەشیرا هەسنەکا یاکو د سێگۆشەیا سووریا- عیراق- تورکیا دا ئاکنجییە... هەروەسا چینا// میران// ئەوا شیای ل ناڤەراستا هەزارا دوویێ یا پێشی زایینێ هەموو میرنشینێن حوری یێن میتانی د شانشینەکا بەهێزدا دێکبێخیت، و عەشیرا// میران// ئەوا کۆچەر و دهەمان سێکۆشە یا ناڤبری دا ئاکنجییە،... و ب کورتی من دڤێت د ئەوی بابەتی هەڤدژ دگەل مامۆستا ئەرسەلانی دا بێژم کو دەستنیشانکرنا پێکهاتە و ژێدەرێن هەر دەقەکا فۆلکلۆری پرۆسەیەکا ئالۆزە و پێویستی ب چەندین ئالاڤ و کەرستەیێن زانستی هەیە، ژبۆ کو ڤەرێژا/ تێکستا سەرەکی و ئەو شێوازێن لدویڤ دا دهێن، نەدویرە ژی ئەوا بەرە پێشیا رووادانا/ چیرۆک ڤەگێڕاندنێ ل سەر یا خانی پشت ڕاست دکەت، نەمازە

دەقا وی چونکە زەحمەتە ئەو دەق ببیتە بنەمایەکا بنەجە ژبەر کو چەندین هێماو سیما رۆهن و ئاشکرا ل سەر ئەوێ روودانی دناڤ شعرێن شاعرێن پێش خانی دا هەنە وەکو جزیری. ئەڤە ژ ئالیەکی ڤە و ژ ئالییێ دن شاعرێ مەییێ مەزن ئەڤ مەسەلەیە زانیبوو، دەما مافێ زەمەنی فۆلکلۆری دابوو د دارشتنەوەیەکا نوی یا ئارمانجبەردا- لدویڤ هزرا من- د(مەم و زین)ێدا.

**ج- ڤەرێژا گشتی/ رەها فۆلکلۆری:**

دخستنەڕوویا چڕوپڕا ل سلال دا هاتی، دێ گەهینە خالەکا گرنگ کو پێدڤی ب ڤەکۆلین و لێگەڕینەکا پترە، ژ بۆ کوورتر درەهەندێن فۆلکلۆری دا شووڕبن وخوە نێزیکی یەکتربڕینا جۆرێن- شێوازێن دهێنە گوتن یێن (مەم و زین)ێ. دبێژم خوە نزیک کەین ژ شێوەیەکی نێزیک ژتێکستا سەرەکی- ب هزرا وێ ڤە- و ئەڤە ژی تشتەکی ئاسان نییە، ئەگەر خوە ماندی نەکەین نە تەنی لدویڤ چەمکێ سەرڤەیێ ئەوێ پەیڤێ، ئانکو جورئەتی بدەینە خوە هەموو وێنەیێن خوێندنەڤەیا جەڤەتگ دناڤ داستانێ دا ئاشکرا بکەین، ب رێکا بڕیاردانا خوە کو ئەم ب درێژیا دیرۆکێ و پێکهاتەیا میسولوژی ڤە ل سەر خاکا- میزوپوتامیا- یێ بووینە، و ئەڤەژی پێگیرییێ پێ دکەم ژ ڤەرێژا گشتیا فۆلکلۆرێ مللی یی کوردی... هەتا رەهوڕیشالێن وێ... ولڤێرە دان ب هندێ دادنێم کو ئەڤە پرسگرێکەکا دی یا ئالۆزە ژبەر رەوشا سیاسی یا کوردستان تێدا دژیت، ئەڤە ژ ئالەکی ڤە، ژ ئالیەکی دن بەلگو دیکومەنتێن نڤیساندی دکێمن ب تایبەتی ژێدەرێن مێژوویی، لەوما زێدەتر پشت ب کەرستەیێن زارەکی دهێتە بەستن و ژ ئەوێ ژی کەلەپوورێ لاڤرەو ستران، نەمازە ئەگەر ئەم بزانین کو ستران و موسیقا د پەرستگەهاندا هەبوو و بەلکو باشترین بەرهەمێن وێ بوویە، چونکە ژ وێرێ دەستپێکرییە و ل سەر دەستی پیر و رێڤەبەرێن وێ بەرەڤ پێشڤەچوویە، ئەڤە ژی جۆرەکە ژ وروژاندنا دەروونی وجوانکاری ژ بۆ گۆتن و ڤەگێڕاندنا داستان و ئەفسانەیان، یان ژی دەمێ پەرستنێ، کو خەلک ب رێزگرتن و پیرۆزی ڤە وەردگرن هەتا کو دگەهتە حالەتەکی خوە دگەل گونجاندنێ... و فەیلەسوفێ مەزنێ چینێ یێ غەلەت نەبوویە دەما بێژیت: «ئەگەر تە بڤێت رەسەناتیا مللەتەکی بزانی ژ مۆسیقاوی بنێڕە» ئەڤە ژی نیشانا گرنگیا ئەوی سەقا و کەشێ ستران گوتنێیە.

لەوما ئەگەر هنەک بزڤڕینەڤە بۆ ئاهەنگێن سەرسالا بابلی و ئەو رێکا کاهنێ مەزن یێ ئەفسانەیا (ئینومالیش)ی ڤەدگێڕاو، کو موسیقا و ستران دگەل دهاتنە گۆتن.... و لەوانە ئاینێن یەکتاپەرستن ژی ئەڤ گرنگیە زانیە- سروودا سولیمان پێغەمبەر و موسیقاوی د (پەیمانا دێرین)دا و، ئەو لوریکێن مەسیحی یێن ل دێران دا دهێنە گۆتن.... و تەجویدا قورئانا پیرۆز و دەنگخوەشیا ڤەخویندناوێ... هتد.... ڤەدیتن و دۆزینەوەیێن شوینەوارییێ دیکومەنت و زانیارێن مشەوزەحف ئێخستینە بەر دەستێ مە، کو ئەوا ل سلال مە بەحس ژێ کر پتر رۆهن ببیت. بۆ نموونە بابەتێ دبێژنێ (سروودا پەرستنا ئوغاریتی) ئەوا لێگەرینێن شوینەوارییێ ل پێگەها ئوغاریت- ل سەر کەناری سوورییێ یێ دەریا ناڤەراست ل نێزیک لازقیە ڤەدیتی کو کەڤترین نۆتە یا مۆسیقاییێ یا تۆمارکری د دیرۆکا مرۆڤاتییێ دا- کو هەتا نها هاتیە ڤەدیتن- ل سەر هەبوو. ئەڤێ دۆزینەڤەیێ گێنگەشەکا مەزن دناڤ زانایان دا دروستکرو، د هەموو بیاڤێن زانستی دا و، گەلەک شاند و گروپ ژ بۆ ڤەکۆلینێ هاتنە سووریا و هەولا دیراسەکرن و ژەنینا وێ ددا. ژ ئەوان شاندان شاندەکی زانکۆیەکا ئەمریکی بوو و، زانایەکا ئەمریکی ب ناڤێ (ئانا کلیمەر) هنەک ئامیرێن وەکو ئامیرێن موسیقییێن ئەوی سەردەمی چێکرن، و چەندین ڤەکولین ل سەرکرن. لێ ڤەکۆلینا پرۆفیسۆری ب رەسەن سووری (رائوول فیتالی) ل سەر ئەڤێ نۆتەیێ دهێتە هەژمارتن باشترین ڤەکولینا ئەکادیمی... ئەو شیا بسەلمینیت کو ئەڤ نۆتە ب زمانی (حورییان) هاتیە تۆمارکرن، ئەوێن شانشینا خوە ل باکوورێ سوورییێ و عیراقی دامەزراندی... ئەڤ ئاوازە دهێتە دانان ژ مەقاما -نیدقەبلی- ئەوا هەڤبەری مقاما- کورد- یا مۆسیقاییێ یا نها.... ئەڤ نۆتەیە سروودەکا پارانەوەیێ بوو ژبۆ خوداوەندا هەیڤێ یا حورییان (نینکال) و هنەک ژ بڕگەیێن وێ دبێژن:

//تە ئەڤینی دایەمە//.... و// کوڕێ مە ژتەیە//.... ئەڤێ وەکر کو مامۆستا عەلی لقەییم- بریکارێ وەزیرا رەوشەنبیریا سووری- نها- هەول بدەت ناڤێ ئەڤێ سروودێ ب شێوەیەکی نەراستەوخوە دیەکێک ژ گۆتارێن خوە یێن رۆژنامەڤانی دا ل (رۆژنامەیا تشرین)دا ئەڤێ راستبکەتەڤە و بکەتە// سروودا پەرستنێ یا حورییان... کەڤنترین تۆمارا مۆسیقاییێ د مێژوویێ دا//... و ئەو ژی // یا پێکهاتیە// ژ پارانەوەیەکێ ژ بۆ خوداوەند- ئورحیا- پایتەختێ حوریان و وەسا دهێتە زانین کو (ئورفا) یا نهایە//.. و// ئەو بەلگەیێن ئەرشیفا پاشایەتی ل کۆچکا- زەمریلیم- ماری پاشا ئەوێ هەڤچەرخێ پاشاییێ بابلی حەمورابی// و

دهێـتـه گـۆتن کـو (زەمـریلیـم)ی نامـەیەک بۆ حـەمـورابی هنارتبـوو کـو یارمـەتیـاوی بدەت ژبـۆ هندێ کـو پاشـایێ حـوریـیـان رازی بـکەت داکـو کـورێ (زەمـریلیـم)ی ل پەیمانگەها فـێربوونا مـۆسـیـشـایێ بهـێـتـه وەرگـرتن ئەوا پاشـایێ حـوریـیـان بـۆ کـەچا خـوە دروسـتکری//.. و مـامـۆسـتا عـەلی لقەییم پێـگەهێ وێ یێ نها دەسـتنیشـان دکـەت- دگـۆتارا خـوە یا ناڤـبـری دا- کـو پێـگەهێ پەیمانگەهێ ل گـوندێ (جـاغـر بازار)ە ل سـەر رێکا حەسەکە- عـاموودا و، ل جهەکی دی دا پێگەهێ وێ ل گـرێ لەیلان//شـێخناو// نێـزیک قـامـشلی... و ژ هەڤنیـزیککرنەکێ دا و- بتـایبـەتی- دسـترانێن کـوردی دا- و ڤـەگـەڕیانەک ژ بۆ کـەلەپوورێ مللی... ودویڤـدا بکار ئانینا دەستەواژەیا (دیلۆک- Dilok)(١٢) وەکو ناڤلێنانەک ژبۆ سـترانێ و دەسـتەواژەیا (دیرۆک- Di-rok) کـو رامـانا مـێـژوویێ ددەت... ئەم دکـارین هەڤلبـەرییـەکـا زمـانەڤـانی بکەین. کـو هەردو پەیڤ نێزیکی هەڤن و یەک مانا ددەن!!..

د سەرەتایا گۆتارا خوە دا مە گـۆتی- کـو رەوشەنبیریا سومەری پەڕێن خوە ب سەز رەوشەنبیریا دەڤەرێ دادابوو و، (ئەڤسانەیا دومزی) ببوو بنەمایا- زڤـڕۆکا ژینێ- و دناڤ ڤەڕێژ و چەمکێن رەوشەنبیری یێن دەوروبەردا جهێ خـوەگـرت... روودانێن ئەڤێ ئەڤـسـانەیێ ژ ئەوێ دەستپێکرن دەما خوداوەندا جیهانا ژێرین (ئەرشکیجال) مـێـرێ خـوشکا خـوە (ئینانا) دۆمـوزی رەڤـاندی... و مـۆنۆلۆژا پاڕانەوەیێن (ئینانا) ژبۆ خـوداوەند داکـو هەول بدەن مـرێ- یارێ وێ ژ دەسـتێ «ئەرشکیـجـال» رزگـار بکەت، و پشـتی مەزنێ خوداوەندان هەول داین هەڤڕکی د هەردوو زڤـڕۆکـێـن ژینێ دا یێن دومـوزی// مـرن و ڤـەژین// و ئەڤ چمکە د رەوشـەنبـیـری یێن دویڤـدا دوبارە دبـوونەڤـە، هەرچەنـدە گـەلەک جـاران ناڤ و رێزبەندکرنا رووداوان دهاتنە گـۆڕین. لێ زڤـڕۆکـا ژینێ ئەوە دەستنیشـان کربوو هەر ژهێلانا دوموزی: نیڤا ئەوی وەختـی مـری بیت- لی جیـهـانا دیکەدا مـابیـتـه ڤـە// هەروەکو داستان دبێژن کو گرێدایە- زیندانی کریە// ول نیڤـا دوویێ ڤەدگەرێتـەڤە بۆ ژینێ... لدویڤ سـروشتێ ژیانا کـشـتـوکـالی- شـڤـانکاری... و ئەڤ دیاردەیە- بنەمایە دسترانا کوردی یا تەقلیدی// دیلوک//دا هەیە و هەتا نهاژی د دوو جۆرەیێن سەرەکی یێن سترانبێژیێ دا بەرجەسـتە دبن، کو هەر یەک ژ ئەوان چەند لق و پۆپ ژی هەنەو ئەو هەردوو جۆرێن سەرەکی ئەڤە:

١- سترانێن پایزۆک: کو حالەتێن حەسرەت و غوربەت و دووری و حەزکرنا دیداران بەرجەستە دکەت.

٢- سـترانێن بوهاریان: کـو حالەتێن کەیف و شادی و گرنژین و دیداران بەرجەستە دکەت.

و سـرۆشـتـێ ژیانا کـۆچەرییێن کـوردەواری دگـەل ئەڤـان هەردوو جۆران گرێدایە... و لدویڤ هزرا من ئەگـەر ئەڤێ ڤـەڕێژا- رەها فـۆلکلۆری دەسـتنیـشـان بکەین دێ کـارین نێزیکی تێگەهشتنا گەلەک نهێنێن هزرا میسـۆلۆژی- یا بەربەلاڤـا هەتانهـا- دناڤ رەوشـەنبـیـریا مـەدابـبین.... بەری بچـمـه پشـکا دوویێ- ب تشـتـەکی فـەر دزانم هەر چەندە ب لەز ژی بیت کو دوو ئالیان بەحسی بکەم:

١- ئەڤــان هەردوو جــۆرن مــەبەحــسـکرین گــەلەک شێوەیێن سترانان تێدا هەنە وەکو // سەریلی// یان// لاوک// یان// سینەم//...

٢- لێ دیاردەیا دووەم تەوینی (تەویک)ن، ئەوا دگـەل ستران گۆتنێ دا دناڤبەرا سترانبێژ و گوهدێران- وەرگران دا هەیە، هەتا رادەیەکـا وەسـا گـونجاو کـو ئەو دەنگێن ل دوماهیا هەر بەندەکی- بڕگـەیەکی دا وەسا تێکەل دبن کو ل جۆرەکی سترانێ بۆیەکا دن دهێنە گۆڕین.

بـۆ نموونـه د (پـایـزوک)ێ دا// هـاهـی... هـاهـۆ... ئەهۆ.... ئەهی// ود (سـەریلی)دا سـتـرانبـێـژ ب خـوە هۆسا دەست پێ دکەت// دونیایێ لێ دونیایێ هەی// و دناڤـبـەرا بڕگـەیان دا هەمـوو دەنگ و ئاواز دگـەل یەک دگونجێن دڤەگـێڕاندنا هەمان بڕگـەیێدا... ئەڤ حـالەتە نێــزیکە ژ هنەک ســرووت و نمێــژێن ئاییـنی یێن یەکتاپەرستییێ بۆ نموونە (پەیما ئامین)...

ب کورتی ئەوا من لڤێرە ئێخستیە بەردەست پێویستی ب گەلەک ڤەکۆلینان هەیە ب تایبەتنی پشتی لێگەرین و خرڤـەکـرنێن هویرو ورد... لێ من ئەو مـاف ژی هەیە کـو ب کێمی ڤە رەگـاژۆیا هۆشیـارییـا میـسـۆلوژی ژبۆ ئەڤـان هەردوو جـۆرێن سـلال بزڤـڕنەڤـە.. ب تایبـەتی هۆشیـاریا مـیـسـۆلۆژی یا کـوردی هەتا نهـا ل سـەر شێـوەیێ جـۆری جەژن کو بنەمایەکە لجـەم کـوردان، مـەبەسـتـا من جـەژنا نەورۆزێیـە- کـو گـەلەک رامـانێن گـۆڕانکارییێن کـەش و هەوایی دەردبڕن، ژ بلی چەند رامانێن دن ژی؟...

*** ئەم وتارە لە بنەڕەتدا بە زمـانی عـارەبی نووسـراوە و بۆ گۆڤارەکەمان هاتووە، (ڕامان) وەری گێڕاوە.**

# دیرۆکی کتێب و موعجیزەی گریک

ئازاد خدر

ڕەنگە ئێمە تا ئێستا قەرزاری داهێنەری چاپخانەی کتێب «یۆهان گۆتنبێرگ» بین کە بۆ یەکەم جار توانی کتێب و نووسراوەکان لە چاپ بدات و کتێب بکاتە خامەو هێزێکی سەرەکی لە بزاڤی مرۆڤایەتی و ڕیفۆرمسازی و ڕابوون و ڕێنسانسی زانستی و کولتووری و دیموکراتیەت، بەڵام پێش یۆهان گۆتنبێرگ و پتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر لە گریکی دێریندا کە بەرەچەڵەکی شارستانیەتی ئەوروپی دەژمێردرێت ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردووە، واتە لەو سەردەمەی کە پێی دەگوترێ موعجیزەی گریکی یاخود موعجیزەی ئەسینایی (لەسەدەی شەش و پێنجی پێش زایین) سەردەمی ئازادیی گەلی گریک کە نەوەی وەک بێرکلیس و بونیادنانی «پارتینۆن»ی لێکەوتەوە و دواتر لە نێویدا شاکارەکانی «هۆمیرۆس» (کە کرۆکی بابەتەکانی بریتی بوو لە بیرۆکەی «ململانێی کولتوورەکان» و فەلسەفە و هزرە بەهێزەکانی سەر لێواری «ئاسیای بچووک» نووسرانەوە. ئەم هەموو کولتوور و هزرە لە ڕێگای سیاسەتمەدارە فەیلەسوفە پەناهەندەکانی گریک کە پەنایان بۆ ئیمپراتۆریەتی فارسی بردبوو، گەیشتە ئەورووپای ڕۆژئاوا، چونکە بۆ نموونە خودی ڤیتاگۆرس و زینۆڤانیس و ئاناکسا گۆراس لەو پەنابەرانە بوون. لەوانەیە- هەروەک «کارل پۆپەر» دەڵێ: «هۆکاری ئەو موعجیزەیە، کتێبی لە چاپ دراو و بازاڕ و بڵاوکردنەوەی کتێب بووبێت». بێگومان مێژووی نووسینەوە بە هەموو شێوەکانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن و تەنانەت ئاسەوارەکانی لە «پیلۆس» و «کۆنسۆس»یشدا

دۆزراونەتەوە کە دووشاری یەکجار کۆنن، بەڵام (کارل پۆپەر) دەڵێ: «زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین کولتووری ئەورووپی بەتایبەتی، لە بڵاوکردنەوەی شاکارەکانی هۆمیرۆس لە شێوەی کتێبدا دەستی پێکردووە، چونکە دیرۆکی ئەو شاکارانە بۆ ٣٠٠ ساڵ پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار بنووسرێنەوە و لەشێوەی کتێبدا لەساڵی ٥٥٠ی پێش زایین بخرێنە بەردیدی جەماوەری خوێنەران، دەگەڕێتەوە. واتە لەوکاتەوە کە هەوادارانی هۆمیرۆس ئەو شاکارانەیان بەدەستی کۆیلە خوێندەوارەکان لەسەر کاغەزی بەردی دەنووسیەوە، ئەو جۆرە کاغەزەش لە میسرەوە دەهاتە خاکی گریکەوە، ئینجا پاش ئەوە بازرگانانی کتێب کۆیان دەکردنەوەو دەیانفرۆشتە خەڵک. ئەوە یەکەم کتێب بوو کە لە ئەسینا بڵاوکرایەوە بە دەستپێشخەری حاکمی ئەسینا دیکتاتۆر «پیزایستراتۆس». بەم جۆرە شاکارەکانی هۆمیرۆس بوون بەیەکەم کتێبی ئەورووپی لە ئەسینادا و خەڵک بەگشتی وەک کتێبێکی پیرۆز دەیانخوێندەوە و دواتر شیعرەکانی هسیۆدو پندار و ئێسخیلۆس و شاعیرە گریکییەکانی دیکە هاتنە ئاراوە. ئەسیناییەکان لەوکاتەوە فێری خوێندنەوە بوون (خوێندنەوەش لەوسەردەمەدا دەبوایە بە دەنگێکی بەرز بوایە) هەروەها فێری نووسینەوە (بەتایبەتی نووسینی نامە) بوون و لەساڵی ٤٦٦ پێش زاییندا یەکەمین کتێبی زانستی لە ئەسینا دەرچوو، ئەویش کتێبەکەی «ئاناکسا گۆراس» بوو بەناونیشانی «لە بارەی سروشتەوە»، لەم بارەوە کارل پۆپەر دەڵێ: «ئەو کتێبەی ناوبراو بەیەکەمین کتێبی سایکلۆپیدی (مەوسوعی) لە بارەی سروشتەوە دەژمێردرێت و وێرای ئەوەی کە کتێبەکەی ئاناکسیماندەر لای لیسیۆم پارێزرابوو، بەڵام بڵاونەکرایەوە و لەوانەیە ئاپۆلۆ دوراس دواتر ڕەشنووسەکەی لە کتێبخانەی ئەسینادا دۆزیبێتەوە، هەروەها نووسراوەکانی «هێراکلیتیس»یش بڵاو نەکرانەوەو لە پەرستگای ئارتیمسدا پارێزران هەروەک زانراوە کە ئاناکسا گۆراس پەنابەرێکی سیاسی بوو و خەڵکی شاری «کلازۆسینا»ی نزیک «ئایۆنیا» بوو و کتێبەکەشی لە ئەسینا نووسیوە. پاش ئەو کتێبە، کتێبە مێژووییەکانی مێژوونووسی ناودار «هیرۆدۆت» لە ئەسینا بەدەرکەوتن، بۆیە پیرکلیس گوتبووی «ئەسینا قوتابخانەی گریکە». بەم پێیە مێژووی کتێب بۆ سەردەمی دیکتاتۆر پیزایستراتۆس دەگەڕێتەوە، واتە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە چاپخانەکەی گۆتنبێرگ. ئەگەرچی نووسینەوەو لەچاپدانی کتێب ڕۆڵی سەرەکی لە بزاڤی ڕۆشنبیری ئەورووپیدا هەبووە، بەڵام بۆ نووسەر زۆر بۆتە مایەی سەرئێشە، بۆ نموونە پاش ئەوەی ئاناکسا گۆراس کتێبەکەی بڵاوکردەوە، بەموڵحید تۆمەتبارکرا و دواتر هەمان شت پاش ٢٠٠٠ساڵ لەگەڵ گالیلۆدا ڕووی دا، بەڵام هیچ یەکیان لەسێدارە نەدران، چونکە هەردووکیان پەیوەندی شەخسی و دۆستانەیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارو دەسەڵاتدارەکانەوە هەبوو (ئاناکسا گۆراس مامۆستای پیرکلیس بوو کە ڕۆڵی ناوبژیوانی گێڕا لای دەسەڵاتدارانی ئەسینا تاکو مامۆستاکەی لەسێدارە نەدرێ بەڵکو تەنیا لە ئەسینا دەربکرێت و غەرامەیەکی زۆریش بدات) هەروەها گالیلۆش بەهۆی پەیوەندی شەخسی و دۆستانەی لەگەڵ پاپادا لەسێدارە نەدرا، بەڵام ژیانی لە تاراوگەدا بەسەربرد.

لەمبارەوە ڕۆدیجەر پۆپنەر دەڵێ: «تیمۆستۆکلیز گەورە پیاوی ئەسینا کە بەهەمان شێوە لە ئەسینا دوورخرابۆوە و قوتابی ئاناکسا گۆراس بوو، مامۆستای خۆی واتە ئاناکسا گۆراس هێنایە لای خۆی لەشاری لامپساگۆس و پاش چەند ساڵێک لەوێ کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەو سەردەمەدا کەس بیری لە سووتاندنی کتێبی ترسناکی وەک کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس (لە بارەی سروشتەوە) نەدەکردەوە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە کتێب داهێنانێکی نوێ بوو و هێشتا دوور بوو لە دەستێوەردانی دادگاو دادگاییکردن، هەرچەندە ئاناکسا گۆراس بەسووکی دادگایی کرا و لە سێدارە نەدرا، بەڵام کتێبەکەی زۆرترین دانەی لێ فرۆشرا و ڕەواجێکی زۆری هەبوو لەوشارەدا. بێگومان ئەفلاتوون یەکەم فەیلەسووف بوو کە درکی بە سەنگ و کاریگەری بەهێز و گرنگی کتێب لە ڕووی هزری و سیاسییەوە کردبوو (بەتایبەتی کتێبەکەی هۆمیرۆس)، ئەمەش وای لێکرد بیر لە دوورخستنەوەی شاعیران (بەتایبەتی هۆمیرۆس) لە شاری ئەسیناو شارە گەورەکانی گریک بکاتەوە. ئەفلاتوون لەبارەی چارەنووسی کتێبەکەی ئاناکسا گۆراسەوە لە کتێبی «بەرگری سوکرات»دا دەڵێ: «تەنیا نەخوێندەواران تێناگەن کتێبی ئاناکسا گۆراس چی دەڵێ، بەڵام لاوان کە پەرۆشی حیکمەت و مەعریفەن دەتوانن هەر کاتێک بەیەک دراخما (دراوێکی گریکی کۆنە) بیکڕن لە بازاڕ». هەڵبەتە لەو سەردەمەدا کتێب لەسەر کاغەزی

بەردی کە لە میسرەوە دەهات، دەنووسرا و لەگەڵ کەلوپەلی دیکە لە بازاڕەکانی گریک دەفرۆشرا، نووسینەوەش بە ئەلفوبێی گریکی بە دەستوخەتێکی جوان دەکرا.

پاش ٢٧ساڵ شەڕ لەگەڵ شاری «ئیسپارتە»دا، ئەسینا کەوتە ژێر دەستی حکومەتێکی زۆردار، کە بەناوی «حکومەتی ٣٠ دیکتاتۆر» ناسراوە، ئەو حکوومەتە لە ماوەی ٨ مانگدا (بەپێی مێژوونووسانی گریک)، نیوەی خەڵکی ئەسینای کوشت و موڵک و ماڵی لێ زەوت کردن، لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو خەڵکە ڕایانکرد و دواتر گەڕانەوە ئەو حکومەتە داپڵوسێنەرەیان لە شەڕی «پیرایۆس»دا لەناو برد و دیموکراتیەتی ئەسینایان گەڕاندەوە، لە دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا ئاماژەیەکی کورت بۆ ئەو سەردەمە کراوە کە لەوشەڕەدا بەهۆی قاتوقڕی هەندێک خانەوادە لەبەر نەداری و مەرگەساتی شەڕ ناچاربوون کتێبەکانیان بفرۆشن، ٨ کتێبەکەی «تۆسیدیدس» کە باس لە جەنگی ٢١ ساڵە دەکات و کتێبە بەناوبانگەکەی پزیشکی «ئیزۆکرات» و تەنانەت کتێبەکانی ئەفلاتوونیش فرۆشران. ئارنۆلد توێنبی دەڵێ: «تا ساڵی ٥٢٩ز کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس دەخوێندراوە واتە پاش ١٠٠٠ساڵ لە بڵاوکردنەوەی هەر خەڵک دەیخوێندنەوەو چەند دانەیەکی لێ مابوو، بەڵام لەوساڵەدا واتە ٥٢٩ز بەپێی مەرسوومێکی فەرمی لەلایەن ئیمپراتۆری مەسیحی جستیان سەرجەم کتێب و قوتابخانە فەلسەفییە بتپەرستەکان Paganist قەدەغە کران و داخران و کتێبەکەی ئاناکسا گۆراسیش لەو بەینەدا ون بوو».

دواتر لە سەردەمی (رینسانس)دا هزرمەندە سکۆلارەکان (مەدرەسییەکان) هەوڵیان دا هەندێک بەش و برگەی ئەو کتێبە کۆ بکەنەوەو لە چاپی بدەنەوە، بەڵام نەیانتوانی هەموو بەشەکانی وەک کتێبە ئەسڵییەکە ئاماژەیان بۆ دەکات ڕێک بخەنەوە.

دوایین هەوڵ لەم بارەوە، هەوڵەکەی پرۆفیسۆر «فیلکس کلێڤ» بوو لە ناوەرۆک و دیرۆک و هزری ئاناکسا گۆراس و کتێبەکەی پسپۆڕ بوو، بەڵام مخابن ئەو پرۆفیسۆرە لەسایەی ڕژێمی نازی ناچار بوو لەساڵی ١٩٤٠ز لە ڤیەنا ڕابکات بەرەو نیویۆرک و نەتوانێ کارەکەی تەواو بکات، واتە وەک ئاناکسا گۆراس-ی بەسەرهات، چونکە ئاناکسا گۆراسیش لەبەر ستەمی ئیمپراتۆرەکانی گریک ناچاربوو لەساڵی ٤٩٢ی پێش زایین بەرەو ئەسینا ڕابکات، لەبەر ئەوەی ئەسینا لەوسەردەمە کۆنەدا هەوارگەی دیموکراتخوازو ڕووناکبیران بوو و هەر لەوێشەوە موعجیزەی Miracle گریکی (یاخود موعجیزەی ئەسینا) سەری هەڵداوە. ئەو موعجیزەیە لە ڕاستیدا بەشۆڕشێکی ئاشتیخوازانە و لەماوەیەکی کورتدا ڕووی دا کاتێک کە حاکمی ئەسینا، «سۆلۆن» لەساڵی ٦٠٠ی پێش زایین هەموو قەرزەکانی سەر هاووڵاتیانی ئەسینای هەڵوەشاندنەوە و نەیهێشت هیچ هاووڵاتیەکی ئەسینا لەبەر قەرزەکانی ببێت بە کۆیلە، کارل پۆپەر دەڵێ: «ئەمەیان یەکەم یاسا بوو لە مێژوودا کە بۆ پاراستنی ئازادی هاووڵاتیان داڕێژرا.. سۆلۆن تەنیا حاکمێکی مەزن نەبوو، بەڵکو یەکەم شاعیری ئەسینا بوو و شیعرەکانی باس لە یۆنۆمیا دەکات، واتە حکومەتی باش»، بەڵام ئەو فەرمانڕەواییە ئەوەندەی نەخایاندو دیکتاتۆر «پیزایستراتۆس» کە خزمێکی سۆلۆن بوو کودەتایەکی لەسەریدا کرد و خۆی کردە پاشای ئەسینا و زێڕوزیوو پارەکانی ئەسینای بۆ بەرژەوەندی خۆی تەرخان کرد، بەڵام هەر لەسەردەمی پیزایستراتۆسدا شیعرەکانی هۆمیرۆس (٥٥٠ی پێش زایین) بڵاوکرانەوە، لەبەر ئەوەی لەو ساڵەدا برێکی زۆر لە کاغەزی بەردی لە میسرەوە هێنرایە ئەسینا و ئەو جۆرە کاغەزەش تاکە ئامراز بوو بۆ نووسینەوەو بڵاوکردنەوەی کتێب لەوسەردەمەدا کتێب بەگشتی و شیعرەکانی هۆمیرۆس کە لە کتێبی «ئەلیادە»دا هاتووە بە دەنگێکی بەرز بۆ خەڵکی ئەسینا دەخوێندرایەوە، ئەو جۆرە خوێندنەوە ناوی (لۆگوا) بوو، کە «قەدیس ئۆگستین» لە کتێبەکەیدا (دانپێنانەکان واتە الاعترافات Confessions) زۆر ئاماژەی پێدەکات، چونکە لای گرنگ بوو، کە پاش ٩٠٠ ساڵ لە کتێبەکەی هۆمیرۆس، ئینجیل بەدەنگی بەرز بخوێندرێتەوە، بۆیە «قەدیس ئۆگستین» کاتێ کە بینی «قەدیس ئامپرۆس» ئینجیل (کتێبی پیرۆز) بە بێدەنگی دەخوێنێتەوە، تووڕە بوو. (لەبەرئەوەی گوێی لێنەبوو قەدیس ئامپرۆس چی دەخوێنێتەوە و ئەمەش یارمەتی نادات بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئایینییەکان لەگەڵ ناوبراودا).

مێژوونووسی دێرین و بەناوبانگ هیرۆدیت وشەی «بیبلۆس»ی بەکارهێنا بۆ کتێب، ئەم وشەیە لە زمانی گریکی کۆندا مانای ئەوەبوو «کۆمەڵە کاغەزێکی بەردی

میسری، که بەشێکە لە کتێبێکی گەورە» . ئەگەرچی لەساڵی ٤٥٠ی پێش زایین لە ئەسینادا بازاڕی کتێب هەبوو، بەڵام کتێب بۆ فرۆشتن نمایش نەدەکرا، بەڵکو بۆ خوێندنەوەی بەدەنگی بەرز.

بەپێی دایالۆگەکانی ئەفلاتوون، کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس یەکەم کتێب بووە بۆ بڵاوکردنەوەو فرۆشتن. ئەفلاتوون باوەڕی بەوە هەبوو کەمەحاڵە بتوانین بە نووسینەوە بیروبۆچوونەکانمان دەربڕین، بۆیە پێی باشتر بوو کە یاسا و ڕێسا تەشریعییەکان سەرزارەکی بخوێندرێنەوە نەک بە نووسینەوە، لەوانەیە ئەفلاتوون یەکەم فەیلەسووف بێت کە درکی بە مەترسییە سیاسییەکەی بڵاوکردنەوەو کڕین و فرۆشتنی کتێب کردبێت (بۆیە نەیهێشت کتێبەکەی هۆمیرۆس بێتە ناو «کۆمار»ەکەی). بەڵام باسی سووتاندنی کتێب ناکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس نەسووتاوە. کەچی «دیوجین لیرشێوس»ی هزرمەندی کۆنی گریکی دەڵێ: «کتێبەکانی ڤیتاگۆرس بە ئاشکرایی لە ئەسینادا سووتێنران.» ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەفلاتوون. ئەو سووتاندنە کە دیوجین لیرشیۆس ئاماژەی بۆ دەکات، لەساڵی ٤١١ی پێش زایین ڕووی داوە واتە لەو کاتەی کە ئەفلاتوون ١٦ ساڵان بووە.

سکۆلارەکان وای بۆ دەچن کە کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس زۆر گەورە نەبووە، بۆیە بەیەک «دراخما» فرۆشراوە، واتە زۆر هەرزان بووە و پێش ٣٠ ساڵ لە کتێبی ئەفلاتوون «بەرگری سوکرات» بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس (لە بارەی سروشتەوە) زۆر گەورەیە و چەندین بەشی تێدایە کە باس لە ئەستێرە ناس و فەلەکناسی و کەشوهەوا و تیۆر لەبارەی «ئەسڵی جیهان» و «ئەسڵی مادده» و پێکهاتەی توخمەکانی سروشت، وەک ئاو و کانزا و شتەکانی دیکە وەک شیعرو گۆشت و ئێسک... تاد، دەکەن.

کارل پۆپەر یەکێک لە هۆکارەکانی ڕوودانی موعجیزەی گریک دەگەڕێنێتەوە بۆ «ململانێی کولتوورەکان» کە لە «ئەلیادە»ی هۆمیرۆس و لە «ئۆدیسە»شدا و لە کتێبی «مێژوو»ی «هیرۆدۆت»دا ئاماژەی بۆ کراوە، دەڵێ (ڕۆژێکیان کتێبەکەی ئەفلاتوونم دەخوێندەوە- کتێبی بەرگری سوکرات لەبەردەم دادوەرانیدا- کە جوانترین کتێبی فەلسەفییە لای من، کاتێک کە دووبارە بڕگەیەکم لێ خوێندەوە، بیرم لە بیرۆکەیەکی نوێ کردەوە کە بڕگەی «٢٦ د. هـ» ئاماژەی بۆ دەکات، کە گوایە بازاڕێکی گەرمی کتێب لە ئەسینای ساڵی ٢٩٩ پێش زاییندا هەبووە و تێیدا کتێبە کۆنەکانی وەک کتێبەکەی ئاناکسا گۆراس دەفرۆشران و نرخەکانیش زۆر هەرزان بوون، تەنانەت یۆ بۆلیس کە مامۆستای گەورەی کۆمیدیای کۆنە، باس لە بازاڕی کتێب دەکات پێش ٥٠ ساڵ لە ٢٩٩ی پێش زایین و هەمان شت پۆلۆکۆس لە «ئۆنۆماستیکۆن»دا ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵام چۆن ئەو بازاڕە سەری هەڵداوە نازانین... تەنها ئەوە دەزانین کە کتێبەکانی هۆمیرۆس پاش دیکتاتۆر پیزایستراتۆس بڵاوکراونەوە. واتە پێش هۆمیرۆس، کتێب هەبووە، بەڵام لە بازاڕی میللی و بە ئازادی نەفرۆشراوە، لەوسەردەمەدا لەوانەیە کتێبەکان وەک کتێبەکەی هیراکلیتس لە پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکاندا لەبەر کرابن، تەنها کتێبەکانی هۆمیرۆس خێرا لەناو خەڵک بڵاوبوونەوە و یەکەم ئاهەنگی شیعری لە مێژوودا بۆ شیعرەکانی هۆمیرۆس تەرخان کراوە، ئەمە لە کتێبی «کۆمار»دا هاتووە کە ئەفلاتوون خۆی ناڕەزایی دەردەبڕێ لەو «ئاهەنگە ترسناکە»، هەروەها ئەفلاتوون لە کتێبی «یاساکان»دا دووبارە ڕەخنە لە «ئاسپارتە» و «کریت» دەگرێ چونکە بایەخ بە ئەدەب و کتێب نادەن و دەڵێ: «خەڵکی ئاسپارتە تەنیا ناوی هۆمیرۆسیان بیستووە نەک کتێبەکانی و خەڵکی «کریت»یش هەر ناوەکەشیان نەبیستووە.....).

لە ئەسینادا ئەلیادە-ی هۆمیرۆس خوێنەری زۆری هەبوو خودی هۆمیرۆس لە سەر تاسەری گریکی ئەوسەردەمەدا زۆر بەناوبانگ بوو هۆی بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی هۆمیرۆس لە سەردەمی (پیزایستراتۆس)ی پاشای ئەسینا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەو پاشایەدا گەورەترین پرۆسەی هاوردنی کاغەزی بەردی لە میسرەوە بۆ ئەسینا ڕووی دا.

خودی پیزایستراتۆس کە پاشایەکی دەوڵەمەند بوو زۆر گرنگی بە کتێبەکانی هۆمیرۆس دەدا کە لەسەر ئەو جۆرە کاغەزەدا (کە وەک پەلکی قامیش بوو) بەدەستخەتی کۆیلەکانی ئەسینا دەنووسرانەوە، هەروەها پاشای ناوبراو (بەپێی بۆچوونی هیرۆدۆت) زۆر بایەخی بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی هۆمیرۆس لە گۆڕەپانەکانی ئەسینا (بە

دەنگی بەرز) دەدا بۆ ئەوەی جەماوەری ئەوشارە گوێیان لێبێت. دواتر چەندین کتێبی دیکە کە لەسەر پەلکە قامیشی (البردی) نووسرابوونەوە لە ئەسینادا بەدیارکەوتن، تا وای لێهات چیرۆکە تراژیدییەکان و کۆمیدییەکان لە شێوەی کتێب کە ئەوسا پێی دەگوترا «بیبلۆنا» لە «ئاگۆرا»دا نووسرانەوە. واتە دەتوانین بڵێین کتێبەکانی هۆمیرۆس یەکەم کتێب بوون لە مێژوودا و تەنانەت وەک نووسراوی پیرۆز لەلایەن رۆشنبیران و رووناکبیرانی ئەسیناوە دەخوێندرانەوە. کتێبەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شۆڕشی دیموکراتی لە ئەسینادا لە لەسەرکار لابردنی «هیپیاس»ی کوڕی پیزایستراتۆس و دارشتنی دەستوورێکی نوێوە دەستی پێکرد، چونکە خەڵکی ئەسینا لەوسەردەمە باوەڕیان بەوە هەبوو کە دیکتاتۆرەکان گەورەترین بەربەستن لەبەردەم دیموکراتییەکەیان، بۆیە «هیرۆدۆت» دەڵێ: «خەڵکی ئەسینا ناوی ئەوکەسەی کە پێیان وابوو مەترسی هەیە بۆ دیموکراتییەتەکەیان، لەسەر کووپەو گۆزەی قوڕیان دەنووسی تاکو خەڵک بیناسنەوەو لە دژی بوەستن». پاش پتر لە ٢٠٠٠ ساڵ مامۆستایانی ماتماتیک لەسەردەمی رێنسانسدا توانیان کتێبە ونبووەکانی ئاکلیدس و ئەرخەمیدس و ئەپۆلۆنیۆس و باپۆس و بەتلیمۆس و ئەرستارخۆس بدۆزنەوە و دووبارە بەرێکوپێکی و بەشێوەیەکی جوانتر بینووسنەوە، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی «کۆپەرنیکۆس» لە فیزیک و فەلەکناسیدا.


**سەرچاوەکان:**

**١- بحثا عن عالم أفضل: كارل پوپر**
**الطبعة الاولى ١٩٩٩**

**٢- تأريخ الفلسفة الاوروبية: روديجر بوبز**
**الطبعة الآولى ١٩٨٥**

**٣- دفاع سقراط أمام قضاته: افلاتون**
**الطبعة الثانية ١٩٧١**

**٤- التأريخ: هيروديت، الطبعة الاولى ١٩٥٠**

# بەتاوپێکدا دەبارێین: لەرینەوەی دەنگێکی بەدەم ڕێوە

هەندرێن
(سوێد)

گرنگی شیعر بەگشتی و شیعری کوردیش بەتایبەتی، وەک هەر کردەیەکی ژیانکردن، لەوەدا نییە کە لە خەمی ئەو شێوازەی کە باو و جێگیرکراوە بکۆشێ، بەڵکو ئەو گرنگییە لەوەدایە کە دەنگەکان بتوانن شێوازێکی نەبینراو، یان جیاواز، بدۆزنەوە. دەستکردن بەگەڕان بەدوای ڕێچکەیەک، یان گەردوونێکی تر، لە دایکبوونی ویستی ئەو جوداوازییە. کە لە ڕووبەری ژیان و بگرە جیهانی شیعری ئێمەدا ئامادەبوونێکی شەرمنی هەیە، هەبوونی شێوازێکی جودا لە پرۆسەی شیعراندنی نادیاریی. ئەوە دەگەیەنێ کە تۆی شاعیر توانیوتە زمانێکی تایبەت بەخۆشت بەرهەم بهێنیت. بە واتایەکی تر.

ئاوەڵاکردنەوەی ڕێچکەیەکە بەرەو گەردوونە پەنهانەکانی زمان، بۆیە بوون بە شاعیر وەک خۆت. بە زرنگی وتنەوە و ئەزبەرکردنی ئەو وشە. ڕیتم، وێنە. هاوردە و شێوازانە دەستەبەر نابێ کە شاعیرانی لێکچوو و گەلەکۆیی دایان ڕشتووە، بەڵکو ئەوە بە شیعراندنی ئەو شێوازە، یان ئەو ڕێچکە فەرامۆشکراوەی کە بەرەو ئەو گەردوونە نادیارەمان دەبات.

دەردەکەوێ و دەخەملێ. پێڕۆکردنی ڕیتمێکی داسەپاو کە هەمیشە وەک نەریتێکی قبووڵکراو، بخوێن، گوێگر و بینەر بە ئاسانی دەقی پێوەدەگرن. وەک ئەو شێوازەی کە هەر لە دوای نەوەدەکانەوە لە ئاستی بەشێک لەشیعری کوردیدا لەسەر بنەمای پێوەندییەکانی هاوڕێیی، هاوشاری، لە ئارادایە. هەر لەسەر بنەمای ئەو مجێزەش. خودی ئەو شاعیرانە خۆ بەخۆ و خوێنەرانیان، بەناوی

«خـــوێندنەوە» ، «ڕاڤــە» و زاراوەگــەلێکی تر کــە لە بڵاوکراوەکانی کوردیدا پەسنی یەکتر دەدەن.

ئەم دیاردەیەش یەکــێکە لەو هۆیانەی کــە ڕەخنەی کوردی لە دەرەوەی خودی ڕەخنەسازیدا هێشتۆتەوە.

هەرچەندە ئەو دیاردە شیـعریی و ڕەخنە خێزانداریەی کوردی پێویستی بەخوێندنەوەیەکی فرە بوار هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو سەرنجەمان کەمێک ڕاشکاوتر بکەین، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمڕۆ خوێنەر دەتوانێ سەدان نموونەی لێکچوو لەو شیعرە حیکایەت «ئامێز و میتافیزیک ئامێزە لە شیعری کوردیدا ببینێ، کە بەو تەرزە ڕیتمە دەست پێدەکا» «ئەی یار ئەشق لە فردەوسەکانی مەحەبەت پەشیمانی کردینەوە.... تاد» هاوکاتیش لە خوێندنەوەی هەر یەک لەو نموونە شیعرییە باوانەی ئەمڕۆماندا. کتوپڕ وێنە و کۆپلە شیعرێک لە چامەی «دەنگی پێی ئاو»ی سوهراب سپێهری یان فەرووغ فەروخزاد. بەزەقی بەرۆکمان دەگرێ. دواجاریش مەیلی خوێندنەوە و کاتە بەفیڕۆچووەکانمان، تاسەدار و خاکەسار دەکا. بەهەمە حاڵ.

کەواتە شیعراندنی شێوازێکی دەربڕینی خودییانە، یان تاکگەرایانە، بەهونەری لاسایکردنەوەی پەیڤگەل و ئەزبەرکردنی ئەو ڕیتمە ئاسۆیی: حیکایەت ئامێزەی. کە ئاماژەمان پێکرد. لە دایک نابێ. لێرەوە دۆزینەوەی ئەو شێوازە ڕەسەنە ئاسان نییە. دۆزینەوەی ئەو شێوازە بە ئارەزوو مەیسەر نابێ، بەڵکو لە ڕۆچوون بەناو ناخی زماندا چاوهەڵدێنێ. یان بە واتای ژیل دۆلۆزییانە لە خودی زمانی خۆتدا نامۆ بیت. (١) بەمەش شاعیر ڕێچکەی کۆچێک بەرهەم دەهێنیت. ئاوەڵاکردنەوەی ئەو ڕێچکەیە بەندە بە دۆزینەوەی ئەو شێوازە خودگەراییە، ژیان بەخشین بەو شێوازە پرۆسەیەکە لە بووناندنی خود لەناو گەردوونی زماندا. ئەمەش مانای پەیڤاندنی یادەوەریی فەرامۆشکراوی زمانە.

لێرەوە بە دواندنی کۆشعری نیگار نادر «بەتاوپێکدا دەبارێین»، کە بەر لە خوێندنەوەی ئەو کۆشیعرە. ئەو شێوازە شیعرییەتەی کە وەک پێشەکیەک ئاماژەم پێکرد. لە زەینمدا نەبوو. خوێنەر بەدەم ڕێگا پەیڤین لەگەڵ ئەو کۆشیعرە. کتوپڕ بەرەو ڕووی دیمانەی ئاسۆی شێوازێک دەبێتەوە کە لەوێدا هەست دەکەی لە قووڵایی ناخی ئەو شیعرانەدا مەیلێک لە نائاساییبوونی شێوازێک،




ڕێگایەکی نامۆ یان زمانێکی نامۆ سەرەتاتکێت لەگەڵ دەکا. بەدەربڕینێکی تر، دەکرێ لە جوگرافیای ئەو کۆشیعرەدا، لەرینەوەی دەنگێک ببیستین کە بە بەدەم ڕێوە دەخوازێ شێوازێکی خۆکرد بە خاکی شیعریەتی ژن ببەخشێ.

وەلێ لە بەراییرا با ئەوە بڵێم. کە بەر لەو کۆشیعرە. بە ڕێککەوت چەند شیعری وەک: «کوێر بوونەوە» ، «وەشان» و «دڵم هەنارێک بوو ڕنیان»ی نیگار نادرم خوێندەوە، کە هەر ئەم ساڵ، ٢٠٠٦، بە ڕێککەوت «لە سایتی «دەنگەکان» بڵاوکرابوونەوە. (بەر لەو شیعرانەش، شیعری تری ئەو شاعیرەم نەبینیبوو). دواجار هەر بە ڕێککەوتیش. دوای ماوەیەکی کورت. کە لە سایتی ناوبراودا بەرگی ئەو کۆشیعرەم بەرچاو کەوت. شەبەنگێ ئەو شوێن پێیەی کە ئەو چەند شیعرە لە زەینمدا مابوونەوە. بەرەو تەیکردنی جیهانی «بەتاو پێکدا دەبارێین»ی جووڵاندمەوە.

لە شیعری «کوێر بوونەوە»دا لای نیگار نادر. مەیلی ویستێکی ڕووتی شیعریانە. هاوکاتیش هێورانە بۆ تێکشکاندنی پێناسە داڕێژراوەکانی: «هاوسەرێتی» ،

«ئەڤین» ، «مـاف» ، «پاكـیـزەیی» ، «ئـازادی» ، «ئەشق» ، «ئاشـتـی» و «ژیـان» ، بەرۆكی زمـان دەگـرێ. بەمـەش ڕامـانێكی ناباو. گـەردوونێكی بارگـاویكراو بە مـەرجە قورسەكان لەسەر ژن. لە زمـاندا ئازادی خۆی ڕادەیەنێ. لە دوای خـوێندنەوەی ئەو شـیـعـرە، ئیـتـر وێنای ژن لە خۆزگە و خەونی بەدیهێنانی ڕزگار بوون و خۆ بە قوربانی نمایشكردنەوە دەبێـتـە ڕاپەرمـوون و تێـهـەڵچـوونەوەیەك بەناو خود. نیگار بە كردەیەكی شیعریانەی بێباكانە ئەو مـانایە بناخرپێژانەی كـە دەسـەڵاتی نێـر بە ناوی ڕەوشت لەسـەر وێناندنی مـێـینەدا هەڵـیـچنینەوە سـەرەو ژێر دەكاتەوە، یان هەڵی دەوەشێنێتەوە و بەمەش شێوازێكی ڕەسەن بە خودی شیعریەتی خۆی و مانایەكان دەبەخشێ. هەرچەندە ئەو شـیـعـرە بە كـۆپلەیەك یان لا نیگایەك لە جەستە بزواوەكەی ناتوانێ گشت مەرامی ناخی ئاگاییە شیـعریبیەكەی ڕابگەیـەنێ، لێ وێڕای ئەمەش دەتوانین بە دیمەنێكی خێرای ئەو جەستە بەرێوەیە وێستێك بكەین و دواجار بەخۆمان تەواوی ڕێگای ئەو سەفەرەی، كە بەدەم ڕێوە بێدەنگ دەستەواژەكان هەڵدەچنیتەوە. وێنا بكەین:

**«لە گوێچكەكانی پیاوێك ڕا**
**نركەكانی دونیا دەبیستێ و**
**یەك لە دویەك**
**دڵ و چاو و ڕۆحی**
**زیندەبەچاڵ دەكا و**
**ناوی لێ دەنێ ئـەشق «(كـــوێربوونەوە، ســـایتی دەنگەكان).**

نیگار زمـانی ناخی ژنانەی، وەك ڕەگەزێكی جودا. كە لێـرەدا ئـامــاژەكــردن بە دەســتــەواژەی «جـــودا» ، پۆلێنكردنێكی باو نیـیـە لە مـرۆڤ، بەڵكو مـەبەست لە بەهای ئاوەڵاكردنی ڕەهەندەكانی جوداییە. وەك زۆرینەی زمانی شیعری ژنی كوردی. لە ناسكۆێژی شێوەی دەرەكی جەسـتـەی زمـان، وشـە، وێنە و گـوزارەكردندا دەرنابڕێ، بەڵكو ئەو زمـانە لە جـیـهـانێكی ناوەكی، لە خـاكـێكی مـێگردا سەرهەڵدەگرێ. چەشـەی ئەو زمـانەش لەم تەرزە دەبڕینەدا تام دەكرێ:

**«هەنارە كیژێك بە چەقۆ دڵی هەڵدەكۆڵرێ**

**نە قلشی دەكــەوێتێ و نە هەنـاراوی لەبەر دەڕوا...»**
**(«وەشان» ، سایتی دەنگەكان)**

پەیڤـەكـان پێكرا بە چنینەوەی وێنەیەك لە ژن، ناخی كۆمـەڵگای ئێمە ئاوێنە دەكاتەوە. لەبەردەم ئەو وێنەیەدا كۆی جەستـەی ژن «هەناراوی لەبەر دەڕوا» لێرەدا ڕەنگی هەنـاراوی وەك هاوردەیەك خـوێنمـان بە یاد دێنێـتـەوە، بەڵام ئەو وێنەیە لە یەك كاتدا هەم زمـانێكی مێینانە و هەمیش ئازارێكی مێینانە بەرجەستە دەكاتەوە.
هەر لە هەمـان شـیـعـردا، تیـشكی ئەو ناوەكـیـیـە ژن ئامێزە، تژیتر زمان شەبەنگی دەكا:

**«كچێك نمەنمێ بكا و**
**سەر لەنوێ خاك تەڕكا...»**

وێڕای ئەمەش، ئەگەرچی، بەگشتی، شیعراندنی پرسی مـاف، بەرابەریی تلانەوە بە دەست نەبوونی ئـازادی و لە خـــۆ ڕوانین بە چاوی پیـــاو... تاد بەشی ســـەرەكی لە پانتـایی نـووسـینی ژنی كـوردیدا تەنیـوەتەوە، كـەچی، بە جـۆرێك لە جـۆرەكـان. لە شـیـعـری نیگاردا ئەو كـێشـە دژوارانەی كە هەمـیشە كۆمەڵگای كوردیان گەمارۆداوە و ئاكامی ئەمەش ڕەنگدانەوەیەكی زۆری لەسەر ناخی ژن و پایەكـەی داناوە، ئامـادەبیـان هەیە، یەكـێك لەو كـێشـە سـەخـتـانەش شـەڕی كـورد لەگـەڵ دوژمنی دەرەكی و ناوخۆیە، كە كایەكـانی ناخی ژنی كوردی برینـرێژ كردووە. لێرەدا نیگار بە دەربڕینەكانی زمان، شوێن پێی ئەو شەڕە وەك شێوازێك لە شیعریەتەكەی دەپۆشێ:

**«شەڕ تازە دڵم ببوو بە هەنارەكە....**
**خوێنی سەدان گەنجیان**
**لەسەر ڕشتم**
**چەند جار لەسەرم پێكهاتن و**
**داستانەكانی براكوژیم پێ**
**نێوزەد بوون...**

**تەرمی ژنێكی هەتك كراوی**
**ئەوان ڕۆژێ**
**كێ بە ئاقارم ڕابوورد**

**دەستی خوێناوی خۆی پێ**
**ئەسڕیوم و...»** (دڵم هەنارێک بوو بڕیان»، سایتی دەنگەکان)

زمان لای نیگار نادر. بەشێوازێکی جودا بەنێو پانتایی خۆیدا وەردەبێ و ڕیتمێکی ناباو؛ چرپیەتێک لە وتنی بازنەیی. پەلهاوێژانە، لە ئاراستە ناوەکییەکانی شیعراندن دەلەرێتەوە. هاوکاتیش لەمدو جووڵەکانی زمانی ئەو شێوازەدا، کە وەک دەردەکەوێ بە مەیلی خۆ جوداکردنەوەش سەرقاڵە، خۆیان بۆ بیستن مشتوماڵ دەکەن، بەڵام لە پێش مەیلی ناخی پەنهانی ئاگایانەی شاعیردا، چەپەرێک لە خۆگرتن بەرهەست دەکەوێ. کە ڕێگا لە دەربڕینی ئاگایی شاعیر دەگرێ کە ڕەهایانە بیپەیڤێنێ:

**«ئێلێک پیاوی پڕ لە شووره**
**کە شووره لە نێوان خوێن و... شووره لە چاوان و**
**شووره لەسەر لێوەکانیان دادەکوترێ..** (بەتاوپێکدا دەبارێین).

لێرەدا شیعرییەت وەک تەکانێک لە ڕەخنە هەوڵ دەدا ڕەهەندی کۆمەڵگا و کولتووری ژیان لە جڤاکی ئێمەدا بەرەو خەملاندنێکی ڤاڵا و باڵا هەڵبکێشێ. ئەو هەوڵە لە شیعرییەتدا ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر ئەو شتە باوانەی کە داڕێژراون، بەنامۆ بکا، یان لەکەدار بکا، بەڵکو دەخوازێ ڕوخسارێکی تر و ژیانێکی تریان پێبەخشێ، چونکە شیعر، وەک ڕەخنەیەکی تیۆری، خۆی بەسەرچاوەی زانیارییەکان نابەستێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە شیعر یاخی بوونە بە ڕووی هەموو زانیارییە قەتیسماوەکان.

لەو دیدەڕا شیعرییەت دەبێتە کردەیەکی سەرفراز بۆ دەربڕینە ڕەسەنەکانی شاعیر. بەواتایەکی تر، ئەو چەشنە شیعرییەتە دەکارێ لە ڕەوتەکەیدا ئەو چەپەرە تێک بشکێنێ و ئەو شێوازە جودایە لای شاعیری «بەتاو پێکدا دەبارێین» تۆختر بکاتەوە.

بەمەش ڕەسەنایەتیەک لە ڕاگەیاندنی شیعریەتی مێ لە پێناو پێکدادانی بەرهەمێنەرانەی ڕەگەزەکان. ڕەهەندە «جیاواز»ەکان کاراتر بکا. بۆیە مەتەڵی ئەو جیاوازییە لەو گومانەوە لە دایک دەبێ:

**«ئەو چ سیحرێکە کە هەردەمە پیاوێک**
**لەسەر ڕووحم لەسەر مێشکم**
**لەسەر لەشم ئیماراتێک بۆ خۆی دیاری دەکا.»**

ئەو دیمەنە شیعرییە لە زەینماندا جوگرافیایەک دەکێشێتەوە، کە لەوێدا. وەک وێنایەک، پیاو خولیایەکی خۆی لەسەر لەشی ژن پیادە دەکا. بەمەش لەشی ژن دەبێتە بوونەوەرێکی داگیرکراو لەژێر ڕکێفی پیاودا. بۆیە لە جیهانی ئەم «ئیمارات»ەی پیاودا، ژیان وەک شاعیرێکی ژن ئەستەمترە لە ژیان وەک ژنێکی مرۆڤ.

بەم چەشنە شاعیر بە گرتنەبەری ڕێگای زمانەکەی بەرەو شێوازی بوونەکەی، دەتوانێ لەمپەرە چەقیوەکانی کۆمەڵگا فەرامۆش بکا و ژیانێکی نوێ بە ڕەگەزی نێر، وەک بەرهەمهێنەری ئەو لەمپەرە، بناسێنێ.

هاودەمیش شاعیر بە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە، دەتوانێ خۆی لەو شێوازە بە کۆمەڵییەی کە وتمان لە پێکچوون و خۆ هەڵواسین بە یەکترەوە کە ئەمڕۆ لە پانتایی شیعری کوردیدا کەڵەکە و بەرخۆر بووە، دەرباز بکا و هەبوونە فەرامۆشکراوەکانی جیاوازی خۆی ئاوەڵا بکاتەوە.

بەڵێ لەم دیوی «بەتاو پێکدا دەبارێین» نیگای مرۆڤێکی بێدەنگ بە ڕەنگی وشە و یارییەکانی زمان: هەندێک جار نەوا و شێوازی دەربڕینی «هەولێر، خۆشناوەتی، سلێمانی، کرمانجی؛ هێوری، تووڕەیی. خەمینی و تریقانەوەی ناخی ژنێتی زمان.... بوونەکەی بەرجەستە دەکاتەوە. بەدەم ئەو ڕێکردنەوە نیگار و دیمەنی ناوەکی و دەرەکی ڕۆحی جووڵەی شتەکانی ناو بوونی کورد، دەچنێتەوە. لەناو چرپاندنی ڕاڕەوی ڕێگای ئەو کۆشیعرەدا، خەم و خەندە؛ نیگای سروشتی شەرمنانەی ژنێتی کورد. شوێنکاتی مێ، لە ئاوازی لاوک و حەیران ئاسا. یان تێکەڵاوییەک لە ناڵە و تریقانەوەی ئەو شوێنکاتە، زەینمان دەتەنییەوە.

**«کۆشت بێنە بێمە ناوی**
**شەپۆلان بدەم...»**

لێرەوە لەگەڵ ئەوالابوونی زمان. وێنەیەک لە شەپۆلی سۆزی ژنانە، ژنێتییەک لە جەستەی پەرێشانی. بێماڵی بوون گەرم دەکاتەوە. لێ بە دیوێکی تر. ئەگەر زۆر ئاوەزیانە، یان بە ڕیتمی ئەو ڕۆژگارا بهزرین. کەلێنێکی ڕەچاوکراو لە حەسرەت و توانەوەی دەنگی ژن. لە دووڕیانەکانی شیعریەت، خودبوون و مەنەلۆگ، لەم دیوی جەستەی زماندا سەرهەڵدێن:

**«خۆشەویستیم بە خۆمەوە نەبینیوە...**
**بۆیە تەتەر ئاسا بە شوێن باس...**
**بۆن و... دەگەڕێم...»**

کۆی مانای ئەو قەهر و گەڕانە بەردەوامە بەدوای ڕەهایەتی «خۆشەویستی»یە لە ئاکامی کارایی «جەنگەڵی ئێرەیە» کە لە بەرهەمی شەڕدایە. شەڕیش وێرانکردنی ئەو نامەیە کە شیعریەتی ژن هەڵگریەتی. بۆیە ئەو کەونەی کە حەسرەتی گەڕان و وێڵی ئەو منە شیعرە ژنێتییە پەنا دەدا. خودی شیعرییەتە:

**«نازانم خۆم بکەمە کام ماچ**
**تا خۆشەویستیت فێر بکەمەوە**
**نازانم بچمە کام کەون**
**تا لە جەنگەڵەکان دوورت بخەمەوە...»**

لە یەک کاتدا ناسکوێژییەک لە شیعریەتێکی ناوەکیانەی ژن قوڕگی حەسرەتی گەڕان ئاوازدار دەکا و گەردوونی ئەڤینی ناخ ئاوەڵا دەکاتەوە.
بەم جۆرە بە ڕوانینی من، دەکرێ ئەو کۆ شیعرە، وەک شێوازێک لە مەیلی شیعراندنی جیاوازی، کە دەخوازێ بە ڕیتمێکی بێدەنگ بوونی خۆی بدوێنێ، بخوێنینەوە. وەلێ دەنگی «من» لەو کۆشیعرەدا. هەروەک بەدەم ڕێگاوە ناڵەکان وێڵی کردبێ، خۆی لەناو بۆتەی «نازانم» یان «کۆدەنگ» کاڵ دەکاتەوە. ڕەنگە، چونکە ئەوکاتانە کە هەست دەکا:

**«بەرەو هەر مرۆڤێک**
**پێهەڵدێنم سەیر دەکەم سەرابە...»**

وێڕای ئەمەش، وەک تەکانێک لە مەیلاندنی شێواز، ئەو کۆشیعرە دەخوازێ بە ڕەنگ و تامەکانی زمانێکی بێدەنگ، لە ڕیتمێکی دیکەدا، شێوازی ماڵە شیعرییەکەی ڕابگەیەنێ.

کەواتە کۆشیعری «بەتاو پێکدا دەبارێین»، بە مەیلێک لە ڕاگەیاندنی شێوازی زمانێکی ناباو، هەوڵ دەدا لەو کۆ دەنگەی شیعری ژن، کە وەک وتم لێوانڕێژە لە ناسکوێژی شێوازێکی دەرکی ژنانە، هەروا لەو ڕیتمە شیعرییە ئاسۆیی و میتافیزیکییە ئامێز و بەکۆمەڵییەی پیاوان. خۆی دابڕێ. ئەگەرچی لەو کۆشیعرەدا جۆرێک لە ڕاستەخۆیی و ئاوڵەمەیی لە زمانی دەربڕیندا دەبینرێ، بەڵام نیگار لەو چەند شیعرەی کە دوای ئەو کۆشیعرە بڵاوی کردۆتەوە، کە ئاماژەم پێکردن. ئەو مەیلە لە دابڕان و جوداوازی زێدەتر دەخەمڵێنێ. دواجاریش بە ڕێژنەی «پێکداباریین»ێکی تردا. دەتوانێ بە زیاتر ڕەنگڕێژکردنی زمانەکەی، شێوازی ماڵی ئایندەکەی درەوشاوەتر بکا. وەلێ دواجار تەنیا خودی ئەو دەنگە بەرێوەیە کە دەتوانێ بەخۆی ئەزموونە شیعرییەکەی ئەو شێوازە چاوەڕوانکراوە ڕابگەیەنێ.
کەواتە:

**«نیگەران مەبە... من ئەڕۆم سەفەرێکی**
**ڕەهایی بەرەو ونبوونەکان**
**ئەمەوێت بێم بۆ مەلە چۆڵەکەی وە....»**

**نەورۆزی ٢٠٠٦**
**ستۆکهۆلم**


**سەرچاوە:**
**(1) Gilles Deleuze: SAMTALET, Vad ar det och Vad ardet bra for?**
**Glanta, nr 21,200, Goteborge, SVerige** **گۆڤاری**

# قەسیدەی (پێغەمبەر)
# لە نێوان باوەڕ ڕوونی و شیعرییەتدا

عەبدولڕەزاق بیمار
(بەغدا)

دەمێکە لەو هەولێرە شاعیرێک بە نینۆک لەبەردەستێ، وێنە دادەتاشێ؛ وێنەیەک زادەی جیهانبینی و ڕامان و هەست و هۆشی خۆیەتی و ناوی ناوە شیعر. لەم جۆرە شیعرانەش تا ئێستا چوار دیوانی پێک هێناوە و کونجێکی دیاری کتێبخانەی کوردی پێ داگیر کردووە..
یەکێکیان کە لە بەردەستم دایە دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)یە. دیوانەکە نەک هەر بانگی تازە کردنەوە دەدات، بەڵکو هاواری کەسێتیی تاک و زاڵ و بوێر و ژیرانەی دانەرەکەشی دەکات.

لە هەولێر چەندین شاعیری لاوی وەکو: (ئەنوەر مەسیفی، جەلال بەرزنجی، کەریم دەشتی، هاشم سەڕاج، دڵشاد عەبدوڵڵا) و هی دی.. هەوڵیان داوە لەگەڵ شەپۆلی باوی هەڵبەستی کوردی ڕێ نەکەن و بتوانن لەگەڵ ئەوەدا کە دەنگی ئازادی خۆیان هەبێت.. لە کاروانی تازەیی هەڵبەستی دەوروبەر دانەبڕێن و نموونەی ئاگادارییان بەسەر ڕێباز و تێڕوانییە ئەدەبییەکان (بەتایبەتی هی ڕۆژاوا)دا لە بەرهەمەکانیان ڕەنگ بداتەوە، بەڵام (سەباح ڕەنجدەر) وەک قارەمانەکانی ئەفسانە هاتووەتە مەیدان و بە پێ لێ داگرتن و هەتەرییەکی تەواو، ئاڵای کەسێتیی تاکی خۆی هەڵکردووە.. بە زاد و کەرەستە و چەکی خۆی لە مەیدانخوازیدا ڕاست هاتووە و دەڵێ:

«حەزم نەکردووە وەک کەس بم، کەسیشم لەبەرچاو نەگرتووە...» (١)

لە دنیایەکی جەنجاڵی پڕ لە بزووتنەوە و شۆڕش و ئایدیۆلۆجیای گەیاندن و تێڕوانینی فەلسەفە و هونەر و



سەباح ڕەنجدەر

ئەدەبدا، هەوڵ دەدا چاو لە کەس نەکات.. خۆی و خۆی باسک بوەشێنێ و بەرهەم پەیدا بکات.. ئەنجامی ئەم ڕەفتارەش هەر بە بەرهەمە شیعرییەکە نییە، بەڵکو بیرکردنەوە و نیشاندانی تێڕوانین، یان قسەکردنە لەسەر ڕێبازەکەی بە شێوازێکی پوخت و چڕ و بە دڵ و داوێن، ئەمەش لە پێشەکی دیوانەکان و دیدار و وتووێژەکانیدا ڕوون و ڕەوان ڕوو لە دڵ و هەست و ژیریی خوێنەر دەکەن.

ئایا لە بن تارا و پەشمیندا کە هەڵبەستەکانی نادیار و نامۆ و سەرسەخت دیارن، خوێنەر ناکەوێتە گومان لەوەی کە شاعیر هیچی وای پێ نییە و نەیتوانیوە فەرمانی هەرە سەرەکی هەڵبەست، بەڵکو ئەدەب بەجێ بهێنێ کە (گەیاندن)ە؟ ئایا ئەو گەیاندنە چییە؟ چۆن بە گەڕکەوتووە و گەیشتووەتە خەڵکی خوێنەر؟ لەبەرچی ئەم شێوازە و بەم ڕێچکەیەدا تێپەڕ دەبێت؟

جارێ پێش هەموو شتێک ئەوەی لەو دیوانەدا دەیخوێنینەوە، با داپۆشراویش بن، هەموو وشە و ڕستەی هەڵبەستکردن و ڕەنجی ئەفراندنیان بە خوێن و ئازارەوە پێوە دیارە، شاعیر بەیەک ساڵ هەڵبەستێکی داناوە و لەو ساڵەدا لەگەڵی ژیاوە و خەریکی پێداچوونەوە و هەڵتانی چینی دیواری بووە، بیناسازییەکەش سادە و ساکار نییە و بە هەموو کەس ناکرێت، ئەو هەڵبەستەتە بووەتە تۆماری ڕامان و هەست و بۆچوونی شاعیر لەو ماوەیەدا.

ڕەنگە هەندێک لەو شاعیرانەی بەو ڕێچکە و ڕێبازەدا دەچن باکیان بەوە نەبێت دەقەکەیان چ دەگەیەنێ، یان نا؟ ڕەنگە وا بزانن زمانی ئەوان زمانێکی ئاسمانییە، لە سەرووی تێگەیشتنی خوێنەرەوەیە. ئەمانە، یان وڕێنە دەنووسن، یان ئەو بەهرەیەیان تێدا نییە کە شێوازی تازەیان بگەیەننە ڕادەیەکی داهێنانی وەها کە لە ڕوخسار و لە ناوەڕۆکدا نیشان و شوێنەوارێک بەدەستەوە بدەن.

بە پێچەوانە (سەباح ڕەنجدەر) دەنووسێ:

«هەوڵم داوە ئەوەی لە گیان و ناخی من جێگیر بووە، بیگوازمەوە بۆ گیان و ناخی کۆی ئادەمیزادەکان، بەو حیکمەتەی شیعر پاکیەتیی ژیان ڕادەگرێت.» (٢)

بەڵام ڕێگای گواستنەوەکەی ئاڵۆز و نائاشکرایە.. ئەو نائاشکراییەش لە کۆنەوە لەگەڵ ڕەوشتی هەڵبەستدا گونجاو بووە، چونکە زمانی هەڵبەست، زمانی قسەکردنی ئاسایی نییە، هەر لە کۆنەوە هونەر گەلی ڕەوانبێژی بوونەتە هۆی تەگەرە لە تێگەیشتنێکی ئاسانی هەڵبەست، بە نموونە (استعارە) و (کنایە) و (تەوریە) تاڕادەیەک مانای وشە و ڕستە دەگوێزنەوە ناوچەیەک کە ئاخاوتنی ئاسایی جیاوازە.. هەروەها جارێکیش زمان باوەش بە ڕەمزدا دەکات، ئەوسا کەسم و شێوەی شتەکان بە جۆرێک هەڵدەفڕێنێ کە ببنە مایەی سەرسامی.. ئەمەش بەو ناوە کە زمان چووەتە ئاسمانی کەشف و کەرامەتیی سۆفی ئامێز.. یان وڵاتی خەون و خەون دیتن، ڕێژاوی (تەجرید)یش کە هەوڵ دەدا لە زمانی بنیاتی هەڵبەستدا هەڵقوڵانی شێوە بابەت (ڕوخساری) پەیدا بکات و دەستکاری کردنی شێوە بە شۆڕش دەزانێ. لەو ڕێگەیەوە دەق لە تێگەیشتنی خوێنەر بە دوور دەگرێت، بەڵام ئەم ئاڵۆزی و نائاشکراییەش:

«لەوانەیە ببێتە خەوشێک لە خەوشەکانی هەڵبەست، ئەگەر هاتوو نائاشکراییەکە مانایەک لە مانا تایبەتییەکانی دارشتن و بەرنامەی تایبەتی لە گەیاندنی هەڵبەستەکەدا نەبێت، بەڵکو دەبێتە دیوارێک لەبەردەم گەیاندن لە نێوان دەق و خوێنەرەکەیدا، واتا نیشانێکی کاریگەری نابێت، ئەگەر هەبێت ئەم نیشانە کاریگەرە تەنیا نائاشکراییەکەی خۆیەتی، یان نەبوونی گەیشتنییەتی، ئەوەی دەیڵێ بریتییە لە (بوونایەتیی) شێوەیی ڕووتی، یان جوانکارییە پەتییەکەی. (٣)

نائاشکرایی و تێنەگەیشتن لە هەڵبەستی تازەدا لە دوو ڕێوە سەرهەڵدەدا، یەکەم زمان دووەم نیشانە و ماناکان و دەربڕین.

**لەلایەنی زمانەوە**

«هەڵبەست بینایەکی زمانییە، بەڵام بینا-زمانێکی تایبەتییە، کەوا زمانە لەناو زماندا. بەڵێ زمان ئەرکێکی تایبەتی هەڵبەستانەی هەیە جیاواز لە ئەرکی میدیایی، ڕاپۆرتی، ئاراستەیی، زاراوەیی و ئەرکەکانی تریش کە (جاکوبسن) بۆ زمانی دیاری کردووە، بەڵام ئەرکی هەڵبەستانەی زمان بە تەواوی لەو ئەرکانەش دانەبڕاوە، بەڵکو بەهۆی بەرنامەی هەڵبەستەوە بەجێیان دەهێنێ، نەک بەهۆی بەرنامەی دەربڕینی ئاسایی زمانەوە، چونکە خۆ هەڵبەست هەر (بوونایەتی)یەکی بیناسازیی خۆیی نییە، واتا وەکو هەندێک ڕێبازی تازە دەڵێن نە نیشان و نە فەرمان و هیچی نییە، ئەوەی هەیەتی خۆیەتی خۆ بەو بوونایەتیی هەڵبەستانەیەتی.. هەروەها بریتییە لە تەنیا لێک هەڵوەشانی بیناکانی پێوەندی، یان گەیاندنی زمان، چونکە وەنەبێ هەر دابڕانێک لە بیناکانی دەربڕینی ئاسایی زمانی باو بە هەڵبەست بژمێردرێت، نا.. بەڵکو دربڕینێکی بێ هوودەییە.» (٤)

شاعیرانی ڕێبازی تازەگەری بەو ناوە کە لە سنووری هەست و ژیربدا ناوەستن و هەر بە (دیتن) دەست هەڵناگرن، بەڵکو ئەوان (جیهانبینی) دەکەنە مەرج و پۆزش و شێوازی ڕێبازەکەیان چوارچێوەی دیتنەکەیان لە سنووری ژیری و لۆجیکەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ناوچەی (خەون) و ناواقیعی و دیاردە و ڕووداوی کەس نەدیتوو.

وڵاتی خەون دیوانی هەڵبەستی (سەباح ڕەنجدەر)ە بەناوی «خەون وا خۆی دەگێڕێتەوە» خۆیشی ئەدگار و دیمانەکانی ئەو وڵاتی خەونەمان -ئەوەی پێوەندی بە ژیان و ئەدەبەوە هەیە- بۆ دیاردەکات.. کە دەنووسێ:

«ژیانی ڕاستەقینە تەنیا لە خەوندا هی خۆتە. ئازادی تەواوی لێ وەردەگیرێت. خەون یاخی بوونی بە جەرگانە و دەنگی ناڕەزاییە لە کار و ڕووداوە نابەجێیەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا.» (٥)

شاعیری ئەم جۆرە ڕیبازە ئایدیالستییە تا دەگاتە ناوچەی خەون، بەو جیهانبینییەدا ڕەت دەبێت کە وەکو شێخی کەشف زان دەبێ بە چاوی غەیب عەرش و قورش ببینێ. وەکو ڕەخنەگرێکی ئەم ڕێبازە گوتوویەتی:

«شاعیر نابێتە شاعیر هەتا جیهانبینییە هەڵبەستانەکەی گشتییەکی هەموو لا گرەوە نەبێت، چونکە دروست کردنی هەڵبەست دەبێ وێنە و ڕوانینی هەموو خەلایق بێت.» (٦)لە دیوانی (خەون وا خۆی دەگێڕێتەوە) لە مەلەکووتی یەزدانیدا چوار هەڵبەستی درێژ بەناوی (سرووش، بلیمەت، پێغەمبەر، زێوان) دەبینین کە هەر چوار ڕەگەزەکانی جیهانبینیی شاعیرن.

شاعیر بلیمەتێکە، یان یەکێکە لە بلیمەتان.. دەبێ سرووش وەربگرێ و دەوری پەیامبەر ببینێ، دەبێتە زێوانی خزمەتی بارەگای ئەو جیهانە، کە وەکو (منداڵانی گەڕەکەکەمان)ی نەجیب مەحفووزی چیرۆکنووسی میسری (بابە گەورە) و وەچەکانی لە نموونەی پیاوانی خوا و پێغەمبەران سەردەم بە سەردەم خەریکی ژیانی مرۆڤن.. زێوانی ئێمەش بۆ چاکەی ژیانی مرۆڤ قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ.

بەدکارانیش لە (پاقژگە)ی دانتی-یەوە نەهاتوون تا بەرەو بە هەشت بچن، بەڵکو ئەوانە ژیان تاڵ دەکەن:

**«دوای ئەوەی پەیتوون بە بەرماڵی (پاشا) ڕەتدەبێ**
**ئەسپەکەی چەواشە ناکرێ**
**زەویش جەنگەڵێکە پڕ لە ستایشکەری**
**کیسەڵ و چرا کوژێنەرەوە**
**بوێری ئەوە دەکا (زێوان) بێنە ناوی**
**ناڕێکییەکانی بینین**
**گومان دەڵێ من ماوم**
**ئومێدێکی نایابم بەختی گوڵەکان دەکەمەوە**
**نانی گەرم و باوەڕ و زیندووبوونەوە**
**لە دیداری پیری حیکمەت دەیکەمە یادگار**
**ژیان جوانە**
**منداڵەکان لاستیکێکی خەت سڕینەوەیان بە دەستەوەیە**
**ئەم دێڕە دەکوژێننەوە**
**لەشکرکێشی بۆ بەرماڵی ئێمەیە**
**تەشقەڵە چییەکانیش لە پاقژگەوە نەهاتوون.»(٧)**

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بەرجەستەکردنی ڕەمزی پیاوانی

خوا و پێغەمبەران بەناوی (جبلاوی، أدهم، جبل، رفاعة وعرفه) و ئەوانی دی و چۆنیەتیی ژیان و باری مێژوویی و بیروباوەڕی خەڵکەکە ریالیزمانە لە چیرۆکەکەی نەجیب مەحفووزدا بە هێما و لاریّ پێشان درابێت (٨).. ئەوە هەڵبەستی (پێغەمبەر)ی سەباح ڕەنجدەر گەشتێکی سۆفیانەیە لە ناو ولاتی هونەری هەڵبەستدا، وشەی هەڵبژاردە و ڕستەی پوختە تەونی وێنەگەلی چیرۆکی خەون بینینەکەی دەچنن، تاکو بیکاتە ڕووناکی ڕێی باوەڕی لە دنیایەکی ناهەمواردا، هەر خۆی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ:

«ئەی خودایە! من مرۆڤێکی بە باوەڕم، بمگەیەنە بە درەوشانەوەی نووسین، پەیامبەرەکانیش مرۆڤی بە باوەڕ و گەورەترین خەونبین بوونە.» (٩)

پێغەمبەریش پێشڕەوێکە جیهانبینییەکی تەواوی هەیە و دەڕوانێتە ئێستا و دوارۆژی مرۆڤایەتی، داواخوازی چاکە و دڵنیایی و باوەڕداری بڵاودەکاتەوە. ئەوەبوو (جبران خليل جبران) کەسایەتیی پێغەمبەرێکی لە چیرۆکی (النبي)دا وێنەکێشا، کەوا قسە بۆ خەڵکی (ئورفەلیس) دەکات، لە شێوەی ئایەت و ڕستەی چڕ و خوتبەی پڕ لە هونەری ڕەوانبێژیدا باسی ژیان و مردن و کار و ڕەوشت و سۆز و وەفاداری و ئاینداری و بەزەیی و... دەکات.

«پێغەمبەرایەتیش کردارێکی تایبەت نییە بە تەنیا گەلێک و تاقە دینێک، بەڵکو هەڵوێست وەرگرتنە لە جیهان بە کەموکوڕی، دیار و نادیاری، بە مرۆڤ و گیانلەبەر و ڕووەک و بێ گیانییەوە.. لە پێغەمبەردا هەنیسکی تاسەی (سۆفی) هەیە بۆ ڕەهایی، لە یاسادانەر بۆ قوولایی پێڕەو و ڕێکوپێکی، لە زانا ئاگاداری لە تایبەتمەندییەکانی بوونەوەران، لە هونەرمەند ئامانجداری بەرەو جوانیی هەرەبەرز و پەروەشیی یەککردنەوەی مەملەکەتی هەبوون، لە مۆسیقا چنینەوەی ئاوازە بێ دەنگەکان لە ویژدانی ئازارباری زەوی و خۆری گڕگرتوو، ئاسمانانی هاوئاهەنگ تاکو بڕژێنە ناو سروودی گیانییەوە». (١٠)

جا ئەگەر پێغەمبەری (جبران) وەعز دابدات و قسەی نەستەق و ئایەت بە بەرگوێی خەڵکدا بدات، ئەوە (سەباح) بە وێنەی هەمەجۆری خەونکردنی زادەی واقیع ئەو ئەرکە ئەنجام دەدا.

کەسانی هەڵبەستەکەی (ڕەنجدەر) بریتین لە (باوکی سەرزەوی)، (سرووشزادە)، حەکیمی کاروان و مرۆڤانی سەردەم، پەناش لەم جیهانە ئاڵۆزەدا (ماڵی پڕ کەس و کاری تا دڵ بخوازێ فریا)یە، ژیانیش مەیدانی ململانێ و هەڵسوکەوتی مرۆڤە.

(باوکی سەر زەوی) کە (هاوڕێی سادە و چاکەمان- دەتوانێ بابەتێکی نایابمان بۆ بنووسێ -ل١١١) بابە گەورەیە و جیهانەکەی مەیدانی ڕاوە، دروێنەی گیانی گیانلەبەران دەکات، خۆش و ناخۆش ململانێی نێوان ژیان خوازان و مردن لە پەستا ڕوو دەدات. (مامز بە گوللەیەک مەمکی سروشتی لە دەم دەردەهێنن- ل ١٠٥) و لە ژیان بێبەش دەبێت، هەروەکو ئەم دارشتە جوانە وێنەگەلی جوان جوان بەو مانایە دەبینین وەکو (ماسی بلیتی نان خواردن لە نووکی قولاب دەبڕێ- ل١٠٥).. (هەڵۆ لە چێژی بەرزبوونەوەی خۆ دەرخستن بەرامبەر مەرگ... باڵی لە هەموو بایەک نادا- ل١٠٧)

بەڵام (سرووشزادە) کە سرووش یەکە نیشانەی پێغەمبەرایەتییە (بە ئەزموونی پاراو و ڕووناکیی دیدار و هێزی یەزدان -ل١٠٧) دێتە مەیدان (بۆ بێ دەنگ کردنی تفەنگی ڕاو) تاکو ئەو ڕاوە مەرگە ڕابگیرێت.

سرووشزادە:

**«بە چاوساغیی لەرەی ڕۆشنایی**
**گەڕایەوە (ماڵی پڕ کەس و کاری تا دڵبخوازێ فریا)**
**ئەشق و کەڵیی لە دایک بوو..» ل ١٠٩**

ئەگەرچی بەدکاران لە جیهاندا هەوڵ دەدەن ژیان لە مرۆڤ تاڵ بکەن. (قاووقیژی تەنگەتاوی هەڵاتن لە شەقامی ناوەندی شار- بردییە ڕێگایەک کۆتایی نیشان دا- ئەهریمەن لە هەنیەی دابەزیوی پرۆژەکانی پڕ کرد لە پروپاگەندەی نیاز.)-ل ١١٨.

بەدکارییەکە هەمەجۆر و زۆرە، ژیان پیرۆزە.. ئەوەتا:

(ژیان زێرێکە ڕژاو- شەڕانگێزێک کۆی دەکاتەوە بۆ دروستکردنی گوللە- هەر ڕۆژەی ڕستەیەکی ناتەبا لە تەوێڵمان تۆمار دەکات.) ل١١٥.. هەروەها:

(پاکی و جوانیی منداڵان وەکو زێڕ لە ناو دەعبای (خەمەگروو) دەکاتە نارنجۆکی دووکەڵ.-ل١٢١- لەگەڵ هەموو تەم و تاریکی و تەلبەند و کۆسپی ژیان.. ئایا (سروشزادە) ڕەشبینە و تووشی نائومێدی دەبێت؟...

نەء، وەکو لە سەرتاپای قەسیدەکەدا بەدی دەکەم وا دەزانم کە لەگەڵ باوەڕی ڕوونی خواناسیی شاعیردا کەرەستە هەرە بەرز و پاکەکەی گیانی ئادەمیزاد بە گوڕ دەکەویت کە مۆسیقایە:

(مۆسیقا فریای ئارەزووەکانمان دەکەویت -ل١١٢) ڕەوشتی (فڕین و مۆسیقا) ئاواز بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە، هەروەکو (جبران) لای وایە: (مۆسیقا دەنگدانەوەی دەنگی دنیای دووەمە، شەپۆلەکانی لە دنیای نەمرییەوە کە خوا لەوێدا چاوەڕوانی مرۆڤ دەکات سەر هەڵدەگرن.) (١١)

شاعیریش بە ڕووناکیی ناو گیان و بەهێزی مۆسیقا ڕێ بەدی دەکات و بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ:

**«بەیانی دوای بەیانی باش و بەرچاییەکی ساکار**
**مەشقی مۆسیقام کرد.**
**ڕەنگی پەلکە زێڕینەشم لە ژووری**
**کردە سۆزی شوێن و جێمهێشت**
**تەختەی کتێبخانە بووە درەخت**
**بە پردی پیادە ڕۆ ڕۆیشتم، بۆ ئەوەی**
**بپرسم: «بۆچی تێدەکۆشین؟»**
**مۆسیقا گوتاری ئایینی خوداکانە لە چارەنووس دەپرسێت**
**نوێژی پێغەمبەرەکان چ داوایەکیان تێدایە.**
**ل-١١٣**

کۆتایی ئەم (بینین)ە، پاشان ئەو (جیهانبینییە)ی شاعیر لەو هەڵبەستەدا ئەو چەند دێڕەی کۆتاییە کە دەڵێت (کات هی بینینە و بینین دەربازبوونە لە خەوندا قسەکردن) و مایەی شادییە کە (سرووشزادە بە دۆستایەتیمان ڕازی بێت!) ل١٢٢.

**پەراوێز:**

**١- خەون وا خۆی دەگێڕێتەوە. سەباح ڕەنجدەر، بلاوکراوەی دەزگای ئاراس ژمار (٢٥١)- هەولێر.**
**مانیفستی شیعری-لاپەڕە (٦). (پێشەکیی دیوانەکە).**
**٢- مانیفست-ل١٠**
**٣- محمود أمين العالم-في قضايا الشعر العربي المعاصر- دراسات وشهادات/ المنظمة العربية للتربية و الثقافة والعلوم/ تونس ١٩٨٨-لاپەڕە (٢٩).**
**٤- هەر ئەو سەرچاوەیە.**
**٥- مانیفست. هەروەها بڕوانە گۆڤاری ئایندە. دیدارێک لەگەڵ شاعیر. بەڕێوەبردنی: ئازاد ئەحمەد مەحموود. ژمارە (٥٦) ئەیلوولی ٢٠٠٤.**
**٦- كلوديل-تأملات في الشعر، لاپەڕە ١١٧.**
**٧- خەون-لاپەڕە (١٩٠)**
**٨- نجيب محفوظ-رواية أولاد حارتنا، دار الآداب. ئەم ڕۆمانە دڵی کۆمەڵانی تیرۆریستی میسری لە نووسەری بەڕێز کرمێ کرد، ئەوەبوو نووسەر لە تەمەنی پیریدا و دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ و بوونی بە مایەی شانازیی وڵاتەکەی، کەوتە بەر پەلامارێکی دڕندانەی چەقۆوەشێنان.. ئەوەندەی نەمابوو گیانی لە دەست بدات.**
**٩-مانیفست. ل-٢١**
**١٠-د. علي شلق، النشر العربي، دار القلم. بيروت. ل ٢١٥.**
**١١- هەر ئەو سەرچاوەیە.**

# زمانی منداڵ و زمانی نووسین بۆ منداڵ

عوسمان محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

ئەم بابەتە زۆرتر بریتییە لە کۆمەڵێک ئەزموون و تۆژینەوەی مەیدانی لە بوارە بەرینەکەی زمانی منداڵدا و گەشەپێدانی ئەو زمانەی پڕە لە ئەفسوونی دڵگیر و بەهرەی جوان و ناسک.

ماوەی چل و پێنجساڵ، بەبێ دابڕان مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووم، لە گوندە زۆر دوور و چەپەکەکانیشدا چەند ساڵێک ماومەتەوە و کەڵک و چێژم لە چەندان وشەو دەستەواژەی ناوچە جیاوازەکان وەرگرتووە، ڕۆژانە لە قوتابخانە و گۆڕەپان و لەناوپۆلدا، لە نزیکێکی زۆر نزیکەوە بە دیداری جگەر گۆشەکان گەشاومەتەوە و نوێ بوومەتەوە. بێگومان لە ساڵانی سەرەتای مامۆستاییمدا، لە سەرێکەوە لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی ئەوتۆم نەبوو، لەسەرێکی دیکەشەوە لەبەر نەبوونی میدە تایبەتەکان و چاپەمەنیی تایبەت بە پەروەردە و زمانی منداڵ، یان ئێجگار کەم و دەگمەن بوون، نەمدەتوانی وەک پێویست ڕێچکەی پەروەردەی دروست و نووسینی بێ گرێ و قۆرت بۆ منداڵان بگرمەبەر.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنماو زۆربوونی ئەزموون و ساڵانی ڕاژەم لەبواری پەروەردەدا، کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و ڕێنمایی مامۆستا دێرینە پێشەنگەکان و هاوتەمەنەکانم و هەموو میدەکان، بەرەبەرە دەلاقەی بواری نووسین بۆ جیهانە گەشەکەی منداڵان پێشوازی لێکردم و مەراقی نووسینی هۆنراوە بۆ چاوگەشەکان پانتاییەکی زۆری لە چالاکیی وێژەییمدا گرتەوە، پاشان

بۆچوونێکم لا پەیدابوو، لەبەر خـۆمـەوە بانگم هەڵدا: ئەگەر لەسەردەمانی پێشووەوە، ڕۆژبەڕۆژ و بەردەوام لە بواری چاکسـازیی پەروەردەدا، بەردێک بخـرایەتە سـەر دوو بەرد، بێگومـان ئەمـڕۆ ئەنجـاممان باڵاترو ورشـەدارتر دەبوو. لەم سـەردەم و دەورانەشـدا، گـەر لە بارودۆخی دەروونیی مـرۆڤەکـان وردبینەوە، بۆچی بەم ڕەنگە ئاڵۆزو جـاڕس و دەمـارگـیـرن، دەتوانین بڵـێین: ئەگـەر نزیـکەی پەنجا ساڵێک لەمەوبەر بۆچوون و تیۆرە هەمەلایەنەکانی پەروەردەی نوێ وەگەڕبخـرانایە، ڕۆژمان ئاوەها نەدەبوو، بارودۆخیشمان گەلێک باشتر دەبوو.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بە ڕاشکاوی و بێ دڵەڕاوکێ بڵێین: ڕۆژانە هەر گرۆزییەک لە ئێمەی بەتەمەن گەورەدا بەدی دەکرێت، گشت بنەماکانی دەگەڕێنەوە بۆسەردەمی منداڵی پڕ لە ئاڵۆزیمان. لەبەر ئەوە زۆرجار هەرچەند کردو کـۆشش دەکـەین هێـشـتـا بۆمـان سـاخ نەبووەتەوە، منداڵێکی گەورەین، یان گەورەیەکی منداڵێین.

بەو ئاواتەی بە هەموو دڵسۆز و کارامە و مشوورخۆر و دەسەڵاتداران، لەیەکەمین کۆنفرانسی میدیای منداڵاندا، وەک سـەرەتایەکی پیـرۆز و یەکـەمین هەنگاوی بەجێ، بتوانین چاکترین و گونجاوترین پرۆگرام و ڕێباز بگرینە بەر بۆ دەستەبەرکردنی هەموو پێویستییەکانی سەردەم و بەدەستهێنانی داهێنان و ئەفراندن لە هەموو بوارە گەش و ڕازاوەکانی میدیاکانی منداڵاندا.

## زمانی منداڵ

ڕەنگە لەم گـەردوونە فـراوان و بەرینەدا هیچ کـەسێ نکوولی لەوە نەکات کە لە تواناد نییـە ئەو ئەفسـوونە دڵگیـرەی لە زمـانی منداڵدا هەیە، وێناو بەرجـەسـتـە بکرێت و بەهیچ نەوایەکی کـاریگەر و ناسک و جـوان بچوێنرێت. دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: زمانی منداڵ چریەی پەپوولەیە، ورشـەی گـۆنای خـونچـەو گـوڵ و هەڵاڵەیە، چریکەی بلبل و کـەناریـیـە، خـەندەو ڕازی نەرمـــەبارانـە، پڕشنگی شـــەونمی لالەزارە، نەوای سەرچاوەی ژین بەخشـە، گزنگی ئاسـۆ گەش و مژدەی سـەرکـەل و دوندانە، زەردەپەڕی ورشـەداری لووتکەی سـەرکـەش و کـەشکەلانە، ئاهەنگی دڵگیـر و هەژێنی نزارانە، جریوەی هەسارانی ئاسمـانی سامـاڵ و سروەی بەرەبەیانە، هەوێنێکی کاریگەرە و درێژە بەبوون و ناخی بەخـتـەوەری دەدات. کـاتێ منداڵ دەدوێت نوقـڵی ترش و شیرین لە زاری دەبارێت، زمانی منداڵ ناسکترین هەست و جۆش و تین و وزە بە پانتایی گەردوون دەبەخشێت... بەڵێ، زمـانی منداڵ تایبەتمەندیی سەیرومـەزن و پیـرۆزی خـۆی هەیەو تایبـەتە بەخـودی منداڵ، دەشێ و زۆریش پێویستە، کە بەرپرسان و کارمەندانی هەموو میدیاکانی منـداڵان لەم بوارەدا زۆرتر و قـــوولّتـــر تۆژینـەوە و لێکۆڵینەوەیان هەبێت، پتـر بەلایەنی زمـانی منداڵاندا ڕۆچن و ڕۆژبەڕۆژ ئەنجام و بەرهەمی نوێ بهێننە کایەوە و دیدەی هەمووان گەشتر بکەمەوە.

## گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی

شادی و سەرفرازی بۆ ئەو سەوداسەرانەی بە دڵ و گیان و ڕەوان، ئاشناو هۆگری ئەم زمانە پاراوە پڕ لە میهرەبانی و پاکژی و پڕ لە سۆزەن.

خۆشی لەو شـەیدایانەی دەتوانن لە ناخەوە، بەتاسـەو شـەوقـەوە و بەوردی بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژگـارو سـەردەمی جیـهانە ڕەنگین و خنجیلانەکەی پڕ لە بێـوەیی و تەبایی منداڵییان.

زنجیـرەی یادەوەریی هەمـە ڕەنـگ لە توێی یادی تیـژی منداڵیـانـدا تۆمـارە و لەم ڕوانگەیەوە ڕاست و دروست، وەک ئاوی ڕەوان دەبنە هاوڕاز و دۆستی گیانی بەگیانیی جگەرگـۆشە نازدارومـەزنەکـان، بەڕاستی پەی بەهەمـوو لایەنەکـانی جیـهـانە ڕەنگاڵەییـەکـەیان دەبەن و باس و خـواسـتی دروست و گـونجـاویان بۆ هەڵدەبژێرن، بە ناسکـتـرین وشـەی ورشـەدارو ئاوازی زمـانە پاراو و بەچێـژەکـەی منداڵە نازدارەکـان، ڕازاوەترین گـوڵزاری تاسـەرو نەمـرو نەبڕاوە لە یادو دڵ و هزرو هەسـتی هەمـوویاندا بەرجـەسـتـە دەکـەن؛ بژێویی پڕ لە بەهرەی بژاردەو پەنهـان و پاکـژ پێـشکەش بە ناخ و ڕەوانی جگەرگۆشەی پاکژ دەکەن.

لـەم ڕوانگـەیـەوە دەڵـێـین: هونەری گـــەڕانـەوە بـۆ قۆناغەکـانی منداڵی و جارێکی دیکە بوونەوە بە منداڵ بەهرەیەکی یەزدانیی گەلێک پیرۆز و مەزنە و بەکەم کەس دەبەخشرێت... بەمەش چاکترین هەلومەرج و کەشوهەوای لەبار بۆ خامە بەدەستانی وابەستەی جیهانە جوانەکەی منداڵان و بۆ مـشـوورخۆرانی بوارە پیرۆز و بەهادارەکەی پەروەردەی سەنگین و ڕەنگین و کاریگەر دەڕەخسێن، کە

ببنە ســەرچاوەی گــەش و ڕوون و ســازگــاری بێکۆتاو بەکــەڵک و ورشەدار بۆ هەڵهێنجانی بەهرەو توانا ڕازاوەکانی ناخی منداڵ و ڕێنمایی و هاندانیــان بەرەو دوندی داهێنان و ئەفراندن.

**ئێمەی گەورە هەرچەند کرد و کۆشش دەکەین هێشتا بۆمان ساخ نەبووەتەوە، منداڵێکی گەورەین، یان گەورەیەکی منداڵین**

لە جـێی خۆیدایە کـە هەمیـشـە بۆچوون و ئەزموونی بەجێی پەروەردەکار و شارەزایانی تا سەر ئێسک و مۆخ شەیدا و هۆگری نووسینی بەردەوام بۆ منداڵان بەسەر کەینەوە و کەڵکیان لێوەرگرین و لەتەک بوارە گـونجـاوەکـانماندا مـوتوربەیان بکەین و ڕۆژانەش پێوەندیمان بە جیهانی لێکنزیک بووەوە هەبێت بۆ هەنگاو نان بەرەو ئاقاری پێشکەوتنی بەردەوام. دیارە پشتاوپشت زنجیرەی ژیان و ژیاری سەراپا مرۆڤ پێکەوە بەندو پەیوەستەو بەردەوامیش هەروایە؛ هەموو میدەکانی منداڵانیش دەتوانن لەم ئاقار و بوارەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت.

لێرەدا وەک بەڵگەیەکی چەسپ و بەجێ، بۆ دوایین ڕستەی «گەڕانەوە بۆسەردەمی منداڵی»، ئەم ڕستەیە بەسەردەکەینەوە: «گرنگ ئەوەیە دەبێ نووسەری منداڵان لەگەڵ ڕۆژانی منداڵیی خۆیدا بژی، سەردەمی منداڵیی خۆی لەبیر بێت و بزانێ ئەویش ڕۆژگارێک منداڵ بووە» (١).

## زمانی منداڵ و پەیبردن بە ڕاستییەکان

بێگومان سەرکەوتووترین نووسەر بۆ جیهانی منداڵ ئەوەیە چاک بە زمانی منداڵ بزانێت و شارەزای لایەنی بارودۆخی دەروونیی منداڵ بێت، لە هەڵسوکەوت و تێکەڵیدا لەگەڵ منداڵاندا ئەزموونی زۆر باشی هەبێت. ئەوەتا ڕۆژانە لە ماڵەوە، لە کۆڵان و گەڕەک و دەوروبەر و لەهەر شوێنێکی دیکەدا، هەر کەسێک چاک ئاگاداری ویست و هەڵسوکەوت و ئارەزووی منداڵ بێت و بەشێوازی دواندنی بزانێ، ئەوە بە زووترین کات دەبێتە هاوڕازو هاوڕێی ناخی منداڵ. بەهەمان شێوە، لە دایەنگەو باخچەی ساوایان و هەموو قۆناغەکانی دیکەی پەروەردە و گشت میدەکانی منداڵاندا هاوکێشەکە بەهامان دەستوور دەکەوتەوە.

ئەگەر بەشێوازێکی جوان و ناسک و دروست منداڵ بدوێنرێ، ئەویش بەرەبەرە فێر دەبێت و ڕادێ کە بەشێوەیەکی لەبارو باش بدوێت، بەم جۆرە دەبێتە ئاوێنەی بالانماو ڕەنگدانەوەی خێزان و دەوروبەری خۆی، تا وای لێدێت- هەروەکو گوێگرێکی باشی لێدەر دەچێ- ئاخێوەرێکی باشیشی لێدەردەچێ- پاش ڕێنمایی و خوێندنەوەی بە کەڵک، کە دەستی بداتە خامەی ڕەنگین، بێگومان نووسەری باش و کارامەی لێدەردەچێ و بەرهەمی جوان و ڕازاوە هەڵدەڕێژێ؛ ئەوسا پتر پەی بە چەندین بۆچوون و لێکدانەوە دەبات و بەدوای ڕاستییە شاردراوەکاندا دەگەڕێ.. بۆ وێناکردن و بەدیهێنانی خەونە وەنەوشەییەکانی، دەبێتە گەڕیدەیەکی سەوداسەر و سەری لە گەلێک کون و قوژبن، شتە پەنامەکییەکان، کەلێنە چەپەکەکان و حەشارگە سەیرەکانەوە دەردەچێ؛ زۆر بەوردی لە هەموو شتێک دەکۆڵێتەوە و هەرهەموویان لە توێی ئاوەزو دەروونیدا تۆمار و چەسپ دەکات.

دەشێ لە بواری پێوەندیی نێوان هزروکارو سوودی زماندا، بە بایەخ و هەندەوە بۆچوونەکان وەرگرین و بەوێنەی نەخشی سەربەرد تێیان بڕوانین، شتێکی دیار و بەڵگە نەویستە، کە «کاریگەریی نێوان بیروکارو پێوەندیی هەر یەکەیان بەوی تریانەوە، وا نیشاندەدات کە زمان تەنیا گوزارشت لەشتێکی دیارناکات، بەڵکو ئامێرێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەی تاکو ئەم ساتە ونەو دیارنییە» (٢).

کەواتە ئەرکێکی پیرۆز لە ئەستۆی هەموو نووسەران و بەرپرسانی میدیا هەمەچەشنەکاندایە، ئەویش بایەخدانێکی زۆرە بە زمانی منداڵان و هاندان و ڕێنمایی و هاوکارییان لەسەر بنەما زانستییە ڕەچاوکراوەکان، بۆ هاتنە کایەی وەچە نوێکان بۆ ناو گۆڕەپانی جیهانگریی ڕاست و دروست و گەشاوە.

## تێکەڵاوبوونی منداڵ لەگەڵ دەوروبەردا

هەروەکو گوتراوە و بیستراوە، ئاشکراو ڕوونەو زانراوە، منداڵ بەتێکەڵاوبوونی لەگەڵ دەوروبەردا چاکتر فێری زمان دەبێ دیارە لە ئەنجامی ئەم تێکەڵاوبوونەدا، ڕۆژبەڕۆژ خەرمانی وشەو دەستەواژەو ڕستەی منداڵ

گەشەدارتر و باڵاتر دەبێت.. وەک لە ئەزموونی ژیاندا دەرکەوتووە و گومانی تێدانییە، کارێکی بەکەڵک و باشە، کە منداڵ وەک گەورەکان، لەماڵەوە پێشوازی لە میوان بکات، لەگەڵیاندا دانیشێ، گوێیان لێبگرێت و سەرنجی هەڵسوکەوت و شێوازی ئاخاوتنیان بدات؛ بەمەش منداڵ فێری کۆمەڵێک وشەو دەستەواژەی نوێ و دابونەریتی کۆمەڵایەتیی چاک دەبێت و پتر دەچێتە ناو کۆمەڵەوە، هەروەها سەبارەت بە دایەنگ، باخچەی ساوایان، قۆناغەکانی دیکەی پەروەردە و بەشداربوونی منداڵ لە کەناڵە جیاوازەکانی میدیاکانی منداڵادا، هەمان بۆچوون و ئەنجامەکان ڕەچاودەکرێن.

بۆ پتر کرانەوەی منداڵ و ئاگاداربوونی لە دەوروبەر، کارێکی زۆرباشە، کە منداڵ بوو بە (٤-٥) ساڵان، بەیناو بەین دایک و باوکی بیبەنە دەرەوە؛ با جیهانی فراوانتر و ڕوونتر، کۆڵان، گەڕەک، شەقام و هەرچی پێدا دەڕوات، دووکان و بازاڕ ببینێ، با باخچە، شاری یاری، سەیرانگەی شار ببینێ و تیایاندا هەڵبەزو دابەز بکات، گەر لەو شوێنانەشدا کەناڵەکانی میدیای منداڵان ئامادەبن، دەتوانن بەدیدارو دواندن و وێنەگرتن کارێکی وا بکەن بەهرە جوانەکانی منداڵ باشتر و جوانتر گەشە بکەن- لەسەرووی هەمووشانەوە زمانە خۆش و جوانەکەی.. لە هەمانکاتدا ماڵەوە دەتوانێ منداڵ ببات بۆ ناوباخ، چەم و دۆڵ، سەرچاوە و ڕووبارەکان؛ گەشتی دەشتودەرە جوانەکان بکات؛ دارودرەخت و میوەی هەمە چەشن؛ ڕانەمەڕو بزن، مێگەل، ڕەشە وڵاخ، ئەسپ، مایین، ئێستر، کەر و چەندان بوونەوەری تر ببینێ و ناوی هەموویان فێربێ.. با لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەسمایەیەکی زمانی ڕەوانی هەبێ با دایکان و باوکان زارۆکانیان ببەن بۆ ماڵە خزم و کەسوکار و ناسیاوان، با لەگەڵ خۆیاندا لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و چالاکییەکانی میدەکانی منداڵاندا ئامادەبن، شتی نوێ و سەرنجڕاکێش ببینن، با لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنیاندا ناسیاوی و هاوڕێیەتی پەیداکەن، لە ئەنجامدا، هەروەکو دەگوترێ، چاوو ڕوویان دەکرێنەوە، هەموو هەست و ئارەزووە فریشتە ئاساکانیشیان پتر گەشە دەکەن، بەتایبەتی لایەنی زمانە شیرینەکەیان.

**دەبێ نووسەری منداڵان لەگەڵ ڕۆژانی منداڵیی خۆیدا بژی و بزانێ ئەویش ڕۆژگارێک منداڵ بووە**

## با منداڵ بدوێت و گوێی لێ بگیرێت

کاتێک کە خەریکە زمانی منداڵ بەربێ و بپژێ، هەموو دەورو بەر دەستەو نزان و خواخوایانە بەزووترین کات کانیلەی وشەی بەچێژ و خۆشی بەجوانترین شێوە بتەقێت و سەرڕێژ بکات، وشەی خۆش و بەچێژیان بۆ هەڵڕێژێ.

دەبا لەگشت قۆناغەکانی سەردەمی منداڵیدا هەموو بوارو دەرفەتە گونجاوو دروستە کات بۆ منداڵ دابینکرێت. با بە ئازادی، بێ سڵ کردنەوە و هەست بە تەریق بوونەوە و شەرم کردن بدوێت و بێ دڵەڕاوکێ و بەبێ خەم مەبەست و ڕازو نیازی خۆی دەربڕێ.

با بەهیچ پاساو وبیانوویەک سەرکوت و دەمکوت نەکرێ. نەبادا لاڵ و لاڵە پەتەبێ و بە درێژایی تەمەنی گیرۆدەی گرێ و گرفتی دەروونیی سەخت و ناهەموار ببێت و هەمیشە بتلێتەوە و نەتوانێ وەکو پێویست لەناو کۆمەڵدا ئەرکی سەرشانی جێبەجێی بکات.

ئەو منداڵانەی لە شوێن و کاتی خۆیدا بوێرانە دەدوێن و دێنە ناو گۆڕەپانی ژیانەوە، زۆرچاک هەست بەبوونی سەنگینی خۆیان دەکەن، پێی دەزانن لەناو کۆڕوکۆمەڵی خۆیاندا پێگەی ڕێزدار و بایەخداریان هەیە.. ئاینده و داهاتووی ڕۆشن باوەشیان بۆ دەکاتەوە و دەبنە ئەندامی زۆر چالاک و سوودمەندی ناو کۆمەڵ و نووسەری سەرکەوتوو.

لەم بوارەشدا هەموو کەناڵە جیاجیاکانی میدەکانی منداڵان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر ببینن، ئەویش بە نووسین، نواندنی تەلەفزیۆنی، نواندن لەسەر شانۆ، وێنە شانۆی گەڕۆک، هۆنراوەی هەڵبژاردە و گۆرانی و مۆسیقا، کە بەشێوەیەکی جوان و ناسک ئەم لایەنە دەربڕن و لە ئەنجامدا وەک چارەسەرێکی بەجێ پەیامی خۆیان بگەیەنن و بۆ بوارەکانی بەهرە جوانەکانیان دەستی هەموو منداڵان بگرن.

لە جێی خۆیایەتی بڵێین، گەر لە ژێر پاڵەپەستۆ جۆراوجۆرەکاندا هەست و گیان و ڕەوانی بە تەمەنەکان

بخرێنە مـەنگەنەی زۆر و ستـەمـەوە و بوار نەدرێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڤززە بکەن، لەوانەیەو ڕوویشیداوە، کە توانای گفـتوگـۆ و دەربڕینیـان زۆر بێـتە خـوارێ.. بێگومان پاڵەپەستۆی دەروونیش لەسەر منداڵ، ئەنجامی ترسناکی لێـدەکـەوێتـەوە و کـاریگەرییـەکـەی گـەلێ دژوارترە، لەم بوارەشدا هەموو میدەکانی منداڵان دەتوانن بۆ ڕەواندنەوەی سـتـەم و تەمـومـژی ئەم لایەنە ڕۆڵـی چاکیان هەبێ.

## با منداڵ نیگار بکێشێت و بنووسێت

لەگـەڵ هەڵـکشـانی تەمـەنی منداڵدا و گـەشـەکـردنی ئاوەزو تواناکـانی، بەرە بەرە پتـر هەست بە دەوری خـۆی دەکات و دەیەوێ بەهرەو لێهاتوویی بنوێنێت.. بۆ نموونە، کە دەست دەداتە خامـە ڕەنگینەکـان و دەفـتـەر وکاغـەز، بەپێی قۆناغی تەمەنی وێنە و نیگاری وابەستە بەهزر و بۆچوونی تایبەتی خۆی دەکێـشێت، دڵی پێیـان خۆشە، لەگـەڵیـاندا دەدوێ و پیـشـانی دایە و بابە و خـوشک و براکانی دەدات. زۆر پێویستـە ئەوانیش ئافەرینی لێبکەن و بەیناوبەین خـۆی و نیگارەکـانی بگەیەننە میـدەکـانی منداڵان و بەبایەخـەوە پێـشـوازییـان لێـبکرێت. وا باشـتـریشــە دیداریان لەگـەڵدا بکرێت. بۆ هاندان و پشتگیری کردنی پتریش، لە شوێنی تایبەتدا و بەشێوەی گـەڕۆکـیش میـدەکـان پیـشـانگەیان بۆ بکەنەوە.. با ئەوپەڕی بایەخ بەستۆدیۆی قوتابخانە و نیگارکێشـانی منداڵ بدرێت، چونکە جـوانتـرین وێنە و ڕەنگدانەوەی ئاخاوتنی ڕەوان و ناخیەتی.

بێگومـــان لە ئەنجـــامی گـــوێگرتن و وەرگـــرتن و خوێندنەوەی باش و ڕێنمـایی کـردنیـشـدا، گـەلێ منداڵ بەهرەی دەربڕین و نووسین لە هەناویاندا چکەرە دەکات و دەست دەدەنە خـامـەی ڕەنگین و کـاغـەزی جـوان، وێناو وێنەکـانی ناخ و جـیــهـانە تایبـەتەکـەیان بە نووسین بەرجەستـە دەکـەن.. لێرەدا پێویسـتـە خاڵێکی گرنگ بەسـەربکەینەوە، ئەویش ئەمـەیە: کـاتێ منداڵ دەگـاتە پۆلی پێنجـەم و شـەشـەمی سـەرەتایی، یەکـێک لە چالاکییـەکـانی وانەی کوردی بایەخدانە بە بڵاوکراوەی سـەردیوار، یان بڵاوکـراوەی قـوتابخـانە؛ ئەویش بە مـەبەسـتی برەودان بە بەهرەی نووسین لە ناخی منداڵڕا. چاکترین ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕەچاوکراو، ئەوەیە

کە منداڵ بەڕێنمایی و سەرپەرشتیی مامۆستا و لە پۆلدا، یان لە ژوور و هۆڵی تایبەتدا خەریکی نووسینی بابەت و خواستی خۆی بێت، پاشان دەستە بە دەستە منداڵەکان نووسـینەکـانیـان لە بڵاوکـراوەکـەیاندا تۆمـاردەکـەن، جارجارەش کەسوکـار و مـامـۆسـتاکـان و خـودی خـۆیان دەتوانن بەرهەمەکـانیـان بگەیەننە مـیـدەکانی منداڵان و بڵاوبکرێنەوە. دیارە ئەگەر دیداریشیـان لەگەڵدا بکرێت، ئەوە هەر زۆر باشـتـر و ئەنجـامی ورشـەدار و کـاریگەری بەجـێی دەبێت. با منداڵ بە ئارەزووی خـۆی سـەرقـاڵی نیگارکێشـان و نووسین بێت، بێگومان مشوور خواردن و بەدواداچوونی مـیـدە تایبـەتەکـانی جـیـهـانە گەشـەکـەیان پەیامی مەزن و پیرۆز دەگەیەنن.

دەبێ ئەوەش بگوترێ، پێویستە ئازادیی تەواو بدرێ بە منداڵ کـە لە پانتـایی تایبــەتمەندی خـۆدا و بە زمــانە پاراوەکـەی بۆ چوون و خـەونەکـانی خـۆی نمایش بکات، ئەگەر گەورەکان بە ڕوونی و وێنای قۆناغەکانی منداڵیی خـۆیان بکەن و بە وردی سـەرنج بدەن کـە منداڵ چەندە بەهرەمـەندە، بەهیچ جـۆرێک ئەو خـەونە وەنەوشـەییـانە ناژاکێنن و دەستکاریی فلچـە، قەڵەم، کاغـەز، نیگار و نووسراوی منداڵ ناکەن و نایانشـێوێنن، منداڵ ڕاسـتە و بەڕاستگۆییش دەڕوانێتـە ژیان؛ ناکرێت هەرگیـز بەناوی هاوکـاری و یاریدەدانەوە تین و توانایان لاواز بکرێن. زۆرجـار بەم هەڵە گـەورەیە، گـەورەکـان تەگەرەی گـەورە دەخـــەنە بەر منداڵان بۆ دەربڕینی خـــەرمـــانی بەهرە جوانەکانیان.

## با بە زمانی پاراو بۆ منداڵ بنووسرێت

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی نووسین بۆ هێنانی زمـانێکی ڕەوان و بێ گرێ و قـۆرت بەکارهێنانی وشـە، دەسـتـەواژە و ڕسـتـەی کـورت و واتاداری یەک بەدوای یەکدا، چونکە دیارە منداڵ خۆی لە خۆیدا پشووی کورتە و کـورتبـێـژیشی لاپەسـەندە- جا نووسـینەکە هۆنراوە، چیـرۆک، پەخشـان، یان هەر بابەتێکی تر بێ- لێـرەدا، وەک بیرخستنەوەیەک، بەدەرفەتی دەزانم کەمێک باسی ڕەچاوکردنی زمان و زمانپـاراوی لە هۆنراوەی نووسراودا بۆ منداڵ بکەم، بەو هیـوایەی شارایەک بخـەمە سـەر ئەم خەرمانە گەشە.. بەر لە هەموو شتێک دەبێ هۆزانڤانی جیهانی منداڵ ئاگاداری گشت لایەنەکانی زمانی قۆناغ

بەقۆناغی منداڵ بێت، بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ وشە ڕەنگینەکانیدا بکات، «چۆن لەجێی خۆیاندا بەکاریانبێنێ.» بێگومان منداڵ لە خودی خۆیدا پاکژ و بێگەردە، بۆیە بە ئاسانی و زۆر زوو چێژ لەو هۆنراوانە وەردەگرێت کە بە زمانێکی ساف و ڕوون بۆی دارێژراون. دیارە گەر بکرێ بەشێوەزارە سەرەکییەکانیش بۆ بنووسرێت لایەنی زمانی زۆر باش دەبێ (٣) هەرگیز ناکرێت لە پێناوی دروستکردنی سەرەوای کرچوکاڵدا واتاو مەبەست و ناوەرۆکی جوان لە دەست بدرێن. کە زمانی هۆنراوە لاواز بکرێت هۆنراوە لە کەستە ناسک و جوانەکەی دەردەچێت، لە جیاتی شادی و ئاسوودەی، گرفت و ناهەمواری بەهەست و ڕەوان دەگەیەنێ و منداڵ نزیکی ناکەوێت. دەبێت زمان و ناوەرۆکی هۆنراوە پێوەندیی یەکەو ڕاستییان بەژیانی ڕۆژانەی منداڵ و دەوروبەرەوە هەبێت، چارەسەری تەنگوچەڵەمە و ئاڵۆزییەکان بکەن (٤)، بەردەوام گەشبینی و ئاواتی گەش بەگیانی منداڵ ببەخشن.

دەبێ بە زمانی هۆنراوە بوێری و چاونەترسی و ڕاپەڕموون بەخۆ، لە هەست و بوونی منداڵدا بچەسپێنرێن و دەستگیری بکرێت بۆ گۆڕەپان و پانتاییە بەرینەکەی ژیان و قاڵبوون تێیدا.

نووسەری ئەم بوارە پیرۆزە دەبێ چاک ئاگادار بێت کە نابێ بە زمانی فەرمان، دەستەڵات، هێز، سڵەمینەوە، توانج و پلار، سالاری و مەخسەرەکردن و.... تاد... بچێتە ئەو جیهانە سەراپا گوڵزارەوە- دەبێ لەم ئاستەدا لە ناخەوە هەڵوەستەیەکی کاریگەر بکات و بە زمانی بلبل، کەناری، پاساری، کوکوختی و هەر نەوایەکی وەک نەوای ناخی منداڵ، لەو بەهەشتە هێورەدا هەڵسوکەوت بکات؛ دەنا هەرگیز نابێتە هاوڕێی منداڵان، بگرە حەز بە دەنگ و ڕەنگیشی ناکەن.. سەردەمیش سەردەمی خێرایی و کورتبێژییە، بۆیە زۆر پێویستە بەوردی و چرکە بەچرکە ئاگاداری گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان بێت- بەتایبەتی لایەنی زمانی و پەروەردەی نوێ- بە پەرۆشیشەوە بڕوانێتە گشت چاکسازییەکان. (٥)

## منداڵان چاک دەنووسن

بەڕاستی دەتوانین بڵێین منداڵانی ئەمڕۆ کوردەواری، بەڕادەیەکی باش خۆشبەخت و بەختەوەرن. لە بوار و پانتایی خوێندنەوە، نووسین، نیگارکێشان و چالاکییەکانی دیکەدا بواری باشیان بۆ ڕەخساوە. نامەخوا ژمارەیەکی باش لە گۆڤار، پاشکۆی مانگانەی هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤار، تەلەفزیۆنی پەروەردەیی، بەرنامەی تایبەت بۆ منداڵان لە هەموو تەلەفزیۆنەکاندا، لە هەندێ قوتابخانەشدا (ستۆدیۆی نیگارکێشان و نووسین، بڵاوکراوەی سەردیوار و بڵاوکراوەی وەرزی و ساڵانە و وەرشەی کاری هونەری) لە هەندێ کتێبخانەی گشتیشدا بەش و هۆڵی تایبەتی تەرخان کراون بۆ هەندێ چالاکیی منداڵان. دیارە چەندان خولی بەکەڵکیش لە بواری گەشەپێدانی بەهرەکانی منداڵاندا ڕۆڵی کاریگەری زۆرباشیان هەیە.

بەم چشنە و تا ڕادەیەکی باش بوار و دەرفەتی لەبار بۆ منداڵان هاتوونەتە کایەوە، ئەگەر نەبوونی، کەمدەرامەتی، دەربەدەری، بێ ئۆقرەیی، بێلان و بێکەسی و چەندان چەرمەسەریێ دیکە لێیانگەڕێن، بێگومان زۆربەی زۆریان بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو بەهرە هەمە ڕەنگە ڕەنگینەکانیان پتر گەشەدەکەن.

لە سەیرکردنی گۆڤار و پاشکۆ تایبەتەکانی جیهانی منداڵاندا، چەندان هۆنراوە، چیرۆک، پەخشان و بابەتی ناسک و جوان و سەرنجڕاکێشی خۆیان ئاسا، بە زمانە شیرین و پاراوەکەیان بەرچاو دەکەون. بە بینینی چالاکییەکانیشیان، هەر لە شانۆی باخچەی ساوایانەوە، تا دەگاتە دواقۆناغەکانی پەروەردە، جا شانۆی گەڕۆک و تەلەفزیۆنەکان خوێنەران و بینەرانی مشوورخۆر هەست بە شنەی شادی دەکەن و بەسۆزی هەڵقوڵاوی ناخەوە دەڵێن: ئۆخەی، هەنگاوی زۆر مەزن نراون، دوارۆژی ڕۆشنبیریمان خاوەنداره و گەز بە گەز باڵا دەکات، ڕوو لە هەورازە و بەرەو لووتکە دەڕوات.

دیارە ئەگەر تێبینیی شنەبا ئاسا لەسەر هەندێ لە هەموو بەرهەمە بڵاوکراوە ناسکانەی جیهانە ڕازاوەکەی منداڵان هەبێت، دەبێت تەنیاو بە تەنیا گوڵباران و ئافەرینباران بکرێن و ڕێنمایی و هاوکاریی فرەوفراوان بکرێن؛ کات و جێ و شوێن و پێداویستی چاکتریان بۆ دابین بکرێن.

شایانی گوتنە، دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان لە (١٩٩١)دا و پتر بڵاوبوونەوەی دەنگی زوڵاڵی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ، لە هەمان کاتدا

دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە مافی منداڵ، منداڵان زۆرتر چاویان کرایەوە و کەوتنە نووسینی بەرهەمی جوان و پرشنگدار. بێگومان هەرگیز کاریگەریی زۆر باشی میدەکانی منداڵان لە یادناکرێت.

**بەسەرکردنەوەی هەندێک هۆنراوە**

بەر لە هەموو شتێک دەبێ بڵێین ژمارەیەکی ئێجگار زۆر هۆزانڤانی سەرکەوتوو لە گۆڕەپانە بەرفراوانەکەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵاندا کاردەکەن، لە پێناوی پێشکەشکردنی بەرهەمی کاریگەر و جواندا، ناخ و دڵ و گیانیان دەگوشن بۆ ئەوەی بەرهەمی زۆر سەرکەوتوو بەم جیهانە ورشەدارە ببەخشن، هەر هەموویان بە ئەشق و شەوقەوە، بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستییانەوە بۆ منداڵ، دەیانەوێ بەرێز و دڵنەوایی و بەها جوانەکانی ناخیانەوە و بەراستگۆیی هەست و بۆچوونەکانیان دەربڕن.. ئەگەر نسکۆیەکی بچکۆلانەش بێتە ڕێیان دڵسۆزانە چارەسەری دەکەن.

لە هەمانکاتیشدا چەندان ڕێزدار، بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەو مەبەستانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەیانەوێ لە کەستەکی هۆنراوە نووسیندا بۆ منداڵ پەیامی خۆی بنێرێ.. بە داخێکی زۆر قووڵەوە، ئەوانە لە ناخ و دڵ و گیانیاندا بەهرەی ڕەسەن و ڕەگداکوتاوی هۆنراوەی لەو جۆرەیان نییە و نەگیشتوونەتە ئاستی بەجێ و پێویست، جا باشتر وایە دڵسۆزانە لەگەڵ هۆنراوە نووسیندا بۆ منداڵە چاوگەشەکان واز لەیەکدی بهێنن و لە بوارێکی دیکەدا بەهرەو بەختیان تاقی بکەنەوە.

لێرەدا لەجێی خۆیدایەتی گلەیی و گازندەش لەبەرپرسانی میدەکان بکەین کە بەو جۆرە بواری بڵاوکردنەوەی زۆر لاواز دەدەن، بەتایبەتی ئەوانەیان کە بە زمانێکی کرچوکاڵ نووسراون، دیارە قاتیی بەرهەمی باش و بەجێ نییە، تکایە با (زۆر بێ و بۆربێ) نەبێ.

پاش بەسەرکردنەوەی گەلێک باس و خواست و خاڵ، شتێکی باشە چەند هۆنراوەیەکی بڵاوکراوە لە هەندێک میدیادا بەسەرکەینەوە و لە ئاستیاندا چەند هەڵوێستەیەک بکەین..

[- هۆنراوەی (قوتابیی زیرەک): خۆشی دەوێم مامۆستا.. بەم چەشنە ڕەوانترە: (مامۆستا خۆشیدەوێم.

- هۆنراوەی (قیتار): سەرەڕای ئەوەی بەدیهێنانی ئامانجی ئەم هۆنراوەیە وەکو خەوە و هێشتا بەقیتار گەشتی سەیرانگەکانی کوردستان ناکرێ، ئەم ناڕەوانیییانەشی تێدان:

ئەمانگێڕێ گشت جیهان: (ئەمانگێڕێ بەگشت جیهاندا).. کە بیناسین ئەم دۆستە: (کە ئەم دۆستە بناسین).

- هۆنراوەی (ددانپاریزی): ئەم هۆنراوەیە وەک وانەیەکی فێرکردنە و لە سۆزو ئەندێشەوە دوورە. باشتروایە ئەم چەشنە مەبەستانە بە پەخشان دەربڕین. ئەم جۆرە هۆنراوەیە تەنیا هەر وشە ریزکردنە. ئەم یەکەش بەشێوازێکی وا ئاڵۆز نووسراوە، ڕەنگە منداڵ تێی نەگات.

**پووک و ددان وەک شانەیە**
**بن و ددانی هەیە**
**پووکت وەک بنی شانە**
**ددانی شانەش وەک ددانە**

- هۆنراوەی (دیاریی جریوە): هەرگیز مەبن گۆشەگیر: (هەرگیز گۆشەگیر مەبن)

ڕازاوە و جوانەبەرگی: (بەرگی ڕازاوە و جوانە)

خوایە نەیبینین مەرگی: (خوایە مەرگی نەبینین)] (٦)

[- هۆنراوەی (ناوی مانگ کوردییەکان: هاوینە و ڕۆژ ئەبێ درێژ: (هاوینە ڕۆژ درێژ ئەبێ)

- هۆنراوەی (نەورۆز و منداڵ): شەڕی بەهار و زستانە- لەشکری بەهار دابەزی- لە نەورۆزا زستان بەزی... دیارە شاعیر دەیەوێ بڵێ بەهاری خۆش هات و زستانی سارد و سڕ ڕۆی، ئیتر نەورۆزە و گەشت و سەیرانە.. دیارە منداڵ لە ئاست ئەو دیمەنە دژوار و پڕ لە جەنگ و بەزم و ڕەزمە سەرسام دەبێت و نازانێ مەسەلە چییە، ئەم لەشکر و لەشکر کارییە بۆچی و لە پێناوی چیدایە.. ئەبێ ئەوەش بڵێین هۆنراوەکە نۆ دێڕە و درێژە.

- هۆنراوەی (پەپوولە): دەنیشێ لەسەر گولان: (لەسەر گوڵان دەنیشێتەوە)

دەکا ئەو چڵاو چڵان: (ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکات)

- هۆنراوەی (ناوی پەنجەکان): (سێیەمیان زەڕنەقووتە- هەمیشە هەر نابووتە).. دیارە ناکرێ بگوترێ هیچ پەنجەیەک نابووتە، چونکە هەر پەنجەیەک

هێــز و توانای خــۆی هەیە، پەنجــەکــانیش یەککەون و یەکــبگرن، مســـتــەکــۆڵــەی بەهێــزیان لێــدەردەچێ.. (پێنجەمیان ئەسپێکوژە- هەر ئەڵێی کۆڵەوژە).

لەم سەردەمی پاکژییــەدا لە زۆربەی زۆری ناوچەکـاندا ئەسپێ نەمـاوە، تەنانەت بە دەگـمـەن ناوی مـاوە و کـەم منداڵ دەزانێ چییە، ئەگەر بشـزانن زۆر لایان قێـزەونە، جـا چ ڕەوایە ئەم پەنجە جوانەش قێـزەون بکرێت. دیارە ئەم پەنجـەیە (پەنجـە گـەورە)شی پێـدەگـوترێ، کـە زۆر لەباروشیاویەتی، ئەوسا هیچ دژوارییەک نامێنێ.

- هۆنراوەی (ســەیرانگەکــانی کــوردســتـــان): هەن سەیرانگەی خۆش و جوان: (سـەیرانگەی خـۆش و جوان هەن).. جوانە لەبەری بەیان: (لەبەرەبەیاندا جوانن)..

پیرمام، یان سەلاحەدین

خۆشە بەهارو هاوین: (بەهارو هاوین خۆشن).

هۆنراوەکەش یازدە دێڕەو گەلێک زۆرو درێژە.] (٧)

[- هۆنراوەی (ســاڵێکی تر): واهاتەوە سـەری سـاڵ: (واســەری ســاڵ هاتەوە).. هۆنراوەی (ســاڵی نوێ) لە ئاسمانی نیشتیمان: (لە ئاسمانی نیشتماندا) ناشکرێ بنووسرێ نیشتیمان.

لەژێر خۆری ئازادی: (لەژێر خۆری ئازادیدا)..

- هۆنراوەی (کەروێشکێکی زیرەک): بڕۆن بۆ ناو ئەو گیایە

خۆ بشارنەوە (تیایا) سەروا لەنگ و نارێکە..

منیش زۆر گورج و خـێـرا بگەڕمـەوە (ئێـرا): ئەمـیش وەک دێڕی پێشــوو.. دەبوایە نیــوەی دووەمی بەم چەشنە بوایە: (بگەڕێمەوە ئێرە)

- هۆنراوەی (کــارتی جــەژنانە): پاک و جــوانکیلەو (قۆزە): وشەی (قۆز) بۆ کارت ناشێت..

دەگوترێ: ئەو کوڕە قۆزە، ئەو پیاوە قۆزە..] (٨)

[- هۆنراوەی (کـــوردســـتـــان): (بۆ کـــوردســـتـــان گــیــانفــیــدام- هەتا کــوردی کــۆڵــنەدەر - ببــێــتــە قــەڵاوســەنگەر).. دیارە ئەم وشـەو دەربڕین و وێنانە لە زمان و جیهانی هێور و لالە ئاسای منداڵەوە زۆر دوورە.

- هۆنراوەی (وێنە): شــاعــیـــر دەیەوێ بە زمـــانی منداڵەوە باسی وێنەکێشان بکات، گومان لەوەدا نییە کە هەموو وێنەکانی منداڵ جوانن و مافی خۆیەتی شانازییان پێــوە بکات و پیــایاندا هەڵدا؛ نەک لەســەر زاری ئەو سـەرو سـەکوتی ئەو وێنەیە بشـێـوێنرێ کـە بە سـۆز و هەستی ناسکی و بەوپەڕی شـادییەوە کـێشـاویەتی، بەم جۆرە لە هەموو چێژ و ئارەزوویەکی هونەری ناخی منداڵ بڕاکێنرێن..

**ڕەش و لارو گێڕ و خرت**
**بۆت ئەڕوانێ زرتەزرت**
**لووتی زۆر پانوپۆڕە**
**لچ و لەوەسی شۆڕە**
**مل باریک و سەرقورسە**
**لە قاچوقول مەپرسە.**

- هۆنراوەی (بەڵــێن): هەروەک ڕوون و ئـاشـکـرایە، ناشێ ئەو وشانە بدرێن بەگوێ و هەستی منداڵدا، کە لە تەمــەن و ئەندێشــەی نـاسک و جـیــهـانە ئارامـەکـەیەوە دوورن- (بـەچەک و پـێـنـووس و بڕوام).. (کــــــورد و پێشمەرگە و ولاتم- ڕۆژی سەدجار جانفیدانم).

- هۆنراوەی (سروودی منداڵان): ئەم هۆنراوەیە سەراپا فەرماندەرکردنە بەسەر منداڵدا، دیارە منداڵیش ئەم شێوە بابەتانە دەداتە دواوە و بگرە بەگــوێشــیــدا ناچێت: (منداڵینە وشیاربن- ئازابن دەستبەکاربن).. هۆنراوەکە هەشت دێڕەو زۆرە.

لە ڕووی زمانپاراویشەوە هەندێ خاڵ بەدی دەکرێن: لە خزمەت کوردستان بن: (لە خزمەتی کوردستاندابن).. هەردەم لەڕێی زانست بن: (هەردەم لەڕێی زانستدابن).

- هۆنراوەی (پرســیــارو وەڵام): دەبوایە بەهیچ جـۆرێ بوارنەدرایە بەم چەشنە ئەم وشە ڕیزبەندییە بخرێنە سەر لاپەڕەی هیچ بڵاوکــراوەیەک.. نووســەر دەیتــوانی لە چوارچێــوەی ڕێنمـایی جـوان و هێـوردا و بەشـێـوازێکی ناسک دایڕێژێ..

**- کێ دەزانێ، کێ لاسارە؟**
**+ ئەو منداڵەی کە بێعارە**
**- کێ پێم دەڵێ بەدخوو کێیە؟**
**+ ئەوەی دارلاستیکی پێیە**

- هۆزانی (سـالار کـوڕێکی لاسـارە): ئەمــیش وەک هۆنراوەی (پرسیار و وەڵام)ە، ئەوەندە هەیە بەشێوازێکی تر نووسراوە:

- هۆنراوەی (پێنووسەکەم): سێزدە دێڕە و زۆر درێژە.. ئەم هۆنراوەیە بە زمـــان و ئەندێشـــەی پاش قـــۆناغی مــێـــرمنداڵی- نەک (مــێـــرد) منداڵی- و هەورازتر

نووسراوە. ئەگەر کاکی شاعیر چاک هزری خۆی بگوشیایە دەیتوانی بە پێنج شەش دێڕ و بە زمانە ڕەوانەکەی منداڵ ئەم هۆنراوەیە بنووسێ:

ئەی داڕێژی ئاکاری ڕوون

نیگار کێشی (خرپەی) دەروون: (خورپە) ڕاست و دروستە.

**ئاوەڕێژگەی بیری سازگار**

**تاڤگەی بەرز و جوانیی ڕەفتار**

بۆ ئەمیش لە ڕووی زمانەوە هەندێ سەرنج هەن، لەبەر نەبوونی کات و بوار باسیان ناکەم.

– هۆنراوەی (سکاڵای ژیر): هەژدە دێرە، لەگشت هۆنراوەکان درێژترو زۆرترە.

– هۆنراوەی (پشیلە): نۆ دێڕە.. بدزێ جووچک بەجارێ: (بەجارێ جووچک بدزێ).. دەربێنێ ماسیی جوان جوان: (ماسی جوان جوان دەربێنێ).. هیچی تر مەبە چاوبەست: (هیچی تر چاوبەست مەبە).. ئەم وێنە دژوارەش سەری هەڵداوە: (برفێنی مشکی خرپن) گەر بۆ دروستکردنی سەروا نەبێ، (مشکی خرپن) چ وێنەیەکی جوان دەبەخشێ.. خۆ منداڵ لە هەموو شتێک، زیاتر قێز لە مشک دەکاتەوە، تەنانەت بەبینینی قێزەیەک دەکات و لێی دوور دەکەوێتەوە- جا ئەگەر (مشک خرپن) بێ، دەبێ بۆ کەروێشک و بەرخ و کارژۆڵەی داماو چی بگوترێ؟!] (٩)

– هۆنراوەی (ئای لەم بەفرە): لە تەلەفزیۆندا دەبینرێت و دەبیسترێت، هۆنراوەیەکی جوانە.. لە دێڕێکدا شاعیر بەشێوەیەکی ڕەق وزبر وێنەی یاریی بەفر دەردەبڕێ:

**هیوا تۆپەڵێ خڕکە**

**گوێی ڕزگاری پێسرکە**

ئەوسا یارییەکە دەبێ بەشەڕی ڕاستی وڕق و کینە.. بەداخەوە لیژنەی ئامادەکردنی کتێبی (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی)، دەقاودەق ئەم هۆنراوەیەیان هەڵبژاردووەو خستوویانەتە ناو دەقی ئەو کتێبەوە

دیارە هۆنراوەی بڵاوکراوە بۆ جیهانی منداڵان، لە میدیاکانی منداڵاندا ئێجگار زۆرن، لەم دەرفەتەدا و بۆ مەبەستی ڕەچاوکراو هەر ئەمەندە کات هەبوو.. ئەگەر لە داهاتوودا بواری لەبار ڕەخسا، لە تەکیدا لایەنی ڕێنووسیش بەسەر دەکەمەوە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- کاکا باس- جیهانی ئەسترید لیندگرین- ل- ٦٢- هەولێر- ١٩٩٧.**

**٢- نەوزاد عەلی ئەحمەد- منداڵ و ئەدەب- ل- ١١- سلێمانی- ١٩٩٨.**

**٣- بۆ نموونەی ئەمە، بڕوانە گۆڤاری هەنگ- ژمارە- ٥٣-ل-٨- ئۆپەرێتی ئاژاوە.**

**٤- بۆ نموونە، بڕوانە گۆڤاری هەنگ- ژمارە- ٤٨- ل٦- ئۆپەرێتی فریشتەی باڵا.**

**٥- بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە:**

**أ: ع. ع. شەونم- جریوە- ل- (٧، ٩، ١٠)، چاپی دووەم- سلێمانی- ١٩٧٤.**

**٦- بەڕێز و بەزنجیرە، بڕوانە گۆڤاری پەپوولە- ژمارە (١٧،٧، ٥٩، ٨٣، ٨٨).**

**٨- بەڕێز و بەزنجیرە، بڕوانە گۆڤاری کۆلارە- ژمارە (٩، ١٠، ١٢).**

**٩- بەڕیز و بەزنجیرە، بڕوانە گۆڤاری هەنگ- ژمارە (٤٧، ٤٨، ٤٩، ٦٥، ٨٣، ١٠٠، ١٠٣).**

# ئەدەبیاتی منداڵان، یان نووسینی منداڵانە

سولەیمان سیابەخت
(بۆکان)

**پێشەکی**

گـەلی کـورد نەتەوەی کـۆچ، مـەرگ و ژان هەرکـات دەرفـەتی بووبێ، بووژاوەتەوە و بەرەو پێش چووە. لە بواری ئەدەبیـاتی منداڵاندا- جگە لە ئەفـسـانە و بابەتە فـۆلکۆرییـەکـان هەر چەند ئەوانیش بۆ منداڵان نەنووسراون، بەڵام بەستێنێکی لە بارن لەگەڵ هەست و زەینی منداڵ و پێشـینەی ئەوان بە درێژایی تەمـەنی نەتەوەی کوردە کە پچڕپچڕ هەنگاوێکی بەرەو پێش ناوە کە یەکجار جێگای ڕێزە هەر چەندە نەیتوانیوە ببێتە ڕەهەندێکی سەربەخۆ. نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی ئێمە تەنیا نوێنەری خۆیان بوون وخواستی گەورەکانیان لەبەر چاو بووە هەتا منداڵان.

ئاسـاییـە گـەلێک داگـیـر کـرابێ و لە لایەن گـەلێکی دیکەوە بچەوسێتەوە پەروەردە و فێرکردنیش تەنیـا بۆ چەواشەکاری زەینی منداڵ هەنگاو هەڵدەگرێ.

ئەدەبیاتی منداڵانی ئێمە لە چوارچێوەی تەنگی تاکە کەسی و سەلیقەییدا گـرفتار بووە و بۆتە قـالبێکی کلێشەیی و بەردەوام زەینی منداڵانی کوردی پێ دەپێژن.

منداڵانی کوردی ڕۆژهەڵات لە قوتابخانە سەرەتاییەکان یەکەم کارێک کە فێری دەبن خەت خەت کردنی کتێبی دەرسـەکـان و دڕدڕکـردنی وێنەی لاپەڕەی یەکـەمی کتێبەکانیانە.

ئەم کتێبانەی تەنیا بوونە پڕوپاگەندەیەک بۆ دەستەی حاکم و بۆ چوون و قسە پاوانخوازەکانی ئەوان.

لێرەدا ئەرک دەکەوێتە سەرشانی شاعیرە ئەرک وەخۆگرەکان و نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان کە ئەرکی

پەروەردەیی منداڵانی خـێـر نەدیتـووی ئەم گـەلە چەوساوەیان دەکەوێتە ئەستۆ. دەبێ زیاتر لە هەمیشە هەوڵ بدەن بۆ ڕاهێنانی منداڵانی بێ بەشی گەلەکەمان.

## تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی منداڵان و پرسەکانی

لە ئەدەبیاتی منداڵاندا دوو کەس قسە دەکەن:

١- نووسەر

٢- منداڵ

نووسـەری گـەورە سـاڵ لە دنیـای تایبـەتی خـۆی و نوێنەری کەڵکەڵەی گەورەکـان و منداڵیش کـەڵکەڵەی منداڵی و دنیای ساویلکەیی و بێ ئەزموون.

(چەپمـەن) ئەم دوو کـەسـە بە کـۆڵەکـەی ئەدەبیـاتی منداڵان دەزانێ و هاوسـەنگی نێـوانیـان پێشـکەوتنی ئەدەبیـاتی منداڵان و تێگەیشـتنی ئەم دوانە بە سەرکەوتنی ئەدەبیاتی منداڵان دەزانێ ئەو باوەڕی وایە لابردنی هەریەک لەم کۆڵەکانە ئەدەبیاتی منداڵان تووشی قەیران دەکا و گـوێنەدان بە ویسـتی هەرکـام لەو دوو کەسانە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە جێ بە ڕەخنەش لێژدەکەن و هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی خـۆی ئەو هاوکێشەیە پێشنیار دەکا.

«نووسەری ڕاستی- نووسەری شاراوە ــــ وێژەر ــــ (ڕاوی) ــــ بیسـەر ــــ خـوێنەری شـاراوە ــــ خـوێنەری ڕاسـتی» نووسـەر ڕووی قسـەی لە خوێنەری شـاراوە واتە منداڵە. بەڵام گـوێنەدان بە ئەو خـوێنەرە شـاراوەیە یان خـراپ حـاڵی بوون لە واتای منداڵی یان ڕەتکردنەوەی لەلایەن نووسـەرانەوە ئەدەبیـاتی منداڵان تووشی بنبەست دەکا.

(باربارا وال) لە چاوپێـداخشـاندنەوەی بەسـەر ئەو هاوکێشەیەدا سێ شێوە نووسین بۆ منداڵان دیاری دەکا.

١- نووسەرانێک کە تەنیا بۆ منداڵان دەنووسن کاریان بەوە نییە کە گەورەکانیش بتوانن بیخوێننەوە و چێژی لێ وەردەگرن.

٢- نووسـەرانێک کـە تێ دەکۆشن بە کەڵک وەرگـرتن لە منداڵان کە خوێنەری شاراوە بن، لەسەر گەورەکانیش کە خوێنەری گەورە ساڵی شاراوەن، شوێن دانێن.

٣- نووسـەرانێک کە هەردووک لایان مەبەسـتە و تێ دەکۆشن لەسـەر هەردووک لا بەیەک شـێـوە شـوێن دانەر بن.

«چەمبەرز» دەڵێ ئەدەبیاتی منداڵ دوو کەسەیە....

یەکـەم منداڵ: کـە بە هیچ شـێـوەیەک لە دەقـدا نێـوی نییـە، مـەگـەر بە شێـوەی شاراوە. هەروەها بۆ خـۆشی دەقـەکـە ناخـوێنێـتـەوە کـەواتە هەر دەرفـەتێکی ئەدەبی منداڵان پێـوەندی بە ڕوانگەی نووسـەرەوە لە بارەی منداڵیەوە هەیە.

منداڵ کێیە و منداڵی چییە؟

منداڵ، کچ، کوڕە، دێهاتیـە، شـارسـتـانیـە، فەقـیـرە، دەوڵەمـەندە، تێـرە یان برسیـە و هەروەها دایک و بابی هەیە یان نیەتی.

## واتای منداڵی «ساویلکەیی و ئەزموون»

منداڵ لە ڕوانگەی پەروەردە و فێرکردنەوە:

لەگەڵ ئەوەدا کە فەلسەفەی ئەدەبیاتی منداڵان دەچێتە ناو خـانەی پەروەردە و فـێـرکـردنەوە، یان ناچێ باسـێکی جیایە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کە پەروەردە و فێرکردن لە دەست تاقـمـێکی پاوانخـواز دایە و لەژێر چاوەدێری و ویسـتی ئەواندا وەک مـاشـێنێک چاو لە پەروەردە و فێرکردن دەکرێ بۆ ئەوەی مرۆڤێک کە ئەوان دەیخوازن و دەیانەوێ پەروەردە بکا ئیـتر ئەدەبیاتی منداڵان شتێکی دەستکرد و جێگەی باوەڕ نییە.

بە تایبـەت کـە ئیـسـلامـیش منداڵی پێ نابالـغـە و بە فیتنەیەکی دەزانێ کە دراوە بە دایک و باب.

ئیـفـلاتوون بە چاوێکی سـووک دەڕوانێـتـە منداڵان و چونکە ئەوان پێش بە هیچ هەستێکی خـۆیان ناگرن و بە گوێرەی ئەو هەسـتـە بزۆزیان دەچنە پێشێ، ئەوان بە باش نازانێ.

هەروەها سـوقـراتیش لە کـۆمـارەکـەی خـۆیدا جـێـگە بە منداڵ نادا. بەو پێـیـە نابێ چاوەڕوانی هیچ جـۆرە گۆڕانێک لە ئەدەبیـاتی منداڵاندا بین، مـەگـەر ئەوەی کە گۆڕان لە چۆنیەتی واتای منداڵیدا پێک بێنین.

منداڵ لەگـەڵ ئەوەدا کـە سـاویلکە و زووباوەڕە جیـاوازییـەکی زۆری لەگەڵ ساویلکەیی گـەورە سـاڵاندا هەیە. نابێ بتـرسین لە ئەوەی کـە ئەدەبیـات پێش لە بەرەوپش چوونیان دەگرێ و ئەوان لە ساویلکەیی خۆیاندا ڕادەگـرێ. سـاویلکەیی منداڵان هاوڕێ لەگـەڵ دنیـای منداڵی و کەم ئەزموونی و دڵگەشییە، بەڵام ساویلکەیی گەورەکان گەوجیەتییە.

## دووهەم کەش

ئێمە پرسی منداڵان و پرسی گەورەکان لەیەک زمانەوە دەبیستین. ئەدەبیاتی منداڵان منداڵ نایەنووسن، بەڵام ئەفرێنەر و بەردەنگ زۆر لەیەک نزیکن لە ئەدەبیاتی کرێکاری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیدا کەسێک بە نوێنەرایەتی وان کەسێکی وەک خۆیان بەهەست و باوەڕ و ویست و پێداویستییەکانی ئەوانەوە بۆیان دەنووسێ، بەڵام لە ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەوە منداڵ نییە دەنووسێ و پەسند دەکا و ڕەخنە دەگرێ ئەدەبیاتی منداڵ زۆرتر وەک ئامرازێکە بۆ گەورەکان هەتا بە ویست و داخوازی ئەوان هەر چۆنێک پێیان خۆش بێ بەردەنگ هان بدەن دیسان ئەگەر منداڵ خۆشیان بنووسن چۆن منداڵ کەسایەتییەکی سەربەخۆ نییە، ئەوەی دایک و باوک یان گەورەکان پێیان خۆش نەبێ پەسند ناکرێ و بۆی ناکرێن و ناخوێندرێتەوە.

بەداخەوە لێرە وەک باشترین نووسراوە بۆ منداڵان ئەو نووسراوەیە بە شێوەیەک نووسرابێ کە گەورەکان بیری لێدەکەنەوە و دەستەی حاکم لە خەیاڵی دایە و...

«ژاکلین» دەڵێ چونکە ئەدەبیاتی منداڵان، گەورەکان دەینووسن دەستکردە و درۆزنە و شتێک بەو ناوە نەبووە و نییە.

## ئەدەبیاتی منداڵان لە خۆیدا بار هێنەرانەیە

نووسەر دەقی ئەدەبی خۆی بێ هیچ ئامانجێک ناداتە دەرێ، ئەو دەیەوێ ئەزموونێک بداتە دەست منداڵ. نووسەری گەورە ساڵ بەهۆی دەقە ئەدەبییەکەیەوە لەگەڵ منداڵ لە پێوەندیدایە و ئەو دەقە گۆڕانێک بەسەر زەینی ساکاری منداڵدا دەهێنێ، بیەوێ یا نەیەوێ، ڕوانگەی منداڵ دەگۆڕێ بە شێوەیەک کە نووسەری گەورەساڵ مەبەستیەتی.

«چەمبەرز» سەرکەوتنی دەق بە ڕێککەوتنی نێوان نووسەر و خوێنەری شاراوە دەزانێ.

تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ئەدەبیاتی منداڵان و پرسەکانی:

هەر شتێک فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە- لێرەدا نامانەوێ باسی ئەوە بکەین چۆن فەلسەفە فێری منداڵان بکەین؟ فەلسەفەی ئەدەبیاتی زارۆک، فەلسەفەیەکی ناوچەییە. هانت دەڵێ بیرۆکەی ئەدەبیاتی منداڵان ناتوانێ بیرۆکەیەکی نەگۆڕبێ.

ئەدەبیات لە هەمبەر کێشەی جیهانی بووندایە، بەڵام ئەدەبیاتی منداڵان پێبەندی ناوچە و وڵاتی تایبەت بە خۆیەتی.

بۆ وێنە کاتێک باسی سەگ دەکرێ. لە زەینی منداڵێکی دێهاتیدا سەگ جۆرێکە و لە ڕوانگەی شارستانییەت بە شێوەیەکی دی و لە ڕوانگەی سوێدیەک شتێکی دیکە.

ئەدەبیاتێک بۆ منداڵ سەرکەوتووە. وەڵام دەرەوەی پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێ کە منداڵ تێیدایە بۆ کردنەوەی گرێ پووچکەکانی تایبەتی ژیانی منداڵانی ئەو کۆمەڵگایە بێ.

ئەدەبیاتی زارۆک چونکە تایبەتە بە چۆنیەتی ڕاڤەکردنی مانای منداڵی لەلایەن نووسەرەوە، فەلسەفەیەکی نەگۆڕ و داسەپاو نییە. فەلسەفەی ئەدەبیاتی زارۆک بۆ ئەوەی بژی، پێویستی بە منداڵە و شیکاری و ڕێ پێشاندانە کە واتە شتێکی هاندەرانەیە.

ئەدەبیاتی زارۆک بە پێی ئەوەی کە پێویستی بە ناسینی منداڵ و ناسینی هەستی منداڵ و ویستی منداڵە و... هەیە. لە فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردنەوە نزیکترە هەتا ئەدەبیات.

## پرسەکانی فەلسەفەی ئەدەبیاتی منداڵان

لە ئەدەبیاتی زارۆکدا گەورەکان و دەستی ئەوان لە لایەک و منداڵان و ویستی ئەوان لە لایەکی تر، کەواتە ئەدەبیاتی زارۆک دوولایەنەیە منداڵ گوێگر و گەورە نووسەر هەر وەک پەروەردە و فێرکردن.

لە بەرامبەر ئەم پرسیارە دژ بە یەکانە ڕاوەستا

(ئازادی- سوننەت) (تازەگەری- ناوچەیی بوون)

(بە گوێ بوون- سەربەخۆ بوون) (منداڵ بوون- ئەدەبی بوون)

هانت دەڵێ ئەدەبیاتی زارۆک لەگەڵ ئەوەیدا کە دەیەوێ خۆی تیۆریزە بکا وەک لقێک لە ساختارێک بوونی خۆی دەباتە ژێر پرسیار و ئەگەر وەک لقێک لە پەروەردە و فێرکردن بێنێتەوە ئازادی خۆی لە دەست دەدا.

کەوابوو نووسەر لە ئەدەبیات نزیک بێتەوە لە منداڵی دوور دەکەوێتەوە، لە منداڵیش نزیک بێتەوە لە ئەدەبیات دوور دەبێتەوە.

ئەدەبیات بەگشتی کێشەی جیهانی بوونی هەیە، بەڵام فەلسەفەی ئەدەبیاتی منداڵان خۆی ناوچەییە.

- وەک باسمان کرد ئەدەبیاتی زارۆک و ئەدەبیات بە گشتی لەیەک ڕاستادان، بەڵام جیاوازیەکیان هەیە ئەویش لەبەر خوێنەری تایبەتی و فەلسەفەی تایبەت بە خۆیانەوە کە ئەدەبیاتی زارۆک لە ئەدەبیات بە مانای گشتی دوور دەکەوێتەوە. مەبەستی ئەدەبیاتی زارۆک پێوەندی گرتن لەگەڵ منداڵە و ئەوەش باسێکی دەروونناسیە کەس ناتوانێ شتێک بە زۆر بەسەر منداڵ داسەپێنێ.

ئامانج لە نێو ئەدەبیاتی زارۆکدا شاراوایە و ئەو شتە لە ناو دڵی منداڵیشدا شاراوەیە.

- هەر دەقێکی ئەدەبی منداڵان ڕێگایەک دەپێوێ کە منداڵ دەبێ لە ژیانی خۆیدا بیپێوێ کەواتە دووشتی وەک یەک لە هەر دووکیاندا هەیە و لە هەردووکیاندا شاراوەیە! هاوتەریب لەسەر یەک ڕێگە دەچنە پێش و لە دنیای ساکاری منداڵاندا بەرەو ئەزموونێکی تایبەتی.

لەو ڕێگەیەدا هەر کامیان تەواوکەری ئەوی تریانن ئەو تایبەتمەندیانەی لە دەقی ئەدەبی منداڵاندا شاراوەن لە دەرەوە ناخزێندرێنە نێو دەقەکە و ئەو شتە دەروونییەی لە دڵی منداڵیشدا هەیە شتێکی دەرەکی نییە و لەگەڵ ژیانی تێکەڵە.

- ئەدەبیاتێک سەرکەوتووە بۆ منداڵان بێ و لەگەڵ زارۆک و ژیانی زارۆک پێوەندی بگرێ. نووسەر کە بزانێ چ شتێک هەیە منداڵ هان بدا کە بخوێنێتەوە، یان چ شتێکی خۆی لە ناو دەقێکی ئەدەبدا دەبینێتەوە کە وەدوای دەکەوێ و لەگەڵ ئەوەیدا منداڵ گەورە دەبێ، گۆڕانێکی بەسەردا دێ، بەڵام دەقی ئەدەبی ناگۆڕدرێ و ئەوە منداڵە ڕوانگەی ڕۆژبەڕۆژ سەبارەت بە دەق و دنیا و دەوروبەر لە گۆڕاندایە. ڕۆژێک دێ ئاوڕێک لە ژیانی ڕابردووی بداتەوە و خۆی ئەم ئەدەبیاتەی کە لەگەڵی گەورەبووە، بداتە بەر سەرنجی ڕەخنە. لە بارەی نووسەرانی ئەم ئەدەبیاتەشەوە دادوەرترین هەڵسەنگێنەرە گەورەکانی داهاتوومان بڕیاردەدەن.

**سەرچاوەکان:**

**١- معصومیت و تجربە، د. مرتضی خسرو نژاد.**

**٢- ساختار و تأول متن، بابک احمدی.**

**٣- مخاطب شناسی در ادبیات کودک، د. یونس شکر خواه.**

# ئافرەت لە سەردەمی ئاوێستادا

**هاشم ڕەزا**
**لە فارسییەوە: وریا قانیع**

پلەوپایەی ئافـرەت چ لە سـەردەمی ئاوێسـتـایی و ڕۆژگاری زەردەشتدا و چ لە پێش ئەویشدا لە کۆمەڵگای ئێـرانیـدا ڕێزدار و بەهاردار بووە، ئاشکرایە کـە بە دەرکـەوتنی زەردەشت و چاکسـازییـەکـانی، هەروەک لە ئاوێستـا و بەشە کۆنەکـانیدا دەردەکەوێت، وەکو هەموو کـاروبارێکی دیکە، پلەوپایەی ئافـرەتیش کـەوتە بەر هەڵمـەتی چاکسـازییـەکانی پێغـەمبەر زەردەشت ژنیش خاوەنی ماف بوو، کە لەگەڵ مافی پیاودا یەکسان بوو لە کـۆمـەڵگادا، بەهەمـان ئەندازە دەیتـوانی کـاریگەری ڕاستەقینەی هەبێت کە پیاوان دەیانتوانی کاریگەر بن. ئیـرادەی ژنان و گـەورە کـچـان چ لەو کـاتـەدا کـە لە مـاڵە باوان بوون چ ئەو کـاتەش کـە شـوویـان دەکـرد و لەمـاڵی مێرددا دەبوون، سەربەخۆییان هەبوو، یانی خاوەنی ڕای تایبـەتی خـۆیان بوون و دەیانـتـوانی لەڕووی ژیری و دەرککردنەوە بوونی خـۆیان بسـەلمێنن، پێش لەمـەش لە کـتـێـبـێکی دیکەدا(١) لە بارەی باری کـۆمـەڵایەتی ئافرەتانی پێش زەردەشت لێکۆڵینەوەیەک نیشان دراوە. ئێمە لێرەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان تەنها پێوەندی بە بارودۆخی ئافـرەتانی سـەردەمی ئاوێسـتـاو ڕۆژگـاری زەردەشـتـەوە هەیە، ئاشکرایە کـە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، لە دوای زەردەشت، بە تایبەتی لە ڕۆژگـاری ساسانیـاندا کە هەموو شتێـک ڕوو لە توانەوە و کزبوون بوو، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ئافرەت و مافیشیان کەوتە بەر ئەم لافـاوی توانەوە و کـزبوونە، بە داخـەوە ئیـتـر ئافـرەتان ئەو مـافـانەی جـاران و ئازادی و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و بەهرەمەندیان لە دەست چوو، مافی ئافرەت

و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان لە ئێرانی دێریندا لە ڕووی چەند بەڵگەیەکەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە کە لە ئەدەبیاتی پەهلەوییەوە دەست کەوتوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دووبارە هەم لە گۆشەی ئەم میراتەوە، سەردەمی کزبوونی مافی ژن و ئازادی و پلەوپایەشیان کە لە ئەنجامی کاریگەری پاشماوەی سەردەمی ئاوێستاییەوە مابووەوە، دەخەینە بەرچاو.

لە ڕۆژگارێکدا کە لە یۆنانی دێرین، ڕۆم، چین، سۆمەر و بابل، هیند، میسر و لە ناو نەوەی یەهووددا ئافرەتان لە مافی کۆمەڵایەتی بێ بەهرە بوون لەناو خێزان و کۆمەڵگادا هیچ مافێکیان نەبوو، تا ئەندازەیەکی بەرچاو ژێردەستەو ملکەچی پیاوان بوون، لە ئێرانی سەردەمی ئاوێستادا دەبینین، کە پیاوان و ژنان شان بەشانی یەکتر لە هەموو مافێک و کاروبارێکی کۆمەڵایەتیدا یەکسان بوون. گەورەیی و دروستی و ڕاست کرداربیە کە کەسەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، هەموو پیاوان و ژنانی بیر چاک و تێکۆشەر، کردار چاک و ئازادە، لە یەک پلە و پایەی کۆمەڵایەتی تێدان، ڕێبوارانی ڕێگای کردار ناشیرین و تەمەڵی و بەدڕەوشتی و ڕێگرییە کە خاوەن موڵکی بێ سەرو بەرە لە کۆمەڵگادا دەردەخات و دەبێتە کەسێکی ئاسایی. ئیتر ئەم ڕێبوارانەی ڕێگای خراپە چ ژن بن یان پیاو، هیچ فەرقێکیان نییە.

لە یۆنانی دێریندا کە بە بێشکەی شارستانییەت و ئازادی مرۆڤیش دەژمێردرێت ژن هیچ پلەوپایەیەکی نەبوو، چ لە ماڵی باوک و چ لە پاش شووکردنیش لە ماڵە مێرددا هەروەکو کۆیلەو کارەکەر بووە. باوک لە کاتی بەشوودانیدا خواست و ئارەزووی کچەکەی ڕەچاو نەدەکرد، لە بنەڕەتەوەش هیچ گەورە کچێک لەکاتی شووکردنا سەبارەت بە چارەنووسی خۆی، مافی ڕادەربڕینی نەبوو. خاوەنی ئیرادەی خۆیشی نەبوو. ڕاو بۆچوونی باوکان و مێردان بۆ کچان و ژنان بەزۆری چ چاک و چ خراپ بەزۆر ئەنجام دەدران. لە هیندستان و یۆنان و گەلێک وڵاتانی دیکەش و لەناو نەتەوەکاندا ئەم داب و یاسایە باوی هەبوو. بەڵام بەسەرنجدان لە زۆربەی بەشە سەرنج ڕاکێشەکانی ناو گاتەکان، یان سروودەکانی زەردەشت کە وەکو یادگار بۆمان ماوەتەوە و یەکێکە لە کۆنترین سروودەکانی زەردەشت ئێمە بە ڕوون و ئاشکرا لە بیروڕای زەردەشت لە بارەی ژن هێنان و شووکردن و ئازادی ڕادەربڕینی گەورە کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا بەجوانی ئاگادار دەبین کە لەسەردەمی ئاوێستادا ئامۆژگارییەکانی زەردەشت بۆ ئافرەتان تا چ ئەندازەیەک سوودبەخش بووە. بۆ لایەنگری لەم بەشە کۆنەش، لە ئاوێستادا دەتوانین گەلێک نموونەی کەم وێنە بدۆزینەوە کە ژنان و پیاوان لە یەکسانی کرداردا بەهرەمەند بوون بابەتی (یەسنا) لەهاتی پەنجاو سێ، باسی شووکردنی کچی زەردەشت دەکات. زەردەشت لەو دانیشتنەی شووکردنی کچەکەیدا وتارێکی گەلێک سەرنجڕاکێشی بۆ دانیشتوان و بیسەرانی کچان و کوڕان خوێندووەتەوە ئێمەش لێرەدا وەری دەگێڕین.

زەردەشت دەڵێت:

گەورەترین ڕێگا و پاکترین داب و یاسای ژیان لە ڕاستکرداری و ڕاستگۆیی و ڕاست بیرکردنەوە دایە. خواوەند ژیان و ناوی نەمری بە من کە زەردەشتم بەخشیوە، چونکە پەیڕەوی ئەو ڕووناکیانەم کە خواوەند پێی داوین. بە هەموو ئەو کەسانەش کە وتاری چاک و کرداری چاک و بیری چاک پەیڕەو دەکەن ئەم جۆرە دیاریانەیان پێشکەش دەکرێت.

بۆ ڕەزامەندی خوا پێویستە بەڕازی بوون و حەز و ئارەزووەوە. بۆ گیانی چاکی و باشی و ئەندێشە و وتار و کرداری چاکە بکەینە سەرمەشقی ژیان، چونکی عیبادەت و ستایشی یەزدانی جگە لەم ڕێگایە یانی پەیڕەو کردنی خواست و ئارەزووی تاک لە کرداری چاک و وتەی چاک و بیری چاک، هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە. بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئەسڵەش کە کەی گشتاسب و کوڕی زەردەشتی سپنتمان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەزدایی یارمەتی من دەدەن.

ئەمە پێشەکییەک بوو بۆ (یەسنا) هاتی پەنجاو سێ کە لە دوای ئەوە زەردەشت لە بەشوودانی لاوترین کچی خۆیدا لە دانیشتنی خوازبێنیدا ڕووی تێدەکات و دەڵێت: باوک بۆ کچەکەی هاوسەرێکی هەڵبژاردووە کە لە کردار و ڕەوشتا بێ هاوتایە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە هیچ ڕوویەکەوە حەز ناکات. تاکو کچەکەی بەبێ بیرکردنەوەی قووڵ ڕەئی ئەو قبوڵ بکات، وتەکانیشی بەم جۆرەیە:

ئێستا تۆ ئەی پوور چیستا کە لە بنەماڵەی سپنتمانی و لاوترین کچی زەردەشتی، من لە ڕووی پاکی و ڕاستی و ڕەوشت باشییەوە (جاماسب) کە لە ڕاست کردارەکانە و پشتیوانی ئایینی ڕاستییە بۆ هاوسەری تۆ هەڵمبژاردووە کەوابوو بڕۆ لەم بارەوە بیر بکەرەوە عەقڵت بکە بە ڕێنوما لە دوای ڕازیبوونت دەست بە ڕێوڕەسمی پیرۆزی شووکردنت بکە.

جاماسبیش هەر لەم دانیشتنەدا دێتە زمان و دەڵێت: بەڕاستی و دروستی پوور چیستای جوان بە شێوەی ڕێگای ڕاستی ژیان، لەبەر تیشکی ئاییندا پەروەردە دەکەم کە سەبارەت بە باوک و هاوسەر و جووتیاران و هەموو کەسانێکی دیکەش خزمەتگوزار بێت و ئەمەگناس. کە خواوەند لەبەر تیشکی خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا باشترین پاداشتی بداتەوە.

لە دواییدا زەردەشت دووبارە هەر لەم دانشتنەدا بۆ دانیشتوان دێتە گفتوگۆ و بەتایبەتی بۆ لاوەکان و گەورە کچان وتارێک پێشکەش دەکات: ئەی کچان و وەی کوڕانی لاو کە لەبەردەم دەرگای ژیانی ژن و مێردایەتیدان، ئێستا ئاگادارتان دەکەمەوە پەندەکانم لە دەروونتاندا یادداشت کەن و لەبیریان نەکەن. بە هەوڵ و کۆشش لە ژیاندا بە ڕێگای ڕاستیدا بڕۆن. هەر یەکێک لە ئێوە دەبێت لە کردارو وتارو ئەندێشەی چاکدا بڕی یەکتری بدەن و پێشی یەکتر کەون. ئامۆژگاریتان دەکەم تاکو ڕێبواری ئەم ڕێگایە بن.

هەریەکێکتان لە ژیاندا، ڕەفتارێک بکەنە پیشەتان تاکو کەسانی دیکە پێی دڵخۆش و شادمان بێت.

لە گاتەکانا و لەچەند شوێنی دیکەشدا ئاماژە بۆ ئازادی ژنان و ڕێزیان و مافیان کراوە و لە ڕادەربڕینیش بەهرەمەند بوون، ئیرادەی خۆیان پاراستووە. هەروەکو لە بەشەکانی ڕابوردوودا دیمان، لە ئایینی زەردەشتدا لە بناغەدا حەزو ئارەزووی مرۆڤ پیرۆز و شایستەی ڕێز لێگرتنە. لە لێکۆڵینەوەکانی ڕابوردووا لەیەکێک لە وتارە گرنگەکاندا، نوێخوازییەکانی زەردەشت شی کراوەتەوە و مەسەلەی شەڕ= خراپە و چاکە (ئیختیار) لە دەروونی کەسەکەدایە. خێرو شەڕ لە کاردانەوەی مادە دان. لە کاتێکدا کە ژیان لە شێوەی فریشتەیی و ڕۆحانییەوە چووە نێو دەروونی مادەوە، ئاهورامەزدا ڕایگەیاند کە لە جیهانی مادیدا هەم خێر هەیەو هەم خراپە، ئێمە ئازادی و سەربەستی هەڵبژاردنمان بە ئێوە بەخشیوە تاکو بەژیریەتی خۆتانەوە لە ڕووی ئەندێشەی دروستەوە ڕێگای چاکە هەڵبژێرن. تاکو ڕزگار بن و دواڕۆژێکی باشتان هەبێت. لە ئایینی مەزداییی، مەسەلەی پەرستن فراوان و هەمەلایەنە، هەر شتێ کە چاک و سوودبەخش و، بەکارهاتووە، شایستەی ڕێزلێنان و ستایشە. ئەم دینەش کە ئایینی مەزدایییە بە باشترین شێوە لەگەڵ سروشتی چاک و ژیانا سازگارە و بە ئاسایش بەخشی مرۆڤ ڕاگەیاندراوە. لەسەرانسەری ئاوێستادا جاروبار دەیخوێنینەوە کە: ئێمە ستایشی هەموو ئاوێکی پاک دەکەین. هەموو چوارپێکانی (ئاژەڵ) سوودبەخش و هەموو گیاو ڕووەکێک، کە مەزدا دروستی کردوون، ئاسمانی نیلی و هەورە باراناویەکان و خۆری پرشنگدار و ژیان بەخش، چیا گەورەکان و دەشتە سەوزەکان و مێرغوزارە دڵگیرەکان و ڕووبار و دەریاکان، پیاو چاکان، هەموو کردارێکی مرۆڤ و سوودمەند و کردار و ڕەفتاری شایستە و ئاگری سوودبەخش و زەوی کە بێشکەی ژیانە، و... ستایشیان دەکەین.

هەربەم پێودانە هەموو خراپەکان و توخمە بێسوودەکان و شتە دڕندەکان و زیانبەخش بە دوژمن دانراون و دراونەتە بەر نەفرەت و خۆیان لێ لاداوە:

**بۆ پێنج شت هەم، بۆ پێنج شتیش نیم، بۆ ئەندێشەی چاک هەم، بۆ ئەندیشەی بەد نیم، بۆ وتەی چاک هەم، بۆ وتەی خراپ نیم، بۆ کرداری باش هەم، بۆ کرداری بەد نیم، بۆ گوێڕایەڵی (لە ڕێگای) چاکەوە هەم، بۆ بێگوێیی نیم، بۆ ڕاستی هەم، بۆ درۆزنی نیم.** (٢)

هەر لەم ڕووەوەیە کە ژیان دوو تەوەرەی هەیە و ئەم دوو تەوەرەیەش لە هەموو شوێنێک و هەموو شتێکدا هەیە، مرۆڤ دەبێت بە تەواوی هێزبییەوە پەیڕەوی ڕاستی بێت و ڕێگای ڕاستی بگرێ. ئەو کەسانە سەرکەوت و ڕزگارن کە ڕاستییان هەڵبژاردووە و لە هەڵبژاردنی ڕاستیدا لە ئیرادەو حەزو ئارەزووی خۆیاندا بەهرەمەندن چ ژنان و چ پیاوان. لە هەموو شوێنێکدا ژنان و پیاوان شان بەشانی یەک ناو دەبرێن بەیەکسانی ناویان براوە.

**بە گوێکانتان باشترین وشەکانم ببیسن، بەبیری ڕوونەوە سەرنجیان لێبدەن، ژن و پیاو دەبێت خۆیان ڕێبازی ژیانیان هەڵبژێرن، بە ڕەفتار و بە شێوەیەکی شایستە هەموو ئامۆژگارییەکانم بناسن** (٣)

لە تەواوی بەشەکانی پێشەوەی ئاوێستادا، یان لەکۆنترین بەشەکانیدا، ناوی ژنان و پیاوانی ڕەفتار چاک و ئیماندار لە ڕیزی یەکتردا هاتوون. بەهەمان یەکسانی ژن و پیاوان بەدکرداری دژی ڕاستیش پێکەوە سەرزەنشت و سەر کۆنە کراون لە شوێنێکدا بۆ ئەو کەسانە کە پەیڕەوی ڕاستین داوای یارمەتی و هاوڕێیەتی بۆ ژنان و پیاوان و کچان و کوڕان و جووتیاران،.. کراوە (٤)، ڕاگەیاندنی چاکەو بڵاوکردنەوەی ڕێورەسمی دروستی ژیان، تەنها لە ئەستۆی پیاواندا نەبووە، بەڵکو

ئافرەتانیش ئەم ئەرکەیان لەسەر شان بووە لە کۆمەڵگاو کۆبوونەوەکاندا هەم ژنان و هەم پیاوان بەرپرسن، چونکە لەناو کۆمەڵگادا لە ماف و پلەو پایەدا لە یەک ئاستدان:

**هەر شتێک کە پیاو یان ژن کە زانیان دروست و چاکە، ئەوا دەبێت ئەو شتە بەکاربهێنن، کەسانی دیکەشی لێ ئاگادارکەنەوە تاکو ئەوانیش بەهەمان شێوە بەکاری بهێنن.** (٥)

وەکو ئاماژەمان کرد (مەحەک) و هەڵسەنگاندن و دادوەری لەبارەی ژنان و پیاوانەوە یەکێکە، ئەویش ڕاستی و ڕاستگۆییە. ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی چاکەو ڕاستییەوە چالاکانە تێکۆشاون و مەردایەتییان کردووە چ ژن بێ یان پیاو شایستەی ستایشن. ئەم جۆرە پیاو و ژنانە ستایش دەکەین (٦) ئەمە ڕوون و ئاشکرایە بە ڕاشکاوی و جەختکردنەوەی چەندین جارەوە دووپات دەکرێتەوە. لەو کۆمەڵگایەی جووتیارانی ڕۆژگاری دێریندا کە جۆش و خرۆش و جموجوڵی ژیان هەموو لایەنێکی گرتبووەوە، دەبینین کە ژنان چۆن شان بەشانی پیاوان کاریان دەکرد، بانگەشەو ڕاگەیاندنیان ئەنجام دەدا، لە ڕیزی جەنگاوەراندا لە دژی چەتەو ڕێگرو نەیارانی شارنشین و شارستانییەتی کشتیاریدا دەجەنگین. هەموو جارێک لێهاتوویی خۆیان زیاتر نیشان دەدا پلەوپایەشیان گەلێک جار لە پلەوپایەی پیاوان بڵندتر دەبووەوە، لە ئاوێستادا (فروهر= ڕۆح= ڕەوان)ەکانی ژنان و پیاوانی ئیماندار ستایشیان لێکراوە، لە پەنای یەکترو شان بەشانی یەک (٧) بە (کینایە)یەکی گەلێک جوان و بەرز کە تام و چێژی کینایە ئامێزی شاعیرانەی لێ بەرچاو دەکەوێت، ستایشی ژنان و زەوییان پێکەوە کردووە، چونکە ئافرەتان دووگیان دەبن و نەوە بەرهەم دەهێنن و منداڵیان دەبێت، بەمەش نەوەی بیر ڕاستان زۆرترو چڕوپڕتر دەبێت. ئەو زەویانەش کە بەرهەمدارن، ئەو بەرهەمانە دێننە بەر کە ژیانی زیندەوەرانیان لەسەرەو درێژە بە ژیان دەبەخشێت.

**ئیتر ئەم گۆی زەوییە کە ئێمەی لەسەر ئەژین و ئەو ژنانەش کە ستایشیان دەکەین و ئەو ژنانەش کە ڕێگای تۆیان گرتووە ئەی ئاهورامزدا لە ڕاستییانەوە هەڵبژێردراون و بەهرەمەندن ئێمە ستایشیان دەکەین.**

ستایشی چاکەو هەموو تۆخمێکی شایستە و سوودبەخش و کەسانی چاکەو ڕێبوارانی ڕێگای ڕاستی لە ئاوێستادا داستانێکە کە لە دووبارەکردنەوەشدا بێزاربوونی لێ پەیدانابێت. هەموو ئەو پیاو و ژنانەی کە شایستەی ستایشن و ڕێبواری ڕێگای ڕاستی و بڵاوکەرەوەی ڕاستین. لە ستایشکردنی ئەم جۆرە ژن و پیاوانەدا شوێن و جێگای نەتەوەیی و هۆزایەتی و بێگانەیی و خوێشایەتی بەهیچ شێوەیەک ناوەرۆکێکیان نییە، چونکە تەنها چاکەو ڕاستییە کە شایستەی ستایش و شکۆمەندی و یادەوەرییە. نەک هاونەتەوەیی و هاونیشتمانی یان ئایا ئەوکەسە لە کوێ لە دایک بووە؟

**..... ئێستاش ڕۆحی ژنان و پیاوانی پاک ڕەوشت لەهەر شوێنێکدا لەدایک بووبن ستایشیان دەکەم ئەوانەیان کە لە دەروونەوە بۆ سەرکەوتنی ڕاستی تێدەکۆشن و ئەیانەوێت تێکۆشن و تێکۆشاون (٨)....**

**ڕۆحی پیاوان و ژنانی ئیماندار لەهەر کوێیەکدا لە دایک بوون ویژدانیانە لە ڕاستی بەهرەمەندە، یان بەهرەمەند دەبێت، یان بەهرەمەند بووە ستایشیان دەکەین (٩).**

نەک هەر لە جیهانی مادیدا، بەڵکو لە جیهانی فریشتەیی، یان بەهەشتیشدا خواست و ئارەزووی مەزدی یەسنایە، تاوەکو ئەم هەماهەنگییە لە یەکریزدا بەیەکسانی بمێنێتەوە. (١٠) گوناح و تاوان چ لە بارەی ژن و چ لەبارەی پیاوەوە یەکسانە، هەروەکو چۆن پیاوانی تاوانبار لۆمە و سەرزەنشت دەکرێن، ژنانی تاوانباریش بەهەمان شێوە نەفرەتیان لێدەکرێت. (١١) ئەمەش شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم دووپاتکردنەوانە و جەخت کردنە هەروەکو خۆی درێژەی هەیە، لە شوێنێکدا کە ڕۆح پاکەکان ستایش دەکرێن ڕۆحی گەورە کچانی کارگوزار لەهەر ماڵێکدا بێت ستایش دەکرێت. ئەمەش نیشانەی ڕێزو باوەڕێکی قووڵ و پایەدارە بۆ ڕاست ئەندێشی ئیمانێک، کە بۆ پایەداری مرۆڤایەتی تێکۆشاوە. لە قۆناخی یەکەمدا سەرکەوتووە. لە سەرانسەری فەروەردین یەشتا ناوی ژن و پیاوانی ئیماندار و کۆمەڵی ڕاست و ڕەوان پێکەوە یادیان دەکرێت و ناویان دەبرێت و بەیەکسانی ستایش دەکرێن لە جوانکاریەکانی یەکسانیدا بەهرەمەندن، لە بەشی ئابان یەشتا کە داستانی دلێری و ستایشی ژنان و نرخ و پلەوپایەی ئافرەتانە لە کۆمەڵگادا، چەند بابەتێکی سەرنج ڕاکێشمان بەرچاو دەکەوێت:

وەکو نیشانمان دا لەسەردەمی ئاوێستادا ئافرەت لەناو کۆمەڵدا ڕێزێکی شایستەو سەنگێکی تایبەتی هەبوو. ژن خــاوەنی ئیـــرادەی خــۆی بوو، ڕێز لە ئیـــرادە و خواستەکانی دەگیرا، گەورەکچان لە ماڵە باوان لە هەموو مافێک بەهرەمەند بوون. باوک و دایک بەبێ ڕەزامەندی کچان هیچ شتێکیان بەسەردا نەدەسەپا، نەیاندەتوانی بە زۆر فەرمانی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن. ئاریبیەکانی دیکە لەو ڕۆژگـــــارە دێرینەدا، بەپێی بەڵگەو ئەو نووسراوانە کە بەزۆری لەبەردەستدان لەبارەی ژنانیانەوە دەردەکەوێت کە هیچ مافێکیان نەبووە، ژن بەکاڵایەکی بازرگـانی دەژمـێردرا، تەنیـا هۆکـارێک بوون بۆ نەوە خستنەوەو مناڵبوون و کاری قورس و سەخت، لە یۆنان و ڕۆم و هیندی دێریندا ئەو ژنانە کە چەند جارێک کچیان دەبوو، بە بەدبەختـترین ئەندامی خێـزان دەژمـێـردران، چونکە هەمـوو باوکێک گەلێک حەزیان دەکرد کە ببنە خاوەنی چەند کوڕێک، کچان نە میراتیان بەردەکەوت نە مـافی حیـسـاب بۆکـردنیـان هەبوو، لە هەمـوو جـۆرە سەرۆکایەتییەکی خێزان بێ بەهرە بوون. نەوەک کوڕانیش لە کـاروباری بەرهەم هێنان و ئابووریدا لێـهـاتوویـیـان هەبوو. بەڵام لە هەمـان کـاتدا وەکو خستـمانە بەرچاو، ژنانی چاخی ئاوێستایی (یانی ئەو ژنانە کە لە سنووری ئایینی زەردەشتا دەژیان) لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتی وەکـو پیـاوان بەهرەمـەند بوون، لە جـەنـگ و شـادیدا لە کارەکانی دەرەوەی ماڵ و کارگەکاندا شان بەشانی پیاوان چالاکـیـان دەنواند، تەنانەت لەسەریان بوو لە کاروباری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئایینی ڕاستـیـشـدا هەنگاو بنێن. لەگەڵ ئەمەشدا پێوەندییەکانی خێزانی لەسەردەمی ئاوێسـتـادا شـایسـتـەی سەرنج لێدانە. هەمـوو چەشنە لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کـاروباری پەروەردەو فێـرکـردنا بەشێـوەیەکی فـراوان ئەنجـام دراون و زیاتر گـەشـەیان بە پەروەردە داوە، ئێـمـەش لێـرەدا زیاتر لەسـەری نـاڕۆین. (١٢).

بەڵام لەگـەڵ ئەمـەشـدا جێگەی داخـە کـە لە دوای ئەو سـەردەمـەی ئاوێسـتـا بەهۆی کـاریگەری ڕووداوەکـان و گـۆڕانکارییـەکانەوە، ئافـرەتان وردە وردە لەو پلەوپایەی بەرجەستەی خۆیان هاتنە خوارەوە. تەنانەت مافی ژنان و پلەوپـایە کــۆمــەڵایەتیــیــەکــانیـــان لەســەردەمی هەخامـەنشـییـەکـاندا لەبەرانبـەر سەردەمی ئاوێسـتـادا شــــایســــتــــەی بەراوردکـــردن نەبوو. لەســــەردەمی ساسانییەکانیشدا وەکو ئەوەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کـــرد، ئـافـــرەتان بە پەلـە کـــزی و لاوازی باری کۆمەڵایەتییان هاتە پێش. (وەندیاد و ماتیکان و هەزار داســتـــان و بەندی هیــشـن....) کــە بەرهەمی باڵی توندڕەوانی مـەزهەبی و دەمـارگـیـرە کـەچڕەوەکـانی ئەو ڕۆژگارەن، ئەوە نیشان دەدەن کە پلەوپایەی ژنان لەو ڕێزو شکۆمـەندیەدا تا چ ئەندازەیەک هاتووەتە خـوارەوە. هەر چەندە دەستەیەک تێکۆشان کە یاساکانی ئاوێستا زیندوو بکەنەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لەو پاشاگـەردانیـەدا دەنگیـان بەهیچ لایەک نەگەیشت، ئیـتر ئافرەت سەرداری مـاڵ و کـەیبـانوو نەبوو. ژن زۆری و کـەنیـزەک ڕاگـرتن گەشەی سەندو بڵاوبووەوە. کچان خاوەنی ئیرادەی خۆیان نەبوون، یاسـاکـانی تەڵاق (جیـابوونەوە) سـست و کـەم توانابوون لەدەســتی پیـاواندا بوون. دەرگـای کـزبوون و لاوازبوونی مافی ئافرەت کرانەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە باخچەی ئەدەبیاتی پەهلەویدا بەڵگەی سەردەمی کزی و لاوازبوون لەبەردەســتــدان و دووبارە چەند بەڵگـەیەک هەیە کــە نیــشـــاندەری چاکـــسـازی و هەوڵدانن بۆ نوێکردنەوەی یاسا ئاوێستـاییـەکان و گـەڕانەوەی مـافی زەوتکراوی ئافرەتان.

**پەراوێزەکان:**

**١- دین قدیم ایران. لە نووسینی نووسەری ئەم کتێبە.**
**٢- یەسنا هاتی ١٠، بەندی ١٦.**
**٣- یەسنا هاتی ٣٠، بەندی ٢.**
**٤- یەسنا هاتی ٦٨، بەندی ١٢.**
**٥- یەسنا هاتی ٣٥، بەندی ٦.**
**٦- یەسنا هاتی ٣٥، بەندی ١٠.**
**٧- یەسنا هاتی ٣٧، بەندی ٣.**
**٨- یەسنا هاتی ٣٩، بەندی ٢.**
**٩- فەروەردین یەشت، بەندی ١٥٤.**
**١٠- یەسنا هاتی ٤١، بەندی ٢.**
**١١- یەسنا هاتی ٥٨، بەندی ١٥و یەسنا هاتی ٦١ بەندی ٣.**
**١٢- بۆ زیاتر شــارەزابوون لەبارەی ژیانی خـێـزانی و مــافی ئافرەتان و پەروەردە و فێرکردن، تەماشای کتێبی (عصر اوستاو تمدن فـرهنگ ایرانیـان خـاوری) بکە لە نووسـینی نووسـەری ئەم کتێبە.**


**سەرچاوە:**

**زرتشت پیـامـبـر ایران باسـتـان، هاشم رەضی، چاپ پنجم، ١٣٨٣- تهران.**

# یادەوەری لە کوێدایە؟

لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا یادەوەری هەیە. هەندێکیان شیرین و هەندێکی تریشیان تاڵن، لە ژیانی هەموو کەسێکیشدا ساتی تایبەت بەبیرکردنەوە لە خودو بەیادهێنانەوەی یادگارییەکان هەیە، شیرینەکان شادی و خۆشی پێدەبەخشێ، تاڵەکانیش عیبرەت.

ئایە یادەوەری لەکوێدا کەڵەکە دەبێت؟ ئەو هەمووە هێماو شوێن پەنجەی ڕابردوو لە کوێدا هەڵدەگیرێت؟ ئەی چۆن ئەو کۆگا تایبەت بەیادەوەرییە دەتوانێت بە تەواوی تۆماری هەموو سات و دیمەنە جیاجیاکان بگرێتە خۆی؟ پرسیاری لەم جۆرە گەلێک لەمێژە مرۆڤی سەرقاڵ کردووە، بەڵام داخۆ تا ئێستا وەڵامی تەواو و دروست بەرجەستە بووە؟ ئەی دەبێت زانستی نوێ چی لە گریمانە کۆنەکان زیاد کردبێت؟ هەموو ئەمانە لەم نووسراوەی خوارەوە بەدیار دەکەون:

کۆنترین بیردۆزی مەعریفی بۆ ڕاڤە کردنی یاد، ئەو بیردۆزەیە کە بەشوێنەوار (Trace Theory) ناسراوە و فەیلەسووفی گەورە (ئەرستۆتالیس) دایڕشتووە وتێیدا داکۆکی لەوە دەکا کە مێشک کۆگای یادەوەرییە و ڕووداو و تاقیکردنەوەکان و ساتەکانی ڕۆژانە شێوە زگزاکیەک (اخادید) لە مێشکدا دروست دەکەن و لەوێشدا بە پارێزراوی دەمێننەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گریمانە ئەرستۆ دەستی کرد بە ئامادەکردنی پارچەیەکی مێشکی مرۆڤ لە مۆم و بەهێواشی ئامێرێکی بەسەردا هێنا بۆ ئەوەی شێوە پێچاوپێچەکەی لەسە دەربچێ و بەئاسانی بیرۆکەکەی بە ئامادەبووان بگەیەنێ.

**د. عەبدولڕەحمان عەبدوللەتیف ئەلنمر**
**لە عەرەبییەوە: ئاکۆ عەبدوڵلا**

جا بۆ ئەوەی کارەکەی ئەو بە نموونەیەکی نوێ بچوێنین، دەکرێت بۆڕی ئامێری (گرامافۆن) بێنینە بەرچاو، کە بەکرەکانی بەشێوەیەکی بازنەیی دەنگی لێ تۆمارکراوە و هەر کاتێکیش کە نووکی دەرزی ئامێرەکە بەر پێچە وردەکانی بکەوێت ئەوە دەتوانرێت جارێکی تر ئەوەی لەسەریدا تۆمارکراوە بگوترێتەوەو گوێبیستی بین. ئەم بۆچوونە تا ئێستاش دیارترین و گەورەترین تیۆرە بۆ ڕاڤەکردنی یاد، بەڵام ئایا زگزاگەکانی مێشک چۆن دروست دەبن، ئەی بەچ شێوەیەک یادەوەری لەم زگزاگانە هەڵدەگیرێت؟ لە کوێی مێشکیشدا ئەم زگزاگانە پەیدا دەبن؟ بەداخەوە ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن، جا تیۆرێک کە زۆر لایەنی ئاوا گرینگی لێڵ و نادیار بێت، ئەی بۆچی لەدوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە درێژەش هەر قبووڵ بکرێت؟

ڕەنگە هۆی سەرەکی بۆ ئەو ڕاستییە بگەڕێتەوە کە لەو کاتەی مێشک بەر ئازارێک دەکەوێت، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی «لەبیرچوونەوە»، کەواتە دەبێت ئەم شوێنە مەکۆی یادبێت، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەم بەڵگەیەش بۆ ئەوەمان کێش دەکا کە ئەگەر هاتو ئەو بەرکەوتنەی کە مێشک تێکدەدا و زگزاگەکانی ناوی لەو یادەوەرییانەی کە پێشتر تێیدا تۆمارکرابوو بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر تووشبونی مێشک بەر زگزاگەکانی یادەوەری نەکەوێ ئەوە دەتوانێت پارێزگاری لە یادەکانی خۆی بکاو بەبیریان بێتەوە، بەمەش دەتوانین بڵێین هەموو بەرکەوتنێکی مێشک نابێتە هۆی هاتنەکایەوەی لەبیرچوونەوە. بەڵگەیەکی تریش کە گوتەکەی «ئەرستۆ» بەهێز دەکا ئەوەیە کە لە چالاکی مێشکی کارەبایی لەلای تووش بووان بە «فێ» epilepsy دەرکەوتووە کاتێک کە تەزووی کارەبا بەسەرچاوەیەکی لاوازدا بگەیەنرێتە سەری کەسێکی تووش بوو دەکرێت بەهۆیەوە، هەندێک ڕووداو و یادگاری ژیانی ڕابردووی پێ بە بیربێتەوە. بەم دەرەنجامەش ئەو ئەگەرە هێزدار دەبێت کە دەڵێت: یادەوەری لە زگزاگەکانی مێشکدا خڕدەبێتەوە، چونکە دەتوانرێت هەموو ئەوانە بەبیربهێنرێتەوە بەهۆی تەزووی کارەباوە کە ئاگاداری هەندێک شوێنی مێشک دەکا.

بەهەر حاڵ ئەم تیۆرەی ئەرستۆ بۆ بابەتێکی ئاوا گرینگ تەنیا بەس نییە، بۆیە دواتر چەندی تر هاتەکایەوە، کە هەموویان لە تەوەرێکدا هاوبەشن ئەویش «مێشکە».

لەسەدەی هەڤدەیەمدا «ڕێنیە دیکارت»ی فەیلەسووف بیردۆزێکی بەناوی «تیۆری ئاوی hydraulic Theory» بۆ ڕاڤەکردنی یاد خستە ڕوو، کە دواتر بە «تیۆری شلەی جووڵاو» ناسراو سەرەتا ڕەزامەندی زۆری بەدەست هێنا، بۆیەش ئاوی بەتەوەرەی سەرەکی داناوە، چونکە ئاو، زۆرترین بەشی جەستەی زیندووە (٥٥٪ - ٦٠٪ی کۆی گشتی جەستەی زیندووی پێکەیشتوو ئاوە)، لەلایەکی تریشەوە شلەمەنیەکان لە لەشدا لە جووڵەی بەردەوامدان.

پوختەی تیۆرەکەی دیکارت ئەوەیە کە کاریگەر بوونی مرۆڤ بە هەڵوێستێک یان ئەزموونێک یاخود ساتە دیارەکان، دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکیەکانی جووڵەی شلەمەنیەکانی نێو شانەکانی مێشک کە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەناو کونی وردی دیواری شانەکاندا گوزەربکەن. جووڵەی شلەمەنیەکانیش جگە لە هەوڵدانی شانەکانی مێشک بۆ تۆمارکردنی ئەوساتە یان تاقیکردنەوەیەی لە ئەنجامی چالاکییە ڕەسەنەکە دێتە کایەوە زیاتر نییە، لەوانەشە تێپەڕینی شلەمەنیەکان بەنێو شانەکانی مێشک بەهەمان ئاراستەی شلەمەنیەکانی کرداری تۆمارکردندا بێت و هەر ئەویش بەرپرسیاری گەڕانەوەی هەمان یاد بێت.

ئەم تیۆرەش نەیتوانی بەرگەی بەردەوامی بگرێت، چونکە وەک زانراوە شلەمەنی بە ئاویشەوە ناوەندە نەرمن و لە پێکهاتەی کیمیایی جێگیردان، تەنانەت لەکاتی چوونە ناوەوەی شانەکانیش، بە گوتەیەکی تر ئاو هەر ئاوە پێکهاتە کیمیاییەکەی نەگۆڕە، هەتا ئەگەر بەشانەی مێشکیشدا تێپەڕێت، بەڵام دیکارت لەو بڕوایەدابوو کە تۆمارکردنی یاد گۆڕانکارییەک لە سروشتی کیمیایی هاوکاری دەکا کە دەبێتە هۆی هاتنەکایەی کردەی تۆمار. سەرسوڕمانی ئەم تیۆرە لەوەدایە کەوا ڕێگای خۆش کرد لەبەردەم هاتنەکایەی چەندان بۆچوونی تر تا هەمان مەبەست ڕاڤە بکەن. لەوانە تیۆری گۆڕانی تێکەڵکێشانی دەماری (Synaptic Modification) کە لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو هاتەکایەوە. جا تێکەڵکێشانی دەماری ئەو کۆتاییانەن کە لە بەرامبەریاندا باڵەکانی شانە دەماریەکان هەن. پەیڕەوکەرانی سەر بەم تیۆرە دەڵێن: کاریگەرییەکانی

ژیانی ڕۆژانە ڕێگای هاتنەکایەی گۆڕان لە جۆری تێکەڵکێشانی دەماری خۆش دەکەن، مانەوەی ئەو گۆڕانەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توانای گێڕانەوەی تۆماری ڕۆژانە. جا ئەوەی کەوای کرد ئەم تیۆرە پەسند بکرێت ئەوەیە کەوا مێشکی مرۆڤ نزیکەی هەزار ملیۆن شانە دەماری تێدایە، بێگومان ئەمەش مانای ئەوەیە کە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە تێکەڵکێشی دەماری دەتوانێت سەر لە تۆماری ڕووداوەکانی ژیانی هەموو مرۆڤێک دەربکا، بەتایبەتی ئەو تێکەڵکێشە دەمارییانەی کە لەیەک کاتدا لەنێوان زیاتر لە دوو شانەدان.

هەر لە هەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای ئەوەی «ترشی ناووکی» دۆزرایەوە کە کورتکراوەکەی (DNA)یەو لە ناخیدا نهێنی بۆ ماوەیی لە هەموو شانە زیندووەکان هەڵگرتووە، بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆرێکی نوێی تری تایبەت بە باسەکەی ئێمە کە تا ئاستێکی دیار لەسەر بڕوایەک پێدادەگرێت. ئەویش: لە چەقی هەموو شانە زیندووەکان شان بەشانی ترشی ناووەکی (DAN) ترشی ناووکی تر هەیە کە کورتکراوەکەی (RNA)یە، جا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەم ترشە ناووکیانە دەرکەوت کە ترشی ناووکی (DNA) بەپێی ئەو نهێنییە بۆ ماوەیەی کە هەڵیگرتوە.

سەنتەری ڕێنمایی و دەرکردنی بڕیارە، بەڵام ترشە ناووکییەکەی تر (RNA) هەڵدەستێ بە ڕۆڵی ناردنی فەرمانەکانی.

ترشی نێردراو بۆ هەموو بەشەکانی تری شانە زیندووەکان، تا چالاکییە جۆراوجۆرەکانی بەو فەرمانەی پێی دەسپێردرێت بەجێ بگەیەنێت. بەهۆی ئەم لێکدانەوەیە تیۆری ترشی ناووکی Rucleicacid هاتە کایەوە کە پێدا دەگرێت لەوەی ترشی (RNA) لە مێشکدا لێپرساوی تۆمارکردی یادە، کرداری تۆمارکردنیش بەهۆی گۆڕانکارییە کیمیایەکانی پێکهاتەی ترشی دێتە ئارا، ئەو گۆڕانکارییە کیمیایانەش بەردەوامن، بۆیە یادەوەری لە شانەکانی مێشکدا کەڵەکە دەبێت. پێدەچێت ئەم تیۆرە لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بێت، بەڵام لە لێکۆڵینەوە کیمیاییەکانی مێشکدا هیچ بەشێک لە ترشی ناوکی (RNA) نەدۆزراوەتەوە، کە سروشتێکی کیمیاو جیای لەوەی زانراوە لە بەشەکانی تری شانەکانی لەشدا هەبێت. کەواتە نەبوونی بەڵگە هۆکاری دارمانی هەموو بۆچوونێکە.

دیارنەبوونی تیۆرێکی ڕازیکەر بۆ ڕاڤەکردنی یاد پێدەچێت بۆ لاوازی هەموو ئەو بۆچوونانە بگەڕێتەوە کە تا ئێرە خستمانە ڕوو، بەڵام توێژەران لە هەوڵی بە دەستهێنانی وەڵامی ئەم نهێنییە نەوەستاون، هەر چەندە دواتر کێشەکەیان ئاڵۆزتر کرد، چونکە لە شوێن ئەوەی پەی بە نهێنییەکە بەرن، هاتن هەموو ئەو گریمانانەی پێش خۆیان پووچەڵ کردەوە، جگە لەوەی پێچەوانەی ئەوانیشیان ڕاگەیاند. جا بەسەرکردنەوەی هەندێک لە چالاکی ئەوان بۆ باسەکەی ئێمە کارێکی بێ سوود نییە.

گەر ئامێری «TV» بە مێشکی مرۆڤ بچوێنین، ئەوسا دەتوانین بڵێین (خولی کارەبایی و گەیاندنی هەوایی دوو هۆکاری کاریگەرن لە پێکهاتەو بەکارهێنانی ئامێرەکە و دەکرێت بەهۆیانەوە چی لە کەناڵە جۆراوجۆرەکان و ئێزگەکاندا پەخش دەکرێن بیگوازێتەوە، بەڵام ئەگەر هەندێک لە وایەرەکانی «TV»یە کە ببڕین، بەجۆرێک کە نەتوانێ بکەوێتە گەڕو کەناڵ بێنێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا کەموکورتی کارەبا کە بۆتە هۆکاری وەرنەگرتنی پرۆگرام، پەیڕەوکەرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن دەکرێت هەمان نموونە لەسەر مێشکی مرۆڤ پراکتیک بکەین، بەواتای تێکچوونی بەشێک لە مێشک بەهۆی ڕووداوێک یان هەر شتێکی ترەوە، کە دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی لەبیرچوونەوە، مانای ئەوە نییە کە لە ناخدا یادەکان کۆببێتەوە، بەواتایەکی تر یاد لە مێشکدا نییە، بەڵکو مێشک تەنیا ئامێرێکە بۆ گێڕانەوەی یاد-هەروەک چۆن (TV) تەنیاکاری وەرگرتنی نێردراوەکانە بەهەموو دووری و نزیکییان. هەروەها لە لایەکی ترەوە بە مەبەستی زانین کاریگەری تێکچوونی مێشک لەسەر یاد، توێژینەوە لەسەر مێشکی سەگ کراوە، لە ئەنجامدا لێکۆڵەری ئەمەریکی K.S. Lashley گەیشتە ئەو بڕوایەی کەوا مێشک دابەش بکا بۆ چەند بەشێک، تا بزانێت لەکامبەشدا یادەکان هەڵدەگیرێن، بەڵام نەگەیشتە ئەو ڕاستییەی کەوا پەی بەهیچ شتێک بەرێت بۆ کەڵەکە بوونی یادەکان تێیدا، هەرچەندە توانی ئەوەش بسەلمێنێ کەوا قەبارەی یادی ونبوو بەگشتی یەکسانە لەگەڵ ئەو

بەشە کارتێکراوەی مێشکدا، یاخود بەشێوەیەکی تر تا قەبارەی پارچەیەکی مێشکی بەرکەوتوو گەورەتر بێت، بڕی لەبیرچوونەوەش زیاتر دەبێت. دواتر توێژەر هەمان ئەنجامیشی لە تاقیکردنەوەی سەر مێشکی مشک بەدەست هێنا.

بەڵام ئەوانەی پێچەوانەی ئەم دەرەنجامانە وەستاون جارێکی تر توێژینەوەکانی مێشکی کارەبایی کەسانی تووشبوو بە «فێ» بە نموونە دەهێننەوە، کەوا مێشکیان بە TV دادەنێن، کە کاریگەری خولی کارەبایی بەهۆی زیادکردنی تەزووەکەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شێوەی نامۆ لەسەر شاشەی ئامێرەکە. بۆ ئەوەی جارێکی تریش هەمان شێوەی نامۆمان دەستکەوێتەوە سەیر دەکەین لە ئامێرەکەدا بوونی نییە، کەواتە بە ئاگاهێنانەوەو گێڕانەوەی یادگاری بەهۆی تەزووی کارەبایی هێواش لەسەر مێشک، بەڵگەیەکی چەسپاو نییە لەسەر بوونی یادەکانی لە مێشکدا.

دوا گریمان کە پێشتر دەرکی پێ نەبرابوو، ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت یاد لە مێشکدا نییە و (ڕۆبەرت شیلدریک)ی ئەمەریکی بەناوی تیۆری بواری پێکهاتنی (Theor of Morphogenic Field) بانگەشەی بۆ کرد، ناوەڕۆکی تیۆریەکە داکۆکی لەوە دەکا کە گەشەسەندن و پێشکەوتنی بونەوەرە زیندووەکان ناکەونە بەر کاریگەرییە ناوخۆییەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەرەکییەکان زاڵن بەسەریان، کە ئەوانیش بە هەموو نەژادێکی زیندووی وەک مرۆڤ و ماسی و گیانلەبەرە خشۆکەکان تایبەتن...

کاریگەرییە دەرەکیەکان بە بڕوای ڕابەرانی ئەم تیۆرە، لەشێوەی بواری پلەداری سروشتیدا هەن، کارتێکردنیش لەم بوارانە بۆ ماوەیەن و هەر لە بوونەوە ڕوودەدەن، جا ئەمەیە لێپرسراوی گەشەکردن و پێشکەوتنی تاکەکانی هەر نەژادێک، بۆ ئەوەی لەم بۆچوونە بگەین، نموونەیەکی هاوشێوەی ئاسان دەهێنینەوە.

ئێزگەکان بەرنامەکانی خۆیان لەسەر شەپۆلی جیاجیا پەخش دەکەن، شەپۆلەکانیش لەنێوانیاندا بەش بەش کراون و هەر ئێزگەیەک دەتوانێت پرۆگرامەکانی خۆی لەسەر درێژی شەپۆلێکدا پەخش بکا. ئەوسا ئامێرە تایبەتیەکەش «رادیۆ» دەتوانێت هەرهەموو دەنگەکان لە شوێنی تایبەت بەخۆیان بگەڕێنێتەوە، کەواتە هەموو مرۆڤێک بە ڕوانینی ئەم گرووپە ئامێرێکی وەرگرتنی بۆ ماوەیی هەیە و دەتوانێت خۆی بگونجێنی وردە وردە لەگەڵ بواری پێگەیاندنی دیاریکراو پێبگا، هەروەک چۆن بێژەری ئێزگەیەک دەنگی دەگاتە نێو ئامێرە تایبەتیەکان.

ئەگەر ئەم تیۆرە سەدساڵ پێش خۆی خراپا ڕوو بۆی هەبوو برەو پەیدا بکا، بەڵام لەبەر ئەوەی زانستی نوێ سەلماندی کەوا جینەکان Genes هۆکاری گەشەو پێشکەوتنن، یاخود هەڵگری خاسیەتی بۆماوەیین کە لەناو هەموو شانە زیندووەکاندا هەیە، بۆیە ئەم تیۆرە هەر لەسەرەتاوە لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوە زانستییەکاندا دوچاری شاڵاوی زۆر بۆوە و دواتریش لە ڕەگەوە هەڵتەکێنرا.

لەپای هەموو ئەو بۆچوونانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا ڕازی یاد بەو ئاسانیە نییە هەروەک مرۆڤ بۆی دەڕوانێت، چی بۆ چوون و پێوەری زانستیشە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتنە ئارا، نەبوون بە بەڵگەیەکی ماددی بەرجەستە کراوی وەها کە بسەلمێنن سەنتەری کۆبونەوەی یاد مێشک، گەواهیەکی وەهاش نین کە شوێنی یاد لە مێشک دیاری بکا.

کەواتە ئەی یاد لە کوێدایە؟ پرسیارێکە هەر لەسەردەمی پێش ئەرستۆوە تا ئەمڕۆ مرۆڤی سەرقاڵ کردووەو وەڵامێکی تەواوی نییە.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری العربي، ژمارە ٥١٤، ئەیلولی ٢٠٠١، بە کورتکردنەوەوە.**

# ئەدەب و سایکۆلۆژی

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

مەبەست لە سایکۆلۆژی لە ئەدەب یان پێوەندی نێوان ئەم دووانە، بریتییە لە پیشاندانی سێ پێوەندی تری گرینگ کە ئەمانەن:

١- لێکۆڵینەوە لە سایکۆلۆژی نووسەر وەک نموونەیەک بۆ مرۆڤی ئەدیب یان نووسەر، هەروەها وەک تاکە کەسێکیش.

٢- لێکۆڵینەوە لە کردەی داهێنانی ئەدەبی - هونەری.

٣- لێکۆڵینەوە لە یاسا و هەڵکەوتی تایبەتی دەروونی کە لە ناو ئەدەب و هونەر دووچاریان دەبین، ئینجا ئەو ئەنجام و ئینتیباعانەی لە لای خوێنەر دروستی دەکەن. ئەم خاڵەی دوایی دەشێ تەواوی ئەم پێوەندییانەی تێدا ڕەنگ بداتەوە لە چاو خاڵی یەکەم و دووەم.

لە پێوەندی بە بابەتێکی لەم جۆرەی سەرەوە، ڕەخنەگران زۆر جار باسی (بلیمەتی)یان کردووە وەک دوو بابەت کە پێوەندییان بە سروشتی مرۆڤەوە هەبووە، گریکە کۆنەکان مەسەلەی بلیمەتییان دەبەستەوە بە جۆرێک لە شێتی (شێتی بە مانا دەروونی و Psych-se و بە مانای نەخۆشی Nevros) لە لای ئەوان، واتە لە لای گریکە کۆنەکان، شاعیران مرۆڤی (تملکی - مەراقدار - Possede) بوونە و لە یەک کاتدا لە خەڵکی ئاسایی جیاواز بوونە و لە خوارەوەی ئەمانەش بوونە، گوایە ئەو نائاگاییەی شاعیر دەری دەبڕێ لە یەک کاتدا لە سەرەوە و خوارەوەی عەقڵ بووە: (infra -) supra - rationnel). ڕوانینێکی تر هەیە بەهرەی شاعیر، یان هەر ئەدیب و هونەرمەندێک دەگەڕێنێتەوە بۆ

مەسەلەی (جێگرتنەوە یان پڕ کردنەوەی دەروونی – Compensation) نموونەی لەم جۆرە بە درێژایی مێژوویی ئەدەبی جیهانی هەبووە، گوایە لە ئەنجامی نوقسانییەک، ئەم بەهرەیە لە لای مرۆڤ سەرهەڵدەدا، وەک کردەیەکی دەروونی و بەخششێکی تایبەتی. هەڵبەت نموونەی دیکەش زۆرە، وەک گوایە بایرۆن پێیەکی خوار بووە، پروست نەخۆشی دەروونی هەبووە، کیتس کورتە باڵا بووە، تۆماس ولف زۆر کەتە و درێژ بووە، تەها حوسێن نابینا بوو... تاد. بێ گومان ئەم دیاریدەیە وەک پێوەرێک هەردەم ڕاست و دروست نییە، هەڵبەت لێکدانەوەی تر هەڵدەگرێ، ئەمەش دەکرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی تایبەت.

کێشەی ئەم ڕوانینە وەک تیۆرێک بۆ سادەییەکەی دەگەڕێتەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەدیب و هونەرمەندان بە گشتی بە جیاواز لە زانایان، ژیانی خۆیان دەکەنە سەرچاوەی نووسین و بەرهەم هێنانیان. لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی کە هێشتا پێوەندی بەم کێشەوە هەبێ، ئەمەیە: ئەگەر نووسەر یان شاعیر کێشەی دەروونی هەبێ و لە ئەنجامی ئەم کێشەوە وەک پڕ کردنەوەی دەروونی ئەو هەڵکەوتەی هەبێ، ئایا بەرهەمەکانی بابەتی تایبەتی پێشکەش دەکەن یان هاندەرن؟ ئەگەر تەنیا هاندەرێک پێشکەش بکەن لەم حاڵەتەدا زۆر زەحمەتە ئەو نووسەرە لە هەموو ئەو کەسانەی بیر دەکەنەوە و تێ دەفکرن جیا بکرێتەوە... تاد و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە.

ڕوانینی فرۆیدیش لەم بارەیەوە بە تەواوی دیار نییە، هەڵبەت لە چاو هەندێ لە هاوڕێیانی خۆی وەک کارل گوستاف یۆنگ و ڕانک. فرۆید زانایەکی گەورە و مەزنی نەمساوی بوو، شەوقێکی مەزنی بۆ ئەدەبی ئەڵمانی هەبوو. بێجگە لەمەش لە ناو ئەدەب و هونەر پەنجەی لەسەر هەندێ لە مەزندە و دیاردەی تایبەتی دانا کە ڕوانینی ئەو پیشان دەدەن، بەتایبەتی لە ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف» و بەرهەمەکانی گۆتەدا.

فرۆید، دانەر (شاعیر و نووسەر و هونەرمەند) وەک نەخۆشێکی بە ئاگا دادەنێ و کارە هونەرییەکانیان مۆتیڤی بەردەوامییان پێدەدا. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە شاعیر و هونەرمەند «... مرۆڤێکن پڕن لە هاندەر و تەندانسی زۆر بەهێز، دەیانەوێ شەرافەتمەندی و هێز و دەستەڵات و سامان و شکۆمەندی و خۆشەویستی ژنان بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوان (هونەرمەندان و شاعیر و نووسەران) هیچ هۆکارێکیان لەبەر دەستدا نییە ئەمانەی پێ بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوە وەک هەموو کەسێکی برسی یان تێنوو (بە مانا گشتییەکەی) ڕوو لە واقیع وەردەگێڕن و هەموو بەرژەوەندی و لبیدۆی خۆشییان بۆ داهێنان و ژیان و ئەندێشە تەرخان دەکەن، ئەمەش بە ئاسانی بەرەو جیهانی نەخۆشی دەمارگیرییان دەبا. بەم جۆرە هونەرمەند و شاعیران ڕێگای واقیع تەی دەکەن و دەیدۆزنەوە. ئەوان دەستەڵاتێکی ئەفسووناوییان هەیە لە گۆڕینی کەرستەی بەردەستیان کە بەشێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە بتوانێ نوێنەرایەتی ئەو ئەندێشەیە بکا کە لە نائاگایی ئەواندا هەیە.

لە لایەکی دیکەوە وەک گومان خستنە سەر ئەم ڕوانینانەی فرۆید، زۆر لە زانایان و ڕەخنەگران، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لەگەڵ ئەوە بوون کە دەبێ سەرلەنوێ تیۆری فرۆید لەبارەی دەمارگیری دەروونی لە پێوەندی بەداهێنانی ئەدەبی و هونەری لە ڕوانگەی مارکسیزم و ئەنترۆپۆلۆژی بخوێندرێتەوە.

بە گوێرەی تیۆری فرۆید کە هونەر و ئەدەب بە جۆرێک لە دەمارگیری دەروونی دادەنێ، ئەمەش کێشەیەکی تایبەت بە ئەندێشە دروست دەکا، بەم پێیە شاعیر یان ڕۆماننووس، وەک منداڵێک دێتە بەرچاو کە یاری بە شتەکانی بکا، بەو مانایەی، جیهانێک دروست دەکا کە سەر بە ئەزموونی تایبەتی خۆیەتی تا ئەو ڕادەیەی ئەم دروستکردنە وەک وەڵامێک دەکەوێتەوە بۆ حەز و ئارەزووەکانی، یانیش تا ئەو دەمەی دەگاتە ئەو ئاستەی وێنەیەکی تایبەت بۆ خۆی و لەسەر خۆی دروست دەبێ، بە جۆرێکی دیکە شاعیر و ڕۆماننووس بە کەسێک دەچێ کە ئازاری وڕێنە و خۆ خواردنەوەی هەبێ و جیهانی واقیعی و خەیاڵی تێکەڵی یەکتر بکا.

لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ کردنەی واقیع و جیهانی نا واقیعی، زۆر لە ڕۆماننووسەکان گەیشتوونەتە ئەو حاڵەتەی بڵێن پاڵەوانی ڕۆمان و چیرۆکەکانی خۆمان بینیوە، لەمانە وەک دیکنز کە زۆر جار دەیگوت من پاڵەوانەکانی خۆم بینیوە و هەندێ جاریش بەرەو ڕاستە ڕێگای ڕووداوەکان منیان ئاراستە کردووە.

تۆماس ستێرنز ئیلیەت کە لە زوویێکەوە گرینگی بەم لایەنە داوە، بەتایبەتی لە بارەی پێوەندی شاعیر و جێگای ئەو، ڕوانینی هەیە، ئەو دەڵێ شاعیر لە یەک کاتدا زۆر دواکەوتووە و زۆریش شارستانە، ئەمەش وەک کارێکتەرێکی دەروونی لە لای ئەوانی دیکە نییە. دەربارەی پێوەندی قوتابخانەی سومبۆلی و هەستی دەروونی سەرەتایی کە لەلایەن Cailleit و Bede کاری لەسەر کراوە و ئیلیەت وەک سەرچاوەیەک بە کاری دەهێنێ بۆ پشت ئەستوورکردنی ڕوانینەکانی خۆی، دەڵێ: هەستی پێش لۆژیکی (Prelogique) واتە ئەو هەستەی هێشتا نەگەیشتووە بە ئاستی لۆژیک و ئەقڵ، ئەم حاڵەتە لە لای مرۆڤی شارستانی هەستی پێدەکرێ و هەیە، بەڵام لە لای شاعیرەکان زۆرترە.

یەکێ لە تیۆر و خوێندنەوە پڕ بایەخەکان، کە لەم ڕووەوە کاریگەری و گرینگییەکی زۆری هەبووە لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەدەب و هونەر و داهێنان لەم بارەیەوە، ڕوانین و خوێندنەوەی کارل گوستاف یۆنگە. یۆنگ لە بواری شیکردنەوەی دەروونی هاوڕێ و هاوکاری فرۆید بووە. ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە کاریان کردووە و پاشان لە بواری پراکتیک و خوێندنەوەی دەروونی و شیکردنەوەی دەروونی لێک دوورکەوتوونەتەوە.

یۆنگ لەگەڵ ئەوەدایە ئاگایی و نائاگایی مرۆڤ کە پەیوەستە بە گشت سەردەمەکانی ڕابردووی مرۆڤ: سەردەمی ساوایی و منداڵی و هەرزەکاری، هەر هەمووی بە نائاگایی گەلەکی یان دەستەجەمعی Inconsient Collectif دەورە دراوە، بریتییە لەو نائاگاییەی کە ڕابردووی تاک و کۆمەڵانی خەڵک دەگرێتەوە، لە ڕووی ڕەگەز و نەژاد و بنچینەوە بگرە تا دەگاتە کولتووری هاوبەش و سەردەمی پێش مرۆڤایەتی. ناوەڕۆکی ئەم نائاگاییە گەلەکییە لە ڕێگای ویراسەوە (بۆماوەیی) سەمبۆل و پێکهاتووەکانی لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. نائاگایی هەر تاکێک لە هەر کۆمەڵێک دەیگری، نموونەیەکی بچووکی نائاگایی و ڕابردووی ئەو کۆمەڵەیە. بۆ ئەوەی ڕوانینەکانی یۆنگ زۆر بە سادەیی نەکەوێتەوە، دەبێ بڵێین تیۆری یۆنگ بریتییە لە جۆرێک لە شیکردنەوەی دەروونی زۆر خەست. لە لای ئەو چوار کۆڵەگە هەیە کە جۆری شیکردنەوەی دەروونی خۆی لەسەر دامەزراندووە، ئەمانەش بریتین لە: عاتیفە Sentiment، مەزەندە Intuition، هەستیاری یان هەستکردن Sensation، بیر و بیرکردنەوە pensee. ئەمانەش هەریەکەیان لە لای خۆیانەوە بۆ دوو حاڵەت دابەش دەبن کە پێیان دەگوترێ: کراوە یان واڵا Ex-troverti، داخراو Introverti. دەشێ ئەم کرانەوە و داخراوەیە بە مرۆڤی بێ شەرم و شەرمن بچووێنین، بەڵام ئەمە تارادەیەک سادەکردنەوەی ڕووانینەکانی ئەوە. بۆ نموونە هەموو نووسەر و هونەرمەندێک ناکەونە ناو خانەی (مەزەندەیی و کراوە یان داخراو) یان ناو خانەی (بیر و بیرکردنەوەی کراوەیی) ئیتر بەم جۆرە دەکرێ بە پێی خشتەیەک جۆر و هەڵکەوتی شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و هزرڤان دیاری بکەین.

لە لایەکی دیکەوە، یۆنگ پەنجەنومای ئەو حاڵەتەش دەکا کە هەندێ شاعیر و نووسەر و هونەرمەند کەسایەتی خۆیان دەخەنە ناو بەرهەم و داهێنانەکانیان، هەندێکی دیکە (ئەنتی یان دژە کەسایەتی) خۆیان دەکەنە سەرچاوەی داهێنانەکانیان.

کەواتە کەسایەتی و جۆری دەروونی داهێنەران هەمووی بە یەکتری ناچێ و لەم ڕووەوە هیچ پێکچوونێکی جەوهەری نییە، ئەگەر لە لای کۆلریج و شیللی و بۆدلێر و ئالان پۆ ڕوخسارێکی ڕۆمانتیکی وەک جەوهەری کەسایەتی زاڵ بێ، لەم حاڵەتەدا دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە شاعیران و نووسەران هەن بە پێچەوانەن وەک: ڕاسین، میلتن، گۆتە، ژان ئۆستن... تاد.

دەشێ بە جۆرێکی دیکە لە ڕێگای جۆری ئەدەبی خۆی کەسایەتی و دەروونی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دیاری بکەین: وەک شاعیرانی لیریک و ڕۆمانتیک لە لایەک کە زۆر شت کۆیان دەکاتەوە، شاعیرانی ئێپیک و دراماتیک لە لایەکی دیکە کە لەمەی سەرەوە جیاوازن. لەم بارەیەوە نووسەری ئەڵمانی کرێشمەر، شاعیران و ڕۆماننووسەکان لێک جیا دەکاتەوە، کە لە ناو ئەمانەی یەکەم هەیانە بە لای شیزۆفرێنیدا دەشکێتەوە، هەیە کارێکتەرێکی هەیە زوو زوو هەڵدەچێ و زیاتر لە مرۆڤی تەمەلوکی و مەراقدارەوە نزیکە، ئەمانەش زۆر خاسییەت لە خۆیان دەگرن پێش هەموو شتێک وەک پەیامبەرێک تەماشای خۆیان دەکەن، کە تەواو پێچەوانەی ئەو جۆرە نووسەر و شاعیرانەن کە

وەک کرێکار گەشەیان کردووە و فێربوونە و خاوەن بەهرەن و هەست بە بەرپرسیاری دەکەن. ئەمانەش بە شێوەیەکی لا بەلا تەمەلوک و مەراقدارن. ئەم جۆرە شاعیر و نووسەرانە لەناو هەموو ئەدەبیاتێکدا دەدۆزرێنەوە.

ئەم دووانەش (تەمەلوک و مەراقدار) و (کرێکار) یان کارگەر، وەک دوو خاسییەت یەک شوێن بۆ ئەوەی دیکە چۆڵ ناکا، دەشێ لە یەک کاتدا لە ناو شاعیر و نووسەردا هەبێ، وەک لە جۆری نووسەرانی وەک: میلتن، جیمس، ئیلیەت، شکسپیر، دەستەیەڤسکی، ئالان پۆ... تاد. ئەمانە بە بەهرە و ئاگاییەکی وردەوە درێژەیان بە داهێنانی خۆیان داوە.

یەکێ لەو ڕوانین و لێکدانەوە نوێیانەی کە لەم بارەیەوە هەیە، ڕوانین و خوێندنەوەی نیتشەیە کە لە کتێبی (لەدایک بوونی تراژیدی) باسی دەکا کە لە ساڵی ١٨٧٢ بڵاوبۆتەوە. نیتشە باس لە دوو سەبەبی دژ بەیەک دەکا کە بەرامبەر یەکن و لێک جیاوازن. ئەمەش خۆی لە ئەپۆلۆن و دیۆنیزیۆس دا دەبینێتەوە، کە بریتین لە دوو خوداوەندی هونەری گریکی کۆن. ئەم دووانەش لە رووی جۆر و فۆرمەوە لێک جیاوازن، یەکەمیان پێوەندی بە هونەری پەیکەرسازییەوە هەیە و دووەمیان هونەری مۆزیک. بە پێی ڕوانینی نیتشە ئەمەش دوو حاڵەتی دەروونی لێک جیا پیشان دەدا، وەک حاڵەتی دەروونی خەون یان ئەوەی لە خەوندا هەیە و وەک ئەوە، لەگەڵ حاڵەتی سەرخۆشی و مەستی خەست کە ببێتە سەرچاوەی چێژێکی لەبن نەهاتوو.

سەرەنجام بە پێی لێکدانەوەکان و پراکتیک کردن، تەواوی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان لە ڕووی دەروونییەوە، لە نێوان ئەم حاڵەتەدا دەگیرسێنەوە و هەریەکەی بەلایەکدا دەکەوێتەوە. ئەمەش تاڕادەیەک بەو ڕوانین و دابەشکردنەی سەرەوەی کرێشمەر دەچێ کە جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەت دەکا کە بە (تەمەلوکی - Possede) و (کرێکاران یان کارگەر) ناسراوە.

پێ دەچێ دەروونشیکاری فەرەنسی ڕیبۆ - Ribot، ڕوانینەکانی خۆی بۆ دیاری کردنی جۆری دەروونی شاعیران و نووسەران لە نیتشە وەرگرتبێ ئەگەرچی ئەو ڕاستەوخۆ باسی ئەم لایەنە ناکا.

بە ڕای ئەو، شاعیران و نووسەران سەر بە دوو ئەندێشەی جیاوازن. یەکەمیان بریتییە لە جۆری (توند و نەرم - Plastique) دووەمیان جۆر (خاو - Difflu-ents)ە. یەکەمیان سەر بە ئەندێشەیەکن لایەنی بینین تێیدا زاڵە سەر بە چاودێری کردنی جیهانی دەرەوەن. هەرچی دووەمیانە لایەنی بیستن و ڕەمز تێیدا زاڵە و ئەو شاعیرانە زیاتر دەگرێتەوە کە ڕەمزین، هەروەها ئەو نووسەرانەش دەگرێتەوە کە چیرۆک و هەقایەت و داستانی خەیاڵی دەگێڕنەوە. ئەمانە ڕاستەوخۆ جیهانیان لە عاتیفە و هەڵچوونی خۆیان سەرچاوە دەگرێ و بەرەو دەرەوە فڕێی دەدەنەوە. بێ شک ئیلیەت دەبێ سوودی لە ڕیبۆ وەرگرتبێ کە باس لە (ئەندێشەی بینراو) و (ئەندێشەی بیستراو) دەکا، بە ڕای ئەو دانتێ شاعیرێکە سەر بە یەکەمیانە، بەڵام میلتن سەر بە هی دووەمیانە.

(دانتێ شاعیرێکی ئیتاڵییە و خاوەنی داستانی کۆمیدیای خوداییە، میلتن-یش شاعیرێکی گەورەی ئینگلیزە خاوەنی داستانی بەهەشتی بزربوو-ە).

یەکێکی دیکە لە تیۆر و خوێندنەوە بەرچاوەکان بۆ پێوەندی نێوان شیکردنەوەی دەروونی و داهێنانی ئەدەبی و هونەری، بریتییە لە تیۆر و ڕوانینەکانی نووسەری ڕۆمانی: ل. ڕوسو L. Rusu، ئەو لە نێوان سێ جۆر هونەرمەند جیاوازی دەکا کە ئەمانەن: جۆری دڵگیر، مەبەست لەمە ئەو جۆرە شاعیر و هونەرمەندانەن کە لە بنچینەی ئەندێشەی هونەرییان شادی و عەفەوییەت و ڕەوانی و سادەیی دەبینرێ، جۆری دووەم: بریتییە لە شێت و ئەنارشی (فوضوي)، جۆری سێیەم: شێتی هاوسەنگ. بە ڕای ڕوسو، لە نێوان ئەندێشەی شادی و شێتی سەنتێزێک هەیە کە هاوسەنگی دروست دەکا. ئەمەش خۆی لەو نووسەرانە دەبینێتەوە کە دەگەنە دوا پلەی داهێنان وەک: گۆتە، دانتێ، شیکسپیر، بەلزاک، دیکنز، دەستەیەڤسکی و تۆلستۆی.

بە پێچەوانەوە فەیلەسووف و نووسەری ئیتاڵی: بەنەدیتۆ کرۆچە - B. Croce، لەگەڵ ئەم جۆرە دابەش کردن و پۆلین کردنانە نییە. لە لای ئەو ستروکتوری دەروونی شاعیر و هۆنینەوەی شیعر بە هەموو دەربڕین و دەستەواژە و بەکارهێنانێکی زمان، دەبێ گرینگی پێ بدرێ، ئەو لەم بارەیەوە لەگەڵ نووسەران و ڕەخنەگران یەک ناگرێتەوە، پێی وایە لە بنیاتی هەموو نووسینێکی

ئەدەبی و کاری هونەری مەزەندەیەکی ئێستێتیکی هەیە.

لە لایەکی دیکەوە، مەسەلەی (سروش و ئیلهام) زۆر خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەو مانایەی پێوەندییەکی راستەوخۆی بە نائاگاییی لە داهێنانی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، ئەمەش بە درێژایی مێژوو بە زۆر شێوە لێکدراونەتەوە، لە گشت ئایینەکانی یەکتاپەرستی وەک وەحی و گیانێکی پیرۆز باس کراوە، بەو مانایەی هێزی پێغەمبەرانی لە پشت بووە، لە کۆمەڵە دواکەوتووەکان، رەمز و کەرستە پەرستراوەکان و تۆتەمی تایبەتی لە پشت بووە، بەڵام ئەمڕۆ سرووش و ئیلهام هەڵکەوتێکی دیکەی هەیە و لەم هەموو مێژووە دابڕاوە و زیاتر وەک جۆرێک لە چالاکی و تا رادەیەکیش وەک چالاکییەکی خۆرسک و عەفەوی دێتە بەرچاو.

خاڵێکی دیکە کە رەخنە و شیکردنەوەی دەروونی گرینگی پێداوە، بریتییە لە هاندەرەکانی نووسین و داهێنان، ئەمەش واتە پراکتیک کردنی میتۆدێکی دیاری کراوی نووسین، هەڵبەت ئەمەش مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بە ناو مەراسیمە ئایینییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا شۆڕ دەبێتەوە، بەو مانایەی هەڵبژاردنی شوێن و کاتی گونجاو هەن لەگەڵ نائاگایی و رۆحانییەت و بیرکردنەوە دەگونجێن و هاندەرێکن بۆ دروست بوونی ئاووهەوایەکی گونجاو بۆ نووسین. لە ناو ئەدەبیات کەرستەیەکی زۆری لەم جۆرە هەیە، وەک گوایە: شیللەری شاعیری گەورەی ئەڵمان هەمیشە سێوێکی بۆگەن و رزیوی لە ناو چەکمەجەی مێزەکەی داناوە و لە کاتی نووسین هێناویەتییە پێش خۆی. گوایە بەلزاک جلوبەرگی فەقێ ئایینییەکانی پۆشیوە ئینجا نووسیویەتی، پروست و مارک توین شێوەی بیرکردنەوەیان ئاسۆیی بووە، بەو مانایەی هەردەم لەسەر تەختی نووستن نووسیویانە. هەندێکی دیکە پێویستییان بە تەنیایی و بێ دەنگی هەبووە. هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوە لە ناو قاوەخانە و قەرەباڵغی نووسیویانە. هەندێکی دیکە بە درێژایی شەو نووسیویانە و بە رۆژ خەوتوونە، بەو مانایەی شەو مۆڵگەی هەستی رۆمانسی و تەنیاییە و لە شەودا نائاگایی دەتەقێتەوە و بەهرەکانی نووسەر و شاعیر و هونەرمەند دەردەکەوێ. یەکێکی وەکو وردس وۆرث بەیانییان بە تایبەتی لە بەرەبەیانان نووسیویەتی، بەو مانایەی بەرەبەیانان دنیا فێنکە و سەردەمی منداڵییە و لەوێوە گشت هاندەرەکان دەتەقنەوە و تەشقییان دەشکێ، ئەمەش سەرچاوەی نووسین و خەیاڵی بە پێز و جوانە. هەشبووە تەواو لەگەڵ ئەم هەموو هەڵکەوتە ناکۆک بووە، وەک: ساموێل جۆنسۆن، کە دەیگوت مرۆڤ ئەگەر بیەوێ و مەبەستی بێ و شێلگیر بێ هەموو کاتێک دەتوانێ بنووسێ.

هەموو ئەو تیۆرانەی لێرە باسمان کردن، بریتین لە زەخیرە و کەرستەی شیکردنەوەی دەروونی و تایبەتن بە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان. هەڵبەت دەکرێ بە پێی ئەم روانینانە شوێنێکی گونجاو لە ناو نەخشەی دەروونی، یان لە ناو خشتەی دەروونی بۆ شاعیران و نووسەران دیاری بکەین کە بگونجێ لەگەڵ جۆری بیرکردنەوە و نائاگایی و ئاگایی ئەوان. لەم هەوڵەدا، دەروونشیکار دەبێ پشت بە نووسین و بەرهەمەکانیان ببەستێ، ئەمەش کەرستە و دۆکیومەنتن بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک. دیسان ئەم خاڵە نابێتە پێوەر و میتۆدێکی رەخنەیی کە کارەکە لە رووی هونەری ئەدەبییەوە هەڵسەنگێنێ یان حوکمی لەسەر بدا، ئەمەیان نوختەیەکی لێکدانەوەی دیکەی دەوێ.

بە گشتی شیکردنەوەی دەروونی لە لای هەندێ لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە واقیع و سەرنجدانی دەرەوە، دۆزینەوەی رێگای راستگرتن کە تا ئەو کاتە کەس پێیدا نەڕۆیشتووە. لە ناو کاری ئەدەبی و هونەری هەقیقەتی دەروونی نابێتە نرخێکی هونەری و نرخێکی بەرزی شێواز و کارکردن، بە قەد ئەوەی رەهەند و مەودایەکە لەم کارە دەبێتەوە.

**لێکدانەوەی هەندێ وشە:**

ئاگایی – شعور – Conscient

نائاگایی – لاشعور – Inconscient

نائاگایی گەلەکی یان دەستەجەمعی – لاشعور جمعی – Inconscient

شیکردنەوەی دەروونی – التحليل النفسي – Psychanalyse

دەروون شیکار – المحلل النفسي – Psychanalist

دەمارگیری – العصبية – Nevrose

# بنەماکانی هزری کۆمەڵایەتی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی بیری کۆمەڵایەتی بە سەرەتایەکی گرنگی پەیدابوونی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) دادەنرێ، ئەگەر ئۆگۆست کۆنت (١٧٩٨ - ١٨٥٧ز) لە فەرەنسای سەدەی نۆزدەیەم، ماوەیەک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا، ساڵی لە دایک بوونی ئەم فەیلەسووفە، بەرامبەر بە زانستی فیزیک کە لە سروشت دەکۆڵێتەوە، سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) پشت ئەستوور بە ڕێبازی ئەزموونەکی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ دانابێت، ئەوە بێ سێ و دوو لێکردن بیری کۆمەڵایەتی ئەو بابەتەی بیروبۆچوون و ڕاو تێگەیشتنە بووە کە لە سەرەتای پەیدابوونی شارستانێتی مرۆڤەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی کاڵ و کرچ و ناکامڵ و دەڵەمەییش بووبێ، لە ئارادابووە و بۆ ئەو هەوڵ و کۆششە کە کۆنت دوای شۆڕشی فەرەنسا کردوویەتی ڕێگای خۆش کردووە.

بیری (هزری) کۆمەڵایەتی وەک بابەتێکی سەرەتایی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) لە نزیکەی سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە یۆنان، وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن، لە چوارچێوەیەکی پێشکەوتووتردا خەت و خاڵی داوە، بەڵام بەر لەو قۆناخە، وەک شوێنەوارناسان هەوڵیان داوە ساخی بکەنەوە لە کۆمەڵگا کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆڵی نیل و ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بە گشتی و لە هەردوو کۆمەڵ و وڵاتی کۆنی میسر و بابل بەتایبەتی، چەند خاڵ و لایەن و بیروبۆچوون و پێکهاتەی جیاجیا بەدی کراوە و دەکرێ بە پشکێکی سەرەتایی نزیک لە بیری کۆمەڵایەتی دابنرێت، ئەگەرچی

پەیڕەوی زانستییان تێدا بەدی ناکرێ و خاوەنێکی دیار و ناسراویان نییە، بۆیە دەکرێ بە تێکڕایی بوترێ کە ئەم پشکەی بیروهزرە کۆمەڵایەتییە سەرجەمی مرۆڤایەتی بە توێژ و چین و کۆڕ و کۆمەڵە جیاجیا و جۆربەجۆرەکانییەوە هەمە چەشنە بەشداری لەم ئەرکە کۆمەڵایەتییە کردووە.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بە بوونی تاکەکەسانەوە بەندە کە سەرەتای خێزان و بنەماڵەی لێ پێکهاتووە و خێزانیش لە خۆیدا ئەو ئۆرگان و یەکەیە، ئەو کاکڵە و پوختەیە بووە کە دامەزراوی کۆمەڵێ مرۆڤی دروست کردووە و لێوەی پەیدابووە.

ئەگەر پێوەندییەکی دەستیاوی کاریگەرانە لە نێوان مرۆڤدا، کە بوونەوەرێکی تایبەتمەندی ژیرەکییە و لەناو خێزان و کۆمەڵدا هەبێت، ئەوە لە لایەکەی تریەوە ئەو مرۆڤ و خێزان و کۆمەڵە بە چەند بەند و پێوەندییەکی هەمە چەشنە بە ژینگە و دەوروبەر و کەشوهەوا و زەمینەی جوگرافی ناوچەکەیانەوە بەندن و بەشێوەیەکی بەرامبەر کار لە یەکتری دەکەن و کاریان تێکراوە. بۆیە دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین هەردوو کۆمەڵی کۆنی دۆڵی نیل و بابل نموونەیەکن تارادەیەکی فرە و بەرچاو ڕەوشی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی خۆیان دەردەخەن. بێگومان ژینگە و دەوروبەر بە کەشوهەوای جوگرافییەوە لەلای خۆیانەوە و لە چوارچێوەیەکی تایبەتی دیاریکراو و سنووردار‌دا دەگۆڕێن و ئەم گۆڕانە تارادەیەکی بەرچاو و هەست پێکراو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بیروئەندێشە و هزر و داب و دەستوور و ڕێوشوێنی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤیشدا ڕەنگ دەداتەوە و سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. هەر بۆیە تارادەیەکی بەرچاو جیاوازیی فرە ڕەنگی هەست پێکراو و ورووژێنەر لە نێوان ئۆرگان و پێکهاتە و بیروهزر و ڕەوشی کۆمەڵایەتی هەردوو کۆمەڵی کۆنی میسر و بابل بەرچاو دەکەوێ و دەبینرێ.

ڕێژیم و سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشی ئایین وڵاتی نێوان هەردوو ئاوی دیجلە و فورات (Mesopotamien) لە زۆر لایەن و بابەتدا لە ڕێژیم و سیستەمی فرە ڕەنگی کۆمەڵ و ناوچەی دۆڵی نیل (میسری ئێستا) جیاواز بووە.

ڕاستە بواری ئەگەر و گومان نادرێ، کە هەردوو شارستانییەتی ئەم دوو دەڤەرە لە چوارچێوە و باوەشی ئایینیدا پێگەیشتوون و گەشەیان کردووە و هاتوونەتە بەر، بەڵام ئایینەکە ئەوەندە سەرتاپاگیر بووە و بە جۆرێک ڕەنگ و ڕوخساری کۆمەڵی ڕشتووە و ڕەگی داکوتاوە بەهیچ شێوەیەک بزووتنەوەی بیر، ئیتر هەر ناوەرۆکێکی هەبووبێ -لە ئایین بەدەر- نەیتوانیوە سنووری ئەو پێکهاتە سەخت و سەرتاپاگیرەی ئایینەکە ببەزێنێ و ئەو پەرەیە بستێنێ کە لە کەشوهەوای سەربەستی و ئازادیدا ڕوودەدات، ئەم ڕاستییە لەوە کەم ناکاتەوە هەر شارستانییە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و لەوی تر جیاواز بووە.

لە کاتێکدا شای میسر (ئەگەر بشێ ئەم ناوە بۆ فیرعەون بەکار بهێنین) خۆی بە خواوەند داناوە و بە کردەوە هەوڵی داوە -ئیتر بە ڕێگا و شێوازی ماددی یاخود هزری بووبێ- ئەم بۆچوونەی خۆی جێبەجێ و جێگیر بکات و بڕوای خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، ئەوانی شای بابل و دۆڵی دیجلە و فورات وەک ناوەند و ناوبژیکارێکی نێوان زەوی و ئاسمان، نیمچە خواوەند و نیمچە مرۆڤ خۆی نیشانداوە و نواندووە. ئەم دوو هەڵوێستە کە دەکرێ وەک دوو دیاردەی ئایینی دابنرێن بە ڕوون و ئاشکرایی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ڕەنگیان داوەتەوە و کارێکی مەزنیان لە چۆنێتی و سروشتی حوکمڕانی کۆمەڵ و ژیان و هزری کۆمەڵایەتیدا کردووە. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کۆمەڵگای میسر (دۆڵی نیل) لە کار و بڕیار و فرمانەکانیدا خەسڵەتێکی تاکڕەوی، توندڕەوی (١)، سەرتاپاگیرانەی هەبێت. کەچی ئەم جۆرە گۆڕانە لە پلەوپایەی شایە نیمچە خواوەندەکەی بابلدا بە جۆرێکی تر ڕەنگی داوەتەوە، کۆمەڵی بابلی ئەوسا لە بڕیار و نەریت و هزر و بەها کۆمەڵایەتییەکانیدا، لە چاو دۆڵی نیل، جۆرە فرە ڕەنگی و کراوەیی کۆمەڵایەتییەک نیشان دەدات، نیشاندانێک لە ڕوانگە و جیهانبینی ڕەوشی ئایینی و بگرە کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەوە سەرنج بدرێت.

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، بە چاوی ڕەخنەگرانە بابەتی بیر و هزری کۆمەڵایەتی ئەو دوو شارستانییەتە، سەرەڕای

لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەردوو لایەن و کالوکرچی بابەتەکە ئەوە دەکرێ بوترێ کۆمەڵی بابل لە سنوورێکی دیاریکراودا -نەک بە واتا و مانای ئەم سەردەمە- کراوەتر و جۆرە فرە ڕەنگییەکی هەست پێکراوی دەرخستووە، بەڵام لە کۆمەڵگاکەی تردا، لە دۆڵی نیل مەڵبەندی هەڕەمە نەمرەکان، یەک ڕەنگی و داخراوییەکی سەرنج ڕاکێش هەست پێدەکرێت.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکدانەوەی شوێنەوارناسان لە دۆڵی نیلی میسری کۆندا، لە چوارچێوە و سایەی ئایینداا جۆرە شارستانیەتێک، ڕێژیمی فەرمانڕەوا و سیستەم و دەزگای حوکم و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ هەبووە و پەرەیان سەندووە. حوکمڕانی کردنەکە وەک بەڵگە و قەواڵەکان دەیارنخستووە، پێداویستییەک بووە لە بارودۆخ و لە باوەشی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیەوە کەوتۆتەوە و وردە وردە لە چوارچێوە و جوغز و سنوورێکی دیاریکراودا بووە بە دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی کە تایبەتمەندی ئەوسای میللەتی فرەڕەنگی میسری کۆنی دەرخستووە و تۆمار کردووە.

لە سایە و سێبەری ئەم ڕەوش و بارودۆخە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا خێزانیش لەلای خۆیەوە وەک سیستەم و ئۆرگانێکی ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی پەیدابووە و خەت و خاڵی داوە، تاڕادەیەکیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە.

پشت ئەستوور بەو دەق و تێکست و سواڵەتانەی دۆزراونەتەوە و شوێنەوارناسان گرێ کوێرەکانیان کردوونەتەوە و بە شێوازی زانستیانە لێکیان داونەتەوە، لەلایەنی بیروبۆچوون و هزری کۆمەڵایەتییەوە بایەخ بە ژنهێنانی پێشوەخت و پێکهێنانی خێزان دراوە. (٢) هەر لەم بارەیەوە لە دەقێکدا هاتووە کە مرۆڤی دانا ئەو کەسەیە کە هەر زوو خێرا لە سەردەمی لاوێتیدا ژن بهێنێ، بۆ ئەوەی دەستبەجێ، بۆ ئەوەی هەر زوو کوڕی ببێ و ببێ بە باوک، باشترین شتێک لە ژیان و بووندا وەک تێکستەکە وتوویەتی، ئەوەیە کە مرۆڤ ماڵ و حاڵی تایبەتی خۆی و خانەوادە و خێزانی هەبێت.

ئەم قسەی کە پتر لەسەر شێوەی پەند و ئامۆژگارییە لە تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەوە کەوتۆتەوە هیچ جۆرە شیکردنەوەیەکی ژیرەکیی و تیۆرییانەی تێدا هەست پێ ناکرێت، بایەخی کۆمەڵایەتی خێزان کە ئۆرگان و ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە و ڕۆڵی گرنگی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ و ساوا و زارۆ بە ئاشکرا دەردەبڕێت. هەروەها دەریدەخات کە باوک و نێرینە لە ژیانی ڕۆژانەی خێزاندا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و بە چاوێکی جیاواز لە چاو ژن و کچ سەیرکراون. جگە لە خێزان، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەلای خۆیەوە وەک ئەرکی سەرشانی خێزان و پرۆسەیەکی پەروەردەکردن تاڕادەییەک لەلای خۆیەوە پەرەسەندووە و پێشکەوتوو بووە. بەپێی تێکستێک کە لە زمانی دانا و ژیری ئەو سەردەمە پتاپتاح حوتب گێڕدراوەتەوە وتوویەتی:

**«ئەگەر مرۆڤێکی ژیر بیت، دەبێ کوڕێکت هەبێت و**
**پەروەردەی بکەیت و پێی بگەینی چونکە ئەمە کارێکە**
**خواوەند پێی خۆشە و دڵی پێی خۆش دەبێت، خۆ**
**ئەگەر ڕۆڵەکەت، کوڕەکەت، ڕێگای تۆی**
**گرتە بەر هەرچی چاکە هەیە و لە دەستت دێت بۆی بکە**
**چونکە ئەو جگەرگۆشەی تۆیە، لە خوێن و گۆشتی**
**تۆ دروست بووە، بەشێکە لە نەفس و گیانت.**
**بەڵام ئەگەر لاساری کرد و لە ڕێگای تۆ لای دا**
**بە لێدان جارێکی تر بیهێنەوە سەر ڕێگای**
**ڕاست، لە هەڤاڵ و هاوڕێی خراپ و چەوت**
**دووری بخەرەوە بۆ ئەوەی بەدکار دەرنەچێت،**
**ئەوی پەیڕەوی ئامۆژگاری ڕێگا نیشاندەرێک**
**بکات سەرگەردان نابێت (٣)**

ناوەڕۆکی ئەم تێکستە، لە قەباڵە و بەڵگەنامەیەک دەچێ، دەکرێ لە چوارچێوەی بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بیری سۆسیۆلۆژیدا بە دەستوور و ڕێ نیشاندەرێکی کردار و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەردەمی خۆی دابنرێت، چونکە بەڕاشکاوییەکی ئەگەر هەڵنەگرتوو ئامۆژگاریی کەسایەتی و ڕێنمایی کردار و چۆنێتی ڕێکخستنی ژیانی خێزان و پێوەندی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بەیەکەوە لە چوارچێوەی کاروباری کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی تۆمار دەکات.

وەک دیار و ئاشکرایە پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ئەگەر بە چاوی تاکەکەس سەرنجی بدرێت سنووردارە و بە تەنیا خۆی یارمەتی و کۆمەکی کەسانی تری کۆمەڵ کە هەموویان پێکەوە بنەما و پێکهاتەی

ڕێکخـراوی کـۆمـەڵ Society پێـک دەهێـنن. هیـچ کـاتێک مـرۆڤی توانا لە سنووربەدر، مـرۆڤی کـامڵ و تەواو و بێ کەموکوڕی نەبووە و لەمەولاش نابێ، توانای لەلای خـۆیەوە تاڕادەیەک بڕ دەکـات و سنووردارە، بۆیە هیچ کـەسـێک نیـیـە بتـوانێ خـۆی بە تەنیـا هەمـوو پێـداویسـتـیـیـە جۆربەجۆرەکـانی ژیانی ڕۆژانەی دابین بکات، بۆیە کـەوابوو، بنەمـا و بنەڕەتی پەیدابوونی کـۆمەڵ ئەو پێـداویسـتـیـیـە ئابووری و کـۆمـەڵایەتی و خزمەتگوزارییانەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ و تاکەکەسان بووە کە هیچ کاتێک و هیچ کەسێک نەیتوانیوە لێیـان بێ خەم و بێ نیاز و دەستەبەرداریان بێت.

وەک ئەم هۆکارە هاندەری پەیدابوونی تاقم و کۆمەڵە و کۆمەڵ بووە، ئەوە دیسـانەوە، لەلایەکی تریەوە، هۆیەکی بنەڕەتی ئەو دەزگـا و دامـەزراوە ڕێکخـەرە بووە کـە بە دەوڵەت ناونراوە و ناودەبرێت. ئەرکی سـەرشـانی تاکەکەسان، دوای پەیدابوونی کۆمەڵ، جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەو فـرمـان و ئیش و کـاروبارانە بووە کـە مـەڵبـەند و ناوەندی کـۆمـەڵایەتی خـۆیان بەسـەریدا سەپاندوون، جا چ بۆ خودی خۆیان یاخود بەرامبـەر بە کەسانی تر کە ئەندام و هاوبەشی کۆمەڵەکەی ئەون.

هەر لێرەوە و لەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنەوە، بایەخ و پلە و پایە و مـەڵبـەندی کـۆمـەڵایەتی تاکە کـەسـان بەو کارویپیشە و ئەرکەوە کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا ڕایدەپەڕێنێ و جێبەجێی دەکات، بەندە و بگرە وەک بایەخێکی کار و کـارکـردن پێشکەش بە کۆمـەڵ و ئەندامانی دەکـات. ئەم ڕەوش و هەلومـەرجە ڕێگایان بۆ پەیدابوونی ڕێکخراوی ئاڵۆز و فرە ئەرک و فرمان خۆشکردووە بۆ ئەوەی بە جۆر و شێـوازی هێـز و ئۆرگـان و ڕێکخـراوێک کـە ئەوپەڕی فــرەڕەنگ و ئاڵۆزە پارێزگـاری نەزم و دیســپلین و ڕێکوپێکی کـۆمـەڵەکـە بکات و باشـتـرین ڕێگا بۆ ئاسـانکردنی پرۆسە و کاری هاوکاری و کـۆمەکی نێوان ئەندامـانی کـۆمـەڵ کـە پاشـتـر بە هاووڵاتی ناوبراون دەسـتـەبەر ببێ و بۆ ئەوەی گـۆڕینەوە و دەسـتـیـاویی و ئاڵوگـۆڕکـردنی خـزمـەتگـوزاری نێـوان تاکـەکـەسـانی ئەندامانی نێـو کـۆمـەڵ و دابینکردنی پێـداویسـتـیـیـە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بە چاکترین ڕێگاو و شێواز سووک و ئاسان ببێت. (٤)

ئەگـەر مـرۆڤ بە وردی سـەرنجی ئەو لێکۆڵـینەوە و توێژینەوەی شوێنەوارناسان و مێژووی کۆن، کە دەربارەی کۆمەڵی کۆنی دۆڵی نیل (میسر) لەبەردەستدان، بدات، جۆرە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیـاسی سەرنجی ڕادەکێشی کە لە پێکهاتەی خێزان و بنەماڵە و تاقم و توێژ و کـۆمـەڵ و دەوڵەت و ڕژێمی فـەرمـانڕەوا (واتە حـوکـمـڕانی کـردن)دا ڕەنگی داوەتەوە و خـۆی نواندووە و جێبەجێ کردووە. ئەو تایبەتمەندییە کە بریتی بووە لەوەی بڕوا و باوەڕی (عـەقـیـدە و ئیـمـان) ئایینی بنەمـا و بنچـینە و هەروەها بنج و بناوانی دامـەزراوی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئەوسای میسریان پێکهێناوە، هەر ئەم لایەن و دیاردەیە لە ڕەنگڕشتنی دوا نەخشە و خشت و چوارچێـوەی ڕژێمی فـەرمـانڕەوادا ڕۆڵی بنەڕەتیی گێڕاوە. بەڵگەیەک کە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە فیـرعـەونی میـسر ئایینی کردووە بە بنەمـای حوکمڕانییەکەی و دەوڵەتەکەشی بە هەموو پێکهاتە و ئۆرگان و ڕیکخراوەکانییەوە کاڵایەکی ئایین وەک بەرگ و سیـپـاڵ بەبەردا کـراوە. بڕوای ئایینی ئەوەندە پتـەو و جـێگیـر بووە و ئەوەندە ڕەگ و ڕیشـەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکەسان و مرۆڤی ئەوسادا داکوتاوە ئەو قەناعەتە لە دڵ و ناخ و دەروونیدا جێگیر بووە کە ڕازی کـردنی خـواوەند قـوربانیـدان یەکـەم هەنگاو بوون بۆ دەستەبەربوونی بەختەوەریی مرۆڤ.

کۆمەڵی ئەوسای دەڤەری دۆڵی نیل (میسر) لە چەند پلەیەک پێکهـاتووە کـە وەک ئاست (لێـڤل) ڕۆڵی کـۆمـەڵایەتی چین و گـرووپ و تاقم و توێژەکـانی دیار و دەستنیشان کردووە. بەپێی سەرچاوەکان -کە لە ژماردن نایەن- کار و پیشەی تاکەکەسان ئەو هۆکار و فاکتەرە بووە کە پلەوپایە و مەڵبەندی کۆمەڵایەتی تاکەکەسانی لە کۆمەڵدا دیار و دەستنیشان کردووە.

بۆ نموونە کـۆمـەڵی ئەوسـای دۆڵی نیل وەک هەرەمێک لە سـەرەوەشا بووە کـە خـۆی بە خـواوەند داناوە، ئینجـا دوای ئەو پیـاوانی ئایینی (کـاهین) و مـیــرزا و کـاربەدەسـتـانی کـۆشک و سـەرا و لەژێر ئەمـانەوە جەنگاوەر، جووتیار و کرێکار و کۆیلەکان هاتوون. (٥) بەم پێـودانگە ئیـتـر دەکـرێ لێـرەدا، کـە لە بابلیش تاڕادەیەک وابووە، دوو یەکە، دوو ئۆرگان یاخود دامەزراو و ڕێکخراو ناوبهێنرێن:

- ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بریتی بووە لە

شار.

- ڕێکخراو و یەکەی ئابووری و ئایینی کە بریتی بووە لە داو و دەزگا و دامەزراوەکانی پەرستگا (٦) و زەوی زار و موڵک و ماڵی شا کە خۆی بە خواوەند داناوە.

پشت ئەستوور بەوەی تا ئێستا وترا، دەکرێ مرۆڤ بڵێ کە سەرچاوەی بیری کۆمەڵایەتی وەک سەرەتایەکی ڕێگا خۆشکەر بۆ سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) هەر لە سەرەتاوە هەر سێک بابەتی ئایین و سیاسەت و ئاکار (ئەخلاق) بوون کە بابەتی ناوبراو لێی هەڵێنجاون.

ئەگەر مرۆڤ وەک گەیشتنە ئەنجامێک بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی بە وردی و شێوازێکی بابەتییانە سەرنج لەو کەرەسەیە بدات کە شارستانییەتی کۆنی ڕۆژهەڵات لێیان پێکهاتووە و پشتا و پشت ماونەتەوە، شوێنەوارناسانی ئەوروپایی خاوەرزەمی گرێ کوێرەکانیان کردوونەتەوە، ئیتر لە بابل و دۆڵی نیل بووبێ یاخود لە فارس و هیند و چین، هەر لە کتێبی مردوانی میسری کۆنەوە تاوەکو قانوون و شەریعەتەکانی حامۆرابی بابل بەرەو کتێب و ڕێوشوێنەکانی زەردەشتی کورد و فارس و کۆنفۆشیوس و بوودا...تاد، دەردەکەوێ کە بە تێکڕایی لە چوارچێوەیەکدا کۆدەبنەوە، دەکرێ پێیان بوترێ ئایینی بە قانوون و دابودەستووره ئاکارییە سەرەتاییەکانیانەوە. بە گشت گیروگرفت و کێشەی مرۆڤ لە کۆمەڵدا کە بابەتی بیری کۆمەڵایەتین دەگونجێ بە کەرەسەیەک دابنرێت کە دەخرێتە خانەی بڕوا و باوەڕی ئایینەوە و بەشێک بووە لە ئیمان و (عەقیدە) و توووند و تۆڵ بە ژیانێکی تری دوای مردنەوە بەستراوەتەوە.

مرۆڤی کۆمەڵەکانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی-ئەمەش گرێکوێرەیەکە ناکرێتەوە و نازانرێ بۆ - خەمی ژیانی تری دوای مردنی هەبووە، بە پەرۆشەوە هەوڵی داوە بزانێ دوای ئەم دنیایە، دوای مردن چی بەسەر دێت و دەچێ بۆ کوێ و چۆن خواوەندەکان ڕازی بکات. ئەمانە بە لایەوە، نەک کێشە ڕاستەقینەکانی ڕۆژانە، ئەو کێشە و بابەتە سەرەکییانە بوون کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی بۆ داناون.

ئەگەر جاروباریش جۆرە پێشکەوتنێک لە کایە و بابەتی ئەستێرەناسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە فەلەکدا، بەدەست هاتبێ و هەستی پێ بکرێت، ئەمەش دەگمەن نەبووە، ئەو پێشکەوتنە هەر لە چوارچێوەی ئایینەکەدا گیری خواردووە و سەرگەردان بووە، بگرە بۆ هەمان مەبەست کە ئایینی بووە سوودی لێوەرگیراوە.

ئەو پەیڕەو و ڕێبازە (میتۆدە)ش کە بۆ گەیشتنە ئەم جۆرە پێشکەوتنە پراکتیکییە دوور لە تیۆرییە دەگمەنانە گیراونەتە بەر و بەکارهێنراون و سوودیان لێ وەرگیراوە، زۆر لە ڕێبازی زانستی کە دواتر لە یۆنان سەری هەڵداوە، دووربوون، تێیاندا سەرنجدان و ڕامان و بیرو خەیاڵ و داستان و ئەندێشە و هەست و سۆزی ئایینی بەجۆرێک ئاوێتە و تێکەڵاو یەکتری کراون سەروبنیان دیار نەبووە.

مرۆڤی ڕۆژهەڵات لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتیدا، وەک نیمچە چارەنووسێک، بە پێچەوانەی مرۆڤی شارستانییەتی پڕ شکۆی ئەوسای یۆنان، بەلایەوە مەبەست بووە هێزە ئاسمانییەکان ڕازی بکات بۆ ئەوەی ئەو بەختەوەرییەی لە ژیانیدا لێی بێبەش بووە دوای مردن پێی بگات و بەدەستی بهێنێ!. ئێستا لەم دنیایەدا و لەم ژیانەدا چ دەقەومێ و مرۆڤ چۆن دەژێ و چۆن ژیان و ئەم دنیایە دەباتە سەر بەلایەوە، وا دەردەکەوێ، گرینگ نەبووبێ، یاخود ناچار کرابێ بە گرنگی دانەنێ!! چونکە هەر نەبێ، وای داناوە، یاخود وا براوەتە مێشک و دڵ و دەروونییەوە کە ئەم ژیانە، ئەم دنیایە خەون و هەنگاوێکی لە نێوان دوو قۆناغدا ڕابردوویەک کە باری سەرشانی مرۆڤی قورس کردووە و دوارۆژێک کە نەهاتووە و تاریک و نادیارە و هیچ کەس و هێزێک دەستەبەری لە باری و چاکییەکەی نابێ.

ئەگەر جۆرە پێشکەوتنێکی دەڵەمەیی زانستی و بیروهزری کۆمەڵایەتی هەبووبێ، ئەو پێشکەوتنە پاشکۆی ئایینی و لاهووت بووە، ئەنجامی پەرەسەندنەکانی زانست و دەسکەوتەکانیشی هەر تەنیا لە نێو چینی کاهین و لە ڕیزی پیاوە ئایینی و ئەستێرەناسەکاندا گیریان خواردووە.

هیرۆدۆتس لەم بارەیەوە وتوویەتی:

میسرییەکان لە خەڵکی زیاتر پابەند و گوێڕایەڵی ڕێوشوێن و ناوەڕۆکی ئایین بوون، ئەو وێنە جۆراوجۆرانەی دروستیان کردوون، هەر وێنەی کەسانێکی لەبەردەم خواوەندا دەستەوەستان وەستاون و نوێژ دەکەن و دەپاڕێنەوە... کتێبەکانیان لەمە بەدەر نین، بگرە بریتین

لە چەند ئایەت و سفرێکی پەرەستن و زوهد.. (٧)
ئەم دەقە بەڵگەیەکی ترە ساخی دەکاتەوە کە ئەگەرچی جۆرە لایەنێکی بیروهزری کۆمەلایەتی لە کۆمەڵە کۆنەکانی ڕۆژهەلاتدا هەبووبێ و هەستی پێ بکرێت، دەبێ دان بەو ڕاستییە دابنرێت کە بیری کۆمەلایەتی ٦٠٠ ساڵ بەر لە دایک بوونی عیسای کوڕی مریەم لە چوارچێوەی فەلسەفەی یۆنانیدا پەیدابووە و بووە بە سەرچاوەیەک کە هزری کۆمەلایەتی نوێ لێوەی هەڵهێنجاوە.

### قۆناغی یۆنان

بیری کۆمەلایەتی هەر لە بیروڕاو بۆچوونەوە دەربارەی ژیانی کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراو بە کات و قۆناغ و شوێندا تاوەکو هەڵوێست نواندن بەرامبەر دابو دەستوور و نەریت و ڕێوشوێنی کۆمەلایەتی و بنەماکانی ئاکار (ئەخلاق) و ئایین و کردار و ڕەفتار، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، دەکرێ سۆفستاییەکان کە سەدەی پێنجەم پێش لە دایک بوونی عیسا لە یۆناندا دەستبەکاربوون بەو بیرمەندانە دابنرێن کە لە چوارچێوەی فەلسەفەکەیاندا، دوای سەدان ساڵ پەنابردنە بەر ئەفسانە و داستان، ژیرانە و پشت ئەستوور بە ئەقڵ و مەنتیق لە چوارچێوەی چەند بیر و بۆچوون و تیۆرییەکدا شتیان لە پاش بەجێ ماوە کە فەیلەسووفەکان دوای خۆیان بە تایبەتی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سەرچاوە مێژووییەکانی تر پاراستوویانن، بە سەرەتایەکی نیمچە ڕێکوپێکی ئەم بابەتە، بابەتی بیر-هزری کۆمەلایەتی دابنرێت. هیچ ئەگەرێک هەڵناگرێ ئەو ڕاوبیروبۆچوونانە لە کەشوهەوایەکی تایبەتیدا چوزەرەیان کردووە و گەشە و پەرەسەندنیان بەخۆوە بینیوە و مۆرک و خەسڵەتی سەردەمی خۆیان بە ژینگەکەوە نیشان دەدەن، بۆیە وا ئاسان نییە و ناکرێ بە پێوانەی مۆدێرن لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە سەرنج بدرێن و هەڵبسەنگێنرێن.
سۆفستاییەکان وەک بیرمەند کۆششیان کردووە چەند بابەتێک دوور لە دەسەلاتی هەست و سۆز و داستان و ئەفسانەوە بهێننە سەر خوانی باسکردن و لێکۆڵینەوەوە، چەند بابەتێک و پەیڕەوێک کە تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆ بە گەرموگوڕی ماونەتەوە و بایەخی خۆیانیان هەر لە دەست نەداوە، لە چوارچێوەی ئەم بابەتانەدا بە ڕوونی ئەم لایەنانە بەرچاو دەکەون و سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن:
«بزووتنەوە، گۆڕان، چارەنووس، پێکهاتەی کۆمەڵی مرۆڤ، ژیان و مردن، ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵ و ژیانی کۆمەلایەتیدا، ژینگە و دەوروبەر، کردار و ڕەفتار و ئاکار، داد و زوڵم و جەور، چاکە و بەدکاری و دیالێکتیک، ئایین و هونەرە جوانەکان (٨)..تاد».
لە کاتێکدا ئەو بیروبۆچوونانە لە دۆڵی نیل و بابلدا کە بەتایبەتی لەلایەن شوێنەوارناسانەوە گرێیەکانیان کراونەتەوە، دەربارەی ژیان و مردن کۆمەڵ و سروشت و خواوەندەکان پتر لە بازنە و چوارچێوە و کالا و بەرگی لاهووت و ئایین و داستان و ئەفسانەدا داڕێژراون و خاوەنی تایبەتیان نەبووە کە بەناویەوە تۆمار بکرێن وەک ئەوەی بلێیت ئەم ڕاوبۆچوونە هی فلانە کەسە و ئەوی تریان یەکێکی تر وتوویەتی، سەرەڕای ئەوەی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەدا و لە گەیشتنە ئەنجامدا کە دەبوو لێیان بکەوێتەوە، بێ هێز و لاواز و دوور لە ساخ کردنەوەی ژیر و مەنتیق بوون، کەموکوڕی و کەلەبەر تێیاندا بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت. ئەو شت و بابەتانەش کە باسیان کردوون و لێوەیان کۆڵیونەتەوە هیچ جۆرە پەیڕەوو ڕێباز و میتۆدییەکی زانستییان تێدا نەبووە و پەیڕەو نەکراون. جگە لەوەی لە توێ توێ کردنی ئەم بابەتانەدا هیچ سەرنجدانێکی قووڵ و سەرتاپاگیرانە هەست پێناکرێت، بگرە هەوڵ نەدراوە هۆکار و ئەنجام بە ڕێکوپێکی پشت ئەستوور بە وردبوونەوەی زانستی دیاری بکرێن، بۆیە لە ڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بلێین ئەو بابەتانەی کە ڕۆژهەلاتی کۆن بە کۆشش و تەقەللایەکی درێژخایەن و لە ئەندازە بە دەرو کات و ماوەیەکی دووردرێژ پێیان گەیشتووە و کۆی کردوونەتەوە لەگەڵ ئەو بەرهەمەی فەلسەفە و زانست و بیری کۆمەلایەتی یۆنان بەراورد بکرێت زانست و فەلسەفە و بابەتە کۆمەلایەتییەکەی یۆنان بە موعجیزە دابنرێت. لێرەدا مرۆڤ بۆ یەکەم جار پشت ئەستوور بەهێز و توانا و دەسەلاتی تیژبینی ژیر و ئەقڵ و مەنتیق توانیویەتی چەند بنەما و قانوونێک گریمانە بکات و کۆمەڵە ڕاستییەکیان لێوە بخاتەوە، ئەو ڕاستیانە کە لە بنەماکان کەوتوونەتەوە بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی مەنتیق پشت ئەستوور بوون، بۆیە گومان لە

ئەنجامەکانیان ناکرێت (٩).

سەردەمی سۆفستاییەکان لە یۆنانی بەر لە زاییندا، ئەو ڕێبازەی داکۆکییان لێکردووە، دەکرێ، بە هەندێک چاوپۆشین لە لایەنی کەموکورتییان، بە سەردەمی ڕووناکبیری کۆن دابنرێت. ڕاستە سەردەمی ڕووناکبیری کە دوای شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسای ساڵی ١٧٩٨ز، دەست بەکار بووە لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا لە بزووتنەوەی سۆفستایی جیاواز بووە، بەڵام ئەگەر بێتو بە وردی سەرنجی بۆچوون و ڕاو تیۆرییەکانی ئەم یۆنانییانە بدرێ، بەتایبەتی ئەو هەوڵە هوشیارانەی داویانە و ئەو کۆششە نیمچە زانستییانەی کردوویانە و دووچاری سەربەشە و کێشە و بەرەی کردوون بۆ ڕزگارکردنی بیری مرۆڤ لە دەسەڵاتی ستەمی دابونەریت و هەڵوێست و جیهانبینی کۆنی بە میرات ماوە، ئینجا بە ئاشکرا نواندن و دیاریکردنی هەڵوێست بەرامبەر بە پێکهاتە و کولتووری کۆمەڵایەتی، بەرامبەر بە نەریتی Tradi-tion ڕەگ و ڕیشە لە کۆمەڵ و ناخی مرۆڤدا داکوتاوە کە تارادەیەک ببووە کۆسپ لەبەردەم بزووتنەوەی چوست و چالاک و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و گۆڕانی نەپساوەی پرۆسەی ژیان و گوزەران و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆی، بەتایبەتی وردبوونەوە لە ئایین و دۆگم و پێکهاتە و دەزگا و دامەزراوەکانی بە چاوێکی ئەگەر ڕەخنەگرانە، لە کاتێکدا ئایینەکە لە یۆناندا خۆی بە ئایین سەربەستی و ئازادی ناوبردووە، ئەگەرچی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەی وڵاتی ئەوسای یۆنان تاڕادە و سنوورێکی زەبەندە و فراوان ڕەگ و ڕیشە لە ناخی جیهانبینی میللی یۆناندا داکوتا بووە و ببوو بە پشکێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی ئاکار و قانوونەکانی کردار و خووڕەوشت و بیری کۆمەڵایەتی، ئەم هەوڵە جوامێرانەی سۆفستاییەکان کە دەکرێ بە پرۆسەی ڕزگارکردنی ژیر دابنرێت، لە بزووتنەوەی ڕووناکبیری سەردەمی خۆی بەولاوە نەبووە (١٠). خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەو لایەنەش بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە سەرەتای بیری فەلسەفە هەر لە یۆناندا بە لێکدانەوەی سروشت و توێژینەوەی دەوروبەری ماددی دەستی پێکردووە، کەچی سۆفستاییەکان لە جیاتی ئەوەی ئەم کەرەسە سڕو بێگیانە کە سروشتە بکەن بە بابەتی سەرنجدان و وردبوونەوە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی شارستانیدا مرۆڤیان هێناوەتە کایە و مەیدان و کردوویانە بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە و هەر مرۆڤەکە خۆی کراوە بە پێوانە و سەرمەشقی هەموو شتێک. ئیتر بەم پێیە دەشێ بێ سێ و دوو لێکردن بگوترێ، لە چارەی ڕابەرانی زانست و سیاسی و فەلسەفەی گەلێکی بچووکی وەک یۆنان نووسراوە بنەما و بنچینە و سەرەتاکانی زانستی نوێ، بە واتای ئەو سەردەمە، دابنێ.. خۆ ئەگەر هێزە هەڕەمەکییە کوێرەکانی سروشت بخرێنە لاوە، ئەوە شتێک لەم جیهانە پان و بەرینەدا نامێنێ کە بجووڵێتەوە و لە بنج و بناوان و بنەڕەتدا یۆنانی نەبێت (١١).

بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵی سۆفستاییەکان لە چوارچێوەی گۆڕینی کۆمەڵ و هەلومەرجەکانی پێشکەوتن و دانانی بەردی بناخەی ئەو کەرەسەیەی بە بیروهزری کۆمەڵایەتی ناودەبرێ ڕوون بکەینەوە، پێویستە سەرنجێک لەو بارودۆخ و ڕەوشە بدەین کە تێیاندا پەیدابوون و سەریان هەڵداوە.

دۆخی سیاسی ئەوسای یۆنان، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش لە دایک بوونی عیسای مریەم، دوای ئەوەی لەشکری فارس شکاوە و یۆنانییەکان بەسەریاندا زاڵ بوون، ئەم سەرکەوتنە گوڕ و تەوژمێکی گەورە و بەتینی بەبەر کەلەپووری شارستانیەتی ئەوسای کۆمەڵی یۆناندا کردووە، جگە لە چاکبوونی ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پتر لە جاران بە چاوی ڕێزەوە سەیری ڕۆڵی زانست و خوێندن کراوە، بەتایبەتی وتار خوێندنەوە لە نێو خەڵکدا کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کاروباری دادگا و قانوون و سیاسەت مایەی سەرکەوتن بووە و ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە (١٢). هاندەری ئەم گۆڕانە لە کایەی سیاسەت و فەلسەفە و ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا تاقمە مامۆستا فێرکەرێک بوون کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و لە مەڵبەند و دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر چوون، پێیان وتراوە سۆفستایی Sophist.

ناکرێ بوترێ سۆفستاییەکان وەک ئەفلاتوون قوتابخانەی تایبەتی و سەربەخۆی خۆیان هەبووە، چونکە هیچ سەرچاوەیەک تا ئێستا ئەم بوونەی ساغ و پشت ڕاست نەکردۆتەوە، بەڵام مامۆستا بوون و لە وانە و دەرس و وتارەکانیاندا، لە بۆچوون و تیۆری و هزریاندا

بایەخیان بە مرۆڤ داوە، بە چاوێک سەیریان کردووە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەڵوێستی دیار و کردار و ڕەفتاری تاکەکەسی خۆی هەیە و دەینوێنێ، سەرەڕای ئەوەی خۆی لە خۆیدا گەوهەرێکی کۆمەڵایەتییە. هەر ئەم لایەنە وا لە مرۆڤی لێکۆڵەرەوە دەکات کە ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەر بشێ ئەم ناوەی لێ بنرێت، لە پەیڕەو و ڕێباز و چالاکی و ئامانجدا لە ڕێبازەکانی تر جیاواز بوون، تایبەتمەندی خۆیانیان هەبووە (١٣).

پەروەردە، پێگەیاندنی کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی خێزان و خانەوادە و بنەماڵەدا بابەتێک بووە لەو بابەتانەی بایەخیان پێداوە بە شێوازی وانە و دەرس لە نێو کۆمەلایەنی خەڵکدا بلاویان کردۆتەوە، لەمەشدا پشتیان بە وتار و وتووێژی ڕاستەوخۆ بەستووە. ئەم وتار و وتووێژانە پەیڕەوی ڕێبازێکیان پێ کراوە کە پتر لە هونەر و تەکنیکی ساغ کردنەوە و پێ سەلماندن چووە، هەر بۆیە سۆفستاییەکان و بگرە ناحەز و ڕقەبەرەکانیان لەو باوەڕە دابوون کە ئەو ڕۆڵەی وتوویژ و وتارخوێندنەوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا دەیگێڕن دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەرنج بدرێت:

-بیرو بۆچوونێک کە لە ناخ و دەروون و مێشکدایە، دەکرێ جێگیر و پتر پشت ڕاست بکرێتەوە ئینجا بە تەواوەتی جێگیر بکرێت، یاخود لاوازی و کەموکوڕییەکەی دەربخرێ و ساخ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت لە جێگاکەیدا بیروبۆچوونێکی تر دابنرێ و جێگیر بکرێت. یاخود لایەنی دووەم:

- وەک گورگیاسی ڕابەری دووەمی سۆفستاییەکان وتوویەتی وتار و قسەکردن ڕۆڵ و دەوری بێ هۆشکردن و تەفرەدان دەگێڕێ (١٤). مرۆڤ لە توانایدا هەیە ئەو کەسەی بەرامبەری کە لەگەڵیدا وتوویژ دەکات بە قسە سەری لێ بشێوێنێ و ئەوەی لەگەڵدا بکات کە مەبەستیەتی و لە جیاتی قەناعەت پێکردن ڕازی بکات Uberreden. بێگومان قەناعەت کردن و ڕازی بوون لە یەکتری دوور نین، بەڵام هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەوی تری جیا دەکاتەوە.

ئاشکرایە ئەم بۆچوونە سەرەتایەکی جۆرە وتاری سیاسییە کە پتر لە چوارچێوەی تەفرەدان و چاوبەستەکیی و دیماگۆکی سیاسی نوێدا ڕیز دەکرێت و دادەنرێت و دەکرێ هەردوو ناوی پروپاگەندە- پروپالانتەی لێ بنرێت. هەر ئەم بۆچوونە بووە بۆتە مایەی ئەوەی بیرمەند و سیاسی و فەیلەسووفانی سەردەمی سۆفستاییەکان لە یۆنانی ئەوسادا بە چاوێک سەرنجی ئەم تەوژمە بدەن کە جۆرە بە کەم زانینێک و سوکییەکی تێدا بێ چ خۆیان چ بەرامبەر بە بیر و بۆچوون و چالاکییەکانیان. ئیتر هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەفلاتوون بە کەسانێکی داناون بازرگانی بەزانستەوە دەکەن و... لەو بیرو بۆچوونانە کە خەڵکی سادە و ساکار لە کوڕ و کۆبوونەوەکانیاندا باسیان دەکەن بەو لاوە هیچی تر نالێنەوە (١٥). لە سەردەمی نوێدا هەندێک شارەزای فەلسەفەی یۆنان بەتایبەتی پرۆفیسۆر بارکر بە نیمچە پروپالانتەکار ناوی بردوون گوایە شتی سەیر و ناساز و ناکۆک کە گوێی گوێگر پڕ بکات و بیچەسپێنێ دەڵێنەوە (١٦).

بە باوەڕی من هەردوو بیرمەند ئەفلاتوون و بارکر لە سەنگەرێکی ترەوە سێرەیان گرتووە و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەرنجی بیروبۆچوونی ڕێژەیی سۆفستاییەکانیان داوە و ئەو هەلومەرجانەیان پشت گوێ خستووە کە وەک زەمینە نەمامی ئەم ڕێبازە تێیدا چەکەرەی کردووە و هاتۆتە بەر.

لە نێو ئەو بۆچوون و تیۆرییانەدا کە سۆفستاییەکان هەوڵی پیادەکردنیان داون هەڵوێستیان بەرامبەر بە هێز و دەسەلات، بەرامبەر قانوونەکانی ئاکاری مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا جێگای وردبوونەوە و بایەخ پێدانن.

بە واتایەکی تر تیۆری هێز و دەسەلات Macht، ڕێژەی کۆمەلایەتی و گومانکاریی /skeptische ReLativismus، تیۆری خۆبەتی ئەو بابەتانە بوون کە جیهانبینی سۆفستاییەکان بەگشتی لێیان پێکهاتووە.

بیرۆکەی هێز-دەسەلات کە دەکرێ تارادەیەک بە تیۆری دابنرێت، لەلایەنی فرەدریک (نیشتێ)ی ئەڵمان لە سەدەی نۆزدەهەمدا جارێکی تر تۆمار کراوە و گیانی بەبەردا کراوەتەوە و پەرەی پێدراوە.

بابەتەکە لەلای سۆفستاییەکانەوە توندوتۆڵ بە داد و دادپەروەرییەوە بەندە، داد و دادپەروەریی مەبەست و ئامانجێکی پیرۆزە هەموو گرووپ و تاقم و کۆمەڵێک سەرگەردانی جێبەجێ کردنیەتی، کەچی ئەنجامەکە پتر بەلایەکی تردا شکاوەتەوە بۆ؟ داد و دادپەروەری کە

ئامانجی هەموو کوڕ و کۆمەڵ و ئایینەکانیش بووە لە سروشتدا، وەک سۆفستاییەکان وتوویانە، هەمیشە بەم شێوەیە بووە: دەسەڵاتدار و بەهێز و بەتواناکان هەمیشە سروشت ئاسا پتر لە لاواز و بێ تواناکان دەست ڕۆیشتووتر بوون و هەیان بووە. ئەمەش مافێکی سروشتییە و مافی ڕەوای خۆیانە، چونکە ئەو دەسەڵات و هێزەی وای کردووە شایستە و شایانی ئەم پلەوپایە و بوونە بن! هەر بۆیە لاواز و بێ دەسەڵات و هیچ لە دەست نەهاتوو بەندە و کۆیلەکان، بێ پسانەوە کۆششیان کردووە، هەوڵیان داوە ئەم هەلومەرج و ڕەوشە بگۆڕن، ئیتر پەنایان بردۆتە بەر ڕێوشوێنەکانی ئاکار (ئەخلاق) و سەرگەرمی ئەوەبوون قانوون دابهێنن بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بپارێزن (١٧) و لەدەسەڵات و توانا و هێز و شایستەیی لێهاتووان کەم بکەنەوە و سنوورێکیان بۆ دابنێن. پەروەردە و کولتوور دابونەریت پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن و وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر ڕێ بۆ ئەو مەبەستەیان خۆش دەکات، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهێزەکان ڕادەبن، هەڵدەستنە سەر پێ و ڕادەپەڕن و هێز و دەسەڵات دەگرنە دەست ئەم بنەما و دەستوور و ڕێوشوێن و دابو قانوونانە هەڵدەوەشێننەوە... وەک ئەنجامێک لەو بۆچوونە دەکەوێتەوە کە لە چوارچێوەی بەهرەی سروشتی مرۆڤدا دوو جۆرە هەست و توانا و ئارەزوو هەیە:

**یەکەم:** حەز و تەماع و چاو تێرنەبوون و ئارەزوو Be-gierden.

**دووەم:** هۆکاری پاڵنەری سروشتی زگماک (غەریزە) Instinkt ئەم دوو هێزە هەمیشە ئاژاوە و گۆتاوڕۆیی و سەرگەردانی و ناڕێکوپێکیان لێ دەکەوێتەوە و دەبنە مایەی وروژاندنی گومان و ئەگەر لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی، لە هەمان کاتدا هەر بەم پێودانگە ئەگەر بابەتەکە شەن و کەو بکرێت، لەلایەکی ترەوە، بەها و Werte قانوونەکانی ئاکار لە چەند ڕستە و بنەما و دەستەواژەیەکی دەسکردی کەسانێکی دیار بەولاوە نین کە بۆ مەبەستی تایبەتی دانراون و ڕەنگیان ڕێژراوە. هەروەها ئەگەر بە چاوی سۆفستاییەکان سەرنج بدرێت، بڕیارە بەهاکانی ئاکار بەهەمان پێوانە لە بایەخی ڕێژەیی بەولاوە کە بەپێی کات و شوێن و کۆمەڵ دەگۆڕێن پتریان نییە.

دەربارەی ڕێژەیی ReLativismus بیرو بۆچوون و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و گومان و ڕادەی بڕکردنیان و ئەو سنوورەی کە ناکرێ بیبەزێنن، سۆفستاییەکان بەتایبەتی ڕابەرەکەیان (پرۆتاگۆراس) وتوویەتی: مرۆڤ تاکە پێودانگی پێوانە و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی هەموو شتێکە، ئەوەی هەیە و ئەوەی نییە (١٨).

کەوابوو بایەخ و نرخ و دەستبەکاری هەموو شتێک بەدەست مرۆڤ خۆیەتی، چونکە تەنیا خۆی سەرپشکە و مافی بڕیاردان و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەیە، بیر و مێشک و ژیر و داب و دەستوور و نەریت و ڕێوشوێنەکانی ئاکار و کۆمەڵ بەرگی پێشوویان لەبەر دادەماڵرێ و دەخرێنە ناو بازنە و کەوانەی ئەگەر و گومانەوە، چونکە هیچی تر بەچاوی جاران تەماشا ناکرێن. ئەمەیە ئەو ڕێژەییەی ئەم ڕێبازە جێبەجێی دەکات.

ئەگەر مرۆڤ خۆی سەرپشک بێت، دەبێ پێودانگەکەش خۆی دایبهێنێ. بۆ مرۆڤ، تاکە کەس، نەک هەر بە هاو قانوون و نەریت پیرۆز نابێ، بەپێی کۆمەڵ و سەردەم و شوێن و بگرە لەلای مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن و هەڵدەسەنگێنرێن. بە واتایەکی تر بنەمای ڕێژەیی هەموو شتێک دەگرێتەوە تەنیا خۆی نەبێ.

خەڵک چ کۆمەڵ و چ تاکەکەس، بیروبۆچوون و ڕای جیاوازیان هەیە و لە بەرامبەر ڕووداو و قەوماوی جۆربەجۆردا هەڵوێستی جیاواز تۆمار دەکەن و دەنوێنن، بۆیە دیسانەوە وەک ئەنجامێکی ڕێژەیی سۆفستاییەکان دەبێ هیچ جۆرە ڕاستی و ڕاستەقینەیەکی بێ سنوور و بابەتییانە لە ئارادا نەمێنێ و ڕێبازی خۆبەتییەکی ڕووت بێتە کایەوە. ئیتر بۆ دەبێ هەڵوێست و بۆچوونی مرۆڤێک لە هی یەکێکی تر ڕەواترو دروستتر بێت، لە کاتێکدا هەردووکیان وەک یەک مرۆڤن و بیروبۆچوون و هەڵوێست و سوود و قازانجی جیاوازیان هەیە، بۆ دەبێ ئەم لایەنە وەک پێوانە و پێودانگی هەڵسەنگاندن لە بچووکترین شتەوە تاوەکو گەورەترین ڕێکخراوەکانی ژیان و کۆمەڵ دانەنرێت؟! بۆ دەبێ بوترێ مرۆڤێک ڕاستەو ئەوی تریان ناهەقییە؟ بە چ پێودانگێک ئەم بڕیارە دراوە؟

پەرەسەندنی زنجیرە ئاڵقە توند و تۆڵ بەیەکەوە بەستراوەکانی قۆناخە جیاوازەکانی مێژووی کۆمەڵی

مرۆڤایەتی هەر لەو ڕۆژەوە کۆمەڵ پەیدا بووە و خەت و خاڵی داوە، چەند نموونەیەک دەخاتە بەردەست کە تارادەیەک جۆرە ڕەواییەکی ئەم بنەمای ڕێژەیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا ساخ و پشت ڕاست دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە کۆمەڵی قۆناخی دەرەبەگایەتیدا FeudaLsystem کە مەڵبەندە سەرەکییەکەی لادێ و گوندە وەک سیستەم و ڕێژیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵات لە دەرەوەی شار و بازێڕدا بووە، دزی و تۆڵەسەندنەوە، تارادەیەک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پەسەند بووبن و بگرە بە جۆرە چاونەترسی و ئازایەتییەک دانرابن لە قۆناخێکی دواتری پێشکەوتری کۆمەڵدا کە مەڵبەندی دەسەڵات بەرەو شار گوێزراوەتەوە، ئەم دوو کردار و ڕەفتارە خراونەتە نێو خانە و چوارچێوەی کردارێک کە قانوون بە تاوان ناویان دەبات و دەبێ لە دادگا بەپێی چەند بنەمایەکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو -هەر لەلایەن مرۆڤەوە- لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و بکەرەکەش تەواوی ئۆباڵی کارەکەی بگرێتە ئەستۆ!.

سۆفستاییەکان لە مێژووی بیروهزری کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی و لە هزر و بیری شارستانێتی مرۆڤدا بەگشتی سێ خاڵیان هێناوەتە سەر خوانی باسکردن کە تارادەیەکی هەست پێکرا و گۆڕانێکی گەورەیان لە بنەما و بنەڕەتەکانی بیروبۆچوون و دابونەریتی ئەوسای کۆمەڵی یۆناندا بەرپا کردووە:

**یەکەم:** سروشت وەک بابەتێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پشت گوێ خراوە. جارێکی تر سەرنج بۆ لای مرۆڤ و کێشە و بەرەو خۆشی و ناخۆشی ژیانی ڕۆژانەی ڕاکێشراوە. مرۆڤ، تاکە کەس، کراوە بە سەرپشک و مافی ڕەوای ئاغایەتی کردنی لە ژیانی خۆی و ڕێوشوێن و ئۆرگان و دامەزراو و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا وەک بڕیاردەرێک پێی ڕەوا بینراوە.

**دووەم:** بیری مرۆڤ و ژیرخۆشی و ئەو ئەنجامانەی لە بڕیار و بۆچوون و چالاکییەکانیان کەوتوونەتەوە و دەکەونەوە کراون بە کەرەسەی توێژینەوە و ڕەخنەیەکی بابەتیانە بەپێی پێودانگی سەردەمی خۆی لە مەرج و بنەما و توانا و قانوون و سەرەتاکانی ئاکار و سنوورەکانی بیر گیراوە (١٩). بۆچوونەکانی گۆرگیاسی سۆفستایی بەڵگەی گومان هەڵنەگری ئەم ڕایەن.

**سێیەم:** ئەوەی پێوەندی بە کۆمەڵ و کردار و ڕەفتار و ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان و تاکەکەسانەوە هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە مرۆڤی ئاسایی، بۆ یەکەم جار سۆفستاییەکان لە کەشوهەوای ئازادی ئەوسای یۆناندا لە ڕوانگەیەکی ژیر و مەنتیقەوە بە پێودانگی ئەقڵ بەها و قانوون و ڕێ و شوێنی ئاکاریان شەن و کەو کردووە و هەڵسەنگاندووە و هەوڵیان داوە بەپێی هەلومەرجی ئەوسای پەرەسەندنی زانست و فەلسەفە و بیری کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیان و ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی بەسەر ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵەکەیاندا هاتووە و دیار و دەستنیشان بکەن.

شتێکی گومان هەڵنەگرە لە هەموو کات و شوێن و قۆناغ و کۆمەڵێکدا جیاوازی و تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی هەبووە و هەیە و هەر دەشمێنێ، بەڵام ئەو جیاوازییە کە کەسایەتی و تایبەتمەندی و کارەکتەری هەر نەتەوەیەک لە قۆناغ و کات و شوێنی دیاریکراودا دیار و دەستنیشان دەکات، ئەوە ئەمانەش لەلای خۆیانەوە هەر لە نەسەب و ڕەچەڵەک و بنەما و دابونەریتەوە پەیدابوون و کەوتوونەتەوە، بەهیچ جۆرێک بوونی کەسانی خانەدان و بۆرەپیاوو..تاد لە سروشتدا وەک ڕاستی و ڕاستەقینەیەک نە هەیە و نە بە هیچ بەڵگە و نیشان و قەواڵەیەک ئەم بوون و جیاوازییە پشت ڕاست و ساغ دەکرێتەوە.

هەموو مرۆڤێک لە سروشتەوە و سروشت ئاسا ئازاد و سەربەستە، گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرج و ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەم جیاوازییە و پێچەوانەی ئەم بۆچوونە جێبەجێ دەکەن. مرۆڤ لە سروشتەوە هەموو وەک یەکن، یەک جۆر پێداویستیان هەیە و بەهەمان ڕێگاو شێواز دەتوانن پێداویستییەکانیان بەدی بهێنن و جیبەجێی بکەن و بگەنە ئامانج، بۆیە سۆفستاییەکان وتوویانە:

هەموومان بە لووت و دەم هەمان هەوا هەڵدەمژین و پێویستیمان بە هەمان خۆراک هەیە.

هەلومەرجی جیا، شتی جیا دەهێنێتە کایەوە تەنیا کەشوهەوای ئازادی و سەربەستی بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤ دەردەخەن.

سەرچاوەکان:
١- عـمـر، مـعن خليـل، تأريخ الفكر الأجتـمـاعي. منشـورات جامعة بغداد-بلا. ص٩ فما بعد..
٢- عـبدالبـاقي، دكـتـور، زيدان: التـفكيـر الاجتـمـاعي نشـأته وتطوره.ط٣ القاهرة- مكتبة غريب ١٩٨١.ص١٢.
٣- عبدالباقي، دكتور زيدان، نفس المصدر السابق ص١٧.
٤- سيد احمد، دكتور غـريب احمد، تأريخ الفكر الاجتماعي. اسكندرية، دار المعرفة الجامعية ١٩٨٩ص٢١ فما بعد.
٥- عمر، معن عمر. نفس المصدر السابق ص١٠ فما بعد.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥.
٧-القوال، دكـتـور صـلاح مـصـطفى، سـوسـيـولوجـيـا الحـضـارات القديمة. القاهرة-١٩٨٢.ص ١٤٢ وفي اماكن اخرى.
٨- مـتى، دكـتـور كـرم: الفلسـفـة اليـونانيـة. مطبعـة الارشـاد بغداد ١٩٧١،ص٦.
٩- ڤارنتين، بنيامين، العلم الأغـريقي.ت: احمد شكري سالم، القاهرة مكتبة النهضة المصرية ١٩٥٨.ج١.ص١٧.
10- Capelle, Prof.Dr. W.Wilhelm.,Die griechische philosophie.P.I. Auflage.2.Berlin 1971. s.147-148.
١١- ڤـرلز، شـارل، الفلسـفـة اليـونانيـة. ت: تيـسـيـر شـيخ الأرض. بيروت ١٩٨٦.ص١٧.
١٢- سـارتون، جـورج: تطور الفكر السـياسي.ت: حسن جلال العروسي، القاهرة-دار المعارف بمصر ١٩٧١.ص٣١.ج١ط٤.
13-Capelle, Prof.Dr. W.,Ebenda. s.153.
14-Hirschberger, J.,Geschichte der Philosophie. Bd.I komet...s.53.
١٥- افـلاطون: الجـمـهـورية، ت: دكـتـور فـؤاد زكـريا القـاهرة. ك. ص ٤٠٥
١٦- پاركـر، ارنست: النظرية السـيـاسـيـة عند اليـونان/ ت: لويس اسكندر. القاهرة -١٩٦٦. ج ١ ص١١٢.
17- Hirschberger, J., Ebende. s.57.
18- RusseIL, B., Philosophie des Abend Landes. Wien2000. s.qq.
19 Storig, Hans-Joachim., Kleine Weltgeschichte der PhiLosophie. Sttutgart 1961.s167.

# میتۆلۆژیای باوەڕی نەمریی

بەختیار محەمەد

**«لە دوای باوکم هاتووم، ئۆتۆ-نبشتم، من لە ژیان دەگەڕێم.**
**باوکم ، کە چووەتە ناو کۆڕی خوداوەندان**
**هاتووم لە بارەی نهێنییەکانی ژیان و مەرگەوە لێی بپرسم» (١).**

پێدەچێ حاڵەتەکەی گەلگامێش (گەشتەکەی لەپێناو نەمرییدا)، ڕەنگدانەوەی مێژووی حاڵەتی فۆبیای سەرجەم مرۆڤایەتی بێ لە دیاردەی مەرگ.
گوتاری ئەم پاڵەوانە دەگاتە چڵەپۆپەی ژیان، ژیانێکی خوداوەندانە، کاتێک کە دەڵێ: «ئاخۆ من دەتوانم مەرگ بە چاوی خۆم نەبینم، کە لێی دەترسێم و لێی دەتۆقێم؟» (٢). ئەم هەستە لە تەمەنی ژیریی هەمووماندا هەیە: ترس لە مردن. ترس غەریزەیە، بەڵام ڕەهەندێکی شارستانیی گەورەشی هەیە، ئەمە خەسڵەتی ترسی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. تۆقین لە دیاردەیەک لە پاڵ هەستە غەریزییەکە، ڕەهەندی شارستانیشی لە پاڵدا هەیە. لێرەوە هەڵوێستی گەلگامێش لەناو ڕەهەندە غەریزیی و شارستانییەکەدا، ناوکۆیەکی «یا گوتارێکی ئەدەبی» ئەفسانەیی و مێژووییە، بۆ وێناکردن و بەرجەستەکردن و گێڕانەوەی ئەم هەستە، لە ڕاستیدا، ئەگەر ترس فاکتەرێکی سەرهەڵدانی ئیمان «میتافیزیکا» بووبێ، ئەوە هەر ئەم هەستی فۆبیایەش بوو «بە لایەنی کەمی وەک فاکتەرێک» وای کرد، مێژووی ئیمان لە پێناو ڕەتکردنەوەی مەرگدا دەست پێبکا، بۆیە مەرگ(ترس لە مەرگ) هەمیشە ئیمان

دەچەسپێنێ، لێرەوە گەشتەکەی گەلگامێش حەقیقەتی مێژووی ئەم ئیمانە نووسراو و تۆمارکراوەیە.
هۆبز پێی وایە ئەو «هەستەی، کە خەڵک بەرە و ئاشتی دەبا، ترسە لە مردن» (٣).

هەمان ئەم حاڵەتەش لە ژیاننامەی گەلگامێشدا بەدی دەکرێ، کاتێک ئەو لە جەنگ (بە واتای لە هۆکارێکی مەرگ) دەترسێ، ئەم پاڵەوانە بە نەوایەکی پڕ لە بەزین و تۆقینەوە، لەسەرە مەرگی ئەنکیدۆدا بەم هاوڕێیەی دەڵێ:

**«من نەفرەت لێکراوم ئەی هاوڕێکەم،**
**وەک مەرگی ئەو پیاوەش نامرم، کە لە مەیدانی جەنگدا پێکرا.**
**من لە شەڕ دەترسێم، (بەڵام لەسەر جێگاکەم بە زەلیلی دەمرم).**
**ئەی هاوڕێکەم، ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا دەپێکرێ، ئەوە کەسێکی پیرۆزە» (٤).**

گەلگامێش لە ڕێگەی جەنگەوە باس لە مەرگی شکۆمەند دەکا، بێگومان ئەمە بەهایەکی کۆمەڵایەتی پاتریارکییە: ئازایەتی و پیاوەتی لە ڕێگەی جەنگەوە بە دەست دێن، بەڵام گرفتی گەلگامێش ئەوەیە لە مەرگ تۆقیوە. ئەم پاڵەوانە، کە بێهوودە لە نەمریی دەگەڕا، نەدەبوایە شانازیی بە ئاکاری پاتریارکی جەنگ بکا و دژایەتی عەشقی ژن بکا (دواتر بە نموونەیەک دێینە سەر ئەم بابەتەش)، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەو (وەک مرۆڤێکی عاشقە ژیان) لە پێناو نەمرییدا، لە جەنگیش دەترسێ، کەواتە ئەم هەستی ترس لە مردنە، گەلگامێش بەرەو بیرکردنەوە لە ژیانی ئاشتی و وازهێنان لە جەنگ دەبا (٥). بۆیە لە پاشاندا ئەو دەبێتە گەڕیدەیەکی عەوداڵ لە پێناو نەمریدا، ئەو بەهاو خەونەی کە لوتکەی مانای ئاشتییە (بەڵکو فاکتەری داهێنانە) لەناو ژیاندا، ئایا جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، وەک فاکتەرێکی گەورەی بەرهەمهێنانی مەرگ، دژێکی ڕەهای ئاشتی نییە؟ دژ بەو بەهایەی، کە هەموو ئیرادەیەکی خێرخوازانە عەوداڵییەتی «دەیخوازێ»؟ کەواتە لەبەر کلاوڕۆچنەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، ئەگەر ترس لە مەرگ فاکتەرێکە لەپێناو ئاشتیدا، ئەوە هەر ئەم فاکتەرە سەرچاوەی نیگەرانیی و نەخۆشییەکانی ژیانی ڕۆحیی مرۆڤیشە، لەم ڕوانگەیەوە پزیشکێکی هاوچەرخیش «لە هەموو ژیانی خۆیدا قەت وا نەبووە، کە چاوی بە نەخۆشێک کەوتبێ و لە تەمەنی چل ساڵیدا ڕەتیدابێ، ڕەگ و ڕیشەی گرفتەکانی ترس نەبووبێ لە مردن» (٦). بەڵێ، ئا ئەمەیە «تۆقین لە مەرگ» ماهیەتی کاروانی خەباتی گەلگامێش و حەقیقەتی ئاخاوتنەکانی ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییە. بوداش بە هەمان شێوە لەسەرەتادا بە ئەزموونێکی وەهادا تێپەڕیوە، (ئایا ترس لە مەرگ، ئەسڵی هەموو ترسەکانە؟). خولیای بیرۆکەی مەرگ بودا دەکاتە پیاوێکی مەزن لە مێژوودا، کە پاشان ڕێبازێک بۆ ژیان دادەنێ. سەرەتای چیرۆکی فەلسەفە ئایینییە «میتافیزیکییە»کەی بودا بەم شێوەیە دەست پێدەکا: ئەو بە خۆی کوڕە میر بووە، باوکیشی کە پادشا بووە، هەموو ژیانێکی خۆشگوزەرانی دوور لە دەرد و بەڵاو مەینەتی و ترس و ناخۆشی و خۆ پاراستن لە دیتنی هەموو جۆرە دیمەنێک لە پیری و پەککەوتەیی و مەرگ بۆ کوڕەکەی دابین دەکا، بەڵام بودا جارێکیان لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی، کە بۆ مەبەستی ڕاو گەشتێک دەکا، چاوی بە پیرێکی پەککەوتە دەکەوێ، کە ددانی لە دەمدا نەماوە و قژی هەموو سپی بووە و پشتی کۆم بۆتەوە و بەسەر گۆچانەکەی نوشتاوەتەوە و دەلەرزێ. لەو ڕۆژەدا بوو «سیدهارتا- بودا» «حەقیقەتی پیربوونی» ناسی. پاشان سەبارەت بەم ڕووداوە، هەرچەندە پادشا پاسەوانی زیاتری بەگەڵ کوڕەکەی خست، تا چیدیکە دیمەنی لەم چەشنە نەبینێ، بەڵام ئەمجارەش وا ڕێککەوت سیدهارتای میر چاوی بە نەخۆشێک کەوت، کە لە قەراخی ڕێگایەکدا کەوتبوو، بە دەست ئازاری هەموو لەشییەوە دەیناڵاند، لە گەشتی سێیەمیشیدا لاشەی مردوویەکی دیت، لەدوایین جاردا و لە گەشتی چوارەمیدا، نیگای کەوتە سەر ڕەبەنێکی سەر تراشراو، کە بەرگێکی زەردی لەبەردا بوو سواڵی دەکرد، لەو ڕۆژەوە بودا فێر بوو، کە واز لە ژیانی دنیا بهێنێت، ئەو بەخۆی گوتوویەتی: «ژیان دووچاری پیر بوون و مەرگ دەبێ، کوا ئەو هەرێمی ژیانەی، کە نە مەرگ و نە پیربوونی تێدایە؟» (٧). گەشتەکانی بوداش وەک گەشتەکەی گەلگامێش، گەشتن لەپێناو نەمریدا (بە واتای لەپێناو فەلسەفەی میتافیزیکادا). ڕاستییەکەی گەلگامێش وەک حاڵەتی هەموو فۆبیایەک ئەو کاتە لە

مەرگ دەتۆقێ. کە ڕاستەوخۆ بە چاوی خۆی ئەم ئەزموونە لە کەسێکی نزیکی خۆیدا «ئەنکیدۆی هاوڕێیدا» بەدی دەکا، ئەگینا تا ئەو ساتەوەختە ئەو مەرگ بەشتێکی سروشتی لە قەڵەم دەدا(٨). بۆیە ئەو لە ڕێگەی تۆمارکردنی داستانێک،

(کە لە ئەنجامدا لەگەڵ ئەنکیدۆدا داستانەکە تۆمار دەکەن: کوشتنی خمبابای عفریت لە دارستانەکانی هەڤرێستدا...)(٩). دەیەوێ لە لیستی یادی نەمراندا ناوی تۆمار بکرێ. کەسایەتی گەلگامێش لە دوو قۆناغی جیاوازی فیکری «ئەندێشەی» نەمریدا دەژی: قۆناغێک کە قۆناغی داهێنانە، بیر لە نەمریی دەکاتەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی کارێکی داهێنەرانە، قۆناغێکیش قۆناغی داڕووخانە «فۆبیا»لە بەرانبەر مەرگدا، لێرە تۆقین لە مەرگ وا لەم پاڵەوانە دەکا، گەشتە ئەفسانەییەکەی (نزیک بوونەوە لە خوداوەندان) ئەنجام بدا، (گەلگامێش لێرە خەسڵەتی پەیامبەرێکی سەرکێشی هەیە، پەیامبەرێک لە یەسوع بوێرتر و ڕاشکاوترە: داوای نەمریی لە باوکی دەکا)(١٠). بەپێی دەقەکە هەردوو قۆناغەکە قۆناغی داهێنانن، بۆ ناسینی هاوکێشەی ژیان و مەرگ لە چوارچێوەی گرێدانی واقیع بە فیکری میتافیزیکاوە. لە داستانەکەدا بۆ ئەوەی چەمکی نەمریی ببێتە پڕۆژەیەک لە چوارچێوەی لۆژیک و عەقڵدا، (یا لە وێناکردنی عەقڵی میتافیزیکیدا»، گەلگامێش بە کوڕی (وەچەی) خوداوەندان وەسف دەکرێ. «نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو بە خۆی لە ڕەگەزی ماددەی خوداوەندیش دروست بووە): «لەپاش ئەوەی گەلگامێش گووراو خوداوەندی مەزن بە باشی گووراندی، «شەمش»ی ئاسمانیی جوانیی پێ بەخشی و «ئەدد»یش پاڵەوانێتی کردە خەسڵەتی.

**«خوداوەندانی مەزن وێنەی گەلگامێشیان تەواو و کامڵ کرد.**
**درێژی بەژنی یازدە گەز و پانی سینگیشی نۆ بست بوو.**
**دوو لە سێی خوداوەند و سێیەکیشی مرۆیە»(١١).**

لە تەوراتیشدا پایەی مرۆ لە ئاست وێنەی خوداوەندە: مرۆم «وای لێکرد کەمێک نزمتر بێ لە خوداوەندان» «یا لە خودا» (١٢). ئەم حاڵەتە لە وێنەی مەسیحدا دەبێتە حەقیقەتێکی بەرجەستە، یەسوع دەبێتە کاراکتەری ڕاستەقینەی کەلەپووری ئەو نەمرییەی کە گەلگامێش بەر لە (ڕوودانی) مەرگ، نەک لەناو ئەگەری «هەستانەوە»دا داوای دەکرد؛ بەڵام مێژووی ئەم ئیمانەی گەلگامێش لە باوەڕی «هەستانەوەی» مەسیحییەتدا بە باشی بەرجەستە دەبێ، ئایا مەسیحیش (لە باوەڕی سێکوچکەی پیرۆز- «الثالوث المقدس»)دا بەخۆی کوڕی خوداوەند نییە؟ کەواتە ئەو لۆژیک نییە، بە جەستەش هەتا هەتایێ بمرێ، گرنگ ئەوەیە مرۆ لە شکۆمەندیی نەمریی دەگەڕێ، بۆیە لە دەقی قورئانیشدا «ئادەم بریکاری- خەلیفە»خودایە، وشەی «خەلیفە» لە زمانی عەرەبیدا، ئاستێکی بەرزی ئەنتۆلۆژیی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبەخشێ، کەواتە ئادەم جێنشینی خودایە لەسەر زەوی، لە وەرگێڕاوە کوردییەکەی قورئانیشدا، کە مامۆستا هەژار وشەی بریکاری لە بری خەلیفە بەکار هێناوە، لەڕووی مەدلوولە ئاینییەکەی زۆر لە وشەی خەلیفە نزیکە: کەسێک کە جێنشین بێ، بریکاری کەسی یەکەمیشە: «وإذ قال ربك للملائكة إني جاعلُ في الارض خليفةً قالوا اتجعلُ فيها من يفسدُ فيها ويسفك الدماء و نحن نسبح بحمدك ونُقَدس لكَ قال إني اعلم مالاتعلمون» ،بە کوردییەکەی: «ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لەسەر زەمین دیاری بکەم؛ گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپە بکاو خوێن برێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە» (١٣). بێگومان بۆ سەلماندنی گەورەیی جێنشینی خودا، دەبێ فریشتەکانیش کڕنۆشی بۆ ببەن، بۆیە پەروەردگار فەرمان بە فریشتەکان دەکا «...کڕنۆش لەبەردەم ئادەم بەرن، غەیرەز ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد؛ ئەو کە خۆی بەزلتر زانی، سوژدەی نەبرد و سپڵەبوو» (١٤).

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا پرەنسیپێک هەیە: وێنەی مرۆ شکۆمەند دەکرێ، بۆ ئەوەی بگاتە حاڵەتی نەمریی، لە هەموو دەقەکانیشدا مەرجێک بۆ ئەمە بەهای ئەخلاقە (پابەستبوونە بە ئاکار) لە بەرانبەر خوداوەندا، کە لە چەمکی (هەڵوەستی کردەکی) گوناهکردندا بەرجەستە دەبێ: گوناهەکانی گەلگامێش و ئەنکیدۆ و ئادەم و حەوا. مرۆ ئەگەر هەرگیز گوناهی نەکردبایە، نەشدەمرد.

(ئەمە گوتاری میتۆلۆژیای چیرۆکە دێرینەکانی ئیمان و

عەقڵی لاهووتە!). بەم ڕەنگە میتۆلۆژیا تەفسیری ئەخلاقییانەی مەرگ دەکا، ئینجا لێرەوە تەفسیری ئەخلاقییانەش بۆ ژیان دەکا؛ کەواتە خوداوەند تەفسیرێکی ئەخلاقییانەی لەبەرانبەر هەموو جیهاندا هەیە، مرۆش دەبێ ئەو بوونەوەرە ئەخلاقییە بێ، ئینجا بە ویستێکی ئەخلاقییانەش ملکەچی یاسای مەرگ بێ، فەیلەسووفێک دەڵێ: «مەرگ شتێکە کە جێگای متمانە نییە و دەلالەتێکی ئەخلاقی هەیە و...» (١٥) . دەشێ ئەم دەلالەتە ئەخلاقییە لەو گوتانەی گەلگامێش بەدی بکرێ، کە لە بەرانبەر مەرگی ئەنکیدۆدا کردنی، دەشێ هەمان دەلالەتیش «ناوەرۆکی ئەخلاقیش» لەم ئایەتەی قورئان هەڵبهێنجێندرێ، کە دەڵێ: «هەموو کەسێک تامی مردنێ دەچێژێ ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت» (١٦) ، یاخود لەم ئایەتەدا، کە دەڵێ: «ئەدی تۆ ئەوانت نەدی بە هەزاران لەو کەسانەی ترسی مردن وای لێکردن زێدی خۆیان بەجێ بێڵن؟ خوا فەرمانی پێدان: بمرن! لە پاشان زیندووی کردنەوە، خودا سەبارەت بە مەردم چاکە دەکا، بەڵام بەشی زۆری مەردم لە شوکرانە خۆ دەبوێرن» (١٧) ، مەرگی مەسیحیش گەورەترین دەلالەتی ئەخلاقیی هەیە، کاتێک ئەو لە پێناو سڕینەوەی هەموو گوناهەکانی مرۆڤایەتی دەمرێ «لە خاچ دەدرێ» ، ئەمە حەقیقەتێکی نا بەرهەستە، لەسەرووی حەقیقەتە بەرهەستەکانی بوونەوە، (لێرەوە مەرگ دەلالەتە بۆ مەدلوولی نەمریی) ، بەڵکو خوداوەند لە سەرووی هەموو حەقیقەتە ماددییەکان (بوونی ماددی) ، بەشێک لە زانینی ڕەهای خۆی، لە چوارچێوەی وشە پیرۆزەکانیدا، بە حەقیقەتی فانی مرۆ ڕادەگەیەنێ، خوداوەند خەونی مرۆ، ئیرادەی دیاریکراوی مرۆ تەواو دەکا: مرۆی فانی ! بۆیە ئەو وێنەی خۆی لەسەر وێنەی خوداوەند کۆپی دەکا، (دەشێ پاشا ڕەهاکانی وەک گەلگامێش لە مێژوودا، باشترین حاڵەتی پرۆسەی سیاسی ئەم کۆپیکردنە بن، بێگومان لە کەلەپووری ئایینەکانیشدا پادشایان و خەلیفە و ئیمامەکان نوێنەری خوداوەندن لەسەر زەوی) ، لێرەوە ئیمان دەبێتە پردێکی سیاسی لەنێوان دەسەڵاتی خوداوەند و دەسەڵاتی پادشا و فەرمانڕەواکاندا. گوتاری سیاسی ئایینیی دەیەوێ لەسەر بنەمای ئەم ئیمانە، کۆمەڵگە و حکوومەت و دەسەڵات بەڕێوە ببا، ئەم ئیمانە دوورکەوتنەوەیە لەو ئیمانە خۆڕسکەی، کە پاشان گەلگامێش لەپێناو خولیای ژیان و نەمریدا بۆی دەگەڕێتەوە، ئا لێرەوە کە ئیمان دەچێتە ناو سیستەمی سیاسییەوە، بنەمای ئاکاری تاک و کۆمەڵگەش دەبنە بنەمای گوناهکارانە، بەواتای واقیعی مرۆڤایەتی دەکەوێتە بەر شاڵاوی پێناسەی شەڕانگێزیی لە ئاست واقیعی (ئاکاری) بێ هەڵەی میتافیزیکادا، خوداوەند لەئاست شوناسی بێ هەڵەی خۆیدا، شوناسێکی پڕ لە شەڕانگێزیی بەجیهان دەبەخشێ، ئەم جیهانە شەڕانگێزە تەنیا بەویستی (شەریعەت و یاسای) خوداوەند پاک دەبێتەوە، (شەریعەت لێرەوە بەرهەمی واقیعی مێژوویی خۆیەتی) ، ئەمە گوتاری پێغەمبەرانە لەپێناو چاکە و ڕیفۆرمداو ویستی فەرمانڕەوا و پادشایانیشە لەپێناو ستەمی دەسەڵاتی ڕەهادا؛ کەواتە پێغەمبەران دەشێ جەڤەنگی ڕەتکردنەوەی گوناه بن، ئەو گوناهانەی فەرمانڕەوایان و پیاوخراپان ئەنجامی دەدەن؛ بەڵام گرفتەکە ئەوەیە گوناه پێوانەییەکی عەقڵانی بۆ نییە، بەڵکو دەشێ خودی عەقڵ شتێکی گوناه بێ، بۆ نموونە: بەپێوەری یاسای دینەکان، ئازادییەکانی جەستەی ژن (وەک سەرکۆتکردن و خۆ دانەپۆشین) گوناهن، بەڵام عەقڵی زانستیی ئەم سەردەمە هەرگیز ئەمە بە گوناه نازانێ (گوناه لە ڕواڵەتی شتەکاندا نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆک و ناواخنی شتەکاندایە، گوناه گەوهەرە، گەوهەرێکی مرۆییە، گوناه لە ستەمدایە. لە ڕێزنەگرتن و سووکایەتی پێکردن و ناعەدالەتی و کوشتن و بڕیندایە، ڕاستییەکەی گوناه لەو نەزانییەدایە، کە گوناه بەرهەم دەهێنێ...) ، گۆشەنیگای دینی ئەو بەها ئەخلاقییانە بەجەستەی مرۆ دەبەخشێ، کە کۆت و بەندن بۆ خودی دەسەڵاتی عەقڵ، لەڕاستیدا کە چالاکییەکانی جەستە کۆت و بەند دەکرێن، عەقڵیش لە ئاست تەسک بوونەوەی پانتایی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی جەستەدا سەرگەردان دەبێ، لێرەوە لەڕاست مل پێ کەچ کردنی مرۆدا، چەمکی گوناه کاریگەرترین میکانیزمی ئەخلاقییە بۆ ئەم مەبەستە، بەم شێوەیە لەجیهانی کۆندا ئیمان بە ئامرازی ئەخلاق و سیاسەت خۆی بەسەر بیرکردنەوەی مرۆدا دەسەپێنێ، هەمیشە ئیمان لەڕێگەی ئەخلاقەوە بیروباوەڕی ئەخلاقیی و ئایینیی بەر لەخۆی پووچەڵ دەکاتەوە، ئا ئەمە گوتاری شەریعەتی تەورات و هەموو ئایینەکانی دیکەیە لە ئاست کولتووری ئایین و

باوەڕە جیاوازەکانی دیکەدا، کەواتە ئیمان مەسەلەیەکی ئەخلاقییە و پێوەندی بە گوناهکردنەوە هەیە، ئەم ئیمانە لەناو ئایینێکی دیاریکراودا، ڕاسپاردە و سیستەمێکی ئەخلاقی دیاریکراویشی هەیە، ئەمە شەریعەتی ڕەهای خوداوەندە، کە لادان لێی بنچینەی هەموو گوناهەکانە، بەم ڕەنگە دیمەنەکە لە بەهەشتی عەدەندا دەست پێدەکا: مرۆ فەرمانی خودا دەشکێنێ، بۆیە لە نەمریی بێ بەش دەکرێ، ئەمە گەورەترین سزای ئەم گوناهە گەورەیەیە، (دەشێ شکاندنی فەرمانی دەسەڵاتدارانیش ئاکامەکەی مەرگ بێ)– ئەمەش گەورەترین سزایە، کە دەسەڵاتداران بە گوناهکارانی دەبەخشن، وەلێ خوداوەند ئەو کاتە بەخشندەیە، کە ملکەچ بیت، یاسای کتێبە پیرۆزەکان ئەم ئاکار و ویستەیان لە مرۆ (لە بەندەکانی پەروەردگار) دەوێ... قەشە ئۆگۆستین وەک نموونەیەکی توندڕەو لەناو کەلەپووری هزری ئایینییدا پێی وایە «گوناهی مرۆ، کە لە بەهەشتی عەدەندا ڕوویدا، بنچینەی پەککەوتنی کۆمەڵگەیە لە بەدیهێنانی دادپەروەریدا، ئەو کاتەی ئادەم و حەوا لە خودا یاخیبوون، گوناحیش ڕژایە ناو جیهانەوە.

گەورەترین ئاکامی ئەم ڕووداوەش ئەوەبوو، ئێمە توانای بەڕێکردنی ژیانێکمان لە دەست دا، کە لەگەڵ فەرمانی ویستی عەقڵدا بگونجێ، لەکاتێکدا لە پێش ئەم ڕووداوەدا عەقڵ دەیتوانی بەڕاڕەوێکی ئەخلاقی مل بە شەهوەت کەچ بکا، بەر لە گوناهکردن ئادەم و حەوا، وەک کە ئان پاچلز Anne pogels وەسفی ئەمە دەکا کۆنترۆڵی عەقڵیان لەسەر پرۆسەی زۆربوون هەبوو، بە واتای کۆئەندامی سێکسیش وەک کۆئەندامەکانی دیکەی لەش، دەکرا بە ویست لە پرۆسەی زاووزێ کردن دوور بخرێتەوە و دابمرکێندرێتەوە، بەڵام لەپاش گوناهکرندا ئێمە توانای ئەوەمان نەما، کۆنترۆڵ و ئاڕاستەی غەریزەی سێکسیمان بکەین و ملی پێ کەچ بکەین بۆ دەسەڵاتێکی ئەخلاقی ئەوتۆ، کە دەسەڵاتی عەقڵ بەڕێوەی دەبا »(١٨).

هەمان ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییە سێکسییەش بەشێوەیەک لەشێوەکان لە دەقی گەلگامێشدا، دەربڕین لە چەمکی گوناه دەکا، کە لە پرەنسیپی کاری فریودااندا خۆی دەنوێنێ، (وەک دەزانین پرەنسیپی گوناهکردن لەتەوراتیشدا، ئاکاری فریودان و فریوخواردنە) چیرۆکەکە لە داستانەکەدا بەم شێوەیە دەست پێدەکا: لە پاش ئەوەی ئەنکیدۆ و گەلگامێش لە گەشتە سەرەڕۆییەکەیاندا بەسەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان (کوشتنی خمبابای عفریت و پاسەوانی دارستانەکان)، عەشتاری خودا ژن داوای خۆشەویستی لەم پاڵەوانە دەگمەنە (گەلگامێش) دەکا، بەڵام ئەم بە بیانووی خەسڵەتی فریوەدەرانەی عەشتار ئەم عەشقە ڕەتدەکاتەوە. (گوایا خودا ژن عاشقەکانی زۆرن، ئەو بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە سەر پیاوێکی دیکە).

بۆیە لە ئەنجامی ئەمە عەشتار لای خوداوەندی گەورە (ئانۆی باوکی) سکاڵا لە گەلگامێش دەکا و لە تۆڵەی ئەمە داوای خوڵقاندنی «گای ئاسمانیی» لە باوکی دەکا، تا بەمەبەستی سزادانی بۆی دابەزێنێ، وەلێ لەم ساتەوەختەدا باوکیشی عەشتار تاوانبار دەکا و پێی دەڵێ:«ئەدی تۆ سەبەب نەبوویت و شەڕت بە گەلگامێش نەفرۆشت؟...»(١٩)، بەڵام گەلگامێش و ئەنکیدۆ گایەکە دەکوژن و ئەمە زیاتر عەشتار تووڕە دەکا( لێرە دەشێ «ویستی ئازادانەی» ژن تاوانبار بکرێ و ڕەتبکرێتەوە، لەم پێناوەشدا پیاو جەنگ هەڵدەگیرسێنێ، تۆ لەم دەقەدا هەرگیز نابینیت ژن پیاو تاوانبار بکا، بەڵکو تەنیا پیاو ژن تاوانبار دەکا. ئەمە واقیعێکە دەلالەت لە هیچ نەکا، دەلالەت لە دەسەڵاتی پیاو دەکا، ئەم واقیعە بە تەواویی لە گوتاری ئیمانی تەوراتدا بەرجەستە دەبێ، ئەلێرەدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێ، کە سێکس تاوانبار دەکا، ئەم تاوانبارکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ژن: ژن ئەو ئامرازە سێکسییەیە، کە فریو دەدا، لێرەوە ئەخلاقی پارتریارکی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دادەڕێژێ، ئەخلاق لەم یاسایانەدا، تاوانبارکردنی تاکە، کە ئازاد بێ، ئەم تاکە لە بنەڕەتدا بەدەر لە ڕەگەزی ژن هیچ کەسێکی دیکە نییە، لەڕاستیدا لەمەودوا ژن پاسەوانی جیهانی ئەو ئەخلاقەیە، کە پیاو دروستی کردووە، بۆیە پیاو لەمەودوا پێناسەی جیهانی واقیعیش دەکا، لەسەر بنەمای ئەم، جیهانە ئەخلاقییەدا، بەهای کۆمەڵایەتی ئەم جیهانەش بریتییە لەوەی، کە ژن بوونەوەرێکی ئەخلاقی ترسناک بێ و ئینجا لێرەوە لە زەمەن و شوێنە کۆمەڵایەتییە داخراوەکاندا بەند بکرێ، کەواتە لێرە ژن کائینێکی ئەفسانەیی ئەخلاقییە و هەڕەشە لە ئارامیی هەموو

جیهان دەکا، ئەمە ناوەڕۆکی ململانێیەکەی نێوان گەلگامێش و عەشتارە، غروری دەسەڵاتی ئەم پاڵەوانە، چیدیکە ئیرادەی ئازادانەی عەشتار قبووڵ ناکا، ئەو سووکایەتی بە خوایەک دەکا، کە هێمای عەشقە، لێرەوە فەلسەفەی کولتووری پاتریارکی لەوەتەی دەسەڵاتی هەیە، عەشق لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا قەدەغە دەکا، تەنیا یەک نەریت و بەهای شەرعی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا دەمێنێتەوە: ژن یا دەبێتە کەنیزەک و لەشفرۆش، یان پیاو دەتوانێ چەند ژنێک بهێنێ، کەچی ژن هەمیشە موڵکێکی زەلیلی پیاوە و تاوانبار دەکرێ، لە ئەنجامدا ئەو، ئەو ئامرازە سێکسییەیە، کە دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ، ئا ئەمە حیکمەتێکی دزێوی دەسەڵاتی ماددی پیاوە، پیاو نرخی ماددی بۆ ژن داناوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکا، ئینجا ئەگەر نەشیتوانی کۆنترۆڵی بکا، ئەوە بەتاوانی بەدڕەوشتیی تاوانباری دەکا، دەشێ لێرەوە بێ گەلگامێش بەرگەی دەسەڵاتی عەشتار نەگرێ و بەمەکرباز و فریودەری دابنێ و تاوانباری بکا...)، ئەم حاڵەتی تاوان فرۆشتنە بەژن، تا ئەمڕۆش سەرچاوەی ئەو عەقڵییەتەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە ئەخلاقی کۆمەڵگە بەشەرەف و نامووسی ژن دەبەستێتەوە، ئەمەش گوایا ئارامیی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ، هەمیشە ئەو بۆچوونە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، کە ژن تەنیا کەسایەتییەکی ئەخلاقییە و هیچی تر، ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە، کە ژن بەشایستەی ئازادیی نازانێ و لێرەوە لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە تەقلیدییەدا ژن تاوانبار دەکرێ، بەم ڕەنگە گەلگامێش ئەخلاقیانە عەشتار تاوانبار دەکا، با بڕوانینە ئەم گفتوگۆیەی نێوان هەردوو لایان: عەشتار ئازادە و دەتوانێ دەستپێشخەری مەیلی عەشقی خۆی بکا و بڵێ (دەمێکە ئەم مافە وەک شتێکی ناحەزی ئەخلاقیی لە ژن ستاندراوەتەوە):

**«وەرە ئەی گەلگامێش، تۆ ئەو دڵدارەم بە، کە هەڵمبژاردووی.**

**لەبەری «تۆوی» خۆتم پێ ببەخشە، تاچێژی لێ وەرگرم.**

**تۆ ببە بە مێردم و منیش دەبمە ژنت.**

......................».

ئینجا گەلگامێش زاری کردەوە و وەڵامی عەشتاری شکۆداری دایەوە: **«من لەسەرمە چیت پێ ببەخشم، ئەگەر بتکەمە هاوسەرم؟**

**ئایا قەڵەویی و پۆشاک بە لەشت ببەخشم؟**

**یانیش نان و خواردەمەنیت پێشکەش بکەم؟**

**ئایا چ خواردن و خواردنەوەیەکت پێ ببەخشم، کە شایستەی سیفەتی خودایەتی و پادشایەتی بێ؟ من چ خێر و خۆشییەک لەوە دەبینم، ئەگەر بتکەمە هاوسەرم؟**

**تۆ !تۆ هیچ نیت جگە لەو ئاگردانەی، کە ئاگرەکەی لە سەرمادا دادەمرکێتەوە، تۆ وەک ئەو دەرگایەی پشتەوەی، کە نەبا و نە ڕەشەبا ناگێڕێتەوە، تۆ کۆشکێکی، کە پاڵەوانەکان لە ناویدا تێکدەشێن.**

..................

**تۆ کامە عاشقی خۆت بەبەردەوامی خۆشویستووە؟**

**٢٠»**

......................»

هەمان ئەم حاڵەتی فریودانە لە کەسایەتی ئەو ژنە سۆزانییەشدا بەدەردەکەوێ، کە باوکی ڕاوچییەکە پێشنیاز دەکا لەگەڵ کوڕەکەیدا (پاش ئەوەی گەلگامێش ئاگادار دەکەنەوە) بچن، تا ئەنکیدۆ فریودەن و ڕازی بکەن واز لە ژیانی دەشت و کێو بهێنێ و بێتە ناو ژیانی شارەوە. (لێرە ژن دەبێتە ئامرازێکی سێکسی بۆ ئەم مەبەستی فریودانە «ئەنکیدۆ شەش ڕۆژ و حەوت شەو، لەگەڵ سۆزانییەکە دەخەوێ»...پاشان ئەم ڕەهەندە لە عەقڵی پاتریارکی تەوراتدا، دەبێتە هۆی تابۆکردنی سێکس لە دەرەوەی سیستەمی هاوسەرگیریدا، چەمکی زینا لە دە ڕاسپاردەکەدا ئەم دەلالەتەی هەیە، بەم بۆنەیەوە شایانی باسە بڵێم: لە خشتەیەکی بواری ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆزدا، لە برگەیەکدا، کە باسی هۆشعی پێغەمبەر دەکا دەڵێ: «سەرکۆنەی بەنی ئیسرائیلی کرد، چونکە ئەوان لە بەرانبەر خودادا هەڵەیان کرد، هەروەک چۆن ژنێکی زیناکەر دژی مێردەکەی هەڵە دەکا»...»(٢٢)

بەهەر حاڵ ژنە سۆزانییەکە لەسەرەتاوە ڕاسپێردراوە، بەدەرخستنی جوانیی جەستە و ڕووتکردنەوەی مەمک و ناوگەلی، ئەنکیدۆ دەورووژێنێ و فریوی دەدا.. وەلێ ئەنکیدۆ لەسەرە مەرگدا بێزاری خۆی لەم ژیانە نوێیە دەردەبڕی، بۆیە نەفرەت لە ژنە سۆزانییەکە دەکا، لێرە

«شەمش-خۆر» وەک خودای ڕاستیی و دادپەروەریی بەرگریی لە هەڵویستی ژنەکە دەکا و (وەک هەمان حاڵەتەکەی عەشتار) بە ئەنکیدۆ دەڵێ: بەدنمەک مەبە، ئەو فێری خەسڵەتەکانی ژیانی شارستانییەتی کردی، ئینجا ئەنکیدۆ لەم هەڵوێستە سەلبییەی بەرانبەر بە ژنەکە پەشیمان دەبێتەوە.. تۆ بڵێی ئەم پاشخانە ئاکارییە، کە لە چەمکی فریودانداخۆی دەنوێنێ، سەرچاوەی چەمکی گوناهی گەورە نەبێ لە کتێبی پیرۆزدا، لەکاتێکدا لێرەش، کە چەمکی فریودان پرەنسیپی گوناهە؟ لە هەردوو دەقەکەشدا ژن کاراکتەری سەرەکی گوناهکردنە (ئەو گوناهەیە، کە): پیاو فریو دەدا؛ بەڵام پێدەچێ لە دەقی گەلگامێشدا هێشتا ژن لە سروشتدا هێزێکی مرۆیی پێ مابێ. هێشتا ئەو ڕەگەز و ویستێکی بنەڕەتی بیری میتافیزیکیی جیهانی کۆنە. هێشتا ئەو ڕەمزە بۆ دەسەڵاتی لاهووت و بۆ ئیمانی پاڵەوانەکان، هێشتا ئەو دەتوانێ بەرگریی لەخۆی بکا لە ئاست تاوان و گوناه ، بەپێچەوانەی کتێبی پیرۆزەوە، کە هەر لە سەرەتاوە دەتوانم بڵێم، ژن لەوێدا نوقمی ناو گوناه و شەڕانگێزی بووە، ئەگەرچی لە قۆناغێکی مێژووی تەوراتدا، پێغەمبەرە ژن هەڵدەکەون، نموونەی خەلوەی پێغەمبەرە ژن، بەڵام ئەمە (سەرباری ئەوەی حاڵەتێکی دەگمەنە) هیچ لەو پرەنسیپەی شەریعەتی تەورات ناگۆڕێ، کە ژن پرەنسیپی یەکەمی گوناهە (گوناهی گەورە کردەی یەکەم ژنە!)، ئێمە دەبێ لێرەدا بزانین، ڕەهەندی گوناهکردن، تەوەری هەرە سەرەکی گوتاری ئیمانی تەوراتە، گوناه :پێوەرە بۆ لە بێژینگدانی مێژووی ژیانی بەنی ئیسرائیل، گوناه هەموو ئەو شتە خراپانەیە، کە پڕۆژەی (شەریعەتی نوێی) یەهوە ڕەتی دەکاتەوە، لێرەوە گوناه بوو مرۆی لە نەمریی بێبەش کرد، گوناهیشە سەرەتای هەموو شکستەکانی گەلی ئیسرائیل، ئەم سەرەتای گوناهە لە دەقی گەلگامێشیشدا بەدی دەکرێ (تاوانی کوشتنە ناعەقڵانییەکە)، بەڵام لەوێدا وەک لە تەورات هەیە، نەبۆتە پێوەرێکی ئەخلاقیی باڵا بۆ دیاریکردنی هەموو ڕەوشتێکی تاک و کۆمەڵ، دەقی گەلگامێش باس لە مێژووی پەرەستاندنی کۆمەڵگە ناکا، بۆیە ڕۆحی یاسای ئەخلاقیش لەوێ کزترە، هەرچی لە تەوراتە مێژووی گۆڕانی کۆمەڵگە لە بەها ئەخلاقییەکانەوە دەست پێدەکا، هەر دە ڕاسپاردەکەی ئەم دەقە، پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەو بەها ئەخلاقیانەن، ڕاستییەکەی لە دەقی داستانەکەدا پاڵەوانەکان بەر لە هەر کێشەیەک، کێشەی مەرگیان هەیە، لەم دەقەدا گوناه دەروازەیە بۆ ناسینی فەلسەفەی مەرگ، وەلێ لە تەوراتدا سەرباری ئەم حاڵەتە، چەمکی گوناه دەروازەیەکی گەورەی ئەخلاقییە بۆ شوناسی نوێی گەلێک: ئەم شوناسە هەر لایەنی ئەنتۆلۆژیا ناگرێتەوە، بەڵکو شوناسێکە بە ئیمانێکی نوێ و واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێوە، لێرەوە ئیمان لە تەوراتدا دەستوورێکی سیاسی و سیستەمێکی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیشە. ئەم ڕەهەندە مێژووییە هەرگیز لە دەقی گەلگامێشدا بەدی ناکرێ (ڕەنگە فاکتەرێکی ئەمە ئەوە بێ، کە گەلگامێش دەقێکی شیعرییە)، لەم دەقەدا گوتاری ئیرادەی مرۆ لە ساتەوەختی فۆبیادا گیری خواردووە، ئەم دەقە (شیعرییە) هەوڵێکی ئەفسانەییە بۆ بەدەست هێنانی نەمریی؛ بۆیە لە جیهانی خەوندا هەموو شتەکان یەکلا دەبنەوە و مەرگ لای ئەنکیدۆ دەبێتە هۆشیارییەکی شارستانییش. ئەم پاڵەوانە لە خەونە ناخۆشەکەیدا بە گەلگامێش دەڵێ: «ئەی هاوڕێم، شەوی ڕابردوو خەونێکی چەند سەیرم دیت! لەم خەونەدا «ئانۆ»و «ئەنلیل»و«ئیا»و شەمشی ئاسمانیی کۆبووبوونەوە و لەنێوان خۆیاندا مشتومڕیان بوو.

ئانۆ بە ئەنلیلی دەگوت: «ئەوان لەبەرئەوەی گای ئاسمانیی و خمبابای عفریتیان کوشت، بۆیە بە مردن سزای ئەوەیان دەدرێ، کە لە چیاکاندا دەرختی هەڤرێستی دەبڕیەوە».

بەڵام ئەنلیل وەڵامی دایەوە و پێی گوت «ئەوە ئەنکیدۆ دەمرێ، بەڵام گەلگامێش نامرێ». ئینجا شەمشی ئاسمانیی هاتە قسە و وەڵامی ئەنلیلی پاڵەوانی دایەوە و گوتی: «ئایا ئەوان بە فەرمانی من نەبوو، خمبابا و گای ئاسمانییان کوشت؟ بۆچی ئەنکیدۆ بمرێ، ئەو بێ تاوانە»؟ ئەنلیلۆ بە تووڕەیی ئاوڕێکی لە شەمشی ئاسمانیی دایەوە و پێی گوت: «چییە؟ هەر لەبەر ئەوەی ڕۆژانە خۆتیان نیشان دەدەی خەریکە دەبیتە یەکێک لەوان!» (٢٣) لەم دەقەدا ڕووداوی تۆفانیش بەرهەمی گوناهە؛ وەک چۆن لە تەوراتیشدا (هەمان ئەم چیرۆکی تۆفانە وەک پەند و عیبرەت دەگێڕدرێتەوە) و هەموو ڕووداوە تراژیدییەکان بەرهەمی گوناهن، بەم ڕەنگە

خـوداوەندان سـزای گـوناهکاران دەدەن: سـەرەتای ئەو گوناهانەی لە دەقی گـەلگامێـشـدا هەن (وەک پێـشـتـر ئامـاژەمـان پێکرد) کـاری گـوناهە نادیارەکـان و کـاری کوشتنێکی ناواقیعیی و ناعەقلانین (کوشتنی بوونەوەرە ئەفـسـانەییـەکـان)، وەلێ لە تەوراتدا سـەرەتای هەمـوو گـوناهەکـــان، یاخی بـوون و هاوبەش پەیداکــردنە بۆ پەروەردگــاری ئیـســرائیـل، لەم ڕوانگەیەوە بە نموونە دەڵێین: تەوەری سەرەکی ڕووداوەکانی ناو هەردوو سفری پادشایانی یەکەم و دووەم، ململانێیەکی تاڵ و توندە لە نێوان پەروەردگاری ئیسرائیل و بتەکاندا، یەهوە دان بەوە دادەنێ، کـە بتـەکـان هێـشـتـا لەناو گەلی (هەر دوازدە تیـرەکـەی) ئیـسـرائیلدا دەسـەڵاتیـان هەیە، بەڵام ئەو هەمیشە لەڕێگەی لێ پێچینەوە و سزادانی گەلەکەیەوە، بتـەکـان دەردەکـا، ئەو گەلی ئیـسـرائیلی تەنیـا بۆ خـۆی دەوێ، هیچ هاوبەشێـک بۆ خـۆی قـبـووڵ نـاکـا، ئەمـەیە پاسـاوی ڕەهەندی مـێـژوویی سـەرکـەوتنی بیـری یەکـتـا پەرستی: «لە پاش مـردنی ئەخـئـاب، مـوئابیـیـەکـان لە ئیــســرائیـل هەڵگەڕانەوە، ئەخـزیاش لە کـولانـەیەکی بەرزایی کۆشکەکەی لە سامیـرەدا کـەوتە خـوارەوە و بە خـراپی بریندار بوو. هەسـتـا پوخـتـە نێـردراوی خـۆی بۆ پەرستگەی بەعل زەبووبی خودای عەقروون هەنارد وپێی گــوتـن «بڕۆن و لێی بپــرسن داخــۆ برینەکــانم چاک دەبنەوە؟» ئەوجا فـریشـتـەی پەروەردگـاریش بە ئیلیـای ئەلتەشبیی گوت «هەستە و بڕۆ بزانە چاوت بەنێردراوانی پادشای سامیرە بکەوێ و پێیان بڵێ: ئاخۆ لەبەر ئەوەی هیچ خـوایەک لە ئیـسـرائیلدا نەبوو، ئێوە دەچن پرس بە بەعـل زەبووبی خـودای عـەقـروون دەکـەن؟ لەبەرئەوەی پەروەردگــار دەڵێ: ئەو قــەرەوێڵــەیەی ئەو لەســەری ڕاکـشـاوە، جـارێکی دیکە لەسـەری هەڵناسـتـێـتـەوە و بەمسـۆگەریش دەمرێ» (٢٤). دەسا ئەمـەیە ماهیـیـەتی عـەدالـەتی خوداوەند «خـوداوەندان»! حـاڵـەتە دژەکـان لە ئیرادەی ئەودا هەن: نەرمیی و میـهرەبانیی و توندوتیژیی و تۆڵە ئەسـتـێن، ڕزگـارکـەر و وێرانکەر، لێـبـوردە و نالێـبوردە و...ئەم ئیـرادەیە هەڵگری حـاڵـەتە دژەکـانی هەموو کۆمەڵگەیە، هەڵگری دوو مێژووی جیـاوازیشـە، هەڵگری ئەو دوو مێـژووەیە، کە مێژوویەک مێژووەکەی دیکە ڕەتدەکـاتەوە، گەلی ئیـسـرائیل نەیتـوانیـوە لەنێوان ئەو دوو سـەردەمـە مـێـژوویـیـەدا خـۆی یەکـلا بکـاتەوە، ئیلیـای پەیامبـەر بە گـوتارێکی ڕادیکالانە بە گەل دەڵێ: «هەتا کـەی ئێـوە لەنێـوان هەردوو دەسـتـەدا پەت پەتێن دەکەن و وەها دەمێننەوە؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە ئەوە وەدوای ئەو کـەون، ئەگـەریش بەعل خـودایە ئەوە وەدوای ئەو کەون» (٢٥)

لەمـەوە بە دەردەکەوێ پرەنسـیپە نـوێیـەکانی شۆڕش و باوەڕی نـوێ، وەها بە ئاسـانی جـێگەی خـۆیان ناکـەنەوە لەناو کـولتـووری ڕەگ داکوتاوی باوی کـۆمـەڵگەدا، بۆیە هەمــیــشــە گــەلی ئیــســرائیـل لە پاڵ ئاییـنی نـوێ و پەروەردگـاری نوێیـاندا، توند دەسـتیـان بە ئاییـنی کۆن و خـوداوەندە کـۆنەکـانیـانەوە دەگـرن، ئەم حـاڵـەتە لەسـەر دەسـتی پادشـایەکـاندا بەتەواویی بەرجەسـتـە دەبێ و بە باشی بەڕێوە دەچێت. پاشایە فەرمانڕەوایەکان ناتوانن بە تەواوی دڵسـۆزبن بۆ واقـیـعی شـۆڕش «ئیـمـانی» نوێ، یەهوە هەمیشە لەمە ئاگاداری گەلی ئیسرائیل دەکاتەوە و هەڕەشـە لە خـەڵـک و پادشـایە گـوناهکارەکـان دەکـا، ڕاسـتـیـیـەکـەی ئاییـنی نوێ لە سـاتەوەخـتی شـەڕێکی قـورسـدایە؛ شـەڕی ئەو بۆ پێناسـەکـردنەوەی جـارێکی دیکەی چەمکە ئاکـارییـەکـانی جیـهـان و بیناکـردنەوەی کــۆمــەڵگەیەکی بێ گــوناهە لەبەرانبــەر واقــیــعی کۆمـەڵگەیەکی پڕ لە گوناهدا، ئەم کۆمـەڵگە بێ گـوناهە بینا دەکـرێ و ڕێکدەخـرێ لەلایەن ئیـرادەیەکی ڕەهای خــوداوەندێکەوە، جــەنگی ئەم ئیــرادەیە، جــەنگە بۆ یەکخـستـنی هۆشیـاریی دینیی کۆمـەڵگە. لە ڕاسـتیـدا گـوتاری یەهوە گـوتاری گـەلێکە «چەند تیـرەیەکـە»، کـە دەیەوێ لە چوارچێـوەی دەسـەڵاتێک و کـۆمـەڵگەیەکی ڕێکخـراودا یەکبگرێ، بەنی ئیـسـرائیل لەسـەر سـەکـۆی بەردەرگای ئەم ساتەوەختە مێژووییە ناسکەدا، دەیانەوێ بچنە ناو مــێــژوویێکی نوێوە. ئەم مــێــژووە لەگــەڵ دەرکـەوتنی مـووسـاو شـەریعـەتەکـەی و ڕووداوی مـەزنی سـفـری دەرچوون «الخروج»دا دەست پێـدەکـا، ئا ئەمـە پرەنسیپی ململانێی یەهوەیە لەگەڵ خوداوەندانی دیکەدا. هەر ئەمـەش تەوەری دەلالەتە ئاکـارییـەکـەی ناو چەمکی گــوناهە، لە ژیانی نەتەوەیەکی دەرکــەوتوودا، کــە شـارسـتـانیـیـەتێکی دیکەی نوێ لە فـەلسـەفـەی ئیـمـان دادامـەزرێنێ، لێـرەوە کـولتـووری ئەم مـێـژووە نوێیـە، کولتووری فەلسەفەی ئەخلاقیی ئیمانی یەکتا پەرستییە، جـوولەکـەکـان ئێـسـتـا وا ئەم مـێـژووە بەرهەم دەهێنن.

ڕاستییەکەی گەشەکردنی چەمکی گوناهە، لە ژیانی ڕۆحیی ئەو ساتەوەختەی جوولەکەکاندا، دەلالەت لە دەسەلاتی سەنترالیزمی «یەهوە» تاکە خوایەک دەکا. ئەم دەسەلاتە جیهان دەکاتە نەخشەیەکی ئەخلاقیی لەنێوان گوناهکار و بێ گوناهدا؛ لەنێوان جیهانبینییەکی کۆن و جیهانبینییەکی نوێی لاهووتیانە بۆ دەسەلاتی میتافیزیکا، لێرەوە ئایینی نوێ پرەنسیپی (بەرنامەی) ئەو شۆڕشەیە، کە مووسا ڕابەرایەتی دەکاو گەلی ئیسرائیل لەسەر شانۆی مێژوو بەرهەم دەهێنێ، شەریعەتی مووسا مانیفێستی ئەم شۆڕشەیە، هەر لادانێک لەم شەریعەتە، بە واتای لادانە لە پرەنسیپەکانی ئەم شۆڕشە و ئەم مێژووە نوێیە، کە گەلی جوولەکە لەسەریەتی بەرهەمی بهێنێ، بۆیە یەهوە لەم پێناوەدا، گەلی ئیسرائیل بە گەلی هەڵبژاردەی خۆی لە قەڵەم دەدا، بەڵام ئیسرائیلییەکان لە یاخی بوون و گوناهکردن بەردەوامن: یاخی بوون و گوناهەکانی سلێمان لەبەرانبەر بڕیار و شەریعەتی پەروەردگاردا، دەبنە هۆی پشێوی لە کۆمەڵگاداو دابەشبوونی شانشینی «مەملەکەتی» ئیسرائیل، پەروەردگار، کە پێشتر «سلێمان»ی ئاگادارکردبۆوە، ئێستا لە هەڵەکانی دەپرسێتەوە و سزای دەدا.

هەمموو ڕاستییەکانیش بەچاوی دادەداتەوە و پێی دەڵێ :«چونکە تۆ لەڕێی من لاتدا و پەیمانت شکاندم و تاعەتی ئەو فەریزانەشت نەکردم، کە پێم ڕاسپاردبووی، منیش بەمسۆگەریی تەخت و تاراجی مەملەکەتەکەت تەرت و وێران دەکەم و بە یەکێک لە بەندەکانتی دەبەخشم، وەلێ من ئێستا لەبەرخاتری داودی باوکت ئەم کارە ناکەم، بەڵکو لە بەردەستی کوڕەکەتدا پارچە پارچەی دەکەم و تەنیا تیرەیەکیشی بۆ دەهێڵمەوە ببێتە پادشایان، ئەمەش وەک ڕێزگرتنێک بۆ داودی بەندەی موخلیسم و لە پێناو ئەو ئۆرشەلیمەی، کە بۆ خۆم هەڵمبژاردووە» (٢٦). بێگومان تاوانەکانی سلێمان لە گۆشەنیگای یەهوەوە، تاوانی گەورەن، ئەو تاوانانەی، کە دەشێ واقیعی جیهانێکی نوێ لەبار ببەن، سلێمان ئێستا ژیان و سیستەمێکی گەندەڵ بەڕێوە دەبا، کە هەرگیز لەگەڵ ئاکاری خێرخوازانەی «شەریعەتی» یەهوەدا نایێتەوە، ئەو ئاکارەی، کە پڕە لە پەیمان و دادپەروەریی، ئەو «حەوت سەد ژن و پێنج سەد کەنیزەکی» لە نەتەوە بتپەرستەکان هێنابوو و «هێواش هێواشیش دەستی بە پەرستنی عەشتارۆتی خودا ژنی سەیدۆنییەکان و مەلکومی خودای دزێوی عەمۆنییەکان کرد، خراپەی زۆریشی لەبەرچاوی پەروەردگاردا نواند، وەک داودی باوکیشی بە تەواویی لە بۆ خودا نەدەسوڵحا...» (٢٧).

لێرە مەسەلەکە (بەپێوانەی ژیانی سیاسی ئەمڕۆ) کاڵ بوونەوەی بەها بنچینەییەکانی شۆڕشە، لە باوەڕو ڕەوشت و سیستەمی حوکمی سلێماندا (هەمیشە لە واقیعی ئەم سەردەمەشدا، شۆڕشگێڕە خێرخوازەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ فەرمانڕەوایانی گەندەڵن، **شۆڕشگێڕەکان کە لەپێناو ڕەتکردنەوەی ستەمدا جەنگاون، ئەمڕۆ ئەوانیش وەک ستەمکارانی دوێنێ ستەم لە خەڵک دەکەن. ئەمڕۆ ئەمە واقیعی ئاکامی هەموو شۆڕشەکانە لە جیهانی نادیموکراسییانەی ئێمەدا،** بۆیەش لەم جیهانە نادیموکراسیی و بەد ڕەوشتەی ئێمەدا هێندەی کودەتا هەن، شۆڕش بەو مانا تەقلیدییەی کە هەموومان دەیناسین بەرپا نابێ، هێندەی ئەم کودەتایانە واقیع خراپتر دەکەن، شۆڕشی ڕاستەقینە بەرپا نابن بۆ باشترکردنی ئەم واقیعە نەخۆش و داتەپیوانەی ئێمە، ئەگەر شۆڕش و کودەتاش نەبن، ئەوە دیاردەی میراتی دەسەلات ، خەسڵەتی سیاسی ئەم جیهانەی ئێمەیە لێرەوەش جیهانی ئێمە مۆڵگەی ژیانی دیکتاتۆرە گەندەڵەکانە)، ئێستا پەروەردگار لەڕاست دەسەلاتی گەندەڵی سلێمان و کوڕەکەی لە پشت گەلە، کاتێک «ڕەحوبعام ڕەتیکردەوە وەلامی داخوازییەکانی گەل بداتەوە. ئەمەش هەر لە پەروەردگارەوە بوو، تا ئەو قسانەی خۆی جێبەجێ بکا، کە لەسەر زاری ئەخیای شیلۆنیی لە بارەی یەروبعامی کوڕی نەبات کردبوونی. هەر کە هەموو بەنی ئیسرائیلیش دیتیان پادشا وەلامی داخوازییەکانیان ناداتەوە، ئەوانیش لە وەلامدا گوتیان: «چ نسیبێکمان لای داود هەبوو و چ بەختێکیشمان لە کن کوڕی یەسیی هەبوو؟ دەسا ئەی ئیسرائیلییەکان بۆ ماڵەکانتان تێی تەقێن. با ڕەحوبعامیش بۆ خۆی هەر ببێتە پادشای کەسوکار و هۆزەکەی خۆی..» (٢٨)، ئەم میکانیزمە دژوارە لە ویستی پەروەردگاردا، بۆ بەخشینی فەلسەفەیەکی ئەخلاقییە، بەو واقیعە پڕ لە ناکۆکییەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە؛ ئەگەر پەروەردکار کاراکتەرێکی وەها دژدار نەبێ لە نێوان هەڵوێستە لێکدژەکاندا،

ئیمـــانیش لەناو واقـیـع و زەینی ئیمــانداراندا دەشێ پاساوی ڕەوایەتی خۆی لە دەست بدا.

ئەمە فەلسەفەی ئەخلاقیی گوتاری ئایینە: گوناهـ هەیە و سـزادان هەیە و سـتـەمکاران زۆرن و بەخـشین هەیە و خـوداوەند لە پێناو نەهێـشـتنی گـوناهەدا شـار و وڵاتان وێران دەکـا و وەک ئامـرازێکیش ئیش بە سـتـەمکاران دەکا. ئا ئەمە کولتووری پرەنسیپی چەمکەکانی خێر و شەڕە لە فەلسەفەی ئەخلاقیی ئایینەکاندا. دەبێ بزانین ئەم ئەخلاقـە، ئەخـلاقـێکی جـەبرییـە و تاسـەر مـرۆ بە بوونەوەرێکی گـوناهبار و شەڕانگێز دەناسێنێ. ئا ئەمە سەرچاوەی گـومـانی ئیـمـانی هەتاهەتایی ئیـمـاندارانە. ئیماندار هەمیشە گومانی هەیە لە ڕزگاربوون و دەترسێ لە ڕزگارنەبوون. بەم ڕەنگەش لە ڕاستیدا ئیماندار، کە لە مردن دەترسێ، یەقینی نییە و لە ڕزگاربوون دەترسێ. دەشێ هەموو ئیماندارەکانیش، لە هەندێک ساتەوەختی هۆشیاریی مرۆییدا، وەک حەقیقەتی هەموو کەسێک، لە مـردن بتۆقـێن، ئیـمان ترسی مردن نارەوێنێتـەوە، بەڵام سـووکی دەکا.. هەرچۆنێک بێ ڕەهەندی ئیـرادەی یەهوە (بە گـشـتی گـوتارەکـانی ئیـمـان)، مـانای ڕزگـاربوون دەگەیەنێ، ڕزگـاربوونیش بە واتای داننانە بە گوناهەکان لە پێناو پاکبوونەوە و ئینجا گەیشتن بە کۆتایی ڕێچکەی ئیمان (یاخود با بڵێین گەیشتن بە ئەنجامی فەلسـەفەی ئیمان): نەمریی، ئاخیرەت و زیندووبوونەوە... ئەمەیە ئەو ئاکامە میتافیزیکییەی، کە ئایینەکان باوەڕ و یاسای کـۆمـەڵایەتی و ئەخلاقـیی خۆیانی لەسەر بنیـاد دەنێن. لێرەوەش لەناو ئەم ئاکامەدا، خوداوەند دەبێتە وێنەیەکی ڕاستیی و هەر خۆی دەلالەت لە خودی حاڵەتی نەمریی و مانای بوونی جیهان دەکا. ئاخیرەت خۆی شوناسێکی پاساوی بوونی خوداوەندە.

خـوداوەند خۆی لە ناو ئەم چەمکەدا بوونێکی ئەبەدیی و نەمرە. لێرەوە هەوڵی گەلگامێش بۆ بە خوداوەند بوون، ئەمــەی دەگــەیاند. بەم ڕەنگە مــرۆ لە نـاو وێناکــردنی خـوداوەنددا، ئیـمـانیش بە حـاڵەتی نەمـریی (چەمکی ئاخیرەت و زیندووبوونەوە) دەهێنێ.

لەم چوارچێوەیەدا دەشێ بڵێم، هیچ ئایینێک بە قـەد ئایینی ئیـسـلام، جـەختی لەم فـەلسـەفـەیەی ئیـمـان نەکردۆتەوە. لە زۆربەی سووڕەت و ئایەتەکاندا، چەمکی ئاخیـرەت، دەلالەت لە بوونی خوایەکی شکۆمەند دەکا.

ئیـمـاندار و بێ ئیـمـانەکـانیش بەپێی ئەم چەمکە جـودا دەکرێنەوە. ئەمە ئەو فەلسەفە ئەخلاقییەیە، کە ئیسلام لە ژیانی ڕۆژانەی خــەڵکدا داوای پەیڕەوکـــردنی دەکـــا. باوەڕبوون بە ئاخیرەت مەرجێکی ئیمانە: «كيف تكفرون بالله وكنتم امواتا فـأحياكم ثم يميتكم ثم يحيـيكم ثم اليـه ترجعـون». بە کوردییەکەی: «چۆن لەو خوایە حاشا دەکەن کە لە نەبوو، ژیانی داوە بە ئێوە و لە پاشان دەتان مرێنێ و دیسان زیندوو دەکاتەوە و ئەوسا گشتو بۆ لای ئەو دەگــەڕێنەوە» (٢٩). لە گـفـتــوگـۆیەکی نـایابی ڕەخنەگـرانەی قـورئان لەگـەڵ جـوولەکـەکـاندا، کـە وەک نموونەیەکی باڵا سەلماندنی نەمرییە بۆ هەموو کەسێک، پێـیــان دەڵێ: «..إن كـانت لكم الدار الاخـرة عند الله خالصة من دون الناس فتمنوا الموت إن كنتم صادقين». بە کوردییەکەی: «... ئەگەر بە ڕاستانە و پێتان وایە لە خوداوە ماڵی ئەولا بۆ ئێوە تەرخان کراوە و بەشی کەسی تێدا نییە، دەسا داوا بکەن بمرن» (٣٠). خەونی نەمریی خەسڵەتێکە لە گرەوی بردنەوەی فیکری هەموو ئایینێک، بۆیە لەم گفتوگۆیەدا ئیسلام زۆر بە شێلگیریی داکۆکی لەو مافە بێ چەند و چوونەی باوەڕی میتافیزیکی خۆی دەکا، هەر کاتێک ئەم باوەڕە لە فـەلسـەفـەی ئایینێکدا نەبوو، دەشێ بڵێین ئەم ئایینەش نابێتە ئایین. «وقـالوا لن يدخل الجنة إلا من كان هودا أو نصارى تلك أمانيهم قل هاتوا برهانكم إن كنتم صـادقين». بە کـوردییەکـەی «گـوتیـان: هەر تەنیـا مـووسایی یا عـیـسـایی دەچنە بە هەشت، ئەمــە ئاواتی خــۆیانە. بێــژە: دەســا بەڵگـەی خـۆتانت نیـشــان دەن! ئەگـەر پێـو وایە ڕاست دەکـەن» (٣١). کەواتە ئاکار چاکەکان لە بەهەشتدا نەمرن. ئەمە ئەو گرەوە ئەخلاقـییەیە، کە هیچ ئایین و فـەلسـەفەیەکی ئایدیالیـسـتـیی دەسـتی لێ بەرنادەن. هۆبزیش لەو باوەڕەدایە «بۆ ئەوەی مـرۆ ڕزگـاربوون بەدەست بهـێنێ، هەمـوو ئەو شـتـانەی کـە پێـویستن ئەوەیە، پارێزگـاری لە دوو بەها (چاکە)ی زۆر گـرنگ بکا، ئەوانیش بڕوابوون بە مەسیح و پشتیوانیش لەو یاسا مەدەنییە بکا، کە پێـــوەندی بە ڕەوشـــتی ڕۆژانەی مـــرۆوە هەیە لەناو کۆمەڵگەدا...» (٣٢).

(کانت)یش لەم ڕووەوە پتر جەخت لەسەر ئەم ڕەهەندە ئەخـلاقـییـە مـیـتـافـیـزیکییـە دەکـاتەوە و لە کـتـێـبی «بنچـینەکـانی مـیـتـافـیـزیکای ئاکـارد»دا، بە نەوایەکی

مەسیحیانە (ئایینیانە) دەڵێ: «ویستی خێرخوازانە مەرجێکی پێویست پێکدەهێنێ، بۆ هەموو ئەو شتانەی وامان لێدەکەن بەختەوەر بین» (٣٣).

ئەم ڕەهەندە خێرخوازانەیە لە مردنی یەسووعیشدا، پاش ئەوەی لە گۆڕەکەیدا قیت بۆوە و بەرەو ئاسمان هەڵکشا «ئەوەندە بەهێز بوو، کە سەرکەوت بەسەر هەموو شتێکدا، تەنانەت بەسەر ئەو شتەشدا سەرکەوت و زاڵ بوو، کە بەلای هەموو خەڵکی وایە دوماهی گشت زیندووەکانە، ئەویش مەرگە» (٣٤). ئا ئەمەیە هێزی ئەفسانە، کە بەردەوامیی بە ژیان دەدا و مرۆ زاڵ دەکا بەسەر نیگەرانییە هەمیشەیی ئەنتۆلۆژییەکان! (شایانی باسە بڵێم، لە هەردوو دەقەکەی ناو کتێبی پیرۆزدا (تەورات و ئینجیلەکان) لە هەشت ڕووداو (دیمەن)دا مردووەکان زیندوو دەبنەوە). لێرە بە خراپی نازانین، نموونەی یەکێک لەو دیمەنانەی میتۆلۆژیای زیندووبوونەوە، بۆ ئێرە بگوازینەوە- چیرۆکەکە دبێژێ: «پاش مودەتێک وەها ڕێککەوت، کوڕی ژنەی خاوەن ماڵ زۆر نەخۆش کەوت و مرد. خانەخوێ بەئیلیای گوت: «ئەی پیاوی خودا، چ گوناهێکم دەرهەق بە تۆ کردووە؟ ئایا هاتووی بۆ لام، تا گوناهەکانی خۆمم بە بیر بێنییەوە و کوڕەکەم بمرێنی؟». پەیامبەر پێی گوت: «کوا کوڕەکەتم بدەیێ!». کوڕەی لێ وەرگرت و بردییە ئەو ژوورەی سەرەوە، کە شوێنی حەوانەوەی خۆی بوو و لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی درێژی کرد. ئەوجا هانای وەبەر پەروەردگار برد و لێی پاڕایەوە: «ئەی خودای پەروەردگارم، ئایا خراپە لەگەڵ ئەو بێوەژنە دەکەی، کە من میوانیمە و کوڕەکەی دەمرێنی؟».

پاشان ئیلیا سێ جاران لەسەر لاشەی کوڕە درێژ بوو و دیسان لە خودا پاڕایەوە: «ئەی خودای پەروەردگارم، ڕۆح بە بەر ئەم کوڕەدا بکەوە!». پەروەردگار وەڵامی دوعا و پاڕانەوەکەی ئیلیای دایەوە و کوڕەی زیندوو کردەوە. ئەوسا ئیلیا کوڕەی لە سەربان هێنایە خوارەوە و دایەوە دەستی دایکی و پێی گوت: «تەماشاکە، ئێستا کوڕەکەت زیندووە!». ژنە بە ئیلیای گوت: «ئێستا زانیم، تۆ پیاوی خودای و خوداش بە حەق لە سەرزاری قسە دەکا» (٣٥)، ئایا هەر ئەم ڕەهەندە خێرخوازە ئەفسانەییەش نییە، کەوا دەکا کاریکاتێرێک (هەر ڕەمزێکی شکاندنی پیرۆزییەکان) وەک بوومەلەرزە پێوەندییە شارستانییەکانی جیهان بهەژێنێ؟ مەسەلەکە ئیمانێکی پیرۆزی بێ سنوورە: شتێک، کەسێک، کە لە ناو خەرمانەی میتافیزیکادا پەروەردە بووە، ئەم شتە، ئەم کەسە و ئەم دیاردەیە، دەسەڵاتێکە بەسەر مێژوو و ئەفسانەدا، دەسەڵاتێکە مێژووی کۆمەڵگەکانی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، بۆیە زوو هێزە ڕکەبەرەکانی تووڕ دەداتە دەرەوەی مەیدانی گۆڕان و دەسەڵاتەوە. ئەم کەسە ئیمانێکی ئایینییە، کە (لەوانەیە) لە پێغەمبەرێکدا بەرجەستە دەبێ، ئا ئەم ئیمانە پیرۆزەیە، کە دەتوانێ لە کاتی پێویستدا جیهان بخاتە بەر مەترسییەکی گەورەوە. ئەو بەهایەکانی لەناو ئەفسانەدان، بۆیە وا بە ئاسانی تێکناشکێن، ئەو دەتوانێ مل بە بەهایە واقیعییەکان کەچ بکا، چونکە ئەو لەناو مێژوویەکی قووڵەوە هاتووە؛ ئەو مێژووەی هەڵگری هەموو مانا پیرۆزەکانە. لێرەوە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان دەبێ حیساب بۆ ئەم مانا قووڵە پیرۆزانە بکەن، کە لەناو فیکر و ئیمانی ئایینیدا ڕەگیان داکوتاوە، لێرەشەوە بۆ هەر پڕۆژەیەکی نوێخوازیی، ڕەخنەگرتن لە ئایین جیاوازە لە جنێودان و سووکایەتی پێکردن. (ئێمە کە لێرە باس لە ئایین دەکەین، لە دەرەوەی هەموو ئەو کەلەپوورە ناشیرینەی ئایین قسە دەکەین، کە ڕێگری ڕاستەقینەیە لەبەردەم ئازادی و پێشکەوتندا. ئێمە ئایین وەک مەعریفەی سیاقێکی مێژوویی تەماشا دەکەین، کە سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەلالەتی تەفسیرکردنی کەون و هەڵوێست و شوێنی مرۆڤ لەناو ئەم کەونەدا، لێرەوە ئایین (ئیمان) سەرەتایەکە بۆ مەعریفەی مرۆڤایەتی... ئێمە لەسەر ئەم بنەما مەعریفییە گفتوگۆ لەگەڵ ئایین دەکەین، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی ئایین وەک ئایدیۆلۆژیای سیاسی و وەک گوتارێکی کۆمەڵایەتی ناشارستانانە، دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ، من دەڵێم: ئیمان دەبێ وەک فاکتەرێکی مەعریفە تەماشای بکرێ و لێرەوەش ڕەخنەی لێ بگیرێ. ئیمان بەر لە قاڵبی ئایدیۆلۆژیا، لەناو بیرکردنەوەی سروشتی مرۆدا هەبووە). با لە بیرنەکەین ئێمە گوتمان: ڕەخنەگرتن لە ئایین جیاوازە لە سووکایەتی پێکردن و جنێودان: ئەویان بەرهەمدارە، ئەمیان دەشێ حاڵەتێکی دژ بەرهەم بهێنێ. ڕەخنەگرتن لە ئایین (یا هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی) پرۆسەیەکی فیکریی عەقڵانییە، هەرچی

سووکایەتی پێکردنە دەشێ لە ڤینێکی ناعەقڵانییەوە سەرهەڵبدا. (من لێرە چەمکی سووکایەتی بەوە دەبەستمەوە، کە بەبێ پاشخانی زانین و مەعریفەیەکی تەواو و قووڵ، دیاردەیەک (بیرێک) قسەی لەسەر دەکرێ و ڕەخنەی لێدەگیرێ و ڕەتدەکرێتەوە، سووکایەتی بەو مانایە هەمیشە لە نەزانییەوە لە بارەی شتێکەوە سەرهەڵدەدا. سووکایەتی بەدەریش نییە لە حاڵەتی تاوگیربوون و قین و تووڕەیی. سووکایەتی هیچ پردێک بۆ گفتوگۆ و ڕێز و دادپەروەریی دانامەزرێنێ، ئەو کۆمەڵگایانەی لە نێوان خۆیاندا سووکایەتی بە یەکتر دەکەن، کۆمەڵگەی نادادپەروەرن، وەک چۆن لە کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەریشدا، تاک سووکایەتی بە تاک دەکا و دەسەڵات و حکوومەت سووکایەتی بەتاک و هاووڵاتی دەکەن. هەر کاتێکیش ڕێزگرتن و لێک تێگەیشتن بەر پێواربوون، ئەوە سووکایەتی و ئەشکەنجەدان ئامادەن).

ڕەخنە ئایدیۆلۆژییە تەسکەکان ناتوانن بەرهەمدار بن، ئەم ڕەخنانە لەسەر بنەمای سۆز، شتی نابابەتەکیی باس دەکەن. بە نموونە دەڵێم: چەندساڵێک بەر لە ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی سیاسی چەپی توندڕەودا، ڕەخنەیەکی نامێژوویی و ناعەقڵانیی لە ئایەتێکی قورئان دەگیرا و دەیویست بیسەلمێنێ، کە لە هەموو سیاقە مێژووییەکاندا بیری ئایین، بیرێکی کۆنەپەرستانەیە. ئایەتەکە دەڵێ: «نساءکم حرث لکم فأتوا حرثکم أنی شئتم وقدموا لأنفسکم واتقو الله وأعلموا أنکم ملاقوه و بشر المؤمنین». بە کوردییەکەی: «ژنانوو کێڵگەی خۆتانن، لە هەر کوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە، تۆشەیەکیش وە پێش خۆخەن. دەبێ لە خوداش بترسن، بیشیزانن دەگەڵ خوا ڕووبەڕوو دەبن. مژدەش بدە بە وانەی خاوەن باوەڕن.» (٣٦). ئەم ئایەتە وەسفێکی شیعریی پاتریارکییە، بۆ مانای چێژ و جوانی جەستەی ژن، وەکو هەموو ئەو شیعرانەی، کە لە کەلەپووری ڕۆشنبیریی ئێمە و عەرەب و گەلانی دیکەدا لە بارەی وەسفکردنی جەستەی ژنەوە هەیە... ئەگەر وەسفی ئەم ئایەتە سووکایەتی بێ بۆ جەستەی ژن، ئەوە هەموو شیعرە ڕۆمانسییەکانی ئەدەبیاتی ڕۆشنبیریی ئێمە، پڕن لەو نموونە زەقانەی کە پیاو بە ئارەزووی خۆی، لە هەموو ئاستێک و بە هەموو شێوەیەک وەسفی جەستەی ژن دەکا. (من لە نوێترین گۆرانی کوردیدا وەسفێکم گوێ لێ بووە بە کچە دەڵێ «برژانگت دارستانە». دارستان و کێڵگە وەک لە ئایەتەکەی قورئاندا دیتمان، دوو مانان زۆر لێک نزیکن. ئەمە هەمان ئەو حاڵەتە پاتریارکییە مێژووییەیە، کە بە چەقۆی چێژ و دەسەڵات توێکاری جەستەی ئافرەت دەکا. پرسیارەکە لێرەیە: بۆ ئافرەت ناتوانێ وەسفی جەستەی پیاو بکا؟) (٣٧): ئەم نەریتە ڕۆشنبیرییە لەناو گەلاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەم نەریتە ڕۆشنبیرییە دابەشکردنێکی سروشتییە لە نێوان وەسفکردنی کەسایەتی هەردوو ڕەگەزەکەدا، کە خۆی لە خۆیدا ئەم دابەشکردنە وەزیفە و ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئاکاریی و ئابووریی لێک جودای هەردوو ڕەگەزەکە دەگەیەنێ. جگە لەمە لەبۆچوونی پێشیناندا بنەمای خەسڵەتی فسیۆلۆجی هەردوو ڕەگەزەکە بە دیاردەکانی سروشت چوێندراون، مادەم ئەوان (پێشینان) خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاوی سروشت زانیوە، وەک ئەوەی (لەم حاڵەتەدا) زەوی جەڤەنگە بۆ سروشتی مێ و باران جەڤەنگە بۆ سروشتی نێر، پێناسەی ئایەتەکەی قورئانیش دەشێ میراتگری ئەم کەلەپوورە بێ، کە لە پرۆسەی چەژی سێکس و جووتبووندا پیاو هێمای بارانە و ژن هێمای زەوی و کێڵگەیە، بە کورتییەکەی لەم پۆلێن کردن و دابەشکردنە سروشتییەدا، وەک لیڤی شتراوس دەڵێ: «هێزی کۆمەڵایەتی لە پیاودا و پیتاندنی سروشتیش لە ئافرەتدا خۆیان دەنوێنن» (٣٨). بەهەر حاڵ لەم ڕوانگەیەوە ئێمە دەڵێین: ڕەخنەی عەقڵانیی دەتوانێ هەموو سنوورە پۆڵایینەکانی باوەڕی ئایین ببەزێنێ، بێ ئەوەی شەڕ بە «تخووبی خوداوەند» بفرۆشین و سەبارەت بەمەش ڕێ لە هەر گفتوگۆیەکی هێمنانە لە خۆمان بگرین. ئێمە دەشێ بەشێوەیەکی دیکە، لە ڕێگەی هەوڵێکی مەعریفیی فراوانەوە، لە «تخووبی خوداوەند» نزیک ببینەوە و بچینە ناو ئەم تخووبەوە، بەم ڕەنگە لە ڕێگەی دەسەڵاتی عەقڵی مەعریفییەوە پیرۆزییەکان دەشکێین؛ کاتێکیش ئەم دەسەڵاتە پڕە لە بەهای ئەخلاقیی (تیۆری و پراکتیکی) مرۆییانە، ئایین (هەر فیکرێک، هەر دیاردەیەک، کە لە مێژوودا مانایەکی پیرۆزی پێدەبەخشرێ) دەتوانێ ئەمڕۆ یا سبەی لە بەرامبەر ڕەخنەدا لێبووردەتر بێ، وەلێ بەرانبەر بە سووکایەتی ناتوانێ توند نەبێ. (بنەمای

دیموکراسییەتیش بە بەهاکانی ڕێز و لێبوردن دەست پێدەکا). ئێمە هەموومان دەزانین پرۆژەیەکی هەرە گەورەی ناو بیری ئایین، کە خەونی نەمریی بێ، زەحمەتە مرۆڤایەتی وا بە ئاسانی واز لە گەوهەری ئەم فیکرە (ئیمانە) بهێنێ، مەسەلەکەش لەوەدا نییە، کە ئەم باوەڕە چەندە عەقلانییە و ناعەقلانییە و چەندە زانستییە و نا زانستییە، مەسەلەکە لە میراتی مێژووی ئیمانێکدایە، کە مرۆڤایەتی فرچکی پێوە گرتووە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکی عەقلانیش ناتوانێ لە بەرانبەر بەڵێنەکانی میتافیزیکادا، مرۆڤ لە بەرانبەر مەرگ و چارەنووسی خۆیدا ئاسوودە و دڵنیا بکا. کەواتە کێشەی عەقڵ لە گەوهەردا کێشەی ئیمان نییە، بەڵکو چۆن و بە چ ئاراستەیەک مێژووی پڕ لە دەلالەت و مەدلوولی مرۆیی و ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی ئەم ئیمانە بەکاردەهێنێ، ڕەنگە خەسڵەتێکی پایەداری بەرچاوی ئەفسانە و ئایین لە چاو هەر فیکرێکی عەقلانیی ئەوە بێ، کە باوەڕی نەمریی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەمە یەکێک لە هێزە هەرە لە بن نەهاتووەکانی سیستەمی فیکریی و کۆمەڵایەتی ئایینە، بێگومان ناشێ ئایین بەبێ ئەفسانە بژی، ئایین لێرە وەڵامی ئەو خەسڵەتە ئەبەدییەی مرۆڤ دەداتەوە کە بەهێزی ئەفسانە دەژی. ئەفسانەش بەشێکە (بەشێکی ڕەسەنە) لە گوتاری ڕۆح. تا ڕۆح هەبێ زمانی ئەفسانەش بەردەوام دەبێ. من لێرە لەسەر ئەم خەسڵەتەی ڕۆح، نموونەیەکی زیندوو لە گەورەترین وڵاتی ڕۆژئاوا دەهێنمەوە: کاتێک مەزنترین کەسایەتی سیاسی وڵاتێکی وەک ئەمەریکا (جۆرج بۆش) بە هەموو جیهانی ماددی پێشکەوتووی ئەمرۆمان ڕادەگەیەنێ و پاساوی جەنگێک بەوە دەهێنێتەوە، کە مەسیح لە خەونیدا فەرمانی پێکردووە جەنگ لە دژی عێراقدا بەرپا بکا، دەبێ بزانین لەناو ئیمانی (جۆرج بۆش)دا، خەسڵەتە ئەفسانییەکانی مەسیحییەت ئەم باوەڕە بەرهەم دەهێنێ. (ئەگەرچی پرەنسیپی ئیمانی مەسیحییەت هەرگیز بانگەشەی جەنگی نەکردووە). لە ناو هەموو ئایینەکاندا ئەم خەسڵەتە هاوبەشە هەیە: بەها پیرۆزە ئەفسانەییان زۆرجار دەتوانن بەها واقعییەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. سەرۆک بۆش ناتوانێ بە ئاشکرا (دیپلۆماسیەتی ئاکاری ڕیاکارانەی سیاسەتی جەنگ وا دەخوازێ) باس لە سوودە ماددی و مەیلە شەڕانگێزەکانی جەنگ بکا، بەڵام لە چوارچێوەی بەهای ئایینییدا پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، ڕەنگە سەرۆک بۆش لەم ئیمانەیدا ڕاستگۆ بێ، ئەو جەنگێک دەکا کە مەسیح ئیرادەی پێدەبەخشێ، لە ڕاستیدا ئیمان سەرچاوەی ئەم خەونەی بۆش بووە، ئەمە خەونێکە لە خەونە زۆرەکانی ناو کتێبی پیرۆز دەچێ، کاتێک خواوەند لە ڕێگەی سروش و خەونەکانەوە، فەرمان بە پێغەمبەران دەکا ویست و نەخشە و پیلانەکانی جێبەجێ بکەن. هەموومان دەزانین مێژووی جەنگە ئایینییەکان، گریمانەی ڕەواترین جەنگیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێ بەخشراوە، ئەم جەنگانە ترسناکترین جەنگن کاتێک بەناوی ئیمانەوە دەکرێن، هەر کاتێک ویسترابێ جەنگ و ئاکامەکانی مۆرکی ڕەوایەتییان بێ ببەخشرێ، ئەوە ئایین، یا چەند ڕەگەزێک لەم دیاردە پیرۆزە کۆمەڵایەتییە ترنجێندراونەتە ناو گوتار و پرۆسەی جەنگەوە. گەلێک جار دیکتاتۆرەکان ڕێکلامی (پروپاگەندەی) جەنگە ناڕەواکانیان لە گوتاری ئایین وەردەپێچن. (دەشێ لەم سەردەمە و لەم دەڤەرەی خۆماندا، سەدام حوسێن نموونەیەکی زەقی ئەم لایەنە بێ). کەواتە دەمانەوێ بڵێین: هەمیشە هێزێکی ئەفسانەیی هەیە، کە پێی دەگوترێ ئیمان و گەوهەری مێژووی مرۆڤایەتی دەبزوێنێ. ئەم هێزە ئەفسانەییە پاژێکی ڕەسەنە (پاژێکی هەرە ڕەسەنە) لە مێژووی ویستی واقیعیانەی تاکەکان و کۆمەڵە مرۆییەکان. گەلگامێشیش لەسەر ئەم بنەمایە بە تەمابوو، مەیلی نەمریی بکاتە ڕاستیی و ژیان ناچار بکا واز لە مەرگ بهێنێ. ئایا ئەم تێڕوانینەی مرۆڤ هەر بەردەوام نابێ، تا ئەو لە نێوان حەقیقەتی ژیان و مەرگدا بێ و بچێ؟ ئایا مرۆڤ مافی خۆی نییە، کە دڵنیا بێ لە ئاست ژیان و بڵێ من هەر دەژیم و نامرم؟ (ئیمان ئەو دەروازەیە بێ بۆ وێناکردنی نەمریی؟). ئایا میتۆلۆژیای باوەڕی نەمریی ئەو ویستە نییە، کە مرۆڤ (مرۆڤایەتی) هەرگیز نایەوێ لە ژیان دابببڕێ؟ لێرەوە ئەم باوەڕە هەزاران ساڵە پاژێکە لە ڕۆحی ویستی مرۆڤایەتی. (قیامەت خەونێکە، چونکە مرۆڤ مەرگ بەخەو دەچوێنێ، کاتێک لە خەو وە ئاگا دێ زیندووە. ئەوهاش وێنای حاڵەتی مەرگ و پاش مەرگ دەکا)، کەواتە ڕۆحی ئایین باشترین ئامرازە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە میتافیزیکاوە دەستکاری حاڵەتی مەرگ بکا: لە نێوان

ژیان و مەرگێکی وەختیدا زیندووبوونەوە هەیە. (ئەمە خەسڵەتی ژیان و مەرگی مەسیح بوو). لێرەوە ڕۆحی ئاینی لە بەرانبەر هەموو تەفسیرێکی عەقڵانیی و ماددی، کە یەک جار دان بە بوونی حەقیقەتی ژیان و مەرگدا دەنێن، بە پێوە ڕادەوەستێ. بەم پێیەش پێغەمبەران هەتا سەر ڕەوایەتی و پیرۆزی خۆیان دەپارێزن و خودای پەروەردگاریش دەتوانێ «بەرێوەبەری» شکۆداری گەردوون بێ. هەڵبەت دیسان لێرە ژیانێکی عەلمانی و عەقڵانیی مەرج نییە هەمیشە لەگەڵ ئاینی دژ و ناکۆک بێ، کاتێک ژیانێکی لەم شێوازە دەتوانێ لە ڕووی هەلومەرجی مێژووییەوە، بوون و بەهایە پێویست و واقیعییەکانی خۆی بسەپێنێ، دەشێ ئاینی (ئیمان) بە تێڕوانین و هەڵوەستی میانڕەوییەوە، خۆی بگونجێنێ لەگەڵ هەلومەرجی نوێی ئازادانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بانگەشی ئەوە بکا و بڵێ، من میراتگرێکی مەسەلە ڕۆحییەکانی تاکم و ئەمە وەزیفەیەکی گەورەی مێژووی من بووە و دەتوانم لە پاڵ هەموو مەسەلە (بەها) ڕۆحییەکانی دیکەدا خزمەت بە ژیانی ڕۆحیی مرۆڤایەتی بکەم.

داستانی گەلگامێش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەم بەها ڕۆحییە بەدەر نییە، ئێمەش وەک گەلگامێش خەون و خۆزگەی ڕەنگاوڕەنگی نەمرییمان هەیە. ئێمە بەم پاڵەوانە سەرسامین، چونکە بوێرە و دەیەوێ حەزی نەمریمان تێر بکا، ئێمە دەمانەوێ بچین هاوکاری ئەو بکەین بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە؛ ئەو ئامانجەی هەموو شێوە قێزەونەکانی مەرگ ڕەتدەکاتەوە. (لاهووت بە گشتی پڕە لەم بەڵێنانە، بۆیە مرۆڤ زەحمەتە بە ئاسانی دەستبەرداری ببێ). گەلگامێش تێڕوانینمان بەرەو کێشەیەک دەبا، کە ڕۆژانە لەناو بوونماندایە، کە ئەویش مەرگە. بەر لەوەی ئێمە لە مەرگ بترسین، گەلگامێش لێی ترساوە، بۆیە ئێمە دەزانین مەرگ فۆبیایە و دەمانەوێ بە واقیعی ئەم فۆبیایە بڕەوێنینەوە، ئا ئەمە داینەمۆی گەشتەکەی گەلگامێش بوو! ئەو گەشتەی سەفەرێک بوو لە جیهانی مرۆڤایەتییەوە بەرەو جیهانی خوداوەندان. گەشتەکەی گەلگامێش پرۆژەی ئیمان بوو (ئیمان بە پرەنسیپی نەمریی) لە هاوکێشەی مەرگ و ژیاندا.

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

**١-طه باقر. ملحمة گلگامش.ص.١٣٠.**

**٢- هەمان ژێدەر ل ١٢٥.**

**٣- ستیڤن دیلو. التفكير السياسي و النظرية السياسية و المجتمع المدني. ترجمة: ربيع وهبة. الطبعة الأولى ٢٠٠٣ص٢٤٩.**

**٤-طه باقر. ملحمة گلگامش. ص١٢٥.**

**٥- مەسەلەی نەمریی تەنیا چەمکێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو حاڵەتێکە لەناو واقیعیشەوە هەڵدەقوڵێ. مرۆڤ هەرچەندە شکۆدار بکرێ، هێندە هەست بە حاڵەتی ختووکەی نەمریی دەکا. مافەکانیش بۆ ئەوەن، بۆ ئەوەی وێنەی مرۆڤ لە ساتەوەختەکانی واقیعدا نەمر بێ... کەواتە ئێمە دەبێ لە جەنگ بترسین، وەک ئاشتیخوازەکان لێی دەترسن، تا لە واقیعدا لەناو بەختەوەریدا نەمر بین، ئیماندارانی ئەم هەستەیان بەرانبەر بە بیرۆکەی پەروەردگار هەیە، بۆیە ئەوان هەم هەست بە ئاشتی دەکەن و هەم لەناو ئەم بیرۆکەیەدا هەست بە ختووکەی نەمریی دەکەن. لێرەوە لە بنەڕەتدا ئیرادەی خودا و ئیرادەی جەنگخوازیی دژ بەیەکن، دژ بە یەکێکی ڕەها. کەواتە ئیمان دەبێ ئاشتی بچەسپێنێ، نەک جەنگ و ترس و تۆقاندن.**

**٦- د. هوستن سميث. أديان العالم. ترجمة: سعد روستم. الطبعة الاولى ٢٠٠٥ص٤١٧.**

**٧- هەمان ژێدەر. بڕوانە لاپەڕەکانی ١٣٨ و ١٣٩.**

**٨- ئەو (ئەم هەستەی گەلگامێش) یادەوەریی مت بووی هەموو مرۆڤایەتییە. ئەو یادەوەرییەی لە واقیعی ئێستادا خۆی دووبارە دەکاتەوە. وێنەکان لە ڕابردوودا لە یادەوەریی ئێمەدا هەن (چەپاون)، ئەمڕۆ لە هۆش و هەستماندا سەرهەڵدەدەنەوە. دەبێ لە نەستی چەپێندراوی گەلگامێشدا تۆقین لە مەرگ هەبووبێ، دیمەنی ڕووداوی مردنی ئەنکیدۆ ئەم هەستە دەتەقێنێتەوە.**

**٩- لە تەوراتیشدا زۆر باسی ئەم درەختە (هەڤریست-الارز) دەکرێ، بەتایبەتی لە پرۆسەی بیناکردنی هەیکەلەکە (ماڵی خودا)، کە سلێمان ئەنجامی دەدا. بڕوانە بەشی سفری (الملوك الاول) لە کتێبی (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس) لاپەڕەکانی ٧١٥ و ٧١٦ و...**

**١٠- ئەوەی ئەم دەقەی نووسیوە (دەقی گەلگامێش)، لە چوارچێوەی زمانێکی ڕەوان و نایابی شیعریدا، (ئەو زمانەی، کە ڕووداوێکی گەوهەریی حاڵەتێکی مرۆیی دەگێڕێتەوە)، ڕەگەزەکانی هزر و ئیمان و فەلسەفەی میتافیزیکیی، تێکەڵ بە ڕەگەزی ویستێکی واقیعیی کردووە، کە لە هەڵوەستەکردن لە**

بەرانبەر مەرگدا خۆی دەنوێنێ.

شارستانییەتیش وەک دۆخە خۆرسکەکە بەبێ ئەو ترسە نابێ، کە مرۆ لە بەرانبەر بوونی خۆیدا هەیەتی، بەڵکو ترسی شارستانییەت ترسێکی گەورە و قووڵتریشە لە ئاست مەترسییە دەرەکییەکان، کە هەڕەشە لە بوون و مانەوەی مرۆڤ دەکەن: تۆ چ دەڵێی بەرانبەر ئەو هەموو جەنگەی ئەمرۆ ژیانی مرۆڤایەتی داپۆشیوە؟ چ دەڵێی لە ئاست برسیەتی و ئەو هەموو نەخۆشی و کارەساتانەی لە سەردەمی لوتکەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، یەخەی مرۆڤایەتی دەگرن؟ مرۆڤ چۆن نیگەران نەبێ لە ئاست ئەو هەموو پیاوە دڕندانەی، کە حکومەتە جیاوازەکانی جیهان بەڕێوە دەبەن؟ چۆن نیگەران نابێ لە ئاست ئەوەی، کە هەلپەرستیی و خۆپەرستیی بینە پرەنسیپی هەموو کار و چالاکی و بەرژەوەندییەکی دەسەڵاتی سیاسی و تاکەکان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا؟ (ئەم تاکە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتێکی نادادپەروەر و گەندەڵدا، دەشێ ببێتە کەسێکی خۆپەرست و هەلپەرست). تۆ چۆن نیگەران نابیت، کە پارە خەڵکانێک بەرەو زەلیلیی و دڵڕەقیی و دوژمنکاریی دەبات. پارە ئەو دەسەڵاتەی، کە بە نابەرابەریی دابەش دەکرێ لە هەموو شتێک زیاتر مرۆ ناشیرین دەکا. پارە سەرچاوەیەکی گەندەڵ بوونی ئەخلاقە. هەر پارە خۆپەرستیی و جەنگ هەڵدەگیرسێنێ. پارە فیزێکی بێ مانا و گەلحۆیانە لە کەسایەتی مرۆدا بەرهەم دەهێنێ. ئا ئەم دەسەڵاتە ماددییەیە، بەلای کەمی لە دەرەوەی کۆمەڵگەی دیموکراسیی مەدەنیدا، وا لە سەرکردەکانی وڵاتان دەکا ملهوڕ بن و مەرامی چەپەڵیان هەبێ بۆ ئەوەی لە پێناو ئەم دەسەڵاتەدا، مرۆڤایەتی هیلاک بکەن، ئەفسووس، شارستانییەتی پێشکەوتووی ئەمڕۆش، بەها ئەخلاقییە بۆگەنەکانی سەرمایە بەڕێوە دەبەن. بەهەر حاڵ ئەو ترسەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، سەرچاوەیەکی کولتووری ئیمانیشە. گەلگامێش کە کوڕی خوداوەندانە، بناغە و پرەنسیپی ئەو ئیمانە دادەڕێژێ، کە پاشان ئایینە یەکتاپەرستە گەورەکان، لە ئەفسانەی باوەڕی نەمریدا چاوی لێدەکەن. وێنەی گەلگامێش لە رووی خەسڵەتە میتافیزیکییەکەی زۆر لە وێنەی مەسیح دەچێ؛ ئیلیای پێغەمبەریش لە دیمەنێکی تەوراتدا، لەناو تۆپەڵێک ئاگردا بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و لەم سەرزەمینەدا ون دەبێ..

١١-طە باقر. ملحمة گلگامش.ص٧٧.

١٢- د. هوستن سمیث. أدیان العالم. ترجمة: سعد روستم. الطبعة الاولى ٢٠٠٥. ص. ٣٤٨.

نووسەری ئەم کتێبە لە بارەی ئەم ئایەتەوە، روونکردنەوەیەک رادەگەیەنێ و دەڵێ: «لە روونووسی وەرگێردراوی «مەلیک جیمس» بۆ تەورات، سەنتەری باوەڕی یەهودییەت لە بارەی باری مرۆ و سروشتەکەی وەها وەرگێڕدراوە: «وام لێکرد کەمێک نزمتر بێ لە فریشتان....» (مەزمورەکانی ٨/٥). لێرەدا دیارە، کە وشەی دوایی لە ڕستەی دواییدا بەخراپی وەرگێڕدراوە لەبەر ئەوەی ئەسڵە عیبرییەکەی تەورات دەڵێ: «وام لێکرد کەمێک نزمتر بێ لە خوداوەندان...» (یا لە خودا)... بۆچی وەرگێڕەکان وشەی خوداوەندیان بە وشەی فریشتان گۆڕیوەتەوە؟ وەڵامەکە دیارە: ئەوان وەنەبێ لە زماندا کەم شارەزا بووبن، بەڵام بایی پێویست بوێر و ئازا نەبووینە-یاخود دەتوانین بڵێین ئەو ئەعسابەیان نەبووە، کە عیبرانییەکان هەیانبووە....» ل ٣٤٧، ٣٤٨.

١٣- قورئانی پیرۆز. وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. سورەتی بەقەرە/ ئایەتی (٣٠).

١٤- هەمان ژێدەر. سورەتی بەقەرە ئایەتی (٣٤).

١٥- ئەو فەیلەسوفە سۆرین کیرکەگۆرە، بڕوانە گۆڤاری ڕامان. ژ ١٠٢ ل ١١٩.

١٦- قورئانی پیرۆز. وەرگێڕدراوی مامۆستا هەژار. سورەتی ئالی عیمران/ ئایەتی (١٨٥).

١٧- هەمان ژێدەر. سورەتی بەقەرە/ ئایەتی (٢٤٣).

١٨- ستیڤن دیلو. التفکیر السیاسي والنظریة السیاسیة و المجتمع المدني، ترجمة: ربیع وهبة. الطبعة الاولى ٢٠٠٣ ص ٢٤٩.

گرفتەکە ئەوەیە ئەمرۆ لە ئاست کێشەی مەرگدا، شوناسی یەزدان و شوناسی شەیتان تێکەڵی یەک دەکرێن. فیکری توندڕەوی ئایینیی شوناسی نەمریی خوداوەند دەکاتە شوناسێک لە پێناو مردنی بێهوودەی مرۆڤایەتیدا. لێرە خەریکە بڵێم هیچ ئەرکێکی ئەخلاقیی شەڕانگێزانە بۆ شەیتان نەماوەتەوە. ئێمە لە ئاست فیکری توندڕەوی ئایینییدا خەریکە وێنەی شەڕانگێزانەی شەیتان لەبیر بکەین.

ئیرادەی خوداوەند هاتۆتە ناو پووچترین و بەدکارترین مەیلی مرۆی نەزان و بەدناکار و شەڕانگێزەوە، چەند سەیر و ناعەقڵانییە، تەنانەت بە گوێرەی سادەترین پرەنسیپی ئایینیش، کە خوداوەند بەخۆی بەدەستی خۆی ماڵی (پەرستگەکانی) خۆی بتەقێنێتەوە و لێرەوەش بێهوودە خوێنی مرۆ بڕژێ! ئایا ئەمە تێکەڵکردنی ئەرک و ئامانج و مەبەستەکانی وێنەی یەزدان و شەیتان نییە لەگەڵ یەکتری و ئینجا لە بیرکردن و وازهێنان لە بەها ئەخلاقییە چاکەکانی ناو مەبەست و ویستی ناسین و پەرستنی خودا؟ ئایا ئەمرۆ شوناسی ئەم بوونەوەرە باڵایە لەبەردەم

ئیشکالیەتێکی گەورەی ئەخلاقیدا نییە، کە بەر لە هەر کەسێک (بەر لە عەلمانی و خودانەناسان) باوەڕدار و ئیمانداران خۆیان لێی بەرپرسن؟

١٩- طه باقر. ملحمة گلگامش.ص ١١٢.

٢٠- هەمان ژێدەر. ل ١٠٨ و ١٠٩ و ١١٠.

٢١- هەمان ژێدەر. ل ٨٨.

٢٢- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس. سفر (الملوك الثاني)ص ٨٢١.

٢٣- طه باقر. ملحمة گلگامش.ص١١٧، ١١٨.

ڕەهەندی میتافیزیکا لە دەقی (گوتاری) تەوراتدا هێزێکی ستوونیی ئەوتۆیە، کە دەتوانێ باشتر کۆمەڵگە ڕێک بخا و ئاراستەی بکا، لە چاو ئەو جیهانە میتافیزیکییەی کۆمەڵگەی گەلگامێش، کە زۆرجار لە بەرانبەر هەڕەشەی واقیعدا دووچاری شڵەژان و ئەگەری هەرەسهێنان دەبێ. تۆ هەست دەکەی لە تەوراتدا ئیرادەی میتافیزیکا ئیرادەیەکی یەککگرتووە، کە لە کەسایەتی (یەهوە)دا بەرجەستە دەبێ. هەرچی لە دەقی گەلگامێشە ناکۆکی لە ناو ئیرادەی میتافیزیکادا هەیە (ئەو ناکۆکییەی ناو ئەنجوومەنی خوداوەندان، زۆر لە ناکۆکی ناو پەرلەمانە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ دەچێ، بەڵام لەوێ واقیعی سیاسی ئەو واقیعە پێشکەوتووە نەبووە، تا ئەو دیموکراسییەتە بپارێزێ.

ڕاستییەکەی لێرە ناکۆکی لە ئیرادەی (لەناو فیکری) میتافیزیکادا هەیە، نەک لە واقیعی ژیانی سیاسیدا...)، ئەگەرچی خوداوەندان لە دەقی گەلگامێشدا لە ئاسماندان، بەڵام لەسەر زەوی دەدوێن و دەبینرێن (ئەمە تارادەیەک خەسڵەتی کەسایەتی یەهوەشە). خوداوەندانی گەلگامێش کەمتر خوداوەندی ئەخلاقین، لەچاو خوداوەندی تەورات (ئەخلاق بەو مانا تەقلیدییە پاتریارکییەی، کە لە تەورات و لە هەڵوێستی نێرخوازانەی گەلگامێشدا هەیە). گەلگامێش دەتوانێ ویستی خوداوەند ڕەتبکاتەوە (لە حاڵەتی عەشتاردا، ئەگەرچی ئەمە مەغزایەکی پاتریاریکیی هەیە)، بەڵام لە تەوراتدا مرۆ بە تەواویی گوێڕایەڵە، (یاخی بوونەکەی حەوا یاخی بوونێکی ناهۆشیارانەیە، لە ئەنجامی فریودان ڕوودەدا). لە ئاکامدا مرۆ لە نەمریی بێبەش دەکرێ. لێرەدا نە ئادەم و نە حەوا ناتوانن ئەو سەرکێشە بن، کە دژ بە لۆژیکی ئیرادەی خوداوەند هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی نەمریی بدەن. لە تەوراتدا مرۆ بە تەواویی ملکەچی لۆژیکی ئیرادەی خوداوەندە. لێرە بێدەنگییەکی ڕەها لە ساتەوەختی دەرچوونی (ئادەم و حەوا) لە بەهەشتدا هەست پێدەکرێ. (ئەمەش نیشانەیەکی مێژوویی سەرکەوتنی یەکجارەکی ئیرادە و ئەخلاقی پاتریارکیە).

٢٤- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس. سفر (الملوك الثاني) ص٧٧٧.

٢٥- هەمان ژێدەر سفری (پادشایانی یەکەم) ل ٧٥٣.

٢٦- هەمان ژێدەر/ سفری (پادشایانی یەکەم) ل ٧٣٢، ٧٣٣.

٢٧- هەمان ژێدەر/ سفری (پادشایانی یەکەم) ل ٧٣٢.

٢٨- هەمان ژێدەر. ل ٧٣٥، ٧٣٦.

من وەهای بۆ دەچم ئەو ڕووداوە سیاسیانەی هەردوو سفری پادشایانی یەکەم و دووەمی ناو تەورات، زۆر بە ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسیی ئیسلام دەچن: هەمیشەکرداری تاوان و کوشتن و بڕین و خیانەت، خەسڵەتی پادشا و میرەکانە؛ جیاوازییەک هەبێ، لە زەمەنی لاهووتیی هەردوو سەردەمە مێژوویە جیاوازەکە دایە، سلێمان لە کۆشکەکەیدا «حەوت سەد ژن و پێنج سەد کەنیزەکی» هەبوون، ئەمە هەمان ڕەفتار و ئارەزووی خەلیفە و میرەکانی عەباسیی بوون.

٢٩- قورئانی پیرۆز. وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. سورەتی بەقەرە/ ئایەتی (٨).

٣٠- هەمان ژێدەر. سورەتی بەقەرە/ ئایەتی (٩٤).

٣١- هەمان ژێدەر. سورەتی بەقەرە/ ئایەتی (١١١).

بێگومان ئەگەر ئیمان ئەم ڕەهەندەی تێدا نەبێ (ڕەهەندی نەمریی)، نابێتە ئیمانێک، کە پاساوی بوونی هەبێ. ئەم بەڵێنەش کە میتافیزیکا بەمرۆی دەدا، پاساوی ئەخلاقیی و شەرعیی بوونی ئایینە. ناوەڕۆکی نەمریی بریتییە لە ناوەڕۆکی بوونی خودی خوداوەند. ئەمەشە بەهانە عەقڵانییەکەی چەمکی نەمریی لەناو ئیمانی ئایینیدا، کە واقیع بە چەمکی ناماقووڵی ئاخیرەت هەڵدەخەڵەتێنێ، ئایین ئەگەر واقیع فریو نەدا، ناتوانێ بە درێژایی مێژووی سەدەکان ئەم واقیعە بۆ خۆی کۆنتڕۆڵ بکا و مرۆڤایەتی بخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە. لە ڕاستیدا ئایین مژدەیە، مژدەیەکی گەورەیە. ئەو مژدەیەی کە بەر لە هەر شتێک عەقڵ و واقیع فریو دەدا. لێرەوە وێناکردنی ئاخیرەت لەناو مزگێنی نەمریدا، پێشەکییەکی واقیعیانەی دەوێ، تا مرۆڤی بۆ ئامادە بکا. ئەم پێشەکییە بریتییە لە هەلومەرجی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵگەکان، بریتییە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە گەندەڵ و داتەپیوەی، کە کۆمەڵگەکان بەرەو جەنگ و هەڵوەشاندنەوە و تواندنەوەی بەها ئەخلاقیی و مرۆییەکان دەبا. بەم پێیە چەمکی ئاخیرەت و نەمریی و هەموو بەهایە خورافییەکانی دیکە لە ناو باوەڕی ئایینیدا، دەتوانن ئەم واقیعە بۆ خۆیان تەرخان بکەن و لە

خزمەتی ئاییندا ئاراستەی بکەن. هەموو پەرستگەکان ئەو هێما ماددیی و ڕۆحیی و ئایدیۆلۆژیی و فیکرییەن، کە واقیع (کۆمەڵگە) لە پێناو دەسەڵاتی ئاییندا کۆنترۆڵ دەکەن. پەرستگەکان ڕۆژانە بەڵێنی پاداشتی چاکە و مژدەی نەمریی (وەک خۆزگەکەی گەلگامێش) و گەیشتن بە بارەگای خوداوەند بە مرۆ (ئیمانداران) دەدەن، کەواتە لەناو ئاییندا بەڵێنێکی ڕەهای ئەبەدیی هەیە، کە ئیمانی زیندووبوونەوە و ئاخیرەت و نەمریی بە تاک و کۆمەڵەکان دەبەخشێ. ئا ئەمە وەزیفەی ئەسڵی ئیمانە!

٣٢- ستيڤن ديلو. التفكير السياسي و النظرية السياسية والمجتمع المدني. ترجمة: ربيع وهبة. الطبعة الاولى ٢٠٠٣ص٢٦٤.

٣٣- إمانويل كانط. اسس ميتافيزيقا الاخلاق. ترجمة: الدكتور محمد فتحي الشنيطي ص٥٣.

٣٤- د. هوستن سميث. أديان العالم. ترجمة: سعد روستم .ص ٤١٣.

٣٥- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس. سفر (الملوك الاول) ص٧٥٠.

٣٦- قورئانی پیرۆز. وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. سورەتی بەقەڕە/ ئایەتی (٢٢٣).

٣٧- شیعری گۆرانی کوردی هێشتا لەو ئاقارەدا دەخولێتەوە، کە نوقمی ناو تەپ و تۆزی ئاکاری خێڵەکیی پاتریارکییە. لە ناو شیعری گۆرانی کوردیدا هیچ ڕێزێک بۆ یەکسانی عەشق نییە، بەڵکو گریانێکی پڕ لە سۆزی درۆزنانە هەیە، پیاو ئەو کاتە دەیچڕێ، کە لە کۆمەڵگەدا (لە ئاست غیابی عەشقدا) هەست بە دۆڕاندن و تەنیایی دەکا، گەلێ جار ئەو شاعیرانەی ئەم شیعرانە دەنووسن، لە ژیانی کردەکی ڕۆژانەی خۆیاندا، لە ئاست ئافرەتدا کەسی تەقلیدیی دواکەوتوون، بۆیە ئەو شیعرانە هەرگیز بۆنی عەشقی ڕاستەقینەیان لێ نایێ، بەڵکو بۆ ساتەوەختێکی تەنیایی نووسراون، کە گوزارشت لە عەشقێکی یەک لایەنە و پڕ لە دڵپیسی و خۆپەرستیی و ناعەقلانیەت دەکەن. پیاو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە حوکمی ئەوەی (دەتوانم بڵێم) دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، هەر خۆی سەرچاوەی تراژیدیای عەشق و خەسڵەتی دووڕوویە لە ئاست ئەم بەهایەدا: بە زمانی شیعر داوای خۆشەویستیی دەکا، کەچی لە ماڵەوە و لە کۆمەڵگەدا بکوژی عەشق و بەهای ئازادییە. شیعری گۆرانی کوردی بۆنی مردنی عەشقی لێدێ. بۆنی ترساندنی ئەو کچانەی لێدێ، کە لە سزایە بەربەرییەکانی دەسەڵاتی ئاکاری پاتریارکیی تۆقیون.

٣٨- كلود ليڤي ستراوس. الفكر البري. ترجمة: د. نظير جاهل. ص ١١٩.

# سایکۆلۆژیای تاکی بەهرەمەند

یوسف عوسمان حەمەد

منداڵ لە جووت بوونی سپێرم و هێلکە (نێر و مێ) پەیدادەبێت و گەشە دەکات، ئەو زایگۆتە لە (٢٣) کرۆمۆسۆمی هێلکەی دایک و (٢٣) کرۆمۆسۆمی سپێرمی باوک دروست دەبێت، لەوە (٤٦) کرۆمۆسۆم هەڵگری ڕەوشت و سیفەتەکانی منداڵە، هەر کرۆمۆسۆمێک لە ترشە ناوکی DNA و تفەناوکی RNA کە پێکهاتەی ئەمینین دروست بوون، کە هەر کرۆمۆسۆمێک هەڵگری سەدان هەزار خاڵی بۆبەن کە هەر یەکێکیان لە گواستنەوەی سیفەتێک بەرپرسیارن. لەوانەیە ئەو سیفەتە زیرەکی بێت، یان بەهرەمەندیی لە بوارێک کە لە باوانییەوە دەرنەکەوتووە، بەڵام بەهۆی بازدانی بۆماوەیی ئەو جیناتە چالاک بووە لەو منداڵەدا دەردەکەوێت، ئەمە گەورەترین هۆکارە بۆ بەهرەمەندی و زیرەکی، چونکە لەیەکەم یەکگرتنی سپێرم و هێلکە (٤٠٠) سێڵ-ی مێشک لە یەک چرکەدا دروست دەبێ تا (٩) مانگ (١٠) بلیۆن خانە دروست دەبن و بەهۆی کرۆمۆسۆمەکانەوە (٢) ملیۆن یەکەی زانیاری (وحدە المعلومات) لە دایک و باوک و باوانییەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ وەک (فێربوونی خواردن، گریان، پێکەنین و ئازار و جووڵانەوە و ناسینەوەی کەسەکانی دەوروبەر...).

مێشک دەتوانێ (١٠٠) هەزار وشە لە دەرسێک فێربێت، یان بە هەفتەیەک یەک زمان فێربێت بۆ قسەکردن، مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس لە ژیانی بناسێت بۆ ماوەی (١٠) ساڵ. منداڵ لە (٤) مانگیدا لە سکی دایکیدا لەکاتژمێرێک

(٥٠) پەنجا جوولە دەکات و لە (٥) مانگیدا گوێ بیست دەبێ و دەنگی دایکی دەناسێتەوە. واتە منداڵ لاپەڕەیەکی سپی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک زانیاری ئامادەکراوی لە ڕێگای کرۆمۆسۆمەکانەوە هەیە، یەکێک لەو ئامادەکراوانە بەهرەی تاک لە بوارێک واتە بواری داهێنان. ڕەنگە ئەم دەستەواژەیە لە ڕووی زانستی و لێکدانەوەی توانستی عەقڵ جیاوازبێت لەگەڵ بلیمەتی، بەڵام زۆر لێکدانەوەی فسیۆلۆژی و دەروونی و زانستی کراوە، زۆربەشیان بە توێژینەوە بووە لەسەر کاری بەهرەمەندی، بەڵام بابزانین بۆچوونی زانایان لەسەر شرۆڤەکردنی بەهرەمەندی چییە؟

(١) بەهرە (الموهبە Talent) (لانگ و وایکبوم) دەڵێ بەهرە بریتییە لە (توانای تایبەتی خەسڵەتی، پێکهاتەی تایبەتی هەیە کە نەبەستراوەتەوە بە زیرەکی تاک. لەوانەیە لە هەندێ لە کەم ژیرەکاندا بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر هەبێ.

(کارتدەرگود) دەڵێ (توانایە لە بەشێکی دیاریکراو، یان توانایەکی سروشتییە، خەسڵەتی کاریگەریی گەورەی هەیە و لە ئەنجامی مەشق و پرۆڤەوە دەبێت، وەک وێنەکێشان یان مۆسیقا، بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بە پلەیەکی بەرزی زیرەکی نییە..)

(٢) بەهرەدار (الموهوب Gifted)

(لایکۆک) دەڵێ بەهرەدار (واتە سەرکەوتن بۆ پلەیەکی بەرز لەسەر ئاستی ئاسایی کەسانی تر لە بوارەکانی زانست و هونەر) و (نارامور) دەڵێ منداڵی بەهرەدار) بریتییە لە (ئەو منداڵەی کە خاوەنی توانایەکی بەرزە لە مامەڵەکردن و کارلێک کردن لەگەڵ ڕاستییەکان (حقائق) و بیروپێوەندییەکان بەشێوەیەکی چالاکانەی بەرز و هەمیشە حەز دەکەن ئینتیمای بۆ ئەو کۆمەڵە کەسانە بکەن کە لەخۆیان گەورەترن بە تەمەن، چونکە هەست دەکات ئەو کۆمەڵە کەسانە بایەخی پێ دەدەن، بە تایبەتی لە ڕووی عەقڵییەوە، چونکە منداڵی بەهرەدار زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوەی بە سوود بەسەر دەبات نەک بە یاری و گاڵتەکردن.

(٣) داهێنان (الابداع Creativity) «گلفورد» دەڵێ (داهێنان ئەو توانایەیە کە بۆ دروست کردنی چارەسەری نوێ بۆ کێشەیەک، واتە گونجاوترین چارەسەر بۆ ئەو گرفت و کێشانە کە لە کاری ڕۆژانەدا ڕووبەرووی دەبێتەوە، ئەو توانایەش بە سێ قۆناغ لەدوای یەکترەوە دێن (شیکردنەوە و پێشبینی کردن و دروست کردن).

(کوخمان) دەڵێ داهێنان بریتییە لە (توانای تاک بۆ بەخشین و دۆزینەوە و بەکارهێنانی بیری نوێ و دەگمەن لە بەرامبەر کێشەیەک و گەیشتن بە چارەسەری نوێ لە کاتێکی دیاریکراودا).

(٤) دروست کردن (الابتکار)

دانانی وشەی دروست کردن لە بەرامبەر (الابتکار) ڕەنگە وەک خۆی مانا تەواو نەبەخشێ، یان ڕێک بەرامبەر یەکتری نەوەستنەوە، بەڵام مەبەست لە دروست کردن چەمکی دروست کردنە (أبتکار)ە، هەر لێکدانەوەیەکی تر لەم بوارە بکرێ دەچێتە خانەی شرۆڤە کردنی عەقڵی ئیبتیکار لەلای تاک.

(ڕۆجرز) دەڵێ (دەرکەوتنی بەرهەمی نوێ کە هەڵقوولاوی کاریگەری و کارلێکی نێوان تاکو مادەی شارەزایی بێت، واتە کارلێکی ئەو بەرهەمانەی نێوان توانستی تاک و کەرەستەی شارەزایی. (شتاین) دەڵێ (بەرهەمی نوێی وەرگیراو و سوودبەخش کە ڕەزامەندیی گەورەترین بەشی کۆمەڵ وەربگرێت لە مادەیەکی زانستی نوێی دیاریکراودا، ئیبتکار واتە (ئەو پرۆسەیەی کە قۆناغی دوایەکی هەیە و ئامانجی گەیشتنە بە بەرهەم بۆ بڕیاردانی چارەسەری جۆراوجۆر کە خەسڵەتی چەندایەتی و چلۆنایەتی هەیە و لەنێوان فاکتەرەکانی چارەسەرکردن هاوگونجانێک هەیە، واتە بایەخدان بە پرۆسەی چلۆنایەتی لە کردەوەیەکی داهێنەرانەی زانستیدا.

(٥) خاوەن عەقڵییەتە بەرزەکان، (هافجهرست) دەڵێ (هەر کەسێک بگاتە ئاستێکی بەرز لە چاو کەسانی دەوروبەر لە هەر بوارێک بێت پێی دەڵێن سەرکەوتنی عەقڵی بەرز).

(تیرمان) دەڵێ (منداڵی عەقڵ بەرز ئەو منداڵەیە کەوا توانایەکی بەرز و خێرا لەچاو منداڵەکانی تر فێردەبێت، ئەو توانەیەش لە بوارەکانی هونەر وەکو مۆسیقا و وێنەکێشان بە دەردەکەوێ، هەندێ جار لە بواری میکانیکی بەدەردەکەوێت و ئاستی بەرزی عەقڵی بە زۆری لەم بوارانەدا دەبێت، یان تاک لەم بوارانەدا بە توانا دەبێت و شارەزایی تەواوی دەبێت بوارەکانیش وەکو:

١- ئاستی بەرزی لە بواری زیرەکی گشتی.

٢- ئاستی بەرزی لە بواری بیرکاری و ماتماتیک و ژمێریاری.

٣- ئاستی بەرزی لە بواری زانستەکان و کۆمپیوتەرسازیدا.
٤- ئاستی بەرزی لە بواری ئەندازە و ئارێکچەری و نەخشەسازی شاردا.
٥- ئاستی بەرزی لە بواری هونەری بینین وەک (وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، دیزاین و دیکۆر...).
٦- ئاستی بەرزی لە بواری هونەری مۆسیقا (ژەنین و دانان).
٧- ئاستی بەرزی لە بواری (زمان و دراماو وەرزش و ڕۆڵ بینن و سەرکردایەتی کردن).

(٦) بلیمەتی (العبقریة). (سپیرمان) دەڵێ: بلیمەت ئەو کەسەیە کە توانایەکی زۆر بەرزی عەقڵی هەیە بۆ داهێنان (الاختراع)، یان توانایەکی لە ڕادە بەدەر لە بواری مۆسیقا و هونەر و میکانیک و تیورییەکانی ماتماتیک و فەلسەفە، ئەم حاڵەتە لە منداڵدا زۆر بەدەگمەن بەدی دەکرێت، ئەو خەسڵەتانە تەنیا لە تەمەنی کامڵ بوونی تاک بەدی دەکرێت و لە لایەن زانایەکانەوە چەند جارێک پێوەری جۆراوجۆر دانراوە، بەڵام لە هەموویان زانستی تر کە بوارەکانی عەقڵی تاک دەگرێتەوە پێوەری (سپیرمان)ی زانایە.

(٧) زیرەکی. (کارتەرگود) (Carter Good) دەڵێت: منداڵی زیرەک واتە زیرەکییەکەی لە زیرەکی ئاسایی زیاترە و چەند مەرجێکی وەک پێوەر داناوە:
(١) دەبێ هاوکێشەی زیرەکی لە تاقیکردنەوەی تاک لە (١٢٠) پلە کەمتر نەبێت.
(٢) ئاستی بەدەست هێنانی ئەکادیمی چاکترینیان بێت (١٥٪) لە کۆمەڵەی خۆی باشتربێت.
(٣) دەبێ توانایەکی بەرزی هەبێت بۆ بیری ئیبتیکاری و هزری هەڵسەنگاندنی بابەتی.
(٤) دەبێ ئامادەیی تایبەتی هەبێت لە یەکێک لە بوارەکانی زانستی، یان هونەریی یان سەرکردایەتی کردن.

خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکانی کەسی زیرەک بە پێی تاقیکردنەوەی زیرەکی وەکو بوونی کۆگایەکی زەخیرەی زمان و حەزی دۆزینەوەی شتەکان و کارامەیی لە کردارە وتەکان (کارتەرگود) دووبارە دەڵێت: ئەو منداڵەی کەوا زیرەکی لەسەرووی ئاساییە، خەسڵەت و ڕەفتاری تایبەتی هەیە، وەک گەشەی کۆمەڵایەتی و ئەندامی لەش باشتر و خێراترە لە منداڵی ئاسایی لە ڕووی ئاگایی و تەرکیز و هزرییەوە ئەکتیف ترە لە کەسانی تر.

لە کۆتاییدا (کارتەر گود) دەڵێ کەسی زیرەک بریتییە لە:
(١) توانای فێربوون و ڕەخنەگرتن لەسەر ئەوەی فێربووە و وەریگرتووە.
(٢) توانای چارەسەرکردنی کێشەیەک بەشێوەیەکی کاریگەریی زانستی و ئەکادیمی و کارایەتی.
(٣) توانای فێربوونی شارەزایی و مامەڵەکردن بە زیرەکانە لەگەڵ باری نوێ و گۆڕانکارییەکان.

*** خەسڵەت و سیفاتی تاکی بەهرەمەند.**

أ- ڕەفتار و سیفاتی عەقڵی وەک:
(١) خێرایە لە فێربوون و ئەز بەرکردن و تەرکیزکردن و تێگەیشتن و بیردانی (ذاکرة) بەهێز و زۆر پرسیار دەکات و لە بە دەست هێنانی زانیارییەکان بە توانایە.
(٢) توانای هەیە لە دەربڕین و تەرکیزکردن و ئاگاداری و بیری ئەنجامدراو بۆ ماوەیەکی درێژ.
(٣) لە وەڵامدانەوە خێرایە و ئامادەیە بۆ بەدیهێنان، ئاسۆی بیرکردنەوەی فرەوانە، خاوەنی توانایەکی بەهێزە بۆ شیکردنەوە و دۆزینەوە و بەیەکەوە گرێدانی شارەزایی کۆن و نوێ لە زانستی بابەتەکان.
(٤) گەڕان بەدوای دۆزینەوە و شارەزابوون و دەخالەتی عەقڵی هەیە، ئەمەش لە پرسیارەکانی ڕەنگ دەداتەوە کە بەشێوەیەکی ورد و ئاگایانە و کورت و پوخت وەڵام دەداتەوە.
(٥) بیری نوێ و ڕێک و ڕێکخەری هەیە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ دەری ببڕێ و هەندێ جار بیر و هزری نوێ پێشنیار دەکات کە کەسانی تر لەبیرکردنەوەکانیدا بە نامۆیی دادەنێن.
(٦) تاکی بەهرەدار دەست پێشخەری دەبەخشێتە ئەندێشە و خەیاڵی داهێنان لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکی.
(٧) ڕوون و ئاشکرایی لە بیرکردنەوە و وردی و بە پیتی خەیاڵەکانی، هۆشیاریی لەتوانای ڕادەبەدەر لەسەر تێبینی کردن و بەبیرهاتنەوە و هەزم کردنی زانیارییەکان.
(٨) بەرزی ئاستی زیرەکی و داهێنان و ئیبتکار و ئاستی بەدەست هێنانی بەرز لە فێربوون بە ڕێژەی (٤٤٪) لەسەر هاوڕێیەکانی خۆیدا.

(٩) هاوسەنگی لەهێزی عەقڵیی بە درێژایی ژیانیدا.

(١٠) بابەتی ئەبستراکەت لەبیرکردنەوەدا، واتە هەوڵی فێربوون دەدات پێش تەمەنی چوونە قوتابخانەوە.

(١١) منداڵی بەهرەدار حەزی لە قسەکردنی راستەوخۆیە، نەک پێچ و پەنا و هێمای شاراوە بەکارناهێنێ، زۆرجار دەخوێنێ و دەنووسێ بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ کە ئێمە چاوەڕێی ناکەین، بەهۆی بایەخدانی بە جۆرەکانی بیرکردنەوەی عەقڵی.

(١٢) حەزی لەبیرکردنەوەی قووڵ و فرەوانە، مەیلێکی بەهێزی هەیە لە وەرگرتنی مەعریفە کە بایەخ بە وشە و بیرکردنەوە دەدات بە شێوەیەکی ئەکادیمی قووڵ و بەتەرکیزی چڕوتێر.

(١٣) زەخیرەیەکی فرەوانی هەیە لە زمان و بەکارهێنانی وشەی رەسەنی فیکری و بنچینەیی (الأصالة الفكرية).

(١٤) حەزی لە گوێ گرتن و خوێندنەوەی زۆری چیرۆک و رووداوە، بە تایبەتی چیرۆکی خەیاڵی زانستی و رووداوی واقیعی.

(١٥) جۆری چارەسەر بۆ کێشەکان بەکەمترین کات دەدۆزێتەوە.

(١٦) بایەخێکی بەرچاو بە شتەکانی دەوروبەری خۆی دەدات و هەر لە منداڵییەوە حەز دەکات ببێتە پارێزەر و پزیشک و ئەندازیار و بایەخ بە پاشەڕۆژ دەدات.

(١٧) توانای هەیە لەسەر دەرئەنجامەکان و دۆزینەوە و بەگشتی کردن و دارشتنەوەی چەمکەکان و گرێدان لەنێوان هۆکاری شتەکان و بیرکردنەوە و دۆزینەوەی پێوەندیی نێوانیان.

(١٨) حەزی لەسەرکێشی و سەرچڵییە، بە تایبەتی سەرچڵی زانستی و فیکری، لەگەڵ کۆمەڵی برادەرەکانی.

(١٩) ئارامگر و نەرمە لەبیرکردنەوە، چونکە توانای هەیە بۆ گۆڕینی حاڵەتی هزری بەپێی گۆڕانی هەڵوێستەکان. هۆشیاری لەسەر بوونی هەڵەکان هەیە، بە کەمترین کات هەڵەکان دەست نیشان دەکات.

(٢٠) حەزی لەکاری سەربەخۆیە، چونکە بە توانایە لە نەخشەدانان و رێکخستن و تاقیکردنەوە و ریزکردنی بیروبۆچوونەکان. پشت بەستن بە تێرامان لە فیکری مەنتیقی و فیکری رەخنەیی و فیکری هێمایی.

ب- تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی. ئەمەش چەند خەسڵەتێک دەگرێتەخۆ بۆ تاکی بەهرەمەند وەک:

(١) حەزی لە ئازادی جووڵانەوەیە، بەرگری دەکات دژی پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی و دەخالەت کردنی کەسانی دی، بەڵام خۆی حەزی لێیە هاوکاری خەڵک بکات.

(٢) حەز لە چالاکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەکات و بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی دەوروبەر دەکات و زۆر ئەکتیڤانە کاری کۆمەڵایەتی یان گرووپەکەی رادەپەڕێنێ.

(٣) توانای ئەوەی هەیە هاورێ پەیدابکات، مەیلی لێیە برادەرەکانی لەخۆی گەورەتر بێ و حەزی لە هاورێیی زیرەکە، نەک ئاسایی و لەخۆی بچووکتر.

(٤) لەناو کۆمەڵ خەسڵەتی مەقبوولی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵی دەوروبەری ئەوکەسە لێی رازین و مەیلی موجامەلەکردنی خەڵکی لەسەر بنچینەی راستگۆیی هەیە.

(٥) هەر لە منداڵییەوە حەزی لە پایەی بەرزە و بە باوەڕ بەخۆبوونەوە حەزی لە کۆنترۆڵ کردنی شتەکانی دەوروبەری هەیە. بۆ نموونە حەز دەکات ببێتە سەردەستەی گرووپەکەی، یان سەرۆکی یاریکردن لەگەڵ هاورێییەکانی، واتە سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵێ لە برادەرەکانی.

(٦) خاوەنی ئەو توانایەیە کە رەخنە لەخۆدەگرێ و هەست بە کەموکورییەکانی خۆی دەکات و رەخنەش وەردەگرێ و گیانی لێبووردەیی و قەبووڵکردنی بیروڕای جیاوازی هەیە، بەڵام لە کەسانی شایستە و لەخۆی زیرەکتری وەردەگرێ.

(٧) هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و گیانی رابەرایەتی و سەردەستە و سەرگرووپی هەیە و لە مامەڵەکردندا دادوەرانە دەبێت.

(٨) حەزی لە یاری گران و زەحمەتە کە رۆحی بەرەنگاربوونەوەی هەبێت و وەک پێشبرکێی زانستی و هونەری و فیکری، تەنانەت بیری بوون و ئاینی و فەنابوون.

(٩) مەیلی لە گاڵتە و نوکتە و یاری کردنە لە سنوورێکی زەمەنی کورت و دایکراودا.

(١٠) حەزی لە دابونەریت و یاسای توندی نێو کۆمەڵ نییە، زۆرجار ملکەچی فرمان و قسەی کەسی بەرامبەر و ئەوانی تر نابێت، نەک وەکو هەڵگەڕانەوە و سەرکێشی، بەڵکو وەکو رەخنە و خۆ بەکەم نەزانین.

(١١) حەزی لە خۆ دەرخستن نییە و خۆی پیشان

نادات لەسەر زانیارییەکانی کە هەیەتی و زۆر بە سادەیی مامەڵە دەکات، حەزی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی فرەوان هەیە، نەک گۆشەگیری و تەنیایی، حەزیشی لە ئینتیمای کۆمەڵی گەورە هەیە.

ج- تایبەتمەندیی ویژدانی بریتییە لە:
(١) منداڵی بەهرەمەند ئاستێکی بەرزی لە خۆگونجاندن و تەندروستی دەروونیدا هەیە.
(٢) زوو دەگونجێ و خۆی لەگەڵ شتەکانی دەوروبەر و گۆڕانکارییەکان ڕادەهێنێ (وەک گواستنەوەی لە قوتابخانە تووشی بێزاری نابێت، بەڵام هەندێ جار تووشی چەپاندن و نەگونجان دەبێت بەهۆی نەبوونی دەرفەت و نەبوونی بایەخدان بەو منداڵە.
(٣) نەرم و لەسەرخۆیە و زوو هەڵناچێت و لەبەرامبەر کێشەکان تێک ناچێت.
(٤) ئەگەر تووڕە بوو زوو چاک دەبێتەوە، هەرگیز ڕق و کینە و بوغزی بەرامبەر کەسانی تر نییە، تەنانەت لەکاتی ڕەخنەگرتنیشدا.
(٥) تووڕە و شاراوەیە، حەز ناکات کەس بە ئاسانی بیروباوەڕی بزانێت و هەندێ جار کەللەڕەق و عینادە و لەسەر بیروبۆچوونی خۆی نایەتە خوارێ، زیندەخەون دەبینێ و حەزی لە کێشەی سۆزداری نییە.
(٦) ئیرادەی بەهێزە، بە ئاسانی هەست بە فەشەلی خۆی ناکات، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت و کێشەکان زۆر ئارامگیر و هێمن دەبێت.

د- خەسڵەتی بەدەنی بۆ کەسی بەهرەدار، ئەمە تا ڕێژەیەک زۆربەی تاکی بەهرەدار دەگرێتەوە وەک:
(١) هیچ کەموکوڕی لەشی نییە و تەندروستی باشە.
(٢) لەشێکی بەهێز و تەندروستی باشی هەیە و زۆرجار کێشی زۆرترە و درێژترە لە هاوتەمەنەکانی خۆی. ڕەنگە ئەمە بۆ هەموو بەهرەدارێک نەبێت و پێچەوانە بێت.
(٣) زۆر دەجووڵێتەوە، واتە بزێوە حەزی لە سکوون نییە. حەزی لە تەمبەڵی و لەش گرانی نییە.
(٤) وزەیەکی زۆری هەیە بۆ کارکردن و گەشەی گشتی خێرایە.
(٥) وەرزشوانە و حەزی لە ڕاکردن و ڕۆیشتنە لە تەمەنێکی زوودا.
(٦) خەوی کەمە و بەردەوام وزەیەکی زیادی هەیە بۆ ئەکتیڤ بوون، بۆیە بەردەوام چاپووک و چالاکە.

هـ- کەسایەتی بەهرەداران و مەیلەکانیان.
کەسایەتی زۆربەی بەهرەداران بەهێز و سەرکەوتوو و کۆمەڵایەتییە، گیانی دۆستایەتی و لێبووردەییان زۆرە، لە ئەنجامی دیراسەکردنی کەسایەتی و مەیلی منداڵی بەهرەدار بریتییە لە:
(١) مەیلی بە پیتە، واتە بایەخ بە زۆر بوار دەدات وەک: وێنە و مۆسیقا و مەیلی بەشداری کردنی شانۆگەری و چالاکی ئایینی و دێدەوانی و گفتوگۆی بەردەوامی هەیە.
(٢) بەردەوام خۆی لە کەسایەتی ناو چیرۆکی خەیاڵی زانستی دەدۆزێتەوە، حەزی لە خوێندنەوەی ئەتڵەس و فەرهەنگە، بە تایبەتی بەراوردکردنی بابەتە هاوشێوە و پێچەوانەکانی.
(٣) لە ڕووی بەهرەدارییەوە هیچ جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچدا نییە، بەڵام کچان مەیلی کۆمەڵایەتییان زیاترە و کوڕەکانیش مەیلی چالاکی بەدەنییان زیاترە.
(٤) زۆربەی بەهرەدارەکان لە خێزانێکی بێ کێشە و گرفت دەژین، کە پاڵپشتی ویژدانی دایک و باوکی دەکرێن. واتە بەهیچ شێوەیەک توندوتیژی و زەبروزەنگی دەروونی لەناو ئەو خێزانانە بەکارناهێنرێت.
(٥) زۆربەی نەک هەموو بەهرەداران لە شارن نەک لەلادێ، چونکە دەرفەت و بوار و هۆیەکانی فێربوون لە شار زیاترە، واتە جیاوازی ژینگەی شار و لادێ هەیە، نەک لە ئاستی مەعریفە و عەقڵی تاکەکانی شار و لادێ.

- پێوەرەکانی زانستی دەرخستنی بەهرەداران.
چەند زانایەک بەپێی ئەزموونی تاقیکردنەوەی پراکتیکی پێوەرێکی داناوە وەک:
سورندایک پێوەرەکەی بریتییە لە چەند ستاندەرێک (زمان ڕەوانی، توانای بەرزی قسەکردن، توانای ژمارەیی، توانای شوێن، خێرایی زانیاندن، توانای بەرزی بیرهاتنەوە، توانای گەڕان و دۆزینەوە، توانای هەڵێنجان و بەرهەم هێنان...).
- کرۆکی پێوەرەکان، واتە ئەو پێوەرەی کە زۆربەی زانایان لەسەری ڕێککەوتوون وەک:

(١) كرۆكی شێوەكان وەک (ئیدراكی هەستی، واتە كرداری هەستی شێوەكان (بینین و بیستن و دەست لێدان).
(٢) كرۆكی هێمایەكان (ئیدراكی ئەبستراكەت) وەک ژمارە، پیت، پەرەگراف، وشەكان لە كاتی تەركیز كردنە سەردەنگ و ئەو پیتانەی كە ڕستەی ماناداری لێ پێكدێت.
(٣) كرۆكی مانا، لێكدانەوەی وێنەی مانایەكان.
(٤) كرۆكی ڕەوشتی. جۆرێک لە زانیارییەكان لەسەر ڕەوشتی خەڵكانی تر و خودی خۆی.

- گلفۆرد بۆ دەرخستنی ئاستی منداڵی بەهرەدار شەش دەرئەنجامی داناوە.
(١) یەكەكان «Units» (شێوەیەک لەسەر ئەرزیە) یان وشەیەک سەر بە چ فیكرێكە (زێد و بەكارهێنانی).
(٢) بەشەكان «Classes» پۆلێن كردنی هزر و بیرەكان.
(٣) پێوەندییەكان «Relations» بەیەكەوە بەستنەوەی یەكەكان وەک پێوەندی لێكچوو، جیاوازی نێوان یەكەكانی بابەتی زاستی و فیكری.
(٤) سیستەمەكان «Systems» وەكو ڕێسای بیركاری یان كۆمەڵە پێوەندییەكی چوون یەک لە هاوكێشەی كانزا و ناكانزا
(٥) گۆڕانكاری، واتە ئەو گۆڕانكارییەی بەسەر زانیارییەكاندا دێت لە فۆرم و شێوە و پێكهاتە و دروست بوون و خەسڵەت و مانا و ڕۆڵ و بەكارهێنانی.
(٦) هەوێنكاری «Implications» (تخمینات) پێشبینی كردنی ڕووداوەكان و لێكدانەوەی، واتە ئامادەیی تاک لە ڕووی دەروونی و فیكری و هزری و بیردان بۆ هەڵێنجانی هەر تیۆرێكی پێشوەختەی ڕووداوەكان.

**سەرچاوەكان:**

**١- اسس النفس العام، طلعت منصور و آخرون، قاهرة مصر، طبعة ١٩٨٢.**
**٢- علم نفس الابداع، د. فاخر عاقل، قاهرة مصر، ١٩٧٨.**
**٣- الاطفال الموهوبون. د. أنيس فرغ الله، بيروت لبنان، دارالطليعة بيروت، ١٩٩٣.**
**٤- مرجع علم النفس، سعد جلال، مصر، ١٩٨٠.**

# لێکۆڵینەوەگەلی زمانەوانی لە هونەرەوە تا زانست

لە فارسییەوە: سیروان جەبار زەندی

**پێشەکی**

بەپێی وتەی زمانناسان، زمانناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی مرۆڤ و زمانیش سیستەمێکە دروست کراو لە هێما دەنگیەکان و بۆ کاری پێوەندی مرۆیی و گواستنەوەی پەیام بەکاردێ، بەپێی ئەم پێناسەیە: یەکەم زمان سروشتێکی دەنگی هەیە و دووەم ڕۆڵی دروست کردنی پێوەندی، بەڵام زمانی مرۆڤ بێجگە لە ئەرکە پێوەندیەکەی خۆی چەند ئەرکێکی تریشی هەیە، بۆیە هەندێک لە زمانناسان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ڕوانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ڕیشەناسی و کولتووری و فەلسەفی یاخود ئەدەبی ڕوانیویانەتە زمان، پێناسەکەی سەرەوە لە ڕادەبەدەر سنووردار دەبینن، ئەم بەشە لە زمانناسان لەو بڕوایەدان زمان بەشێکە لە کەسێتی مرۆڤ و بۆیە بەشێکیشە لە سروشتی ئەو، یاخود بە گۆشەیەک لە بوونی گشتی ئەو دەژمێردرێ، یان خانەی کولتووری مرۆڤ و ئاست و پانتایی بوونی نەتەوەیی و ڕەچەڵەکی، یان جیهانی ئەوە، یاخود بە بەشێک لە بنەمای ناسین و جیهانبینی ئەو دەژمێردرێ، هەروەها بەفەزای ئەفراندنی بواری خەلیفەی ئیهلاهی مرۆڤیش دەژمێردرێ.

گومانی تێدانییە کە کەسانێک لە ڕوانگەیەکی دیکەی جیا لە خودی زمانناسی بڕواننە زمان و بابەتەکانی، دەبێ بکەونە ڕووبەڕووی ئەم پانتاییە بەرفراوانە. زمان بەو جۆرەی کە لە پێناسەی زمانناساندا (ئەوانەی کە لە ڕوانگەی خودی زمانناسییەوە دەڕواننە زمان) هاتووە تەنیا دەتوانێ ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ ئەمان کە هەرچەندە پێویستە، بەڵام بەس نییە.

لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ناسینی ئەم پانتاییە بەرفراوانە سەرەتا دەبێ لە هەوڵەکانی زمانناسانی (خودی زمان) بکۆڵرێتەوە بۆ ناسینی خودی زمان و بەجیا لە

تێبینییەکانی تر و ئەوکات هەوڵ بدرێ، بەرهەمی کاری ئەمان بە دەستکەوتە دەروونناسی و ڕیشەناسی و کۆمەڵناسی و کولتووری و فەلسەفی و... ئاوێتەی یەک بکردرێن تاوەکو بگەینە ئەنجامی کۆتایی. تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە کە دەتوانین ئومێدەواربین لە ئاکامدا بگەینە تێگەیشتنێکی دروستی ئەرکی زمان لە پرۆسەی گەشەی تاک و کۆمەڵگا و لە کامڵ بوونی زانستەکان لە چوارچێوەی زمانە تایبەتەکانی هەریەکە و هەروەها جۆرێکە لە چارەی کێشە فەلسەفیەکان بە هاوکاری زانستی زمان و لە ئاستی ژیانە هزریەکانی دیکەی مرۆڤ.

## ناوەرۆک

لێکۆڵینەوەی زمانی لەسەرەتاوە تا پەیدابوونی زمانناسی مێژوویی و پراکتیکی لە سەدەی نۆزدەیەم زیاتر لەشێوەی هونەردا بووە و لەو مێژووە بە دواوە وردە وردە تایبەتمەندیە زانستیەکانی لەخۆگرت و سەرئەنجام بە پەیدابوونی زمانناسی گشتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم و بە درێژایی گۆڕانی ئەم بەشە نوێیە، هێواش هێواش چووەتە خانەی زانستەکانەوە.

خراپ نییە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەم بابەتە تەنیا لە چوارچێوەی ئەو باسانەدا دەتوانێ واتاداربێ کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراوە لە بواری ناوەرۆکی زانست و لێکۆڵینەوە زانستیەکان و هەلومەرجی لێکۆڵینەوەی زانستی (هەڵبەتە ئەم بابەتە زیاتر باس لە کاری ئێرانیەکان دەکا، بەڵام بە نیسبەت جیهانیشەوە هەر دروستە)، ئەگینا سەلماندنی زانستی بوون، یاخود هونەری بوونی لێکۆڵینەوە زمانییەکان وەکو گۆشەیەک لە هەوڵە هزریەکانی مرۆڤ بۆ خۆی سوودێکی زۆری نابێ، ئومێدی ئەوە دەکەین لەم لێکۆڵینەوەیەدا بتوانین لەم ڕوانگەیەوە نیشانی بدەین کە چ تایبەتمەندیەک پێویستە لە بوارێکی لێکۆڵینەوەدا هەبێ تاوەکو بتوانرێ بەرهەمی لێکۆڵینەوەکە لەو بوارەدا ناوی زانستی لێ بنرێ.

پێچەوانەی ڕاستی نییە ئەگەر بڵێین لێکۆڵینەوە زمانیەکان وەکو لێکۆڵینەوە ئاینی و ئەدەبییەکان لە ڕیزی کۆنترین و ڕابردوودارترین سەرگەرمیە هزریەکانی مرۆڤ بووە و ڕابردووی ئەم لێکۆڵینەوانە بۆ بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە (واتە بەر لە پەیدابوونی خەت)، بەڵگەیەکی دروستی ئەم بانگەشەیەمان چۆنیەتی کامڵ بوونی خەتە لە قۆناغی (Pictographic writing)وە بۆ قۆناغی (Ideographic (logoraphic) writing) و ئەوکات بەرەو (Syllabic) (Syllabery) و سەرئەنجام بەرەو (Alphabetic writing).

خاڵی جێ سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی زمانی لە هەموو کولتوورەکاندا و بە گەواهی هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستدان، بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی بوارێکی دیکە دەستیان پێکردووە ئەو کێشانەش بەگشتی لە بواری ئایین، یاخود ئەدەبیات، یان فەلسەفە و سیاسەتدابووە، لە هیندو شارستانیەتی ئیسلامیدا کێشەی بەتایبەتی لە بواری پاراستنی ڕەسەنی و دروستی کتێبە پیرۆزەکان بووەتە فاکتەری هاندانی لێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زمانی. گەرچی پاشتر بابەتی بانگەشە و بانگەوازی پەیامی ئاسمانیش زەروورەتی گرنگیدان بەم جۆرە لێکۆڵینەوانەی بەهێزتر کرد. لە میسری کۆنیشدا زیاتر بابەتی بەڕێوەبردنی وڵات وەکو تۆمارکردن و ڕێکخستنی گرنگی کارەکان و بەرقەرارکردنی پێوەندی لەگەڵ هۆز و نەتەوەکان بووە هۆی ڕووکردنە لێکۆڵینەوە زمانییەکان. لە چین و یۆنانی کۆنیشدا ئەوەی بووە هۆی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە زمانیەکان زەروورەتی پاراستن و فێربوونی بەرهەمە ئەدەبیەکان بوو. گەرچی لە یۆنانی کۆندا جگە لە پێداویستیە ئەدەبیەکان بابەتە سیاسی و فەلسەفیەکانیش هەریەک بەجیا بووەتە هۆکاری هاندانی بیرمەندان بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان، کاتێک بابەتە سیاسیەکان لە یۆنانی کۆندا یارمەتی بووە و پەیداکردنی لێکۆڵینەوە زمانیەکانی کرد کە جڵەوی کاروبارەکانی وڵات لە دەستی ئورستۆکراتیەکانەوە کەوتە دەست کەسانێک کە توانای ئاراستەکردنی وەها کارێکیان نەبووە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک بەناوی سۆفستائیەکان بکەونە فێرکردنی دەسەڵاتدارە نوێیەکان بەتایبەتی لە بواری وتاربێژی و فێربوونی زمان (واتە شارەزابوونی زمان). لەلایەکی ترەوە کاتێک گفتوگۆ فەلسەفیەکان سەریان لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەرهێنا کە سوقرات، یا ئەفلاتوون و پاشتر ئەرەستۆ و زەنون Zeno کەوتنە خستنە ڕووی جۆرە پرسیارێکی لەم بابەتە کە ئایا ئەو پێوەندیەی کە لەزماندا هەیە (بۆ نموونە پێوەندی فۆرم و واتا) سروشتیش، یان گرێبەندی؛ یان ئایا زمان ڕوو لە قیاس وەرگرتنە، یا هەڵاتنە لە قیاس و لەم جۆرە پرسیارە.

تایبەتمەندی هاوبەش و دیاری ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە هەموو کولتوورەکاندا ئەوەیە کە بێ دواکەوتن پاش دابین بوونی کەرەستەی پێویست بۆ چارەسەری ئەو کێشە و بابەتانەی کە هەبوو لە بواری ئاین و ئەدەبیات و سیاسەت و فەلسەفە یەکڕاست ئەم لێکۆڵینەوانەش ڕاوەستان، لەوە بەدواوە، یا دەرگای ئەمانە بە تەواوی داخراو چوونە ڕیزی مێژوو و ڕابردووەوە (هەروەک ئەوەی لە میسر ڕووی دا) یاخود ئەگەر هەروامانیشەوە بە شێوەی نەریتێکی چەسپاو و بەردەوام لە نەوەیەکەوە گواستراونەتەوە بۆ نەوەیەکی تر، بێ ئەوەی بچووکترین پێشکەوتن یاخود بچووکترین گۆڕانیان بەسەرداهاتبێ. ئەمەش هەمان ئەو ڕاستییەیە کە لە هیند و لە جیهانی

ئیسلام و تارادەیەک لە یۆنان و ڕۆمدا ڕووی دا. لەناو ئەم کۆمەڵانەدا تەنانەت ئەگەر پاشتر نوێخوازانێکیش هاتبنە ئاراو وتەیەکی نوێشیان خستبێتە ڕوو دەربارەی زمان، ئەندێشەکانیان زۆر بە کەمی چووەتە نێو نەریتەکان و بووەتە بەشێک لەوان.

کەواتە سەیر نییە کە دەبینین لە هیند دا هیچ ڕێزماننووسێکی پێشڕەوی تر لەدوای پانینی ڕێگەیەکی نوێی نەدۆزیوەتەوە کە بەردەوامی هەبێ، یاخود لە جیهانی ئیسلامدا کەمتر نوێخوازێک لەدوای (سیبەوی) بۆچوونێکی نوێی هێناوە کە بەدوایدا چووبن و لە یۆنانی کۆندا و لە دوای دیۆنۆسیۆس تراکیایی و ئاپۆلۆنیۆس دیسکۆلۆس هیچ کەسێکی تر وتەیەکی نوێی نەوتووە کە بەردەوامی هەبێ. لە هەموو ئەم کۆمەڵگایانەدا ئەوەی کە لە دوای ئەم لووتکە بەرزانە برەوی پەیداکرد و گرووپی باسکارانی (کورتنووس و درێژنووس) و نەزم نووسانە (واتە نووسینی کێشدار کە بۆ مەبەستی دەربڕینی بابەتی جیاواز سوودی لێوەردەگیرا) و ئەو کۆمەڵە نامە و پاشکۆ دەرسیانەی کە بۆ پاراستنی ڕەوش و نەریتە (نەحوی و سەرفیە) کۆنەکان و گواستنەوەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ئامادە کراون. لێرە بەدواوە لە هەموو ئەم کۆمەڵگایانەدا ڕێزمان لەپاڵ (مەنطق) و هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا وەکو دەروازە، یان پێشەکی بەرنامەکانی فێرکردن تەماشاکراوە.

هەندێ کات لەم جۆرە لێکۆڵینەوە زمانیانەدا چەند تایبەتمەندییەک بەرچاو دەکەون کە سەرنجدانیان لە ڕوانگەی باسەکەی ئێمەوە پێویستە. لەو تایبەتمەندیانە یەکەم بریتییە: ئەو مەبەستەی کە لەواندا بەدوایاندا دەگەڕێن ناسینی خودی زمان نییە، بەڵکو (هەروەک وتمان) بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە پراکتیکی و تیۆریەکانی بوارەکانی تر. بەواتایەکی تر بەگشتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لایەنی پراکتیکی دەگرنەوە نەک تیۆری دووەم ئەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوانە (هەروەک باسمان کرد) لەپاش ئەمانی ئەو کێشانەی کە هەبوون لە بوارەکانی تردا لە بزاوتن دەکەون و وەک کۆمەڵێک لە نەریتە پێوەرییەکان بەردەوام دەبن. سێیەم ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە سەرەڕای ئەوەی بەدوای مەبەستگەلێکی جۆراوجۆرەوەن ئەویش لە چەند بوارێکی تردا، سوود لە تاکە شێوازێکی دیاری کراو وەرناگری کە لەگەڵ سروشتی زماندا گونجاوبێ. چوارەم چونکە لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا ناسینی خودی زمان لەبەرچاوناگیرێ (بەڵکو چارەسەرکردنی کێشە نا زمانییەکان لەبەرچاو دەگیرێ) ئەو زانستەشی کە لەو ڕێگەیەدا دەربارەی زمان بەدەست دێ گشتگیر و ڕێک و کامڵ نییە، بەڵکو زانستێکی سنووردار و پەرتوبڵاو و ڕووەو ئەو بەشەی زمانەکە پەیوەستە بە کێشە نازمانییەکان.

ئێستا بێ وتن ئاشکرایە کە ناتوانرێ زانستێک بەم تایبەتیانە لە ڕەگەز و جۆری زانست بە واتا تەواوەکەی دابنرێ، چونکە لە زانستدا و بەپلەی یەکەم ناسینی بابەت لە ئارادایە و نەک چارەسەرکردنی کێشەگەلێک کە بەگشتی پەیوەست نین بە خودی بابەتەکەوە. هەروەها هەرگیز زانست لە بزاوتن ناکەوێ و نابێتە نەریتێکی وەستاو و تا بابەتەکەی لە گۆڕاندایە و ئەو بابەتە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێی دەکۆڵرێتەوە و ئاکامی دیدگا جۆرا و جۆرەکان دەکەونە ڕووبەڕووی یەک، خودی ئەویش بە بزاوت و پڕ جووڵە دەمێنێتەوە. جگە لەمەیش زانست سەرەڕای ئەوەی ئاراستە و پەیماندارە بە بابەتێکی دیاریکراو، بەڵام زیاتر سوود لەو شێوازانە وەردەگرێ کە بەکاردێن بۆ ناسینی خودی ئەو بابەتە و ئاشکرایەکە ئەو ناسینەی کە لەم ڕێگەیەوە بە دەست دێ ناسینێکی (تا ئەو جێیەی دەگونجێ) گشتگیر و ڕێک و ڕووەو لایەنی گشتی بابەتەکەیە نەک چەند گۆشەیەکی.

بەم پێیە پێچەوانەی ڕاستی نییە ئەگەر لەبەر ڕووناکی قسەکانی سەرەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لێکۆڵینەوەی زمانی (لەو جۆرەی کە تا ئێستا باسمان کرد) زیاتر لە جۆری هونەرن تا ئەوەی زانست بن، گەرچی پێویستە هەر زوو ئەوە بڵێین کە ئەم حوکمانە دەربارەی ئەوەی لە سنووری فەلسەفەدا سەبارەت بە زمان وتراوە تا ئەم ئاستە ڕاست و دروست نییە، چونکە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی سنووری فەلسەفە هەرچەندە مەبەستێکی دیکەی جیا لە ناسینی خودی زمانیان هەبووە، ئەویش بە شێوازێک کە تایبەت بووە بە فەلسەفە و هەرچەندە ناتوانرێ بەرهەم و ئەنجامی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بە گشتی و ڕێک و بەرفراوان دابنرێ، بەلای کەمەوە بۆ خۆیان لە بزاوتن نەکەوتوون، بەڵکو هەر لە زووەوە، واتە لە سەردەمی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و زەنوونەوە هەتا سەردەمی ئێمەش بەردەوام و گۆڕاون. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە گەلێکی تیۆریانەی کەسانێکی دیار درێژەیان پێ دراوە و لەسەردەمی ڕێنیسانس و سەدە نوێیەکانیشدا لە کۆڕی ڕێزمانە فەلسەفیەکاندا قوتابخانەی پۆرت ڕۆیاڵ، نامە جیاوازەکان دەربارەی سەرچاوەی زمان بەردەوامیان هەبووە و ئێستاش بە چەند شێوەیەکی جۆراوجۆر لە سنووری لۆژیک و فەلسەفەی شیکاری و زماناسی گشتی بەرەو پێش دەڕۆن.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری- نامەء فرهنگ، فصلنامەء تحقیقاتی درمسائل فرهنگی واجتماعی، شمارە(٤) سال (١٣٧٨).

# سایکۆلۆژیای یاری منداڵانی کورد لە لادێدا

زەیتۆ شێخانی

لە نێو هەوای پاکی کوردستاندا، لە دەروازە و لە ناو گوندەکاندا، لە کەند و دۆڵ و گردەکاندا، لە قەراغی ئاوەکاندا، لە ئامێزی چیاکاندا، لەگەڵ بەرد و زیخە مەرجان و مرواریییەکاندا، لە وەرزی گوڵاندا، لە نێو کولیکی ڕەنگاوڕەنگ و حاجیلە و قنجیلە و ترشۆکە و قاوغەدا.

لە وەرزی دروێنەدا، لە نێو پەرێز و هەوێز و مەردۆشیندا. لە وەرزی خەزاندا، لە شەوانی مانگەشەودا، لەگەڵ ڕەوسە بڕ کردن و کاکێشانەوە و ساوار کوتانەوەدا. لە وەرزی بەفر و شەختەدا، لەگەڵ شەڕە بەفرینەدا، لە کونجی ژوورەکاندا، لە دیار گرفەگرفی سۆبەی داردا، لەگەڵ گوێز و بەڕوو خواردندا، لە نێو ئەم هەموو دیمەنە جوانانەدا یاری کردن زەماوەندێکی زۆر خۆشە، ئەوەی تێیدا ژیابێت هەرگیز لە یادی ناکات، بۆیە ئەگەر منداڵ یاری کردن وەک شێوازێکی ڕاست و دروست بۆ دەربڕینی هەست و نەستەکانی بەکاربهێنێت، ئەوا منداڵی لادێ دەربڕینەکەی لە نێو ئەم دیمەنە جوانانە و کەش و هەوایەدا ڕاستتر دەبێت.

یاری کردن مافێکە لە مافەکانی منداڵ، ئەگەر بەخێوکاران نەیانتوانی بە تەواوی بۆیان دابین بکەن، ئەوا بە خۆیان هەوڵ دەدەن بەم شێوازە ساکارانەی لەبەر دەستیاندایە بۆ خۆیان دابینی بکەن. لەبەر کەم دەرامەتی و ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی لادێ، گەورەکان نەیانتوانیوە هەموو شتێک بۆ منداڵان دابین بکەن، بۆیە ئەوانیش هەوڵیان داوە سروشتی جوانی کوردستان بۆ دروست

کردنی یارییەکانیان بەکاربهێنن.

ئێمەش لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو یارییانە بخەینە ڕوو کە ئێستا لە باخچەی ساوایان پەیڕەو دەکرێت، لە پاشان بەراوردیان بکەین لەگەڵ هەندێک لەم یارییانەی کە لە لادێکان و لەلایەن منداڵان ئەنجام دەدرێن.

یارییەکان لە باخچەی ساوایان دوو جۆرن:

* یارییەکانی ژوورەوە.
* یارییەکانی دەرەوە (گۆڕەپان).

*** یارییەکانی ژوورەوە**

گرنگترین ئەو یارییانە دەگرێتەوە کە منداڵ لە پۆڵ بە شێوەی تاک یان کۆمەڵ ئەنجامی دەدات، ئەوانیش چەند جۆرێکن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- یارییەکانی جووڵە: منداڵ لەم جۆرە یارییەدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کەم، یان زۆر جۆرە جووڵەیەک ئەنجام دەدات، سوودی ئەم جۆرە یارییانە ئەوەیە منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر هەمئاهەنگی جووڵەکان لەگەڵ یەکتری، لە لادێکانی کوردستانیش ژمارەیەکی زۆر لەم یارییانە بەرچاو دەکەون، لەوانە:

**أ- یاری (فڕی فڕی قەل فڕی):**

لەم یارییەدا کەسێکی گەورە سەرپەرشتی گرووپی منداڵان دەکات و یەک یەک ناوی گیانلەبەران دەهێنێت دەڵێت (فڕی فڕی....فڕی) منداڵانیش ئەگەر گیانلەبەرەکە بفڕێت ئەوا دەستیان بڵند دەکەن، ئەگەر نەفڕێت دەستیان بڵند ناکەن. ئەوەی هەڵە بکات و لە کاتی ناوهێنانی گیانلەبەرێکی بێ باڵ دەستی بڵند بکات لە یارییەکە دەردەچێت. ئەمە جگە لەوەی یارییەکی جووڵەییە منداڵ فێری سیفەت و ناوی گیانلەبەرانیش دەکات.

**ب- یاری قاقایانێ و پێنجووکانێ:**

ئەم دوو یارییە بە هۆی ژمارەیەک بەردی وەکو هێلکەی باڵندە ئەنجام دەدرێت، لە ڕووی ئەنجامدانەوە وەکو یەکن، بەڵام لە ڕووی ژمارەی بەردەکان و یاسای یارییەکە جیاوازییان هەیە. قاقایانێ بۆ هەر کەسێک نۆ بەردی دەوێت، بەڵام پێنجووکانێ بە پێنج بەرد بۆ هەردوو لا ئەنجام دەدرێت. سوودی یارییەکە لە چۆنیەتی ئەنجام دانیەتی، یاریکار پێویستە بەردێک لە دەست بگرێت و لە کاتی هەڵگرتنی هەر بەردێک بەردەکەی دەستی بەرز بکاتەوە و بگرێتەوە و بە مەرجێک هیچ بەردێک نەجوولێنێت. ئەم دوو یارییە منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر هەمئاهەنگی لە نێوان دەست و بینیندا.

٢- یارییە ویستییەکان: ئەم یارییە ڕادەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانی منداڵ دەردەخات و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ویستی. لەناو منداڵانی کورد بە گشتی لە شار و لادێ یارییەک هەیە پێی دەڵێن (قوڕ قەپ)، لەم یارییەدا کۆمەڵێک منداڵ کۆدەبنەوە، یەکێکیان دەبێتە سەرکردەی گرووپەکە و قوڕقەپ دەکات واتە پێویستە هەموویان بێ دەنگ بن، ئەوەی نوقڤەی لە دەم بێتە دەرەوە لە یارییەکە دەردەچێت و لە کاتی یارییەکە لەوانەیە کەسێک جووڵەیەک بکات بۆ ئەوەی ئەوانی تر پێبکەنن و لە یاری بچنە دەرەوە، بەم شێوەیە ئەوەی ویستی لە هەموویان بەهێزتر بێت تا کۆتایی دەمێنێتەوە.

٣- یارییەکانی فێرکردن: یاری لێرەدا کارکردنە لەسەر شێوەی یاریکردن، بۆیە دەتوانین یارییەکانی فێرکردن بەم شێوەیە پێناسە بکەین «هەر یارییەک مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بێت و ببێتە هۆی پێش خستنی بەهرە و تواناکانی منداڵ و ئاسۆی زانیاری فرەوان بکات و یارمەتی بدات بۆ وەرگرتنی بابەتەکانی خوێندن، هەروەها ئاراستەی ڕاست و هاوکاریکردنی لە لا دروست بکات پێی دەوترێت یاری فێرکردن».

**گرنگترین جۆرەکانیشی ئەمانەن:**

أ- یارییەکانی قسەکردن: قسەکردن شێوازێکە لە شێوازەکانی پێوەندی کردنی تاک بە دەوروبەر، یارییەکانی قسەکردن یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی بەڕێکوپێکی قسە بکات و بیروبۆچوونی خۆی بە باشی ڕوون بکاتەوە.

لەناو کوردەواریشدا یارییەکی منداڵان هەیە پێی دەڵێن (مەیل مەیلانێ). کە زستان دادێت و منداڵ بە هۆی کەش و هەوای سەختەوە ناتوانێت بچێتە دەرەوە، ئەم جۆرە یارییە ئەنجام دەدات، لەم یارییەدا یەکێک لە گەوران ڕۆڵی مامۆستا دەبینێت مەیل بۆ منداڵان دەڵێت، بۆ نموونە ئەگەر وەسفی پشیلە بکات دەڵێت: (مەیلەکم

هەیە چاوی شـــینە، کلکی درێژە، بەســـەر چوار پەلان دەڕوات... کێ دەزانی چییە). منداڵانیش هەر یەکە لە ڕاستە خۆی بیر لەم سیفەتانە دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە وەڵامی ڕاست. ئەم مـەیلانە تەنیا بۆ گـیانلەبەران نییـە، بەڵکو ڕووەک و کـەلوپەلیش دەگـرێتـەوە، بۆیە ئەم جۆرە یارییــە ســوودێکی زۆری هەیە بۆ فـێــربوونی زمــان بە تایبەتی ئەو منداڵانەی هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە، بۆ منداڵانی گـەورەتریش سوودی زۆرە، چونکە دەبێـتە هۆی فێربوونی سیفەتەکانی مادده زیندوو و نازیندووەکان.

ب- یارییەکانی پەنجە: ئەمەش یاریکردن بە دەست و پێ و پەنجـەکـان دەگـرێتـەوە، منداڵ بەم جۆرە یارییـە زۆر دڵخۆش دەبێت، چونکە گۆرانی لەگەڵدا دەوترێت.

ئەو یارییە کوردەوارییەی کە لە لادێ باوە و لەگەڵ ئەم جۆرەی یاری فـێـرکـردن دەگونجـێت یارییـەکە پێی دەڵێن (علول بلول تەکـانە) لەم یارییـەدا کـەسـێکی گـەورە یان داپیرەی چیرۆکبێژ لە نێوان چیرۆکەکاندا داوا لە منداڵان دەکـات پێکانـیـان درێژ بکەن، ئەویش بە گـۆرانـی دەڵێت (علول بلول تەکـانە، زەرد و سـۆر و شـەمـامـە، زیوانە و زەرگەتانە، عـەیشێ مـاوان لە خۆشناوان، دەگری چاوان، چاڵێ بە گـوو پێم تێ ڕاچوو، هەگرە ئەتوو) لەسـەر پێی کێ وەستا ئەو یەکێک لە پێیـەکانی دەکێـشێـتەوە، ئەم گۆرانییە چەندین جار دووبارە دەبێتـەوە تا بزانن پێی کام منداڵ تا کۆتایی دەمێنێتەوە.

ج- یارییەکـانی دروست کردنی کەلوپەل: بریتـییـە لەم یارییـانەی کـە پشت بە بەکـارهێـنانی کـەرەسـتـەی خـاو دەبەســتـێت بۆ دروســتکردنی شــتـەکـان، وەک خــانوو، قـاپوقـاچاغ، ئۆتۆمـۆبیل، فـڕۆکە...تاد. منداڵ سوودێکی زۆر لەم جۆرە یارییـانە دەبینێت، چونکە هانی دەدات بۆ بیرکردنەوە و داهێنان...تاد.

مـنـداڵـی کــــــوردیش لـە لادێدا بـە هۆی ئـەو پارچـە تەنەکانەی کە دەستی دەکەوێت ئۆتۆمۆبیل و تراکـتۆر و ئامـرازەکانی کـێـڵان دروست دەکات. بە هۆی لاسـتـیـکی ئەستوور تایەشی بۆ دروست دەکات.

لە وەرزی بەهاردا کە قـاوغـە ئەستوور و سەر زەردەکان بەسـەر دەغـڵ و دان دەکـەون، منداڵان بـەرەو چۆڵـی دەڕۆن و هەر یەکە دەسکە قـاوغـەیەکی گـەورە بۆ خۆی دەکـات و لە پاشـان قـاوغـەکـان دەچنێت و کـڵاوی زۆر جـوانی لێ دروست دەکــات و لە ســەری دەکــات. لە وەرزی پایزدا زۆربـەی ڕۆژەکــان بـا هەڵدەکــات، بۆیە منداڵان بە هۆی پەڕاو و کـەلە قـەسـەڵ تەیارە دروست دەکـەن و دەیفـڕێنن. هەروەها منداڵان بە تایبەت کچان بە هۆی پارچە دارێک و چەند پارچە قـوماشێک بووکە شووشەی جوان دروست دەکەن و پێی دەڵێن (بووکۆکە).

**٭ یارییەکانی دەرەوە**

باخچەکانی ساوایان بەشێک لە پرۆگرامەکانی خۆیان بۆ یارییەکـانی دەرەوە تەرخان کردووە، چونکە سوودێکی زۆری بۆ منداڵان هەیە.

لەوانە:

١- منداڵ حـەسـانـەوەیەکی دەروونی لە چوونە دەرەوە دەست دەکەوێت.

٢- بە هۆی بینینی دەوروبەر تێـبـینیـیـەکـانی بەهێـز دەبێت.

٣- منداڵ بە هۆی یارییـەکـانی دەرەوە هێـز و توانای جەستەیی زیاد دەبێت...تاد.

**گرنگترین یارییەکانی دەرەوەش ئەمانەن:**

١- یاریکردن بە خۆڵ: یاریکردن بە ئاو و خـۆڵ و بەرد یارییەکی زۆر خۆشەویستە لای منداڵ. منداڵ کە یاری بە ئاو و بەرد و خـۆڵ دەکات هەست دەکات لـەگـەڵ جیـهـانی سروشت یەکی گرتووە، چونکە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە مـادده سـروشـتـیـیـەکـان دەکـۆڵێـتـەوە. لە کـاتی تێکەڵ کردنیان بە چاوی خۆی دەبینێت چ گۆڕانکارییەکی بەسەر دادێت. بۆیە باخـچـەکـانی سـاوایان شـوێن و کـەلوپەلی تایبـەتیـیـان بۆ ئەم جۆرە یارییـانە ئامـادە کـردووە، بەڵام منداڵان لە لادێکانی کوردسـتـان هیچ شتێکیان لەمانە بۆ ئامـــادە نەکـــراوە، ئەوانیش ناتوانن واز لەم ئارەزووە خۆشەی خۆیان بهێنن، بۆیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشتەکە یاری دەکەن، ئەم یارییـەش لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە منداڵ لە تەمـەنی پێش قـوتابخـانە خـۆڵ کـۆدەکـاتەوە و لە شـــوێنێکەوە بۆ شـــوێنێکی تر دەیگـوازێتـەوە و هەندێک جـار ئاوی بەسـەردا دەکـات و دەیکات بە قـوڕ و شتـی سادەی لێ دروست دەکات، بەڵام منداڵ لە تەمـەنی قـوتابخـانەدا بە زۆری خـۆڵ دەکـات بە قـوڕ و گـەلێک شتـی لێ دروست دەکات وەک گـیانلەبەر،

خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ...تاد.

٢- یاریکردن بە ئاو: ئاو یەکێکە لە ئەزموونە هەستییەکانی منداڵ، یەکەم جار لە گەرماوەوە دەست پێ دەکات. کە لەناو شوێنێکی پڕ ئاو دادەنرێت، دەست بە جووڵاندنی دەست و پێکانی دەکات و لە ئاوەکە دەدات، بەمەش زۆر دڵخۆش دەبێت، چونکە هەست دەکات کۆنترۆڵی ئاوەکەی کردووە و بەسەریدا زاڵە هەر چەند گەورەتر بێت، ئەزموونی نوێتر لە ئاو وەردەگرێت، بۆیە یاریکردن بە ئاو پێداویستییەکی منداڵە، بەڵام لەوانەیە لە زۆربەی باخچەکانی ساوایان جێبەجێ نەکرێت بە هۆی سەرمابوون و ترسان لە تووش بوونی نەخۆشی. شایانی باسە بە هۆی بوونی زێ و ڕووبار و جۆگە لە ژمارەیەکی زۆر لە لادێکانی کوردستان منداڵان لەم لادێیانە هەموو مەلەوانی دەکەن، بەبێ ترسان لە تووش بوونی نەخۆشی.

منداڵ لە مەلەکردن و یاری کردندا بە ئاو گەلێک سوود وەردەگرێت لەوانە:

**أ- تایبەتییەکانی هەندێک مادده:**

منداڵ کە ئاو بە خۆڵ دادەکات و دەبینێت دەبێتە ماددەیەکی تر، منداڵی لادێش ڕۆژانە دەبینێت دایکی ئاو بە ئارد دادەکات و ماددەیەکی تری لێ دروست دەکات. لەم ئەزموونانەدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت کە دەکرێت مادده لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر بگۆڕدرێت.

**ب- هاوسەنگی و بەراوردی:**

منداڵ لە کاتی مەلەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاودا بۆی دەردەکەوێت کە چ ماددەیەک بەسەر ئاو دەکەوێت و چ ماددەیەک دەکەوێتە ژێر ئاوەوە، ئەمەش ئەزموونێکی زانستی سەرەتاییە بۆ بابەتی زانستەکان.

**ج- بەهای ئاو و پێداویستی گیانلەبەر و ڕووەک بۆی:**

زۆربەی خەڵکی لادێکانی کوردستان بە کشتوکاڵکردن و مەڕوماڵات بەخێوکردنەوە خەریکن، بۆیە منداڵەکانیان ڕۆژانە بەهای ئاو بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینن.

**د- ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ماڵ:**

یەکێک لە یارییە هەرە باوەکانی لادێ، (خانیۆکانێ)یە، بە تایبەتی لای کچان، لەم یارییەدا منداڵان بە دانانی یەک ڕیز بەرد خانوو دروست دەکەن و هەندێک قاپ و قاچاغ و مەنجەڵی بچووک دەهێننە ناو خانووەکە و بە بەکارهێنانی خۆڵ دەست دەکەن بەچێشت لێنان، لە پاشان شووشتنی مەنجەڵ و قاپەکان بە ئاو، ئەم یارییە بە زۆری بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، بۆیە منداڵ تیایدا فێری هاوکاری و کرداری کۆمەڵایەتی دەبێت.

*** هەندێک یاری تری گۆڕەپان:**

لە لادێکانی کوردستان چەندین جۆر یاری گۆڕەپان هەیە، ئێمەش لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

کێلە بەردانێ: یارییەکی زۆر کۆنە و لە داهێنانی فەقێکانی مزگەوتە، ئەم یارییە جگە لەوەی منداڵان خۆیان پێوە خەریک دەکەن و خۆشی لێ وەردەگرن، زۆر جار لە کاتی بەهاراندا کە ئاو و هەوا خۆش دەبێت و زەوی سەوز دەبێت، پیاوانیش کاتی پێ دەبەنەسەر.

لەم یارییەدا منداڵان دەبنە دوو گرووپ، هەر گرووپێک چوار بەردی گەورە بۆ خۆی دەچەقێنێت، ماوەی نێوان بەردەکانی هەردوو گرووپەکە بەپێی تەمەن دەگۆڕێت، هەر چەند تەمەنی منداڵەکان بچووک بێت ماوەی نێوان بەردەکانی دوو گرووپەکە کەمتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە.

بە بەردەکانیش دەڵێن (کێل). هەر کێلێکیش ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەردی یەکەم لە پێشەوە دەچەقێندرێت و پێی دەوترێت (مەلا)، بەردی دووەم لە پشت بەردی یەکەم دادەنرێت و چەند شەقاوێک لێی دوورە و پێی دەڵێن (مەلاژن)، دوو بەردەکەی تر لەم لاو لەو لای مەلاژن دەچەقێندرێت و پێیان دەڵێن (فەقێ) بەم شێوەیە بە نۆرە هەر گرووپێک بەرد لە کێلی گرووپەکەی تر دەگرێت تا کێلەکان دەخەنە خوارەوە، بەڵام هەردوولا پێویستە یەکەم جار کێلی مەلا بخەنە خوارەوە. لە کۆتاییدا ئەو گرووپە بەسەرکەوتوو دادەنرێت کە هەموو کێلەکانی بەرامبەری بخاتە خوارەوە.

٢- بازدان: بازدانیش یارییەکە لە لادێ باوە، لەم یارییەدا کۆمەڵێک منداڵ ڕێک دەکەون و دوو دار دەچەقێنن و دارێکی دادەنێتە سەر، ئینجا بە نۆرە دەست بە بازدان دەکەن.

٣- یاری گورگ و مەڕ: لەم یارییەدا منداڵێک دەبێتە

گورگ و ئەوانی تر دەبنە مەڕ. مەڕەکان یەکێکیان دەبێتە سەرکردە و لە پێشەوە دەبێت و ئەوانی تر هەموویان بە توندی پشتی یەکتر دەگرن. ئەو منداڵەی بۆتە گورگ هەوڵ دەدات مەڕەکان بگرێت جگە لە مەڕی یەکەم، لە کاتی هەر هەوڵێکدا دەڵێت: (دەخۆم دەخۆم دونگێ مەڕێ). ئەم یارییە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە و هەموو منداڵەکان ڕۆڵی گورگ دەبینن. ئەو منداڵەی زۆرترین مەڕ بخوات لە هەموویان سەرکەوتووترە.

٤- یاری یەکتر ڕاکێشان: لەم یارییەدا کۆمەڵێک منداڵ پشتی یەکتر دەگرن و هەر یەکە دژی لاکەی تر خۆی ڕادەکێشێت، ئەوەی دەستی بەربێت سزا دەدرێت.

٥- کەلایانێ: ئەمەش یارییەکی باوە لە شار و لادێ، گەورە و بچووک ئەنجامی دەدەن.

٦- پێشبڕکێ: لەم یارییەدا کۆمەڵێک منداڵ لە نێوان خۆیان ڕێک دەکەون و شوێنێک دیاری دەکەن، بۆ ئەوەی هەر منداڵێک بە ڕاکردن بگاتە ئەو شوێنە و دەستێکی لێ بدات یان مشتێک لەگەڵ خۆی بهێنێت، ئەوەی پێش هەمووان بگاتە شوێنەکە و بگەڕێتەوە بە یەکەم دادەنرێت.

٧- چاوشلکانی: ئەم یارییە بە زۆری لە وەرزی هاوین و پاییزدا لە شەواندا ئەنجام دەدرێت. منداڵان دەبنە دوو گرووپ و دیوارێک دەکەنە گر، هەر جارێ گرووپێک خۆی دەشارێتەوە و گرووپی دووەم بە دوایان دەگەڕێن. ئەو کەسەی بدۆزرێتەوە دەستێکی بەسەردا دەهێندرێت و کوش دەکرێت، واتە ڕۆڵی نامێنێت، ئەوەی نەدۆزرایەوە پێویستە لە سەری بگاتە گر و دەستی لێ بدات بەم شێوەیە جارێکی تر گرووپی دووەم خۆی دەشارێتەوە...تاد.

٨- ساپ ساپانێ: ئەم یارییە لە شار و لادێوە باوە، زیاتر تایبەتە بە کچان، ساپەکە ئەو بەردە پانەیە کە یاری پێ دەکرێت. بۆ ئەم یارییە نەخشەیەکی شەش یان هەشت خانەیی دروست دەکرێت. منداڵان بۆ یاریکردن پێیەک بەرز دەکەنەوە و بە پێیەکەی تر ساپەکە لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی تر دەبەن، ئەگەر ساپەکە لە خانەیەک زیاتر ڕۆیشت یان کەوتە سەر خەتەکان یان پێیە بەرزکراوەکەی دانا، ئەوا نۆرەی ئەوی تر دێت...تاد. جگە لەم یارییانەی لە پێشەوە خستمانە ڕوو تۆپیش ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە یاری کردندا.

لە کۆتاییشدا پێویستە ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکەین:

١- یارییەکان زۆرن، ئەوەی لێرەدا خستمانە ڕوو، مشتێکن لە خەرمانێک. یارییەکان لە سەرچاوەی نووسراوەوە وەرنەگیراون. هەندێکیان لە یادەوەری نووسەری بابەتن، هەندێکی تر لە خەڵکەوە وەرگیراون.

٢- هەندێک لە یارییەکان ئێستاش زیندوون و ئەنجام دەدرێن، بەڵام هەندێکی تر نەماون و یاری نوێ شوێنی گرتوونەتەوە.

٣- یارییەکانی منداڵانی لادێ ئەگەرچی بەپێی پلانێکی پەروەردەیی ئەنجام نەدەدران، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆر لە ئامانجە پەروەردەییەکانی بەدی دەهێنا.


**سەرچاوەکان:**

**١- الطائي. فخرية جميل، اللعب في دور الحضانة ورياض الاطفال، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد ١٩٨١.**

**٢- لندال. دافيدف (ترجمة د. سيد الطواب، د. محمود عمر وآخرون) مدخل علم النفس، ط ٤، دار مكجروهيل للنشر، القاهرة ١٩٨٣.**

# ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لەنێوان زەهاوی و سێرپێرسی کۆکس-دا

عەبدولخالید سابیر
(سلێمانی)

پاش ئەوەی سوپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا لەلایەن لەشکری بەریتانیاوە تێکشکاو سوپاکەی لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا بە کوردستانی باشووریشەوە پەرش و بڵاوبووەوە و لێک هەڵوەشا، هێزی سەربازیی بەریتانیا بە سەرکردایەتی جەنەراڵ (مۆد) توانی لە ساڵی ١٩١٧دا بێتە ناو شاری بەغداوە. پێش داگیرکردنی بەغدا هێزی پیادە و سوارەی عوسمانییەکان لە چەند شارێکی باشووری عیراقدا وەک (بەسرە، عەمارە، کووت) جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری سەربازیان لێ کوژراو بەدیل گیران، لە هەمان کاتدا برێکی زۆر لە چەک و جبەخانەی سەربازییان لە دەستداو بەشێکی زۆری کەوتە دەست سوپای بەریتانیا و ئەوی دیکەشی خێڵەکانی ناوچەکە دەستیان بەسەرا گرتن. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان جێ پێی خۆیان لە عیراق دا جێگیر کرد و بارودۆخەکە ئارام بووەوە، تەنیا لەناوچەی سلێمانی و دەوروبەریدا نەبێت کە ئەوکات شێخ مەحمودی حەفید بۆ بەدەست خستنی مافەکانی گەلی کورد خەباتی دەکرد، لەو دەمانەدا و بۆ قایل کردنی گەلانی عیراق پەیتا پەیتا لەلایەن حکومەتی شاهانەی بەریتانیاوە شاندی لە ئاستێکی باڵادا بۆ عیراق دەنارد تاوەکو لەگەڵ سەرەک هۆز و کەسانی ناسراودا بە مەبەستی چارەسەرکردنی گیر و گرفتەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە وتووێژ بکەن. لەو میانەدا بە ئاماژەی حکومەتی شاهانەی بەریتانیا، «سێر پێرسی کۆکس»«١» بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی

عیراقیدا و لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی عەرەبی لەژێر چاودێری بەریتانیادا گەیشتە بەغدا، بۆ هەمان مەبەست و بە فەرمانی ناوبراو سەدان کەس لە دانیشتوانی شاری بەغدا و نزیکەی ٣٠ کەس لە سەرەک خێڵ و پیاو ماقوولان کۆبوونەوە،«٢» کە لەناو ئەوانەدا کوڕی نەقیبی گەورەی بەغدا و ئەمینداری پایتەخت و فەرماندەی هێزی گشتی و ئەفسەرانی ئەرکانی سێرپێرسی کۆکس و سەرۆکی فەرمانگەکان و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوپای بەریتانی و ژن و منداڵەکانیان و پیاوانی ئایینی و هەندێک لە سیاسەتوانە بەریتانییەکان لەوانە (سێر وایدگار) و خاتوو (گرترودبل)«٣». لەو کاتەی سێر کۆکس لە ڕۆژی دووشەممە ١١/ ١٠/ ١٩٢٠ گەیشتە وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا، ١٧ گوللە تۆپ بە ئاسماندا بە مەبەستی ڕێزلێنانی سوپاییانە (سەربازیانە) لە دەرەوەی شارەکە بۆ ناوبراو تەقێنرا، دواتر فەرماندەی هێزی گشتی بەرەو لای سێرپێرسی کۆکس ڕۆیشت و بەسلاوی سەربازی بەخێرهاتنی کرد، ناوبراو جلێکی سەربازیی پۆشیبوو لەو لایەوەی تیپی مۆسیقای سەربازیی ئاوازی سروودی (خواپاشا بپارێزێ)یان لێ دەدا. پاش کۆتایی هاتنی ئەو بەخێرهاتنە و پێ ناساندنی پێشوازیکاران، لەبەردەم سێرکۆکسدا (جەمیل صدقی زەهاوی) کە یەکێک بوو لە خەتیبە ناودارەکانی شاری بەغدا،«٤» بۆ بەخێرهاتنی ناوبراو خوتبەیەکی خوێندەوە کە سەرەتاکەی بەم دوو دێڕە شیعرەی خۆی دەستی پێکرد:

**عد للعراق و أصلح منه ما فسدا**
**وأثبت به العدل و امنح أهله الرغدا**
**الشعب فيه عليك اليوم معتمد**
**فيما يكون كما قد كان معتمدا**

دوای ئەوە زەهاوی وتی: ئێستا کە تۆ دێیت، ئەمە لەوکاتەدایە کە پێویستمان پێتە، ئەی پزیشکی گەلان، عیراق بگرە دەستت و لێدانی دڵی بگرە، بزانە نمرەی لێدانەکەی دڵی بەهۆی «تا»ی شۆڕشەوە چەند گەرم بووە، لەڕێی سیاسەتەکەتەوە بە جامێک ئاوی بدە تاوەکو تەندروستییەکەی وەک جارانی لێ بێتەوە و ئازارەکانی کەم بێتەوە. ئەی باوکی سۆزدار لە ڕێی تۆوە ئاسایش کە باڵی بەسەر عیراقدا کێشا بە داخەوە ئەوە نەماو فیتنە و پەشێوی و ترس جێگایان گرتەوە،«٥» ئەی مەندووبی خۆشەویست بە دڵنیاییەوە بە بەڕێزت دەڵێم ئەو دڵە ڕاوکێیەی ئەوەی لە چواردەورتدا خولقاندوویەتی تەنیا لە ئەنجامی خراپی تێگەیشتنەوە ڕووی داوە، ڕووناکبیرانی گەل لەکاتی خۆیدا زەمی ئەوەیان کردووە، ئەگەر خەڵکی بە وتە بلاوکراوەکانی تۆ بزانن، ئەوە لە سەریانە لەمەودوا حکوومەتێکی دادوەرانە بنیاد بنێن کە پێشبڕکێ بکات بۆ بەرەو پێش چوون و دڵسۆزی خۆیان پیشان بدەن کە لەوە و بەر لە ساڵەکانی داگیرکاریی پێشوودا پشتیان تێکردبوو.

دوای تەواوبوونی وتەکەی زەهاوی، بە دەم چەپڵەلێدانەوە دەوترا: «بژی مەندووبی سامی سێرپێرسی کۆکسی شکۆدار، بۆ دەستەبەرکردنی هیوای میللەتان». ئینجا کۆکس بە زمانی عەرەبی وەڵامی ئەو وتارەی دایەوە و وتی: «ئەی جەمیل ئەفەندی، ئەی نوێنەران: دەوڵەتی ئینگلترا ناردوومی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ پیاو ماقوولان و سەرۆکەکانی عیراق بە مەبەستی یارمەتیدانیان بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستی داخوازی هەردوولا بە دامەزراندنی حکوومەتێکی عەرەبی سەربەخۆ بە چاودێری دەوڵەتی ئینگلترا، من بۆ ئەم مەبەستە هاتووم، بەڵام تا ئێستاش غەش کردن بە بەردەوامی هەستی پێ دەکرێ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کار نەکرێت، من ئامادەم لەوکاتەدا کە بوارێک بۆ ئەمە دەڕەخسێت، کە ئەمەش بەدەستی ئێوەیە». ئەم وتانەی کۆکس لەلایەن دانیشتوانەوە بە قایل بوون بڕیاری لەسەردرا، لەوساتەدا لیدی کۆکس (خێزانی سێرپێرسی کۆکس) و مستەر فیلیپی و کاپتن چیزمان (سکرتێری کەسی سێرپێرسی کۆکس) لە شەمەندەفەرەکە هاتنەدەرەوە و ئەفسەرەکان بەگەرمییەوە پێشوازییان لێکردن. پاش کۆتایی هاتنی بۆنەکە، سێرپێرسی لەگەڵ خێزانەکەی و هاوەڵەکانی گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە بەغدا.

**پەراوێزەکان:**

(١) پێرسی کۆکس Percy cox ١٨٦٤- ١٩٣٧، سیاسەتوانێکی بەریتانی ناودارە، ساڵی ١٨٨٤ پێوەندیی بە سوپای بەریتانیاوە کردووە، دواتر لە ساڵی ١٨٨٩دا بۆتە فەرمانبەر لە هیندستان، لە ژیانیدا

گەلێک وەزیفەی باڵای بینیوە، لە ساڵی ١٩١٤دا بە چاودێر بۆتە سەرۆکی حاکمدارە سیاسییەکان لە تیپی P لە شاڵاوی بەریتانیا بۆ سەر عیراق، پاش ئەوەی سوپای بەریتانیا هاتە ناو عیراقەوە کرا بە مەندووبی سامی حکوومەتی شاهانەی بەریتانیا لە عیراق.

(٢) لەو دەمانەدا پێناچێت هیچ پیاو ماقوولێک و سەرەک هۆزێکی کورد لەو دانیشتنەدا بەشداربووبێت، چونکە لەوکاتانەدا بارودۆخی ناوچەکانی کوردستانی باشوور لە ئاڵۆزیدا بوو، کە لە زۆربەی ناوچەکاندا داوای جێبەجێ کردنی مافەکانی گەلی کورد دەکرا و ڕازیش نەبوون بەشەکەی کوردستانی باشوور نە بخرێتە سەر تورکیا یان سەر عیراق.

(٣) گرترود بل مارگریت لوسیان بل، لەناوچەی «یۆرکشایر»ی بەریتانیا لە ساڵی ١٨٦٨دا هاتۆتە دنیاوە، کچی (سێرهیوبل)ە لە خێزانی یەکەمی کە لەوکاتەدا یەکێک بووە لە پیاوە ناسراوەکانی بەریتانیا. خوێندنی لە کۆلێژی شاهانە لە لەندەن خوێندووە و خوێندنی لە کۆلێژی خاتوو مارگریت ئۆکسفۆرد تەواو کردووە. لە ساڵی ١٨٨٧ بڕوانامەی پلە باڵای لە مێژوودا وەرگرتووە. بەهۆی گەڕانییەوە لەناوچەکانی کەنداوی عەرەبیدا فێری زمانی عەرەبی بووە و هەروەها دوو زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانیشی زانیوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٤دا وەک گەشتیارێک هاتۆتە عیراق، دوای هاتنە ناوەوەی سوپای بەریتانیا بۆ عیراق خانوویەکی لە گەڕەکی (سنک) بەکرێ گرت کە خاوەنەکەی (مووسا پاچەچی) بوو. لە ١٢ی تەمموزی ١٩٢٦ لەو خانوویەدا کۆچی دوایی دەکات. چەندین کتێبی مێژوویی داناوە لەوانە (بەشەکان لە مێژووی عیراقی نوێ، عیراق لە نامەکانی مس بل»دا. دوو کتێبی ناوبراو بەسەرچاوەیەکی گرنگ لە بارەی کێشەی- دۆزی- کورد دادەنرێن.

(٤) جەمیل صدقی زەهاوی، لە ساڵی ١٨٦٣ لەناوچەی (زەهاو)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات- ئێران- پێی ناوەتە ژیانەوە، پاشان بەرەو شاری بەغدا کەوتۆتە ڕێ و لەوێ نیشتەجێ بووە، لە بنەماڵەی (خدر بەگی)یە کە حوکمڕانی سێیەمی بابانیان لە مەرگە کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی لە مزگەوت و قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکانی ئەو شارە، دەکرێتە مامۆستا لەقوتابخانەی ماف لە بەغدا. پاشان دەبێتە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیرانی عێراق. هەر لەو شارە لە ساڵی ١٩٣٦دا چرای ژیانی دەکوژێتەوە، لەناو ئەدیبە عەرەبەکاندا بە (شێخی شاعیران) و لەلای خوێنەرانیش بە شاعیر و فەیلەسووف لە قەڵەم دراوە. جگە لەوەی دیوانێکی گەورەی شیعری بەجێ هێشتووە، چەندین وتاریشی لە ڕۆژنامەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

(٥) زەهاوی مەبەستی لەوەیە بە هاتنی بەریتانیا ئارامی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، بەڵام دوای ماوەیەک پشێوی و نائارامی وڵاتی گرتۆتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- العراق في رسائل المس بل، ترجمها و علق عليها (جعفر الخياط)، الطبعة الاولى ١٩٧٧. بغداد.**

**٢- ديوان الزهايي. تحقيق. محمد يوسف نجم، ١٩٥٥ القاهرة.**

# گەڕانەوە بۆ (مەرگ و کچ)

حەیدەر عەبدولڕەحمان

**سەردەم لە مەرگ و کچدا**

هەڵبژاردنی دەقی «مەرگ وکچ»ی «ئاریێل دۆرفمان» بۆ کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمە لەم ئان و ساتەدا هەڵبژاردنێکی وردبینانەیە، چونکە لێکچوونێکی کتومت لەنێوان سەردەم و ڕووداوەکانی شیلی...وڵاتی «دۆرفمان» لەگەڵ ڕووداوەکانی وڵاتی ئێمەی دوای ڕووخانی دکتاتۆرییەت و بە جێمانی خۆڵەمێشی کارەسات و مەرگەساتە تاڵەکانی هەردوولا هەیە.

ڕەنگە یەکلاکردنەوەی دەرهاوێشتەکانی ئەو سەردەمە، پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەن بێت، بەڵام چۆڕاوگەی ئەو دەرهاوێشتانە لە دەروون و جەستە و ڕۆحی خەڵکەکەدا بەردەوام دەبێت، بۆیە دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ زەمەن- «پاولینا» وە تێدەگا کە هەموو ڕووداوەکان لەو ساتەدا لە دایک دەبن کە ئەوی تێدا دەژیت و، دکتۆر -میراندا-ش هێمایەکە بۆ دکتاتۆر و دەست و پێوەندەکانی، کە دوای ڕووخان و شکست هێنانیان دەکەونە ژێر چەکوشی «پاولینا»یەک کە هێمایەکە بۆ مێژوو بۆ گەل، بۆ ڕاستی و لە ئاکامدا وەک حوکمێکی ڕەهای سروشتی سەردەکەون و مافی مرۆیی و ئازادی خۆیان لە چاوی ئەو دکتاتۆرانە دەردەهێنن و ئەو ڕۆژە ڕەشانەیان نیشان دەدەن کە لە چاوەڕوانیاندا بوون.

پاولینا- بۆ ساغ کردنەوەی حیساباتی ڕابردووی ئەوان، هەموو ئەو فاکتەرانە بەکار دەهێنێ کە دەبنە هۆکار بۆ چۆک پێدادانی تاوانبارەکانی سەردەم و دانیان بە تاوانەکانیان، هەر لە توندوتیژییەوە بگرە تا دەگاتە دیالۆگ و یاسا و دادگاش، بەڵام هێز- بە دەسەڵاتدارترین فاکتەرێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە..



د. فازڵ جاف

له هه‌مـوو حـاڵه‌تێکا- له مـه‌رگ و کچ -دا سـه‌رده‌م ده‌که‌وێته بازنه‌یه‌کی له‌ت کراو به دوو که‌رته‌وه، که‌رتی سـه‌رده‌می ڕژێم و کـه‌رتی سـه‌رده‌می دوای ڕژێم، به‌ڵام پارسـه‌نگی بنه‌ڕه‌تی و سـه‌قـامگیـربوونی ده‌کـه‌وێتـه سه‌رده‌می دوای ڕژێم- که ڕه‌نگه کاریگه‌ری و ئاڵۆزبوون و چاکسـازی و یه‌کلاکردنه‌وه‌ی پرسه‌کـانی، زۆر له‌وه‌ی یه‌که‌میـان سه‌ختتـر و ئاڵۆزتربێت. پێم وایه «د. فـازڵ جـاف» له ده‌ره‌نجـامی درک کـردنی به نزیکی ئه‌و دوو سـه‌رده‌مـه و ڕووداوه‌کـانی هه‌ردوو کـۆمـه‌ڵگای کـورد و شـیلی له یه‌کـدی، ئه‌و ده‌قـه‌ی هه‌ڵبـژاردووه، ئه‌گـه‌رچی ده‌قه‌که بۆ هه‌ر هه‌موو سه‌رده‌مێک و له‌گه‌ڵ هه‌ر هه‌مـوو کۆمه‌ڵگایه‌کدا ده‌گونجێت.

**تێکست**

ده‌قی شانۆییه‌که‌م له‌به‌رده‌ست دانییه که ئاخۆ د.فازڵ جاف تاچه‌ند ده‌ستی له تێکستـه ڕه‌سه‌نه‌که وه‌رداوه، بۆ ئه‌وه‌ی شـانۆییـه‌کـه بۆ وه‌رگـری کـورد سـپی کـرابێت، به‌شـێـوه‌یه‌ک کـه هه‌زم کـردنی سـانابێت و لێی وه‌ڕس نه‌بێت، چونکه نمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێت تێکستـه ڕه‌سه‌نه‌که به قـه‌ڵه‌م و زمـانێکی ئه‌ورووپی نووسـراوه که ڕه‌نگه له زۆر حـاڵه‌تدا له‌گـه‌ڵ سـرووشت و مـه‌زاجی بینه‌ری ڕۆژهه‌ڵاتی جـوداییـان هه‌بێت، به‌تایبه‌ت دیالۆگی درێژی شانۆیی که ئه‌گه‌ر ده‌رهێنه‌ر فڕوفێڵێکی هونه‌ریی له‌گه‌ڵ بینه‌ردا نه‌کـات، ناتوانێت ده‌سـه‌ڵاتی ئه‌وه‌ی به‌سـه‌ردا بشکێ که بینه‌ر دووچاری مه‌له‌ل ده‌بێت، بۆیه ده‌رهێنه‌ر بۆ ڕاگرتنی ئه‌و هاوسـه‌نگییـه هه‌میـشـه پێـویستی به‌وه هه‌یه که بینه‌ر ڕاچڵه‌کێنێ و به ئاگای بێنێته‌وه، من درکم به‌وه کرد که له دیمه‌نی یه‌که‌م و دووه‌مدا دیالۆگ - باڵی خۆی به‌سه‌ر شانۆکه‌دا کێشابوو، به‌تایبه‌ت دیالۆگه‌کانی د. میـراندا و گـیـراردۆ، که ده‌کـرا ده‌رهێنه‌ر ئه‌وه‌نده به قووڵی نه‌چێته ناخ دیالۆگه‌کان، یان ئاماده‌کردنێکی بۆ کردبان.

**ده‌رهێنان**

ده‌رهێنه‌ر به‌شێوازێکی واقیعی کار ده‌کات و جۆرێک له ئاوێته بوونی کردووه له‌نێوان میتۆدی ستاینسلافسکی و مـایرهۆڵددا، ئه‌م فـۆرمـه شـانۆییـه لای بینه‌ری کـورد قـه‌بووڵه، چونکه ته‌مـومـژی تێدانییـه و زۆر به ئاسـانی ده‌توانێ چێژ هه‌م له دیالۆگه‌کان وه‌ربگرێ، هه‌م له‌وێنه‌و ئێسـتێتیـکای شانۆیی، د.فـازڵ جاف ئاسانکارییـه‌کی زۆری کردووه له ده‌ربڕیندا که ڕه‌نگه بینه‌ر هیچ کێشـه و گـیـروگرفـتـێکی هونه‌ری ئه‌وتۆی له‌به‌رده‌مـدا نه‌مـێنێ بۆ گـه‌ڕان به‌دوای شیکردنه‌وه و تێگه‌یشتن له فـه‌لسـه‌فـه و چه‌مکی شـانۆگه‌رییه‌که، ئه‌م جۆره شێوازه وا ده‌کات که شانۆگه‌رییه‌که بۆ «ده‌ستـه بژێر-نوخبه» نه‌بێت و ته‌نیا هه‌وادارانی شانۆ سووده‌مه‌ندنه‌بن له شانۆگه‌رییه‌که، به‌ڵکو بۆ خـه‌ڵکی ساده‌ش بێت، که دیاره ئه‌مـه‌ش فاکتـه‌رێکی گرنگه بۆ قه‌بووڵ کـردنی شانۆگـه‌رییه‌که له‌لایه‌ن بینه‌ر و ئاوێتـه‌بوونی له‌گـه‌ڵ فـه‌لسـه‌فـه و ئێـسـتـێـتـیـکای شـانۆگه‌رییه‌که، به‌پێـچه‌وانه‌ی هه‌ندێ شـانۆگه‌ری پڕ له ته‌مـومـژی ئاڵۆز که وا له بینه‌ر ده‌که‌ن به‌هایه‌ک بۆ شـانۆ دانه‌نێت، ئه‌م شێوازه‌ی د.فازڵ ئێستاکه له زۆربه‌ی شانۆ جیـهـانییـه‌کـاندا باوه، ته‌نیـا له‌وڵاتی ئێـمه‌دا نه‌بێت که سنوورێکی دیاری کراوی هه‌بووه، له ساڵانی هه‌شتاکاندا هه‌ندێ نموونه‌ی جـوان هه‌بوون، له چه‌شنی شـانۆگـه‌ری (مـانگی ئاوابوو) و(هاوارێکی تاسـاو)ی جـه‌لیل زه‌نگه‌نه، به‌ڵام ئه‌و ئه‌زمـوونه وه‌ک پێـویست په‌ره‌ی پێ نه‌دراوه.

بۆیه ئه‌و شـێـوازه شـانۆییه به گـوێره‌ی شانۆی جیـهـانی ڕه‌وتێکی نوێ نییـه، به‌ڵام بۆ ئێـمه ڕه‌نگه تاموچێـژێکی تایبـه‌تی خۆی هه‌بێت، چونکه ئه‌زموونمان له‌گه‌ڵیدا که‌م بووه، ئه‌وه‌ی تا ئێـستـا پتر له گۆڕه‌پانی شانۆی کوردیدا

باو بووە شانۆی واقیعی و ئاهەنگ سازی و شانۆی ڕەمزی و تەعبیری و پانتۆ مایم بووە، بۆیە لە جێی خۆی دایە ئەگەر دەرهێنەرەکانمان بەر لەوەی شێوازێکی دیاریکراوی شانۆیی هەڵبژێرن، لە خۆیان بپرسن کە ئێمە لەم ئان و ساتە تەنگەتاوەدا چی پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی متمانەی بینەر بگێڕینەوە؟ من ئەوەی لەڕێگەی بینەر و چروپری هۆڵە شانۆییەکانەوە خوێندبێتمەوە لە هەندێ شانۆگەری وەکو «سەردەمی بێ تاوانی د. قوتبەدین سادقی، چۆلەکەیەک لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکا-ی سدیق حوسێن» و ئەو شانۆگەرییەی د.فازڵ دا خوێندبێتمەوە کە بینەری کورد پتر تامەزرۆی ئەو شانۆگەرییانەیە کە شێوازی ئاڵۆزیان نییە لە گوزارشت کردندا.

لە (مەرگ و کچ)دا دەرهێنەر جگە لە فەلسەفەی بنەڕەتی پرسی شانۆگەرییەکەی کە کەوتنە ناو تۆڕی دکتاتۆرەکان و ناچاربوونیان بەدان پیانان بە تاوانەکانیان، لە هەمان کاتدا دەرهێنەر چەند فاکتەرێکی گرنگی هونەری بۆ سەرنج ڕاکێشان و وروژاندنی بینەر بەکارهێناوە، کە ئەمانەن:

١- گرێیەک هەیە وا دەکات بینەر لە چاوەڕوانیدا بژیت و لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ و ڕیتمی شانۆگەرییەکە هەر بە هوشیاری و بەئاگا لەخۆبوونێکی زۆرەوە شانۆگەرییەکە بەسەر بکاتەوە، کە بریتییە لە گرێی دیاریکردنی چارەنووسی دکتاتۆرە، کە ڕەنگە بینەریش لە پاڵ «پاولینا سالاس»و «گیراردۆ» بۆچوونی خۆی هەبێت بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە، هەر بۆیەش دەرهێنەر هیچ چارەسەرکردنێک بۆ ئەو گرێیە دانانێ، بۆ ئەوەی بوار بۆ بینەر بەجێ بێڵێ کە خۆی ئەو گرێیە بکاتەوە بەوەی کە بە پەسەندی دەزانێ.

٢- دروستکردنی ڕەگەزەکانی وروژاندن، بەهۆی هەڕەشە جدییەکانی «پاولینا» و بەکارهێنانی چەک بە تایبەت لەکاتی تەقاندنەوەی گوللەیەک کە بینەر بەشێوەیەک دەترسێنێ، وا هەست بکا کە بەو گوللەیە کۆتایی بە ژیانی دکتاتۆر هات، نیشانەی ئەو وروژاندنەی بینەریش بەوە دەردەکەوێت کە لەو دیمەنەدا مقۆمقۆیەکی نا ئاسایی لەلایەن بینەرانەوە هەستی پێ دەکرا.

دروست بوونی ترس و نیگەرانی لەلای بینەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە چێژێکی گەورەی ڕۆحی و دەروونی بە بینەر دەبەخشێ، کەرەستەکانی دروست بوونی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییانەش بە زۆری لەڕێگەی ئەکتەر و بزووتنەوەی ئەکتەر و ئەداو توانا و دەسەڵاتی ئەوان و بەرزبوونەوەی ڕیتمی ڕووداوەکانەوە دەڕەخسا، دیارە مۆزیک و هەندێ مۆئەسیراتی دەنگیش کاریگەریی خۆیان هەبوو لە بەرجەستەبوونی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییانە لەلای بینەر.

ئەگەر بینەر هەستی پێ کردبێت، دەرهێنەر ئەو گەمە سایکۆلۆژییە بە ئاشکرایی لەگەڵ بینەردا دەکات، کاتێ ناوە ناوە پاولینا- هێرش دەباتە سەر د. ڕۆبێرتۆ میراندا، یان خاوبوونەوە و گرژبوونەوەی ڕووداوەکان، هەموو ئەو گەمانە دینامیکییەتێکی دەروونی بوون بۆ بینەر و چێژ لێ وەرگرتن.

ئەوەی لەو گەمە سایکۆلۆژییەدا گرنگ بوو ئەوەبوو کە ئەکتەرەکان بەهەرسێکیان یاری زانی بەتوانا بوون بۆ ڕاگرتنی ئەو ئاستە سایکۆلۆژییەی کە لە دەروونی بینەردا دروست ببوو، چونکە بچووکترین خاوبوونەوە گەمە سایکۆلۆژییەکەی ئاشکرا دەکرد و متمانەی بینەری کز دەکرد.

٣- دەرهێنەر لەسەر شانۆدا ئەکتەر ماندوو ناکات، بەڵکو بەنواندنێکی واقیعی زۆر ئاسایی کار دەکات، بینەر هەست بەوە ناکات کە هیچ جۆرە هەڵچوونێک یان نواندنێکی دروست کراو لەسەر شانۆدا هەیە، ئەوەی زێتر لە هەموو ئەوانە گرنگی پێ دەدرا «ئەدا»یە لای ئەکتەر، ئەو «ئەدا» جووانانەی کە لەگەڵ ڕیتمی دیالۆژ و ڕووداوەکان دروست دەبن و لەگەڵ خۆیاندا بینەر ڕادەچڵەکێن و هەست بەوە دەکا کە ئەو ئەکتەرانەی ئەو لەسەر شانۆدا دەیانبینێ کەسانێکی زیندوون، مەبەستم ئەوەیە داشی دامەنێن لەسەر شانۆدا بەکاربهێندرێن، بۆیە هێزی هەرە بنەڕەتی ئەکتەرەکانی د. فازڵ جاف لە ئەدای شانۆییە، کەوا دەکەن لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەزیندوویی بمێنێتەوە.

### ئیستێتیکای شانۆیی

دەرهێنەر بۆ ئەوەی فەلسەفەی خۆی لە شانۆگەرییەکدا بگەیەنێ، پێش هەموو شتێ پێویستی بە دروستکردنی ئەو کەشوهەوایە هەیە کە بینەر ئامادە دەکات بۆ وەرگرتن، ڕەخساندنی ئەو کەشوهەوایەش پەیوەستی بە چەند ڕەگەزێکی کاریگەری شانۆیی لەوانە:

یەکـــەم : دیکۆر.. دەرهێنـەر دیکۆرێکی ســـادەی بەکارهێناوە کە بریتییە لە هۆڵی باڵەخانەیەک- مێزێکی نانخـواردن و چەند کـورسـیـیـەکی لە دەورە، مـێـزەکـە سینییەک میوەی لە سەرە، هیچ دیکۆرێکی ڕەمزیی تێدا نیـیـە کـە گـوزارشت لە حـاڵەتێکی دیاری کـراو، یان زەمـەنێکی دیاری کراو بکات، ئەم سادەییـە لە دیکۆردا هیچ زێدەڕۆییـەکی تێدا نەکراوە، تەنیـا دیکۆری دیمەنی کۆتایی نەبێت کـە لە نووسـینگەیەک دەچێت، کـەمـێک زێدەڕۆیی تێدایە ئەمە لە کاتێکا کە دەکرا ئەو هیلاکی و ماندووبوونە خۆڕاییە بە شێوەیەکی ئاسایی بووە، وەک ڕووخسار و فۆرمەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە.

دووەم: مـوزیـک تا ڕادەیەک ڕۆڵێکی کـاریگەری هەبوو لەبەرجـەسـتـەبوونی دیمەنەکـان، بەتایـبـەتیش لە حـاڵەتە سایکۆلۆژییـەکاندا، لە پاڵ موزیکدا موئەسیراتی دەنگ لە چەشنی کەشوهەوای سەر ڕووبار و شەپۆلەکانی دەریا کـە کـەوتبـوونـە نێـوان دیمەنەکـان، هەم ڕیتـمی حـاڵەتە ســایکۆلۆژییــەکــانی بینەری ڕادەگــرت تا دەست پێکردنەوەی دیمەنی دواتر، هەمیش ئەو بۆشاییەی پێ پڕ دەکــرایەوە کــە کــەوتبــووە نێــوان دیمەنەکــان، ئەم مـوئەسـیـراتی دەنگە لەکـەشـوهەوایەکی خـامـۆش و بێ دەنـگ و تـاریکدا، وای لەبینـەر دەکـــرد کـــە هەست بەگۆڕینی دیمەنەکـان نەکـات و مەزەندەی ئەوە بکات کـە نمایشەکە هەر بەردەوامە.

## ڕووناکی

ڕووناکی لە مــەرگ و کــچــدا کــاریگەری خــۆی لە بەرجەستەبوونی ڕووداوەکان و گوزارشت کردن لە زەمەن و حـاڵەتە دەروونیـیـەکـانی ئەکـتـەردا هەبوو، لە هەمـان کاتیشدا ڕووناکی جۆرێک لە جوانکاری بە هەندێ دیمەن بەخــشـی بوو، بەتایبــەت لەدیمەنی دادگــاییکردنی د.مـیـراندا، یان لەدیمەنی دان پیـانانی بە تاوانەکـانی، هەروەها ئەو ڕووناکـیـیـە زەردەی پەخشی سـەر پاولینا سالاس ببوو لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی .

ڕووناکی لەم شانۆگەرییەدا جۆرێک لە جوانی بە شانۆکە بەخـشی بوو کـە دیارە ئەویش لەلای خـۆی کـاریگەری درامی و دەروونی خۆی بەسەر بینەردا هەبوو.

## ئەکتەر لە مەرگ و کچدا

سێ کـاراکـتـەر لە «مـەرگ وکچ»دا دەردەکـەون کـە سێ



ئەکـتــەر ڕۆڵیــان تێــدا دەبینی ، پاولینا ســالاس- تەلارهیـرانی، گـیـراردۆ ئێسکۆبار- مـەریوان کـەمـال، ڕۆبێرتۆ میراندا- عادل عەبدوڵڵا.

هەریەک و لەو کـاراکـتـەرانە کـەسایەتی و بەسەرهاتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بەتایبەت «پاولینا سالاس» ئەو ئافرەتە ستەم لێکراوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەلایەن دەست و پێـوەندەکـانی دکـتـاتۆرەوە دەڕفـێندرێ و دەخـرێتـە زیندانەوە، لەوێ ئەشکەنجـــە و ئازار دەدرێ و هەتک دەکرێت، دواتر بەدرێژایی تەمـەنی پاولینا سالاس بەدەم ئەو ئازارەوە دەناڵێنێ و دووچاری حـاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆز دەبێت، بەڵام قەت بیریش لەوە ناکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێکەوتێکی وا دروست بێت دکتاتۆر برووخێ و ئەو دکـتاتۆرە زاڵمـە بە دەست وپێ بەسـتراوی بکەوێتـە ژێر قاچەکانی پاولینا سالاس و داوای لێبووردن بکات و لێی بپاڕێتەوە، بەڵام ئەمە هەقیقەتێک بوو هاتە دی، بە چەشنێک ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە بۆوە کە نەپاڕانەوەی د. مـیـراندا و نە ناوبژیوانی کـردنی گـیـراردۆی مـێـردی نەیانتوانی کارێک بکەن کە پاولینا دەست لە هەڵوێستی جێگیری خۆی هەڵبگرێت و سازش لەسەر ئەو ئەشکەنجە و ئازاردان و هەتک کــردنەی خــۆی بکات، چونکە تا گـیـراردۆی مـێـردیشی نەیدەزانی پاولینا چەند بەدەم ئەو کـارەسـاتەوە ئازاری چێـشـتـووە و مـاوەی پانزە سـاڵ تێپەڕبوونی تەمەن چەند لە ناخ دۆزەخی دەروونی خۆیدا ئەشکەنجەی خواردووە.

پاولینا- نموونەی هەمـوو ئەو ئافـرەتانەیە کـە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ژێر سـتـەمی ڕژێمـە دیکاتۆرەکـان ئازار دراون، ئەو لەجیاتی هەمـووان گەورەیی خۆی دەسەلمێنێ و پێیـان دەڵێ کـە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەڕووخـێن و ملکەچی مـێـژوو

دەبن، بەڵام ئەوکات شتێ دادتان نادات..

تەلار هیـرانی- کـە ڕۆڵی پاولینا سـالاس-ی بینی، سام و خرۆشێکی لەسەر شانۆ دروست کردبوو، کە بینەر لە ئاست کـەسـایەتی بەهێـزی ئەودا ترس دایبگرێ و هەست بە خـرۆشـان بکات، بینەر درکی بەوە دەکـرد کـە هەمـوو هێـزی دنیـا لە ناو کـەسـایەتی ئەو ئافـرەتەدا کۆبۆتەوە، نیشانەی ڕق و ژانی ڕاستگۆییانە و ئازایەتی لە تەلار هیـرانیدا ڕەنگی دەدایەوە، ئەمەش وای کـردبوو کە تەختـەی شانۆکە داگیـر بکات و هەمـوو سـەرنجێکی بینەر بەلای نواندنی ئەودا بشکێتەوە.

تەلار- گەلێک خەسڵەتی گرنگی ئەکتەرایەتی تێدایە، هەر لە لەش و لاری لاسـتـیـکـیـیـەوە، تا دەگـاتە بەژن و دەنگ و توانـای ئەداکـردن، وێڕای هەمـوو ئەو خـەسـڵـەتە بنەڕەتییـانەش ئەکـتـەرێکی چاو نەترسـە، نە لە شـانۆ نیگەرانییـەکی هەیە نە لە بینەر، هەمـوو ئازادیەکـیـشی پێ دراوە لەنواندندا، بۆ ئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا پشت بە دەسـەڵاتی هونەریی تایبـەتی خـۆی ببـەسـتێت، لەو ساتانەی کە پێویستی پێی دەبێ، بێئەوەی هەست بەهیچ کـۆت و پێـوەندێک بکات کـە لەلایەن دەرهێنەرەوە بۆی داڕێژرابێت.

تەلار هیرانی- جوداییـەکی تایبەتی تێدایە لە نواندندا بەتایبەت لەو شانـۆگـەرییـەی «مەرگ و کچ»دا، ئەویش شکاندنی کۆمەڵێ کۆت و پێوەندی نواندنە کە بۆ ئافرەتی ئەکتەری کورد هێڵێکی سوورە.

ئەم کـۆت و پێـوەند شکاندنە لە چوارچێـوەی پێـوەندی سۆزداری ئافرەت و پیـاو پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زەقە لە شـــانـۆی کـــوردیدا کـــە هۆکـــارێکی یاریدەدەرە بۆ بەرجەستەبوونی حاڵەتێکی خوازیار کە لە سەر شانۆدا، ئەم حاڵەتە بۆ شانۆی جیهانی حاڵەتێکی سروشتییە، تا ئێسـتـا لەلای ئێـمـە و بەپێی هەلومەرجی کۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبـیـری نەبیندراوە، بۆیە ئەو دەسـتـپـێـکەی تەلار هیرانی بە دەستپێکی هونەریی بوێرانە لە شانۆی کوردیدا دەژمێردرێت.

ئەوەی کـــە من بەتێـــریم نە دەبینی لە نواندنی تەلار هیرانیدا تەنیا ئەوە بوو کە دەکرا گرنگی زێتر بە «ئیلقا» بدات لەکـاتی درکـاندنی دیالـۆگـەکـان، بۆ ئەوەی ئەو دیالۆگانە نرخ و بەهای تایبەتی خۆیان ببەخشن، بۆیە من پێم وایە «تەلار» پێـــویســـتی بە پەروەردەیەک هەیە لەڕووی ئیلقا و دەنگەوە.


گیـراردۆ ئێسکۆبار- مێردی پاولینا سالاس بوو، کاری پارێزەری بوو، لە کۆمیـتـەیەکی مرۆییشدا کاری کردووە کـۆنە دۆسـتـێکی «ڕۆبێـرتۆ مـیـراندا» بوو، ئەو پیـاوێکی یاسـایی هێـوربوو، حـەزی بەتوندوتیـژی نەدەکـرد لە چارەسەرکردنی گیرگرفتەکاندا، بەپێی ئەو یاسایەی بڕوای پێ هەبوو هەڵسـوکـەوتی دەکـرد و لایەنگیـری بۆ هیچ لایەک نەدەکرد، بۆیە زۆر جاران کـە دەیبینی ژنەکەی بۆ چارەسـەرکـردنی گرفتـەکـەی پەنا بۆ چەک یان توندوتیژی دەبا هەڵدەچوو، هەڕەشەی ئەوەی لە ژنەکەی دەکـرد و کە ئەگـەر کـارێکی نا یاسـایی بکات ناچارە پەنا بۆ پۆلیس بەرێت، ئەو ناوبژیوانی نێوان د. میراندا و ژنەکەی دەکرد بۆ ئەوەی بە دیالـۆگ بگەنە ئەنجـامـێک، بەڵام کـە وەک دادوەرێک گوێی لە قسـەکانی هەردوولا گرت، داوای لە د.میراندا کرد کە داخوازی ژنەکەی بەجێ بێنێ و بەدەست و پەنجەکانی خۆی دان بەتاوانەکانی خۆی دابنێ و ئەگەر نا هەمـوو ئازادییـەک بە ژنەکـەی دەبەخـشێ، بۆ ئەوەی ناچاری بکات دان بەتاوانەکـەی دابنێ، بۆیە لە ئەنجـامی هەڕەشەی پاولینا و پشتگیری کردنی لەلایەن گیراردۆ لە ترسی مـەرگ هیچ چارەیەکی لە بەردەمـدا نەمـا کـە چۆک بداو بیپارێتەوە کە پاولینا نەیکوژێ، چونکە خاوەنی ماڵ و منداڵە و بەزەیی پێدا بێتەوە.

مەریوان کەمال کە ڕۆڵی گیراردۆی دەبینی نواندنێکی سروشتی دەکرد، بەڵام لەسەر ڕیتمێکی هەمیشە گۆڕاو لە هەڵچوونی و دابەزیندا، وەک چۆن لە کەسایەتییەکەیدا پیـاوێکی ئاشتـیـخـواز و هێـمن و یاسا پەروەر بوو، لە نواندنیـشـدا هەسـتت بەو خـەسـڵـەتانە دەکـرد کـە لە کـەسـایەتی «مـەریوان کـەمـال» دا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام ئەوەی من لە هەمـــوو شـــتـــێـک زێتـــر بەلامـــەوە لە ئەکتـەرییەتی مـەریوان کەمالدا پێم جوان بوو، ئەو دەنگە درامییە شانۆییە بوو کە لەلای مەریواندا هەیە و هێزێکی ئێـجگار گـەورەی بە کـەسـایەتی و نواندنی مـەریوان بەخـشـیـوە و بەم دەنگە دەتوانێ خـۆی لە زۆر ئەکـتـەری دیکەی هاوشـانی خـۆی جودا بکاتەوە، من لە «مـەرگ و کچ»دا هەسـتم بەوە دەکـرد ئەو ئیلقا و دەنگە کـە ڕەنگە ئیلقـا و دەنگێکی سـرووشـتی بێت، وەک ئەکتـەر زۆر لە قـازانجی مەریوان کەوتۆتەوە، ڕەنگە ئەکتـەر پێویستی بە مـاندووبوون و هیـلاکـیـیـەکی زۆر هەبێت تا ئیـلقـا و دەنگێکی گونجاو بۆ خۆی دروست بکات وەک « لۆرانس ئۆلیـفـیـیـە» کە بۆ بینینی دەوری «ئۆتیللۆ»ی شکسـپـیـر

ماوەی شەش مانگ لە لابورێکی دەنگدا خوێندوویەتی و ئەزموونی پراکتیکی لەسەر کردووە، زۆر جاران ئیلقا و دەنگ لە هەندێ کاری شانۆییدا بۆ ئەکتەر شوێنی جەستە دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە بۆ بەرجەستەبوونی هەندێ کەسایەتی شانۆیی دەنگ و ئیلقای بێ پەروەردە- دەبێتە مایەی ڕووخانی کەسایەتییەک و ئیفلیج بوونی نواندنەکەشی.

بینەر بۆ وەرگرتن، دوو سەرچاوەی بنەڕەتی هەیە، کە ئەویش بریتین لە یەکەمیان بینین، دووەمیان: بیستن ڕەنگە ئەگەر هەردووکیان لە کاری شانۆییدا بخەیتە تای تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە هیچیان بەهای هونەری و دراماتیکیان لەوی دیکەیان کەمتر نەبێت و لەبەرجەستەبوونی دیمەنێک، ڕووداوێک، یان کەسایەتییەک تەواوکەری یەکدی بن، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا یەکێک لەو دوو سەرچاوانە لەوی تریان بەهێزتر دەبێت لای بینەر وەک ئەوەی لە کەسایەتی «گیراردۆ»دا لە ڕێگەی دەنگ و ئیلقاوە دەیبیستین.

ڕۆبێرتۆ میراندا، کەسی سێیەمی شانۆگەرییەکەیە کە هێمای دکتاتۆرەکانەو دوای تێپەڕبوونی پانزە ساڵ بەسەر ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە کەسانی وەکو پاولینا سالاس و زۆرانی وەک ئەو ئەنجامی داوە ئەوڕۆکە ڕووبەڕووی چارەنووسێکی ڕەش دەبێتەوە، چارەنووسێک کە ڕەنگە چاوەڕوانی نەکردبێت، ئەویش ناچار بوونیەتی لەژێر دەستی پاولینا کە دان بە تاوانە چەپەڵەکانی بنێت کە دەرهەق بە مرۆڤایەتی کردوویەتی، بەڵام ئەو دکتاتۆرە خۆپەرستانە وا بە ئاسانی نایەنە سەرچۆک ئەگەر دەسەڵات و هێزێکی گەورە و توندوتیژی وەک دەسەڵاتی پاولینایان دەرهەق بەکار نەهێندرێت، ئەوەی من لە د. میراندام بینی لە ڕوو بەڕووبوونەوەی ئەو چارەنووسە ڕەشە تێنوویەتی نەشکاندم، ئەگەرچی پاولینا گەمەیەکی ترسناکی لەگەڵدا دەکرد، کە ئەویش گەمەکردن بوو لەگەڵ ژیان و چارەنووسی، من هەستم بەوە دەکرد کە وێڕای هەموو ئەو توندوتیژییەی دەرهەق بە د. میراندا دەکرا لەلایەن پاولینا سالاس-ەوە، کەچی هێشتا د. میراندا کەسایەتی خۆی لە کیس نەدابوو ڕاستە کە د.میراندا لەتاو ئەو ئازارە دەروونیانەی بەدەستییەوە دەیناڵاند و لەپێناو دەرباز بوونی کۆتایی لە دەست ئەو شەرمەزاری و ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتووە مردن بە ئاوات بخوازێ و چەند جارێک بە پاولینا دەڵێ بمکوژە و ڕزگارم کە، بەڵام



پاولینا ئەو ئاواتەی نایەتەدی، کە بەر لەوەی دان بە تاوانەکانی دا بنێ مردن بەچاوی خۆی ببینێ، بۆیە پاولینا لەناو ئەو گەمەی مردن و ژیاندا چێژ لە چۆک دادانی د.میراندا وەردەگرێ و تۆڵەی ئەشکەنجەو ئازارەکانی خۆ لێ دەکاتەوە.

«عادل عەبدوڵڵا» کە دەوری ڕۆبێرتۆ میراندا دەبینێ، توانیویەتی ڕۆحی فەرخە دکتاتۆرێک لەناخی خۆیدا بچێنێ و ئەو هەستە بەبینەر ببەخشێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو پیاوە دکتاتۆرێکی زاڵم بووە، چونکە جۆرێک لە ڕەقی و توندوتیژی و خۆ بەزل زانینی پێوە دیارە.

بەڵام من لەگەڵ دەرهێنەردا و لەکەسایەتی د. میراندا لە چەند خاڵێکدا لێک جودا دەبووینەوە لە بۆچووندا کە ڕەنگە ئەمەش هەر جۆرێک بێت لە تاکتیک و دیبلۆماسییەتی شانۆیی دەرهێنەر بۆ دروست بوونی خەیاڵ و فانتازیا و هەر بیرۆکەیەک کە بینەر ئازادانە نەخشەی بۆ دەکێشێ بە ئارەزووی خۆی وەک ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازێ ... لەوانە من بوومایە د. میراندام بە یەک شێوازی دەست و پێ بەستراوەیی لەسەر کورسییەکی ڕەقدا نیشان نەدەدا، بەڵکو حاڵەتی دیکەی گۆڕانم بۆ دروست دەکرد.

دووەمیان: لە کەسایەتی دکتاتۆرم کەمتر دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەو بوارە نەدەمە دکتاتۆرێک کە لە ڕۆژە هەرە ڕەش و تاڵەکاندا هێشتا هەر بیانەوێ جۆرێک لە شکۆمەندی نیشانی خەڵکی بدەن، بەڵکو وام دەکرد کە ڕووی ڕاستەقینەی ترسنۆکی و لاوازی و بەتاڵی جەوهەری ئەو دکتاتۆرانە نیشان بدەم لە لەحزەی یەکلاکردنەوە ڕاستەقینەکاندا، بەڵام بە شێوازێکی هونەریی، نەک بە ڕێگەیەکی دروستکراوی پڕ لە

زێدەڕۆیی.

سێیەم: «عادل عەبدوڵڵا» جگە لەو هەستە دکتاتۆرییە نەبێ، کەمتر حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی وەک ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێمان پێوە بینی، بەتایبەت لەو لەحزانەی کە ڕوو بە ڕووی مردن دەبۆوە.

## چارەسەرکردنی درامی

لە دیمەنی پێش کۆتاییدا، دیمەنەکە بەوە کۆتایی دێ کە پاولینا لوولەی دەمانچەکەی لە ڕووی د. میراندا کردووە، دوای ئەوەی کە هەموو حیساباتی خۆی لەگەڵ د. میراندا ساغ دەکاتەوە، لەوانەش بەدیهێنانی خواستی پاولینا بە دان پیانانی د.میراندا بە تەواوی تاوانەکانی کە بە دەست و پەنجەکانی خۆی دەیاننووسێ بەمەش مەرجی نەکوشتنی د. میراندا دێتە ئاراوە، بەڵام دیسان هەر پاولینا تینووویەتی بەوەندەش ناشکێ و بیر لە سڕینەوەی ئەو جۆرە تاوانبارانە دەکاتەوە کە مانەوەیان کارێکی بێ مانایە لەژیاندا.

لەو نێوانەدا دەرهێنەر کۆتایی بە دیمەنەکە دێنێ- بۆ ئەوەی یەکلاکردنەوەی چارەسەری درامی و کۆتایی شانۆگەرییەکە بۆ بینەر بەجێ بێڵێ، ئەمەش لەزۆر کاری درامی شانۆییدا کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر دوای ئەو بەجێ هێشتنە، بینەر لەدیمەنێکی تردا و دوای تێپەڕبوونی زەمەنێک پاولینا و د.میراندا ببینێ، بەمانا ئەو بەجێهێشتنە بۆ بینەر نامێنێ و دەرهێنەر چارەسەری کۆتایی لەدەست بینەردا دەرهێنا، بۆیە من پێم وابوو دیمەنی کۆتایی لەگەڵ تێکڕای دیمەنەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە لێک جوودابیەکی هەبوو لەبەر ئەم خاڵانە:

١- فۆرمی گشتی شانۆگەرییەکە گۆڕا، بەتایبەت لە دیکۆردا کە دیکۆرێکی چڕوپڕی هەبوو، جیاوازی هەبوو لەگەڵ دیکۆرە سادە گشتییەکەی شانۆگەرییەکە، کە دەکرا ئەوەی مەبەست بوو لای دەرهێنەر لەدوا دیمەندا بەهەمان فۆرم نیشانی بینەر بدات.

٢- ڕەنگە دانانی ئەو دیکۆرە زۆرە لە ڕووی هونەرییەوە کاتێکی زۆری ویستبێ. دروست کردنی ئەم بۆشاییە زۆرەش بۆ گۆڕینی دیمەن لەدوا دیمەندا کەبینەر لە ترۆپکی چێژی خۆی دایە و لە چاوەڕوانی تەسلیم بوونی شانۆگەرییەکەیە، زۆر لە ئاستی ئەو چێژەی دابەزاند.

٣- هەستم بە گۆڕینی ڕیتمی گشتی شانۆگەرییەکە کرد لە شێوە و ناوەڕۆکدا بۆیە ئاوێتەبوونی ئەو ڕیتمەش لەدوا لەحزەدا جۆرێک لەنامۆبوونی دیمەن نیشان دەدا لەلای بینەر کە ڕەنگە نەتوانێ بە ئاسانی لێکیان ببەستێتەوە لەبەر نەمانی دەرفەت.

٤- هەندێ گومان لای بینەر لەدوا دیمەندا دروست بوون لەوەی کە ئایا ئەو شوێنە کوێیە؟

ئەوانە کێن پشتیان لە ئێمەیە؟ تۆ بڵێی ئەمانە پاولینا سالاس و د. میراندا بن! بەڵێ!... نەخێر!.. ئەو گومانە لەگەڵ بینەردا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لە هۆڵەکەش دەچێتە دەرەوە و دوای بەجێ هێشتنی هۆڵەکەش، کە ڕەنگە دەرهێنەر مەبەستی بووبێت بینەر بەخۆی و ئەو کۆمەڵە گومانەوە هۆڵەکە بەجێ بێڵێ.

## بێدەنگی

لە کاری شانۆییدا دوو جۆرە بێدەنگی هەیە، بێدەنگی لەسەر شانۆ و بێدەنگی لەناو هۆڵدا، یان هەردوو بێدەنگی پێکەوە ، شانۆگەرییە جیهانییەکان زۆرن لەوانەی بێدەنگی بە پارچەیەک لە ڕۆحی شانۆگەرییەکە و ئیستێتیکای شانۆیی دەزانن، وەک شانۆگەرییەکانی چیخۆف کە بێدەنگی وەک حاڵەتێکی ئەفسووناوی سایکۆلۆژی نیشان دەدات و بوونەتە مۆرک و جۆرێک لەتایبەتمەندی چیخۆف، کە ڕەنگە هەموو دەرهێنەرێک دەسەڵاتی تێگەیشتن و کارکردنی نەبووبێ لەگەڵیاندا و نەیانتوانیبێ ئەوە نیشانی بینەر بدەن کە چیخۆف خواستی بوو، وەک ئەو شکستە گەورەیەی ستانیسلافسکی لە یەکەم ئەزموونیدا لەگەڵ چیخۆڤدا ڕووبەڕووی بۆوە.

بۆیە من پێم وایە بێدەنگی چ لە سەر شانۆ، چ لە ناو هۆڵدا پارچەیەکی زیندووی شانۆگەرییە، من ئەو بێدەنگییەم لە مەرگ و کچدا بینی وێڕای گەرموگوڕی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە، هەمان ئەو بێدەنگییەی لەسەر شانۆ بینیم لەناو هۆڵەکەشدا زێتر درکم بەوە کرد کە بینەر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیحرێکی شانۆیی و بە ئاگاییەوە چێژ لە پێکهاتەی شانۆگەرییەکە دەبینێ، من دڵنیام ئەگەر لەوکاتەدا لەهەر بینەرێکمان بپرسییبوایە چۆن هەست بە شانۆگەرییەکە دەکەیت، زۆر بە سادەیی دەیگوت شانۆگەرییەکی خۆشە، بەڵام ئەگەر لێت پرسیبوایە بۆ خۆشە؟ هیچ وەڵامێکی حازر بە دەستی نەبوو ئەوەندە نەبێت کە دەیزانی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیحرێکی شانۆییەوە.

# چەند تێڕامانێک لەسەر نمایشی میم و پانتۆمیم

ئاکۆ مینبەری
(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

مرۆڤ پێش ئەوەی بیەوێ لە بواری هونەریدا دەست بە ناسینی خۆی بکات، ژیان دەکا و ڕەنج دەکێشێ. ئەو کەسە دەبێ شتێکی بۆ وتن هەبێ، هونەر پێش هەموو شتێک نارەزایەتییە و ئەو کەسە بەو شتانەی کە لە ئارادایە نارازییە بۆیە دەچێتە سەر شانۆ.

پانتۆمیم یان نمایشی بێ قسە شێوە نمایشێکە کە لە بێدەنگیدا ئەنجام دەدرێ و بە هێما و ئیشارەوە پەیامی ئەکتەر بە بینەر ڕادەگەیەنێ، یان بەشێوەیەکی ساناتر دەربڕینی چیرۆکێکە کە بەکەڵک وەرگرتن لە جووڵەی جەستەیە بە بێ قسە کردن. لە پانتۆمیمدا لە کەرەستەی سەر شانۆ کەمتر کەڵک وەردەگیرێ، پانتۆمیم زیاتر بە جووڵەی ئاکرۆباتیک و سێرک و دەڵقەک بازی و ڕووناکی و مۆسیقی ئەنجام دەدرێ.

جیا لە جیاوازی نێوان بەشەکانی لەش لە ئەو هەڵکشان و داکشانەدا کە لەنێوان «میم»ی جەستەیدا کە بەهۆی زەخت هێنان بە ماسولکەکان دروست دەبێ، دەبێتە هۆی هەرچی زیاتر بوونی نەزمی جووڵەکان، مەبەست لە ڕێکوپێک بوونی جووڵەکان خێرایی جۆراوجۆری جووڵەی ماسوولکەکانە. دوو دانە لە گرنگترینی ئەو جووڵانەی نێو پانتۆمیم «لێدان، مانەوە»یە، لە لێداندا بە کۆکردنەوەی ماسوولکەکان و ڕەهاکردنیان جووڵەیەکی تیژ و بە هێز لەو شوێنەدا دروست دەبێت.

مانەوە وەکو نۆتەیەک کە لەسەر ڤیۆلۆن ڕایدەگرن جووڵەیەکی بەردەوام و هێدی و بە خێراییەکی هاوسەنگ لە جووڵەی لەش ڕادەگرێ، هەر کام لەم جووڵانە دەتوانێ

جوولەیەکی تێکەڵاو ساز بکا وەکو ماسییەک کە هێواش دەڕوات و لە جێگەدا دەخزێ.

پانتۆمیم وشەیەکی لاتینییە کە بنچینەیەکی مێژوویی هەیە، پێش پانتۆمیم، میم هەبووە و سونەتێکە لە نمایش کە یەکەم جار لە یۆنان سەری هەڵدا و هەموو جۆرە شێواز کات بەسەر بردنێکە کە لەژێر ناوی «میم»دا کۆدەبێتەوە، وشەی «میم» بەبێ خۆبەستنەوە بە وشەیەکی ترەوە بە هەموو نووسراوە و ئیجرایەکیش دەگوترا.

«میم» نمایشە کورتەکان، لاساییکردنەوەی ئاژەڵ و باڵندەکان، جوولەی ئاکرۆباتێک و...تاد، لەخۆ دەگرێ. تیپە بچووکەکانی «میم» لەسەدەی پێنجەمی زایندا لە ڕێوڕەسم و میوانداریییەکاندا نمایش دەکرا، دەتوانین بڵێین کە «میم» یەکەم نمایشی پسپۆڕانەیە کە بۆ کات بەسەر بردن پێک هات، سەرنج ڕاکێشترین شت ئەوەبوو کە تیپەکانی «میم» یەکەم گرووپگەلێک بوون کە ژنیان هێنایە نێو نمایشەوە، وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی یۆنان و لە باشووری ئیتالیا و «سی سیل» لە سەدەی پێنجەمدا زۆر هۆگری ئەو نمایشە بوون، بەڵام ئەم شێوە نمایشە تا کۆتاییەکانی دەسەڵاتداریەتی ئەسکەندەر لە دەوروبەری مدیترانەدا سەری هەڵنەداو لەدوای ساڵی ٣٠٠ی پێش زایین ئەکتەرەکانی «میم» بەشێوەی بەردەوام لە فستیڤاڵەکاندا بەشداربوون، بەڵام هیچ کاتێک نەبوونە ئەندامی گرووپی هونەرمەندانی «دێونوسوسی» کەسایەتییەکانی «میم» جلوبەرگی تەنگ و بە لەش نووساو و کورتیان لەبەردابوو، چیرۆکەکانی «میم» لە ڕەت کردنەوەی شتەکان تاکو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی لەخۆ دەگرت، وەکو شەڕ، دزی، زۆر خواردن، لەو جۆرە دیاردانە بوون کە لەنمایشی «میم»دا هۆگریان زۆر بوو، سەنجراکێشترین شت سەبارەت بە نمایشی «میم» شێوەی ڕازاندنەوەی سەحنەکەیەتی و ئەو وێنانەی کە بەدەست هاتوون سەکۆیەکی بەرز بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لەسەر چەند کۆڵەکەیەک کە جوانکاریان لەسەر کراوە و لەنێوان کۆڵەکەکاندا پەردە یان دیواری ڕەنگکراو پیشان دەدەن بۆ چوونە ژوورەوەی ئەکتەرەکان، لە خوارەوەی سەحنەوە پلیکانیان ساز کردووە و لەنێو ئەو وێنانەدا نمای سەحنەکان جۆراوجۆرن.

«میم» لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا بەشێوەی دەق دەنووسرا «دیسموس لابرویوس» و شانۆگەرە هاوچەرخەکەی «پوپلیوس سیروس» بە یەکەم نووسەرەکانی دەقی «میم» دەناسرێ، لە دەورانی ئیمپراتۆریەتدا «میم» دیسانەوە گەڕایەوە بەشێوەی خەیاڵی و بەبێ دەق دەچووە سەر شانۆ، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هۆگرانی زۆرتر دەبوون و زیاتر سەر و کاری لەگەڵ ئیش و کاری ڕۆژانەدا بوو و بەشێوەی کۆمێک (ساتیر) سەیری «میم»یان دەکرد، بەرە بەرە وای لێهات کە شێوەگەلی نمایشی کەمڕەنگ کردەوە.

پانتۆمیمی (فابیۆلا سالتیکا) وەکو یەکێک لە نمایشەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە یۆنان بووە، ئەم نمایشە لە ڕۆمدا لە سەرەتاوە جوولەیەکی تاکەکەسی بووە و وەکو بەرنامەیەکی یاریدەدەر کەڵکی لێ وەردەگیراو لە هەموو کاتێکدا پەیڕەوی بەرنامەیەکی تر بووە.

هونەری پانتۆمیم لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا لە چینەوە بگرە تا بەریتانیا بە شێوازگەلی جۆراوجۆر پێک هات.

لە ڕاستیدا «میم»ی پێشکەوتوو دەبێ منەتبار و قەرزداری «ئەتین دکرۆ»ی فەڕەنسی بێت، «دکرۆ» پێی وابوو کە زمانی جەستە باشتر لە زمانی دیالۆگ پەیامی خۆی دەگەیەنێ و هەروەها دەیگوت باشترین پانتۆمیم ئەو پانتۆمیمەیە کە بەبێ کەڵک وەرگرتن لە دێکۆر و جلوبەرگ و کەلوپەلی سەر شانۆ نمایش بکرێ، ئەو هەموو کاتێک پانتۆمیمی بەسەر شانی جەستە و دەموچاو و ڕوخساری ئەکتەرەکاندا دەدا. «ژان لویی بارو» یەکێکە لە قوتابییانی «دکرۆ» و مەکتەبی «میمودرامی» هێنایە گۆڕێ، ئەم مەکتەبە لە ڕاستیدا هونەری نمایشە لە ڕێگای «میم»ەوە «مارسل مارسو» یەکێکی دیکەیە لە قوتابییەکانی «دکرۆ» و یەکێک لە بەناوبانگ و ناودارترین ئەکتەرەکانی پانتۆمیمە لە جیهاندا کە ئەویش کاری پانتۆمیمی دەکرد، «میمودرام شنێل» یەکێکە لە نووسراوەکانی «گۆگریل»، گەورەترین شاکاری ئەو واتە «مارسو» پاڵ دانە بە فەرهەنگی هاوچەرخ کە خاوەنی «میم»ی یۆنان و ڕۆمە، ئەو سەفەرگەلێکی زۆری بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور کردووە و ئاماژەی بە کاریگەری شانۆی نوێ کابۆکێی ژاپۆن لەکارەکانیدا کردووە، هەروەها ئاماژە بە کاریگەریی هونەری «مۆدرا»یانی هونەری زمانی قامکەکان و سەما و شانۆی هیند لەسەر کارەکانی دەکا. سینەمای «صامت» یان بێدەنگ و فیلمەکانی «چارلی چاپلن» و «کەتبۆن» و زۆر ئیمکاناتی پانتۆمیمی بە «مارسۆ» پیشان دا. لە کارەکانی مارسۆدا «بیپ» کەسایەتییەکە خەمبارە و بە دەموچاوێکی سپی و بە کڵاوێکی درێژەوە «مارسل مارسۆ» دانەری قوتابخانەی پانتۆمیمە لە پاریس، ئەو پانتۆمیمی بە جوولەیەکی

شاعیرانە دەزانی.

**سوژەکان (سەرچاوەکان)**

پانتۆمیمێک بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی دەیناسین زیاتر مەبەستەکەی منداڵان دەگرێتەوە و لە چیرۆکی «پەریان»، یان ئەفسانەی ئاواییەکان شکڵ و قەوارە بە خۆیەوە دەگرێ، سەرنجڕاکێشترین سەرچاوەکان بۆ پانتۆمیم چیرۆکی «سیندرلا»یە و لەدوادا «عەلائەدین»، «دیک ویتینگ تۆن»، «بەفرین»ە. سەرچاوە سەرنجراکێشەکانی تر بریتییە لە «جەک و لاسکی لۆبیا»، (منداڵان لە دارستان) کە زۆرتر لەگەڵ ئەفسانەی «رابین هود» و جوانی خەوتوو دا تێکەڵ دەکرێن. «پیترین»یش بەرە بەرە ناوبانگی دەرکرد، بەڵام ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەوانەی لایەنگری پانتۆمیمی سونەتین پێیان وایە ئەمە بە تەواوەتی دەقی پانتۆمیم نییە، بەڵکو چیرۆکی منداڵانەیە. «پیترین» یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٤ لە شانۆی «رۆگ یورکی»ی لەندەن چووە سەر شانۆ پاش ماوەیەکی تر بەسەر کەوتوویییەوە لە ئەمریکا چووە سەر شانۆ. ئەمڕۆ ئەم چیرۆکە بە تەواوی شێوازی پانتۆمیمی بەخۆیەوە گرتووە و یەکێک لە پڕ هۆگرترین ئەو نمایشەیە کە لە دورگەی بەریتانیا لە جێژنی کریسمەسدا بەڕێوەدەچێ.

**گەورەکانی پانتۆمیم**

گەورەکانی پانتۆمیم وەکو کۆمپانی «EB» کە زیاتر لە ٣٠ پانتۆمیمی لە بەریتانیا و چەند پانتۆمیمێکی تری لەدەرەوەی وڵاتدا بردۆتە سەر شانۆ پانتۆمیم لە درێژایی دەورانی بوونیدا گەورەگەلی وەکو «ئاگۆستۆس هریس»ی بەخۆیەوە دیوە کە بە باوکی پانتۆمیمی پێشکەوتوو ناو دەبردرێت و سەرەتا لە دەیەی ١٨٧٠ی زایینی لە تیپی شانۆی «دروری لین» دەست بەکار بووە، «هریس» بوو بە بەڕێوەبەری شانۆی «دروری لین» و بۆ یەکەم جار ئەستێرەکانی مۆسیقای هاڵ»ی لە پانتۆمیمەکانی خۆیدا جێگا کردەوە و کاریگەرییەکی سەرنجراکێشی خوڵقاند و خۆشەویستیی مۆسیقاژەنەکانی لە دڵی خەڵکدا بردە سەر.

«فرانیس لیدلەر» لە دەیەی ١٩٣٠دا نازناوی سوڵتانی پانتۆمیمی پێ بەخشرا. ئەو کارەکانی لە تیپی شانۆی «ئالهام برای» شاری «برادفورد»ەوە بردە سەر شانۆ کە لە هەموو وڵاتدا دەنگی دایەوە. لە دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا تاجی پانتۆمیم لەسەر سەری «درک سالبرگ» نرا، گەورە پیاوێک کە پانتۆمیمەکانی لە تیپی شانۆی «ئەلیکساندەری بیرمنگام» دەبردە سەر شانۆ ئەو وەها لەگەڵ شێواز و سونەتدا کاری دەکرد کە بە ڕاستی لێهاتووییەکانی خۆی لەنێو خەڵکدا پیشان داوە.

**داهاتوو**

پانتۆمیمەکان لە ڕابردوودا بە هەر چەشنێک کە بووبێتن ئێستا وانین، ئەم هونەرە سەردەمانێک لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆییدا بوو. پانتۆمیم لەم سەردەمەدا وا دیارە خۆی خستوەتە پەراوێزەوە، نازانم چۆن دەتوانێ بەم چەشنە درێژە بە چالاکی بدا، ئەم نزم بوونەوانە و تەریک کەوتنەوە لەگەڵ نووسراوە و ڕۆژنامەگەری دنیای ڕاگەیاندنی ئەمڕۆدا ڕەنگە بە هەڵە بچێ. لە ڕاستیدا مێژووی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٨٣١، ١٨٤٦، ١٨٨٢. پانتۆمیمی سونەتی ئێستاش هەر ماوە و هۆگرانی ئەم هونەرە لە بازاڕی فرۆشی بیتاقەدا لە بەریتانیا قسەی یەکەم دەکەن و ئەگەرچی ئەم هونەرە سونەتی ماوەتەوە بەو مانایە نییە کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و ناتوانێ بڕواتە سەر شانۆ، پانتۆمیم وەکو جەواهیر لەسەر تاجی سەری ئێمەدا ماوەتەوە و بە تەنیا دەبێ ئەرکێکی قورس لە ئەستۆ بگرێ.

دیتنی پانتۆمیم دەتوانێ یەکەم ئەزموونی منداڵێک بێ لە شانۆی ڕاستەوخۆدا، ئەگەر ئەم ئەزموونە بە ڕادەی پێویست سیحراوی بێت کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر دادەنێ. لە جیهانێکدا کە منداڵ کەوتۆتە نێو حەساری کۆمپیوتەر، نەواری V.D.E و D.V.D، و کێشی هاسانی TV، دیتنی پانتۆمیمێک دەتوانێ ڕۆڵی هێمن کەرەوەی ببێت، ئەوانەی کە لە داهاتوودا سەیری پانتۆمیم دەکەن نە بە تەنیا پانتۆمیم، بەڵکو شانۆیەکی ڕاستەوخۆش بە ئەزموونێکی دانیشتن لەنێو هۆڵێکی تاریکدا دەتوانێ لە جێگای دانیشتن لەسەر کورسییەک لە بەرانبەر شاشەی بچووکی TVدا بێت و سیحری پانتۆمیم بە چاوی خۆیان ببین و ئەم سوننەتە بەردەوام بێت.

منداڵان زۆر لە پێشدا هاوار دەکەن «ئاها. ها.ها.، ئەمەیە» لە کاتێکدا ئەکتەری سپی پۆش لە پاشەوە سەری قارەمانی چیرۆکەکە هەڵدێنێت و دەنگی «و.و.و!» لەخۆی دەردێنێ، منداڵەکان لە هەر تەمەنێکدا بن هاوار دەکەن «لە پشتەوەیە».

# سیاچەمانە (سیاجامەگان)ە

هاوڕێی زێدە ئازیزم کاک عادل محەمەد پوور بابەتێکی مێژوویی، هونەریی بەناونیشانی (سیاوچەمانە، حەنجەرەی بێگەرد) لە لاپەڕە ١٩٣ تا ٢٠١ی ژمارە ١٠٧ی نیسانی ٢٠٠٠ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کردۆتەوە کە بە پێویستم زانی سەرەڕای دەسخۆشی لە بەڕێزیان، سەرنجێکی تیرۆژئاسای خۆمی باوێمەسەر کە پێمـوایە دەبێتە هەوڵێک بۆ دەوڵەمەندترکردنی نووسینە جوانەکەی ئەو دۆستە بەڕێزەم.

پێش هەموو شتێک دەبێ دڵخۆشی خۆم دەرببڕم و دەسخۆشییەکی دۆستانەی لێ بکەم کە دوو وشەی هەرە جوان و ڕەسەن و پڕمانای هەورامی (وەک تازەگەرییەک) خستوونەتە ناو نووسینەکەیەوە کە زۆر بەجێ و پڕ بەپێستی مەسەلەکەن و دەبێ لە نووسینەکانماندا بەکاریان بهێنین، ئەوانیش: (پەیلوای) و (گلێرگە)ن.. پەیلوای لەجێی (بۆچوون) و گلێرگە لەجێی (جڤات، ئەنجومەن) کە سەرەڕای لەباری و ڕەسەنایەتی و واتای پڕ بەپێستیان و باری مۆسیقاییان لە ڕستەدا، پیشاندەری دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و بەتایبەتی دیالیکتی هەورامین و دەیسەلمێنن کە زمانی کوردی زمانێکی زیندوو، دەوڵەمەند و شیاوی پێشکەوتنە لە سەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکاندا.. من لەلای خۆمەوە ئەو دوو وشە جوانە بەناوی کاک (عادل)ەوە لە مێژووی نووسینی کوردیدا تۆمار دەکەم و پاشان دێمە سەر ناوەرۆکی نووسینەکەی بەڕێزیان: (سیاوچەمانە، حەنجەرەی بێگەرد):...

---

جەلیل عەباسی

کـاک عـادل لە سـەرەتای نووسـینەکـەیدا سـەرەرای ئامـاژەیەک بەو کـارانەی کـەلە مـەڕ مـۆسـیـقـای کـوردی کـراون، گلەیی لەوەدەکـات کـە هیچ تۆژینەوەیەک لەو بوارەدا کـامڵ و گـشـتگـیـر و هەمـەلایەنە نەبووە و بەتایبـەتیش بواری هونەریی هەورامـان فـەرامـۆش کراوەو... تا دێتە سەر کارەکەی حەمەی حەمە باقی و دەڵێت: «کـتێبی مێـژووی مۆسیقای کوردی نووسینی بەڕێز مـحـەمـەدی حـەمـەباقی، وتمان تا ڕادەیەک مەبەستـەکەی پێکاوەو.... بەڵام لەمەڕ سیـاچەمـانەو شیـکاری پێکهـاتەی ئەم دەسـتـەواژە، تووشی هەمـان دووپاتکردنەوەی دیتـران هاتووە و نەیتـوانیـوە جەوهەرو چیـیەتی ئاواز و مـۆسـیـقـای ئەو چەمکە کە گـرێدراوە بەهەمـان ڕواڵەتی قـامـووسی ئوسلووبەکـەوە، پێناسـە بکات.»

من لە پشـتـیـوانی ئەو ڕایەی کاک عـادلدا دەڵێم: کاک حەمەی حەمە باقی نەک هەر نەیتوانیـوە ئەوکارە بکات کە مەبەستی کاک (عـادل)ە بەڵکو لەمەڕ سیـاچەمـانە تووشی گـەلێ چەواشـەیی و بۆچوونـی ناڕاست و نازانستیانە هاتووە و من پێشتر لە هەفتەنامەی ئاویەر و لە ڕەخنەیەکدا لەسەریم نووسیوەو بەرپەرچی هەڵە زۆر و هەمەلایەنەکانیم داوەتەوە، بڕوانە: (چاوێک لە مێژووی مـۆسـیـقـای کـوردی و.../ ج. قـەقنەس/ ژمـارە ٢٣ی ٢٥/ ١١/ ١٣٧٦ (١٩٩٧ز)ی هەفتەنامەی ئاویەر).

کـاک عـادل لە بەشـێکی دیکەی بابەتەکـەیدا ئاوڕ لە بواری شـارسـتـانیـەت و دیموکـراسیـیـەتی سـەردەمی مـاد دەداتەوە و دەڵێت: «... بەڵکو بە وتەی هیـــرۆدۆت مادەکان خاوەنی گلێرگە و جڤینگەیەکی خەڵکی بوون و بێگومان شورای (شیوخ، پیاوماقووڵان) پێکهاتبوو لە باشترین تاک. لە ئاڤێستاشدا لەسەر ئەم چەشنە شۆرا و دانیشتنە خەڵکیانە بەناو (هەنجومەن) باس کراوە:

بەڕای من ئەگـەر لەجـیـاتی وشـەی (خـەڵکی) و (خەڵکیانە) (جەماوەری) بنووسیبا زۆر جوانتر دەبوو، پاشان وشەی (هەنجومەن) لە ئاڤێستادا، دروستەکەی (ئەنجـومـەنە)یە نەک هەنجـومـەن و ڕاسـتـیـشـە کـە بۆ ئەنجـومـەن و گلێـرگـە بەکـاربراوە، من لە بەشـێک لە ستـوونەکانی (فەرهەنگی یەسنا)دا ڕاڤەی ئەو چەمکەم کـردووە و بەتێروتەسەلی واتاو ناوەرۆکی (ئەنجومـەنە)م شی کـردۆتەوەو گـوندی (هەجـمنە)ی لای سـەوڵاوای مـەریوانم پێیـەوە گرێداوە، بڕوانە: (فـەرهەنگی یەسنا- هەجـمنە- هەفـتـەنامـەی گـوڵان، ژمـارە ٤٢٨ی ١٠/٤/٢٠٠٣).

نووسـەر لە باسی خـەت و ڕێنووسی کـۆندا ئاوڕ لە ئاڤێستا دەداتەوە و دەڵێت: «ئاڤێستا کتێبی ئایینی زەردەشت کە سەرەتاکەی بۆ پتر لە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە پێنج بەش پێکهاتووە: ١- گاسەکان ٢- یەسنا ٣- وردە ئاڤێستا ٤- ویسپەرد ٥- ڤەندیداد»

یەکەم، مێـژووی ئاڤێستـا بە ڕوونی دەگەڕێتەوە بۆ (١٧٦٨)ی پێش زایین کــــە بە هۆی ڕێزدار (زەبیـح بەهرۆز)ی پسپۆڕی ماتماتیک و ئەستێرەناسی و شارەزای مێژووی زەردەشت سەلمێنراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (لاپەڕە ٢٠ی کتێبی ئاڤێستا لە مێژینەترین سروودی کورد/ بەرگی یەکەم، گاتەکان/ جەلیل عەباسی/ ئاراس ٢٠٠٣).

دووەم، ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشت نەک پێنج بەش، بەڵکو شەش بەشە و ئەوانیش بە دروستی بریتـــیـن لە: ١- گـــاتا ٢- یەسنا ٣- یەشت ٤- ڤیسپێرەد ٥- ڤەندیداد ٦- وردە ئاڤێستا.

کـاک عـادل بەشی (یەشت)ی لەبیـرکـردبوو و هەروەها جگە لە تێکەڵکردنی بەشـەکـان ناوی بەشی چوارەم (ڤیسپێرەد)ی بە هەڵە بە ویسپەرد نووسیبوو، ئەم ناوە لە دوو وشەی ئاڤێستایی پێکهاتووە: (ڤیسپێ) بە واتای (سەرجەم، هەمـوو، تەواو) و (ڕەد، ڕەت، ڕەتوو) بە واتای (دلێر، زانا، بەخیـرەت) و سەرجەم وشەکەش واتای (هەموو زانا و دلێرەکان) دەگەیەنێت.

دوای ئەم برگەیە لەسەر گاتەکان دەڕوات و لەبەشێکی قـســەکـانیـدا دەڵێت: «... تا دەگـاتە ئەم نەوەیە کـە ئێستاش لەسەر زاران گۆ دەکرێت، بەڵام ناونیشـان و شـــمـــەکـــێـکی تریان بۆ دیاری کـــراوە و بە هۆرە و سیاوچەمانە و لاوژە و لاوک و... نێوزەد کراون...»

دروستـــتـر وابوو کـە لە جـێی (لاوژە)، (قـەتار)ی بنووسـیـبـا یا هەر هیچ نەبێ ئەویشی لەبیـر نەکـردبا، لە ڕاسـتـیـدا گـاتاکـانی ئەشـوو زەردەشـتی ڤـەخشـوەر لەم سەردەمەدا بە چڕی خۆیان لە هۆرە و سیاچەمانە و قەتاردا دەبیننەوە، قـەتار هەمـان (گـاتار)ە و لەخـودی گـاتەکـان وەرگـیـــراوە کـــە بەداخـــەوە دواتر تووشی ئەو گـۆڕانە تەعریبییە هاتووە و کراوەتە (قەتار).

لە بەشێکی دیکەدا باس لە چۆنیەتی وتنەوەی شیعر بە هەوا و ئامـێرێکی مـۆسـیـقـایی دەکـات و دەنووسـێت:

«خۆشبەختانە ئەم دابە لە کولتووری کوردیدا پارێزراوە، گۆرانیبێژان و سترانچڕان و هۆرەکەران و سیاوچەمانە بێژان...»

ئەو چەشنە ناولێنانە دروست نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین: گۆرانیبێژ، سترانبێژ، هۆرەچڕ و سیاچەمانە چڕ نەک بەو شێوازەی کاک عادل، چونکە پاشگری (بێژ، وێژ) بۆ گۆرانی و ستران و لاوک و حەیران بەکار دێت و پاشگری (چڕ)یش بۆ سیاچەمانە و هۆرە و قەتار.

کاک عادل وشەی (گۆسان)ی لە بابەتەکەیدا زۆر بەکارهێناوە و لەبەشی شیکار و لێکدانەوەی ئەو وشەیەشدا دەڵێت: «... گۆسان کە لە توخمی گۆ+ سان پێکهاتووە (گەو: گەور، گبر) یا گاور... سان- یش بە دوو واتا بەکار براوە یەکەم بەمانای سوڵتان کەواتە مانای ئەوەڵ گەورسان بەپێی یاسای فرێدانی فۆنۆلۆژی- ر- قرتاوە بووەتە گۆسان یانی کەسێ یا کەسانێک کە هونەرمەند بوون، هونەری گۆرانییان بۆ (سانەکان) سوڵتانەکان و شالیارەکان چڕیوەتەوە.... واتای دووەم: گەورسان: گەوسان= گەور، گاور+ پاشگری شوێن (سان) جێگای گاورەکان و نیسبەت بە گاورەکان- وەک دەڵێن گەوسان لە هەردوو واتادا، گەوسان لەگەڵ گۆرانی (گەور+ ان+ی)دا کە هەموو چەشنەکانی مۆسیقای کوردییە یەک دەگرێتەوە کە لەسەر ئەم پەیوەستە هەردوو توخمەکە (گۆسان و گۆرانی) لە ڕەگی (گەور)ەوە وەرگیراون کە دوو شەقڵی زمانەوانین بۆ گرێدانیان بە (گۆران)ەکانەوە».

نەمتوانی سەرسوڕمانی خۆم لەو بۆچوونە سەیرەی کاک عادل بشارمەوە! ناشزانم کاک عادل ئەو یاسایەی لە کوێ هێناوە و پشتی بە چ بەڵگە و فاکتێکی زمانەوانی، ئەقڵانی، مێژوویی، مۆسیقایی و... بەستووە؟!

یەکەم، گۆسان نییە بەڵکو (گاسان/ گاسانیک)ە واتە گاتا شێوە، لیریک و مۆسیقایی و هارمۆنیک وەکو گاتەکان. دووەم، گۆسان بەو واتایە نییە کە کاک عادل بۆی دەچێت و هیچ پێوەندییەکیشی بەسان و سوڵتان و...ەوە نییە هەروەک وشەی یەکەمیش هیچ پێوەندییەکی بە گەور و گاور و...ەوە نییە، گەر لە ڕاستیدا (گەئۆ)یە بە واتای ژیان، گیان، زیندوو دێت و زۆر دوورە لەو لێکدانەوەیەی کاک عادل. سێیەم، گۆرانی بەو شێوەیەی لای کاک عادل (گەور+ان+ی) نییە، بەڵکو هەرهەمان وشەیە کە وەکو خۆی بەکاردێت و وەک خۆی ماوەتەوە، بەشێک لە بۆچوونەکەی لەمەڕ گۆران و گۆرانی ڕاستە و گۆرانی لە ڕاستیدا واتە لەحن و هەوای مۆسیقایی تایبەت بە (گۆران)ەکان. هیچ شتێک لەم شیعرە مێژینەیەی یارسانەکان ڕاستیی مێژوویی ئەم بۆچوونەمان ناسەلمێنێ:

**گۆرانی هۆرە سیاچەمانە**
**قەدیم یادگار قەم کوردانە**

کاک عادل لە بەشێکی دیکەی بابەتەکەیدا دەچێتە سەر شیکاری چەمکی سیاچەمانە و دەنووسێت: «لە دەقە کۆنەکانی یەسنا و گاسەکاندا بە ڕاشکاوی ناوێک لە دەستەواژەی سیاوچەمانە نەبراوە، ئەم ناوە ڕەنگە دواتر بەهۆی هەوێنی ئەوین و خۆشەویستی و زاتی جوانی ئافرەتەوە بۆ داتاشرابێ،... لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم چەمکە هەمان شێوەی ساکارەکەی مامۆستا گۆرانە:

**سیاوچەمانە سیاوچەمانە**
**هەورامان جێگای سیاوچەمانە**

بە پێچەوانەی باوەڕی هەندێ توێژکار کە دەڵێن... سیاوچەمانە وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لە ڕیشەی وشەی سەرە، سیاوچەمانیش لە جامانەوە هاتووە.... هەردووکیان وشەی جامانیان پێک هێناوە کە بە واتای کراسی دەردامان ڕەش... هاتووە... ئەم بۆچوونە بێگومان ناڕاستە و هیچی لەگەڵ دەروونشیکاری ڕەنگەکان و ڕووکردی هەڵوێستکارانەی مرۆڤی هەورامانەوە کە لە نەفسدا مرۆڤێکی جوانپەرستە لە داوێنی دایکی سروشتدا گۆش کراوە و تەبعەن خۆشی لە ڕەنگی ڕەش و تاریک و خەمئامێز نەهاتووە... لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەیە بەو واتایەوە کە چەندین ساڵە دەجوێتەوە بەو ئاراستە دەروونشیکاریەوە کە بۆ مرۆڤی هەورامان هاتووە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە لەپێش ئیسلامدا ئاوا جلوبەرگێک کرابێتە بەر، بەڵکو چەمکی ڕەش پۆشان دیاردەیەکی پاش ئیسلامی و بەهۆگرانی ئەبو موسلیمی خوراسانی دەوترێ....»!

پێشتر زۆرجار و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەر واتای (سیاچەمانە)م نووسیوە و سەلماندوومە کە ئەم وشەیە هیچ پێوەندییەکی بە (چاوی ڕەش)ەوە نییە، بەڵکو کورت کراوەی (سیاجامەگان)ە کە دیسان ئەویش

پێـوەندی بە جـوانپـەرسـتی و ئاڵـو واڵا پۆشی مـرۆڤی هەورامانەوە نییەو... ئێستاش دەڵێم گەر ئێمەی کورد وردتر بچینە ناو مێژووی ئایینی ئەشوو زەردەشت و ناو (یەشت)ەکان بە وردبینی بپشکنین، بۆمان دەردەکەوێت کە جلوبەرگی ڕەش لە پێش ئیسـلامدا هەبووە ئەویش بەمــجــۆرە: مــەزدەک دژی ڕاهێنانەکــانی زەردەشت دەجـوولاّیەوە و دەسـتــەو گـرووپێکی پێک هێنا کـە (مــەزدەکی)یان پێ دەگــوترێ. ئەم گــرووپە هەمــوو کارەکانیان پێچەوانەی ڕاهێنانەکانی موغ و مۆبدەکان بوو تەنانەت لە جلوبەرگـیـشـدا ئەمــان دژی ڕەنگە سپییەکەی مۆبدان ڕەنگی ڕەشیان هەڵبژارد، دیارە دەبێ سروودێکی تایبەت بەخۆشیان هەبێت جیا لەو لەحنەی مۆبدەکان. ئەو سرووده دواتر ناسرا بە لەحنی تایبەتی سیاجامەگان واتە ڕەشپۆشەکان.... بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (با گـۆرانیـەکـانی هەورامـان..../ جـەلیل عــەباسی/ برایەتی ئەدەب و هونەر/ ژمــارە ٢١٤ی ٢٠٠١/٢/٦). با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەمان ئەو دژبەری و دژ ڕاوەستانەی مەزدەک بوو کەوای کرد لە ئاڤێـسـتـادا ناوی (زەندیک)ی لێبنرێ کـە تەعـریب کراوەکەی هەمان (زەندیق)ە و بە واتای مورتەد و لەدین هەڵگەڕاوە دێت. بڕوانە: بەشی ٤ی ڤەندیداد و هەرواش یەشتەکانی ئاڤێستا.

کاک عادل لە بەشێکی تری بابەتەکەدا هەر لە درێژەی هەمان باسدا دەنووسێت: «... دەتوانم بڵێم تەنانەت کرکەی سیاوچەمانە بە تەواو جۆرەکانییەوە (خاو و کرژ) تەعـبیر لەم چەشنە ڕووکردە جوانیپـەرستانە دەکات و....»

ئێمە لە سیاچەمانەدا (خاو و کرژ)مان نییە، بەڵکو خاو و کرژ تەنیا بۆ گـۆرانی بەکاردێت کە ئەویش وەک گوتمان جیایە لە سیاچەمانە، دەڵێین (گۆرانییەکی خاو) واتە گـۆرانیـیـەکی ئارام و هێـمن و کـە دەشـڵـێین (گـۆرانیـەکی کـرژ) واتە بەزمـێکی شـاد و توند کـە دەکــەوێتــە نێــوان چەپڵــە و وردەبەزمــەوە. بەڵام بۆ سیـاچەمـانە چەمکگەلی وەک: (دەرەیی و سەحەری، بەرزەچڕ و...) بەکاردەبەین و جۆری هەوا و لەحنەکەیان پێ دیاری دەکەی جارێکی تر دەسـتخۆشی لە دۆستی هێژام کاک عادل دەکەم و هیوای درەوشانەوەی زۆرتری بۆ دەخوازم.

# دیزاین بەرهەمی پیشەسازییە

دیزاین، گرافیک، چاپ، هەریەکەیان دنیایەکی بەربڵاو و جیاوازن و دەیان لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە، بەڵام دیزاین مانایەکی زۆر گشتی تری هەیە، تەنانەت گرافیکیش دەچێتە ناو ئەو بوارەوە. لێرە بە هەڵە گرافیک بەجۆرێک لە چاپ دەوترێ کە زیاتر چاپی (لاینۆ)، (تەختە)، (مۆنۆتایپ)، (سکرین) لەخۆ دەگرێ. ئەوەی لێرە (دیزاین)ە پێی دەڵێن گرافیک. لەمانای ڕاستی خۆیدا، دیزاین گەلێک بواری جیاوازی هەیە (دیزاینی سەنعەتی و دیزاینی فاشیۆن (جلوبەرگ) و دیکۆراسیۆن و..) ئەو بوارانەی کە دەچنە خانەی چاپکردن (بەهەموو جۆرەکانییەوە) بەگرافیک دیزاین ناودەبرێن. پۆستەر، ئارم، کتێب و گۆڤار، هێما و نیشانەکان و جۆرەکانی قوتوو بۆ بەرهەمەکان و بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی وێنەیەک دێنێتەوە، هەر مۆبایلێک بگرین قوتوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر مۆبایلەش شێوەی جیاوازی خۆی هەیە، خودی مۆبایلەکە و کەلوپەلەکانی (هێدفۆن، شارژەر، پاتری..) دەچنە خانەی دیزاینی سەنعەتییەوە، بەڵام ئەو قوتووەی کە تێیدایە کەتەلۆگ، کتێبی یارمەتیدەر، پۆستەر دەچنە خانەی (گرافیک)ەوە، ئەو دیاریانەی لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەن ئەگەر چاپکراو بن (گرافیکس) و ئەگەریش کەلوپەل بن (وەکو مەدالیا و سەعات و ..) دەچنە خانەی دیزاینی سەنعەتەوە. خۆی بەشێکی بەربڵاوی خودی چاپکردن زیاتر لایەنی

فەرەیدوون سامان

تەکنەلۆژیایە، یەکێک لەو هونەرکارانەی کە لە بواری دیزایندا ئەزموونێکی باشی هەیە نەخشەساز (سەیوان سەعیدیان)ە

کە لە شاری مەهاباد لەساڵی ١٩٧٢ لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەشاری (مەهاباد) تەواو کردووە، یەکەمجار لەبواری خۆشنووسیدا دەستی بەکاری هونەریی کردووە، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا، دواتر بەهۆی برایەکی گەورەی کە نیگارکێش بووە زیاتر خولیای بەرەو ئەو دنیایە گەڕاوە. لەساڵی ١٩٩٥دا بەدوای ئەو خەونانەیدا ڕۆیشت بۆ (سنە) و نزیکەی ساڵێک لەوێ ماوەتەوە و لە خزمەت مامۆستایانی ئەحمەد خەلیلی فەرد و مەهدی زیائەدینی و فەردین سادق ئەیووبی پەروەردەی زانستی هێلکاری وێنەکێشانی دەست پێکردووە، دواتر بۆ ماوەی چەند مانگێک لەپەروەردە هونەرییەکانی مامۆستا (محەمەد ڕۆستەمزادە - نامۆ)دا بەهرەمەند بووە، لەوە بەدواوە بەردەوام خەریکی کاری هونەری و پەروەردەکردن بووە، ماوەیەک لە تاران مایەوە و لە کلاسەکانی مامۆستایان (ئایدین ئاغداشلر) و (رویین پاکباز) بەشدار بووە، لەگەڵ (هاینبال ئەلخاس) ئاشنا بووەو ئەو مامۆستا مەزنە دوو پێشانگای لە تاران بۆ کردووەتەوە و زۆر یارمەتیدەر و هاندەری بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ لە بەشی هونەریی گۆڤاری (سروە)دا دەستبەکار بووە، بۆ ئەو ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام دەرگایەک بوو بۆ هاتنە نێو دنیای گرافیک (دیزاین)، سروە لەو کاتەدا بۆ گۆڕانکاری گونجاو نەبوو و پێداگیری لەسەر شێوازە کۆنەکانی خۆی هەبوو چ لەبواری ناوەرۆک و چ لەبواری ڕواڵەتەوە، ساڵ و نیوێک هاوکاری ئەو گۆڤارە بوو لە (١٧) ژمارەدا کاری مۆتیڤی کردووە، کارەکانی باش نەبوو، بەڵام بەجۆرێک بۆ ئەو کاتەی گۆڤارەکە گۆڕانکارییەک بوون، دواتر سێ ساڵ چوو بۆ شاخ و لە دۆخێکی دژواردا لە هونەر و بەتایبەتیش لەبواری چاپ و دیزاین دوور کەوتەوە. ساڵی ٢٠٠٣ چووە سلێمانی و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لەو کەندو کۆسپانەی شاخ دوور کەوتەوە بەجۆرێکی تر لێرەش بەرەنگاری بوونەوە، گۆڤاری(سپی تر) دەرفەتێکی بە نرخ و گونجاو بوو بۆی کەوا توانی جارێکی دی لە ڕێگەی ئەوەوە دەست بەکاری هونەریی بکاتەوە.


سەیوان سەعیدیان

(چاپخانەی ڕەنج) لە ڕۆژانی پەڕاگەندەیی و لێقەوامانیدا لە سلێمانی پەناگەیەکی هەمیشەیی بوو بۆی کە تا ئێستاش وەکو کار و ژیان هەر لەو شوێنەدا دەژی، خاوەنی ئەو چاپخانەیە زۆر دڵفراوانانە دەرفەتی ئەو بوارەی بۆ ڕەخساندووە، هەر لەو شوێنەدا یەکەمین کارە گرافیکییەکانی (دیزاین) دەستپێکردەوە و ئێستاش بەردەوامە، جگە لەوانەش لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی لە بەشی وێنە درێژە بە خوێندنی دەدات.

سەیوان لەمەڕ بوارەکانی دیزاین دەڵێ: لێرەدا بەداخەوە زۆر واتا تێکەڵ کراون و دوورن لە مانای ڕاستەقینەی خۆیان، بەڵام ئامادەکارییەکانی پێش چاپ (هەموو جۆرەکانی) لایەنی هونەری و ئیستێتیکییانەن، چاپی.. بڵاوکراوەکان، تابلۆ و فلیکسەکان و.. هەر یەک تایبەتمەندی و دنیای جیاوازی خۆیان هەیە. ئەوەی ئێمە باسی دەکەین و بواری کاری ئێمەیە گرافیک و دیزاینە کە بەداخەوە تا ئێستاش لە زمانی کوردیدا وشەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە (نەخشەسازی، جوانکاری، دیزاین)




هیچ کامیان مانای ڕاستەقینەی ئەو نین هێندێکیان بەربڵاوتر و هێندێکیان سنووردارترن.

سەیوان و ئەزموونەکانی لەبارەی کاری نەخشەسازی و دیزاین کە لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و زانستیانە یان ئەزموونی هونەری کەسین و ئاوا دەیگێڕێتەوە:

پێش کاری دیزاین هەم وەک خۆشنووس کارم کردووە هەم شێوەکاریش بووم، تا ئێستا ١٠ پێشانگای تایبەتیم لەبواری شێوەکاریدا بووە، کارکردنم لەو بوارەدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی بووە، بەڵام نە لە ئەکادیمیا جگە لە ئێستاکە کە ٢ ساڵە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانم، لە ئێران گەلێک ناوەند و کەسایەتی هەن کە زیاتر لە ئەکادیمیا وانەی زانستی ئەکادیمی دەدەن بە مرۆڤ، لە هەموو بوارەکانی هونەریدا. بنەما بۆ هەمووان هەر یەکێکە تەنانەت ئەدەبیاتیش. ناسین و تێگەیشتن لە فۆرم و ناوەڕۆک و کۆدی هەموو هونەرێکە، تەنیا ئامرازەکان دەگۆڕدرێن لە ئەدەبیاتدا وشە لە شانۆدا جووڵە و دیالۆگ، لە شێوەکاری و گرافیکدا ڕەنگ و فۆرم و.. دارشتن کۆی هەموو ئەو توخمانە بەشێوازێکی ئیستێتیکانە دارشتن ڕازی سەرکەوتنی بەرهەمی هونەرییە، پاش ئەو مەبەستە کە تەکنیک دێتە ئاراوە بەرهەمی هونەری سەرکەوتوو تەکنیک و دارشتنی بەهێزە لە هەموو بوارەکاندا. من لەمێژ ساڵە لەسەر هەردوو لایەن کار دەکەم. باشترین دەرفەتم بۆ ڕەخسا ئەو کاتەی لە تاران بەشداریم لە کلاسەکانی مامۆستای گەورە (رویین پاکباز) کرد، ئەو کلاسانەی تایبەت بوون بە (دارشتن) بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی، بەڵام لایەنی تیۆری زاڵتر بوو. توخمەکان لە دیزاین و نیگارکێشیدا لەیەک نزیکن، بەڵام مەبەست و ئامانج زۆر جیاوازن، نیگارکێشی دنیایەکی زۆرتایبەت و شەخسیترە کە زیاتر هەست تێیدا زاڵە، بەڵام لە گرافیک و دیزایندا مەنتیق زۆر زاڵترە تۆ دەبێ مەبەستێک یان بەرهەمێک بەشێوەیەکی گشتگیر لە دارشتنێکی تایبەتدا بگونجێنیت. بۆ کاری گرافیکی کە هەمیشە کەسێکی خوازیارە کە سەفارشی ئەو کارە دەدا، هەیە ویست و ئامانجێکی تایبەتی لەپشتە کە زیاتر ڕیکلام و پرۆپاگەندەیە جا چ بازرگانی بێت چ فیکری و فەرهەنگی.

من خۆم زیاتر خەریکی ئەزموونم، بەڵام هەموو کات هەوڵم داوە لەسەر بنەماکانی زانستی ئەو ئەزموونانەم بەرەو پێش بەرم، لەهەر بوارێکدا کارم کردبێ.

ئەوڕۆ لە کوردستاندا چەندین بڵاوکراوەو چاپەمەنی هەن و بەگوڕ دەڕژێنە نێو کتێبخانەو دەستی خوێنەران،

سەیوان چۆن لە نەخشەسازی و دیزاینی چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردییەکان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی دەڕوانێ، لێرەدا ئاماژە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەکات و دەڵێ:

ڕۆژئاوای کوردستان (کوردستانی سوریا) تەنیا شوێنێکە کە بەداخەوە هیچ ئاگاداری بواری دیزاین و نەخشەسازی ئەوێ نیم، بەڵام شێوەکاری لەوێدا زۆر بەهێزە، دەتوانم بڵێم بەهێزترە لە هەموو پارچەکان. کەسایەتی زۆر بەرز و تەنانەت تا ئاستی جیهانیش لەوێدا هەڵکەوتوون، بۆ دیزاین وابیر ناکەمەوە لەو ئاستەدا بێت، چونکە ئەوان لەژێر داگیرکەری وڵاتێکی عەرەبی دان و ئیستێتیکی عەرەبی بەگشتی ئیستێتیکایەکی لاوازە. بۆ دیزاین هەر وێرانە. وڵاتانی عەرەبی وڵاتانێکی مەسرەفین، واتا بەرهەم لەو وڵاتانە زۆر کەمە، دیزاین بەبوونی بەرهەمەوە بوونی هەیە تا بەرهەمێک نەبێت ڕێکلامیش بوونی نییە، ئەو مەبەستە بۆ پارچەی باشوور هەر بەهەمان شێوەیە.


گرفتێکی تر ئەوەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان زمانی کوردی زمانی ڕەسمی نییە، بڵاوکراوە گشتی نییە، ئەگەریش هەبێ بەعەرەبی دەنووسن، هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەپێچەوانە نیگارکێش، هونەرمەندانی ئەو بوارە نەتوانن بە ئیستێتیکی خۆیان هەبێ و پەیرەوی عەرەبەکان بن.

باکووری کوردستان جیاوازترە، لە تورکیادا دیزاین زۆر بەهێزە توریزم(گەشت و گوزار) سەرچاوەی ئابووری ئەو

ولاّتەیە، هەر بۆیە ڕیکلام بۆ ئەو مەبەستەش یەکجار گرینگە و ئەوان کاریان لەسەر کردووە، جگە لەوەش ئەلفابێییان لاتینی و تێکەڵاویشیان لەگەڵ ئەوروپا زۆرە، جگە لەوانەش بەرهەم لەو ولاّتەدا زۆرە، بەتایبەتی جلوبەرگ، پیشەسازی خواردەمەنی و پیشەسازی و لە پێداویستی جوانکاریدا زۆر بەهێزن. لەبواری دیزاین و پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمانەیان زۆر زانستییانە کاریان کردووە، بەڵام بارودۆخی کوردان دیسان لەوێش جیاوازە لەناوچە کوردنشینەکاندا پیشەسازی زۆر لاوازە، جگە لەوەش زمانی کوردیش قەدەغەیە. بلاّوکراوە کوردییەکان زۆر کەمن و زیهنیەتی تورکی زیهنیەتی زاڵە. تا ئەو جێگەیەی من بینیومەو ئاگادارم، دیزاینی کوردەکان زۆر لە هی تورکەکان لاوازترە، بەتایبەت ئەوەی کە زۆربەی بلاّوکراوەکان ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان لەپشتەو بەداخەوەش زۆر کەم بایەخیان بە فۆرمی ئەو بلاّوکراوانە داوە، ئێستا هێندێک هەلومەرج گۆڕاوە تا ئەو جێیەی ئاگادار بم چەند ناوەندێکی تایبەتی دیزاین لە (ئامەد) و شارەکانی تر دانراون، ئەو کتێبە کوردییانەی کە ئێستا لە ئەستەمبۆڵ و ئەوروپا چاپکراون لەبواری دیزاینەوە دەوڵەمەندن و کاریان لەسەر کراوە.

ڕۆژهەلاّت (کوردستانی ئێران)یش بەجۆرێک بارودۆخی تایبەتی هەیە، لەوێ زمانی کوردی نیوە قەدەغەیە، یانی دەتوانی قسەی پێ بکەی و بشنووسی، بەڵام زمانی ڕەسمی نییە و لە قوتابخانەکاندا بەهیچ جۆرێ ناخوێندرێ، بلاّوکراوە کوردییەکان زۆر کەمن، دیزاین (گرافیک) لە ئێرانیش زۆر بەهێزە، نزیک ٥٠ ساڵە ئەکادیمیک و زانستیانە کاری لەسەر دەکرێ و لە زانکۆدا دەخوێندرێ و لە ئاستێکی بەرز دایە، ئێستا زۆر کەسایەتی کوردیش لەو بوارە دەخوێن و خوێندوویانە، بەڵام بەداخەوە لەوێش تا ئێستا دیزاینێک کە مۆرکی کوردی پێوە دیار بێت نەهاتۆتە ئاراوە، بلاّوکراوەکانیش جیاوازن، هەندێکیان کەسانی شارەزا کاری هونەری بۆ دەکەن و هەندێکیشیان زۆر خراپن، کتێب بەگشتی کەم چاپ دەکرێ، بەهۆی گرانی ڕەوشی سیاسی، ئەوانیش هەر بەو شێوەیە باش و خراپیان تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژهەلاّت ڕوو لە پەرەسەندن و گەشەکردنە.

باشوور (کوردستانی عێراق) ڕەوشی زۆر تایبەتی ترە، لێرەدا زمانی کوردی چەند دەیەیە فەرمییە، بلاّوکراوەیەکی یەکجار زۆر بەو زمانە چاپ کراون، تا ئێستا بەهەزاران کتێب و گۆڤار چاپکراون، بەڵام بەداخەوە ئاستی جوانیناسییان زۆر لاوازە، هەتا ئێستاش بەتایبەتی ئێستا ئاڵۆزییەکی ترسێنەر لە ئارادایە، دیزاینی کتێب و گۆڤارەکانی ساڵانی حەفتاکان لە ئێستا بەهێزتر بوون و جۆرێک بەرەو دواوە گەڕانەوە لەئارادایە. لە کتێب و گۆڤارەکانی ئەو کاتانەدا زۆر کاری گرافیکی جوان دەبینم، گرفتی هەرە سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە ئێستاش نە لە عێراق و نە لە کوردستانیشدا لە قوتابخانە و زانکۆکاندا بەشێکیان بەنێوی دیزاین نییە، ئەوەش دیسان هەر کاریگەری کولتووری مەسرەفییە و لاوازیی عەرەبەکانە. لێرەش بەرهەمی پیشەسازی بوونی نییە هەتا لەپێناو ئەودا دیزاینیش بەرەو پێش بچێت، لەبیرمان نەچێت دیزاین بەرهەمی پیشەسازییە بەهەموو بوارەکانییەوە، چاپخانەکانی ئێرە زۆر کۆنن، زیهنییەتەکانیش هەروەها، ئیستێتیکا ئێستا لەباشوور لە هەموو بوارەکاندا لەقەیران دایە، بنەماو



خەسڵەتەکانی پێویست بۆ نەخشەسازێک لە بڵاوکراوەیەکدا دەبێ چی بێت؟ سەیوان چەند سەرنجێکی بنەڕەتی دەداتێ و دەڵێ:
بەر لە هەر شتێک کە بڵاوکراوەکان بەشێکی سەرەکی و گرنگی دیزاین کە بە (دیزاینی چاپەمەنی) دەناسرێن زیاتر لایەنی فیکری و فەرهەنگی لێرەدا زاڵە، هەر بۆیەش لەهەر شوێنێک دیزاینەرێک کە لەو بوارەدا کار دەکات دەبێت باکگراوندێکی بەهێزی ڕۆشنبیری هەبێت. بەمانایەکی تر دەبێت حەتمەن لەگەڵ دنیای هزرو فەلسەفە و ئەدەبیاتدا نزیکایەتی هەبێ. جگە لەوەش پێویستە لە جیاوازی بڵاوکراوەکان بەوردی ئاگاداربێت ، جیاوازی نێوان ڕۆژنامە، هەفتەنامە، و مانگانە.. لەچی دان، بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە بە چ فۆرمێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێت و بڵاوکراوەیەکی وەرزانە دەبێ فۆرمی بە چ شێوازێک بێت، بۆ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و گۆڤارێکی منداڵانە پیلانی چۆن بێت، کە مەبەستە خوازراوەکان پراکتیزە بکات، گەیشتن بە ڕۆحی هەر یەکە لەم مەبەستانە پێویستی بە کار ئەزموون و توانایی تایبەتی هەیە.

هونەری نەخشەسازیش شێواز و ستایلی تایبەت بەخۆی هەیە، سەیوان دەڵێ:

بەڕای من شێواز و ستایلەکان زیاتر شەخسین و تاکەکەسین تاوەکو گشتی بەمانا شێوەکارییەکەی، بەڵام بواری تایبەتی یەکجار زۆرن، بۆ وێنە هەر لە (گرافیکی چاپەمەنیدا)، کەسێک دەتوانی شارەزایی تایبەتی لە لۆگۆ یان ئارم-دا هەبێت، کەسێکی تر لە ڕووبەرگ، یەکێکی تر لە ئلۆستراسیۆن (ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان) لە گۆڤارە پرۆفیشناڵەکاندا هەمیشە گرووپی دیزاین هەن، یانی چەند کەس تەنیا لەبواری هونەریدا کاری تێدا دەکەن، هەر کەسیش بەشێوازی خۆی، بەڵام بۆ داڕشتنی گشتی ئەو بەرهەمە بەڕێوەبەرێکی هونەری یەکێتییەک لەکۆی ئەو کارانەدا بەدی دێنێت.

ئێستا چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردییەکان لەم سەردەمەدا دەتوانن سوود لە کام شێواز و ستایلی دیزاین وەربگرن؟ سەیوان بۆچوونی وایە کە: لە ڕەوشی ئێستادا زیاتر لە شێواز و ستایل پێویستیمان بە دیزاینەری شارەزا هەیە، لەو ئاڵۆزییەی ئێستادا هەر کەس مافی ئەوەی بەخۆی داوە وەکو دیزاینەر کار بکات و بێ ئەوەی هیچ تواناو شارەزاییەکی هونەری هەبێت، دەبێ ئەوە باش بزانین کە چۆن شێوەکار و سینەما دوو هونەری لێک جیاوازن، هەر بەو جۆرەش دیزاینیش هونەرێکی جیاوازە، دنیایەکی جیاوازیش. ئێستا هەر کەس



فۆتۆشۆپ دەزانێ وا بیر دەکاتەوە کە دیزاین دەزانێ، ئێمە پێشتر بەوردی باسی وردەکارییەکانی دیزاینمان کرد، جگە لەوەش زیهنییەت بڕیاردەرانی ئەو بوارە زۆر پاشکەوتوانەیە، زۆر کەس و زۆر ناوەند ڕواڵەت یان فۆرمیان هیچ پێ گرنگ نییە، بۆ وێنە حازرن چەندین سەد دۆلار بۆ چاپکردنی کتێب تەرخان بکەن، بەڵام ئەگەر باس لە چەند سەد دۆلار بۆ بەرگ و دیزاینی ناوەوە بکرێ پێیان شتێکی سەرسوڕهێنەرە.

چاپەمەنی کوردی ڕووبەڕووی چەندین گرفت هاتووە، با بزانین گرفتەکانی بەردەم چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردییەکان چین وەکو چاپخانە، ئامرازەکان، فۆنت و قەبارەکان. سەیوان خاڵ دەخاتە سەر چەندین گرفت لەوانە، چونکە کورد خاوەنی خەتی تایبەتی خۆی نییە، یان لە دەستی داوەو لەناو چووە، ئێمەش ناچارین هەر پیتی عەرەبی بنووسین کە هی ئێمە نییە- جگە لە باکووری کوردستان کە بەلاتینی دەنووسن و ئەویش هی کوردان نییە- هەر بۆیە خەتێکی تایبەت بە کورد بوونی نییە تا لەسەر فۆنتەکانیشی کاری بۆ بکرێ- فارس زۆر زیرەکتر کاریان کردووە، هەموو خەتێکی عەرەبەکانیان فارساندووەو جۆرێک بوونی خۆیانیان پێ دەربڕیوە. ئێمە بەداخەوە کەسانی شارەزامان نییە کە لەسەر فۆنتی کوردی کار بکەن، بۆیە زیاتر لە فۆنتە فارسی و عەرەبییەکان کەڵک وەردەگرین. چاپخانەکانمان زۆر کۆنن و ئەگەریش تازە بن کەسی شارەزای چاپ بەشێوەی زانستی نییە.

واتە کەسمان نییە لە زانکۆ (چاپ)ی خوێندبێ و تا ئێستا ناوەندی زانستیی بواری چاپەمەنیشی لێ نییە، باسی زانکۆ و پەیمانگا ناکەین، کاغەزیش قەیرانەو تەنیا یەک دوو جۆرە کاغەز هەیە. زۆر کەم کار لەسەر کاغەزی تایبەت کراوە، چاپخانەکانیش کاریان بەسەردا هەڵڕژاوە، کەمتر بیر لە چۆنیەتی و زێتر بیر لە چەندایەتی دەکەنەوە و خەریکی پارە کۆکردنەوەن، هیچ خۆیان و ئامرازەکانیان پێش نەخستووە، هەر بۆیەش ئێمە کاری ناوازەی هونەری چاپ هەر نابینین، دیزاینی چاپەمەنییە کوردییەکان تایبەتمەندییان نییە، بۆ نموونەش دیزاینی بڵاوکراوەکان لە چاپی منداڵان و لاوان و ژنان و... بۆ ئەوانی تر جیاوازە ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنین، بۆ ئەم دیاردەیە سەیوان دەڵێ:

بۆ دیزاینی تایبەت بە ژنان جیاوازی ئەوتۆ نییە، یانی ئەوەی جیاوازییەکانی بنەڕەتی بن لەگەڵ گۆڤارێکی بۆ وێنە گشتی پیاوانە، ڕاستە لایەنی ژنانە ناسکتر و ڕازاوەترە، بەڵام هەر ئەم ناسکی و ڕازاوەییە دەتوانێ لە گۆڤارێکی گشتیدا هەبێت، بەڵام بۆ منداڵان پرسەکە تەواو جیاوازی هەیە، دنیای منداڵ دنیایەکە تێکەڵاوە لە خەیاڵ و فەنتازیا. دنیایەکی دوور لە مەنتیق و عەقڵانیەت، هەر بۆیە پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەو دنیایە لەو بەرهەمانەدا هەبێت. کێشانی وێنە لەو بوارەدا توانایی و داهێنانێکی زۆر تایبەتی پێویستە، نیگارکێش دەوری سەرەکی هەیەو دیزاین گرنگی ناگاتە ئەو ڕادەیە، بەڵام دیسان دیاریکردنی قەبارەو ڕەنگ پێوەندییەکی چڕوپڕیان بەنیگارەوە هەیە . ئێمە لە کوردستانی باشوور بەسەدان نیگارکێشمان هەیە، بەڵام بەداخەوە هیچیان تایبەتی لە بواری منداڵان کار ناکات ئەو بوارە لێرە بۆشاییەکی یەکجار زۆری هەیە کە پێویستە بەزووترین کات پڕ بکرێتەوە.

لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاری دیزاین وێڕای ئەوەی داهاتی ماددی فرەی تێدایە، لەهەمان کاتیشدا لایەنی هونەریی پشتگوێ ناخرێ، با بزانین کاری دیزاین تا چەند دەچێتە بواری بازرگانییەوە؟ سەیوان پێی وایە کە: دیزاین بەمانا گشتییەکەی ڕاستەوخۆ بازرگانییە، هەروەک باسکرا دیزاین بەرهەمی پیشەسازییە، پیشەسازیش دیاردەیەکی جیهانیی سەرمایەدارییە، بەڵام بوارەکانی جیاوازن، لە وڵاتانی پێشکەوتوو دیزاینەرەکان لە چینی زۆر دەوڵەمەندی کۆمەڵگان، دیزاین هونەرێکی کاربوردییە، واتا هونەرێکە مەسرەف دەکرێ، هەر بۆیە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگری کۆمەڵگای پیشەسازییە، جگە لەوەش هەمیشە شەخس یان ناوەندێک خوازیار و سەفارش دەری ئەو هونەرەیە، هیچ کات دیزاینەرێک کارێک ناکات کە تەنیا لەسەر دیوار هەڵیواسیبێت و بەس، بەڵکو ئەو بەرهەمەی دەبێت بەرەو ئاراستەیەکی کاربووردی بچێت ئەمڕۆ کۆمپانیا مەزنەکانی جیهان نزیکەی ١٥ تا ٢٠ لە سەدی داهاتیان سەرفی ڕێکلام دەکەن، ڕێکلام لە هەموو حاڵەتێکدا بەشی هەرە گرنگی دیزاینە.

# ئەڤین ئاوی ژیانە

زاهیر ڕۆژبەیانی

(ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانی شیعریی (مەهاباد قەرەداغی)یە، لە چاپەکەی بەردەستی مندا نەنووسراوە کەی و لە کوێ و چ دەزگایەک چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەم ڕۆمانە لە ماوەی ٢٠/٤/٢٠٠٤ تا ٣٠/٤/٢٠٠٤ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد نووسراوە. دیارە نووسینەوەی ڕۆمانێکی شیعریی ئاواش لە ماوەی تەنیا دە ڕۆژدا خۆی لە خۆیدا جێی سەرسوڕمان و پرسیارێکی گەورەیە، بەڵام مەهاباد لە بارەی میکانیزمی نووسینی خۆی بە گشتی و ئەم ڕۆمانی (ئەڤین ئاوی ژیانە) بەتایبەتی لە لاپەڕە (١٦)ی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بەناوی (ساڵێک لە دۆزەخ) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ:

(ساڵانێک بوو ڕووداوەکانی لە ناو مێشکمدا دەسووڕانەوە، کە دەهاتم بیاننووسمەوە و چەند دێڕێک، یان لاپەڕەیەکم دەنووسی و ئیدی بەجێم دەهێشت (...) بەڵام کە کاتی هات ئیدی (...) دانیشتم و یەک هەناسە نووسیمەوە، نووسینەوەی ئەم ڕۆمانە، یان ڕاستتر بڵێم ژانی لە دایکبوونی ئەو بەرهەمە دە ڕۆژی خایاند.، بەمەشدا دەردەکەوێت کە دارشتنی ئەڤین ئاوی ژیانە لە (زەینی) مەهاباد دا ساڵانێکی خایاندووە، بەڵام نووسینەوەی لەسەر (کاغەز) تەنها دە ڕۆژی بردووە، لێرەشەوە سەرسوڕمانەکەشمان دەڕەوێتەوە و وەڵامی پرسیارە گەورەکەشمان چنگ دەکەوێت.

بڕوای تەواویشم بەوە قایمە کە دەزگاکەی چاپی کردووە لە بیری نەچووە ناوی خۆی بخاتە سەر کتێبەکە، بەڵام نەیویستووە خۆی بخاتە بەر کاردانەوەی ئەو بوێرییەی کە لە بواری باسکردنی ئایین و ئەڤین لە ڕۆمانەکەدا نواندوویەتی.

ڕۆمانەکە ١٢٤ لاپەڕەی قەوارە ناوەندییە و بریتییە لە پێشەکییەکی پەخشان کە بە نامەی هەزار و یەک ناوزەد کراوە، هەروەها سێ وێستگەش کە وێستگەی یەکەمی



لەژێر ناونیشانی (ژووانێک لە دۆزەخ) دایە، وێستگەی دووەمیشی ناونیشانی (کەناری دۆزەخ)ە، دوا وێستگەش بەناوی (دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ)ەوەیە.

لە بەرایی و لە سەرەتای وێستگەکان و لە لاپەڕەکانی کۆتاییشدا هەندێ وتەی هەڵبژاردە لە وتەکانی چەند شاعیر و فەیلەسوف و ڕۆشنبیرێکی کورد و بیانی تۆمارکراون، کە دیارە ڕووناکییەکی بەرچاو دەخەنە سەر نێوەرۆکی ڕۆمانەکە، لەو نووسەرانەش: فلۆرەنس ئەلسبۆرن، ڕینهۆلد نایبوور، مەستورە کوردستانی، نالی و نیتشە، لە دوای تەواوبوونی دەقەکەش، واتا لە دەرەوەی دەقەکەشدا وتەکانی ستانسلاف، جێرسی لێک، گ. وێنەر، ئێکەلوێف، هێنری تۆرۆ، ئێریک نیومان، نالی پاوڵ مۆکسنێکس، مەسیح، بودا، ئاراگۆن و قسەیەکی خودی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە (سێوە)ش تۆمارکراوە لە ژێر ناونیشانی (سێوە.. پێغەمبەری هەسارەی ڤینۆس) کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا نییە و دەڵێ: (مرۆڤ پێویستی بە ئاوە، ئەڤین ئاوی ژیانە.) کە دیارە بووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکە، ڕۆمانەکەش پێشکەش بە (عاشقانی ئەنفالکراو) کراوە، لێرەشەوە خوێنەر دەتوانێ تێمەی سەرەکی ڕۆمانەکە لە زەینی خۆیدا بەرجەستە بکات و سەرتاسەری مەبەست و ئامانج و نێوەرۆکی ڕۆمانەکەش بهێنێتە بەرچاو.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (ڕۆمانی شیعر)، بەڵام لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین لە ڕووی هونەرییەوە تێکەڵەیەکە، یان پێکهاتەیەکی هونەری ئاڵۆزی هەر سێ ژانرە سەرەکییەکەی ئەدەبە کە (شیعر و دراما و ڕۆمان)ن.

لە ڕووی زمانەوە ڕاستە شیعرە چونکە بە زمانێکی ناسک و پاراوی شیعرییەوە نووسراوە کە لە پێشەکییەکەدا (پەخشانە شیعر)ەو لە سێ بەشەکەی دیکەدا هەموو بنەماکانی شیعری تێدا ڕەچاوکراون، هەندێ جار بە کێش و سەروایشەوە، هەروەها لە زۆربەی کاتیش زاتیەتی شیعری تێدا پارێزراوە، ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش هەیە کە دەڵێ چامەی درێژ هەمووی شیعر نییە، ئەمە ئەگەر بشێ وەکو شیعرێکیش تەماشای دەقەکە بکەین و بەرایی و پۆپەی شیعریی و کۆتایی و ئەو جمکە زمانەوانییانە لە یەک هەڵاوێردین کە بۆ بە واقیعیەتکردنی ڕووداوەکە و لەبەر پێویستی زمانەوانی لە دەقەکەدا ئاوێتەی یەکتری کراون.

بەڵام وێڕای ڕاستیی ئەم زاتیەت و زمانە شیعرییە بەرزەش، بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانە، چونکە بەسەرهاتە، بەڵکو بەسەرهاتی هەزاران کەپلی ئاشق و ماشوقی قوربانییەکانی پرۆسەی ئەنفالی قەلاچۆکردنی توخمی کوردن، کە بەبێ ئەوەی تەرەف بن لە هیچ ململانێیەکی توندوتیژیدا ڕاپێچی توونی مەرگی بە کۆمەڵ کراون و لە هاوکێشەیەکی لاسەنگدا گیانیان لە دەستدا بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی، یان هیچ مافێکی بەرگری لەخۆکردنیان هەبێ.

وەکو ژمارە و وەکو ئینتیمای ئەو هەزاران مرۆڤە و وەکو ڕووبەری شوێن و قەوارەی کارەسات و بابەت و کەرەستەی تاوانەکەش بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانە، بەڵام ڕۆمانێکی نوێی هاوچەرخ کە لە دەرەوەی لۆژیکی ئاساییدا ڕوودەدا و بە زمانی شیعر و پەخشانە شیعر نەبێ تەعبیری لێ ناکرێت.

وێڕای ئەم شیعرییەت و ئەم ڕۆمانسازییەش کە باسمان کرد، دەشێ وەکو بەرهەمێکی درامیش تەماشای (ئەڤین ئاوی ژیانە) بکرێت، کە ئەمەش هەر لە دێڕەکانی سەرەتای پێشەکییەکەیەوە بەدەردەکەوێ کاتێک (کات) و (شوێن)ی ڕووداوەکە، لە شێوەیەکی شانۆگەریی ئاوادا تۆمار کراوە:

**" شوێن: ئۆرانۆس.**

**کات: کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، هەموو کاتێک".**

لەبەر ڕووناکی ئەمەشدا ئەوجا دەتوانین پێشەکییەکە و هەر سێ بەشەکەی دیکە وەکو چوار (دایالۆگ)ی درامی درێژ مامەڵە بکەین، کە پێشەکییەکە و بەشی یەکەمی و سێیەمی دیالۆگی خەزاڵن و بەشی دووەمیش دیالۆگی (لاس)ە.

هەرچەندە ڕۆماننووس لە سەرەتا و لە کۆتایی دەقەکەشدا وای دەربڕیووە کە هەرچوار بەشەکە پێکەوە نامەی (هەزار و یەک)ەمی خەزاڵ پێکدێنن، بەتایبەتیش لە کۆتاییدا کە دەنووسێ: "گرنگە کە فریاکەوتم نامەی هەزار و یەکەمینیش تەواو بکەم."، ئەوە بوو لە سەرەتاشدا لە پێناسەی دەقەکەدا نووسیویەتی: "نامەی ژمارە: هەزار و یەک". دەڵێم وێڕای ئەو دوو تەئکید کردنەوەیەش، لەوەی کە دەقەکە نامەی هەزارویەکی

خەزاڵە، بەڵام زۆر بە ڕوونی دیارە کە بەشی دووەم، یان وەک ڕۆماننووس خۆی پێی دەڵێ "وێستگەی دووەم" سەر لەبەر دیالۆگ، یان نامەی (لاس)ە، کە ئاوا دەست پێدەکات:

**" خەزاڵەکەم،**
**هەر لە یەکەم دڵۆپی ئەو بارانەوە**
**هۆشم گەیشتە دۆزەخ و**
**هەستم لای دەنگت مایەوە.."**

لە دێڕەکانی دواتریشدا هەر ئاوا (لاس) بەناو گازی (خەزاڵ) دەکاتەوە و بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک قسەی بۆ دەکات، بەشێوەیەک کە گومان لەوەدا نامێنێ دەقەکە دایالۆگی نێوان دوو کەسە، نەک مەنەلۆگی تەنیا کەسێک.

با ئەوەش لەبیر نەکەم کە شانۆی شیعری و ڕۆمانی شیعریش پێش (ئەڤین ئاوی ژیانە) لە ئەدەبی جیهانی و لە کەلەپوور و تەنانەت لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیشدا هەبوون و هەن و لەم دوو بوارەشدا بۆ نموونە دەشێ بە هەردوو شانۆی شیعریی (کاوەی ئاسنگەر) و (ئاسک)ی (شێرکۆ بێکەس) و ڕۆمانی شیعری (ژوانگەی هەژان و ژان)ی جەمال شارباژێری بدەین. دیارە لە لاوک و حەیران و بەیت و بەندی کوردیشدا بناغەیەکی بەرچاوی ئەم شیعرییەت و حیوارییەت و ئەم جۆرە گێڕانەوانە لە یەک دەقدا پێکەوە هەن.

بۆ بەکارهێنانێکی تەکنیکی (نامە)ش ئەوە دەتوانین ئاماژە بە کۆنترین ڕۆمانی ئینگلیزی (بامیلا - یان پاداشتی چاکە)ی ڕیچاردسۆن بکەین کە لە ساڵی ١٧٤٠ لە لەندەن چاپ و بڵاوکرایەوە و وەک ئاگرێک لە پووش بەربێت ئاوا هەموو بەریتانیای گرتەوە و هەر زوویش پەرییەوە ئەم بەری ئەورووپا و وەگێڕدرایە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکان، بەڵام دیارە نامەکانی بامیلا کە لە ماڵێکدا کارەکەریی دەکرد بۆ کەسانێکی دیاریکراو (دایک و باوک)ی پاڵەوانەکە بوون و بابەتەکەشی ئەو بارودۆخە بوو کە لە ماڵی خانەخوێیەکەیدا دووچاری دەهات، باسی لە حاڵی حازر و داهاتوو دەکرد، واتا نامەگەلێک بوون نێرەر و بۆنێردراو، یانی نووسەر و خوێنەریان هەبوو، بەڵام نامەکانی خەزاڵەکەی (ئەڤین ئاوی ژیانە) نێرەریان هەیە، کەچی مەرج نییە خوێنەریان هەبێ، زۆرتر لەو نامە هاوچەرخانە دەچن کە ئێستا هەندێ دەزگای ئاسمانی سەر زەوی بۆ گیانلەبەرە موفتەرەزەکانی هەسارەکانی دیکەی دەرەوەی زەوییان دەنێرن، کە مەرج نییە بگەنە جێ و وەڵامیان بدرێتەوە، خەزاڵ لە پێشەکی نامەکەیدا بۆ لاس دەنووسێ:

**"نازانم دەتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم یان نا، تەمەن مەودا دەدا یان نا، نازانم دەتوانم بۆتی بنێرم یان نا، ئەگەر بینێرم دەگاتە دەستت یان نا، ئەگەر بگاتە دەستت کاتت هەیە بۆ خوێندنەوەی یان نا، ئەگەر خوێندتەوە کاتت هەیە بۆ وەڵامدانەوەی یان نا، ئەگەر وەڵامت دایەوە دەگاتە دەستم یان نا، نازانم، بەڵام من دەینووسم.."**

بەڕاستی لەلایەکەوە بێ هیواییەکی ترسناک، لەلایەکی دیکەشەوە سووربوونێکی بوێرانەیە بەم خواستەوە بتەوێت نامە و پەیام ڕەوانە بکەی کە بە دەیان (ئەگەر) و (نازانم) دەوری تەنراوە، ئەمەش ڕەنگە جیاوازی کات و بارودۆخی نووسینەوەی (بامیلا) و (ئەڤین ئاوی ژیانە) هێنابێتیە کایەوە و دەرهاوێشتەی هەرە دیاریشی ئەوەیە کە مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەست بە تەنیایی و بێهاودەنگی و نەبوونی گوێگر دەکات لە دەوروبەری خۆی.

لە سەرێکی دیکەشەوە پاڵەوانی بامیلا لە نامەکانیدا باسی بارودۆخی ئەو شوێنە دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە خەزاڵ زۆر کەم باسی ئەو شوێنە دەکات کە نامەکەی لێوە دەنووسێ، ئەویش هەر لە پێشەکییەکەیدا، کەچی زۆرتر باسی ئەو بارودۆخ و ڕووداو و یادگارە تاڵ و شیرینانە دەکا کە لەگەڵ لاس-دا پێکەوە لەسەر زەوی و پێشتر دیویانە، دیارە ئەمەش تارادەیەکی زۆر ڕیتمی ڕووداوەکانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)، خاو دەکاتەوە، کە ئەویش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی تەشویقی خوێنەر، ئەمەش دیارە پێوەندییەکی توندوتۆڵی هونەریی بە (زەمەن)ی ڕووداو و گێڕانەوەکەیەوە هەیە، کە لە ڕاستیدا لە زەمەنی فیزیکی ڕووداوەکەدا، کە خەڵکە ئەنفالکراوەکە دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە لە چەند ساتێک تێناپەڕێت و بە خێرایی دەرچوونی ئەو گوللانەیە کە لە لوولەی تفەنگەکانەوە دەردەپەڕن تا دەگەنە جەستەی قوربانییەکان، بەو خێراییە هەموو شتێک لە ڕووداو و لە گێڕانەوەکەشی کۆتایی دێت، دیارە ئەم خێراییەش کە لە خێرایی دەنگ پترە بەشی ئەو گێڕانەوە ئاسایییە ناکات کە لە ڕۆمانی کلاسیکیدا باوە، بۆیە گێڕانەوەی (سلۆمشن) لێرەدا وەکو پێویستییەکی هونەریی خۆی دەسەپێنێ، ئەویش بە گۆڕینی

خێرا خێرای بابەتەکان و بە بەکاربردنی وشەی ئاوسی پڕ دەلالەت و ڕستەی کورت و بەدواییەکداهێنانی دیمەنەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو و بەو موغامەرە شیعرییە نەبێ ئەنجام نادرێ، کە ڕۆماننووس لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا بەکاری هێناوە.

دوای هەموو ئەم تاوتوانە ئێستا بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بە هەموو پێوەرە باوەکان ڕۆمانەشیعری (ئەڤین ئاوی ژیانە) بە ڕۆمانێکی ئاسایی دانانرێ، چونکە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوێکی واقیعی بەڵام ناماقووڵدا دەکات، لەبەر ئەوەی پاڵەوانەکانی کەسی کارا نین لە ململانێکەدا، بەڵکو قوربانین، بۆیە نابەجێ دەبوو ئەگەر بە کەرەستەی ماقووڵ و ئاسایی و تەکنیکە باوەکانی ڕۆمانی کلاسیکی بنووسرایەتەوە، یان وەکی دیکە دەشێ بڵێین ڕۆماننووس بە دەستی ئەنقەست نییە ئەو تەکنیک و پێکهاتەیەی لە نووسینەوەی ڕۆمانەکەدا بەکاربردووە، بەڵکو خودی بابەت و تێمەی ڕووداوەکەیە ئەو شێوە و شێوازە تێکەڵەی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و سەپاندوویەتی.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) فەنتازیای کەسێک، خێزانێک، یا تەنانەت میللەتێکیشە کە لە مەرگەساتێکی بە کۆمەڵدا چاوی بریبێتە لوولەی تفەنگێکی مەرگپژێن، کە لە چاوترووکانێکدا دەتوانێ کۆتایی بە ژیانی سەدان هەزار و هیوای هەزاران کوڕ و کچ و خێزانی ئاسوودە بێنێ و خەون و خەیاڵیان زیندەبەگۆڕ بکات..

لە هەمان ساتیشدا بەرەنگاربوونەوە و فەنتازیای تەحەددای مەرگێکی سووری موحەقەقە کە بە خێراتر لە خێرایی دەنگ لە لوولەی تفەنگێکەوە ڕوو لە قوربانی دەکا و هەر بەهەمان ئەو خێرایی لە دەنگ تیژترە هەموو شتێک دەبڕێتەوە، بۆیە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان کاتی فیزیکی ڕووداوەکە و کاتی هونەریی گێڕانەوەکەیدا هەبێ. ئەڤین ئاوی ژیانە کارەسات و فەنتازیای ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ مردنێکی ناسروشتی، خەونی کەسێکە بە ژیانی هەمیشەییەوە، با لە دنیایەکی دیکە و تەنانەت ئەگەر لە ئەستێرە و لە هەسارەیەکی فیزیکی دیکەی ڕاستەقینە، یان میتافیزیکی ناڕاستەقینەش بێت.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕاکردنی مرۆڤی زوڵم لێکراوە لە دۆزەخی زەوی و دنیای فانییەوە بەرەو دنیای هەمیشەیی و ئازادی و ڕووناکی، دنیایەک کە ئیتر مرۆڤ تێیدا هەست بە سەربەستی بکات، چەوساندنەوەی تێدا نەبینێ، خەون و خەیاڵەکانی بێنێتە دی، بەهەشتێک بێت پڕ بە پێستی وشە.

با وەبیریشی بێنینەوە کە دنیایی جاویدانی پاش مردن و پرەنسیپەکانی سزا و پاداشت و بەهەشتی کامەرانی و یەکسانی لە داهێنانی مەهاباد قەرەداغی نین، بەڵکو پێش ئەو هەموو ئایینەکان، زۆربەی ئەفسانەکانی گەلانی میزۆپۆتامیا و میسر و هیند و گریک و ئەوانی دیکەش بە کەمکردنەوەی ئاسەواری مردن بەڵێنی ژیانی دووەم و بەهەشتیان بە مرۆڤ داوە، دوای ئەوانیش داستان و دەقی داهێنراوی زۆر بەم ئاراستەیەدا بەرهەمهێنراون لەوانە: باس و خواسی فیردەوس لە کن زەردەشتییەکان، پایە و پێتەختی ئاورمازدا لە مەملەکەتی ڕووناکی لە ئاسمان، کە لەوانەیە ئەم (مەملەکەتی ڕووناکییە) ئەوە بێت کە خەزاڵ لە ئۆرانووس تێیدا دەژی، هەروەها سەفەرەکەی (ئەرداویراف) کە بە نیازی خاوێن کردنەوەی ئایینی زەردەشتی بە نوێنەرایەتی گەورەموغان دەچێتە مەلەکوتی ئاسمان و لە سەفەرێکی ڕۆحی حەوت ڕۆژەدا کە بەجەستە بە خەوتوویی لە جێی خۆی لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، بەڵام بە ڕۆحیانەت دەچێتە دیوانی ئاهورامەزدا و بیر و ڕاسپاردەی ڕاست و ڕەوانی ئایینی زەردەشتی دەهێنێتەوە.

لە ئایینە هیندییەکانیشدا (ئەرجنا)ی قارەمان دەچێتە دیوانی خودا لە ئاسمان و (یودیهشتریا)ش دادەبەزێتە قووڵایی دۆزەخ.

هۆمیرۆس لە (ئیلیادە) باس لە دەروازەکانی ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخ دەکات، لە (ئۆدیس)یشدا بە هەمان شێوە باس لەوە دەکا کە چۆن (ئەولەسیس) سەردانی دنیای ژێرەوەی کردووە و مەرگەساتەکانی دۆزەخی دیوە. لە ئینجیل و تەورات و قورئانیشدا زۆرتر و وردتر باس لەو دنیا و سزاکانی دۆزەخ و پاداشتەکانی بەهەشت کراوە، هەڵکێشانەوەی حەزرەتی عیسا بۆ ئاسمان و ڕووداوی ئیسرا و میعراجی پێغەمبەری ئیسلامیش بە وردی باس لەو دنیا و بەهەشت و دۆزەخ دەکا و لەم بوارەشدا دەتوانین دەقی ئەو مەولوودنامە کوردییەش وەبیربهێنینەوە کە تێکەڵەیەکی سەیرە لە زۆربەی ئەفسانەکانی

ڕۆژهەڵات.

لە ئەفسانەی (ئینانا) و (دموزی) سۆمەریشدا باس لەوە دەکرێ کە چۆن ئینانای خواوەندی ئاسمان دێتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە کە (ئیرشیخیکال)ی خوشکی حوکمی دەکا.

دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیش لە بارەی ئەو دنیا و بە هەشت و دۆزەخەوە بەرهەمی زۆری ئەدەبی بڵاوبوونەوە لەوانە: نووسینەکانی قەشە براندانی ئێرلەندی و قەشە ئەلبیرگۆ دی مۆنتی کاسینۆ کە باسی پردی میعراج دەکا بۆ ئاسمان، هەروەها بونڤیزین داریڤا، لە ئیتاڵیاش نووسینەکانی ماتیلدا دی ماگدبورگ و ماتیلدا دی هاکنبۆرن و جرتورد دی ئیسلیبین و زۆربەی دیکەش کە لە ژمارە نایەن.

بەڵام لە هەموو ئەمانە نزیکتر بۆ (ئەڤین ئاوی ژیانە) و سەفەرکردنی (خەزاڵ) بۆ هەسارەی (ئۆرانووس) و (سێوە)ی کچی بۆ هەسارەی (ڤینۆس)، ئەو شاکارەی (دانتی)یە کە بە (کۆمیدیای ئیلاهی) ناسراوە. دانتی ئەو شاعیرە مەزنەیە کە بەهەشت و دۆزەخی لە جیهانی غەیب و میتافیزیکاوە هێنایە سەر هەسارەکانی دەورەی خۆر، کە بریتین لە: عەتارد-میرکوری، زوهرە-ڤینۆس، زەوی، مەریخ-مارس، موشتەری-جوپیتەر، زوحەل-ساتۆرن، ئۆرانوس، نیپتۆن و پلۆتۆ، ئەوەبوو لە بەهاری ٢٠٠٥دا هەسارەی دەیەمینیش دۆزرایەوە کە تا نووسینی ئەم بابەتەش هێشتا هیچ ناوێکی لێ نەنراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دانتی هەر بە سەلیقەی هونەریی خۆی هەستی کردبوو کە هەسارەی ئاسمان دە دانەن کە ئەو دەیەمینیانی بە (ئەمپریۆم) ناوزەد کردووە و بە (ئاسمانی ئاسمانەکان)ی دەزانی و پێی وابوو کە لە دەرەوەی (کات) و (شوێن) دایە و جێی خوا و گەورە پەیامبەر و نزیکەکانی خودایە و لە شێوەی گوڵێکی مەزن، لە نوور پێکهاتووە، بەڵام دیارە دانتی-ش لەسەر بۆچوونەکەی بەتلیمۆس پێی وابووە (زەوی) مەرکەزی ئاسمانە و ئەو هەسارەکانی دیکە بەپێی دووریان لە زەوییەوە هەر یەکەیان بە خێرایی تایبەتی خۆی بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە.

بەڵام لە کن مەهاباد زەوی خۆی لە خۆیدا دۆزەخە، لە ناونیشانی سێ لە بەشەکانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا وشەی (دۆزەخ) بەم شێوازە دووپات بووەتەوە.

(ژوانێک لە دۆزەخ، کەناری دۆزەخ، دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ) لە هەر سێ شوێنەکە و لە چەندان شوێنی دیکەشدا کە وشەی (دۆزەخ) دێتە بەکارهێنان ڕێک و ڕەوان لە جێگەی وشەی (زەوی)یان وەک موورادیفی ئەو بەکار براوە، یان تەنانەت بە خراپتریش لە دۆزەخ تەماشای زەوی کراوە، وەک ئەوەی لە پێشەکییەکەدا خەزاڵ بە لاس دەڵێ: (تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو دۆخە دۆزەخییەی کە تۆی تێدای، ئاخر تۆ لەسەر زەویت و زەویش جەنجاڵترە لە دۆزەخ.)

لە ڕاستیدا ئەم تێزە بۆچوونەی مەهاباد لە بارەی بە دۆزەخ دیتنی زەوییەوە بێ بناغە و هەروا لە خۆڕا دروست نەبووە، بەڵکو دەرەنجامی خودی ئەو دۆخە ناهەموارەیە کە خودی ڕۆمانووس و پاڵەوانەکانیشی تێدا لە دایک بوون و ژیاون.

مەهاباد قەرەداغی ساڵی ١٩٦٦ لە گەرمەی شەڕی شوومی قەڵاچۆکردنی گەلی کوردستان و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، لە سەرەتاکانی شەڕی براکوژیی کورد لە دایک بووە، لە پیلانەکەی جەزائیری ١٩٧٥ و سەرەتای بە عارەبکردنی گەرمیان و کەرکووکدا هەرزەکار بووە، لە ١٩٨٠دا ساڵێکی ڕەبەق زیندانی کراوە، هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیەکی دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەکانی چەشتووە کە ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام لە چوار ئیقلیمی دنیاوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەیهاوردن.

مەهاباد کارەساتەکانی شەڕی عێراق-کوێت، عێراق-ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان ژیاوە، کیمیابارانی هەڵەبجەی دیوە، لەگەڵ مەرگەساتەکانی ئەنفالدا سووتاوە و برژاوە، کە زۆربەی خەڵکی گەرمیان و کفری گرتەوە، ئەویش زێد و ژینگەی مەهابادە، بۆیە بە دۆزەخ دیتنی زەوی لەلای ئەو و لەلای قارەمانەکانی ئەو و لە بەرهەمەکانی ئەویشدا سەیر نییە، هەرچەندە ئەو لە (هۆشداریی)ەوە هەوڵی ئەوە دەدا خۆی لەو بارە ناهەموارە دەروونییە ڕزگار بکا. چەند مانگێک پێش بڵاوکردنەوەی (ئەڤین ئاوی ژیانە)، مەهاباد لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٥دا بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانیشی هەر بە ناونیشانی (ساڵێک لە دۆزەخ) بڵاو کردەوە و لەوێشدا وەک شارەزایەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر بە وردی بۆ ئەم مەبەستە چووە کە دەنووسێ:

(لەم ڕۆژانەدا ژانێکی سەخت و خەستی وا بوون بە سۆنگەی لە دایکبوونی ڕۆمانێک "ئەڤین ئاوی ژیانە" ڕۆمانێکی شیعری کە ئەویش سەرچاوەکەی دۆزەخە و ڕووداوەکانی لە کارەساتەوە هەڵدەقوڵێن.). «ل١٦- ساڵێک لە دۆزەخ».

لێرەشەوە ئیتر خوێنەر دەزانێ بۆ مەهاباد هێندە لە پەسنی (دۆزەخ)دا کارامە و وردەکار و هونەرکاریی دەنوێنێ، بەڵام کە دێتە سەر وەسفکردنی بەهەشتەکەی سەر ئۆرانووس و ڤینۆس ئەو بڕشتەی نامێنێ، وشە و ڕستەکانی لە کورتی دەدەن و لە کورتی دەبڕدرێنەوە.! چونکە ئەو لە سەر زەوی بە کردەوە دۆزەخی بە چاو دیوە، بەڵام بە هەشت نا..!

هۆی ئەم دیاردە دۆزەخییەی زەوییش بەلای دانیشتووانی هەسارەی ڤینۆس و (سێوە) وە کە پەنای بۆ ئەوێ بردووە پاساوێکی سەیری هەیە کە لە (جوانی بابیز-حوسنی تەعلیل) و چارەسەری ئەدەبی دەچێ تا چارەسەری لۆژیکی. خەزاڵ لەم بارەیەوە لە پێشەکییەکەدا بۆ لاسی نووسیوە و دەڵێ:

"سێوە ئێستا لە گەورەترین زانکۆی هەسارەی ڤینۆس بەشی ئەندازەسازیی گەردوون خوێندکارە، ئەوان پێیان وایە فۆرمی تۆپئاسای زەوی خەوشێکی گەورەیە و زەمینە بۆ خلیسکان خۆش دەکات. ئەوان بە بەرئەنجامێکی گرنگ گەیشتوون و پێیان وایە ئەگەر زەوی تۆپئاسا خڕ نەبووایە ئەو هەموو فتبۆڵێن و بالەیەی پێ نەدەکرا. ئەوان لە ئەزموونکارییەکی بەردەوامدان و هەموو جۆرێکی فۆرمە ئەندازەییەکانیان تاقیکردۆتەوە بۆ گۆڕینی نەخشەکە، چوارگۆشە، لاکێشە، قۆقز، لوولەیی، لەولەبی، بەڵام لەسەر هیچ کام لەمانە کۆک نین، ئێستا لەسەر پێشنیاری سێوە و بە یارمەتی بیرۆکەکانی ئەو، خەریکن بیر لە سێگۆشە دەکەنەوە، وێنای بکە زەوی سێگۆشە بێت؟"

ئەم دەقە وەرگیراوە پێویست دەکا زۆری لەسەر بوەستین، جارێ بەر لە هەموو شتێک ئەو پەیامە دەردەخا کە خەزاڵ و سێوە بۆ زەوی و خەڵکی زەوی پێیانە، ئەمان هەردووک وەک ئەوانەی پێشتر بۆ ئاسمان هەڵکشاون، بۆ پاداشت کردن، یان بۆ سزادانیان بانگهێشتی بەهەشت، یان دۆزەخ نەکراون، بەڵکو خەزاڵ لەسەر دەستی (ئیڤا و ئادەم) لەسەر هەسارەی ئۆرانووس و لە قوتابخانەی (هەتاو) کە کینایەیە لە (ڕاستی) فێری (زمانی ڕووناکی) و (ئاینی ئەڤین) دەبن و وانەی (لۆژیک و ڕەوانبێژی عەشق) دەخوێنن.

گەڕانەوە بۆ (ئادەم و حەوا-ئیڤا) کە ڕۆماننووس بە مەبەستەوە پاشوپێشی زنجیرە باوەکەی ناوەکانیانی کردووە و کردوویەتی بە (ئیڤا-حەوا-ئادەم) واتە حەوایەکەی پێش ئادەم خستووە، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە زەوییان کرد بە دۆزەخ و خۆ ئامادەکردنەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی نوێ کە لەسەر بناغەی لۆژیک و ئەڤین-خۆشەویستی بونیات بنرێت.

کە دێینە سەر (سێوە)ی کچیشیان دەبینین ئەویش لەگەڵ هاوڕێ نوێیەکانی ئەوێیدا لە هەسارەی (ڤینۆس) سەرقاڵی گۆڕینی نەخشەی زەوی و دووبارە بونیات نانەوەیەتی، لێرەشەوە مرۆ دەتوانێ بڵێ خەزاڵ و سێوە بۆ ئەوە زەوییان بەجێ نەهێشتووە بچن لە بەهەشتدا پاداشت بکرێن، یان لە دۆزەخ سزا بدرێن وەکو هەموو ئەوانی دیکەی کە لە کارە ئەدەبی و ئایینییەکانی پێشتردا باس کراون، بەڵکو ئەمان بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤی سەرزەوی و دابینکردنی پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ زەوی کار دەکەن.

نەخشە و بەجێگەیاندنی پلانی گۆڕینی شێوەی زەوی لەلایەن (سێوە) و هاوەڵەکانی دیارە لەسەر هەسارەی (ڤینۆس)ەوە دەکرێ، بەڵام بۆ (ڤینۆس) و هەسارەکانی دیکە نا.. بۆ لە (ئۆرانۆس)ەوە ناکرێ کە (خەزاڵ)ی پاڵەوانی سەرەکی، خۆی لەوێ پەناهەندەیە..؟!

ڤینۆس، هەسارەی دووەمی دەورەی خۆرە، پتر لە شەش هەزار ساڵە لەلایەن مرۆڤەوە وەکو هێمای خواوەندی مێینە ڕەمزی (خۆشەویستی) و (ئەڤینی گیانی بە گیانی) نێرومێ تەماشا کراوە، جارێک وەکو خوای خۆشەویستی پەرستراوە، جارێک وەکو پێتەختی خوای ئەڤین بە پیرۆزی ڕێز گیراوە، لە هەمان کاتیشدا چوار هەزار ساڵ پتر پێش زایین، ئادەمیزاد زانیویانە گشت چوار ساڵ جارێک (ڤینۆس) لە شێوەی ئەستێرەیەکی (پێنج) گۆشەدا خۆی نیشانی دانیشتووانی سەر زەوی دەدا، هەر لەبەر ئەوەش گریکی کۆن چوار ساڵ جارێک یارییەکانی ئۆلۆمپیادیان ئەنجام دەدا، ئێستاشی لەگەڵدابێت مرۆڤ لەسەر ئەم پێڕەوە دەڕۆن، بەمەش

(ڤینۆس) جگە لە ڕەمزی ئەڤین، واتا و هێمایەکی دیکە لەخۆی دەگرێ، کە ڕۆحییەتی وەرزشییە، ئەو ڕۆحییەتەی دەبێتە مایەی دۆستایەتی و خۆشەویستی و دڵگەورەیی و لە خۆبووردەیی، لە یەکتربووردنی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن و مەزن بوونی گیانی مونافەسەی شەرەفمەندانە، پەسەندکردنی سەرکەوتن و پێشڤەچوونی ئادەمیزاد هەر یەکە و بە گوێرەی توانا ماددی و مەعنەوی و خودی و تاکە کەسییەکان.

ماوە ئەوەش بڵێم کە ڕەمزی ڤینۆس (ئەستێرەی پێنج گۆشە)یە کە لە چاخی نوێدا بووەتە ڕەمزی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی و ڕادیکاڵیەت و چەپڕەوی. دارشتنەوەی نەخشەی هەسارەی زەوی لەسەر (ڤینۆس)ەوە کە ئەم هەموو واتا و هێما پەسەندانەی خۆشەویستی و ئەڤینی گیانی بە گیانی و بەم هەموو ڕۆحە ڕیازییەوە دیارە ڕەمزیەتێکی قووڵ بە چوونی (سێوە) بۆ (ڤینۆس) دەبەخشێ، (سێو)ەیەک کە خۆی بۆ خۆی هێمای نەوەکانی بێ گرێ و گۆڵی داهاتووی مرۆڤە.

بەڵام ئەوان بۆ ئەو پاشەڕۆژە پڕشنگدارەی زەوی لە شێوەی سێگۆشەدا دەبینن، بۆ سۆنگەی مەرگەساتەکانی زەوی دەخەنە ئەستۆی شێوە ئەندازەییەکەی ئێستای کە (گۆ)یە، یان وەک خەزاڵ دەڵێ (تۆپئاسایە)؟! ئایا هەر لەبەر ئەوەیە کە تۆپ (گۆ)یە و هەلپەرستە و بە هەموو لایەکدا دەسووڕێ، یان وەک کورد دەڵێن تۆپ ڕوو و بەروپشتی بۆنییە، کە ڕووی نەبوو ڕووگەشی نییە؟! باوەڕ ناکەم بۆ بەرهەمێکی جیدی و مەرگەساتی وەک (ئەڤین ئاوی ژیانە) نوکتەیەکی کاڵوکرچی ئاوا خۆی لە خۆیدا مەبەست بێت.

ئەڵتەرناتیڤەکەشی کە سێگۆشەیە، باوەڕ ناکەم وەک شێوەیەکی ئەندازەیی کلیلی ئەفسووناوی چارەسەری ئەو هەموو مەرگەساتە بێت کە خەزاڵ و سێوە و لاس و خەڵکانی دەوروبەریان لەسەر دۆزەخی زەوییان بەجێهێشتووە. بۆ دەرچوونیش لەم توێژە واتا ڕووکەشە کۆمیدییە نەویستراوە ماتماتیک و ئەندازەسازییەش، پێویستە زیاتر ڕۆبچین و لە هێما ئەدەبی و هونەری و شێوەکاری و ئایینیەکاندا بۆ بەها ڕاستەقینەکانی سێگۆشە و تۆپ گۆ دا بگەڕێین.

بەپێی ئەندازەسازی شیکاریی پلیکانەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە زنجیرە ڕوو دەدەن بۆ ئەوەی (خاڵ) ببێتە (گۆ)، دەشێین بڵێین ئامانجی هەموو (خاڵ)ێک ئەوەی کە ببێتە (ڕاستە هێڵ). هەموو ڕاستەهێڵێکیش غایەتی ئەوەیە ببێتە (گۆشەدار) کە یەکەم پلەی بە (سێگۆشە) دەست پێدەکات و دوای ئەویش ئیتر (چوارگۆشە) و (پێنج گۆشە) و گۆشەدارەکانی دیکەش لە دوای یەکتر دێن و لە (مالانیهایە-ئینفینیتی)دا دەبێتە (بازنە)، واتا غایەتی هەموو گۆشەدارێک ئەوەیە کە لە مالانهیایەتدا ببێتە بازنە، غایەتی هەموو بازنەیەکیش ئەوەیە لە مالانهایەتدا ببێتە (گۆ-تۆپ)، کە لە دنیای شێوەکاری و ئەدەب و ئاییندا بە پۆپەی گۆڕانکاری تەماشا دەکری، کە کۆتایی کەماڵی موتلەقە و لەوێدا هەموو شتێک، ماددی و مەعنەوی دەگاتە ڕادەی پیرۆزیی و قودسیەتێک کە ئیتر ڕێگەی ڕای جیاواز و دژ، تەنانەت ناکۆکی و گومان و ختوورەیەکیش بەوەی بەرامبەری ڕەوا نەبینرێ.

من پێم وایە مەهاباد بە دۆزەخبوونی زەوی دەخاتە سەر ئەو بونیاد و بەها تۆپئاسایانەی کە حوکمی ژیانی سەر زەوی دەکەن و ئەوەندە موتڵەقن کە ڕێگەی گۆڕین و پێشکەوتن لە مرۆڤ دەگرن، ئەقڵە داهێنەرەکان پەک دەخەن و تەنیا تێکدانی ئەم تۆپە موتڵەقە و لەبەریەکترازاندنی بونیادە تۆپئاساکانە کە ڕێگەی گۆڕانکاری لە ڕێی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە و زەوی دەکا بە شوێنێک کە کەماڵی موتڵەقی تێدا نەمێنێ، هەموو بەهاکان وەک یەک جێی گومان و هەڵسەنگاندنەوە و ڕاستکردنەوەی بەردەوام بن، لێرەشدا سەدایەکی کۆجیتۆ بەنێوبانگەکەی (دیکارت) دێتە گوێ کە دەڵێ: من گومان دەکەم کەواتە من هەم. لەم بانگەشەیەشدا هیچ (کەماڵ) و هیچ (موتڵەق)ێکی نەبواردووە. بەڵام بۆ مەهاباد لە جێی (گۆ) شێوەی (سێگۆشە)ی بۆ زەوی پێ باشترە لە گۆشەکانی دیکە..؟! بەر لەوەی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هیچ بڵێم ئەم چەند دێڕە لە کۆتایی ڕۆمانەکە هەڵدەبژێرم کە ڕووناکی زۆر دەخەنە سەر بۆچوونەکانی دواترم، خەزاڵ لە دوا دێڕەکاندا بۆ لاس دەنووسێ:

**" گرنگە کە ئیدی ژینگەی ئێمە خڕ نییە وەکو تۆپ، فتبۆڵێنی پێناکرێ.**

**ژینگەی ئێمە ژوانگەیە،**

**ژوانگەیەکی سێگۆشە لە ئۆرانووس، یان لە ڤینۆس.**

**...**

**گرنگە لە شوێنێکی ئەم**


**گەردوونەدا سێوێ هەیە و هێـدی هێـدی پێـدەگـات و گـەورە دەبێ.**
**دەبێتە پێغەمبەرێک و فریای ئاوەزمان دەکەوێ، بیرێکی نوێ، پەیامی نوێ."**

دەستەواژەی (سێوێ هەیە و هێدی هێدی پێ دەگات) دەسـتـەواژەیەکی (تەوریە)ی دوو دیوە، هەم ئامـاژەیە بۆ (سێوە)ی کچی (خەزاڵ و لاس) کـــە وردە وردە (گـــەورە دەبێت و دەبێتە پێغەمبەرێک) و (بە بیرێکی نوێ) و بە (پەیامی نوێ) دەبێـتـە (فـریاد)ڕەس، هەم لە هەمـان کـاتدا ئاماژەیەکە بۆ ئەو (سێوە)ی کە حەوا و ئادەمی لەسـەر خـۆشـەویسـتی و سـێکس و زگــوزا و پێکەوەنانی خـێـزان پێکهـێنا و بووە هۆی لە بەهەشت دەرکـــردنی خـــۆیان و نەوەکـانیـان، کـە لە سـەرەتای ڕۆمـانەکـەشـدا دیارە ئامـاژەیان بۆ کـراوە کـە لەسـەر ئۆرانووس وانەی ئەڤین بە خەزاڵ دەڵێنەوە.

ئەم تەوریە جـوانە و ئەم هەمـوو واتایەش لە گـەمـەیەکی زمـانەوانی ورد دا هاتووەتە بەرهەم کـە لەگـەڵ وشەی (سێو)دا کراوە، چونکە ئەگەر پاشگری (ەیەک)ی لەگـەڵ بایە بە تەنهـا مـەبەسـتی ناوی کـچـەکـە (سـێـوە)ی لەخـۆ دەگـرت، ئەگـەر پاشگری (ێک)یشی بخرایەتە سەر ئەوسـا هەر واتای (سـێـو)ی دەبەخـشی وەکـو ئاوی مـیـوە ناسراوەکە، بەڵام مـەهاباد هیچ کـام لەم پاشگرانەی نەخسـتـۆتە سـەر، بەڵکو (ێ)یەکی قەڵەوی بۆ کـردۆتە پاشگر کـە هەردوو واتاکـە پێکەوە دەبەخشێ.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر کۆپلەکە و سەرنج بۆ ئەم وشـە و دەسـتـەواژانە ڕادەکـێـشـمـەوە: (ژوانگەیەکی سـێگۆشـە)، (سـێـوێ دەبێـتـە پێـغـەمـبـەری بیـری نوێ و پەیامی نوێ)، سێوێ (فریا)مان دەکەوێ..! لێـرەشـەوە بەڕاشکاوی دەشێ بڵـێم (سێگۆشە) لەم دەقەدا هەر بە تەنیا هێمای بەشێک نییە لە کۆئەندامی زاوزێی نێـــرومێ، ئەگـــەرچی تاڕادەیەکیش مەبەست بێت، یان لە مـەوروسی ڕۆشنبـیـریی مـیـللیـمـاندا ئەو ئامـاژەیە بـبـەخـشـێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم (سێگۆشە) کە لە هەر کوێی دەقی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا هاتبێت، وەک ئامـاژەیەکی بەهێـز بۆ (سـالوسی مـوقـەدەس)ی مەسیحی هاتووە، بەڵام (سیانە، یان سێگۆشە)یەکی پیرۆزی نوێ، کە ئەم جـارەیان (ژن) دوو لەسـەر سـێی سێینەکە دەگرن.

لە سالوسی مەسیحیدا پلەوپایەی




مـەریەم سڕدراوەتە و باوکسـالاری زۆر بە ڕوونی پێـوە دیارە (باوک – کـوڕ – ڕوح ئەلقـودس)، بەڵام لەم سـالوسـە نوێیـەدا، لەم سـێـینە ئەڵتەرناتیڤەی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا کـە مـەهاباد پێـشـنیـاری دەکـا سـالوسـەکـە دەبێـتـە: (دایـک-کـچ-بـاوک) واتـە دایـک جێی باوک و کچ جێی کوڕی تێدا دەگرنەوە و لە جیاتی ئەوەی (کوڕ) ڕۆڵی فریادڕەسی تێدا ببینێت (کچ)

ئەو ڕۆڵە دەگـــێـــڕێ و (ڕوح ئەلقـودس)ە، مـیـتـافـیـزیکیـیـە، میساڵییەتەکەش بە تەواوەتی دوور دەخرێتەوە و دەدرێتە (باوک)ێک، کـە لە هاوکـێشـە و سـێینە نوێیە پێشنیارکراوەکەدا، بە پلەی سێیەم دێت و پاشکۆبەتیـیـەک بەسـەر (پیـاو)دا دەبڕێت، کـە ئیـتـر باوک سـالاری پێنەکـرێ. ئەمـەش دیارە پەیامی کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی مەهاباد قـەرەداغی-یە، ئەگـەر وەک چالاکـیکی بواری مـافی ئافـرەت تەمـاشـای بەرهەم و نووسـینە کۆمەڵایەتییەکانی بکەین. ئەوەش کـــە ئەم بۆچوونەمـــان لـە لا دەچەسپێنێ، ئەم پەڕەگرافەیە کە لە سەرەتای پێشەکییەکەی ڕۆمانەکەدا هاتووە و خەزاڵ بە زمانی (سێوە) وە بۆ (لاس) دەنووسێ و دەڵێ:

(سوپاس بۆ نیگا نیانەکانی لاس، کـە ئەوەندە بە سـەلیـقـە و سـۆزەوە ڕژاوەتە ناو نیگا نەرم و گەرمەکانی تۆوە و من دروست بووم.)

لێرەشەوە ئیتر هێمای نێر (٨) و هێـمـای مێ (٧) هەردووک ڕاست دەبنەوە و هێـمـای سـەرمـەدی و لە مێژینەی پێش سەردەمی باوکسالاری خۆیان بەدەست دەهێننەوە. دیارە ئەم ئامــــاژەیەش چەند لـە ڕووداوی سکپـڕبوونی مـەریەمی پاکـیـزە و لە

دایکبوونی حەزرەتی مەسیحەوە نزیکە، کە لە ڕێی ئەندامەکانی زاوزێی ئاسایی مرۆڤەوە نەبووە، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەشدا کە مەسیح لە ڕێی نەفخی ڕۆحەوە کەوتۆتە سکی مەریەمەوە، بەڵام خەزاڵ لە ڕێی (نیگا)ەوە سکی لە (لاس) پڕ بووە و (سێوە)ی کەوتۆتە سک، واتا ئەمیش بە شێوەیەکی نائاسایی و بە پەرجوو هاتووەتە دنیاوە، بۆیە لە دەقەکەشدا بەناوی (لاس)ەوە باس لە باوکی دەکا و وشەی (باوک)ی بۆ بەکار نابا.

بۆ ئەفراندنی ئەفسانەی تایبەتمەندی خۆی، مەهاباد دەیتوانی لە جێی بەکاربردنی ناوی (خەزاڵ) و (لاس) و (سێوە) کە پاڵەوانی سیینەی ڕۆمانە شیعرییەکەن، دەڵێم لە جێی بەکاربردنی ئەو ناوە کەلەپوورییانە دەیتوانی ناوی هاوچەرخی کوردی بەکارببردایە و ئەو مۆرکە فۆلکلۆرییەی لە دەقەکە دوور بخستایەتەوە، بەڵام پێم وایە بە هەڵبژاردنی ناوی (لاس و خەزاڵ) لە بەیتی بەناوبانگی (لاس و خەزاڵ) و ناوی (سێوە)ش لە بەسەرهاتی (کوێخا سێوە)وە، کە مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش وەکو ڕۆمان دایڕشتۆتەوە، ڕەهەندێکی دیکەی بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە خەزاڵ ژنە قارەمانێکی سەردەمی دایکسالاری نێو کۆمەڵگەی کوردەواریی بووە، ئەوەندەش دەسڕۆ و دەسەڵاتدار و سەربەست بووە کە بتوانێ (مێرد) بۆ خۆی هەڵبژێرێ و لە جیاتی ئەوەی پیاو داوای بکا ئەو بۆ خۆی داخوازی (پیاو) بکات و داوای خۆشەویستی لێ بکا. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر خزمەت بە دەقی ڕۆمانەکە و بیروبۆچوون و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خودی مەهابادیش دەکا لە بواری خەبات بۆ سەربەستی و وەدەستهێنانەوەی مافی ئافرەتدا.

جگە لە ناوی قارەمانەکان، ڕۆماننووس لە زۆر جێگەی دیکەدا سوودی لە کەلەپوور و فۆلکلۆر دیوە کە ناکرێ تاک تاک لێرەدا هەمووی بژمێرین و بیانگەڕێنینەوە سەر سەرچاوەکانی خۆیان، دیارترینیشیان خودی ناوی ڕۆمانەکە و دەستەواژەی (ئاوی ژیان)ە، کە دەستەواژە و چەمکێکی زۆر زۆر کۆنی سۆمەرییە و لە ژینگەی پڕ لە ئاو و زۆنگاوی خۆیانەوە وەریانگرتووە و گەیشتوونەتە بڕوایەک کە (هەموو شتێک لە ئاوەوە پەیدا بووە و پەیدا دەبێت.). ئەو بیرۆکەیەی کە ئێستاش تایفەی سائیبەی مەندائی بڕوای پتەویان پێی هەیە و خواش لە قورئانی پیرۆز تەئکیدی لێ دەکاتەوە کە دەفەرموێ (وجعلنا من الماء كل شيء حي).

پرسیارێکی دیکەش هەیە کە بە زۆر خۆی لە زەینی خوێنەری ڕۆمانی (ئەڤین ئاوی ژیانە) دەکوتێ، ئەویش ئەوەیە بۆ (خەزاڵ) و (سێوە) خۆیان بۆ ئاسمانی پڕ ڕووناکی و ئازادی و داهێنان و ئەڤین و خۆشەویستی هەڵدەکشێن، بەڵام (لاس)ی پیاو و مێرد و باوک لە (دۆزەخی زەوی) بۆ چارەنووسێکی نادیار بەجێدەهێڵن؟!

بەبۆچوونی من ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرە وەڵامی نییە، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ئەفسانەی سۆمەری (ئینانا) خوای ئاسمان، کە بۆ سەردان و دەستبەسەراگرتنی (ئەو دنیا) دێتە دنیای ژێرەوە، بەڵام لەوێ دەسبەسەر دەکرێ و دواتر بەپێی یاسای دنیای ژێرەوە -دۆزەخ- بە مەرجێک ڕێگەی گەڕانەوەی دەدرێ کە یەکێک لە (وێنەی-شەبیهی) خۆی لە دۆزەخ بەجێ بهێڵێ و لەگەڵ چەند جنۆکەیەکدا بۆ ئەو مەبەستە دەینێرنەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی شەبیهەکەی خۆیانی بە دەستەوە بدات و خۆی ئازاد بکەن، ئەویش پێشنیاری خودی جنۆکەکان بۆ دەستگیرکردنی سێ کەسی دیکە ڕەت دەکاتەوە، چونکە زۆر بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ دەکەن، بەڵام کە دەگەنە (دموزی) مێردی، دەبینێ بە خەمساردی و بێحورمەتییەوە پێشوازی لێ دەکا، وەکو بەدیلی خۆی تەسلیم بە خێوەکانی دەکا و ئەو بۆ دۆزەخ دەبرێ و (ئینانا)ش دەگەڕێتەوە سەر تاج و تەختی خۆی لە ئاسمان.

پێم وایە لەبەر ئەوەی (لاس)یش وەکو پیاو بە گوێرەی پێویست لە دژی ئەنفال بەرگری لە خەزاڵ خانی (ژن) نەکرد، بۆیە ئەویش لە (دۆزەخی زەوی) بەجێی هێشتووە، ئەگەرچی هێشتا دڵسۆزی بۆی ماوە و لەگەڵ (سێوە)دا بۆ گۆڕینی ئەو دۆزەخە کار دەکەن، ئەمەش لە دەقی ڕۆمانەکەدا پەیمان و پەیامە، ئەگەرچی هێشتا (لاس) لە دۆزەخەکەدایە و زەویش لە دۆزەخییەتی خۆی بەردەوامە.

# شیفرەی دافنشی و گەمەکانی ئەتباک و شالیسی جوانی

**لێدوانی: هاشم سەڕاج**




دەشێ لە جیهانی بەرفراوانی دەقئاوێزانیدا کردەی نووسین بە تاقیکردنەوەکانی «open book» بچوێندرێت و تێیدا خوێنەر/ نووسەر بەوپەڕی ئازادی دەوروبەر و سەرمێز و بن مێز و باخەڵ و گیرفان و دەلاقەکان بە چەندین جۆر کتێب و سەرچاوەی دانسقە دانسقە بئاخنێت و سوود لە گشت یاسا و ڕێسا و هاوکێشە گوتراوەکان وەربگرێت، تا لە فەزای گەمەیەکی لەززەتاویدا هەوڵی وەڵامدانەوەی چەپکێک پرسیاری ئەزەلی بداتەوە، کە وەڵامدانەوەیان سەخت و دژوار و ئەستەم و مەحاڵە، چونکە خەسڵەتی دەرخ و لەبەرکردنی مەتن و یاسا و تێکستە وشک و برینگەکانی سەردەمی مۆدێرنە بەسەرچوو، ئەمێستا زەین و دڵ و ڕۆح و دەروونی خوێنەر هەڵگری ئیکسیری لەززەتدار و زیندووی بابەتگەلەکانە، چیدی پێویستی بە هاوکێشەی وشک و قالبی بەرتەسک و کلێشەی چوارچێوەدار و درێژ دادڕی بێزراو نەماوە، گرنگ ئەوەیە تێکست خاوەندی شکڵ و شێواز و بونیادێکی جیاوازبێت، واتە چۆنیەتی دەربڕینی بابەت و شتگەل و ڕووداوەکان و هەڵدانی بۆچوون و تێڕامان و جیهانبینی نوێژەن و جیاواز «دان براون»ی نووسەری (شیفرەی دافنشی) لە دنیای دەقئاوێزانیدا بە هەمان شێوە وکردەی لەززەتاوی تێکستێکی خەتەرناکی ئاوەڵا هەڵدەداتە نێو کۆماری شاکاری جیهانی، تێکستێک پڕیەتی لە گەمەکانی «ئەتباک»ی زمانی و شەیدابوون بە «شالیس»ی عیشق و جوانی و چێژە ئاگراوییەکانی ئیروتیک، تێکست هەرچەندە بە دوای ئاشکراکردنی نهێنی و کردنەوەی کۆدگەلێکدا دەگەڕێت هاوکات مەبەستیەتی ئیکسیری بابەتگەلێکی ئاڵۆزی جیهانی «ئەتباک» و زانستی هێماگەری بە خوێنەر بگەیەنێت، تا ڕادەیەک لە ڕووی پەخش و گەیاندنی زانستەکانی کۆد و هێماوە لە ڕۆمانی «جیهانی سۆفیا»ی «یۆستایف گاردەر» نزیکە کە

ڕۆمانێکە سەبارەت بە مێژووی فەلسەفە و لە بیروبۆچوونی کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسووفی جیهانی دەدوێت وەک: تالیس، سوکرات و سۆفیستەکان، ئەفلاتوون، سینیکەکان، ستۆیکەکان، سێنیکا، ئێپیکۆر، دیکارت، سپینوزا، قدیس ئاوگستین، تۆماس ئەکویناس، لۆک، هیوم، بارکێلی.. کانت، هیگڵ...تاد.. وێڕای دەربڕینی هزرگەلێکی تیۆلۆجی «لاهووتی» و ئەگنۆستیکی لە ڕێگای «سۆفیا» و «هیلدە»ی کچی ناو ئاوێنەکە و پاڵەوانە شەبەحییەکەوە.

دەسپێکی ڕووداوی تێکستی «شیفرەی دافنشی» بە کوشتاکاری «جاک سونییر»ی مەزنترین بیرمەندی زانستی هێماکان و کاریگەرترین ئەندامی کۆمەڵەی «سیون»ی ئایینی دەست پێدەکات، کوشتارێک لە ڕاڕەوی مۆزەخانەی «لۆڤەر»دا لە شێوەی لەقتەیەکی ترسناکی سینەمایی و هۆڵ و ڕاڕەو و ژوور و ژێر زەمینە پێچاوپێچەکانی مۆزەی لۆڤەر بە کەشوهەوا ترسناکەکەی زۆر لە دنیای خەتەرناکی قەڵا و تەلارەکەی «فرانز کافکا» دەکات و هاوکات لایەنە پۆلیسییەکەی لە دەقەکانی «ئاجاسا کریستی» نزیکە- شیفرەی دافنشی مامەڵە دەگەڵ تازەترین ئامێر و کەرەستەی تەکنەلۆژیایی دەکات، وەک: کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، مۆبایل، فرۆکە، کارافاجو، قەڵەمی تیشکدار...تاد هاوکات خاوەندی خەسڵەتێکی پۆلیفۆنی تژی لە کاراکتەر وکەسایەتییە، وەک جاک سونییر، ڕوبرت لانغدون، نەقیب بیزفاش، سیلاس، قییم، تیبینغ، خوسیا ماریا ئیسکریفا» مامۆستای مەزنی تەریقەتی ئەشکەنجەدانی جەستە لە ڕێگەی خودی و تاقە کەسییەوە کە ساڵی ١٩٧٥ سەری ناوەتەوە، هەروەها «مانویل ئارینغاروزای قەشە، سۆفیا نوفو، ساندرین»ی ڕاهیبە، غیتوم، ڕیمی لوغالودیک،...تاد...تێکست زیاتر لە ڕێگەی دیالۆگەوە ڕووداوەکان بە ئەنجام دەگەیەنێت و ڕەگەزی گێڕانەوەش بەشێکی زۆری فەزای دەق داگیر دەکات و هەندێ جار هەست دەکرێ دەنگی ڕاستەوخۆ «دان براون» ئاوێزانی دەنگی گێڕەوەر دەکرێت، بەتایبەتی ئەو چرکە ساتانەی کە هەریەک لە «ڕۆبرت لانغدون و تیبیغ».. لە تەقسە نهێنییەکانی «ئۆبوس دای» و زانستی هێماکاری و کریپیتۆلۆژیا «نووسین لە ڕێگەی کۆد و شیفر» دەدوێن.

دەق هەوڵدەدا ئەرشیفە نهێنی و پڕ مەرگەساتەکانی «فاتیکان» و کڵێساکان هەڵبداتەوە، کە چۆن دادگای پشکنینی کاسۆلیک توانی لە ڕێگەی پەخش و بڵاو کردنەوەی کتێبی «مالوس مالفیکاروم- چەکوشی ئەفسونکاران»وە...لە ماوەی سێ سەد ساڵدا پێنج ملیۆن ئافرەت بە تۆمەتی ئیلحاد و بێدینی و سیحربازی بسووتێنێت.. ئافرەتەکانیش زیاتر بیربار و ڕاهیبە و سۆفیدۆست و دایەن و سروشتپەروەر و قەرەج و ڕووەک دۆست بوون، لێرەوە تێکستی «شیفرە»ی دافنشی» لە ڕێگەی دەقئاوێزانییەوە ئاوێتەی هزر وبۆچوونەکانی «نیتشە» دەبێت، سەبارەت بە سەدەی مەرگەساتی گریک و لە دەستدانی چرکە لەززەتاوییە دێونیزۆسییە ڕۆحانییەکان، واتە لەگەڵ شاڵاوی ئایینی پاتریارکی مەسیحی مرۆڤ خۆشی و لەززەتگەلێکی بێ شومار لە کیس دەدات و بە دیاریکردنی حەز و هەوەس و دەستنیشانکردنی یاسا و ڕێساکانی شەریعەت ئاودیوی ژیانی مەرگدۆستی دەکرێت.

«نیتشە» لە شوێنێکی تردا دەڵێت: مەسیحییەت لە شەرابدا ژەهری پێشکەش بە(ئیرۆس-غەریزەی ئەڤین)کرد، بەڵام بەخت یاوەری بوو نەمرد»...«دان براون» لە کردەی دەقئاوێزانیدا سوودی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاجیای تر وەرگرتووە لەوانە کتێبی (ئەڤینی سێکسی و پەرستراو)کە عیشق جەستە بە پیرۆز ڕادەگرێت و دەشپیەرستێ، کە ئایین نەمری بە ڕۆح دەبەخشێت، گوناهیش پابەندی مەعریفەی جەستە و ئافرەتە و ئەنجامەکەشی بۆتە هۆی لە دەستدانی پاکێتی، واتە ئافرەتی یەکەم- لیلیث- حەواء- کە لە پەراسووی پیاو دروست کراوە مانەندی شاژنێک لە فیردەوس دەردەکرێت و باوک، یان ڕەوشی باوکسالاری جێگە و شوێنی ئەو خوداوەند و مێینەیە دەگرێتەوە. ئەگەر لە ڕەهەندێکی تری ڕۆمانەکە بڕوانین و لە فەزای شیعرە کۆدئامێزەکەی «ژاک سونییر» ڕابمێنین؛ هەست دەکەین ڕەگەزی ئەڤین کاریگەرترین بزوێنی گەیشتنە

به مەعریفە، نەخاسما ئەو چرکە ساتانەی «ئیروتیک»- بە وڕێنەی دیۆنیزۆسی وشە و ڕستەگەلەکان ئاوێزانی نەشئەی کحول و هەوەسی ئەڤینی و لەززەتگەلە ڕووحییەکان دەکات، چونکە «جاک سونییر» مەزنترین عەقڵی کۆمەڵەی سیۆن و زاناترین کۆدناس و کاراترین ئەنجامدەری گەمە زمانییەکانی «ئەتباک»ە، هاوکات مەرگی «سونییر» لە مەرگەساتی لە خاچدانی «مەسیح» کەمتر نییە..سونییر بە توند و تیژترین شێوازێک دەکوژرێت و لە نێو دیمەنێکی سینەمایییدا پارچە شیعرێکی تژی لە کۆد و هێما بەجێ دەهێڵێت،بەڵام تا دوایین چرکەساتی زەمەنی تێکستەکە پرۆفیسۆر «ڕۆبرت لانغدون» هەڵگری نامە و پەیامە نهێنییەکەی سونییرە، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی (سۆفیا و نوفو).. «سۆفیا»..وەک کەسایەتییەکی شەبەنگی لە دنیای ئاڵۆزی عارف و سۆفیان هێمای ئەو کچە باڵابەرز وبنێسەیە کە ڕۆحی ئەڤیندار و سەرمەست ڕووە و وڕێنەی ئێستێتیکی و عیشقی ڕەها دەبات و هاوکات گوزارشت لەلایەنی مێینەیی و دایکایەتی ڕۆحی خوداوەند و توخمی حیکمەت لە فەلسەفەی گریکیدا دەگەیەنێت، سۆفیا لەم تێکستە کراوەیەدا «شالیس»ی ئاگراویترین ئیرۆتێکێکە لە مۆنادەکانی غەیب و ئەو «بادە»و «پیاڵە» و «ساغەر»ە جوان و پڕ حەشیشەیە، کە «بطرس» لە دوایین ژەمی ئێوارەدا پەنجەی هەڕەشەی لێ ڕادەشەقێنێ، سۆفیا «ئیزیس»ە، مەریەمی مەجدەلییە، کاتێ مەسیح دووچاری چرکە ئەڤینییەکان دەهات، سەرمەست و ڕەنج بە خەسار لە نێو ئاپۆڕەی سەرجەم حوارییەکان و بەتایبەتی لەبەرچاوی «بطرس» دا دەمی دەخستە نێو دەمی مەریەمی مەجدەلی و تێر تێر ئێکسیری ڕۆحی هەڵدەمژی، ئەوان دەیانگوت.. نەخاسما «بطرس»..چۆن دەبێ تۆ مەریەمت لە هەر هەموومان خۆشتربوێت، مەریەمی مەجدەلی جوانترین شالیس و پیاڵەی چرکە لەززەتاوییەکانی «یەسووعی ناصری»یە..

«مەریەم» کچە خانەدانێکە و لە وەچە و تۆرمەی «بنیامین»ە مانەندی «مەسیح» ، یەکێکە لە سولالەی پاشایانی یەهوود، کەچی کلێساکانی کاسۆلیک لە دێر زەمانەوە کۆمەڵێک تۆمەتیان خستە پاڵ ئەو ئافرەتە خانەدانە و بە «قەحپە و سۆزانی»یان لە قەڵەم دا، چەشنی «ئانا ئخماتۆفا»ی ژنە شاعیری سۆفی خەسڵەتی ڕووسیا کە « ژدانۆف»ی خاوەن عەقڵی پاتریارکی بە هەمان تۆمەتی سۆزانییەت تاوانباری کرد، بەڵام ئەگەر لە دیدی «باختین»ەوە لە پانتایی «شیفرەی دافنشی» بڕوانین، سەیر دەکەین لە شێوەی فەزایەکی جیوە ئامێزی کراوە دەمێنێت، یان یۆتۆپیایەکی بەردەوام ڕووە و میتۆلۆژیای سپی و خەیاڵ بردنەوەمان ڕادەماڵێت.

ئاخر «دان براون» هەوڵی داوە لە فەزایەکی دەلالی و ئەڤینی و ئێستێتیکیدا گەمەی هەڵوەشاندنەوەی کۆدە ئاڵۆزەکان ئەنجام بدات، گەمەیەک تا هێز و وزە ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو ڕۆح و ناخ خاڵی بکات، گەمەیەکی شوێنە واقیعییەکان بەرە و یۆتۆپیا و خەیاڵ ڕامماڵێت و تێیدا شەتەحاتی سۆفیزمی و وڕێنەی ئیرۆسی و چێژ و لەززەتی تێکست و شەبەقی ئاگراوی جەستە و دەنگی دەقی غایب و خۆ دواندنی مەعریفی و سەمای سەرشێتی خوازە ئاڵۆزەکان و خەسڵەتەکانی تابۆ. بەشەپۆلێکی ئاڵۆز و لەززەتداری پۆلیفۆنی گوزارشت لە عیشق و جوانی وپەژارە و بەد بەختییەکانی مەرگ و بوون و گەردوون و چارەنووس بکەن، کەچی وێڕای ئەنجامدانی ڕستێک گەمەی ئاڵۆز و جوانی. هونەری «دان براون» نەیتوانیوە ڕۆحی خۆی لە زیندانی ئوسوڵییەتی هزری ئایینی یەهوودی دەرباز بکات و وەک جوولەکەیەکی توندڕەو لە میراتەکانی تەلموود و تەورات دەڕوانێت و هێماگەلێک دەپەرستێت، کەچی لە هەمانکاتدا کردەی دەقئاوێزانی دان براون و دەقی دافنشی و سەرچاوە خەتەرناکەکانی پرۆسەی نووسینی سەربە کایە و کەناڵەکانی ئەهرامەکانی فیرعەونی و هزری ئەخناتون و زانستەکانی گریک و ئایین و ئاینزاکانی میترا»ییە.. بۆ نموونە پشتێنە بزمارداره‌کەی-سیلاس- کە لە پێناو «مەسیح» ئەشکەنجەی جەستەی خۆی دەدات، هەڵقوڵاوی هزری ئەفلاتوونییەتە لە بواری پاککردنەوەی ڕۆحدا، هەروەها «سیلاس»...مانەندی کاراکتەرێکی-سمیردیاکۆف»ی یا

وەک ناکەس بە چەیەکی خاڵی لە ڕۆشنبیری بەردەوام بەهێزەکانی ماسوولکە و وزەی بەدەنی دەنازێت، بەبێ هیچ هۆیەک باوکە بەد مەستەکەی دەکوژێت و دوای دزی کردن و مشەخۆری دەبێتە موریدی بەردەستی مانویل ئارینغا ڕوزای قەشە و تەقسەکانی (ئوبوس دای) ئەنجام دەدات، سیلاس لە دوایین چرکەساتەکاندا زۆر لە کەسایەتی «سیکلۆب»ی ئەفسانەی گریکی دەکات..کاتێ مانەندی لۆزەندەرێکی بریندار لە نەعرەتە دەدات، یان ئەو کاتەی بزمارە نوکتیژەکانی پشتێنی لەنێک و لا ڕانەکانی دەچەقێنێت و خوێن بە شێوەیەکی ترسناک فیچقە دەکات و ئنجا بە قامچییەک سەر پاکی لەشی خۆی سزا دەدات.

سزایەکی وا توند وتیژی ماسۆشی لە شیوەن و سینگ کوتانی شیعەکانی ئاینزای ئیسلام دەکات، کە لە پێناو مەرگی «حەسەن و حوسێن» بەتایبەتیش «حوسێن»، کە بەڕاوەشاندنی گورز و زنجیری تایبەت بۆ شیوەن سەراپای لەشیان خەڵتانی خوێن دەکەن، هەمان کردەی خۆ پاککردنەوە، یان پاقژکردنی ڕۆح بەهۆی سزادانی جەستەوە، هاوکات لە هەندێ تەریقەتی سوونە مەزهەبی سۆفیزمی ئیسلامیشدا ئەم کردەی سزادانی جەستەیە بوونی هەیە، نەخاسما دەروێشانی تەریقەتی قادری کە بە زەرگ وچەقۆ و شمشێر و خەنجەر و زنجیر لەشی خۆ زیواڵ زیواڵ و تیکە تیکە دەکەن، ئینجا بە حاڵ و جەزبە و وڕێنەی ڕۆحی و ئەڤینەوە ڕوو لە مورشید و دەروازەی عالەمی میهر و باڵا دەکەن،دەتوانم بڵێم ئەم هەموو کەرنەڤاڵی نووسین و هەڵدانی ڕستەی لەنجەدار و پڕ حەشیشە، ئەو هەموو زانستی ئەتباکی دۆزینەوەی چەمک و مانای وشە لێکدراوانەی «دافنشی» و لەززەتی گەمەی زمانە گشتی خۆی لە گۆرانییەک، غەزەلێکدا دەئاخنێت، ئەویش لاواندنەوە و لا لانەوەیەکە بۆ شالیسی پیرۆز، بادەی نەشئە بەخشی وڕێنەکانی چرکەساتی سۆفیزم، چونکە ئەو هێمای پیاڵەی عیشق و مەحەببەتی بوون و ساغەری شێوە پەری و ژیاندۆستی ئەزەلە، ئەو شالیسی ونبووی خوداوەندی پیرۆزی مێینەیەکە، مێینەیەکی پەرستراو، مەریەمی مەجدەلی ئاخڵەی ڕوخساری «مەسیح» و هێزی بیرکردنەوە و ئیکسیری نێو ئاپار و فەرموودە و فەرمایشتەکانی بوو، بەڵام «قسطنطین» و دامودەسگاکەی سەرکەوتووبوون لە وەرگۆڕینی جیهانێکی مێینەی وەسەنی بۆ مەسیحییەتێکی پاتریارکی و هاوکات تاوانبارکردنی مێینەی پیرۆز بە «بیغان» و باغانوس و بیغانز و شەیتان .

«قسطنطین»ی ئیمپراتۆری وەسەنی زۆربەی ئینجیلەکانی لەنێو برد و توانی هێما وەسەنییەکان ئاوێزانی ئایینی مەسیحییەت بکات و ئەوکاتە خەڵکانی «ڕۆما» خۆر پەرست بوون و لەبەر تیشکی ئاتووندا دەلالانەوە، هێما وەسەنییەکانیش بەم جۆرە بوون، لە پکەی خۆری میسری دواتر دەبێتە ئاخڵە و فەرمانبەری سەر سەرو لاجانگی قدیسانی کاسۆلیک»ی پێ دەورە دەدرێت، هێمای ئایکۆنی و وێنەیی «ئیزیس» کە «مەسیح»ی شیرەخۆرەی لە ئامێزە «واتە مەریەمی پاکیزە»یان تاجی سەری ئەسقف و کوشتارگەی پیرۆز و تەسبیحات و تەقسی چێشتی خودایی و یا تەقسە «میترا»ییەکانی پێش مەسیحییەت، وەک لە میتۆلۆژیا میتراییەکاندا هاتووە، کە خوداوەندی میترا بە کوڕی خودا و نووری جیهان نێوزەد کراوە و کە دەشمرێ لە گۆڕێکی بەردین دەنێژرێت و دوای سێ ڕۆژ زیندوو دەبێتەوە، ئەوەش یادگاری لە دایکبوونی ئیزۆس و ئەدۆنیس و دیۆنیزۆسە کە بە ڕۆژی «٢٥ دیسەمبەر» بەنێوبانگە یان دەرکەوتنی «کریشنا»ی کچە مەلۆتکەی بازەڵە بە زێڕ و زەنبەر و عەتر و بخوورەوە کە هێمایەکی وەسەنییە و گوێزراوەتەوە نێو ئایینی مەسیحی و هەتا ڕۆژی پشووی هەفتە Sunday ڕۆژی خۆر و ڕۆژ پەرستی، ئیتر ئەوانەی ڕوویان لە ئایینە پێشینەکەی مەسیحییەت کرد، واتا ئایینی بەر گۆڕانکارییەکانی «قسطنطین» بە«مهرطق» ناونران، وشەی «هرطقە» وشەیەکی لاتینییە و لە هیریتیکۆس heereticus هاتووە مانای هەڵبژاردن یان «اختیار» دەگەیەنێت، هەڵبژاردنی ئایینی کۆنی مەسیحییەت ئەو ئایینەی بەر لەوەی ئاوێتەی تەقس و هێما وەسەنییەکان بکرێت، بەڵام پرۆفیسۆر ڕۆبرت لانغدون بەردەوام

لەنێو زانیارییە ئاڵۆزەکانی «جاک سونییر» دا دەژی و لە زانستی ئایکۆنەکان و پەرستنی خوداوەندی مێینەی پیرۆز و هونەر و هێماکان دەکۆڵێتەوە و بەهۆی ڕێساکانی ئەتباک لە چەمک و ڕەگ و ڕیشاڵی چەندین جۆرە وشە و زاراوە و نێونیشانی تابلۆ و ئایکۆنەکان رادەمێنێت و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیان دەدات، بۆ نموونە: وشەی یان دەستەواژەی کروکس جیماتا= هێما، ئەو خاچەی کە «١٣» بەردی گرانبەهای بە خۆوە گرتووە، دەلالەت لە «مەسیح» و دوانزە نێردراوەکانی دەکات، یان تەقسەکانی «ئوبوس دای».. کۆمەڵەیەکە و ساڵی ١٩٢٨ لەسەر دەستی قەشەی ئیسپانی خوسیە ماریا دامەزراوە و خاوەن کتێبێکی رۆحانین کە لە ٩٩٩ خاڵ پێکهاتووە، ئەم کارە ئیلاهییانە لە ژیانی تاکە کەسیدا ئەنجام دەدرێن، رۆمانی (شیفرە) هەڵگری چەندین جۆرە تەقسی ئایینی و ئیرۆتیکی و ڕێبازی ئاینزای وەسەنی و مەسیحییەتی کۆن و یەهوودییە و سەرچاوەی زۆربەی ڕووداوە ئاڵۆزەکان پابەندی مەرگی «ژاک سونییرە»، تەرمە زەرد هەڵگەڕاوەکەی لە ڕاڕەوی مۆزەخانەی «لۆڤەر» دا و لەسەر ڕووبەرێکی تەختەییدا لە شێوەی سیسارکێک باڵەکانی ڕاخستبێت وایە، سونێر لەسەر جەستەیدا هێمایەکی سادەی نەخشاندبوو، پێنج هێڵی ڕاستی یەکتربڕ، لەنێوەندیدا ئەستێرەیەکی خاوەن پێنج خاڵ... کە هێمای ئەستێرەی پێنجانی و مێینەی لەنێوچووی پیرۆزە... ئێمە لایەنە ڕاوەدوونانە پۆلیسییەکان وەلا دەنێین و لەو شالیسە دەدوێین کە لە ئینجیلەکانی دوای «قسطنطین»دا هاتووە، کە مەسیح لە دوایین تەقسی ژەمی ئێوارەدا، لەتە نانێک بەسەر حوارییەکان دابەش دەکات و دەڵێ ئەمە جەستەمە و شەرابەکەی دەستیشی، ئەمەش خوێنمە، پاشان لە دوای لە خاچدانی «مەسیح» لەو کاسە پیرۆزەدا، چەند دڵۆپەیەک لەو خوێنە، واتا خوێنی مەسیح هەڵدەگرێت، بەڵام تێکست بەردەوام بە دوای شالیس یان کاسەی ڕاستەقینەی پیرۆزدا هەڵوەدایە، ئەو شالیسە پیرۆزەش مەریەمی مەجدەلییە، بەڵام تێکرای کۆد و هێماکان لە نێو تابلۆ و ئایکۆنەکانی «لیۆناردۆ دافنشی» دا ڕاڤە دەکرێت و هەوڵی کردنەوەیان دەدرێت- تابلۆی «پیاوێکی فیتروفی» پیاوێکی ڕووت و قووت هەردوو باسک و قاچەکانی درێژکردووە لە شێوەی سیسارکێک باڵەکانی ڕاخستبێت..

دافنشی وەک کیمیاگەرێک بڕوای بە خوڵقاندنی جۆرە ئێکسیرێک هەبوو بتوانێت وادەی مەرگ دوابخات، وێڕای هونەرە ئاڵۆز و نهێنییەکەی دافنشی دەیزانی کڵێسا لە ئایینی نوێدا هێمای مێینەی پیرۆزی وەلاناوە.

بەم جۆرە سۆفیا نوفو و ڕۆبرت لانغدون مانەندی مەسیح و مەریەمی مەجدەلی، لە شێوەی گەمەیەکی لەززەتداری پۆست مۆدێرنە، لە دوو تویی تێکستێکدا ڕاڤەی هێما و کردنەوەی کۆدە ئاڵۆزەکان ئەنجام دەدەن، مێینەی پیرۆز... ڤینۆس.. ئەشتار، ئەشتاروت، خوداوەندی «جوانی و ئەڤین- ئیرۆتیک»، ژاک سونییر... تا لە ژیاندا بوو، بەردەوام سۆفیای بە شازادە بانگ دەکرد.. سونییر کە لە لۆڤەردا کوژرا باپیرەی سۆفیابوو، بەڵام کۆدە... سونییری و دافنشییەکان، لە شوێن و جێگە و شتگەل و تێکست و ڕۆح و جەستەی بوونەوەراندا پەرش و بڵاوکراون...وەک وەرەقی کاغەزی «تاروت» بە پێنج ئەستێرە و ڕێژەیەکی «فای» پیرۆز و متوالیەی «فیبوناتشی» ئاماژە بە مێینەی پیرۆز دەدات، واتە ڕێژەی پیرۆزی «فای» کە لە ژمارەی ١,٦١٨ دایە و ڕێژەی «فای» لە تۆوی گوڵە بەڕۆژە و لە دابەشکردنی ژمارەی هەنگەمێیەکان بەسەر هەنگە نێرەکان و نووکی سەرە نێزەکاندا دەردەکەوێت، زۆربەی بەڵگەنامەکان ئەوە دەسەلمێنن کە (دافنشی) خۆی بۆ عیبادەت و پەرستنی خوداوەندی دێرینی مێینە تەرخان کردبوو.تابلۆی «ئاخرین ژەمی ئێوارە»ی دافنشی گەواهی ئەوە دەدات یان تابلۆی «بانووی کەڤران»، چونکە تابلۆکانی لیۆناردۆ دافنشی تژین لە هێما گەلی وەسەنی، ئیتر هێدی هێدی ڕۆبرت لانغدون و سۆفیا نوفو و تیبینغ دەکەونە کارکردن لە نێو شیعرە کۆد ئامێزەکەی ژاک سونییر و تابلۆکانی دافنشیدا، هەوڵدەدەن کۆدەکان بکەنەوە و هێما و دەلالەتەکان ڕاڤە بکەن..

سونییر ...لە تەقسی (کەرنەڤالی

پیرۆزی -بیروس غاموس)دا باوەڕی بەوە هەیە مرۆڤ لە ڕێگەی کردەکانی ئیرۆتیکەوە دەگاتە چرکەیەک تیایدا مێشک لەسەر لەبەری شتگەلەکان خاڵی دەکرێت و دەتوانێت دیدەنی مێهری ڕەها بکات، ئەمەیش لە سەفا و خاڵی بوونی زەینی نێرڤانا کار دەکات کە بێ ئەنجامدانی کردەی ئیرۆتیکی دەگاتە ئەو نەشئە ڕۆحانییە «بیروس غاموس»زاراوەیەکی گریگییە ،واتای زەواجی پیرۆز دەگەیەنێت، لەو کەرنەڤاڵە ئاییینییەدا پیاوان پۆشاکی ڕەش و ژنان بەرگی سپییان دەپۆشی واتا تەقسێکی ئیرۆتیکی سەردەمی ئیزیسە ئەو زانیاری گەلە ئەوە دەسەلمێنێت کە «دان براون» ی ڕۆماننووسی شیفرە بە شێوازێکی زانستی لە بوارەکانی فەلەکشوناسی و جیۆلۆژیا و ئاسەوارناسی و هیدۆلۆژیا و ڕێسا زمانییەکانی کۆد و ئەتباکدا بە وردبینی کاری کردووە، بۆ نموونە وشەی کروسیفیکس=صلیب-خاچ- وشەی کروس یان کروسیفیکس لە وشەی (کروشار)ی لاتینی وەرگیراوە واتای «ئەشکەنجەدان» دەبەخشێت، یان وشەی سانغریالی= خوێن... یان کاسەی پیرۆز مانا مۆرفیمییەکەی واتای سانغریال sangreal.. دەبەخشێت و وردە وردە شێوەی نوسینەکەی دەگۆڕێت بۆ سان غریل san-Greal گەڕان بە دوای نهێنییەکانی سندووقی کریبتکس و دەستەبەرکردنی چەمکی شالیسی پیرۆز کە گوزارشت لە ڕەحمی- پزدانی مەریەمی مەجدەلی دەکات.

یا ڕاڤەکردنی وشەی «یهوە» کە پابەندی تەقسێکی ئیرۆتیکییە و لە پەرستگای «شیکینا»ی خوداوەندا بە نیازی پەرستن ئەنجام دەدراو لەو کردەوەیەدا دەگەیشتە نەشئەی گیانی.. وشەی «یهوە»ش YHWH لە چوار پیت پێکهاتووە.

بە زمانی ئینگلیزیش Jen ovan کە مانای یەکبوونی جەستەیی نێر (یاە) و مێ Jan لە کاتێکدا «یهوە» توندوتیژترین خودای نێو تەوراتە، هەروەها نزیکە بە ناوی کۆنی «حەوا» کە بە زمانی «عیبری»پێی دەگوترێت -Ha Vah...هاوکات کۆمەڵەی «سیۆن» سوودیان لە «کابالا» و زانیارییە نهێنییە ئاییینییەکانی تەلموود وەرگرتووە، هەروەها زانستی ڕاڤەکردنی هێما و کردنەوەی کۆدە ئاڵۆزەکانی لە ڕێگەی (ئەتباش)ەوە بە ڕێسایەکی تایبەت جێگۆڕکێ بە پیتەکانی نێو تاقە وشە دەکات و جێگەی پیتی یەکەم بە جێگەی ئاخرین پیت دەگۆڕێت و پاشان پیتی دووەم لە جێگەی پێش دوایین پیت دادەنێت، بەم شێوەیە لەسەروو ڕووپەڕی دەسنووسە کۆنەکان کاردەکەن و ماناو دەلالەتە شاراوەکان دەدۆزنەوە، یان لەبواری فەلەکشوناسیدا کە هەسارەی مارس-مەریخ- وەک خوداوەندی دێرین هێمایە بۆ ڕەگەزی «نێر» و لە شێوەی سێگۆشەیەکی پەکلاکراوەیە-٨- دەلالەت لە چۆکی نێرینە دەکات و هاوکات- هەسارەی ڤینۆس- زوهرا لە شێوەی سێگۆشەیەکی یەکلاکراوە- ٧- ئاماژەیە بۆ یزدان- ڕحم-ی مێینە.

هەردوو هێماکە پێچەوانەوە و تەواوکەری یەکدین و سەیرورە و بەردەوامی ئەزەلی بە جوانی و بەدبەختییەکانی زیندەگی دەبەخشن، کەچی سەرجەم هێما مێیەتییەکان لە تێکستی ئایینی نوێی مەسیحییەتدا لادەبرێن و هێما نێرایەتییەکان شوێنیان دەگرنەوە، ئەمێستاش هێمای نێرایەتی کە شکڵ و شێوەی ژمارە هەشت «٨»ی وەرگرتووە و دەلالەت لە پیاوسالاریی دەکات و لە نێوەندی عەسکەرتاریدا بەکاردێت و لەسەر شان و ملی ئەفسەر و دەرەجەداران دەبەستریت، ئەم حاڵەتی باوکسالارییەش لە تابلۆی «دوایین ئێوارە ژەمدا»زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت، «بطرس» پەنجەی لە شێوەی شمشێرێک ئاراستەی مەریەمی مەجدەلی کردووە، چونکە شێوەی دانیشتنی مەسیح و مەریەم لە تەک یەکتردا، شالیسی پیرۆز یان غریل لە بۆشاییەکەی پیتی -M-دا خۆی دەنوێنێت و هاوکات مەریەمی مەجدەلی هێمای شالیس و دەلالەتی غریل و هەڵگری تۆرەمەی شاهانە و کریستاڵی جوانییەکانی نێو گیانی یەسووعی مەسیحە، هەمدیس سۆفیا و لانغدون لە ڕێگەی (ئەتباک) و (کابالا) و (ئارس) و (ماغنا)ی ڕۆمانییەوە.. لە شێوازی ٠سفوماتو-واتا «شێوازی تەمتومانی و دووکەڵاویی لە بواری نیگارکێشاندا»... لە هونەری نیگارکێشی دەڕوانن. .لیۆناردۆ دافنشی بەم شێوازە سیحراوییە لە تابلۆی «مۆنالیزا» دا کاری کردووە و لە ژێر چین و توێخەکانی ڕەنگ و ڕەنگڕێژی و شەپۆلە

ئێستێتیکییەکانی ڕوخساردا کۆدگەلێک خۆی حەشارداوە، کە دەربڕی نهێنییەکانی شالیسی پیرۆزە و ئاماژە بۆ مێینەپەرستی دەکا.. کۆدەکان بەم شێوەیە دەکرێنەوە

گوڵە زەنبەق/گوڵە لیزا/ مۆنالیزا

مۆنالیزا=جوکوندا «بە زمانی فەرەنسی»

هیرمس= ئەفرۆدیت= هیرما فرۆدیت

ئامون= خوداوەندی نێری پیت و بەرەکەت AMON

ئیزیس= خوداوەندی مێینە Lisa

AMON LiSA

ئامون لیزا...یەکێتی پیرۆز لە نێوان نێرومێدا یا ڕەگ و ڕیشاڵی وشەی بافومیت، دەگەیەنرێت بە وشەی- سۆفیا- لە فەلسەفەی یۆنانیدا هێمای حیکمەتە، واتا مەریەمی مەجدەلی ئەو گوڵە پیرۆزەیە کە تۆوی یەسووعی هەڵگرتووە، کۆمەڵەی برایانی سیۆن، کۆمەڵەیەکی دێرینە و (لیۆناردۆ دافنشی) لە ساڵی ١٥١٠ تا ١٥١٩ سەرۆکایەتی کردووە و ئەندامە دیارەکانیشی پێکهاتبوو لە بوتیشلی، ئیسحاق نیوتن، ڤیکتۆر هۆگۆ، جان کۆکتۆ، بەڵام کۆمەڵەی «ئوبوس دای»وەک بزووتنەوەیەکی توندڕەوی کاسۆلیکی سەر بە فاتیکان و تا دوایین چرکەسات ڕاوەدووی ئەندامانی برایانی سیۆن دەنێت و لێناگەڕێن نهێنی «شالیس»ی پیرۆز ئاشکرا بێت، ئیتر چەندین جۆرە شێوە و شێواز دژایەتی هزری ئاشکراکردنی کریبتکس و کردنەوەی کۆدە ئاڵۆزەکان دەکەن، ئەمەیش بەسەرپەرشتی «فاتیکان» و لە ڕێگەی ئارینغا ڕۆزای قەشە و سیلاس و فاش و پیاوانی ترەوە، تێکست لە شێوەی وێنە و لەقتەی سینەمایی بەردەوامی بە ڕووداوەکان دەدات و زۆر لە چیرۆکە پۆلیسییەکانی ئاجاسا کریستی دەکات، پاشان تێکست هەوڵی بە «یۆتۆپیا»کردنی شوێنە واقیعییەکانی داوە، بۆ نموونە مۆزەخانەی لۆڤەر تا دێ ژوور و هۆڵ و ڕاڕەوەکانی لە دوو تویێی خەیاڵێکی ترسناکدا دەخاتە بەر دیدی خوێنەر، ئەی کڵێسای سانت سولبیس کە لەسەر پاشماوەی پەرستگایەکی میسری تایبەت بە «ئیزیس» بونیاد نراوە، لەو کڵێسایەدا مارکیز دی ساد و بۆدلێر لە ئاو هەڵکێشراون و ڤیکتۆر هۆگۆش تەقسی زەماوەندی ژنهێنانی تیا ئەنجام داوە، وێڕای وەسفکردنی دەروازەی چەندین کاتدرائیە و کڵێساکان بە کاسەی پیرۆز و ئەندامی مێینەی ئافرەت و غریل، هەروەها یۆتۆپیای شوێن لە کۆشکی «فیلیب»دا هێندە بە فەنتازی دەکەوێت، دەڵێی فیردەوسی دەستنووس و کتێبە دێرینەکانی زەمانن، ئەو هەموو ئەرشیفی هونەری و ڕەفەی پڕ قەوان و شەرابی چەندین ساڵە و مۆسیقای کلاسیک و یادەوەری سوارانی هەیکەلی سلێمان و نیگارخانەی دەگمەن و دانسقە، یەکسەر ژیاری فەرهوود کراوی کوردستانی باکوورم، وەبیر دێنێتەوە، ژیاری ڕەنگاو ڕەنگی «عەبدال خان» کە چەندین جۆرە کتێب و دەستنووسی دەگمەن دەگمەن و تابلۆ و نەخش و نیگاری سیحراوی و ئاوازگەلێکی ئاهورایی گرتبووەخۆ، بەڵام کردەی دەرچوون لە شوێنی تەسک وتریسکی واقعی لە کڵێسای «ستمنتر» و «ڕوسلین»دا دەگاتە چڵە پۆپە و ڕەگەزی فەنتازی بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە لەنێو نەخشونیگار و بازنە و گوڵە وەسەنییە کاندا دەڕەخسێت، لە میان هێماکانی شالیس و وەرەقی تارووت و شمشێر و سەوڵەجان و گۆڕستانی پاشا و سیاسەتوان و زانا و شاعیر و مۆسیقارەکانەوە ئاماژە بەو ژنە قژ سوورە دەدا ، کە لە تابلۆ بەناو بانگەکەی «دافنشی» دا، لەلای ڕاستی «مەسیح»« دانیشتووە و «بطرس» ی پاتریارکی هەڕەشەی لێ دەکات، هاوکات ئەو گۆڕستانە پان وپۆڕە کە مەفتەنی پاشا و شازادە و هونەرمەند و زانا و شاعیرانە.

هەستێکی نەهلیستی بە ڕۆحی خوێنەر دەبەخشێت و پێی دەڵێت ژیان لە گەمەی نووسینێکی فەنا ئامێزی لەززەتاوی زیاتر چیتر نییە... گەڕانەوە بە دوای گۆڕی ڕازاوەی «ئیسحاق نیوتن» کە لە پانتایی ئەم گۆڕستانەدا تۆپێکی وەسەنی شاردۆتەوە، تۆپێک لەو سێوە دەکا کە «حەوا» گوناهی یەکەمی پێ ئەنجام دا، لێرە لەم گۆڕستانەدا (لانغدون) ڕوو لە سۆفیا دەکا و لە ماسۆنییەتی هەریەک لە فاگنەر و مۆزارت و بتهۆڤن و شکسپیر و سوارانی هەیکەل و برایانی سیون دەدوێت.کەچی تێکست لە کڵێسای «دۆسلین- ڕۆزلین»دا هەمان گەمەی زمانی «ڕۆلان بارت» دووبارە

دەکاتەوە، لەنێوان وشەی «ساراسین- سارازین»دا «بارت» لە چیرۆکێکی «بەلزاکدا» بەدوای جوانییەکی تەواو و بەرکەماڵدا دەگەڕێت، واتە «دان براون» لەم کلێسایەدا هەوڵدەدات سێگۆشەکانی ڕۆسلین و ڕۆزلین یەکترببڕن و ئەستێرەکەی داوود پێکبێنن، چونکە کلێسای ڕۆسلین، کە پەرستگای ماسۆنی و برایانی سیۆن و سوارانی هەیکەل و مەفتەتی هونەرمەند و نەقاشانە، کردەی نووسین لەم بوقعەی کلێسایەدا هەوڵێکی تەواوی یۆتۆپیانووسی داوە، یۆتۆپیایەک هەڵگری مەرجەکانی فەنتازیا و کریستاڵەکانی ئیستێتیکە، چونکە «ڕۆزلین» لە کۆشک و فیردەوسێکی کولتووری دەکات هەڵگری سەرپاکی توحفەی ئایین و میتۆلۆژیاکانی سەر ڕووی زەمین بێت، ڕۆسلین... پڕیەتی لە ئایکۆنی جۆراوجۆر، دیوارە مەڕمەڕییەکانی بە نەخش و نیگاری هێما ئامێز هەڵکەنراوە، زەخرەفە و نەقاشی، وێنەگەلێک لە ئەستێرە و هەسارەی وەسەنی، شکڵ و ئاماژەی خاچەکانی مەسیح، دروشمەکانی ماسۆن، زناکەکانی میترا زێڕ و زەنبەر لە شێوەی قۆچی گا و هێماکانی پیت و فەڕ، ئاماژەی هەرەمەکان، بورجەکانی کەیوان، چەندین جۆرە گیاو گوڵ و هەردوو ستوونی «بواز» و «جاکین»، بەڵام کێشەی سەرەکی «دان براون» لەوەدایە خەریکە لە نێو فەزای توحفەیەکی کراوە و خەتەرناکی ئەدەبیدا، مەترسیدارترین گەمەیەکی لەززەتداری پۆست مۆدێرنی بەرپا دەکات و دەیەوێت ئایینی مەسیحی لە ڕەگ و ڕیشاڵ و بناوانەوە هەڵتەکێنێت و سەربەرە ژێری بکات، کەچی خودی ڕۆماننووسی خۆی کە ئاوێتەی گیانی کاراکتەرەکان دەبێت، تا ئێستا پەرستی ڕێسا و یاسا و هێماگەلێکی یەهوودییە، واتا «دان براون» نەیتوانیوە خۆی لە زیندانە نەگۆڕ و توندوتیژەکەی ئوسوڵییەتی ئایینی یەهودییەت ڕزگار بکات، چونکە گەمەی پۆست مۆدێرنە، هەموو کۆسپ و ئاستەنگ و لەمپەر و زیندانەکانی ئوسوڵییەت تێکدەشکێنێت و دەرفەتێک بۆ ڕۆحی مرۆڤ دەخوڵقێنێت، کە بتوانێت لە کەشوهەوایەکی پڕ میهری ئێستێتیکیدا سەرپاکی مرۆڤایەتی خۆشبوێت و دژی مەرگەسات و هەقایەتە گەورەکانی مۆدێرنە بوەستێت بەتایبەتی ئەوانەی کە بازرگانی بە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەکەن، ئیتر تێکستی «شیفرە» بە هەموو هەوڵ و کۆشش و شێوەیەکی هەڵوەدا و سەرگەردانی شالیسی پیرۆز و خوێنی خانەدانی و زاروزێچ و تۆرەمی هەیکەلی موقەددەسە.

دەڵێ: ئۆپێرای «بارسیفال»ی فاگنەر سڵاوێکە بۆ ڕۆحی مەریەمی مەجدەلی، هەروەها شاعیرانی ترۆبادۆری فەرەنسی لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک ڕاهیب بوون، لە کلێسای «مەجدەلی»دا بە ئاوازەکانی مۆسیقا خزمەتی شالیسی پیرۆزیان دەکرد، پاشان ئەو شاعیرە لیریکی و گەڕۆکانە قەرەج ئاسا بە دنیا کەوتن تا میهر و ئەڤینی مەریەمی مەجدەلی بەسەرتاسەری گەردوون بگەیەنن، ئەمێستاش قوماربازانی کاغەزی «تارون» کە لە «کوپەی سوور» دەڕوانن، بیر لە گوڵ و ئەستێرەی پێنجانە و سەوڵە جان و سێو و لەپکەی خۆر و سێگۆشەی یەکلاکەرەوە و شالیسی مێیەتی پیرۆز و پاکێتی و عیشق و جوانی و پیرۆزیی ئەوئافرەتە سۆفیزمە پرچ سوورە دەکەنەوە کە لای دەستەڕاستی «مەسیح» دانیشتووە و «بطرس» بە پەنجەی شمشێر ئاسای هەڕەشەی لێ دەکات.

**سەرچاوە:**

**شیفرەی دافنشی- ڕۆمان.**

**نووسەر - دان براون.**

**وەرگێڕی عەرەبی- سمة محەمەد عەبد ڕەبە.**

**الدار العربية للعلوم - بيروت - لبنان.**

**چاپی یەکەمی،ساڵی ٢٠٠٤.**

# وەڵامێکی هێمنانە بۆ فەرهەنگی «سیدرا»م خوێندەوە

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش یەکێ لەو نووسەرانەیە کە ڕێزێکی تایبەتیم بۆی هەیە، مامۆستای هێژا یەکێ لەو نووسەرانەیە کە هەم ڕۆماننووسەو هەم وتارنووسێکی دیاری شاری هەولێرە. من خۆم مامۆستا عەزیزم وەک گیوی موکریانی و مام هەژار و شوکر مستەفا دەبینی. قەناعەتێکم لەلا دروست ببوو کە زمانی مامۆستا هەمە ناوچە بێ و زۆر ئاگای لە دیالێکتە کوردییەکان بێت، بەڵام لەو وتارە ڕەخنەئامێزەی لەسەر فەرهەنگی سیدرا نووسیبووی، تووشی هەڵوێستەیەکی کردم.

ئەو «هەڵانەی»، مامۆستا بە هەڵەی زەقیان ناو دەبات تاک و تەرایەکی نەبێ هیچی هەڵە نین، بەڵکو مامۆستا خۆی کەوتۆتە هەڵەی زەقەوە. ئەو هەڵە زەقانەی مامۆستا عەزیز دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان: مامۆستا عەزیز شارەزاییەکی باشی لە جۆری فەرهەنگ داناندا نییە. ئەو فەرهەنگەی من فەرهەنگێکی گیرفانییە، فەرهەنگی گیرفانیش زۆر سنوورداره و جێگەی دیاردەی فرە واتایی هێندە لێنابێتەوە کە هەموو واتایەکانی وشەیەک لەخۆ بگرێ.

دووەم: قەت باوەڕم نەدەکرد مامۆستا عەزیز کرمانجی سەروو نەزانێ، چونکە زۆربەی ئەو وشانەی ئەو پێی هەڵەن، ئەویان بەهەڵە بردووە! بۆ نموونە سەیری ئەم چەند هەڵەیە بکە:

١- نیای و ئاشینا
٢- بلویل
٣- وەریس
٤- ئێبەگ، هێلەگ
٥- کتک- کت

٦- دانی
٧- کەر، کەرێ پەزی
٨- کوشتی... تاد

من گلەییەکم لە مامۆستا هەیە، لە هەندێ شوێن کەمن دڵنیـام لە تەمـەن و قـەڵەمی ئەو ناوەشـێـتـەوە، بە ئەنقەست، یاری بە هەندێ وشەم کراوە جا قرتێندرابێ، یان نیوەی نووسرابێ، یان هەندێ شت نووسرابێ ئەسڵەن لە فەرهەنگەکەمدا نییە، هەر بۆ نموونە:

(١) لەلاپەڕەی یەکی فـەرهەنگەکـەدا «ئاخـوڕ» بە واتای «معلف» نووسراوە، کەچی ئاماژەی بۆ نەکراوە.

(٢) «دێ» «وەک» ناو و «فرمان» وشەی بۆ هێنراوە، کـەچی مـامـۆسـتـا تەنیـا جـەخـتی لەسـەر ئەوەی دووەم کردووەتەوە، ئەویش بەهەڵە. من نووسـیـومـە «دێئێت» کەچی ئەو بە «دێنێت» لێکی داوەتەوە ونووسـیـویەتی: «کەسێک شت لەگەڵ خۆی بهێنێنت»

(٣) بۆ «ڕەشک» مـن نووسـیـومـە «ئێـرەیی» مـامـۆسـتـا«یی» «ڕەشکردۆتەوە و نـووسیـویەتی وشـەی «ئێرە» بە عەرەبی «هنا»!!

(٤) بۆ «دەسـتـە» من «دەسـتـەک» و «دزینە»م نووسیوە، کەچی نازانم مـامـۆسـتـا وشـەی «دەرزینە»ی لە کـوێ هێناوەو دەنووسێ: «دەرزینە» نیـیـەو «دەرزەنە»! هیـوادارم مـامـۆسـتـای بەڕێز ئەوەندە دڵی گـەورە بێ و وەڵامـەکەم قـەبوول بکات، هەروەک چۆن من ڕەخنەکـانی ئەوم قەبووڵ کرد...

ئێـسـتاش با لە هەندێ لە ڕەخنەکانی مامۆستا عـەزیز وردبینەوە

(١) بۆ وشـەی «ئاخ» من نـووسیـومە حسـرة، تنهـد، کـەچی مـامـۆسـتـا عـەزیز پەسـەندی (وأها، الأسف) دەکـات. با بزانین لەم ڕسـتـانەی خـوارەوەدا کـامـەمـان ڕاستترین:

- بە ئاخ و کەسەرەوە مرد= بە حەسرەتەوە مرد.
- ئاخێکی لێوە دێ= هێشتا هەناسەی دێ.

لە «هەنبانە بۆرینە» و «کوردستـان» و «نۆبەرە» ئاخ بە داخو کەسەرو خۆزیا و ئاه و هەناسە هاتووە!

(٢) لە وشـەی «ئاخـوڕ» مـامـۆسـتـا دەیەوێ بەخـوێنەر بڵێ کـە من نازانم ئاخـوڕ بە واتا «مـعلف» دێ، بۆیە دەنووسێ: «ئاخوڕ شـوێنێکی تایبـەتی ئالیک تێکردنە، عەرەبییەکەی «معلف»ە.

ئەی مـامـۆسـتـای بەڕێز لە دوا وشـەی لاپەڕەی یەکی فـەرهەنگەکـەم بەم جۆرە نییە: ئاخوڕ، هاڤر، معلف؟! لە لاپەڕە دوو نووسـیـومـە ئاخوڕ بەشێکە لە تەویلە کـە بە عـــــەرەبی بە واتـا (اصـطـبـل) دێت، زۆر بـە ڕوونـی نووسـیـــومـــە ئاخـــوڕ /تەویلە، ســتـــەبل ئەوەی لە فـەرهەنگنووسین شـارەزا بێ دەزانێ ئەم نیـشـانەیە (/) لەگـەڵ (،) زۆر لەیەک جـیـــان. لە وشـــەی عـــەرەبی «اصطبل» و ئینگلیـزی Stable خـوێنەر دەزانێ من مـەبەسـتم چییـە. وێڕای ئەمـەش لە فـەرهەنگی نۆبەرە، لاپەڕە (١٢٧) بۆ وشـەی (اصطبل) وشـەی (ئاخـێـر) دانراوە.

(٣) نووسیومە: «ئارەزوو، حەز، ڤیان= رغبة، میل» کـــەچی م. عـــەزیز دەنووسێ «ڤـیـــان» بە مـــانـا خۆشەویسـتییە، نەک ئارەزوو.. و حەز. لە مـامۆستای بەڕێز دەپرسم خۆشەویستی: حەزو ئارەزوو نەبێ دەبێ چی بێ؟!

(٤) بۆ ئارەقـخۆر/ عـارەقـخـۆر نووسـیـومـە: سکران، شـارب الخـمـر، مـدمن. باوەڕی من وایە ئەوەی ئارەق دەخـواتەوە «سـەرخـۆش» دەبێ. هەروەها خـووشی پێ دەگرێ (مدمن). مامۆستا خۆی کوڕە مەلایە لە قورئان شارەزایە دەزانێ لە قـورئاندا هاتووە «**ولا تقربوا الصلاة و انتم سکاری**» هەروەها دەزانێ «ئارەق» لە کۆمەڵگەی عـەرەبیـدا بە قـۆناغ قـەدەغـە کـراوە، چونکە زۆربەی خەڵکەکە خوویان بە ئارەق خواردنەوە وە گرتبوو، ئاسان نەبوو بە یەک جار تەرکی بکەن.



(٥) لەم خاڵەوە مامۆستا کەوتۆتە زۆر هەڵەی زەقەوە و دەردەکەوێ مامۆستا هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆی دەربارەی کرمانجی سەروو نییە. بۆ هەر خاڵێک لە شوێنی خۆی قسەی خۆمان دەبێت.

من نووسیومە: «ئازا، زیرەک، پەیت= شجاع، شهم» مامۆستا دەنووسێ: «ئازا» ڕاستە «شجاع»ە، کەچی «زیرەک- شاطر، نشیط، ذکی»یە، مامۆستای بەڕێز ئەم فەرهەنگەی من کورتکراوەی «فەرهەنگی ئۆکسفوردی نوێ» مە، کە فەرهەنگێکی سۆرانی- بادینی- ئینگلیزییە. لە دهۆک و دەوروبەری وشەی «ئازا» بۆ شجاع بەکارناهێنن، بەڵکو «زیرەک» بەکار دێنن. هەروەها مامۆستا دەکەوێتە هەڵەیەکی ترەوە و دەنووسێ: بە بۆچوونی من «پەیت» دژی «شلە» نەک بە مانای ئازا! مامۆستای بەڕێز وشەی «پەیت» نەک لە بادینان، بەڵکو لە زرارەتی و دەوروبەری هەولێریش بە واتای ئازاو چەلەنگ دێ. ئەو (پەیت) و (شلە)ی تۆ باسی دەکەی لێرەدا جێی نابێتەوە.

(٦) ئاژوە، شەپرزە نەک (شپرزە) وەک م. عەزیز بەهەڵە دەینووسێ. لەلاپەڕە (٤) و (٥١) وشەم بۆ ئەم دوو هاواواتایە هێناوەتە، مامۆستاش پشتگیری کردووم، چونکە ئەو خۆی دەنووسێ وشەی شپرزە بۆرە واتایەکی دەچێتەوە سەر ئاژاوە! بۆیە هیچ ناڵێم.

(٧) لەلاپەڕە شەش نووسیومە «ئاشنا، نیاس، ئاشینا= الاقرباء. وشەی (الاقرباء) لە نەزەر من بە نزیکاتی، ناسیاوی، ناسیاری دێت، مام هەژار و گیو مرکریانی-ش لەگەڵ مندا هاوڕان، ئەوەتا لە هەنبانە بۆرینە لاپەڕە (٧) بۆ ئاشنا (ناس و ناسکری) هاتووە، هەروەها لە فەرهەنگی (کوردستانیش) لاپەڕە (٩) (ناسیاو) و (ناسیار) هاتووە. مامۆستا دەنووسێ سەریشم لە وشەی (نیاس) و (ئاشینا) دەرناچێت».... ئەم دوو وشەیە لە بادینان زۆر بەکار دێن!

(٨) لێرەدا بەهەڵە وشەی (عمة)م بۆ ئامۆژن یان مامۆژن بەکارهێناوە

(٩) لەلاپەڕە (١٠) بۆ (ئاورینگ) و «خوناف» و «ندی» بەکار هاتووە، مامۆستا هیچ ڕەخنەی نییە و نازانم بۆچی نووسیونی. خۆی دەزانێ ئەمە «فەرهەنگی گیرفانی»یە، فەرهەنگی گیرفانی چۆن جێی «گرێییەکی بەسۆبە لەتاو ژانی بربن.... دەبێتەوە ئەم پرسیارە تەنیا لە خۆی دەکەم، هەرچەندە ئەوەی ئەو دەیڵێ» ئارینگ»ە نەک ئاورینگ.

(١٠) بەڵێ مامۆستای بەڕێز سۆریکە بە واتای (حصبة) دێ تۆ ڕاستی من هەڵەم.

(١١) «ئۆباڵ» بەتەنیا بە واتای «گوناح» نایەت هەتا ڕستەکەی مامۆستا عەزیزیش ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. (ئۆباڵ+ مل) یان (ئۆباڵ+ ئەستۆ)، ئەوجا بە واتای گوناح- ذنب- خطیئە دێ، واتا مەعنەوییەکەی «عاتق»یش هەروایە، بۆیە من هەڵە نیم لەوەی «ئۆباڵ»م بە عاتق» لێکدایەتەوە.

(١٢) مامۆستای بەڕێز ئەتک و شەرەف هاوواتای یەکترن، نەک دژی یەک بن وەک تۆ دەڵێی کە دەڵێین: «ئەتکیان کرد»، «هەتکیان برد» بە واتای «شەرەفیان شکاند»، «ئابڕوویان برد» نایەت؟! من نەمزانیوە (ئەتک و هەتک و ناموس) شەرەف نەبن؟

(١٣) وشەی «ئەغیار» لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا زۆر بەکار هاتووە و بە کورد نامۆ نییە. کە واتای «بێگانەش» بدا، هەر بەواتای دوژمن و نەیار دێت نەک «اجنبی»

(١٤) پێم سەیرە کە مامۆستا دەڵێ (باخەڵ) بە واتای (ابط) نایەت، ئەو گشتگیرییەی «باخەڵ» هەر (جیب) ناگرێتەوە، بەڵکو (ابط)یش دەگرێتەوە

(١٥) «بردن» هەر بە واتای (اخذ) نایەت، بەڵکو بە واتای (مصادرة)ش دێت. با سەیری ئەم ڕستەیە بکەین:

– پۆلیسی گومرگ ئازادیان گرت و پارەکەشیان برد.

ئەمەو (دەست بەسەراگرتن) زیاتر بە واتای (ضبط) دێت لەوەی هەر (مصادرة) بێت.

(١٦) (بلوور) دوو واتای هەیە: یەک (کریستاڵ) وەک مادده، هەروەها بۆ (جوانی) لە ئەدەبی کلاسیکیدا زۆر لە شاعیران (گەردن بلوور)یان لە وەسفی یارەکانیاندا بەکارهێناوە، هەرچی (بلوول)ە، ئەوە شتێکی ترە! واتای دووەم: بلوێر دەگەیەنێ. بادینانییەکەش (بلویل)ە، نەک (بلوێل) وەک مامۆستا دەڵێ.

(١٧) لە ڕووی ڕەنگەوە باوەڕم وایە (رمادی) و (رصاصی) خۆڵەمێشییە یاخود (بۆرە)، هەروەها بە حوکمی ئەوەی (بۆر)، (بۆز) لە ئاکامی تێکەڵبوونی (سپی و ڕەش) دروست دەبن، بۆیە لە زۆر فەرهەنگ بە هاوواتای یەکتر هاتوون، سەیری (نۆبەرە) لاپەڕە (١٢٤-١٢٥) بکە. هەروەها (اشمط) بە واتای (بۆر)

دێت. سەیری (نۆبەرە) و فەرهەنگی (دەریا) لاپەڕە (٢٨) بکە. لە گوندانیش دەڵێن: بۆز بووی! بۆرە! بە ڕاستی بۆر بووە.

- کوڕە ئەمە چ ڕەنگێکی نییە بۆرە بۆر!

(١٨) لە عەرەبی (حمل) بۆ بەرخ و کاوڕ بەکاردێ، هەتا (خروف)یش هەر (حمل)ە، بەڵام (خروف) بۆ هەردووکیان بەکارنایەت. لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشە چاپی سێیەم بۆ واتای (بەرخ) حمل و خروف هاتووە، هەروەها لە فەرهەنگی دەریا لاپەڕە (٢١٨) بۆ (حمل) بەرخ نووسراوە.

(١٩) مامۆستا ڕاست دەکەی (چڵم) لەوێ زیادە، هەر خۆشت نووسیوتە. من لەلاپەڕە (٧٤) بۆ چڵم (مخاط)م نووسیوە.

(٢٠) بۆ (وەریس) هەرهێندە دەڵێم، چونکە مامۆستا شارەزایی لە کرمانجی سەروو نییە، بۆیە بە هەڵە لە «وەریس» گەیشتووە (وەریس و گوریس) یەکن.

(٢١) لە کرمانجی سەروودا بێژینگ و ئێلەگ و هێلەک هاوواتان- سەیری فەرهەنگی سەلاحەدین لاپەڕە ٨٥٥ بکە بۆ Sieve نووسراوە: ئێلەگ، هێلەگ، بێژینگ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر مامۆستای بەڕێز من لە کرمانجی خوارووداا- سۆرانی- ئەوانەم لە یەک جیاکردۆتەوە. من لەلاپەڕە (٤٠) بۆ بێژینگ دوو وشەی کرمانجی سەروو ئێلەگ و هێلەگ-م نووسیوە، بەڵام بۆ (هێلەک)ی سۆرانی لەلاپەڕە (٢٨٢) وشەی (منخل)م بەکارهێناوە! من دڵنیام مامۆستا شارەزایی لە بادینانی هەبووایە نە تووشی ئەوەندە هەڵەیە دەبوو، نە ئەو هەموو کاتەی منیشی بە وەڵامدانەوە بە فیڕۆ دەدا.

(٢٢) ئەگەر عەرەب وشەی (تابوت) یان نەبووایە- دەموت (نعش المیت) نەک تەنیا (نعش) وەک مامۆستا دەڵێ. دیارە تابوتی کوردی و عەرەبی یەکن، نازانم مامۆستا بۆچی خۆی لەم وشەیە داوە.

(٢٣) من نەمنووسیوە تارمایی: شبح، سێبەر، ظل؟! ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ئەرێ واتایەکی تری تارمایی: سێبەر نییە؟

٢٤- مامۆستای بەڕێز (کتک) هەر بە واتای (پشیلە) نایەت، بەڵکو لە کرمانجی سەروو بە واتای (تاک) دێت وەک من نووسیومە.

(٢٥) بۆ وشەی (تاق) من (دیوار)م نووسیوە. مامۆستا بۆ (تاق) پێنج وشەی نووسیوە، یەکێ لەوانە (دیوار)ەکەی منە! مامۆستای بەڕێز «سیدرا» فەرهەنگێکی گیرفانییە هیچ ماقووڵ نییە لە فەرهەنگی گیرفانی نووسەر (پێنج!) وشە بۆ وشەیەک بنووسێ.

(٢٦) مامۆستا دەنووسێ (وهیج) گەرمییە نەک بریقە. جارێ من وشەی (بریقە)م بەکار نەهێناوە، بەڵکو وشەی (تریسکە)م بەکارهێناوە. (وهیج) بە واتای کڵپە و گەشانەوە و بڵێسەش دێت، تریسکەو وشە بادینانییەکانیش ئەو واتایە دەبەخشن.

(٢٧) مامۆستای بەڕێز من (تۆپیو) و (مردار)م لەیەک جیا کردۆتەوە، بەڵام دیارە تۆ نەتبیستووە، ئەگەر نا لەلاپەڕە (٦٠) بۆ تۆپیو: میت للحیوانات-م نووسیوە بۆ (مردار)یش لە لاپەڕە (٢٢٠) (میتة بدون ذع و فاطس)م نووسیوە. مامۆستا شوکر ئێمەش کوردین دەزانین (تۆپیو) و (مردار) دووحاڵەتی جوایەزن!

(٢٨) تەون: (صناعة السجادة)یە، ئەوەی تۆ دەیڵێی تەونکارییە.

(٢٩) «بێ خیرەت» بە واتای تەوەزەل، تەمبەڵ دێ. دیارە مامۆستا (بێ خیرەت) و (بێ غیرەت) لێ تێکەڵ بووە، لە گوندەکانی باکووری هەولێر و لە بادینان (بێ خیرەت) زۆر بەکاردێن

- هەستە بێ خیرەت تۆش ئیشەکی بکە.

- هێندە بێ خیرەت مەبە.

٣٠ (غطاء) جاجمیش دەگرێتەوە، (مێزە)ش بە واتای ڕوانین نایەت، بەڵکو واتایەکی پۆشین- غطاء لەخۆ دەگرێ. ڕاستە (جاجم) بە واتای (شف)یش دێ.

٣١- بۆ (جاش) بێچووی گوێدرێژ ass و بەکرێگراو Mecenary جحش و مأجورم بەکارهێناوە، قەت نەمزانیوە (جاش) بۆ هێستری ساوا بەکارهاتبێت.

(٣٢) نازانم بۆ قاچاغچی، چەتە نەبێ؟ لە کۆندا دەیانوت: فلان قاچاغە!

(٣٣) خم ڕەنگەو بەعەرەبییش صبغ کە (هش)ی پێ دەڵێن. کوردیش دەڵێ هەی سەر بە هەش. ئەم زیادەیە تایبەتترە و لە چاپی دووەم (هش) بۆ صبغ زیاد دەکەین.

(٣٤) خۆڵ وتۆز هاوواتای یەکترن.

هەندێ خۆڵم کەوتە چاوی.

ئەم لەلایەک، لەلایەکی تر من نووسیومە (توز) نەک (تۆز) (توز)یش لە بادینی بۆ «خۆڵ» بەکار دێ. واتایەکی تری (خۆڵ) بە واتای (گڵ) دێ، کە من نووسیومە غبار- بۆ تۆز، تربە بۆ (گڵ) لەسەر ئەم

لێکدانەوەیە بووە، نەک من تێکەڵم کردبن!

(٣٥) (خەرمان) هەم بە واتای «بیدر» دێ، هەم بە واتای «حصیدە»ش دێ. لە کوردیش هەردووکی دەڵێین:

- خەرمان بەرەکەت
- جۆخینی ئەمساڵمان باش نەبوو
- دەچینە سەر جۆخینان.

(٣٦) بۆ (خێو، ستاڤک) نووسیومە «شبح». جا کە (خێو) پێنج شەش واتای تری هەبێ، ئەوە لە فەرهەنگی گیرفانیدا جێی نابێتەوە!

(٣٧) دانوو: (حبوب)ە بە «نقیع الحنطة»ش دێ، بەڵام نەمزانیوە بە واتای (نەخۆشی باڵندە)وە بێت. (دانی): دانووی سۆرانییە، نەمزانیوە بە واتای (دابەستە) بێت. بەم واتایەش بێت من باسی دانوو دەکەم نەک دانی!

(٣٨) هیوادارم مامۆستا لێم زویر نەبێ لە وشەی (دووپات) کە بە واتای (مساندة) دێت. نازانم کە تۆ هەڵوێستێک دووپات دەکەیەوە ئەگەر بە واتای- مساندە- نەبێت بە واتای چی دێ؟

(٣٩) دەبەنگ زیاتر بە (غبي) و(بليد) لە ئینگلیزییەکەش من (stupid)م نووسیوە، بەڵام (کسلان)ەکەم لە جێی خۆی نییە، هەروەها ساویلکەش لێرە لە شوێنی خۆی نییە. لە لاپەڕە ١٤٢ بۆ (ساویلکە) (ساذج)م داناوە.

(٤٠) بۆ وشەی (دەستە، دەستەک)، «دزینە»م بەکارهێناوە، لە هیچ فەرهەنگێک (دەستە) بە «هاوتەمەن، ئاوزە و هاوڕەگەز» نەهاتووە، مامۆستا ئەوەی لە هەر شوێنێک دیتبی، ئەوە لە فەرهەنگی گیرفانی جێی نابێتەوە. هەروەها من وشەی (دەرزینە)م بەکارنەهێناوە تا مامۆستا بۆم ڕاست بکاتەوە و(دەرزەن) بنووسێ!! ئێمە دەڵێین:

- دەستە هێلکەکم بدێ= بە واتای دوازدە نایەت وەک مامۆستا دەنووسێ. دەستە هێلکەی ئێستا سێ دانەیە!
- دەستە پاکەتێکم بدێ: گرۆزەکم بدێ، بە واتای (دە) پاکەت دێت نەک دوازدە، بەڵام کە دەڵێین دەرزەنەک منداڵی هەیە. واتا دوازدە منداڵی هەیە.

(٤١) لێرەدا مامۆستا دوو سێ کەڕەت کەوتۆتە هەڵەوە.

یەکەم من (دێ) و (دێ- گوند)م لە یەکتر جیا کردۆتەوە.

مامۆستا خۆی خەڵکی هەولێرە، شارەزاییەکی باشی لە شێوەزاری دەشتی هەولێر هەیە، نازانم چۆن (دێ) و (دێت) بەیەک نازانێ. لە هەولێر دەڵێین:

- ئەرێ ئازاد دێ؟
- بەڵێ ئازاد دێ

لەو «بێ ئاویەش» دەڵێین: ئاو دێ!

ئێمە قەت (دێت) لە قسەکردنی ڕۆژانەماندا بەکار ناهێنین.

لە لایەکی ترەوە لە بەرامبەر وشەی (دێ) من بادینییەکەم ئەوها نووسیوە (دێئێت)، کەچی مامۆستا (دێئێت)ەکەی- لێ بۆتە (دێنێت) هەر بەو واتایەش لێکی داوەتەوە!!

(٤٢) لێرەش مامۆستا هەر سۆرانی و بادینییەکەی لێ تێکەڵ بووە، ئەگەر نا مافوور= مەحفیر وەک ڕایەخ بەکار دێن، بۆ ئەم وشەیەش (سجادە، غطاء- بساط)م بەکارهێناوە، مامۆستا (بساط)ی نەنووسیتەوە!! بۆ مەسەلەی واتای (غطاء) هەر بە واتای کەلوپەلی نووستن و لەبەرکردن نایەت، بەڵکو بە واتای ڕایەخ -یش دێ.

(٤٣) لێرەش مامۆستا کەوتۆتە دوو هەڵەوە. مامۆستا (ڕەشک) و(ڕەشکە)ی تێکەڵ کردووە، کەچی من هەردووکیم لەیەک جیاکردۆتەوە. لە لاپەڕە (١٢٠) بۆ (ڕەشک) ئێرەیی و حەسویدی- بادینی، (حسد)ی عەرەبیم بەکارهێناوە. مامۆستا لێرەش وەک (دێئێت)ەکە نازانم بە چ پاساوێک (ئێرەیی)-ەکەی منی کردۆتە (ئێرە) بە عەرەبی (هنا)ی بەکارهێناوە!!! مامۆستای بەڕێزم ئەم فەرهەنگەم یەک جار چاپکراوە ئەو (ئێرە)ت لە کوێ هێناوە؟!

لەلایەکی تر مامۆستا (ڕەشک) ڕەشکە نییە، من بۆ (ڕەشکە)ش (حبة السوداء)م بەکارهێناوە، ئەمەش لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هاتووە. جا ئەگەر جەنابت تەواو لەم دوو وشەیەی من نەگەیشتبێت من چ لەو هەموو وشەیەی تۆ بکەم کە پێوەندی بەو دوو وشەیەوە نییە، جگە لەوەی لە فەرهەنگی گیرفانی جێی نابێتەوە!

(٤٤) مامۆستای بەڕێز ئەو (کەر)ە لێرەدا هاتووە، (کەر) بە واتا سۆرانییەکە نییە، لە بادینان بە واتای (الماشية) و الانعام دێ، (کەرێ پەزی) کەری مەڕی نییە! بەڵکو بە واتای پارچە مەڕ، دێت!

(٤٥) سک/ زگ بطن و رحم دەگەیەنێ، بەڵگەش بۆ

قسەکەم ئەم دوو ڕستەیەیە:
سکم دێشێ/ بطن
تۆ هێشتا لە زگی داکت دابووی.....رحم.

(٤٦) سەراب= سراب ئەگەر لە دەشتی هەولێر بۆ سەراب (غەمر) هەبێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە من هەڵەم نەکردووە، بە هیچ جۆرێ ئەمە بەهەڵەی زەق دانانرێ، زۆربەی هەرە زۆری کورد دەزانێ (سەراب) چییە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم دەزانێ (غەمر) چییە؟!

(٤٧) شانس بە (بەخت) و (دەلیڤە- دەرفەت) دێ، لە ئینگلیزییەکەش هەروام کردییە. لە کوردی ئێستاش هەردووک هەیە.
- نەوزاد بەشانسە (بە بەختە)
- دڵت نەرم بێ، شانسێکی تر (چانسێکی تری) بدێ.

(٤٨) هەر هێندە دەڵێم فڕفڕۆک بادینییە و هاوواتای قوشکاغەزو کۆلارەیە. سەیری فەرهەنگی سەلاحەدین سەبارەت بە وشەی Kite بکە.

(٤٩) (قوچەک) و (ئەهرام) یەک شتن. سەیری لاپەڕە (٧١٦)ی فەرهەنگی سەلاحەدین بکە.

(٥٠) قوڕو تەقن یەک شتن، سەیری لاپەڕە (٦٤٥)ی فەرهەنگی سەلاحەدین بکە. لەمەش زیاتر (تەقن) ماددەیە نەک جێگە!

(٥١) ڕاستە وشەی (خادم) لە ڕوێکەوە بۆ «خولام» و «خزمەتچی» و «نۆکەر» بەکاردێت، بەڵام زۆرجارانیش (ئافرەت)یش دەگرێتەوە، ئەوەتە لە فەرهەنگی دەریا بۆ (خادم) نۆکەرو کارەکەر نووسراوە. لە عەرەبیدا (خادم) بۆ خولام و کارەکەر بەکاردێ، نەک تەنیا بۆ ئافرەتی قەرەواش و کەنیزەک! لە عەرەبیدا نموونەی لەم بابەتە زۆرە، ئەوەتا «زوج» بۆ «ژن» و «پیاو» بەکاردێت نەک تەنیا بۆ پیاو!

(٥٢) لەلاپەڕە (١٨١) دوو واتای «کرمانج»م لێکداوەتەوە، یەکێکیان بە واتای «گوندی- قروي» سەیدا ڕەخنەی لەم واتایە گرتووە! گوندی و قروي هەر تەنیا پێوەندییان بە گوندو لادێوە نییە، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر ڕەفتارو گوفتار دەگرێتەوە! کە بە یەکێ دەڵێن:
بە ڕاستی کرمانجی!
مەرج نییە ئەو کەسە لە گوند بێ، بەڵکو ڕەفتارو گوفتارو تێڕوانینی گوندییانەیە! بێ گومان مامۆستای بەڕێز هەمووومان کرمانجین! لە ئەدەبیاتی باکووری کوردستاندا «کرمانج» هەر خۆی کورد دەگەیەنێ. سوپاس بۆ خوا من لە مێژووی وڵاتەکەم و نەتەوەکەم کۆڵەوار نیم و نۆ کتێبم لەسەر کوردو سێ کتێبم لەسەر زمانی کوردی بەکوردی و ئینگلیزی نووسیوەو تەواو لە وشەی کرمانج گەیشتووم، بۆیە ڕاستم بەکارهێناوە!

(٥٣) لە هەموو بادینان بەکرێکاری سلێمانی و عەمەلەی هەولێرێ دەڵێن «پالە»، لێرەش هەر کەم شارەزایی مامۆستا لە کرمانجی ژووروو دەگەیەنێ!

(٥٤) «کوژراو»ی سۆرانی «کوشتی - بادینی» و «مقتول»ی عەرەبییە، بۆ زیاتر زانیاری تەماشای لاپەڕە (٤٦٠)ی فەرهەنگی سەلاحەدین بکە. من ڕۆژانە لە کۆلیژ باسی ڕێزمانی ئینگلیزی و کوردی و هەندێ عەرەبی و فەرەنسی دەکەم. جا نەدەبوو مامۆستا زەنی وابێ من لە «کوشتی»، «قتله» نەگەم، بەڵام من پێم سەیرە مامۆستا نەزانی «کوشتی» لە بادینان بۆ «کوژراو» بەکاردێ!

(٥٥) کەچەڵ بە «اصلع» و «اقرع» دێ. هەر واتایەو لە جێیەک بەکار دێ.

(٥٦) «کەنۆ» کوردییە و لەلاپەڕە (٧٥٧)ی فەرهەنگی کوردستان و لە لاپەڕە (٦٧١)ی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هاتووە. جا نازانم بۆچی «کەنۆ» هەڵە بێ و «کندۆ» ڕاست بێ؟!

(٥٧) «کێڵگە» بە واتای «زەڤی»ی بادینیش دێ. مامۆستا حافظ قاضی لە لاپەڕە (١٠٦) بۆ «زەڤی» وشەی «حقل»ی عەرەبی بەکارهێناوە.

(٥٨) بۆ «گڵ» طین و تراب و طین ترابی لە ئەستێرە گەشە لاپەڕە (٤٤٧) نووسراوە.

(٥٩) «گەرد» بە واتای «تراب» و «غبار» دێ، سەیری لاپەڕە (٤٥٨) ئەستێرە گەشە بکە.

(٦٠) بۆ «گەزۆ» «من السماء»م نووسیوە. لە لاپەڕە (٤٤٠)ی فەرهەنگی قازی بۆ «گەزۆ» هەر (من السماء) نووسراوە. کەچی مامۆستا (من، سلوی)ی نووسیوە، هەروەها ڕستەیەکی نارێکی نووسیوە، نازانم مەبەستی چییە: «نووسینەکەی نووسەر جۆری پەیدابوو نییە و نەک ماناکەی»؟!

(٦١) «لات، بەیار ارض غیر محروثة»یە، مامۆستاش هەر ڕای منی نووسیوە، بەڵام بە تێکەڵ و پێکەڵییەوە. لە کوردیدا (لات) و (بەیار) بەرامبەر بە

«ارض غير محروثة»یە

(٦٢) ڕاستە (لفكە) «لجام» نییە و «لیف الحمام»ە.

(٦٣) بۆ (لووس) من «بێ موو- اجرد» و «لووسکە- امرد»م بەکارهێناوە، مامۆستا لێرەش کەوتۆتە هەڵەوە بەوەی مانای تری بۆ «لووس» ڕیزکردووە. مامۆستای بەڕێز من لە گۆڤاری دهۆک و لە کتێبی «زمانناسی»دا باسی ئەو ئاوەڵناوانەم کردووە کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە! دەتوانی بیخوێنییەوە. وەک وتم لە فەرهەنگی گیرفانیدا ئەوەندە جێی فرەواتاییە نابێتەوە. لەلایەکی تر وشەی «اجرد»ی لە دۆخی فرمان بەکارهێناوە کە هیچ پێوەندی بە «لووس»ەکەی منەوە نییە.

(٦٤) لووشکە، جوتکە، لوچکە بە واتای (رفس، رکل)یش دێ.

(٦٥) «لەگێن» بە واتای «حتمي و ممکن» دێت. مامۆستا وادەزانێ «حتمي» لێرە واتای «واجیب!» دەگەیەنێ، کەچی (حتمي) لێرە بەو واتایەی مامۆستا عەزیز نایەت!

(٦٧) ڕاستە مامۆژن و ئامۆژن، کە هاوواتان، تەنیا بە واتای زوجة العم دێ نەک «عمة».

(٦٨) ناسیار «اصدقاء» نییە و ناسیار و ناسیاو ئەو کەسانە دەگرێتەوە «قرابة» یان لەنێوان بێ، بۆیە «اقرباء» لە «اصدقاء» دروستترە.

(٦٩) دووبارە مامۆستا بەهەڵە شرۆڤەی «هەتک» دەکات.

هەتکیان برد: نامووسیان برد.

هەتکی چوو: شەرەفی چوو.

باسی ئەو هەتکچووە مەکە.

توخوا مامۆستا ڕۆژانە لە کۆمەڵگاو ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆ ئەو ڕستانەی سەرەوەت وەبەر چاو ناکەوێ؟!

(٧٠) بۆ وشەی «نزار» و مانا عەرەبییەکەی، مامۆستا تەنیا گلەیی لێم ئەوەیە کە بۆچی ئەو وشەیەم ڕاڤە! نەکردووە، توخوا مامۆستا کورد هەیە خوێنەوار بێ لە «نزار» نەگات؟!

(٧١) بۆ «نسار» من نووسیومە «منطقة معتدلة»، مامۆستا ئەمەی پێ هەڵەیەو دەنووسێ «نسار» شوێنی سێبەرو ڕۆژ نەگرە. لە مامۆستا دەپرسم ئەگەر شوێنێک «معتدل» بوو چۆنە؟!

(٧٢) «نەزۆک» و «ئەستەویرە»کەی من هیچ پێوەندی بە «مێینە» و ئاژەڵەوە نییە کە لە عەرەبییەکە نووسیومە «العاقر، غیر منتج» تەواو حاڵەتەکە ڕوون ناکەنەوە؟! «هەوڵێکی نەزۆک» چ پێوەندی بە مێینەوە هەیە؟!

(٧٣)- (٧٤) مامۆستا لە مەسەلەی «وڵاخ» و «وڵاغ» زۆر غەدری لێکردووم و منی بە «نابەڵەد» و نەشارەزا لە نووسینی فەرهەنگ داناوە. با بزانین کامەمان «نابەڵەد»ین لە وشەی کوردیدا؟!

جارێ مامۆستا دەیەوێ سەر لە خوێنەر بشێوێنێ بەوەی من خوانەخواستە! تەنیا نووسیبم «وڵاخ» هەر گوێدرێژ دەگەیەنێ؟!

لە لاپەڕە (٢٥٤) من دووجار وشەی «وڵاخ» و جارێک وشەی «وڵاغ»م بەکارهێناوە. مامۆستا بۆ ئەوەی بە نا بەڵەدم دابنێ یەکێکانی نەنووسیوە!!

لە یەکەمدا من نووسیومە: وڵاخ: مواشي. هەموو عەرەبیزانێک دەزانێ «مواشي» چی دەگرێتەوە، ئایا ئەسپ و ماین و هێستر و گاو گۆلک.... ناگرێتەوە. مامۆستا ئەوەی یەکەمی پەڕاندووە تەنها واتای دووەمی «وڵاخ»ی خستۆتە ڕوو!!

لەناو ئێمەی کورد «وڵاخ» لە هەندێ حاڵەت تەنیا «کەر» یان «هێستر» دەگرێتەوە، کە ئەمەش زێدە مانای وشەی «وڵاخ»-ە. مامۆستا گیان توخوا چەند جار لە گوند ئەم ڕستانەت بەر گوێ کەوتووە؟!

- بەڕاستی وڵاخی!

- هەی وڵاخ!

- ئەو کوڕە من ئاقڵ نابێ هەر وڵاخێکە/ وڵاغێکە لۆ خۆی!

(٧٥) هەوێن یاخود هێوێن من بە مەیین لێی تێگەیشتووم، مامۆستا ئەمەی پێ هەڵەیە، کەچی مام هەژار و گیوموکریانی بۆ هەوێن: ئامیانی شیرو پەنیریان بەکارهێناوە. هەژار موکریانی لەلاپەڕە (١٠١١) مامۆستا گیویش لەلاپەڕە (٩٢٦)

لە گوندی کە دەڵێن ماستەکە هێوێن بووە، مەبەستیانە بزانن مەیییە یان نەء؟!

# دوا نامەی هێمن موکریانی بۆ کەریمی حیسامی

**ئا: فەخرەدین تاهیر**





دوای ڕاپەرینی ئاداری ساڵی (١٩٩١)ی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، چەند جارێک لە زەمەنی جیا جیادا دیمانە و هەڤپەیڤینم لەگەڵ مامۆستا کەریمی حیسامی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤزیۆنەکانی ناوخۆ و جارێکیش بۆ سەتەلایتی کوردستان سازداوە.

بێگومان بەشی زۆری دیمانە و هەڤپەیڤینەکان لە کەناڵە ناوخۆییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە هەر شێوەیەک بووبێ، بڵاوکراونەتەوە، تەنیا ئەوەی سەتەلایتی کوردستان بڵاونەکرایەوە، هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکی گونجاودا لە کەناڵێکی ئاسمانی بڵاوی بکەمەوە.

لە کاتی خۆیدا داوام لە مامۆستا کەریمی حیسامی کرد دوانامەی (هێمن موکریانی)مان بداتێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دیمانەی تەلەڤزیۆن وەک بەڵگەنامەیەکی زیندوو نیشانی بدەین، چونکە لە دیمانەکاندا باس لە دۆستایەتی خۆی و هێمن موکریانی دەکات. مامۆستا حیسامی دوا نامەی هێمن موکریانی کە لە دانە ئۆرگیناڵەکەی بە دەستی گەیشتبوو کۆپییەکی دامێ، منیش بە باشی دەزانم ئەم نامەیە بە یادی بیستەمین ساڵیادی کۆچی هێمن موکریانی و نزیکبوونەوەی یادی پێنج ساڵەی کۆچی مامۆستا حیسامی پێشکەش بە خوێنەرانی قەدرگرانی گۆڤاری (ڕامان) بکەم.

ئەوەی جێگەی باسە هەروەک مامۆستا حیسامی لە دیمانەکەدا بۆی گێڕاینەوە و گوتی: (مامۆستا هێمن موکریانی ئەو نامەیەی بە چەند مانگێک پێشماڵئاوایی بۆ ناردووم، ئێوەش ئازادن لە هەر شوێنێک بڵاوی بکەنەوە).

**برای بەڕێز و خۆشەویست و دۆستی لە مێژینەم**
**کاک کەریمی حیسامی**

لە پێش هەموو شتدا دەستت دەگوشم، ڕات دەمووسم و بە گەرمی لە حاڵ و ئەحواڵی خاوخێزانت دەپرسم، هیوادارم خۆت و براژنم ساخ و سەلامەت و لە بەڵا دووربن. کەمال و شلێریش(١) تا ئێستا خوێندنیان تەواو کردبێ. بەس نەبوو، ئەگەر هەزاران کوێرەوەری، چەرمەسەری و دەربەدەریت دی و ئەو هەموو پەند و گۆڵمەزەت بەسەر هات و پاش گەلێک تێکۆشان و هەڵسووڕان، سووکایەتی و بوختانت پێ کرا، دیسان بە منداڵەکانت خوێند. یا خوا لە بەڵا دوور و پیاو چاک و ڕوو سوور دەرچن. مینای ناموسیان نەشکێ و هیوای دواڕۆژی کورد بن نەک ئی بێگانە.

کاکە گیان؛ ئەگەر درەنگ توانیومە نامەت بۆ بنووسم سووچم نییە نەم دەزانی ناوونیشانت چییە؟ ئەم هاوینە سەری مامۆستا گەورەکانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردەواریم دا و لە جەنگەی گەرمای کەرەجدا پاش زیارەتی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی و مامۆستا ڕەبیعی کە بریا دیباتن و زانیبات چەند پڕ و زانان، چوومە خزمەت مامۆستا هەژاری خۆمان، بە ڕاستی گەرما دەردی دامێ. نەخۆش کەوتم و تا ماوەیەک لە کار کەوتم، کە چوومەوە دەفتەری ئینتیشاراتی سەڵاحەدین ئەییووبی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، سەرم سوڕما پاش بڵاوبوونەوەی ژمارە یەکەمی «سروە» ئەوەندەمان شیعر و نووسراو و نامە بۆ هاتبوو، کەل بڕی لێ نەدەکرد.

کەوتمە یادی «داشە هارە»ی (٢) پێشوو کە جاران ئەگەر شتی وای دیبا بە گۆلە فرمێسکی هەڵدەوەری و ئێمە نەماندەزانی، فارسی گوتەنی «اشک تمساح است» لە نێو نامەکانی دەرەوەدا چاوم بە نامەی باوکی کەمال کەوت کە زۆر کورت بوو، بەڵام دەسبەجێ خەتە کرێتم ناسییەوە و لە دەفتەر دارەکەم پرسی: ئایا سروەت بەم ئادرێسە ناردووە. کوتی نەک سروە، بەڵکە پاشەڕۆکیشمان کە ئی خۆمان نییە و کڕیومانە بۆ ناردووە و پوولیشمان پێ نەگەییوە. کوتم قەی ناکا هەرچی تازەمان دەرچوو بۆی بنێرە ئەگەر پوولیشی نەنارد چبکەم لەسەر خۆمی حیساب بکە. گوتی بە چاوان ئەم کوڕە زۆر کوڕێکی باشە و ڕەنگە بشتناسی، بەڵام خەتەکەی نەناسی بووی منیش پێم نەکوت. بۆ خۆت دەزانی دەس پێ کردنی کارێکی وا گرینگ بە هێزێکی کەمەوە کارێکی چەند گرانە، بەڵام پێشوازی خەڵک لە سروە بۆ خۆشمان جێی بڕوا نەبوو. شیمال و جنووبی کوردستان تەنانەت خزمەکانی قووچانیش نامە و نووسین و شیعریان بۆ ناردبووین و هانیان دابووین. دیارە خەڵک چەند تامەزرۆیە و چەندی ئەدەب و فەرهەنگی خۆی خۆش دەوێ. ئاخ دەبێ ئیعتراف بکەین ئێمە خەڵکمان نەناسیبوو و نەماندەزانی چەند لە پێش مامۆستا زاناکانمان دایە. خوا بەگژ ئیمپریالیسم و لیبرالیسم و گەدە و گودەی خۆمان دابچی کە نەیانهێشت لەو هەل و دەرفەتە زێڕینە کەڵک وەربگرین و هەریەکە بۆ لایەک هەڵداشتین و لێکیان هەڵبڕین، دەنا دەمانتوانی خزمەتی گەورە بە ئینسانیەت و بە گەلە چارەڕەش و بێ بەشەکەمان بکەین. ئێستاش نەچووە بچی. پێم وایە دەرفەت بۆ خزمەت هەر ماوە و زۆریشە، جارێ ئەوە ئێمە بە هەموو هێز و توانامانەوە خەریکی ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەبین. بۆ خۆت دەزانی کار، ئەویش کاری وا گران لە هەوەڵەوە چەند گیروگرفتی زۆرە، بەو حاڵەوە بە دیتنی ژمارە ٢ی سروە بۆت ڕوون دەبێتەوە تا چ ڕادەیەک چووینە پێش و جگە لە خوشک و براکانی خۆوڵاتی، خوشک و براکانی دەرەوەی وڵاتیش کاری ئێمەیان زۆر پەسند کردووە. نەک هەر بۆیان نووسیوین، بەڵکە دەفتەرەکەمان بۆتە دیوەخانی حەمە ئاغای کۆیە و دەرکی بۆ هەموو کەس ئاوەڵەیە و هەمیشە پڕە لە دڵسۆزانی خەڵک. بەتایبەتی لەم هاوینەدا خوێندکاران و ڕووناکبیرانی دەرەوە و خۆمانە پێیان لێ نەبڕیوین، یارمەتیان داوین، ڕەخنەیان لێ گرتووین و ڕێ نوێنیان کردووین. ئێمەش لە بورجی عاجدا دانەنیشتووین و خۆمان بە تافتەی جودا بافتە نازانین. ڕاستە زۆر لە کار دەبین، بەڵام زۆریش فێردەبین. نازانم لە بیرتە یا نا، جارێک وتارێکی باشم نووسیبوو و گوتبووم نووسەر دەبێ لە نێو خەڵکدا بێ و لە خەڵک فێربێ و ئەوەی فێری بووە بە وردی و جوانی بیداتەوە بە خەڵک، بەڵام سەردەبیرە نازدارەکەمان، فەرمووی ئەوە تەوهین بە زانایانە و چاپی ناکەین. ئەمما من باشم لە بیرە تۆ تاریخچەی "صهیونیسم"ت نووسیبوو، جوانیشت نەخشاندبوو، دیسان بەو بیانووە کە ڕەنگەبێ بڵێن ئەوە بۆ خاتری عەرەبان نووسراوە نەیهێشت چاپ بکرێ – هەی وەبەر یەکاوی عەرەبان کەوێ.

پیاو، کای کۆن بە با نەکەین بە پەکوو پەکوو چ ناکرێ. لەوەی پاش چبکەین دیارە، مەبەستم ئەوەیە، چۆن ئەدەب و فەرهەنگەکەمان بەرەوپێش بەرین و لە نەمان ڕزگاری بکەین. ئەوە شانمان بۆ داخستووەو هەموو کات و وەخت و ژیانی خۆمان بۆ تەرخان کردووە.دیارە لە من باشتر دەزانی ئەدیب دەبێ تەعەهوودی هەبێ ئەدەبی بەرەڵڵا ڕێگا لە خەڵک ون دەکا و هەتلەی دەکا.

کاکە گیان ئارشیوەکەمان لەباری کتێبی کوردییەوە

دەوڵەمـەند نیـیـە، بەڵام بەسـەری تۆ دەگـەڵ ئەوەشـدا دەرەتانمان نەبووە ئەوەندەمـان شـریتی فـۆلکلۆری کـوردی کۆکردۆتەوە هەر مەپرسە، ئەوە وردە وردە دەیانخەینە سەر کاغـەز. دەسنووسی باشیشمان هەن خوا یار بێ ئەوانیش ڕێکوپێک و چاپ دەکەین. تازە تێ دەگەم چەند گەنجی شاراوە و چەند ئیستیعدادی نەپشکوتوو لەم کوردستانە هەن. لەباری نووسیندا ڕێبازی نالی مەزنمان گرتووەو لەهجەی نیوەڕاستمان هەڵبژاردووە. دیارە لە شیعر و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی لەهجە و بن لەهجەکانی دیکەی کوردی کە بەڕێزەوە تەماشایان دەکەین کەڵک وەردەگرین و چاپیان دەکەین و وشەی جوان و ڕەسەنیان لێ هەڵدەبژێرین. ئەوە هەنگاوێکە کە بۆ پێک هێنانی زمانی یەکگرتوو هەڵیدێنینەوە و هیواداریین زووتر لە خەڵک بچینە پێش. کاکە ئێمە لە ئەدەبی دەوڵەمەند و زمانی فارسی کە خزمی هەرە نیزیکی زمانەکەمانە کەڵک وەردەگرین، وەک نووسەرەکانی ئەودیو نین بە عەرەبی بیر بکەینەوە و بە کوردی بنووسین و ئەویش بە کوردی داتاشراو. ئەگەر بە فارسیش بکەینەوە دیسان زۆر لە زمانەکەی خۆمان دوور ناکەوینەوە، چونکە ڕێزمانەکەمان هێندە لە ڕێزمانی فارسی دوور نییە. هەتا پێمان بکرێ خۆ لە وشەی داتاشراو دەپارێزین. خۆ ئێمە لە خەڵکی دیکە زیاتر نین. بەداخەوە فەرهەنگێکی ئەوتۆی کوردیمان لە دەس دا نییە کە منداڵێکی کورد ڕازی بکا، بەڵام فەرهەنگ و لغت نامەی فارسی زۆر باشمان هەن، بە گیانی تۆ شیعرێکی نالیم نەدەزانی. "فرهنگ معین" بۆی حەل کردم. کاکە نازانی لەو ساڵانەی دواییدا کتێبی کۆن و نوێی وا بە فارسی بڵاوبوونەوە کە وەک دەریا شەپۆلان دەدەن، بەڵام حەیف من دەرفەتی خوێندنەوەم نییە. کارم زۆرە و پیرتر و بێ هێزتریش بووم. دەگەڵ ئەوەشدا زۆر هاتوچۆی دوکتۆرانم کردووە نەخۆشی دەمارەکانم هەر لە زیادەیە و چاری نەکراوە بێ خەویش لەوێ ڕاوەستی.

کاکە گیان بڕیارمان وایە هەر کەس و هەر کتێبخانەیەک پوولی ئابوونەمان بۆ بنێری و بە نووسین داوامان لێ بکا، هەرچەندی بیەوێ چاپەمەنی خۆمانی بۆ بنێرین و هەرکەس شتمان بە ناوی خۆی بۆ بنووسێ بە مەرجێکی لە چوارچێوەی سروەدا بگونجێ یا نووسراوێکی ئەدەبی و فەرهەنگی و مێژوویی سەربەخۆ بێ و ئیجازە بدا ئەگەر پێویست بوو لە باری زمانەوە نە لە باری نێوەرۆکەوە دەسکاری بکەین بە منەتەوە چاپی بکەین.

جا ئەگەر پێت خۆش بێ نازناوێک هەڵبژێری بەو نازناوە بڵاوی دەکەینەوە. دیارە ئەتوش لەو بڕیارە جوێ نی، من تۆ باش دەناسم و دەزانم و دەزانی چ بۆ کوێ بنووسی، هەرچی ئەدەبی و فەرهەنگی و مێژوویی بۆمان بنووسی بێ پەروایانە بۆمان بنێرە جا هەر ناوێکی هەڵی دەبژێری سەربەستی، بەم ناوە چاپی دەکەین.

"افسانەهای کردی کریم کشاورز"ت کردبووە کوردی، ئەگەرچی ئەو باشی وەرنەگێڕابوو، ئەگەر ماوە، ڕەنگبێ بە کەمێک دەسکارییەوە بتوانین چاپی بکەین و ڕەنێنیشی دەبێ و حەقی وەرگێڕانیش دەدەین.

خەریکین لە هێندێک شارەزاو مامۆستای کوردی زان دەعوەت بکەین بۆ دیتنی ئینتشاراتەکەمان بێنە ورمێ، ئایا تۆش وەک لێزانێکی کورد، دەتوانی دەعوەتەکەمان قبوڵ بکەی یان نا..؟ کەیفی خۆتە، بەڵام لە نووسین بێ بەشمان مەکە. لە ئەنجامدا داوای خۆشی و سەلامەتی بۆ هەموو لایەک دەکەم وەکیلی سڵاوان بە.

برا گیان بەتاسەوە ئارەزووی دیدارت دەکەم، ئەگەر لە نووسینی ئەم نامە تەنەخی ڕووی داوە سووچی ئاغای دەفتەردار بوو کە درەنگی نامەکەت دامێ.

**برات هێمن**



**سەرنج:**

**١- کەمال و شلێر: کوڕ و کچی مامۆستا (کەریم حیسامی)ن.**

**٢- داشەهارە: مەبەست لە (مەلا عەولای حەیاکی)یە.**






# کاکڵەی مەبەست

عەبدوڵڵا سەڕاج
(فنلاند)

گریمان کەسێک پرسیارێکی ئاوهایی بەرەو رووم کردەوە: لەو دەیان ساڵەی چیرۆک و ڕۆمان نووسینەت، کاکڵەی دیدو گۆشەنیگات لە مەڕ کاری ئەفراندن و خۆ تێپەڕاندن چۆن چڕ دەکەیتەوە؟

ئێژم: لە خاڵی دەسپێکی نوواوە، کاری پرۆژەی داهێنانی ئەدەبی، هەڵبژاردنە لەلایەن نێرەرەوە (نووسەر)، کە نێردراوەکە (نامەی گوتاری پەیامەکەی) بۆ وەرگر (خوێنەر، یان بیسەر) ئاراستە دەکات، ئەڵبەتە ئەو نێردراوە؛ بە گوێرەی کۆد (ڕێزمان) و بە سیاقێکی تۆکمەی (Morphology) ڕەوانبێژی (بلاغە= Rhetoric) پێکدێنێ لە تەک برێ بنەمای دیکەشدا، بۆیە لە چەند خاکێکدا. دیدی خۆم تۆمار دەکەم.

(١) نووسینی باش و پوختە ئامانج بێت بەبێ گوێدانە سانسۆرەکانی دەسەڵات و ڕەخنەو ئەوانی دی؛ چونکە دارێژتنی چاک و پەسند بە هەڵبژاردنی (وشە)ی گونجاوە، لە جێگەی شیاوی خۆی و لە ناو ڕستەداو.. هەم پێوەندیی ئەو وشەیە بە وشەکان و ئامرازەکانی دەوروبەری خۆی.

(٢) دەربڕینی ڕاستگۆیانە کە گرنگی بەزمان بدات بۆ ئەوەی هۆکاری گەرادانانی شێوازی (اسلوب= Style)ی نووسەر بێت. دیارە مەبەستم لە شێوازە تایبەتییەکەی داهێنەرەکەیە، ئەڵبەتە بە جیاکردنەوەی (زمان) لە قسەی گوتن (الکلام)؛ چونکە زمانەکە (ئامراز)ی گشت دەربڕینە هزری و زانست و ژانرەکانی ئەدەبیشە. لێرەدا پێوەندی میکانیزمی دەبینم لەنێوان: شێوازکاری (الاسلوبیة) و... زمانکاری (اللسانیة)دا، هەروەها هیچ پێشەوەچوونی زمان بە دوور نییە لە پێشەوە چوونی ژیاری و شارستانێتی، هیچ هزرێکیش لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە.

(٣) ناوەرۆکی مرۆڤپەروەرانە، کە ئایندەو کۆمەڵگەو سروشتی مرۆی بەلاوە بەهەندبێت.

(٤) دوورکەوتنەوە لە گوتارئامێزیی ڕاستەوخۆ لە ئایدیۆلۆژیا؛ چونکە کاتی و سەردەمییە.

(٥) دەراندنی نەگوتراوەکانی (المسکوت عنه) سیاسەت و ئایین و سێکس و دژە بەرەکان (المتناقضات) بەشێوەیەکی هونەری.

(٦) پرۆسەی ئەدەبی لە پاڵ بوونایەتی (الوجود) دەوەستێ بەگشتیی و بوونی نووسەرەکەی لەناو ئەو هاوکێشە (معادلة)یەدا بەتایبەتی، نیازم لە بڕیار و هەڵوێستییەتی لە عاست: کەون و کۆمەڵ و خۆی.

(٧) خاوەندی پرۆژەی ئەفراندن و جوانسازی بێت و مل بە ئەزموونەوە بنێت، نەک چەق ببەستێ و پشت بەشێوازە ئاساییەکان ببەستێ، (هوڵدرلین) گوتەنی: «لە گەوهەردا، پرۆسەی ئەدەبی، دۆزینەوەی شێوەیەکی نۆژەنە.»

(٨) ڕۆمان، ڕەگەز (جنس)ێکی کۆئامێزی هونەرەکانی دیکەیە. لە مەوداکانیان، لە ئەزموون و تایبەتمەندییەکانیان کەڵک وەردەگرێ بۆ هێنانە کایەی شێوازی خودی نووسەرو هەم دەراندنی ئامانجە نوێیەکەی.

(٩) ئامێتەکردنی جەستەیی هونەری گوتن (القول) لە هەردوو بونیادی گێڕانەوە و (السردیة).. بونیادی شیعری (الشعریة) کە جوانکارییەو.... بەرهەمەکەش بەرەو باڵاتر دەبات.

(١٠) نووسەر، توانای هەڵفڕینی بەرەو ئەتمۆسفێرەکانی: خوازە (المجاز)، ئەندێشە و فانتازیای هەبێت، ئەویش بۆ ئەفساناندنی ڕۆح و جەستەی ناواخنەکەی بۆ مەبەستی ئیستێتیکایی، نەک بۆ خۆ مەڵاسدان لە سانسۆری دەسەڵات.

(١١) خوێندنەوە بۆ نووسەر لە گشت بوارەکانی مەعریفەتدا، داینەمۆی هەڵکشانییەتی، خۆ ئەگەر زمانی دی زانی، ئەوە پترو پتر پەرە دەستێنێ.